
STOP
VIOLENCE AGAINST
WOMEN
نا بۆ توند و تیژی دژی ژنان
له پەراوێزی ٢٥ی نۆڤەمبەر
رۆژی جیهانی نەهێشتنی توندوتیژی دژ به ژنان
کۆکردنەوە و ئامادە کردنی: رەحمان نەقشی

# پێڕست

١- ٢٥ی نوامبر، ڕۆژی جیهانیی نەهێشتنی توندوتیژی بە دژی ژنان .................................. قادر وریا ................. ٥
٢- ٢٥ی نۆڤەمبەر چۆن کرا بە ڕۆژی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژ بە ژنان ..................... ئا: کامەران ئەحمەد ....... ٧
٣- ئۆقیانوسێک لە تاوان دژ بە ژنان بەردەوامە!!! ................................................... سەرگوڵ سەلمە ........... ١٠
٤- پرسی توندو تیژی دژ بە ژنان و دوالیزمی کلتوری خێزانی کورد لە هەندەران ..................... شەونم یەحیا ............ ١٣
٥- هەنگاوەکانی حکومەتی هەرێم بۆ لەناوبردنی توند وتیژی دژ بەژنان چەواشەکارانەیە! .......... گۆنا سەعید .............. ١٦
٦- توندوتیژی بەرابەربە ژن و دراما عەرەبییەکانی ڕەمەزان .......................................... کەژاڵ ئیسماعیل ......... ٢٠
٧- ڕەهەندەکانی توندوتیژی لەکوردستاندا.............................................................. ستارە عارف ............ ٢٢
٨- پیرۆز بێت هەفتەی بەرەنگاربونەوەی توند و تیژی دژ بە ژنان و ئافرەتان !! ............................ مەهدی خالید خەمبار ....... ٢٥
٩- پێش ٢٥ی نۆڤەمبەر ......................................................................... حەمەی ئەحمەد ڕەسوڵ ...... ٢٨
١٠- پاساوی توندوتیژی بۆ توندوتیژی .............................................................. دڵسۆز حەمە ............. ٣١
١١- نە بێدەنگبوون هەڵوێستەو نەجیهان بەرەو ناتوندوتیژی هەنگاوەنێت ! ........................ جەلال دەباغ ............. ٣٤
١٢- ژنان لە بەرابەر دێوەزمەی توندوتیژی ........................................................ ماریا کارگر ............ ٣٧
١٣- دژایەتیکردن لەگەڵ ژن لە کۆمەڵگای چینایەتیدا................................................... حامید سەعیدی .......... ٤٢
١٤- ڕۆژی نێونەتەوەیی دژ بە توندوتیژی ژنان .......................... شەهین بەهمەن سوڵتانی ....... ٤٧
١٥- بە بۆنەی ٢٥ی نوامبر ڕۆژی نێونەتەوەیی خەبات دژی توندوتیژی بەرامبەر بە ژنان .............. سەبری بەهمەنی .......... ٤٩
١٦- شێوەکانی توندوتیژی دژ بە ژنان .............................................................. پێشرەو .................. ٥٦
١٧- ڕۆژی نێونەتەوەیی خەبات دژ بە توندوتیژی لە هەمبەر ژنان ............................. ڕەحیم ڕەشیدی ........... ٥٩
١٨- توندوتیژی دژ بە ژنان و شێوە جۆراوجۆرەکانی ................................................ دەنگەکان ............... ٦٤
١٩- با هەر ٢٥ نوامبر ڕۆژی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان نەبێ ......................... ڕۆژە عەزیزی ............ ٦٩
٢٠- ٢٥ی نۆڤەمبەر و ئاوڕێک لە مەینەتیەکانی ژنان ............................................... کۆیستان عومەرزادە ....... ٧١
٢١- هەڵاواردن و توندوتیژی دژ بە ژنان لە یاساکانی ئێراندا ........................................ ڕۆژە عەزیزی ............ ٧٣
٢٢- بیست وپێنج ی نۆڤەمبەر ساتێک بۆ تێڕامان لە پرسی ژنان ...................................... گوڵباخ بەهرامی ......... ٧٨
٢٣- ٢٥ی نوامبر، ڕۆژی هەوڵدان بۆ نەهێشتنی توندوتیژی دژی ژنان و سەرنجێک ...................... تووبا ئەلیاسی .......... ٨١
٢٤- بە بۆنەی ٢٥ نۆڤامبر ڕۆژی سڕینەوەی توندوتیژی دژی ژنان ....................................... عیسمەت نستانی ........ ٨٣
٢٥- توندوتیژی دژی ژنان لەکۆمەڵگەی عیراقیدا .................................................... د. فەوزیە عەتییە ...... ٩٣

٢٦- بە بۆنەی ٢٥ی نۆڤەمبەر رۆژی قەدەغەکردنی تووندوتیژی دژی ژنان ............................. سەرگوڵ بێتوشی ........ ٩٦
٢٧- پێناسە و جۆرەکانی توند و تیژی بەرامبەر بە ژنان ........................................ ئامادە کردنی: ب . هیوا ........ ١٠٠
٢٨- توندوتێژی لەسەر ژنان و بەربەرەکانی بۆ لەبەین بردنی ........................................ ئاسۆ پور شیخە ......... ١٠٧
٢٩- بەرێوەبەرایەتی بە دواداچوونی توندوتیژی دژ بە ئافرەتان ........................................ رێکەوت ئیسماعیل ..... ١١٢
٣٠- توندو تیژی و دیاریدەی لەشفرۆشی! ............................................................. لاوژە جەواد ........... ١١٩
٣١- هەفتەی ڕوبەڕو بونەوەی توندو تیژی .......................................................... عمر حسين ........... ١٢٢
٣٢- ٢٥ی نۆڤامبر ڕۆژی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان ...................................... ئا: فەرانەک ئەڵماسی ..... ١٢٤
٣٣- بەیاننامەی پێشگیری لە توندوتیژی دژی ژنان ....................................................... و: قادر وریا ......... ١٢٦
٣٤- بنەماو هۆکارەکانی توندوتیژی لە دژی ژنان ....................................................... هەتاو عەبدوڵلاهی ........ ١٣٣
٣٥- بنەماو هۆکارەکانی توندوتیژی دژی ژنان لەجیهانی ئەمڕۆدا ................................ سیروان پەرتەو نووری ..... ١٣٧
٣٦- بە بۆنەی ٢٥ی نوامبر رۆژی نێونەتەوەیی خەبات دژی توندوتیژی بەرامبەر بە ژنان .............. سەبری بەهمەنی ........ ١٤٠
٣٧- لێکۆلینەوەیەک لەبارەی توندوتیژی لە دژی ژنان ................................................. و: کوێستان فتوحی ...... ١٤٣
٣٨- توندو تیژی بە دژی ژنان تاوانێکی گەورە بە دژی نیوەی کۆمەڵگا ................................ هاوتا عەبدوڵلاهی ...... ١٥١
٣٩- ٢٥ی نوامبر رۆژی نێونەتەوەیی خەبات دژی توندوتیژی دژی ژنان ................................ شکۆفە قوبادی ........... ١٥٤
٤٠- توندوتیژی دژی ژنان، هۆکارو ئەنجامەکانی ........................................................ سارا حەمە خورشید ....... ١٥٩
٤١- بۆ سڕینەوەی توندوتیژی خەباتێکی بەرین و هەمەلایەنە پێویستە ................................ کوێستان فتوحی .......... ١٦٣
٤٢- توندوتیژی دژی ژنان لە سیستمی بەڕێوەبەریی ئیراندا .............................................. ئەفسەر محەممەدی ....... ١٦٧
٤٣- ژن و مادەهۆشبەرەکان ............................................................................. بێگەرد عەلیپوور ......... ١٧٠
٤٤- بە بۆنەی ٢٥ی نوامبر ............................................................................. ئەنوەر ئەسەدزادە ........ ١٧٣
٤٥- بە بۆنەی ٢٥ی نوامبر رۆژی جیهانی بەرەنگار بوونەوەی توندوتیژی دژبە ژنان ................ پەروین عەلی مورادی ..... ١٧٦
٤٦- باڵەوازە بوون لە قەفەسدا ........................................................................ ئێلهام چایچی ........... ١٨٢
٤٧- ڕۆژی بەرەنگاربوونەوەی تووندوتیژی دژی ژنان .................................................... ماڵپەڕی میللەت ........... ١٨٤
٤٨- ڕۆژی جیهانیی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان ........................................ باس نیوز ................ ١٨٧
٤٩- دەبێ چ بکرێ بۆ کۆتاییهێنان بە هەڵاواردنی رەگەزی ............................................. موختار نەقشبەندی ....... ١٩٠
٥٠- تووندوتیژی دژی ژنان لە بزووتنەوەی ئایدیۆلۆژیک و پیاوسالاری رۆژهەڵاتی ناوەڕاست ......... ئازادە دوواچی ............ ١٩٣
٥١- توندووتیژی و توندووتیژی بازاڕ ..................................................................... ئا: ماریا حەسەنپوور ........ ٢٠٥
٥٢- توندوتیژی بنەماڵەیی چییە؟ ........................................................................ ئا: ئیدریس پیری ........... ٢٠٨
٥٣- بە بۆنەی ٢٥ی نوامبررۆژی جیهانی بەرەنگاربوونەوەی دژی توندوتیژی ژنان ......................... هەژیرنینا .......... ٢١٢
٥٤- کۆماری ئیسلامی و رۆژی ٢٥ی نوامبر ............................................................... ئەنوەر ئەسەدزادە ........ ٢١٥
٥٥- تووندوتیژی بنەماڵەیی بە دژی ژنانی کۆچەر ...................................................... و: سارا محەمەدزادە ...... ٢٢٠

٥٦- ئێمە هەموو ڕۆژێکمان، ڕۆژی بەرەنگارییە دژی توندوتیژی لە سەر ژنان ........................ ئیبراهیم کۆنەپۆشی ....... ٢٢٣
٥٧- ڕۆڵی مەلایانی ئاینی لە بەرەنگاربونەوەی توندوتیژی دژی ژنان ................................ نێڤار ئیبراهیم ........... ٢٢٥
٥٨- ٢٥ی نوامبر ڕۆژی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان. ........................................ سروە فەتاحی ............ ٢٢٧
٥٩- ٢٥ی نۆڤەمبەر وێستگەیەک بۆ بەگژداچوونەوەی توندوتیژی دژ بە ئافرەتان .................. ڕۆژنامەی گوڵان ........... ٢٣٠
٦٠- توندوتیژی دژی ژنان، پێشێلکردنی مافی مرۆڤ .................................................. ئێلهام چایچی ............ ٢٣٤
٦١- تراژدێیای جەستە، توندوتیژی دژی ژنان ......................................................... فاطمە کریمی ........... ٢٣٧
٦٢- باسێک لە سەر توندوتیژیی شاراوە ............................................................. کوێستان کادانی ......... ٢٤٠
٦٣- ٢٥ی نۆڤامبر، ڕۆژی خەبات لە هەمبەر توندوتیژی دژی ژنان یان ڕۆژی ......................... دڵنیا ڕەحیم زادە ........ ٢٤٧
٦٤- بەردەوامی توندوتیژی دژی ژنان .............................................................. ڕەزا محەممەد ئەمینی ...... ٢٥٢
٦٥- ترۆمای مێژوو ڕامانێک دەربارەی ٢٥ نوامبر ..................................................... فەرانک ئەڵماسی .......... ٢٥٥
٦٦- توندو تیژی بەرامبەر ژنان بەردەوامە! ......................................................... ئاشتی عەبدوڵا ............ ٢٥٩
٦٧- ژنان و وشەی توندوتیژی و هۆکارەکانی ........................................................ فەرانک ئەڵماسی ......... ٢٦٣
٦٨- بۆ توند و تیژی بەرهەم دێتەوە، بۆ بەرەنگاربونەوەی چی پێویستە ؟ ........................ نەجیبە قەرەداخی ......... ٢٦٥
٦٩- ڵاواردن دژی ژنان لە کۆماری ئیسلامی ........................................................ فەرانک ئەڵماسی ......... ٢٦٨
٧٠- نێچیرڤان بارزانی: لە هەوڵەکانمان بەردەوام دەبین بۆ بنبڕکردنی توندوتیژی دژی ژنان .................................. ٢٧١
٧١- توندوتیژی دژی ژنان و پاڵنەرەکانی ........................................................... فەرانک ئەڵماسی ......... ٢٧٦
٧٢- ڕێگەکانی توندوتیژی جنسی .................................................................... سیندرا بلادۆرس .......... ٢٧٩
٧٣- ئەگەر ناتوانن مرۆڤ بن لانیکەم هەوڵبەن مەبنە ئاژەڵ ........................................ ڕێزان شێخ دلێر ........... ٢٨٤
٧٤- "ژن و دادپەروەری" ........................................................................... کەژاڵ ئیلخانی زادە ....... ٢٨٦
٧٥- (٢٥)ی نۆڤەمبەر؛ ڕۆژی فشاری ژنان .......................................................... شەیما جەمال زەندی ...... ٢٨٨
٧٦- توندوتیژی و تاوان ڕێگەزیان نییە ............................................................ ئەڤین ئیبراهیم فەتاح .... ٢٩٠
٧٧- من (زەعیفە) نیم ............................................................................... لاوژە ماهیە .............. ٢٩٢
٧٨- ٢٥ی نۆڤامبەر، نا بۆ توندوتیژی ............................................................... جەلیل ئازادیخواز ........ ٢٩٨
٨٨- بەربەستەکانی بەردەم پێشکەوتنی ژن و ڕوانگەی چارەسەری ............... ئا: د. ژیا عباس قادر.- ئەمەل جلال ........ ٣٠١

# ٢٥ی نوامبر، ڕۆژی جیهانیی نەهێشتنی توندوتیژی بە دژی ژنان



**قادر وریا**

لە ساڵی ١٩٨١ ەوە، ڕۆژی ٢٥ ی نوامبر وەک ڕۆژی خەبات لە دژی توندو تیژی بەرامبەر بە ژنان ناسراوە. هەڵبژاردنی ڕۆژی ٢٥ ی نوامبر بۆ ئەوەی بە ڕۆژی جیهانیی نەهێشتنی توندوتیژی بە دژی ژنان، ناودێر بکرێ دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ڕووداوە دڵتەزێنەی لە ٢٥ی نوامبری ١٩٦٠ لە وڵاتی دۆمێنیکەن ڕووی دا.

لەو ڕۆژەدا سێ ژن (پاتریا، مینروا و ماریا ترێزا) کە بە خوشکانی میرابال ناویان دەرکردوە، بە هۆی دەست و پێوەندەکانی "ترۆئیلۆ" دیکتاتۆری دۆمێنیکەن، کوژران. پاتریا، مینرواو ماریا ترێزا کچی "ئینریکە میرابال" و "ماریا مێرسدێس" بوون. یەکەمیان ساڵی ١٩٢٤، دووهەمیان ساڵی ١٩٢٧ و سێهەمیان ساڵی ١٩٣٥ لە ناوچەی "سیباس" ی کۆماری دۆمێنیکەن لەدایک ببوون. هەرسێکیان خوێندەوارو ماریا ترێز، تەنانەت پلە بەرزەکانی خوێندنی زانستگەشی بڕیبوو. ئەم ساڵ خوشکە و مێردەکانیان لە خەباتگێڕانی شێلگیری دژ بە ڕێژیمی "ترۆئیلۆ" بوون و، هەرسێکیان نموونەی بەرزی خەبات و خۆڕاگری بە دژی حکوومەتی ملهوڕانەی ئەو دیکتاتۆرە بوون. لە ڕەوتی خەبات دا هەرکامێکیان چەندین جار کەوتبوونە بەندیخانە. لە ژانویەی ١٩٦٠ پاتریا، سەرۆکایەتیی کۆبوونەوەیەکی گرتە دەست کە دواتر بوو بە هەوێنی بزووتنەوەی نهێنیی ١٤ ی ژوئەنی ١٩٦٠. دوو خوشکەکەی دیکەشی بوون بە ئەندامی ئەو بزووتنەوەیە. تێکۆشەرانی ئەم بزووتنەوە نهێنی یە لە سەرانسەری وڵات دا کەوتنە بەر ڕاوەدوونان. سەرەتاکانی نوامبری ١٩٦٠، ترۆئیلۆی دیکتاتۆر ڕایگەیاند کە لەگەڵ دوو گرفت بەرەو ڕوویە: یەکیان کلیساو ئەوی دیکە خوشکانی میرابال. لە ٢٥ ی نوامبری ١٩٦٠ دا، خوشکانی میرابال، لە کاتێک دا، بۆ دیتنی مێردە بەندکراوەکانیان دەیان بردن، بەدەست بەکرێگیراوانی "ترۆئیلۆ" و بە فەرمانی ڕاستەوخۆی ناوبراو، کوژران. ئەم تاوانە بەجۆرێک بووە هۆی وەڕێخستنی تووڕەیی و بێزاریی گشتیی خەڵک کە بۆخۆی بووە یەکێک لە هۆکارەکانی بەرەوپێشبردنی خەبات بە دژی دیکتاتۆریی ترۆئیلۆ. ساڵێک دوای کوشتنی خوشکانی میرابال، حکوومەتی ملهوڕی ترۆئیلۆ کۆتایی پێهات. ئەم خوشکانە کە نازناوی Involvidables Mariposas (پەپوولە لەبیرنەکراوەکان) یان پێدراوە، بوون بە سەمبۆلی خۆڕاگری و خەبات بە دژی ستەم دەرحەق بە ژنان. بیرەوەریی خوشکانی میرابال، هەوڵەکانیان لە پێناوی ئازادی داو ڕێزنانیان لە مافەکانی مرۆڤ، ئەوانی بۆ هەمیشە کردوە بە سەمبۆلی خۆڕاگریء سەرچاوەی ئیلهام بۆ هەموو خەباتگێڕانی

لایەنگری ئەم بایەخانە. ئەوان نموونەی هەرە دیاری خەبات لەگەل هەر چەشنە هەلاواردن و دەمارگرژین و، ژیان و مردنیان ئیلهامدەری هەموو ئەو کەسانەیە کە دوای مردنیان، لەگەڵ ژیانە خەباتی ئەوان ئاشنا دەبن. ئەم ڕۆژە لەسەر پێشنیاری نوێنەرانی کۆماری دۆمێنیکەن، ء بە دوای پەسەند کرانی لەلایەن ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە، وەک ڕۆژی جیهانیی نەهێشتنی توندوتیژی دژی ژنان قبوولّ کرا. توندوتیژی دژی ژنان کۆسپی سەر ڕێی گەیشتن بە یەکسانی، پێشکەوتن و ئاشتی یەو، بناغەیەکە بۆ پێشێلکردنی مافی مرۆڤ و ئازادییە بنەڕەتییەکانی ژنان. یەکێک لەو میکانیزمە کۆمەلایەتییە گرنگانەیە کە ژنان ناچار دەکا مل بۆ پلە و پایە و پێگەی نزمتر لەچاو پیاوان رابکێشن. بە سەرنجدان بەم جۆرە ڕاستی یانە بوو کە کۆڕی گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ٢٣ ی فێوریەی ١٩٩٤ دا "بەیاننامەی پێشگیری لە توندوتیژی دژی ژنان" ی پەسەند کرد.

"توندوتیژی دژی ژنان" هەر کردەوەیەکی توندوتیژ لەسەر بناغەی جنسیەت دەگرێتەوە کە ببێتە هۆی ئازاردان و زیان پێگەیاندنی جەستەیی، جینسی یا دەروونیی ژنان، یا لەوانەیە ببێتە هۆی ئەم جۆرە ئازارو زیانانە. هەڕەشە یا کردەوەی هاوشێوە، زۆری کردن لە ژنان، بێبەشکردنی زۆردارانەی ئەوان لە ئازادی کە لەبەرچاوی خەڵک یا لە چوارچێوەی ژیانی تایبەتدا روو دەدەن، لە ڕێزی رەفتارو کردەوەی توند وتیژ دان. لێکدانەوەی توندوتیژی دژی ژنان ئەم خالانەی خوارەوە دەگرێتەوە، بەلام هەر بەو نموونانە نابەسترێتەوە:

ئەلف) توندوتیژی جەستەیی، جینسی و دەروونی کە لە بنەماڵەدا روو دەدەن، بۆ وێنە لێدان، ئازاردانی جینسیی کچانی مێرمنداڵ لە ماڵ دا، توندوتیژیی پێوەندیدار بە جیاز (جهیزیە)، دەستدرێژی لەلایەن مێردەوە، خەتەنەکردنی ژنان و ئەو دابونەریتانەی زیان بە ژنان دەگەیەنن، توندوتیژی لە پێوەندیی بەدەر لە ژن و مێردایەتی داو توندوتیژی تایبەت بە چەوساندنەوەی ژنان.

ب) توندوتیژیی جەستەیی، جینسی و دەروونی کە لە بەستێنی ژیانی بەکۆمەڵ دا روو دەدن، بۆ نموونە: دەستدرێژی، کەڵکی خراپ وەرگرتنی جینسی، ئازاردانی جینسی و ترساندن لە شوێنی کار، لە ناوەندە فێرکارییەکان و شوێنەکانی دیکەدا، کڕین و فرۆشتنی ژنان و لەشفرۆشیی بە زۆری.

پ) توندوتیژی جەستەیی، جیسنی و دەروونی کە بەهۆی دەوڵەتەوە ئەنجام دەدرێ یا لەلایەن دەوڵەتەوە پشتگوێ دەخرێ. ئەو بەیاننامەیە لە دەوڵەتانی دەوێ توندوتیژی دژی ژنان مەحکووم بکەن و، نابێ هیچ داب و نەریت یا تێبینیی ئایینی بکەنە بیانوو بۆ ئەنجام نەدانی ئەرکەکانیان لەپێوەندی لەگەڵ نەهێشتنی توندوتیژی دا. لەم پێوەندییەدا بەیاننامەکە، کۆمەڵێک ئەرکی گرنگی خستۆتە سەر شانی دەوڵەتان تا لە ئاستی خۆجێیی، نەتەوەیی و ناوچەیی دا هەنگاوی بۆ هەڵ بگرن. لە ڕاستی دا ئەوەی لەبارەی ژنانەوە بەتایبەتی لە پێوەندی لەگەڵ توندو تیژی بەرامبەر ژنان، هاتوون، هەموویان باش و گرنگ و لەجێی خۆیان دان. بەلام داننانی دەوڵەتان بەو مافانە و ملدان بۆ ئەو لێپرسراوییانەی کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی خستوویەتە سەر شانیان، کاروتێکۆشانی زۆر و نەپساوەی دەوێ. جێگیر بوونی مافە ڕەواکان و بایەخە دنیا پەسەندەکان، کۆتایی هاتن بە توندوتیژی و هاتنەدیی یەکسانیی ژن و پیاو لە بنەماڵە و کۆمەڵ دا لە گرەوی چەندو چۆنی ئەو خەباتە دایە کە ژنان بەتایبەتی و مرۆڤە یەکسانیخوازەکان بە گشتی، بەڕێوەی دەبەن.

سەرچاوە: چوند وتاری ماڵپەری"ایران امروز"کتیبی"چەند دۆکیۆمێنتێکی نێودەوڵەتی لە بارەی مافەکانی مرۆڤەوە"، وەر: قادر وریا

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی : ٢٨ی نوامبری ٢٠٠٨

# ٢٥ی نۆڤەمبەر چۆن کرا بە ڕۆژی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژ بە ژنان




**کورتە چیرۆکی خوشکانی میرابال**

**ئامادەکردنی : کامەران ئەحمەد:**

دۆمینیکان لە ساڵەکانی ١٩٣٠ - ١٩٦١ لە ژێر دەسەڵاتی دیکتاتۆریانەی جەنەراڵ ڕافائیل تروجیللۆدا بە دەست ئازاری برسیەتی و هەژاری و لە هەمان کاتدا راسیستانە ئەناڵێنێت.

لە ساڵی ١٩٣٧ نزیک بە ١٥ تا ٢٥ هەزار کەس بەو بیانووەی پێستیان ڕەشە بە فەرمانی رافائیل ئەکوژرێن، بیرۆکەی راسیسیتانەی ڕافائیل بە دوای سپیکردنەوەی پێستەکانە لە دۆمینیکان. لە هەمان ئەو کاتانەی کە کەسانی ڕەش پێست ئەکوژێت دەرگا بە ڕووی سپی پێستەکانی جولەکە ڕاکردووەکان، یابانی و ئیتالی‌یەکان و ئەو وولاتانەی کە مرۆڤەکانیان سپی پێستن ئەکاتەوە.

لە بارودۆخە پڕ لە ئازارو مەینەتی‌یەی دۆمینیکان سێ خوشک بە ناوەکانی مینێرڤا( ١٩٢٦ - ١٩٦٠ )، پاتریا( ١٩٢٤ - ١٩٦٠ ) ، ماریا تێریسا ( ١٩٣٥ - ١٩٦٠)پەروەردە ئەبن. مینێرڤا کە ئەو کات لە قوتابخانە ئەبێت چیرۆکی پڕ لە نەهامەتی و پڕ لە ئازارو ئەشکەنجەی باوک و براو کەسوکاری قوتابی‌یە هاوەڵەکانی گوێ لێ ئەبێت کە لە زیندانەکاندان و کاریگەری لە سەر ژیان و بیرکردنەوەی دائەنێت، هەر ئەو کاتانە بە بیرۆکەکانی پارت سۆسیالیست ئاشنا ئەبێت، و دەست بە خوێندنەوەی کتێب و نامیلکە سۆسیالیستی‌یەکان ئەکات، گوێ بیستی ڕادیۆکانی کوباو چیرۆکەکانی گیڤارا و کاسترۆ ئەبێت لەو کاتانەدا .

لە ساڵی ١٩٤٩ دا پاش ئەوەی کە هەرسێ خوشک لە ئاهەنگێک کە بۆ ڕافائیل ساز کرابوو بەجێدێڵن. ئیتر لەو کاتەوە ناوی ئەم

خێزانە ئەچێتە لیستی ڕەشی دەسەڵاتەوە ، بۆ ڕۆژێک دوای ئاهەنگەکە باوکیان دەستگیر ئەکرێت و دواتریش مینێرڤا کە بە بیرۆکە چەپەکانی لە ناو قوتابخانە ناسراوە.

ئیتر لەو ساتەوە و بە درێژایی ساڵانێکی زۆر ئەم سێ خوشکە هەر جارەی بە بیانوویەک بۆ ماوەیەک دەستگیر ئەکرێن و دواتر ئازاد ئەکرێنەوە.

مینێرڤا بەردەوام ئەبێت لە خوێندن تا ئەو کاتەی ئەبێت بە پارێزەر. لە ساڵی ١٩٥٩ دا هەر سێ خوشکەکەو هاوسەرەکانیان و ژمارەیەک لە هاوەڵەکانیان دژ بە ڕژێمی ڕافائیل بزووتنەوەی چواردەی شەش ڕائەگەیەنن. هەرسێ خوشکەکە لەو بزووتنەوەیەدا بە پەپولەکان ناو ئەبرێن. مینێرڤا وماریا تێریسا چەندین جار دەستگیر ئەکرێن و لە زیندانەکاندا ئەشکەنجە ئەدرێن. پاش ماوەیەک هەر سێ هاوسەری خوشکەکان دەستگیر ئەکرێن و لە ئەنجامی کەمپەینێکی جیهانیدا دیسانەوە بۆ ماوەیەکی کەم ئازاد ئەکرێنەوە.

بەڵام زۆری پێ ناچێت دیسانەوە هاوسەرەکانیان دەستگیر ئەکرێتەوە، و لە پلانێکی لە پێشدا داڕێژراودا، پیاوەکانی رافائیل هاوسەری مینێرڤا و ماریا تێریسا ئەگوێزێتەوە بۆ زیندانێکی دوور کە لە نێو شاخە سەختەکاندایە و مافی سەردانیکردنی سێ جار لە هەفتەیەکدا بە هەرسێ خوشکەکە ئەدەن. پاش ئەوەی لە سەردانییەکدا هەرسێ خوشک سەردانی زیندانییەکان ئەکەن، لە کاتی گەڕانەوەیاندا بە شێوەیەکی نهێنی دەستگیر ئەکرێن و ئازارو ئەشکەنجە ئەدرێن و لەگەڵ شوفێرەکەیاندا ئەکوژرێن، دواتر ئوتومبیلەکەیان لە شاخێکی بەرزی ناوچەکە فڕێ ئەدەنە خوارەوە کە گوایە بە کارەساتی ئوتومبیل گیانیان لە دەست داوە.

بەڵام خەڵکی دۆمینیکان بەم پیلانە ئەزانن و بێزاری خۆیان لە دەسەلات دەرئەبڕن، پاش شەش مانگ دواتر دیکتاتۆر ڕافائیل لە بۆسەیەکدا ئەکوژرێت.

پاش ئەوەی کە ساڵی ١٩٨٠ گروپێک لە فیمینیستەکانی ئەمریکای لاتین لە کۆلۆمبیا کۆئەبنەوە رایئەگەیەنن کە ٢٥ی نۆڤەمبەر ئەکەن بە ڕۆژی بەگژدا چوونەوەی توندوتیژی دژ بە ژنان، هەشت ساڵ دواتر نەتەوە یەکگرتووەکان ئەم ڕۆژە بە ڕەسمی ئەناسێت و ئیتر لەو ساتەوە ساڵانە ئەم ڕۆژە وەک ڕۆژی توندوتیژی دژ بە ژنان ڕیزی لێ ئەگیرێت و ڕێکخراوەکان بە گوڕو تینێکی ترەوە دێنە مەیدان بۆ پارێزگاریکردنی مافەکانی ژنان.

### کچان یەکەمین قوربانیانی قەیرانی ئابورین لە جیهاندا

بە پێی دواین ڕاپۆرتی بڵاوکراوەی پلان و لە ژێر پەرچەمی " لەبەر ئەوەی من کچم " باس لە کاریگەرییەکانی قەیرانی ئابوری ئەکات بۆ سەر کچان. بە پێی داتاکۆکراوکانی ئەم لێکۆڵینەوەیە دەرکەتووە کە لەسەرتاسەری جیهاندا ٦٠٠ ملیۆن ژنانی گەنج هەن کە بێکارن. کە لە نێویاندا ئەو ژنانەشی تێدایە کە دووچاری کاریگەرییەکانی هەژاری، توندوتیژی خێزان، نەخۆشی ئایدز، بازرگانی

سێکس، و ئاوارەبوون، بوونەتەوە ئەمە جگە لەو کچانەی کە لە تەمەنێکی هەرزەکاریدا بەزۆر لە لایەن خێزانەکانیانەوە لە قوتابخانە دەرئەهێنرێن و ئەدرێن بە شوو.

**کورتکراوەی کاریگەرییەکانی قەیرانی ئابوری لە سەر کچان لەم چەند خالەدا چڕ ئەکاتەوە:**

* هەر ئێستا بە ملیۆنان کچ کارەکانیان لە دەست ئەدەن.
* ئەو کۆچکردووانەی کە لە دەروەی ووڵات کار ئەکەن ، هەر ئێستا پارەیەکی کەمتر ڕەوانەی خێزانەکانیان ئەکەنەوە.
* مەسەلەی قەرزکردنی بۆ پرۆژە بچووکەکان هەر ئێستا زۆر مەحدود کراوەتەوە.
* کچان لە قوتابخانەکانیان دەر ئەهێنرێن و کاری ناو ماڵیان پێ ئەنجام ئەدرێت.
* زۆرینەی ئەو منداڵانەی کە ئەمرن کچانن .
* زۆرێک لە ژنان ناچار ئەکرێن تا لە بازرگانی سێکسدا کار بکەن.

راپۆرتەکە سەرنجی هەمووان بۆ ئەوە ڕائەکێشێت کە هەوڵدان بۆ هێشتنەوە و هێنانە پێشەوەی کچان لە مەیدانی کار و خوێندن کاریگەری زۆری لەسەر باشترکردنی ژیان ئەبێت ، ئەگەر ئەم کارە نەکرێت ئەوا ساڵانە بە ملیارد دۆلار زیان لە داهاتی وڵات ئەکەوێت و کۆمەڵگاش ڕوو لە پێشەکەوتن ناکات.

سەرچاوە: ماڵپەڕی هاوپشتی - ڕێکەوتی: ٣٠ی مارچی ٢٠١٠

# ئۆقیانوسێک لە تاوان دژ بە ژنان بەردەوامە!!!



**سەرگوڵ سەلمە**

ئەوەی کە جێگەی ڕەخنەو بێزاری و نەفرەت کردنە لە دەسەڵات و حکومەتێک. کە بۆ ماوەی زیاتر لە ٢٢ سالە لە ژێر سایەی ئەم دەسەڵاتانەدا بە (مالکی و یەکیتی و پارتی یەوە) ئامارەکانی کوشتنی ژنان  بە داخەوە نەک هەر ڕولە زیاد بوونە بەڵکو زۆر ترسناک و راچڵەکێنەرە بۆ وژیدانی هەر کەسێک کە دڵی بۆ ئازادی و یەکسانی و مافەکانی ژنان لی دەدات. وە ڕۆژانە ئەم مەرگەساتانە یەخە بە ژنان و کچانی ئە م وولاتە دەگرێت.

وە توندووتیژی یەکان لە روی فزیکی و دەرونی یەوە لە هەر چرکەیەکدا دڵ و دەرونینان بریدار دەکات وە لە هەر ساتیکدا ئیسک وپروسکیان ووردوخاش دەکرێن، کەسایەتی و کەرامەتیان دەروشێنرێت .ئەمڕۆ ئاستی خەتەروترسناکی ئەم دیاردەیە لە وەدایە کوشتنی ژنان لە تاکەوە بۆتە کۆمەڵ، هەر کاتی چاو بە ڕۆژنامە وگۆفاروسایتەکاندا دەگیرن دەبێ دڵودەرونمان بە یەکێ لەم هەواڵانە بگوشرێ هەموو ڕۆژێک گوێبیستی لە جۆرە هەواڵانە بین بۆ نموونە( لە فلانە شار چوار ژن کوژران وتەرمەکەیان لە قەراخ شار فرێدراون، چوار ژنی تر لە ماڵە کەی خۆیان خنکێنراون، لە و شارۆچکەیەدا دوو خوشک و دایکێک کوژراون، کچ و دایکێکی تر لەو قەزایە، لەو شارەی تر دوو خۆشکی تر کوژران هەر لەو ماوەیەدا ژمارەیەک لە مامۆستای ژن کوژران، کچێکی ١٦ ساڵ خۆی خنکاند...

هتد. هەر ئێستا لە نەخۆشخانەکانی هەولێرو سلیمانی و دهۆک کۆمەڵێک کچ و ژن کە مەجبور بە خۆسوتاندن بوونەتەوە بە دەست ئیش وئازارەوە دەناڵێنن و لە هەر سات و وەختێت ئاوات بە مەرگی خۆیان دەخوازن. تاوانبارانی ئەم دیاردانەش زۆربەیان نزیکترین کەسی قوربانی یەکانن کە باوک و برا و مێرەکانیانن یاخود ئاموزا و خاڵوزا. ئەم هەلو مەرجە بۆ دەبێت هەر بەم شێوەیە بمێنێتەوە؟.. کێ؟ وە چ دامودەزگایەک بەرپرسیارە لە ئاست ئەم تاوان وجینایەت کاریانە؟

زۆر جار ئەم پرسیارانە کراون، و لە لایەن زۆر کە سیشە وە وەڵامی وەرگرتۆتەوە. کە چی کێشەکان نەک هەر چارەسەر نەکراون بەڵکوو زیادیشی کردوە؟ بەشێکی دەگێرمەوە بۆ ئەوەی کە کۆمەڵگای کوردستان و عێراق ئەقڵیەت و کلتورێکی پیاوسالاری سایەی بە سەردا کێشاوە، کە هەر لە سەرەوە پیادە دەکرێت لە لایەن دەسەڵاتدارانەوە وە هەمیشە ڕێگە خۆشکەر بوون بۆ کەسانیک کە پەروەردەکراوی عقلێتی سەدەکانی ناوەڕاست و لەلایەن هەڵگرانی پەیام و بیروباوەڕێک کە دووره لە هەموو پرنسیپێکی ئینسانی و ئەخلاقی، و چاویان بە ژن و هونەرو مۆزیقا و جوانییەکانی ژیان هەڵنایەت، کە بتوانن زۆر بێشەرمانە لە ژێر سایەی ئەو وەزعیەتە دا کە دەسەڵاتدارنی کورد و ئیسلامی سیاسی بۆ کۆمەڵگای کوردستان و عێراقیان خوڵقاندوە بەربنە گیانی ژنان و لە مینبەری مزگەوتەکانیانەوە باوک و برا و مێردەکانیان لێ هان بدەن، و عێراق وکوردستانیان کردۆتە مەزارگەی مەرگی ژنان و کچانی ناڕازی بە و داب و نەریت و ئەقڵێتە دواکەوتوە..و بە قانون و یاسا مافەکانی ژنان پیشیل دەکەن. و بەدارشتنی تەواوی ئەو بەندانە تایبەت بە ژنانن لە سەر ئەساسی پلە دوویی وجیاکاری و شەرعیەت بە کوشتنی ژنان دەدات وە دینیش رەسمیەتی پێ دەدات. و بەشەکەی تریشی لە لایەکەوە نەبوونی دام و دەزگایەکی دادپەروەری کە دیفاعی سەرسەختی ژنان بێت. لە لاکەی تریشەوە پاشەکشەپێکردن و پرش و بڵاوی بەرەی یەکسانیخوازی وئازادیخوازی کۆمەڵگا کە ئەمەش دەردێکی ترە.

ئەوە ماوەی ٢٢ سالە ئەوەی ناعەدلەتی و نادادپەروەریە لە دامو دەزگا حکومی و ئیداری یەکاندا دژ بە خەڵکی کریکارو زەحمەتکێش و ژنان بەرێوە دەچێت. وە تاوان باران و ئەوانەی کە دەستیان بە خوێنی ژنان سوربووە وەک بەرزەکی بانان بۆی دەردەچوون ئەوە تەنها ژنانن کە دەبنە قوربانی.

دەسەڵاتدارانی قەومی و دینی لە پێناو مانەوەی خۆیان و کورسییەکانیانش بە یاسای ئیسلامی و دینی پشتیوانی لە کۆمەڵ کوژی یەی ژنان دەکەن. کوشتن و خۆسوتاندن ورفاندن و دەستدرێژی کردنە سەر ژنانی عێراق و کوردستان بۆ ماوەی چارەکە سەدەیەکە بۆتە دیاردەیەک. ڕۆژ نییە گوێبیستی هەواڵکی لە جۆرە نەبین و تاوانەکانیش هەتا دیت زیاتر دەبێت. کە بە داخەوە بە پێ ی ئەو ئامارانەی کە تۆمار کراون لە ماوەی ئەم ٢٢ ساڵەی ژێر حاکمێتی یەکێتی و پارتی و نوری مالکی ڕێژەی کوشتنی ژنان زۆر زیاترە،وە مەرگی ژنان لەم دەڤەرەدا بۆتە جینۆساید بە بیانوی شەرف وناووس و پابەند نەبوونی ژنان کچانی یاخی بەو دابو نەریتە خێلەکی یەوە کە سەپێنراوە بە سەریاندا.

ئە م کوشتارگەلی یەی ژنان بەم شێوە بێشوماره بۆ نادەربەستی دەسەڵاتداران دەگەرێتەوە کە خۆیان لە بەرامبەر ئەو تاوانکاری و کۆمەڵ کوژییەی ژنان نەک هەر بە بەرپرس نازانن بەڵکو خۆیان بەشێکن لێی، و بۆ ساتێکیش ویژدانیان ناجولێت لە بەر ئەوەی خۆیان خوڵقێنەری ئەو نەهامەتییانەن کە بەسەر ژناندا دێت و پایەکانی دەسەڵاتیان لەسەر ئەم بێمافیانە ڕاگرتوە،و دەستی بکوژان ئاوەڵا دەکەن بە دەرکردنی(یاسای لێبوردنی گشتی) کە تەنها ژنان تیدا دەبنە قوربانی و تاوانباران لێپرسینەوەیان نییە و زیندانی ناکرێن وە ئەگەر زیندانیش بکرێن پاش چەند ڕۆژێک ئازاد دەکرێن. کە ئەمەش وا دەکات کە هەر کەس بیەوێ لە هەر کاتێکدا لە سەر سادەترین شت دەستی بچێتە کوشتنی ژنێک. لە بەر ئەوەی پشتیان قایمە بە و دەسەلاتە ژن کوژە، بەم شێوەیە ئەم تاوانانە هەر بەردەوامە.

ئەوەی کە دەسەڵاتداران کلتوریان ئاوایە لە بەرامبەر کوشتنی ژنان و بێمافیەکانیاندا، ئیتر نە بە نامە ناردن و یاداشنامە وپرۆژە خستنە بەردەم پەرلەمان و کاری دیبلۆماسی کێشەکانمان چارەسەر نابێت و، دەسەڵاتداران نەک هەر گوێ بۆ داواکاریەکانی میلەت ناگرن بەڵکوهەر لە سەرەتای نەوەدەکان و دەست بەکاربونیان دکتاتۆری خۆیان ڕاگەیندووە. وە ئەمرۆژ زیاتر لە هەر سەردەمێکی تر ئەو حقیقەتە لای خەڵک ئاشکرا بووە، هەر لە سەرۆکایەتی یەوە هاتا پەرلەمان ودامو دەزگ ئیداری یەکانیان ئەگەر قسەکان لە خزمەتی ئەحزابی دەسەڵاتدار (یەکێتی و پارتی) نەبێت ئەوە زۆر بێشەرمانە پەنا بۆ هەموو شتێک دەبەن کە ئەو دەنگە سەرکوت کەن.

و ئەوەی بۆ ئەو کاروچالاکی و هەنگاوانەی سەرەوە دەگەڕێتەوە لە چەشنی( یاداشنامە وپرۆژە یاسا...هتد)کاری زۆر باشن، بەڵام ئەمانە کاتێک ماعنا پەیدا دەکەن کە هێزێکی لە پشتەوو بێت ،ئەو هێزەش دەبێت لە بزوتنەوەیەکی سەرتاسەری خۆی ببینێتەوە کە تەواوی ژنان و پیاوانی یەکسانیخواز پێوەی پەیوەست بن کە لە ناوخۆو دەرەوەدا کاری جدی لەسەر بکەین. نەفرەت و بێزاری و ڕقەکانمان لە دژی ئەم زاڵمانە توندتر بکەینەوە، وەبا بە هەموومان ئەم لێشاوی ژن کوژییە ڕابگرین وە نەهێلین، جەستەی کوژراوی هاورەگەزەکانمان لە کوچەوکۆڵان و قەراغ شارەکان فڕێ بدرێن، ئەم قوربانیانە! کچان و ژنانی وولاتەکەی ئێمەن، دانیشتوی شارو شاروچکە و گوندەکانی ئێمەن، دراوسێی ئێمەن، کەسی ئیمەن، ئەمانە لە فەلەکێکی ترەوە نە هاتوون تا کاری ئێمە نەبێت وکێشەمان نەبێت ئەمانە هاوڕەگەزی ئیمەن، ئێمە بەشێکن لەوان، سبەینێ ئیخەی تۆش دەگرێتەوە. با هەنگاوەکانمان خێراترکەین دەست لە ناو دەستی یەکترو بەیەکرتووی هەمومان لە دژی ئەو دەستورو یاساو سستەمەی کە بە ڕیوە دەچێت پلاتفۆرمی خۆمان بسەپێنین، پلاتفۆرمێک کە ماف و حورمەت و کەسایەتی یە ئینسانییەکانمان بپارێزێت ،یەکسانی ژنو پیاو بە رەسمیەت بزانێت...

سەرچاوە: ماڵپەڕی دەنگەکان - ڕێکەوتی: ٤ی جوولای ٢٠١٣

# پرسی توندو تیژی دژ بە ژنان و دوالیزمی کلتوری خێزانی کورد لە هەندەران



## شەونم یەحیا

بەهەقیقەت پرسی توندو تیژی دژ بە ئافرەتان ئەوەندە پرسێکی ئاسایی و ئاسان نیە لێ بێ دەنگ بین و قسە و کاری لەسەر نەکرێت، و بەرەنگاری نەبینەوە چونکە توندوتیژی دژ بە ژنان واتا توندوتیژی دژ بە کۆمەڵگە، بۆیە پێویستە لە دیدگایەکی زانستیانەوە ئاراستە بکرێ، هەر ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی کە چەندان ڕێکخراوی نێودەوڵەتی و ناوخۆیی و ناوندنی داکۆکیکردن لە پرسی ژنان دابمەزرێن بۆئەوەی کۆمەڵگە بەگشتی بەرەوە ئاراستەیەکی تۆلێرانس تر واتا لێبوردەیی تر بەرن، دیاردەی "کوشتن" خۆی لە خۆیدا ج ژن یان پیاو بکوژرێت ئەم پرۆسەیە پرۆسەیەکی نامەتیقی و نائەخلاقیە و تاوانێک بەهەموو پێوەرەکان کە بۆ تاوانکاری دانراوە، خودی پرسیارەکەت کوشتنی ژنی کورد لە هەندەران، بەبڕوای من ئەمە پەیوەندنی بە شوێنەوە نیە ئەوەندەی پەیوەندی بە عەقڵەوە هەیە واتا ئەنجامدانی کردارێکی وا پەیوەستە بە جۆری بیرکردنەوەی پیاوی کورد وەک تاکێک کە لەنێوە پرۆسەیەکی کلتوری داخراو پەروەردەکراوە، لەگەڵی گەورە بوو بۆتە بەشێک لە ژیانی بە حوکمی کاریگەر بوونی بە کارلێک و پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکان، چونکە تاکی کورد لە نێو بونیادێکی کۆمەڵایەتی زۆر تۆخ و قوڵ تواوەتەوە، پرۆسەی لە بیرچوونی ترادیسۆنەکان ئەوەندە ئاسان نیە، بۆتە بەشێک لە دروستبوونی کەسایەتی ئەو، ئەگەر لە دەرەوەی کۆمەڵگەی کوردیش بێت بەڵام بە عەقڵ (ملتزمە،(engage) پابەندە بەعەقڵ و بیرکردنەوەو ویژدانی کۆ نەک بە شوێن، بۆیە دەبینین دوای چەند ساڵ لە گۆرینی پێگەی جوگرافیایی هەر هەمان رەفتار ئەکات وەک ئەو کەسەی کە لە ناوەوە کۆمەڵگەی کوردی بژیت.

خێزانی کورد لە هەندەران چەندین گیروگرفتی هەیە ، گرنگتریینیان سەپاندنی کلتوری خێلکی بەسەر نەوەکانیاندا، خێزانی کوردی چونکە لە بنەڕەتەوە لە جۆری خێزانی تێکەڵاوە و تاک نەیتوانیوە لە دەرەوەی چوارچێوەی خێزان ژیانێکی تایبەتی هەبێت، پەیوەندییەکانی بەستراوەتەوە بە ئەندامانی خێزانەکەیەوە و زۆربەی کات سنوری پەیوەندییەکانیشی دیاریکراو بووە، دەبینین کاتێک خێزانێکی کورد روو لە ئەوروپاش دەکات هەر لەسەر هەمان رەفتارە چونکە بەرپرسی خێزان دایک یان باوک ئەوان بۆخۆیان لە

چوارچێوەی پرۆسەیەک گەورە بوونە، لەزانستی کۆمەڵناسی پێ دەڵێن پرۆسەی بەکۆمەڵایەتی بوون (سۆسیۆلیزاسیۆن)، بەحوکمی ئەوەی ئەوان ناتوانن ئاوا بە ئاسانی لێ دەربچن بۆیە هەر هەمان عقلیەتیە دەبێتە پەروەردەکاری نەوەکان لەوێ، بۆیە نەوەی نوێ کورد لە ئەوروپا هەمیشە لە کێشەدا لە نێوان دوالیزمیبوون لە کەسایەتی و لە کلتوریدا بگرە ئەوان دەبنە قوربانی دوو کلتوری، راگرتنی کلتوری کوردی و پابەند بوون پێیەوە لە ئەوروپا لەلایەن خێزانی کوردەوە من بە پلەی یەکەم بۆ ترس لە لۆمە و گلەیی خەڵک واتا کەوتنە ژێر باری وێژدانی جمعی کۆمەڵگەی کوردی، راستە ئەوان دوورن بەڵام هۆکارەکانی پەیوەندی کردن ئەمرۆ زۆر ئاسان بووە ئەمەش هۆکارێکی ترە لەسەر تاکی کورد کە رەفتار و هەڵسوکەوتی ئەوان زۆر بە ئاسانی و بەخێرای بگاتە کۆمەڵگەی کوردی. جگە لەمە هۆکاریکی تر ئاستی زانستی خوێندەوار بوونی لە نێو خێزاندا هەرچەندە ئەمە رێژەییە، چونکە نموونە هەیەلەسەر ئەوەی کە کچێکی کورد لە لندەن پەیوەندی لەگەڵ کوردێکی عەرەب دەبێت، دیارە چەندین جار کورەکە پەنا دەباتە بەر ئەو خێزانە کوردە تا کچەکەی بدەنی و هاوسەرگیری لەگەڵدا بکات ، بەڵام باوکی کچەکە ئەگەر چی لە ئاستێکی زانستی بڵندیشە بەڵام هەر رەزامەندی نانوێنێ لەسەر ئەنجامدانی ئەم پرۆسە هاوسەرگیرییە. بە حوکمی تێکەڵاوبوونم لەگەڵ کلتوری بێگانە و شارەزایی بوون لە شێوازی ژیانیان بۆم بەدیارکەوت کە خێزانی کوردی تارادەیەکی یەکجار زۆر داخراوە و پابەندە بەکلتور و ئەم داخراوەیش بێگومان گرفت و کێشەکانی زیاتر کردووە، بەتایبەتی بۆ رەگەزی مێ و کاریگەرییەکی نیگەتیڤی لەسەر ئایندەی مێ دروستکردوە بەتایبەتیش لەرووی پێکهێنانی خێزان، جگە لەلایەنی ئاینی کە رێگرە بووە لایەنی کلتوری و سیاسیش هەم بەربەست بووە، ئەم پارادۆکسە لە کەسایەتی و لەکلتوری تاکی کورد بێگومان ململانێ و کێشەی لێ دەکەوێتەوە تا دەگاتە یەکلابوونەوەی پرسەکان.

توندو تیژی دژی ژن لە ئەوروپا و ئەمریکاو تەنیا لەلایەن کوردەوە ئەنجام نادرێ بەڵکو لەلایەن ئەوروپییەکانیش هەمان توندوتیژی بوونی هەیە، بۆ قسە کردنیش لەسەر ئەم پرسەش گرنگە باس لەو توندوتیژییانە بکرێت کە بەشێوەیەکی گشتی لەسەر ژنان هەیە، نەک تەنیا ئافرەتی کورد بگرە زۆربەی ژنانی ئەوروپاش سەرەرای توندوتوڵی یاساکانیان کە زۆر بە زحمەت یاخود بە دەگمەن تاک دەتوانێ لێ دەربازبێت، کەچی دەبینین هێشتا پراکتیکەکردنی توندوتیژی دژ بە ژنان لە بەرزبوونەوەدایە لە نێوان توێژە کۆمەڵایەتیەکان، دیارە ئەم بەرزبوونەوەیەش بەپێ راپۆرتی رێکخراو ئەنجوومەنی نێوەدەوڵەتیەکان زانراوە، بۆ نموونە بەپێ راپۆرتی ئەنجوومەنی ئەوروپا کە لە ٤٧ وڵات پێکهاتووە بۆ داکۆکیکردن لەمافی مرۆڤ و دیموکراسی و پاراستنی سەروەری یاسا، تێدا ئاماژە بەوەدەکات کەوا ئافرەتان لە هەموو ناوەندە کۆمەڵایەتیەکان رووبەرووی توندوتیژی دەروونی و جستەیی و زارەکی دەبێتەوە، کە لە ئەنجامدا دەبێتە هۆی دروستبوونی چەندان نەخۆشی درێژخان و کاریگەری لەسەر کەمخۆراکی و کەمخەوی و زیادبونی مادە بێهۆشکەرەکان دەبێت لەسەر ئافرەت دەبێت، بۆنموونە لە وڵاتیکی وەکو بریتانیا پۆلیسی ئەو وڵاتە هەموو دەقەیەک پەیوەندییان پێوەدەکرێت بۆ بە هاناوەچونی قوربانیەکانی توندوتیژی خێزانی، هەروەها لە ئینگلترا هەفتانە ئافرەتێک دەبێتە قوربانی لەسەر دەستی مێردەکەی یاخود کۆپلەکە ئەمەش بەپێ راپۆرتەکانی ساسیکس، هەروەها بەهەمانشێوە لە راپۆرتی نەتەوەیەکگرتووەکانی ئەمسالیش ئاماژە بە بەرزبوونەوەی شێوازەکانی توندوتیژی دژ بە ئافرەتان دەکات لە لێدان و سوکایەتیپێکرن و دەست درێژی سێکسی... هتد دەکات، جگە لەو توندوتیژییانەی کە رووبەرووی ئافرەتان و منداڵان دەبێتەوە لە ئەنجامی شەڕ و ملمانێ چەکدارییەکان، جونکە نائارامی و ملمانێ یەکان کاریگەری راستەخۆیان لەسەر زیادبوونی توندوتیژی دەبێت جگە لە فاکتەرە کلتوورییەکان. لە وڵاتێکی وەکو ئەمریکا هەر ٦ دەقە جارێک ئافرەتێک دەست درێژی دەکرێتە سەری، لە وڵاتێکی وەکو مەکسیک ٩

دەقە جارێک. هەر لە ئەمەریکا ساڵانە شەش ملیۆن ئافرەت لەلایەن مێردەکانیانەوە دووچاری لێدان دەبنەوە و زیاتر لە ۴۰۰ یشیان بەهۆی لێدانەوە دەکوژرێن، لە وڵاتێکی وەکو ئەلمانیا ساڵانە ٥٢% ئافرەتان ڕووبەڕووی دەست درێژی سێکسی (تحرش) دەبنەوە، و (۴۵۰۰۰) هەزار ئافرەت ساڵانە لە ترسی توندوتیژی خێزانی ماڵ بەجێ دەهێڵن، لە فەرەنسا چوار ڕۆژ جارێک ئافرەتێک لەلایەن مێردەکەیەوە دەکوژرێت، لە ئەسپانیا ڕۆژانە ئافرەت لەسەردەستی مێردەکەی دەکوژرێت، بۆیە من پێموایە لە ئەنجامدانی کردەیی توندوتیژی دژ بە ژنان لە هەر کۆمەڵگەیەک بێت ئەوروپا یان کوردی بێت هیچ جیاوازیەکی نیە، چونکە توندو تیژی هەر توندوتیژییە لەڕووی کردارەوە، بەڵام لەڕووی شێوازە ڕەنگە جیاواز بێت بۆنموونە لە کۆمەڵگەی کوردی دەست درێژی سێکسی بە بەراورد لەگەل کۆمەڵگەی ئەوروپی کەمترە، ئەمەش بەهۆی کاریگەرییەکانی ئاین یاخود تراديسۆنەکانەوە بێت، جیاوازییەکی تر لەڕووی ڕێژەوە بێگومان کۆمەڵگەیەکی وەکو فەرەنسا یان ئەلمانیا یان ئەمەریکا بەحوکمی ئەوەی گەورەترن لە کۆمەڵگەی کوردی بۆیە ڕێژەی تاوان و توندوتیژییەکانیش تێدا زیاترە، جیاوازییەکی تر لە ڕووی جێبەجێکردنی یاسان و سەپاندنی سزا، لە کۆمەڵگەی کورد بەم دواییانە یاساکان فشار و سزایان توندترکرد لەسەر ئەو کەسانەی کە توندوتیژی دژ بە ژنان ئەنجام دەدەن و حکومەتی هەرێمی کوردستان چەندان ناوەندو ڕێکخراوی دامەزراند بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی ڕێکخراوە تر داکۆکی لە پرسی ئافرەت بکرێ، ویاساکان جێبەجی بکرێت لەسەر بکوژی ئافرەت بە ناوی شەرەفەوە دەنا پێشتر بکوژی ئافرەت زۆر بەئاسانی لەو تاوانە دەرباز دەبوو بەناوی (غسل عار)، بەڵام لە کۆمەڵگە ئەوروپییەکان شتێک نیە بەناوی (غسل عار) و یاسایەک بێت بۆ دەربازبوونی ئەو کەسانەی کە ژن ئەکوژن، بەڵکو یاسا وەکو تاوانبارێک حوکمی لەسەر ئەدات.

**خویندکاری دکتۆرا لە (سۆسیۆ - فیلۆسۆفی) زانکۆی سۆربۆن پاریس یەک**

**سەرچاوە: ماڵپەڕی دەنگەکان - ڕێکەوتی: ٢٤ی جوولای ٢٠١٣**

## هەنگاوەکانی حکومەتی هەرێم بۆ لەناوبردنی توند وتیژی دژ بەژنان چەواشەکارانەیە!



### گۆنا سەعید

لەڕاستای بڕیاری دامەزراندنی"دادگای تایبەت بەتوند وتیژی دژ بەژنان"

دوا بەدوای هەڵکشانی نارەزایەتیەکانی کۆمەڵگە بەرووی دیاردەی توند تیژی وکوشتنی ژنان بە بەهانەی شەرەف بەتایبەت دوای کوژرانی نیگار ڕەحیمی١٥سالان دوو مانگێک بەر لەئیستا، حکومەتی هەرێمی کوردستان لەزمانی سەرۆک وەزیرانەوە بەڵێنی چاکسازی وکاری جدیدا بۆ کەم کردنەوە ونەهیشتنی کوشتنی ژنان لەسەر شەرەف. هەر خێراش لەچەند هەنگاویکدا سەرۆک وەزیران بۆردی چاودێری مافەکانی ژنانی دامەزراند وچەندین کۆبونەوەی بەوەزارەتە پەیوەندیدارەکان کردو چەند بڕیارێکی دەرکرد. یەکێک لەهەنگاوەکان کە حکومەت بڕیاری لێدا هەوڵدان بوو بۆ جێبەجێ کردن و کارا کردنەوەی یاسای توندوتیژی خێزانی و بەڕێوبەرایەتیەکانی دژی توند تیژی لەسەر ژنان. لەدواترین هەنگاویشدا لە کۆبونەوەی ٢٠ / ٠٩ / ٢٠١٢ بۆردی چاودێری مافەکانی ژنان وئەنجومەنی دادوەریدا بەئامادە بونی سەرۆک وەزیران بڕیاری دامەزراندنی دادگای تایبەتی بەتوندو تیژی لەسەر ژنان درا، هاوشان لەگەڵ چەند هەنگاوێکی تری وەک دامەزراندنی بنکەیەکی پۆلیسی تایبەت بەکەیسەکانی توند تیژی لەسەر ژنان .

جێگای سەرنج بوو کەلەم نێوەدا بەشێکی بەرچاو لەرێکخراوەکانی ژنان وچالاکوانەکانی ژنان ئەمەیان بەدەستکەوتێکی گرنگ لەقەڵەم دا و وەک هەنگاوێکی پێشڕەوانە وکارای سەرۆک وەزیران وحکومەتکەی بۆ جێبەجی کردنی بەڵێنەکانیان ئاماژەی پێکرا .!

لەم وتارەدا دەمەوێت کەمێک لەسەر هەنگاوەکانی حکومەتی هەرێم بۆ نەهێشتن و کەم کردنەوەی توند تیژی لەسەر ژنان وبەتایبەت هەنگاوی دامەزراندنی داداگای تایبەت وکاریگەریەکانی لەم ڕەوشەدا بخەمەڕوو .

سەرەتا پێویستە بووترێت کەلە کەش وهەوایەکدا کەژنان تییدا لەنایەکسانیەکی هەمەلایەنەی سیاسی، یاسایی، ئابووری و کۆمەڵایەتیدا لەژێر سایەی دەسەڵات وسیستەمێکی میلیشیایی و پیاوسالاری و کۆنەخوازدا ژیان بەسەر دەبەن، دامەزراندنی وەها دادگایەک چەندە دەتوانێت لەکێشە ونەهامەتیەکانیان کەم کاتەوە .

دەسەلات وحکومەتی هەرێم ئەگەر نیازێکیان هەیە بەنەهێشتنی توندتیژی لەسەر ژنان و بەتایبەت مەسەلەی کوشتن لەسەر شەرەف، ناکرێت لەڕووکەش ترین و ناکاریگەرترین دەزگاوە، کەئەویش دادگایە دەست پێبکات. بەتیبەتی کەهەموو کەسێک دەزانێت، یاساکان لەهەرێم پڕیەتی لەهەڵاواردنی وستمکێشی وهاولاتی پلەدووی بەسەر ژنانەوە ڕەسمیەت پێداوە. لەیاساکانی هەرێمدا دین زاڵە بەسەر یاساکان وکراوەتە سەرچاوەی پێناسە کردنی مافو ئازادیە فەردیو مەدەنیەکانی ژنانی کوردستان. یاسای فرەژنی کەپەرلەمان دەنگی بۆداوە، نەک هەر پێچەوانەی مافی هاوڵاتی بوونی یەکسانی ژنانە، بەڵکو بێحورمەتیەکی ئاشکراو بەڵگەنەویستە بەئینسانی ژن. یاسای باری کەسیتی کەیەکێک لەپاشماوەکانی ڕژێمی بەعسە ودەسەڵات بەمیرات وەری گرتووە، سەرتاپا یاسایەکی کۆنەپەرستانەو دژە ژنە وپڕیەتی لەجیاکاری وهەڵاواردن وشتیکی تیا نییە بەناوی مافی هاوولاتی بوونی یەکسان، یەکسانی ژن وپیاو لە هەموو بوارە یاسایی و کۆمەلایەتی وئابوریەکاندا،....هتد

بێگومان دادگا بەشی خوارەوەو جێبەجێکەری یاسایە. هەر کاتێکیش خودی یاساکان، یەکسانی هاوڵاتیانی لەژێر پێنابوو، هەرکاتێک مافو ئازادیەکانی ژنان لەیاساکاندا بەڕەسمی نەناسێندرا بوو، ئاوکات دادگا دەتوانێ چ ڕێگا چارەیەک بۆ بن بڕکردنی کارەساتەکان بگرێتەبەر. تەنانەت ئەگەر بەعادیلانەترین شێوەش کاروباریان بەڕیوە بچێت!. ئەمە ئیتر بەمانای ئەوەدێت کەئەم دەسەلاتە "دادگای تایبەت"ی بۆ بەڕیوەبردنی یاسایەک پێکدەهێنێت کەخۆیان سەرچاوەی جیاکاریو ستمێکن بەسەر ژنانەوە وهۆکارێکن بۆ ئەو هەموو کوشتارو کارەساتە خوێناویانەی کەلەم ٢٠ ساڵەدا ڕووبەڕووی ژنانی کوردستان کراوەتەوە. یانی دادگای تایبەت هەمان ئەو یاسایانەی دوێنێ بەڕیوەدەبەن کەلە ژێر سایەیاندا تائێستا هیچ تاوانبارێکی کوشتن وتوند تیژی لەسەر ژنانی بەسزا نەگەیاندووە ونەبۆتە مایەی سڵەمینەوەی پیاوانێک کەژن کوشتن ئازاردانی ژنان بۆتە ڕێگای پاککردنەوەی شەرەفیان.
خاڵێکی تری گرنگ خودی جێگا وڕێگەی ئەم دادگا تایبەتانەیە لەپرۆسەی سکالاکان ویەکلای کردنەوەی کێشەکانی توند تیژی لەسەر ژنان. بەتایبەتی کەدادگای تایبەت لەسەر بنەمای ماددەی سێهەم لەیاسای بەرەنگار بونەوەی توند وتیژی خێزانی دامەزراوە، لەهەمان یاسادا لە ماددەی پێنج دەلیت:"پێویستە لەسەر دادگا لایەنەکانی شکایەت ڕەوانەی لیژنەیەک بکات کەلە شارەزا و پسپۆڕان پێک دەهێنرێت بۆ چاکردنەوەی نێوانیان پێش ئەوەی کێشەکە ڕەوانەی دادگای تایبەتمەند لەو کێشانە بکرێت کەئەشێ ئاشتەواییان تێدا بکرێت، بەمەرجێ کار لەڕێکارەکانی پاراستن نەکات کەلەم یاسایەدا هاتووە ."

لە کۆبونەوەی ٢٠ / ٠٩ دا هەروەها وەزارەتی ناوخۆ ڕاسپێردراوە کەبە هەماهەنگی لەگەڵ دادگاکانی تێهەڵچوونەوە، "لیژنەکانی ئاشتەوایی" پێک بێنێت کەخەڵکانی پسپۆڕ و شارەزای تێدا بێت، بۆ ئەوەی بەر لەناردنی کێشەکانی توندوتیژی بۆ دادگاکانی تایبەت، هەروەک لەیاساکەداهاتووە، ڕۆڵی ناوبژیوانی ببینن. واتە کێشەکانی توند تیژی لەسەر ژنان دەبێت بەپڕۆسەی لیژنەی ئاشتەوانیدا بڕوات بەر لەدادگای تایبەت!!.. با چاوێک بەمەدا بخشێنین :

بەشیک لەکارنامەی مێژووی ٢١ ساڵی دەسەلاتی پارتی و یەکیتی، پێکهێنان وکاراکردن وپارە سەرفکردن بووە، بۆ دام دەزگاکانی "سوڵحی عەشایەری" کەبە ڕەسمی خۆیان لەهەردوو مەکتەبی کۆمەلایەتی پارتی ویەکیتیدا دەرخستووە، تا ئەو ڕادەیەی کەئەو سوڵح کردنە لەزۆرێک لەکیشە وناکۆکیەکاندا بەتەواوی جێگای دادگای گرتۆتەوە ولە هەندیک جێگاش دادگا لەچەند ژورێکی ناکارا بەولاوە هیجی تر نییە. سوڵحی عەشایەری تەنانەت لەهەندیک لەدادگاکاندا ولە نێو دادگادا ڕێگە پێدراوە بۆ چارەسەری کێشەکان بەهەر ڕێگەیەک بێت، نەک یاسا!!. لەمەش زیاتر لەیاسای لێبوردنی گشتی سەرۆک وپەرلەمانی هەرێمدا، سوڵحی عەشایەری بەڕەسمی ناسراوە ویاساکە باس لەلێخۆشبوون دەکات لەو تاوانکارانەی کەلەلایەن کەس وکاری تاوانلێکراوەوە، لێیان خۆش ببون. ئەمەش بەجیا لەوەی یاسا ئەم کەسە تاوانبار دەکات یان نا.

شتێکی تریش کەزۆر ئاشکرایە، مەسەلەی بەکارهێنانی ژنان وکچانی هەردوو خێزانە لە سوڵحی عەشایەریدا بۆ کپ کردنەوەی کێشەکان و تۆلە سەندنەوە و ژنان لەو نێوەدا هەر وەک برە پارە لەم سوڵحانەدا دەدرێن بەخێزانەکان یان دەسەندرێنەوە و... هتد .
لیژنەی تایبەتی پێش دادگای تایبەت لەیاسای توند تیژی خێزانیدا کەلە پسپۆران وشارەزایان پێک دێت، جیاوازی چیەبێت لە پسپۆرانی سولحی عەشایەری لەناوچە جیا جیاکانی کوردستاندا؟ بەتایبەت لەو جێگایانەی کەژنان تائەگەنە شوێنێکی سەلامەت لەوانەیە حەوت جار فرسەتی کوشتن و دەمکوت کردنیان هەبێت .

لیژنەی"سوڵح کردن" مەعلوم نیە لەکێ پێک دێت، ئایا ئەمە ڕەسمیەتدان نیە بەمەکتەبی کۆمەڵایەتی؟، ئایا ئەم "پسپۆڕانە" هەر لەو کەسانە پێک ناهێنن کە ئەزونی سوڵحی عەشایەریان هەیە و کە زۆربەیان دەستیان هەیە لەبەکار هێنانی ژنان وەک کاڵای گۆڕینەوە لەنیو ئەم سوڵحانەدا؟، ئایا حکومەت مسۆگەری دەکات کەلەم لیژنەیەدا پارێزەری خۆڕایی کەتەنها بەرگری لەژنەکە دەکات ونوێنەرێکی ڕێکخراوێکی ژنان ئامادە دەبن؟، ئایا مسۆگەر دەکرێت کەهەر ژنێک بتوانێت ڕاشکاوانە بەرگری لەخۆی بکات لەنیو ئەم لیژنەی ئاشتەوانیەدا بەبێ ترس ولەرز لەوەی کەدوای ئەو دانیشتنە چی بەسەر دەهێنرێت؟. ئەمە سەرباری هەموو ئەو کێشانەی کەژنان هەیانە وئەو فشارانەی بۆ وازهێنان لەسکاڵاکانیان دەکەوێتە سەریان لەژێر ناوی پاراستنی شیرازەی خێزان وگوێ گرتن بۆ کەسانی بەتەمەن وگەورەتر لەخۆیان، سەرباری ئەو هەموو ترس وشەرم و "عەیبەیە" کە وەک ژن ڕووی بەڕووی دەبنەوە، خەمخۆری لەلۆمەی کەس وکار وترسی لەدەست دانی منداڵ وبژێوی ونەبوونی هیچ پشتیوانیەکی مادی ومەعنەوی و... هتد، دایکی مامۆستا ساکار نمونەیەکی زۆر بەرجەستەی ئەم سوڵحە عەشایەریە بوو کەلە ژێر فشاری دەروونی وکۆمەڵایەتیدا وبە قسەی مەلا وسوڵحکەرانی ناوچەکە وازی لەوە هێنا کەشایەتی بدات لەسەر تاوانکاری کوشتنی مامۆستا ساکار کەمێردەکەی خۆیەتی. بۆیە زۆری دەوێت تاژنێک دەگاتە ئەو ڕادەیەی کەبچێت سکاڵا تۆمار کات لەسەر پیاوێکی نێو خێزانەکەی. لەچوارچێوەیەکی ئاوادا، دانانی لیژنەیەکی لەم جۆرە، وەک مەرجێک لەسەروو دادگاوە، تالە کەیسێکی ژنان بکۆڵێتەوە، بەدڵنیاییەوە ئەگەرەکانی ناردنەوەی جارێکی تری ژنان بۆ نێو ئەو فەزا توند وتیژیە خێزانیە، زۆر زیاتر دەکات وسەرلەنوێ ژنان دەخاتەوە بەر مەترسی لێدان وسوکایەتی ودوور نیە ژیانیان نەخاتە مەترسیەوە. ئەم لیژنەیە مەترسی ئەوەی هەیە کەببێتە ئامرازێک بۆ دوورخستنەوەی کێشەکانی ژنان لەیاسا ودادگا ودروست کردنی فشاری خێزانی وکۆمەلایەتی بۆ ژنان تا واز لەسکاڵاکانیان بێنن و بەم پێیەش ناکارا کردنی دەوری هەر دادگایەکی تایبەت، لەم نیوەدا بەرجستەدەکاتەوە .

هەموو ئەو ڕاستاینەی سەرەوە بەڵگەن بۆئەوەی کەبڵێین هەنگاوەکانی حکومەتی هەرێم بۆ لەناوبردنی توند وتیژی دژ بەژنان چەواشەکارانەیە ونەک نابێت هەر ببێتە جێگای ئومید و خۆشباوەڕی ڕیکخراوەکانی ژنان وهەڵسوڕاوان و گروپەکانی ژنان، بەڵکودەبێ بەخەباتی یەکگرتوو هوشیارانەی بزوتنەوەی ژنانو پێکهاتووەکانی بەشکستدا بکێشرێت. تەنانەت بێدەنگەکردن لەئاست ئەم هەنگاوانەی حکومەتی هەریمدا، بەمانای چاوەڕوان هێشتنەوەی خەباتێکە کە لەدژی کوشتنی ژنان وستەمی سەرشانیان بەڕیکەوتووە، چاوەڕوانیەک کەمەعلوم نییە چەند سەد ژنیتر دەبێتە قوربانی پیاوسالاری ورەوشێک کەڕووبەڕووی ژنانی کوردستان کراوەتەوە. بەپێچەوانەوە دەبێ بزوتنەوەی ژنان وریکخراوەکانی، تا زووە یەکگرتوانە هێزی خۆی بەدەوری خواستەکانی"هەڵوەشانەوەی یاسای باری کەسێتی وشوێنگرتنەوەی بەیاسایەک کەیەکسانی هەمەلایەنەی ژنان وپیاوان بەڕەسمی بناسێنێ"، " هەڵوەشانەوەی مەکتەبی کومەلایەتی و هەر لێژنەیەکی سەرو یاساو دادگا، لەچارەسەری کەیسەکانی ژناندا"، "هەڵوەشانەوەی یاسای فرەژنی وقەدەغەکردنی هەرجۆرە سوڵحێکی عەشایەری لەچارەسەرکردنی کێشەکانی ژناندا".. بێنێتەمەیدانەوە. لەم نێوەشدا ئەرکی ئێمە وەک بەشی پێشڕەوو ڕادیکاڵ وشۆڕشگێڕی بزوتنەوەی ژنانە کەبێدەنگی ڕیکخراوەکانی ژنان و گروپەکان بشکێنین ولەکارنامەی چاوەشەکارانەی دەسەلاتت کۆمەڵگە بەئاگا بهێنینەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی دەنگەکان - ڕێکەوتی: ١ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٢

# توندوتیژی بەرابەربە ژن و دراما عەرەبییەکانی ڕەمەزان



کەژاڵ ئیسماعیل

بەرتەسککردنەوە و سنوردارکردنی ئازادی ژن لەقاڵبی ئایدۆلۆژیای نێرسالاریدا و ئەو ترسەی لە خودی تاکدا چێنراوە تێگەیشتنی لە ماهییەتی ئازادی هێن بەرتەسک کردۆتەوە لەپێش پیاودا ژن ناچێتە ئەو قەناعەتەی بازدان بەسەر دیواری خودا بۆ نێو کۆمەڵگە هەڵەیەکی گەورەیە، ئاخر کاتێک ژن هەموو طقوسە تایبەتەکانی ڕەمزانی لەبەردەمدا کاڵکراوەتەوە و بەرتەسککراوەتەوە لەچوارچێوەی تەلەفیزێۆندا، زۆر بێئاگایانە زۆربەی هەرە زۆری کاتەکانی خۆی سەرقاڵی بەدواچون و غەمخواردن کردووە بە دوای ئەو دراما تەلەفیزێۆنیانەی کە لە پێشبڕکێی بازرگانی و ساغکردنەوەی بەرهەمە سەقەت ولاوازە عەرەبییەکان زیاتر هیچ تازەگەری و وەپێشچونێک نابەخشێتە بینەر.

نمونەی ئەو درامایانەی لە کەناڵە جۆراوجۆرە عەرەبییەکانەوە پەخش دەکرێن هێن زۆرن لە هەژمار نایەن و زۆربەی هەرە زۆریشیان دوبارەن لە کرۆک وبابەتدا و باس لە کێشە کۆمەڵایەتییەکان دەکەن بەڵام بەشێوەیەکی سەرسوڕهێنەرو بینەریان دوچاری شۆک دەکەن و ژن لەنێو دراماکاندا لەبازنە چەقبەستووەکەی پیاوسالاریدا زەڕەیەک نەاتۆتە دەر بەجۆرێک دەرهێنەری بەناوبانگی میسری (ئیناس الدغیدی) موجەرەد دەرکەوتنی لەشاشەی تیڤییەکانەوە ڕۆژو بەتاڵ ئەکاتەوە و پێویستە ناوی لە لیستی هونەرمەندانی ئەو وڵاتە بسڕێتەوە لەڕوانگەی هەندێک لەپیاوانی ئایینی و پارێزەرەکانەوە لەکاتێکدا ئەو خانمە زۆر ئازایانە کێشەی ژن ومناڵ و کۆمەڵگەی میسری لەڕێگەی دراماو فیلمەکانیەوە خستۆتە ژێر باسی کۆمەڵێک پرسی بێوەڵام.

ئەوی باسی منە ڕۆڵی ژنە لەنێو ئەو درامایانەدا و پەرۆشی ژنی بینەرە هەمبەر بەدواچونی دراماکان، بۆ نموونە لە نێو هەندێک درامای وەک (الباطنیە، افراح ابلیس، فنجان الدم، کلام نسوان، قانون المراغی و ابن الارندلی و درامای دیکەی وەک باب الحارە و بیت جدی ٢) دا ژن زۆر بەشێوەیەکی بەرچاو ودیار دوچاری ئازاروزوڵم وچەوسانەوەی پیا وکۆمەڵگە ئەبێتەوە بەجۆرێک بەزۆر بەشودانی کچ و فرەژنی و خیانەتی پیا و گوێنەگرتن لە دەنگی ژن و بەسوک تەماشاکردنی ڕەگەزی مێ زۆر بەزەقی لەدراماکاندا

ئەبینرێت و هێشتا بینەری ژن زۆر بەپەرۆشەوە موهەنەدی گۆڕیوە بە (موعتەز) و کچانی هەندێک لەووڵاتە عەرەبییەکان خۆزگە بە هاوسەرگیری ئەخۆن لەگەل ئەو ئەکتەرەی کە تا لووتکە سەرکێش و توڕەو شەڕەنگێزە، ئایا کچان حەزین بە گەڕانەوەی زەمەنە بۆ ئەو ساتانەی کە لەژێر گورزی (سی السید) دا

**وەک کەنیزەک تەماشا ئەکران؟**

ئایا ژن ناپرسێت بۆچی پیاو بەو شێوەیە یاری بەچارەنوسی ژن ئەکات، ژنێک و دووان وسیان چاویان تێرناکات،؟

ئایا تێگەیشتن لە ماهییەتی ئازادی و میکانیزمی کارکردن بۆ خوێندنەوەی فەلسەفی و کارکردن لەپێناو شیکردنەوەی ڕەهەندەکانی چەمکی ئازادی بەو شێوەیە لەلایەن ژنەوە شرۆڤە کراوە کە بەو شێوەیە ڕێگە بەخۆی بدات لەبەردەم شکاندن و سوکایەتیکردن بە کەسایەتییەوە نوتق نەدات و هێشتا ئەو کێبڕکێ بازرگانییە بە لوتکەی ئارامی و کاتبەسەربردن بزانێت؟

هەندێک لەژنان پێیان وایە گەڕانەوە بۆ ئەو زەمەنەی لەپشت پەردەوە قسەی لەگەڵ پیاو کردووە و تەنها لەپێناوی ئەوەدا کوڕێک یان دووان بۆ پیاو دروست بکات وەک ئەوەی لە درامای (باب الحارە و بیت جدی بەشی دووەم) جێژێکی جوان وخۆش بەخشە، جێی ڕامانە ئەو ئەشقە وەهمیی کە لەنێوان هاوسەرەکانی نێو دراما سورییەکاندا ئەبینرێت و لەوانەشە هەر ئەو ئەشقەبێت کچانی ئاشق بە وەهمی هاوسەرگیری و چوتبون کردنێت لەگەڵ پاڵەوانی ئەو درامایانە دا لەکاتێکدا لەدرامای (زمن العار) دا بێوەفایی پیاو دەستخەرۆکردن و خیانەت و ساویلکەیی ژن گەیشتۆتە ئەو پەڕی لوتکە و پاڵەوانەکانی ئەو درامایە هیچ بۆشاییەکیان نەهێشتۆتەوە تیایدا ئازاری ژن نەدەن، ئایا بینینی ئەو دراما تەلەفیزێۆنیانەی کە هیچ پەیوەندییەکیان نییە بە مانگی ڕەمەزانەوە چی بەخشیوەبەژن و چ گوڕێکی داوەتە بەر تاوەکو هێندە ئاشق بە نێوەندێک بێت لە ئازاردان و سوکایەتیپێکردن زیاتر هێچ کام لە ڕەهەندەکانی ئازادی ژنی نەخستۆتە ژێر پرسی لێکۆڵینەوە و چارەسەرکردنەوە ، ئایا ژنی کورد وەدوی ئەو ڕۆمانسییەتەدا ئەگەڕێت کە لەودیو چواردیواری خێزانەکەیدا وونی کردووە و بۆ پڕکردنەوەی ئەو بەتاڵییە عاتفییەی کە لەژیانیدا هەیە خولقەتی بە تەماشاکردنی دراما تەلەفیزێۆنییەکانەوە گرتووە و هیچ کات لەخۆی پرسیوە ئەگەر ئەو لەواقیعدا ڕۆڵی (وردە، الباطنیە) ببینێت و لەساڵێکدا چەن شوویەک بکات و ببێتە بازرگانی مادە بێهۆشکەرەکان وەک ئەو ئەبێتە جێی سەرنج و دەستخۆشی پیاو یان وەک دەیان لەوژنانەی کەبێتاوان لەودیو دیواری بەندینخانەکانەوە بەهیوای ڕۆژێکی ئازاد فرمێسکی خوێنین ئەڕێژن ژیان ئەگوزەرێنێت .!؟؟

**سەرچاوە: ماڵپەڕی دەنگەکان - ڕێکەوتی: ١ی ئۆکتۆبەری ٢٠٠٨**

# ڕەهەندەکانی توندوتیژی لەکوردستاندا.



**ستارە عارف**

**گەر یاسا نەبوو دەبێتە شەڕی هەموان دژی هەموان" هۆبز"**

بەپێی جاڕنامەی جیهانی مافەکانی مرۆڤ، مرۆڤ لەمافو ئەرکو ئازادیو شکۆدا یەکسانن و بەیەکسانیش لەدایک دەبن". بەپێی هەموو ڕێکەوتنو پێوەرە نێودەوڵەتیەکانیش مرۆڤ لەدەربڕینی راو بۆچونو گوزارشتکردن لەلایەنی هزریو ئاینیو ویژدانی بێ جیاکاری وەک یەکنو مافیان هەیە، هەموو پێوەرەکان جەخت لەداکۆکیکردن لەمافی تاک بێ جیاوازی ژنو پیاو دەکەنەوە.

هەرچەندە زەمینەی کۆمەڵایەتی و کەلتووری پێگەیشتنی ئەم پێوەرانە بەپێی ژینگەی شوێنەکان دەگۆڕێت، نمونە لەکوردستاندا گەلێک فاکتەر هەن کەزەمینەی جیاکاری و توندوتیژی لەسەر مرۆڤ بەگشتی و ژن بەتایبەتی دەڕەخسێنن و دروستیدەکەن، بەپێی سەرچاوەکان لەماوەی ١٧ساڵی دەسەڵاتی کوردیداو لەژێر سایەی حکومەتە عیلمانی و دیموکراسیەکەی هەرێمدا زیاتر لە"١٤"هەزار ژن کوژراون و ڕۆژانە دەکاتە کوشتنی"٣ - ٤"ژن. ئەمانە زۆرینەیان بەهۆکاری سیاسی واتە بەدەستی سیاسی و لێپرسراوەکان دەکوژرێن، کەلەدوای ڕاپەڕینەوە سەریهەڵداوە، لەپێناو کپکردن و شاردنەوەی مەرامە غەریزی و دزێوەکانی خۆیاندا. ئەم کەلتورە ڕەنگی داوەتەوەو لەناو دامودەزگاکانیشدا هەمان هاوکێشە کاری پێدەکرێت و ئەم دیاریدەیە لەهەموو جێگەیەکی کوردستان بوونی هەیە.

لە ٨ مانگی ڕابردودا لەدەڤەری ڕانیە"١٢٣"حاڵەتی توندوتیژی تۆمارکراوەو لە ٦ مانگی یەکەمی ٢٠٠٨ دا زیاتر لە"٣٠"حاڵەتی کوشتنو سوتاندنی ژنان هەبوە، نەک کەمی نەکردوە بەڵکو ساڵانە لەزیادبوندایە، بەشێوەیەک لەساڵی ٢٠٠٣ دا لەڕانیە "١٢"حاڵەت هەبوە.

٩٦ تاوانیش دژی ژنان لەسنووری گەرمیان لە ٦ مانگی ڕابردودا هەبوە.

له ١ / ١ / ٢٠٠٧ تـا ٣١ / ١٢" ٤٠٧ "تـاوانو ڕووداوی دژ بەژنـان هەبـوەو "٣١٣"تـاوان تەنهـا لەسلێمانیو "١٠٤"تـاوانیش لەگەرمیـانبون . زۆرینەی هۆکارەکانیش کۆمەڵایەتی و خێزانی بون، سیستەمی پیاوسالاری ڕێبەری ئەم کۆکوژییە لەباشوری کوردستاندا دەکات، هـاتنی بەلێشاوی سەردەمی تەکنۆلۆژیاو کرانەوەی کۆمەڵگا بەهۆکار دەزانرێت، بەڵام هوشیاربونەوەی ژنـانیش هۆکـارێکن کەئیـدی سـەر بـۆ ئەم سیستەمە کەچ ناکاتو بەشێوەیەکی توندتر لەسیستەم وەڵام دەداتەوەو خۆی دەکـات بەقوربـانی واتە لەگەوهەری خۆکوشتن و سـوتانی ژناندا ئەو پەیامە خۆی حەشارداوە کەئیتر سیستەمی دەسەڵاتداری پیاو پەسند ناکرێتو ڕەتکردنەوەیەکـی ئاشکرایە، لەهەمانکاتیشدا پەیـامێکە بـۆ ئەوەی کەکـاتو شـوێنی گـۆڕانی کـۆمەڵ و سیسـتەم هـاتوە، لەو حاڵەتەشـدا بێچـارەییە کەژنـان هـیچ ڕێگـایەکی تـر بـۆ چارەسـەری نـابینن، وەک یاسـا چـونکە یاسـاو داد لەکۆمەڵگاکـانی ڕۆژهەڵاتـی نـاوینو کوردسـتان بەتـایبەتی لایەنگری پیـاون چـونکە وەرگیراوی شەریعەتو ئاینی ئیسلامن کەهیچ مۆرکی مەدەنی بونو سـەربەخۆیان پێوە نیەو هەمـوو دەسـەڵات بەپیـاو دەبەخشـن و یاسـای ناهاوسەنگ و لاسەنگن کەتەنها پیاو ژمێرەی بۆ دەکرێت، بۆیە ناتوانرێت باس لەجێبەجێکردنی ئەم یاسـایانەو یـان دەرکردنـی یاسـای تـر بکرێـت، تـا سیسـتەمی دەسـەڵات نەگۆڕێـت، لەمە زیـاتر ژن پانـاگەیەکی نـیە بـۆ داڵــدەدان لەلایەن حکـومەت و پەرلەمـان و ڕێکخراوەکـانەوە چـونکە هەمـوو تیـۆری و دەزگاکـانی هەرێـم و نـاوچەکە شێوازە زۆر تەقلیـدی و بـێ گەرەنتیەکـانن کەمرۆڤ ناتوانێت پشتیان پێ ببەستێت، لەبەرئەوەی هیچ باکگراوندێکی فیکریو شارستانی و هزریان لەپشتەوە نیە. دیاریـدەی توندوتیژی و یاسـای دژە ژن لەوڵاتە ئیسلامی و ئۆتۆکراتەکاندا وەک ئێراق و ئێران و وڵاتە عەرەبیەکانـدا هەیەو سیستەمی ئـاینی و سیاسـی ڕۆژانەی قـوڵترو قەیرانـاویتری دەکـات، بەجۆرێـک بەپێـی ئامـارێکی زانسـتی لەزانکـۆی تـاران لەمـاوەی سـاڵی ٢٠٠٣ - ٢٠٠٧ لەئێـران ٢ هەزار ژن لەئەنجامی فشاری سیاسی و کۆمەڵایەتی سیستەمەوە خۆیـان سـوتـاندووەو ڕۆژانە ڕووداوی وەک هەڵهـاتن و لێدان و کوشتنی ژنـان ڕوو دەدەن و کەزۆربەیان بەهۆی لێدان و ڕوداوەکانەوە توشی حـاڵەتی تەندروستی کوشندە دەبـنەوە، بـێجگە لەو ڕەوشە نالەبـارەی ژنـانی مانگرتوو لەزیندانە سیاسی و مەدەنیەکانی شارەکانی سنەو تـاران و هیتر دەیبەنە سـەر ئـازار دەدرێـن بـێ ڕەچـاوکردنی بـاری ژنێتـی و تەندروستی و مرۆییان. بەپێی ئامارێکی لیـژنەی بەدواداچوونی توندوتیژی دژ بەمێینەی سەر بەوەزارەتـی مـافی مرۆڤ، لەمـاوەی ٦ مـانگی ڕابـردوودا لەهەرێمـی کوردسـتان"٥٦"ژن کوژراونـو "١٥٠"ژنـیش سـوتـاون، بەڵام ڕاستیەکەی بەپـێ کـۆکردنەوەی حاڵەتەکـان بەم شێوەیەیە، "٦٣"ژن کوژراون، کەبە"٥٦"نوسراوە،٧ حاڵەت کەمتر نوسراوە. چونکە حاڵەتەکان بەپێی شوێنەکان زیـاترن لەوەی کەتۆمـار کراوە، ژمارەی سوتـانی ژنانیش لەهەرێم"١٩٢"حاڵەت دەکات،

کەبە"١٥٠"تۆمار کراوە، واتە ٤٠ حاڵەت کەمتر تۆمارکراوە، بەم شێوەیەیە .

لەمانگی"١ - ٦" لەپارێزگای هەولێر"٣٢"حاڵەتی کوشتن و ٧٨ سوتـاندنی ژنان هەبوە .

لە ٦ مانگی ڕابردوی شاری سلێمانی،"١٥"کوشتن و ٥٦ حاڵەتی سوتـاندنی ژنان هەبوە .

لەشـاری دهـۆکیش لە ٦ مـانگی ڕابـردودا،"١٦"حـاڵەتی کوشـتنو ٥٦ سـوتـاندنی ژنـان هەبـوە، بەو پێیە هەولێـر زۆرتـرین حـاڵەتی توندوتیژی بەرامبەر بەژنان بەخۆیەوە دەبینێت.

لەم ڕۆژانەشدا ٦ حاڵەتی سوتـاندن لەهەولێرو دوو حاڵەتی برینداربون لەکەرکوک ڕویانداوە.

ذ ١٠ یَ ٢ ڕۆژی جیهانی دژی توندوتیژی و دژی بەکارهێنانی هێز، ئەم ڕۆژە لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە ناوی لێنراوە بۆ بەکار نەهێنانی زۆرو توندوتیژی، ڕۆژی جیهانی بەکارنەهێنانی زۆر بەهۆی ڕۆژی لەدایکبوونی مهاتما گاندی ڕێبەری هیندەوەیە. کەبەشێوەی میتینگ و خۆپیشاندانی جەماوەری سەرتاسەری بێ بەکارهێنانی چەک و میلیشیا توانی سەربەخۆیی وڵاتەکەی مسۆگەر بکاتو وڵاتەکەی لەدەستی ئینگلیز دەربهێنێت. ئەم بڕیارە لەڕێکەوتی ١٥ / ٦ / ٢٠٠٧ تج نیویۆرک دراو وڵاتانی لایەنگری ئاشتی و ناتوندوتیژی یادیانکردەوەو بەسازکردنی میتینگ و خۆپیشاندان و لەزۆر شوێنیش بەهەڵکردنی مۆمو ئاگرو بەدەستەوە گرتنی لەپێناو نەفرەت لەغەزەب و شەڕو بەڵێ بۆ ئاشتی لەتاریکی شەویشدا کەڵکیان لەم ڕۆژە سیمبۆڵیە وەرگرت.

هەرچەندە لەوانەیە بوترێت کەهیند دوژمنەکەیان هێندە تۆتالیتارو زاڵ نەبونو بەڵکو بڕوایان بەچارەسەری ئاشتیانەش هەبوە، دوژمنی ئێمە لەبەرامبەردا زاڵ و توندڕەون کەهەموو چارەسەریەکی ئاشتیانە ڕەتدەکەنەوە، بەڵام دەتوانرێت ئەم ڕۆژە لەناو کۆمەڵی ئێمەشدا نمایش بکرێت و زەمینەی کەمکردنەوەی توندوتیژی سیستەمی پیاوسالاری بڕەخسێنرێت. سەرچاوەکە دەڵێت، لەو یادەدا لەسویسرا بینیمان ژنێک لەلایەن پۆلیسەوە دەستگیرکراوەو بەزۆر دەخوازرا بخرێتە ناو ئۆتۆمبێلەکەوەو ژنەکەش خۆڕاگری دەکردو قسەی بەپۆلیسەکانیش دەوت، دەڵێت کەبینیمان بەو شێوەیەیە ڕووی خۆپیشاندانەکەمان کردە پۆلیسەکان و کامێرامان خستنە سەر تا پۆلیسەکان دەستیان لەتوندوتیژی هەڵگرت و بەئارامی و بەڵێنیان بەژنەکەداو کێشەکە بێ توندوتیژی کۆتایی هات. بەو شێوەیە ڕابەری میتینگەکە دەڵێت ئەگەر ئێمە ڕێگەمان بدایە کێشە قورستر دەبوو.

لەو ڕۆژەدا پێویستە داوا لەڕێکخراوە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکان بکرێت دەست لەچەک هەڵبگرن و زمانی گفتوگۆ لەکێشەکاندا بەکاربهێنرێت و هەوڵی جیاکردنەوەی ئایین لەسیاسەت و دەوڵەت بدرێت و هەوڵی هێنانەکایەی سیستەمێکی سیکۆلاری و دادپەروەری سەربەخۆی دوور لەسیاسەت بدرێت و ئایین بەهەموو ڕەهەندەکانیەوە لەسیاسەت جیابکرێتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی دەنگەکان - ڕێکەوتی: ٢٠ی ئۆکتۆبەری ٢٠٠٨

# پیرۆز بێت هەفتەی بەرەنگاربونەوەی توند و تیژی دژ بە ژنان و ئافرەتان!!



مەهدی خالید خەمبار

ماوەیەکە لە روبەرێکی بەرفراواندا کار بۆ هیچ نەبێت کەم کردنەوەی توندو توندوتیژی و بە چاوی سوک تەماشا نەکردنی ژنان و ئافرەتانی کوردستان دەکرێت ئەم هەنگاوانە دەشێ سەرکەوتن بە خۆوە ببینن ئەگەر هات و بەر لە هەمووان ، حکومەت و پەرلەمانی کوردستان و حیزب و  هەموو تاکە ئازادیخوازەکان و تەواوی دام و دەزگا حکومی و ناحکومی و ڕێکخراوە مەدەنیەکان و داکۆکی کاران لە مافەکانی ژنان و ئافرەتان و خوێندنگە و مزگەوتەکانیش بەشداری کاریگەرانەی تێدا بکەن و ڕۆڵی چالاکانەی خۆیان بگێڕن چونکە ئەمە  پرۆسەیەکە و پانتاییەکی فراوانتر لەوەی بیری لێ دەکەینەوە دەگرێتەوە و ڕەنگە ڕوبەڕوی زۆر ئاستەنگ و گرفت و کۆسپ ببینەوە و ناشکرێت کێشەیەکی هێندە ئاڵۆز و ژەنگ هەڵگرتو لە ماوەی تاکە هەفتەیەکدا بێتە چارەسەرکردن! هەروەها ناشکرێ ئەم ئەرکە قورسە بە تەنها بخریتە سەر شانی ئافرەتانی کوردستان، کێشەکانی ژنان و مەترسی کوشتن و سڕپۆشکردنیان تەنها لە ناوەی وڵات پەنگی نەخواردۆتەوە و و خانمانی کورد لە دەرەوەی وڵاتیش ڕوبوڕوی هەمان گوشار و توند و تیژی بونەتەوە و دەبنەوە و چەندانیان بە ڕۆژی ڕوناک و بە بەرچاوی مرۆڤایەتیەوە خنکێنران و لە نێو بران، بۆیە ئەمڕۆ کاتی ئەوە هاتوە و بگرە تێپەڕیویشە کە ئەم خەمە ببێتە خەمی هەموو لایەکمان و ڕێگری لەم نەرێتە بکەین و بە توندی لە دژی بوەستینەوە.

من لای خۆمەوە بەر لەوەی گلەیی لە خومان بکەم، لە گۆشەنیگایەکەوە گلەیی لە ناتەبایی و نا هاوتەریبی بۆچون و ڕیزەکانی تاکەکانی ژنان و ئافرەتان کە بە هۆی گرێدانیەوە بە ڕێبازێکی سیاسی بەرتەسکەوە بەرژەوەندیە باڵاکانی ژنان کە خۆشی بەشێکە نەک هەر پشتگوێی دەخات، بەڵکوو لە دژی ئەو دەنگانەش دەوەستێتەوە کە داکۆکی لە مافەکانی دەکەن! بۆیە پێویستە ژنان و ئافرەتان هەوڵی چارەسەرکردنی ئەم شەبەقە گەورەیەی نێوان ڕیزەکانیان بدەن، متمانە و بڕوای تەواویان بەوە هەبیت کە بەر لە

وەی کەسێکی سیاسی یان ئاینی یان مەزهەبی بن ئەوا ژنە، ئافرەتە، خانمە و لەو گۆشە نیگایەوە خۆیان لە بەرەیەکی تۆکمەی یەکگرتودا قایم بکات ، نەک وەک هەندێک بۆچون کە زیانی گەورەتر بە کێشەکەیان دەگەیێنێ، ئەویش سەنگەر گرتنە لە پیاو ! بەڵکو بۆ وەرگرتنی مافە ڕەواکانی خۆیان و وەستانەوە لە روی تیرۆر کردن و هەتک کردنیان.

من بۆ خۆم وەک نوسەرێک زۆرم بە لامەوە شەرمە کە کاتێک دەنوسم (ژنان و ئافرەتان)،(قوتابیان و خوێندکاران)،(لاوان و گەنجان) کە ئامانجی ئەم شێوە درکاندنەی من و کەسانی تری وەک من، ئەوەیە کە کەسێک بە ناڕەوا مۆری دژە بێ لایەنی نوسینەکەمانەوە بلکێنرێت!، چونکە کە نوسیم ئافرەتان ئەوە دەوترێ سەر بە فلان لایەنە و گەر نوسیشم ژنان ئەوا بێ سێ و دوو نوسینەکەت بە لاینەنگری لایەنێکی تر دەدرێتە قەڵەم. کە بەڕای من ئەمە گوناهێکی گەورەیە بە پلەی یەکەم لە ئەستۆی خۆدی ئەو چین و توێژانەی کۆمەڵ ، کە پێویستە کار بۆ دۆزینەوەی یەک ناوێکی گونجاو و سڕینەوەی ناوەکەی تر ( کە وەکو هەویەی وایە ) بکرێت و بە دەستەیەک لە شارەزایان و پسپۆرانی بواری زمان زانی بسپێردرێت، نەک بەم جۆرەی ئێستا، کە بۆ نمونە لە پەرلەمانیشدا ناتوانرێ ناوێکیان ببەن و ناوەکەی تریان فەرامۆش بکرێت، لە بچوکترین بەرپرسی حکومیەوە تا گەورەترین دەسەڵات ناچارە هەردوو ناوەکە بە خوایشتی خۆی بێت یان پێچەوانەوە دەبێت وەک یەک ببات! لێرەدا من لە بەر ئەوەی بابەتەکەم تایبەتە بە کێشەکانی ئەمڕۆی ژنان و ئافرەتانی کورد، بۆیە ڕوی داوام دەکەمە سەرجەم خانمانی کوردستان تا ببنە ڕچە شکێن لە یەکلای کردنەوەی ناوی خۆیان تا هەمومان بەو ووشە پیرۆزە ناویان ببەین و وەک یەک هاوکار و خەمخواریان بین، خۆ ئەگەر وەک پێشنیارێک بوترێت (یەکێتی گشتی خاتوان یانیش خانمانی کوردستان) کە نە ژنان و نە ئافرەتانیش دەمێنێتەوە.

شتێکی ئاساییە مرۆڤ خاوەنی بیرۆباوەڕێکی سیاسی و ئایدیای جیاواز بێت ، بەڵام گەر وەک نەتەوە بیر بکەینەوە، ئەوا ناکرێت تۆ بە بیانوی ئازادی بیر و باوەڕ لە دژی هەموو بەها پیرۆز و مرۆییەکانی گەلەکەی خۆت بوەستیتەوە و هەرچی هێڵی سور هەیە بە ئارەزوی خۆت و بۆ بەرژەوەندی تایبەتی بیانبەزێنیت!، خۆ ئەگەر وەک مرۆڤیش بیر بکەیتەوە، ئەوا دیسان کۆمەڵێک بنەما و پرنسیپ و ڕێسای مرۆیی هەن دیاسەنەوە ڕێگات پێ نادەنەوە تا بە هەر بیانویەک بێت وە لایانەوە بخەیت و حیسابیان بۆ نەکەیت
.

لێرەدا، بە دەر لەوەی باس لە بەشێکی هەرەزۆری ئێمەی پیاوان یان(نێر) بکەم، لە ژێر کاریگەری ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆی تێکەڵ و پێکەڵ بونی ئاین و کەلتور و داب و نەرێت و سەرباری ئەمانەش ، کەلتوری میلەتانی زۆردار لە سەر ژیانمان و ئاوێتە و تێکەڵاو بونیان بە خوێنمان و ئیدمانمان گرتنمان پێیان، کە هەمیشە حەزمان لە خاوەن بڕیاربونی خۆمانە و نابێت کەس مافی ووشەی (نا)ی هەبێت لە بەرامبەرماندا و ئەم دەسەڵاتە پیاوسالاریەمان تام چێژێکی هێندە خۆشی پێ بەخشیوین و بە جۆرێک سەرمەست و گۆشەگیری کردوین کە جگە لە خۆمان بیر لە شتی تر نەکەینەوە و وابین بەم جۆرەی کە ئێستا هەین و مەگەر مەرگ ناخمانی لێ بشواتەوە ! ئەمەش زۆری دەوێت تا ئەم نەوەیە بە کۆتا دێت و هەتاوێکی گەش بۆ نەوەکانی دوای ئێمە لە ئاسۆوە سەردەربهێنێت !!!، ئەمە لە مەر ئێمەوە، بەڵام ناکرێ ڕۆڵی خەراپی هەندێک یان بەشێک لە ژنانیش فەرامۆش بکرێ! ئەدی ژنان بۆ پێشێلی مافەکانی خۆیان هەندێ کات کێبڕکێ دەکەن و دەست لە پشتی پیاوان دەدەن بۆ زیاتر سوربون لە سەر هەمان ڕەفتاو کردارە دژە مرۆییەکانمان؟ دەبنە فاکتەر و پشتیوانێکی تر تا قەڵای تاوانەکانمان لە دژی خۆیان بەرزتر بکەینەوە! کە دڵنیام قەناعەت و بڕوای بەو

دەربڕینەی خۆی نیە کەچی لە ژێر فیشاری هێزێکی دەرەوەی خودی خۆی ئەو بڕیارە دژە دەدات و پشتگیری لەو دەنگە نەشازانە دەکات کە مافە سادەکانی خودی خۆشی دەهاڕن! بۆ نمونە لە دەنگدانەکانی پەڕلەماندا سەبارەت بە بڕیاری باری کەسێتی و بە ڕەوا زانینی فرە ژنی، دەستی لە دژی خودی خۆی وەک ئافرەتان بەرز دەکردەوە و دەستی نەخێریش لە دژی ئەو دەنگە ئازادیخواز و مرۆڤ دۆستانانە بەر دەکردەوە کە داوای لابردنی هەندێک لەو نەریت و یاسایانە دەکرد کە مافەکانی ژنانی بە درێژایی مێژو لە ژێر بەردەئاشی ئاین و کلتوردا هاڕیوە و تێک و پێکی شکاندوە !!! ، ئا ئەمە بەزاندنی هێڵی سور نیە؟ ئا ئەمە ناڕاستی و خیانەت کردن نیە لە گەڵ خودی خۆیدا،؟ ئەرێ گەلۆ کام ژن هەیە کە بە ویستی خۆی حەز بکات پیاوەکەی دوو ژنی هەبێت؟ کام ژن هەیە کە حەز بکات ئەو پیاوەی پێشدا هەموو شەو و ڕۆژەکانی پێکەوە بوون ئێستا نیوەی بەر بکەوێت؟ کام ژن هەیە کە بە خوایشتی خۆی حەز بکات پیاوەکەی شەوجێی لە گەڵ دوو یان سێ ژندا بکات ؟؟

سەرچاوە: ماڵپەڕی دەنگەکان - ڕێکەوتی: ٢٢ی نۆڤەمبەری ٢٠٠٨

# پێش ٢٥ی نۆڤەمبەر..



## حەمەی ئەحمەد رەسوڵ

**ئایا کۆمەڵگای کوردی بەرهەمهێنەری توندوتیژییە ..؟**

پێبەپێی ئێنسکلۆپیدیا، چەمکی توندوتێژی، بریتییە لە هەر کردارێک یان هەر ئازارێکی جەستەیی و دەروونی یان هەڕەشەو جنێو و قسەی ناشرینێک کە دەکرێتە سەرکەسی بەرامبەر لەهەر شوێنکاتێکدا بێت، جاچ لەخێزاندا بێت یان چ لە کۆمەڵگادا بێت.

توندوتیژی ڕووبەڕووی تاکەکانی کۆمەڵگا دەبێتەوە بەبێئەوەی کە جیاوازی بکرێت لەنێوان کەسەکاندا، هەروەها رەگەزو ئایین و ئێتنیک و کەلتوور ناکرێن بەپێوەر و سامان و تەمەن و هێزو دەسەڵاتیش نابنە ئاستەنگ بۆ راگرتن و نەهێشتنی کرداری توندوتیژی !.

توندوتیژی لەچەندین هۆکاروسەرچاوەی دیارو نادیارەوە دروست دەبێ ..بەڵام بەنیسبەت کۆمەڵگەکەمانەوە،بەدرێژایی مێژوو کەشوهەوایەکی لە شێوەی ژیانی نێو دارستان و پێشەڵانێکانی بۆ فەراهەمکراوە، بۆیە تاکی کورد ناچار بووە ژیانێکی سەپاو و زۆرەملێ و درندانە بژی،هەر بۆیەشە خەسڵەتی بەرامبەرە نەیارەکەی خۆی هەڵگرتووە، بەڵام بێگومان ئەو توندوتیژیەی کە هەنووکە لە کۆمەڵگاکەماندا هەستی پێدەکەین و لەگەڵیدا دەگوزەرێین، مەرج نییە هەمووی و سەرتاپای میراتی ئەو مێژووی ژێر دەستەییە بێت، یان بەرهەمی سەردەستەیی کەلتووری نەتەوەی زاڵ بێت... بەڵکوو ئێمە کۆمەڵگاکەمان خۆی بەرهەم هێنەری توندتیژییە !..

لە نێو منداڵدانی کۆمەڵگاکەشماندا رەگەکانی توندوتیژی لەنێو کەلتووردا چەقیون، کەلتووری خێڵەکی و هۆزگەرایی کە دابونەریت و بەهاونۆرمی کۆمەڵایەتی. سوننەتییان پیرۆز راگرتووەو دەیپارێزن، لەنێو گوتاری ئاینی پەرگیردا ئامادەیە کە ناڕاستەوخۆ خۆی

دەخزێنیە نێو خیزانەکانمانەوە لە دووتوێی پەروەردەی کۆمەڵایەتیدا، وشیاری کۆمەڵایەتییەک بەتاکی کورد دەبەخشن کە لە ناواخندا هەڵگری دیدگاو ئایدی و رەفتاری توند و رەق و زبرن کەدواجار خوڵقێنەری توندوتیژی و کەلتوورێکی سیخناخ لە زەبروزەنگە! شایانی وتنە، کۆمەڵگاکەمان خاوەنی مێژوویەکی درێژە لەپیادەکردنی توندوتیژیدا بەهەموو جۆرەکانییەوە، توندوتیژی سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئایینی، خێزانی، ئابووری کەمەخابن زۆرترینی قورسایی ئەو توندوتیژییانە دەکەوێتە سەر ژن و منداڵ وگەنج : ئەو تویژانەن کە ئاراستەکانی توندوتیژی دە یانگریتەوە دەیانکات بە توێژێکی لاوازو بێهێز و بێئیرادە و فرێیان دەداتە پەراوێزی کۆمەڵگاوە... تاکەکانی کۆمەڵگای کوردی توانایەکی لەرادەبەدەریان هەیە بۆ وەرگرتن و قبوڵکردنی توندوتیژی، چونکە تاکەکان دەستەوەستان وبێباکن لە مبوارەوە، بۆیە بەئاراستەی ناوەوەی کۆمەڵگا، وەکو فابریکەو کارگەیەک وایەو توندوتیژی بەرهەم دێنێ. کەلتووری عەشیرەتی وخێڵەکی ئێمە سینحناخە لە بڕوا بوون بەتوندوتیژی!..

حیزبەکانمان چەندین ساڵە کاریان لەسەر توندوتیژیی کردووە، وەکو مەسەلەیەکی پیرۆزو موقەدەس تەماشایدەکەن و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانمان لێوانلێون لەتوندوتیژی و رۆژانە کایەی کۆمەڵایەتی تاکەکان بەرهەمی دەهێننەوە و ئاسایی و شەرعی دەکەنەوە، کەتەنانەت گەیشتۆتە ئەو رادەیەی کە توندوتیژی بووەتە کەلتوور،چونکە کەلتوورەکەمان خۆی چووەتە قۆناغێکی خراپ و پڕ مەترسیداری خۆیەوە، بەو واتایەی کە ئێمەی کورد بەهاکانی توندوتیژی و لێبووردەییمان لە بیرکردوون،کە ئەمەش خۆی لەخۆیدا مەترسییەکی گەورەی لەسەر بوون و ژینی ئێستا و ئایندەمان هەیە !..

ئەگەر بەچاوێکی پڕ لەسەلیقە و دیقەتەوە لە رەهەند و ئاراستەکانی توندوتیژی نێو کۆمەڵگاکەمان بڕوانین، دەبینین کە توندوتیژی بۆتە شتێکی باو، زۆر پەرشوبڵاوبۆتەوە کە ئیدی پێویستی بەهەڵوەستە لەسەرکردنەو دەبێت لە ئاستی تاکەکەس و گروپ و کۆمەڵاندا نیشانەی پرسیارێکی گەورەی بخرێتە سەر !.

مەخابن و ئەفسوس، توندوتیژی لەژیان و لەگوزەرانی رۆژانەماندا ئەوەندە ئاسایی بووەتەوە لای خەڵکی کە ئیتر مرۆڤ بە توندوتیژی نەبێت ناتوانێ تەعبیرو گوزارشت لە خودی خۆی و لەبوون و لەهەڵوێست و رەوشتی خۆی و خێزانی بکات.. یان دەتوانین بڵێین کە توندوتیژی وایکردووە کە خەڵک بۆ بەدەستهێنانی کەمترین ئاستی ژیان وپارووەنانەکەی خۆی رێگایەک لە رێگاکانی توندوتیژی هەڵبژێرێ. شێوازەکانی توندوتیژی زۆرن وگرنگترینیان کوشتن و فڕاندن و دەستدرێژی سێکسی و لاقەکردنی ئافرەت و لەشفرۆشی ژنان وتەنانەت ناچارکردنی ژن بۆپرۆسەی سێکسی و هاوخەویکردنی هەربە توندوتیژی حسێبی بۆ دەکرێت..

کرداری توندوتیژی :رەنگە دەرهەق بە جەستەی فیزیکی ئەنجام بدرێت،یان لەهەمبەر هەست وسۆزدا پیادە بکرێت،یان لەوانەیە رۆحی بێت.. توندوتیژی دژ بەژنان بەهەرجۆرێک وبە هەر شێواز و لەهەر شوێن و کاتێکدا بێت، ئەوا بەتاوان دەژمێردرێت... ئەگەر ئەوانەی توندوتیژی مێرد یان برا و باوک و مام و ئامۆزاو... تاد. بوون ئەوا بەتوندوتیژیی خێزانی ناوزەد دەکرێت... پەروەردەی خێزانی کوردیش نەریتی و تەقلیدی و نادەربەدەستە، سەربەهیچ میتۆدێکی زانستی جیهانی نییە ،کانگەی جیاوازی و نادادپەروەرییە،جیاوازی جێندەری لەنێوان رەگەزی نێرومێدا دەستەبەر دەکات... خێزانی کوردی زەمینە خۆشدەکات بۆ نایەکسانی و جیاوازی و ناعەدالەتی کە

ئەم هۆکارانەش فاکتەری سەرەکین بۆ بەرهەمهێنانی توندوتیژی و بەکارهێنانی شێوازەکانی زەبروزەنگی،کەم نین ئەو خێزانانەی کە منداڵەکانیان بەلێدان و ئازاردانی جەستەی گۆشدەکەن، هەڕەشەوجنێوپێدان و سووکایەتی پێکردنیان دەکات بەپیشەی ڕۆژانە کە ڕۆح و دەروونیان دەشێوێنێ، شێوازی زیندانکردن و کۆنترۆڵکردنی پارەو کات و خواردن و خواردنەوەی منداڵانیش بەکار دێنن..

لەنێو خێزانی کوردیدا،توندوتیژی بەشەرعی و ئاساییکراوە،گووتاری ئاینی و کەلتووری باوی کۆمەڵگاکەمان زەبروزەنگ و توندوتیژی دژ بە منداڵانی کردووە بە کارێکی ڕەوا و ئەرکێکی سەرشانی باوان ،وانەکانی پەروەردەی کۆمەڵایەتیان بارگاویکردووە بەشەق و زللە و تێهەڵدانەوە..لەپاڵ ئازاری جەستەییدا ..ئازاردانی دەروونی و ڕۆحی منداڵیش بەشەرعی کراوە.. لەرێژەیەکی زۆری خێزانەکاندا زۆر ئاسایی و ڕۆژانە وشەی بریندارکەرو قسەی ناشرین و جنێو پێدان بەکاردێت.. ئەفسوس تەنانەت زۆرێک لەدایکان پێش باوکان ناووناتۆرەو نازناوی ناشرین لەمنداڵەکانیان دەنێن..بەسووکی تەماشایان دەکەن و فەرمانیان بەسەردا دەدەن،هەڕەشەیان لێدەکەن کەوا ئازاری جەستەییان بدەن .بەبەردەوامی ڕەخنەیان لێدەگرن کە گوایە تەمەڵن و ناشرینن و زیادەن و بێسوودن... دەنگی زلیان بەسەردا بەرزدەکەنەوە.. دوا جار لێیان دەدەن و دەست و قاچیان دەشکێنن، پارە و خەرجییان لێدەگرنەوە، کۆت و بەندیان دەکەن،چەندان ڕێگەی ناشەرعی و نائاسایی بەکاردێنن بۆ پیادەکردنی زەبرو زەنگ و توندوتیژی!!

لێدانی جەستەیی و ئازاردانی دەروونی وڕۆحی لە خێزانەکانی ئێمەوە بەرێژەیەکی ئێجگار بەرز ئاراستەی کچان و ڕەگەزی مێ دەکرێن... حسێبی نیوە مرۆڤ و کەمتریشیان بۆ دەکرێت،بەبیانووی ناموس و شەرەفەوە ژیانیان لێدەکرێت بەدۆزەخ و تەمەنیان پڕ دەکرێ لەترس و دڵەڕاوکێ و نائاسوودەیی، بۆیە تاکی کورد بەگشتی و ژنی کورد بەتایبەتی تاکێکی ترسنۆک و بێئیرادەو بێ متمانە و بێباوەڕ بەخود و بەکۆمەڵگ و بێناوەڕۆک و بێئامانج و تۆراو لە ژیانن... تاکێکە لاوازو بێتوانا بەرامبەر بە ئەرک و مافەکانی خودی خۆشی... تاکێکە لە نێودەروون و هزریدا زەمینە خۆشە بۆئەوەی کە لادەرولاڕێ بێت و ئامادەگی تێدایە توندوتیژی بەرهەم بهێنێتەوە و گەندەڵی بەهەموو دنیادا بڵاو بکاتەوە... ئامادەگی تێدایە توندوتیژ بێت تادەگاتە ئەوپەڕی قیامەت و مەحشەر!

سەرچاوە: ماڵپەڕی دەنگەکان - ڕێکەوتی: ٢٤ی نۆڤەمبەری ٢٠٠٨

# پاساوی توندوتیژی بۆ توندوتیژی



دڵسۆز حەمە

لەگەڵ ئەوەی شەرعیەتدان بە فرەژنی وبەیاساییکردنی پۆلۆگامی وەکو فۆرمێکی کۆن و پریماتیڤی هاوسەرگیری، بۆ خۆی پاسایەکە هەڵگری ناوەڕۆکی پڕ توندوتیژی وبەرجەستەکردنی عەقلیەتی بە مێگەل تەماشاکردنی ژن و، بە شتومەککردنی ژن وپێشێلکردنی تەواوی بونیادی ئینسانی وکەرامەتیێیتی، داماڵینێتی لەبەهای سروشتی خۆی وەکو مرۆڤێکی کامڵ وسەربەخۆ، شەرعیەتدان بە هارسەرگیری پیاوێک لەگەڵ زیاد لە ژنێکدا، لە کۆمەڵگایەکی وەک ئەوەی ئێمە کە کۆمەڵگایەکە تاسەرئێسقان فەرهەنگی پاتریارک ودەستئاوەڵایی نێر بەسەر مێدا هێندە بەهێز وبێلێ پرسینەوەیە، هێندە شەرعیەتی کۆمەڵایەتی هەیە، کە دەبینین، شەرعیەتی ئەو دەسەڵاتەو چەمکە ئەخلاقی وسنورە قەدەغە کراوەکانیەتی کە ڕۆژانە جەستەی دەیان ژن دەکاتە خەڵتانی خوێن، دەیانی دی بە جۆرێکی دی دەبنە قوربانی و ڕوبەڕی مەرگی لەسەرخۆ دەبنەوە، ئەمە جگە لەوەی لە کۆی گشتیدا چارەنوسی زۆربەی ژنان بە پێی ئەو شەرعیەتە پاتریارکیە لەدەستی خۆیدا نیە، هەرئەم پاسا نەنوسراوەشە کە هەزاران کچی منداڵ وهەرزەکار بە بڕیاری باوک وبرا خێزان بەگشتی لە خوێندن مەحروم دەکرێن، چارەنوسیان، شێوەی ژیان وسنوری جوڵەو هەڵسوکەوتیان، مێردکردن و هەڵبژاردنی دوارۆژیان، وەکو هەرکۆیلەیەکی سەدەی هەڤدە وهەژدە خۆی خاوەنی بڕیاری ژیان وچارەنوسی خۆی نیە، لە سفیرێکی وەها نابەرابەر ونایەکسان و نامرۆڤانەدا کە فەرهەنگی پاتریارک بەرهەمی هێناوە، هەمانکات بۆ خۆی ئەو سفیرەش بەرهەمی فەرهەنگی پاتریارکی خۆیەتی کە فاکتەرەکانی نەریت و نزمی هۆشیاری گشتی و ئایین و هەژاری ونزمی باری ئابوری ڕۆڵی سەرەکیان هەیە لە ڕاگرتن و دەسەلاتپێدانیدا، لە سفیرێکی ئاوەهادا، شەرعیەتدان بەفرە هاوسەری بۆ پیاو، درێژەی هەمان ئەو سفیرە نایەکسان و هەلاواردن وجیاکاریەیە کە فەرهەنگی پاتریارکی لە کۆمەڵگای ئێمەدا بەرهەمی هێناوە، شەرعیەتدانە بە ڕویەک لە ڕوەکانی توندو تیژی وچەوساندنەوەی ژنان، دیدی بە مێگەل تەماشاکردنی ژنان لەم پڕۆژەیەدا بە چەندان شێوە سوکایەتی وبێحورمەتی بە بەهای

مرۆڤانەی ژن کردوە، هەر لەسەروبەندی قەبوڵکردنی فۆرمی گشتی یاساکە تادەگاتە مەرجەکانی، ئینجا پاساوەکانیشی، هەریەک لەوانە لەسەربنەمای بەکەم تەماشاکردنی ژنان و بریندارکردنی کەرامەت وبەهای ئینسانی بیناکراوە، کە من زیاتر لەسەر پاساوەکان دەوەستم، چونکە مەرجەکان هێندە کۆمیدی وساختەو بێمانان، هێندە فێڵێکی ئاشکرایە لە ماف وعەدالەتی کۆمەڵایەتی کە دەتوانین بڵێین ئەمە ڕونترین بەڵگە بو بۆ پیشاندانی ڕوی پاتریارکی ودواکەوتویی سیستەمی سیاسی لە وولاتی ئێمەدا کە بەدڵ خەون بە دیموکراسیەوە دەبینێت وخۆی وەها نیشان دەدات، بەڵام بە عەقڵ لە ئایین ونەریت وفەرهەنگی پاتریارک وخێڵەکیدا هەردوقاچەکانی چەقیون، پاساوەکانی یاسای فرەژنی لە میکانیزمی دەرکردنی یاساکەو مەرجەکانی گەڵێک ئازاراوی تر وپڕی لە سوکایەتیکردن و دیدی بە شتومەککردنی ژنانە، پاساوی بێوەژن وقەیرەکچ !! بەو مانایەی یاسای فرەژنی بۆ فراونترکردنی بازاری ساغکردنەوەو سەرفکردنی ژنانی بێمێرد وکچانی بەتەمەن وشونەکردون،

کە ئەمە لە ڕوی کۆمەلایەتی ولە ڕوی ئەخلاقی ومرۆڤایەتیشەوە، قسەکردنە بەناوی توێژێکی کۆمەڵایەتیەوە، قسە کردنێک کە لە بەهای ئینسانیان دێنێتەخوار هەمانکات زیادەڕۆییە بۆسەر پریڤاتی ئەوان ،مرۆڤ وەختێ دەگاتە دەزگایەکی وەکو پارلەمان لانی کەم دەبێت لە ڕوی هۆشیاری وهەستی مرۆڤایەتی وئسوڵی کۆمەڵایەتی لەوە تێبگات کە هەموو مرۆڤێک پریڤات و سنوری تایبەتی خۆی هەیە، دەردی کوشندەی کۆمەڵگای ئێمەو زۆربەی کۆمەڵگا نەریتی ودواکەوتوەکان، نەزانین ونەدیتن ودانەنانە بەو پریڤات وسنورەدا، بەڵکوو ئەم فەرهەنگانە لەسەر سڕینەوەی تاک وتێکوپێکشکانی گیانی تاک ڕەوی وسەربەخۆبونی مرۆڤ وسەندنەوەی ئازادیەکانی بیناکراوە، بەتایبەتی ئەو تاکە ئەگەر مێ بێت، بەڵکوو هیچ دونیابینی ئەخلاقیی کۆمەڵایەتی ئێمە لەسەر دوپایەی سەرەکی هاڵسوکەت لەگەڵ ژنەکاندا دەکات، گومان و جەستە، جەستەی ژن هێندە کۆدێکی ئەخلاقی گرنگ وهەستیار وئاڵۆزە کە هەڵگر وکورتکراوەی هەمو کۆدەکانی ترە، ئەم دیدە جەستەییە، لە کۆمەڵگایەکدا کە پیاوی ماڵ هەمیشە بانگەشەی داپۆشین و پارێزگاریکردنی دەکات، پیاوی دەرەوەی ماڵ، هەمیشە هەوڵی هەڵماڵین ودەستخستنی دەدات، لەم دواڵتیە ئەخلاقیەی کۆمەڵگای ئێمەدا، گومان هەمیشە بەرەنجامێکی ئامادەیە، هەربۆیە پیاوێک لە پێگەی (مێرد )دا، لە دیدی گشتی کۆمەڵایەتی ئێمەدا بە پلەی یەک زامنکردنی پێگەیەکی کۆمەڵایەتی سەلامەت و وەرگرتنی شوناسێکی کۆمەڵایەتیە بۆ ژن، نەک پێکەوەنانی خێزان وپێکەوە گرێدانی دوڕۆح لە عەشق و خۆشەویستیدا، هەربۆیە ژنانی بێمێرد (بێوەژن)، کچانی قەیرە دەبنە خەمی پارلەمان و دەبنە بەهانەش بۆ پاساوی یاسای بە مێگەڵ کردن، ئەمە جگە لەوەی کە کۆمەڵگا وئەندامانی پارلەمان و هەموو کەسێکی ئاسایی دەزانێت، وەختێک پیاوەکان بڕیاری ژنی دوەم وسێهەم دەدەن، ئەوە ئەو دو جۆرە کاندیدانە ناگرێتەوە کە پارلەمان پێشنیاری کردون، هێندەشمان تاقیکردنەوەی ئەو سەرکردە سیاسیانەمان لە پێشچاوە کە بەهەمو هەستی قوڵی نیشتمانی ودڵسوتاویان بۆ ئەنفال وژنانی شەهید، نەمانبینی لەو لەشکرە ژنهێنەرانە کەسێک ژنێکی ئەنفال یان ژنە شەهیدێک یان کچێکی قەیرەش مارەکاتەوە، چجای ئەگەر پیاوێکی ئاسایی بێت و هەستی نیشتمانی وهۆشیاری، وەکو ئەو سەرکردە مەزنانە بەرز نەبێت !!، ژنانی بێوەژن وکچانی قەیرە، نەک هەر شتومکەک نین و عەللاگە نین کە بیانوەکانیان پێدا هەڵواسن، ژنانی بێوەژن، وەک هەر مرۆڤێکی دی خاوەنی کەرامەت و هەست و هۆش و بەرپرسیارێتی خۆیەتی، قوربانی ئەو گەمە سیاسیانە بون کەدەیان شەڕی ناڕەوای هەڵگیرسان لەوانەش شەڕی ناوخۆ، ئێستاش دوای شکانی دڵیان وهەتیوکەوتنی منداڵەکانیان، بەو بەهانەیەش کەرامەتیان دەشکێندرێت، کچانی قەیرە، شتومەک نین، لەبەر نەبونی مێرد و شوناسێکی پیاوانە لە ژیانیدا مانای ئەوە نیە کە مرۆڤێکی بێدەسەڵات و گوناح و بێبەش و تێکشکاوە لە

**ناخدا، کە بە نیوە یان چارەکە پیاوێک ڕازی بێت، دیدی کۆمەڵگای ئێمە بۆ کچی قەیرە لە ترسناکترین و توندوتیژترین دیدە بۆ ئینسان، زۆرێک لەو کچانە، لەبەر هۆشیاری بەرزی خۆیان، ڕێکەوتەکانی ژیان، بڕیار وڕاستگۆیی خۆیان لەگەڵ خۆیاندا مێردیان نەکردوە و بە هەمو چارەنوسێک ڕازی نەبون، بەکارهێنانی ئەوان بۆ پاساوی یاسایەکی شەرمهێنەر خاڵێکی شەرمهێنەرترە، گرفت لە زۆری بێوەژن وقەیرەکچاندا نیە وەکو دەسەڵات وهەندێک لێپرسراو بە هۆشیاریەکی سادەوە پێمان دەڵێت، گرفتەکە لە خیتابی سیاسی دەسەڵاتدایە لە هەمبەر دیموکراسی وئازادی وماناکانی مرۆڤی ئازاد، لە هەمبەر بەرهەمهێنانی فەرهەنگی دیموکراسی وبیناکردنی کۆمەڵگای ئازاد، گرفت لە بەرنامەی سیاسی وستراتیژی دەسەڵاتدایە بۆ بیناکردنی خێزان وبیناکردنی مرۆڤ، گرفت لە واقیعێکی کۆمەلایەتی و ئابوری وفەرهەنگیدایە کە هۆکاری سەرەکی دەسەڵات خۆیەتی، گرفت لە ناعەدالەتی کۆمەڵایەتی وبەڕێوەبردنی خەمساردانەی کۆمەڵگایەکە کە سەرلەنوێ پێویستی بە بیناکردنەوەی ئینسان هەیە، گرفت لەو سیستەمە ئیداریەدایە کە دەیان فیگەری کۆڵەوار ونەخوێندەوارو بێئاگا و کۆنەپەرستی هەڵداوەتە شوێنی هەستیاری وەکو پارلەمان و ناوەندەکانی بڕیار، لە ئازادی وسفیری پەیوەندی ئینسانی و دابینکردنی ژیانی ئابوری باشدا، فەرهەنگێکیش نامێنێ بەناوی بێوەژن وقەیرە کچ، ئەوەی دەمێنێ، پێویستی مرۆڤەکانە بەحورمەت وخۆشەویستی، ئەوکاتیش، هەرحورمەت وخۆشەویستی ژن وپیاوە بۆ یەکتر کە ئەو وەهمی ((فرەهاوسەری) و (عەدالەت) بە درۆ دەخاتەوە، ئەو یاسایانە، بەلایەک شانخاڵیکردنەوەی دەسەڵاتە لە تەنگژەکانی کۆمەڵگا و دڵرازیکردنی هەندێک لایەنی کۆنەپەرست، بەلایەکی دی جەوهەری ڕاستەقینەی دیدی دەسەڵات خۆیەتی لەهەمبەر ژن ومافەکانی**

**سەرچاوە: ماڵپەڕی دەنگەکان - ڕێکەوتی: ٢ی دێسەمبەری ٢٠٠٨**

# لە پەراوێزی هەفتەی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی لە دژی ئافرەتان



## جەلال دەباغ

لەرۆژانی ١٩ ـ ٢٥ هەفتەی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی لە هەرێمی

کوردستان بەچەندین چالاکی جۆراوجۆر بەرێوەچووکۆبوونەوە سازکراو بەیاننامە دەرکرا، بەتایبەتی لەلایەن رێکخراوەکانی ژنان و ئافرەتانەوە بەگشتی چالاکیی جۆراوجۆر ئەنجامدران.

هەواڵەکان رایانگەیاند کەئێوارەی رۆژی سێشەممە لە پارکی نالی، ژمارەیەک ئەندام لەرێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بۆ ماوەی چەند کاتژمێرێک دەمی خۆیان بەست و بێدەنگییان هەڵبژارد. گروپی ٢٥ ی نۆڤەمبەر بەیاننامەیەکیان دەرکردووە لە ژێر ناوی (هەموو رۆژەکانی ساڵ قسەدەکەین تەنها لە ٢٥ ی نۆڤەمبەردا نەبێت!!.ص

لە بەیاننامەکەدا هاتووە "لەکاتێکدا جیهان بەرەو ناتوندوتیژی هەنگاو دەنێت، هەموو هەوڵەکان بۆ خۆشگوزەرانی مرۆڤایەتی چڕدەکرێتەوە!!، تازە لای ئێمە مەسەلەی فرە ژنی و کوشتنی ژن بەناوی شەرەف و لێدان و سوکایەتی دەبیێتە ڕووکاری کۆمەڵگا." وتەبێژی گروپەکەش دەڵێت: "هۆکاری ئەو دەم بەستنەمان بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە یەک رۆژ لە ساڵدا ناتوانێت بەرەنگاری ئەو هەموو توندوتەژییە ببێتەوە کەبەسەر ئافرەتاندا دێت." هەروا دەڵێت:" بێدەنگی هەڵوێستەو هاوارە دژ بە نایەکسانی و توندوتیژی و فرەژنی!"

لێرەدا هەندێ ڕەخنەی دۆستانەم هەیەو سەرەتا بۆ ئەوەی ڕەخنەکەم بەهەڵە لێکنەدرێتەوە دەڵێم:.

* کارێکی باشە هەفتەی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی لە دژی ئافرەتان بڕیاردراوەوچالاکیی جۆربەجۆری تێدائەنجامدراوەو حکومەتی هەرێم سەرپەرشتیی کردووەو ئەمەش مانای وانییە کە تەنیا لەو هەفتەیەدا بەرەنگاروونەوەی توندوتیژی ئەنجام بدرێ.

* هەروا کارێکی باشە ڕێکخراوەکانی ئافرەتان بەشدارییانکردووەو چالاکی جۆربەجۆریان ئەنجامداوە..تاد.

لێرەدا دەمەوێ بڵێم: ئەرێ بەڕێزان، ژنان و ئافرەتان، لەبەرچی دەمی خۆتان دەبەستن و قسەناکەن؟ کەی ئەمە ڕاستە؟ خۆ ئێوە لە وڵاتێکدانین ڕێگەی قسەکردنتان پێ نەدرێت.! بۆچی لە ڕۆژی ٢٥ی نۆڤەمبەردا دەمی خۆتان بەستووە؟ لەکاتێکدا دەبێ لەو ڕۆژەدا لەهەموو ڕۆژێک پتر قسەبکەن. کێ گوتوویە" بە یەک ڕۆژ لە ساڵدا دەتوانرێت بەرەنگاری ئەو هەموو توندوتیژییە ببێتەوە کەبەسەر ئافرەتاندا دێت."!! چما ئەو ڕۆژە ، یان ئەو هەفتەیە تەنیا وەک ڕەمزێک نییە بۆ خەبات لە دژی توندو تیژی دژی ئافرەتان؟ ئەم خەباتە نەک ڕۆژێک یان هەفتەیەک، بەڵکو پێویستی بە خەباتی بەردەوام هەیە.

هەروا کەی بێدەنگی بۆتە هەڵوێست؟ تەنانەت لە وڵاتێکیشدا کە بە فەرمی ڕێگەی تێکۆشان لە ژنان و ئافرەتان گیرابێت. کە ئێستا لە کوردستاندا وانییە وبۆتان هەیە دەنگتان دلێرو بەرز بێت.

چما لەیادتان چووە کە لەژێر سایەی ڕژێمە کۆنەپەرستەکاندا، بێترس لە زیندان و ڕاوەدونان و هەڵوێستی کۆنەپەرستان و ڕیابازان، دەنگی ئافرەتانی تێکۆشەری کوردستان بڵندبوو، ئافرەتانی وەک: خانم زوهدی، زەکییە بابان، ئەنجوم زوهدی، ئەختەر ساڵح، فاتمەی ساڵحی خدر، گەلاوێژ، بەهێ مەعروف، زەکێ فەرەجی هاوسەری مستەفا خۆشناو، نەجیبەی خێزانی سەعید فەرەج، مونیرە سالح ، مونیرە فەرەج، شەمسە مەحمود و دەیان وسەدان ژن و ئافرەتی تێکۆشەر کە دەنگیان هەمیشە بڵند بوو بەرووی ڕژێم و کۆنەپەرستاندا.

ئێستا لە کوردستانی باشووردا، لەژێر سێبەری چەندان دەستکەوتی گرنگدا، کەی بێدەنگی هەڵوێستە؟! ئەگەر ڕەخنەش هەبێت کە بێگومان زۆرە، دەبێ جەسوورانە دەنگی بۆ بەرز بکرێتەوە. با ئەی ئافرەتانی خۆشەویست هەموو ڕۆژەکانی ساڵ قسە بکەن و لە ٢٥ ی نۆڤەمبەریشدا دەنگتان بڵندتربێ.!

هەر بەو بۆنەیەوە وەک ئاماژەمان پێکرد ژمارەیەک ئەندام لەڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بەیاننامەیەکیان دەرکردووەو لەوێدا دەڵێن: "جیهان بەرەو ناتوندوتیژی هەنگاو دەنێت، هەموو هەوڵەکان بۆ خۆشگوزەرانی مرۆڤایەتی چڕدەکرێتەوە"! (چڕ دەکرێنەوە). با لێرەدا بە سەرێکی ساردو دڵێکی گەرمەوە لەم دێڕە وردبینەوە، جا ئایا ڕاستە جیهان(ئەمڕۆ لەژێر سایەی یەکجەمسەریدا) بەرەو ناتوندوتیژی هەنگاودەنێت، یان بە پێچەوانەوە دوای داڕمانی یەکەم ئەزموونی سۆسیالیزم و نەمانی جەنگی ساردو باڵادەستیی

ئەمریکا جیهان ڕۆژبە ڕۆژ زۆرتر بەرەو توندوتیژی هەنگاودەنێت؟ ئاخۆ ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی نازانن کە لەژێر سایەی سەرمایەداریی دڕندەدا ڕۆژبەڕۆژ توندوتیژی و هەژاری و کلۆڵی ڕوو لە زۆربوونە؟
کوا "هەموو هەوڵەکان بۆ خۆشگوزەرانیی مرۆڤایەتی چڕ دەکرێنەوە؟!" وەک لە بەیاننامەکەتاندا هاتووە؟ ئەگەر هەوڵەکانی ئێوەو گشت بەرەی پێشکەوتنخوازان و دیموکراتخوازان بێت راستە بەڵام ئەوە "هەموو" نییە! چونکە چیهانی ئەمڕۆ پتر توندوتیژی و ناخۆشگوزەرانیی تێدا باڵادەستە. چا بەڕاستی بڵێن، وا نییە؟.

دواجار هەر سەرکەوتووبێ خەباتی ژنان و ئافرەتانی کوردستان وهەموو لایەنەکان بۆ بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی و فرە ژنی و کوشتنی ژن بەناوی شەرەف و لێدان و سوکایەتی کردن بە ژنان و لە پێناو هێنانەدیی هەموو خواست و ئامانجەکانیاندا.

سەرچاوە: ماڵپەڕی دەنگەکان - ڕێکەوتی: ٢ی دێسەمبەری ٢٠٠٨

# ژنان لە بەرابەر دێوەزمەی توندوتیژی

## بەشی یەکەم



**ماریا کارگر**

مێژووی شارستانیەتی مرۆڤ کە فاکتەری پیاو سالارانە بوونی گومانی تێدا نیە .مێژوویەکە پڕ لە نابەرابەری و نادادپەروەری و توند و تیژی شەڕو خوێن ڕێژی و ماڵوێرانی بۆ کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی، مێژویەکی پیاوسالارانە کە زەقترین فاکتەری توند وتیژیە و ئەم دیاردە بەرهەمی شارستانیەتی پیاو سالاریە، دیاردەیەکی ترسناک و نامرۆڤانەیە کە هەڕەشەیەکی بە تەواو مانا لە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی و نرخە مرۆڤایەتیەکانی دەکات. دیاردەیەک کە بەردەوام جوانی و بەرابەری و ئارامی ژیانی مرۆڤایەتی شێواندوە و حاڵەتێکی ناشیرینی هزری و دەرونی دەروستکردوە کە هۆکارو کارتێکەریەکانی بە ژیانی رۆژانەمانەوە دیارە.

توندوتیژی دژ بە ژنان یەکێ لە درێوترین شێوازی توندوتیژیەکانە لە مێژووی مرۆڤدا توندوتیژی لە سەر بنەمای ڕەگەز وەکو یەکێک لە سەرەکیترین و گرنگترین بابەتەکانی پێشێل کردنی مافی ژنان و پێشێل کردنی مافی مرۆڤ بە گشتی لە قەڵەم دەدرێت، توندوتیژی دژبە ژنان مافی ئازادی و ئاسوودەیی کە مافی ڕەوای هەر مرۆڤێکە لە ژن دەگرێت و ئەمە شێوەیەکی ترسناک لە دەستدرێژی و سوکایەتی بە مافی مرۆڤە.

توندوتیژی دژبە ژنان لە کۆمەڵگەکاندا ریشەی ئەستووری مێژویی، کولتووری، مەزهەبی و ئێکۆنۆمی هەیە کە بۆتە بەشێکی زۆری سایکۆلۆژی و فیکری تاکە کانی نێو کۆمەڵگەکان، کە ئەمەش بە گەشە کردن و بەرزبوونەوەی ئاستی زانایی لە ناو دەچێت.

ژنان وکچان لە هەموو جڤاکێکدا ڕووبەرووی ئازاری فیزیۆلۆژیکی، سایکۆلۆژیکی و سێکسی دەبنەوە .دڕندەیی و توندوتیژی وجۆری ئەم شێوازەی نزیکبونەی نامرۆڤانە بە ئاستی زانایی و تێگەیشتنی خەڵکی کۆمەڵگە، دەوڵەت و، دەسەلات، باوەڕەکان، مەزهەب و

شەریعەت، نەریت، یاسا پەسەند کراوەکانی دەوڵەت و هەروەها گەشە کردن و پێشکەوتنی کولتووری و ئابووری و سیاسی کۆمەڵگەکان گرێدراوە. توندوتیژی وەکو گیایەکی هەرس خۆی بە باڵای کۆمەڵگەکاندا ئاڵاندوە، بێ گومان ریشەی لە هەمان خاکدا کوتاوە و بە وشکەڕۆیی و نەریت و پاشڤەڕۆیی و بە تایبەت یاسا دینییەکان ئاو دەخواتەوە و شیرەی گیانی کۆمەڵگەکان دەمژێت، دیاردەیەکی جیهانیە و تایبەت بە سنوورو کۆمەڵگەیەک تایبەت و لە هەموو کاتاگۆری، نەتەوەوە، تەمەن، سیستمی ئایدۆلۆژی، فەلسەفە و ئابووردا بە دی دەکرێت.

لە سیستمی پیاو سالاریدا بە هۆی مانتالیتەی مۆڵکیەتی تایبەتی بەرامبەر ژن وەک پرەنسیپێکی بنەمایی نەهادینە کراوە ،واتە پیاو کە ژن وەکو موڵکی تایبەتی خۆی دەزانێ مافی هەر چەشنە نزیکبونێک و مامەڵە کردنێک هاوکات توندوتیژی لە سەر ژن لەلایەن خۆیەوە بە ڕەوا دەزانێ. پارادایمی دەسەڵات و هێزو مێتۆدەکانی بە کارهێنان و نمایشی هێزلە لایەن دەسەڵاتی حاکمدا کاریگەری١٠٠% نگاتیڤی لە سەر شێوازی نزیکبونی کۆمەڵگە بەرامبەر بە ژن هەیە و لەم پێکهاتە فیکرییەدا کە پێکهاتەیەکی پیاو سالارانەیە پیاو رەگەزی پلە یەک، خاوەن دەسەڵات و هێزی فیزیکیە و ژنانیش رەگەزی پلە دوو و ژێردەستەی پیاوانن .جێگەی سرنجە کە هەرچەند هەشت ساڵ لە سەدەی بیست و یەکەم تێپەریوە و وێڕای ئەم هەموو پێشکەوتنی زانستی و پەرەسەندنی شەپۆلی ئینفۆرماسیۆن لە ئاستی جیهانیدا بە داخەوە توندەو تیژی دژ بە ژنان بە شێوەیەکی ترسناک هەر بەردەوامە و ئەمەش تەهلوکە و دوژمنێکی ناحەز و تێکدەرە بەرامبەر بە گەشە سەندنی شارستانیەتی دیموکراتیک و ڕەوتی دیموکراتیزە کردنی جڤاکان. هرە بۆیەش ئەم دیاردەیە پێویستی بە لێکۆڵینەوەو توێژینەوە و زیان ناسی هەمە لایەنە و ئاکادمیک چ لە ئاستی یاساکانی دەسەڵاتی دەوڵەتان و چ رێکخراوەکان و تاکەکان لە هەمو جڤاکێکدا هەیە. هەرچەندە لەم ساڵانەی دواییدا ئەم دیاردە دزێوە سرنجی زۆر رێکخراو و تاکی بەرەو خۆی ڕاکێشاوە و زۆر کتێب و نامیلکە و کۆتایی نامەی خوێندکارانی زانکۆ، نوسراون و لە قەفەزەی کتێبخانەکان و کتێب فرۆشیەکان تۆز و خۆڵ ئەخۆنەوە، بەلاّم ئەمە بە تەنیا تێری بنبرکردنی ئەم دیاردەیە کە ریشەی مێژوویی هەزار ساڵەی هەیە ناکات و ئەبێ هەوڵ وشەڕێکی پراکتیکی و یاسایی دژ بەم کێشەیە بکەوێتە گڕ لە ئاستی جیهانیدا.

کۆمەڵگەی کوردی یەکێ لەو کۆمەڵگایانەیە کە توندوتیژی دژ بە ژنان لە ئاستێکی درندانە دا تێدا بەرێوە دەچێت و بۆتە پێکهاتەیەکی رەواو سروشتی کۆمەڵگە، کۆمەڵگەیەک کە رۆژ نیە کوشتنی ناموسی و سوتاندن و لێدان و هەموو شێوەیەکی توندوتیژی بە خۆیەوە نەبینێ. بەڵام سەرەڕای ئەم هەموو ڕەنگە ناشیرینە لە توندوتیژی و ئەم کولتووری دەوڵەمەندی دڵرەقی و درندەییە، هێشتا بە شێوەیەکی گونجاو و زانستی توندوتیژی ناناسین و تیۆریزەمان نەکردوە.

توندوتیژی لە نابەرابەری دەسەڵات و هێز سەرچاوە دەگرێت، بەو شێوەکە کاتێک تاکێک خاوەن هێز و دەسەڵاتە و لەو هێزە بۆ ناچارکردنی ئەوی دی بۆ ئەوەی بەو شێوە کە تاکی بە هێز دەیەوێت هەڵسو کەوت بکات و ئەوی دیش خواستەکانی تاکی خاوەن هێزی بە دڵ نیە و ناچار بە ئەنجامدانی دەبێت، لەم نێوانە دا توندوتیژی دروست دەبێت. کاتێک مانتالیتە و پارادایمی جڤاکێک لە سەر جیاوازی و نابەرابەری سروشتی ژن و پیاو فۆرم دەگرێ و پارالل لە گەڵ ئەم پیکهاتەیە، دابەشکردنی ئیش بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیک نابەرابەر دەبێت و ئەم نابەرابەریەش ئەبێتە شتێکی سروشتی و لێرەش شتێک بە ناوی کێشەی ڕەگەزی دروست دەبێت و ئەمە دەبێتە

هۆی ئەوەی کە کاراکتەرە عەقڵانی و رۆحی و فیزیۆلۆژیکیەکانی پیاو پۆزەتیڤ و هی ژن نێگاتیڤ تماشا بکرێت وە ئەو پیاوانەش کە خاوەن دەسەڵاتن بەردەوام هەوڵ دەدەن کە پەرە بەم ئایدۆلۆژیە نەشیاوە بدەن بۆ ئەوەی پێگەی پیاو سالارانەی خۆیان پتەو بکەن. توندوتیژی ئەم دیاردە ناحەز ونامرۆڤانە تەنیا بە شێوەی لێدان و ئازاری فیزیۆلۆژیکی نیە بەڵکو بە شێوی هەڕەشە، قسەی ناشیرین و سوکایەتی کردن و جنێو و سەرکوتکردن و ئازاری سێکسیش دەکەوێتە بەر چاو واتە هەرچەشنە کردەوەیەکی توندو تیژ لە سەر بنەمای ڕەگەز کە ببێتە هۆی رەنج و ئێش و ئازاری فیزیۆلۆژی، سێکسی یان سایکۆلۆژی یا هەڕەشە و شانتاژ بەو ئازارانە ی ژورەوە یان بێ بەشکردن لە ئازادی و مافی تاکی لە ژیانی تایبەتی یان دەرەوە و لە بەر چاوی خەڵک، توندوتیژی لە قەڵەم دەدرێت. دەتوانین شێوازی توندوتیژیەکان بەم چەشنە دەستە بەندی بکەین :

توندوتیژی بنەماڵەیی - جڤاکی - ئایینی - سیاسی - کەلتوری و ئابووی.

٨ی جوونی ٢٠٠٨

## بەشی دووهەم

بە گوێرەی راپۆرتی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، لە هەر سێ ژن لە دونیا یەک کەسیان لە ژیانیدا دەبێتە قوربانی توند و تیژی و هەڵاواردن و سووکایەتی کردن و نزیکی ١٦ تا ٢٥ لەسەدی ژنان لە نێو خێزانیاندا رووبەڕووی توند و تیژی و ئازار لە لایەن هاوسەرەکانیان دەبنەوە.

خێزان وەکو یەکەم رێکخراوێک کە مرۆڤ خۆی تێدا دەناسێ و ناسنامەی کەسایەتی هەر مرۆڤێک تێیدا فۆرم دەگرێت، رۆڵێکی زۆر گرینگ و ژیانی لە پێکهاتەی کۆمەڵگە هەیە و رەهەندەکانی هەڵسوکەوت و نزیکایەتی لە نێو ئەم رێکخراوە، راستەوخۆ کاریگەری خۆی دەخاتە سەر کۆمەڵگە. خێزان رێکخراوێکە کە رادە و توندی و بەرفراوانی پەیوەندیەکان بە نیسبەت هەر شوێنێکتر زۆرترە. هەر کام لە ئێمە بۆچوونمان لە سەر خێزان بەو شێوەیە کە خێزان ئەبێ شوێنێک بێت پڕ لە خۆشەویستی، هاورێیەتی و لێک تێگەیشتن بۆ ئەوەی ئەم رێکخراوە بتوانێت ئاسایش و رەحەتی ئەندامەکانی دابین بکات.

خێزان بەپێناسەی زانستی کۆمەڵناسی، گروپێکی چەند کەسین کە لە رێی خوێنەوە پەیوەستن بە یەکەوە و بۆ ماوەیەکی درێژ و نادیار پێکەوە ژیاندەکەن.

بێگومان هیچ کۆمەڵگەیەک ناتوانێت ئیدعای تەندروستی بکات، ئەگەر خێزانەکان لەو کۆمەڵگایەدا تەندروست نەبن، بەو شێوە کە دەبینین هەر کام لە زیانە کۆمەڵایەتیەکان سەر چاوە لە سیستمی خێزان دەگرن. خێزان کاتێک دەتوانێ رۆڵی خۆی بە باشی بگێڕێت، کە خۆی توشی نەوەسان و شێواوی نەبێت.

توندوتیژی یەكێك لەو هۆكارانەیە كە ڕاستەوخۆ كاریگەری خۆی دەخاتە سەر تەندروستی و ئاسایشی خێزان و شیرازەی خێزان توشی هەڵوەشین و بە لاڕێدا چوون دەكات. توندوتیژی بنەماڵە بەرامبەر بەژنان ناسراوترین و بەر فراوانترین شێوازی توند و تیژین لەوانە لێدان، سووكایەتی و كوشتنی ژنان لە لایەن هاوسەركانیانەوە زۆرتر لە هەر كەسێكە و زۆربەی ژنان بەم ئەزموونەدا تێپەڕیون. توندوتیژی بنەماڵەیی بەرامبەر ژنان دیاردەیەكی نوێ نییە و تایبەت بە كۆمەڵگە دوا كەوتووەكان و كۆمەڵگەكانی تری لەو چەشنە نین بەڵكوو لە پێشكەوتوترین وڵاتانی دونیاشدا ژنان دیسان لە نێو بنەماڵەكەیاندا تووشی ئازاری جەستەیی و ڕۆحی دەبنەوە، ئەم شێوازە توندوتیژیە نە تەنیا تەندروستی جەستەیی و ئەقڵی و باڵانسی دەرونی و سۆزاوی ژنان تێك دەدات، بەڵكوو هەڕەشەیەكی جدییە بۆ كۆمەڵگە.

هەروەها كە ئاماژەمان پێ كرد، توندوتیژی بنەماڵەیی بەرامبەر ژنان دیاردەیەكی نوێ نییە، بەڵام وەكو بابەتێكی كۆمەڵایەتی نوێ لەم سێ چوار دەیەی دواییەدا بە شێوەیەكی تایبەت و سەرنج ڕاكێش كەوتۆتە بەر باس و لێكۆڵینەوە و توێژینەوەی پسپۆڕانی كۆمەڵناس. هەروەها لەم ساڵانەی دواییدا ئەم دیاردەیە لە ئێرانیش سرنجی پسپۆڕانی ڕاكێشاوە. توندوتیژی بنەماڵەیی لە حاڵی حازردا زیانگەلێكی كۆمەڵایەتی وەكو كێشەی هەڵاتنی كچان لە ماڵ و بەرزبوونەوەی ئاماری خۆ كوژی و خۆسوتاندنی كچان و ژنان و بەرزبوونەوەی ڕێژەی تەڵاق و... تادی لێكەوتۆتەوە كە ئەمانە بەرچاوترین لایەنەكانی كاریگەری ئەم دیاردەیەیە لە سەر كۆمەڵگەكان.

بەرهەمی توندوتیژی خێزانی نە تەنیا كێشەی جۆراوجۆر وتایبەت بە تاك دەئافرینێ، بەڵكو دەبێتە هۆی دروست بوونی چەندین كێشەی كۆمەڵایەتی جیاواز و تەنانەت تیژی دەسەڵاتداری لە پێوەندیەكان لە كۆمەڵگە دا، كە جارێكی تر كاریگەری خۆی لە سەر پەیوەندیەكانی خێزان دادەنێت و ئاكامێكی پۆزەتیڤی لێ ناكەوێتەوە.

هەڵسوكەوتی خراپ و ئازارو ئەشكەنجەی فیزیكی و ئیهانە و بچوك كردن، كارتێكەریەكی تەواو نێگاتیڤ لە سەر گەشەی ژنان دادەنێت و تەنانەت دەبێتە هۆی زەلیل بوون و لاوازی ژنان لە بریار دان و بڕیار گرتن و سەقەت كردنی توانای ژنان، لە ئاكامدا ژنان نە تەنیا توانای ئیدارە كردن و بەڕێوە بردنی منداڵان و ماڵ و بنەماڵەكەیان نامێنێت بەڵكو لە بەشداری كردن لە هەر شێوە رادەربڕین و بڕیار دان لە بابەتە چارەنوس سازەكانی كۆمەڵگەش بی بەش دەبن.

هەر بۆیە توندوتیژی و شەڕلایی یەكێك لە بەفراوانترین شێوازی تاوانە كۆمەڵایەتییەكان و بەرچاوترین شێوەكانی دەسەڵاتداری پیاوسالارییە لە جیهانی ئەمرۆدا كە لە هەموو نەتەوە و چین و گروپێك دەكەوێتە بەر چاومان.

پیاو بە هۆی ئەوەی كە هێزی فیزیكی خۆی لە ژن زۆرتر دەبینێت و خۆی لە لایەن جەستەییەوە بەتواناتر و بە دەسەڵاتدارتر دەزانێت و دوایش پێكهاتەی كۆمەڵایەتی و كولتووری و یاسایی لە سەر پرەنسیپەكانی پیاو سالاری و دەسەڵاتدارێتی پیاو بونیاد نراون و نەریتەكان و روانگە و بۆچوونی گشتی كۆمەڵگە هەموو لە سەر بنەمای بەرژەوەندی پیاوانن و دژ بە ژنان, هەر بۆیە پیاوی توندوتیژ ڕێگەی پێ ناگیرێت و هەر جۆرێك كە بیەوێت سووكایەتی جەستەیی و ڕۆحی بە ژن دەكات.

توند و تیژی بنەماڵەیی دژ بە ژنان لە کۆمەڵگەی کوردیدا بە شێوەیەکی سیستماتیک ڕۆژانە لە سەر ژنان بەڕێوە دەچێت، کوشتنی ژنان بە بیانوی ناموس و شەرەف، لێدان، ئەشکەنجەی فیزیکی، دڵپیسی و بوختان، مارژینالّ کردنی ژنان و کچان تەنیا لە چوار چێوەی مالّ، جنێوو قسەی ناشیرین و جیاوازی خستن لە نێوان کچ و کوڕ، شێوازەکانی توندوتیژی بنەماڵەیی دژ بە ژنانە لە کۆمەڵگەی کوردیدا، کۆمەڵگەی کوردی بە هۆی ئەوەی کە پێکهاتەیەکی بە تەواوەتی فێئوداڵ و پیاوسالارانەیە و نەریتەکان لە سەر ئەم بنەمایە دامەزراون، هیچ ئاستەنگێک نە لە لایەن کۆمەڵگە و نە لە لایەن سیستمی یاساییەوە بۆ پیاوی توندوتیژ نییە، بۆیە کاتێک کە ژنی کورد خۆی ڕووبەڕووی ئەو هەموو ئەشکەنجە و ئازارە دەبینێت و هیچ یاسایەک نابینێت کە لایەنگرو پاڵپشتی بێ، لە ئاکامدا بۆ ئەوەی لەو ژیانە تالّ و نالەبارە ڕزگار بێت پەنا دەباتە خۆسوتاندن و لە ناوبردنی جەستەیی.

پیاو کاتێک لە ژێر سێبەری دەسەلاّتداری سیستمی چەوسێنەر هەست بە خۆکەم بینین دەکات و ڕۆژانە لە نێو ئەم سیستمە تووشی ئازارو تەحقیر و هەلاّواردن دەبێت و بە شێوەهای جۆراوجۆر غروری دەشکێت و بچوک دەکرێت، لە ئاکامدا بۆ ڕزگار بوونی لەو هەموو گرێ دەوونی و فکریانە کە لە نێو سیستمی چەوسێنەر بۆی دروست بووە، ڕوو دەکاتە توندوتیژی کردن بەرامبەر ژن و منداڵانی، و هەوڵدەدات بە توندوتیژی کردن لە نێو بنەماڵەکەیدا قەرەبووی غروری شکاو و هەستی خۆ کەم بینی خۆی بکاتەوە، واتە سیستمی دەسەلاّتدارو چەوسێنەری دەوڵەت، ڕۆژانە بە سووکایەتی کردن و خستە ناو چڵەمەوە دەیانچەوسێنێتەوە و پیاویش کاتێک کە دێتەوە بۆ مالّ ژنەکەی دەچەوسێنێتەوە.

سەرچاوەکانی تیۆری و ئەزموونی ئەوەمان پێدەڵێن کە گرنگترین هۆکاری سروشتی بوونی توندوتیژی لە نێو بنەماڵەکان و بێ هێزی و بێ دەسەلاّتی ژنان وگرێدراو بوونیان بە پیاوانە، هەر بۆیە زۆر بوونی هێز ودەسەلاّت لە ژنان دا گرنگترین هۆکارە بۆ بەرنگاربوونەوە لە گەلّ توندوتیژی پیاواندا.

پاڵپشتی یاسایی بە بەرژەوەندی پیاوان لە کۆمەڵگەکاندا، بە هۆی کولتووری باوی پیاوسالارانە دەبێتە هۆی ئەوەی کە توندوتیژی لە نێو خێزاندا پەرەبستێنێ و پیاویش ئەم دەستدرێژیە بە مافی ڕەوا و سروشتی خۆی بزانێت تەنانەت ئەگەر ژن پەنا بباتە یاسا دیسان کێشەکە چارەسەر ناکرێت و ڕێگە بە پیاوی توندوتیژ و دستدرێژ کەر ناگیرێت، چونکو یاساکان خۆیان دەبنە هۆی زۆرتر بە خۆباوەڕی پیاوان لە توندوتیژیدا.

ڕێکارگەلی وەک پشتیوانی و لایەنگری یاسایی سیستمی دادپەروەری و دەوڵەتی لە ژنان و بەرەنگاربونەوە و سزادانی ئەو پیاوانەی کە شەریکی ژیانیان ئازاردەدەن و ساز کردنی ناوەند و ڕێکخراوەگەلی جۆراوجۆر بۆ گۆڕینی ڕوانگەی کۆمەڵگە و گۆڕینی کولتوری کۆمەڵگە، کە لە سەر بنەمای ژن بچوک دیتن و پیاو بەرز دیتن پێکهاتووە، و دامەزراندنی ناوەندو ڕێکخراوگەلی پەروەردە و ڕاهێنانی ژن و پیاو وخێزان بۆ دروست کردنی خێزانێکی دیموکرات و پێشکەتوو. بەلاّم گرنگترین ڕێکار بۆ بن بڕکردنی توندوتیژی بنەماڵەیی دژ بە ژنان پاڵپشتی و لایەنگری یاسای دەوڵەتەکانە بە نیسبەت ئەم کێشەوە.

سەرچاوە: وێبلاگی دەنگی ژن - ڕێکەوتی: ٣ی سێپتەمبەری ٢٠٠٨

# دژایەتیکردن لەگەڵ ژن لە کۆمەڵگای چینایەتیدا.



**حامید سەعیدی**

لە کۆمەڵگای چینایەتیدا، دژایەتی لە گەڵ ژن بە شێوەی جۆرواجۆر ئەوەندە روون و ئاشکرا بەڕێوە دەچێت و ئەم توندوتیژیە بە رادەیەک توندو ئاشکرایە، کە ناسینی بنەما و ریشەکانی بۆ خەبات دژ بەم زوڵم و زۆرە پێویست و زەروریە.

زوڵم و هەڵاواردنی جنسی یەکێک لەو تووندوتیژیە بەردەوامانەیە کە بە درێژایی مێژووی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی لە ئارادا بووە. بەشی ژنان هەر لە بنەماڵەوە بگرە تا لایەنە جۆرواجۆرەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی بێجگە لە ئازار، کوێرەوەری، توندوتیژی و هەڵاواردنی جنسی شتێکی تر نەبووە. باڵادەستیی پیاوان بە سەر ژنان لە ناو بنەماڵەدا ژنانی لە بارودوخێکی ژێردەستەیدا داناوە. توندوتیژی، سوکایەتی، ئازارو بێحورمەتی بەردەوام بۆ سەر ژنان لە لایەن بنەماڵە و کۆمەڵگاوە بەشێوەی جۆراوجۆر، سەپاندنی یاسای نامرۆڤانە و دواکەوتوی ئایینی، پاڵنانی ژنان بۆ سوچی ماڵ و کاری ناوماڵ، سەپاندنی خۆسوتاندن و خۆکوژی، کڕین و فروشتنی ژنان لە لایەن مافیاکانی سەرمایە بۆ گەشەی بازاڕی سەرمایەداری، هەڵاواردنی نێوان ژن و پیاو لە شوێنەکانی کار و پەرەپێدانی لەشفرۆشی، تەنیا بەشێکی بچوک لە هەلومەرجی ژێردەستەبوونی ژنان لە کۆمەڵگای سەرمایەداریدایە. پانتایی و شێوازی جۆرواجۆری دژایەتی لە گەڵ ژنان لە ئاستی کۆمەڵگادا ئەوەندە لەناخی کۆمەڵگادا جێگیرو یاسایی بوەتەوە، کە بۆ کۆتایی هێنان بەم زوڵم و زۆرەی زاڵ بە سەر ژناندا دەبێ بنەماکانی ئەم ناعەداڵەتی و نایەکسانیە بناسین.

راستیەکەی ئەوەیە کە زوڵم و زۆری سەر ژنان بەهەموو شێوازە جۆراوجۆرەکانیەوە ئاوەڵدوانەی پێکهاتنی کۆمەڵگای چینایەتی بووە. چونکە لە کۆمەڵگا سەرەتاییەکاندا ژنان نەک هەر نەدەکەوتنە بەر توندوتیژی، بەڵکو ژن و پیاو لە هەمو بوارێکەوە یەکسان و ئازاد بوون و لە ژیانی رۆژانەیاندا نەدەکەوتنە ژێر هیچ ستەم و چەوساندنەوەیەک. بەڵام بە ئاڵوگۆڕ لە ژیانی مرۆڤایەتی و گۆڕانی پەیوەندیەکانی بەرهەمهێنان و ئابوریی کۆمەڵگا، کە زیادە بەرهەم و دابەشکردنی کار بە پێی پێکهاتەی ئابوریشی لەگەڵ خۆی هێناوە، ژنانی کردوەتە دیلی پیاوان. بنەماڵەش هەر لە سەرەتای دروست بونیەوە لە سەر بنەمای پێویستیەکی ئابوری و دابەشکردنی

کار کە سیستمی چینایەتی پێویستی پێ بوو، پێکهات. خاوەندارێتی تایبەت کە بنەماو بنچینەی سیستمی چینایەتیە و یاساکانی پیاوەمەزنی پێکهاتەی هەمان سیستمی چینایەتیە، ژنانی کرد بە بەشێک لە مۆڵکی پیاوان. دابەشبونی کاری کۆمەڵایەتی و دابەشبونی کۆمەڵگا بە سەر دو چینی سەرەکی و بێبەش بونی ژنان لە کاری دەرەوەی ماڵ و لە بەشی بەرەهەم هێنانی کومەڵایەتی، ئەوانی ناچار کرد کە ژێر دەستەیی و ملکەچی پیاوانی بنەماڵە قبوڵ بکەن، یانی نەبونی سەربەخۆیی ئابوری و چاو لە دەست بونی پیاوی ناو ماڵ، ژنان ناچار بە قبوڵی کۆیلەتی ئەکات، کە وەها دۆخێک بە پێی پێداویستی ئابوری و بە مەبەستی دابینکردنی بژیوی ژیان پێک دێت، یانی یاساکانی پیاوەمەزنی و دژبەژن لە رەوتی بەرەوپێشچونی پێکهاتەکانی بەرهەمهێنانی کۆمەڵگای چینایەتیدا سەریان هەڵداوە.

قازانج و بەرژەوەندیی چینی دەسەڵاتدار بەستراوەتەوە بە بەرهەمهێنان و بەرهەمهێنانەوەی زاڵبون بە سەر لایەنە جۆرواجۆرەکانی سیاسی، ئابوری، کۆمەڵایەتی و کولتوری و هەر بەم پێیە مانەوەی دەسەڵاتی خۆی بە سەر کۆمەڵگادا دەسەپێنێت. کۆمەڵگای چینایەتی ئاخێزگەی نارەزایەتی و گۆڕانی کۆمەڵایەتیە، و چینی دەسەڵاتداریش بۆ سەقامگیریی ئەم بارودۆخە پێویستی بە بەرهەمهێنان و بەرهەمهێنانەوەی دەسەڵاتی خۆی هەیە. دەوڵەتیش وەک دەزگایەکی پان و بەرین، رێکخراو و سیستماتیک، بەرژەوەندیی چینی دەسەڵاتدار لە بەرهەمهێنانەوەی دەسەڵاتی خۆی و تێکشکانی خۆڕاگری لە دژی ئەم دەسەڵاتەدا دەبینێتەوە. هەر لەو روەوەیە کە دەوڵەت بە چەشنی دامودەزگایەکی چەقبەستووی چینی دەسەڵاتدار بۆ پاراستن و درێژەپێدانی دەسەڵاتی خۆی و بۆ چەسپاندن و جێگیرکردنی وەها یاسا و کولتورێکی پیاوەمەزنانە، بە سەر لە نوێ بەرهەمهێنانەوەی هەمو ئەو کارانەی یارمەتی بە سەقامگیر بونی ئەم بارودۆخە دەکەن، هەوڵ ئەدات و بۆ درێژەی ژیانی خۆی یاساکانی دژە ئینسانی و هەڵاواردنی چینایەتی، جنسی و رەگەزی و... پەرە پێدەدات و بە سەر کۆمەڵگایدا دەسەپێنێت. بەڵام چینی دەسەڵاتدار پێویستیان بەشێوەیەک لە دەسەڵاتدارێتی هەیە کە دەرونی، نهێنی و یاسایی بێت. یەکێک لە هێماکانی پەرەسەندنی زوڵم و ستەمی جنسی، جێگیربوونی لە ناخی کۆمەڵگادایە کە ئەوەش لە بەرهەمهێنان و سەر لە نوێ بەرهەمهێنانی بێمافی و کولتوری دژی مرۆییەوە سەرچاوەی گرتووە، ئەمەش یەکێک لە شێوەکانی سەپاندنی دەسەڵاتی چینی دەسەڵاتدار بە سەر زۆرینەی جەماوەری زوڵم لێکراوی کۆمەڵگادایە. چینی دەسەڵاتدار لە رێگای سەپاندنی کولتور و دابونەریتی دژ بە ژن و هەڵاواردنی جنسی و... هەوڵدەدات ژنان کە نیوەی کۆمەڵگا پێکدێنن، کۆنترۆڵ بکات و لە رێگای بەرهەمهێنان و سەرلەنوێ بەرهەمهێنانەوەی کولتوری پیاوەمەزنانەی نیوەی کۆمەڵگا لە لایەن خودی جەماوەرەوە، ژنان دەخاتە ژێر رکێفی خۆیەوە. یانی بە پەرەپێدان و سەرلەنوێ بەرهەمهێنانەوەی کولتوری دژ بە ژن، وەها کولتورێک لە ئاستی بەربڵاوی کومەڵایەتیدا جێگیر دەبێت و هەڵاواردن و توندوتیژی لە قوڵایی کۆمەڵگا و شەرعیەتدان بەم زوڵم و چەوساندنەوە لە لایەن دەزگاکانی چینی دەسەڵاتدارەوە کاریگەری لە سەر جەماوەر داناوە و ستەم و هەڵاواردنی سیستماتیزە و ئاسایی کردوەتەوە، یانی ئەوە لە بیری جەماوەردا جێگیر دەکەن کە هەڵاواردن و ژێردەستەبونی ژنان مافی ئەمانە و ئەگەر ژنان لەم هێڵە سوورانە تێپەڕین ئەوە بە پێچەوانەی یاساکانە، و لە راستیدا کەوتنەمەترسی خاوەندارێتی تایبەتی و پێشێلکردنی یاسایە و ئەگەر وابێت ئەوە سەرکوت دەکرێت و تێک دەشکێندرێت. جێگیرکردنی وەها کولتور و یاسایەک ئەبێتە هۆی ئەوەی کە نیوەی کۆمەڵ بە بێ دەست تێوەردانی چینی دەسەڵاتدار بکەونە بەر زوڵم و چەوسانەوە و ئەوەش لە بەرژەوەندی و پاراستنی ئەو سیستمەدایە. بەگشتی ئەبێ بوترێت کە کولتور و یاساکانی پیاوەمەزنی و دژ بە ژن شوێنکەوتووی هەمان پەیوەندیەکانی بەرهەم هێنان لە کۆمەڵگای چینایەتیدان.

پەیوەندییە کۆمەڵایەتی، سیاسی و کولتوریەکان بە هەمو شێوەکانیانەوە لەژێر کاریگەریی پەیوەندیەکانی بەرهەمهێنان و ئابوریدان. پەیوەندیەکانی بەرهەمهێنان لە کۆمەڵگای سەرمایەداریی ئەم سەردەمەدا بەو ئاقارەدا دەڕوات کە بەبەردەوامی بەرهەمهێنان قۆرخ بکات و جەماوەرێکی زیاتریش لە کۆمەڵگادا بە ریزی کرێکاران و زەحمەتکێشان پەیوەست دەبن، هەر بۆیە کەلەبەری نێوان هەژاری و دەڵەمەندی ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر دەبێت. ژنانیش بە چەشنی زەرەرمەندترین توێژی کۆمەڵگا تووشی زۆرترین ستەم و هەڵاواردن و چەوساندنەوە دەبن. ژنان کە زۆربەیان لە چینی کرێکار و بەشمەینەتانی کۆمەڵگا پێکهاتوون زیاترین هەڵاواردن و ستەم دەکەوێتە سەر شانیان، چونکە لە لایەکەوە بەهۆی بارودۆخی نالەباری ئابوری، وێڕای بەخێوکردنی منداڵ ناچارن لە بازاڕی سەرمایەدا کار بکەن کە نەک تەنیا بە هۆی ژن بونیان هەقدەستی کەمتر لە پیاوان وەردەگرن بەڵکو دەکەونە بەر ستەمی دوقاتی چینایەتی و توندوتیژی سێکسی. ئەم سیستمە چینایەتیە دەسەڵاتدارە دۆخێکی خوڵقاندووە کە هەندێک لە ژنان بۆ بژێوی ژیانی رۆژانەیان ناچار رو لە لەشفرۆشی دەکەن. لە لایەکی دیکەوە سەپاندن و بەرهەمهێنانەوەی کولتوری پیاوەزنی کە بە شێوەی جۆراوجۆر توندوتیژی و ستەم و هەڵاواردنی رەگەزی لێدەکەوێتەوە، ئەبێتە هۆی لەخۆنامۆبوونی ژنان و وایان لێدەکات پەنا بۆ خۆکوشتن و خۆسوتاندن بەرن. سەرجەمی ئەمانەی کە باسمان کرد ژیانی رۆژانەی ملیۆنەها ژنی کرێکارو بەشمەینەتی ناو کۆمەڵگایە.

لە کۆمەڵگا داخراوەکاندا دەسەڵاتی سەرمایەی تێکەڵ بە یاسا ئاینیەکان، بە بەکار هێنانی سەرجەم دامودەزگاکانی سەرکوت و بە دەسبەسەرداگرتنی ناوندەکانی فێرکاری و ئایینی و راگەیەنەرە بەکرێگیراوەکان و بە پشتبەستن بە بیری کونەپەرەستانە و دواکەوتوی پیاوەزنی، هەلومەرجی ژێردەستەیی ژنان و سوکایەتی بەردەوام و دوقاتی ئەوانی لە کۆمەڵگادا جێگیر کردوە کە بووەتە یەکێک لە بەرچاوترین هێماکانی بێمافی و بارودۆخی کۆیلەیی ژنان. لە کۆمەڵگا رۆژئاواییەکانیشدا سەرەڕای پڕوپاگەندەی بورژوازی جیهانی، ژنان بەشێوەی جۆرواجۆر و بە مەبەستی قازانجی زیاتر دەبنە کۆیلەی سیستمی سەرمایەداری. کڕین و فرۆشتن، کویلەیی و بەکاڵاییکردنی ژنان و... راستییەکی دڵتەزێنی بارودۆخی ژنان لە وڵاتانی پێشکەوتووی پیشەسازیە. سەرجەم ئەم هەڵاواردنە چینایەتی و جنسی و دژە ژنە، هەر سەرچاوەگرتووی هەمان پەیوەندییەکانی نایەکسانی کۆمەڵگای چینایەتین.

## خەباتی چینایەتی و رزگاریی ژنان.

ئیستا کە ئەم راستییە حاشاهەڵنەگرەمان بۆ دەرکەوتووە کە ریشەی سەرجەم نایەکسانیەکان و ستەم و هەڵاواردنی جنسی لە دژی ژنان لە سیستمی چینایەتییەوە سەرچاوە دەگرێت، کەوابوو رێگای رزگاربوون لە بارودۆخی زاڵ بەسەر ژنان بەرەنگار بوونەوە لە گەڵ خاوەنداریتی تایبەت و سیستمی چینایەتیە. بۆ روخاندنی کۆمەڵگای سەرمایەداریش ئەبێ سەرجەم لایەنەکانی خەباتی چیانەیتی پەرە پێبدەین چونکە بە بەرەوپێشچوونی خەباتی چینایەتی و رادیکاڵ و دواجار بە گۆڕانکاریی بنەڕەتی لە سیستمی سەرمایەداری و پێکهێنانی کۆمەڵگایەکی سۆسیالیستی ریشەی سەرجەم زوڵم و نایەکسانییەک وشک دەبێت.

کاتێک زۆرینەی ژنان لە چینی کرێکار و بەشمەینەتی کۆمەڵگا پێکدێن و شانبەشانی پیاوانی هاوچینەکانیان دەکەونە بەر چەوساندنەوەی چینایەتی و تەنانەت لە سەرجەم لایەنەکانی ژیانی ئابووری، سیاسی و کۆمەڵایەتی لە بەر ژن بونیان بەشێوەی دوقات زوڵم( ستەمی جنسی)یان بە سەردا دەسەپێت، کەوابوو رزگاربونی ژنان لە وەها بارودۆخێک، بە چونەدەر لە چوارچێوەی

ستەمی جنسی و کردنی بە بەشێکی جیانەکراوە لە خەباتی چینایەتی و سۆسیالیستییەوە گرێدراوە. هەر بۆیە ژنانی کرێکار و بەشمەینەت بە درێژەدانی خەباتی چینایەتی و ڕێکخراوبونی خۆیانە کە دەتوانن خەباتێکی کاریگەر لە دژی کولتوری پیاوەمەزنانە و یاساکانی دژە ژن و کۆنەپەرەستی ئاینی بەرەو پێش بەرن.

لە روانگەی چینایەتی و مارکسیستیەوە رزگاریی ژنان لە ڕێگای خەباتی چینایەتی و هەڵوەشاندنەوەی سەرجەم یاساکانی سەرمایەدارییەوە وەدی دێت، هەر بۆیە پێویستە بە تێڕامان لە شێوە و کارکردی خەباتی ژنان، ئەم خەباتە لە لایەنی جۆراوجۆرەوە تاوتوێ بکەین.

- هەر بەو جۆرەی کە باسمان کرد، خەباتی ژنان بۆ رزگاری لە ستەمی دوقاتی چینایەتی و جنسی روخسارێکی تری خەباتی چینایەتیە. یانی بزوێنەری جوڵە و گۆڕانی کۆمەڵگا، خەباتی چینایەتی لە دژی چینی دەسەڵاتدارە. چینی کرێکار کە ژنانی کرێکاریش لە خۆ دەگرێت ئەستوونی سەرەکی بۆ بەرەوپێش بردنی خەباتی چینایەتیە. یانی خەبات بۆ هەر ئاڵوگۆڕێکی کۆمەڵایەتی لە گرەوی خەباتی چینایەتی دایە، گەیشتن بە ماف و خواستی هەرکام لە توێژەکانی کۆمەڵگا لە گرەوی پێشڕەویی خەباتی چینایەتیدایە. لە راستیدا بەرەو پێشچونی هەر هەنگاوێکی چینی کرێکار لە بنەڕەتدا ئەبێتە هۆی کرانەوەی کەشی سیاسی و دێموکراتیزەبون و سەپاندنی داخوازیەکانی جەماوەری کۆمەڵگا بە سەر چینی دەسەڵاتداردا. لەم روانگەوەیە کە یەکێتی ستراتژیکی بزووتنەوەی رزگاریبەخشی ژنان لە گەڵ چینی کرێکار بنەمای رزگاریی ژنان لە سەرجەم شێواز و ڕەهەندەکانی ستەمی دوقاتی دەسەڵاتی سەرمایەداری بە سەر ژناندایە.

- پێشڕەوی و بە دەست هێنانی هەر ئاستێک لە خواست و داخوازیەکانی ژنان لە گرەوی خۆ ڕێکخستن، ڕێکخراوبوون و ناسینی مافە مرۆیی و یەکسانیخوازەکانی ژناندایە. یانی بەرانبەرکێ لە گەڵ دەسەڵاتی چینی سەرکوتگەر و سەپاندنی خواست و داخوازیەکانی ژنان بە هاتنە مەیدانی ملیۆنیی ژنانی کرێکار و بەشمەینەتەوە گرێدراوە. بە پشتبەستن بە بزووتنەوەیەکی جەماوەری و قوڵی کۆمەڵایەتیە کە دەتوانرێت بۆ خەبات لە دژی هەر جۆرە ستەم و بێمافیەکی چینی دەسەڵاتدار لە دژی ژنان هەنگاو هەڵ بگیردرێت. هەڵسوڕاوانی سۆسیالیست بە هێنانە ئارای خواست و داخوازیەکانی ژنانی کرێکار و بەشمەینەتە کە دەتوانن هێزێکی بەربڵاوی ژنانی کرێکار بهێننە گۆڕەپانی خەبات لە دژی بێمافیەکانیان. پێشڕەویی هەر هەنگاوێکی ژنانی کرێکار و بەشمەینەت بەستراوەتەوە بە خۆ ڕێکخستن و ڕێکخراوبونی ئەوان لە ئاستێکی جەماوەریدا.

- بورژوازی بۆ بەلاڕێدا بردنی خەباتی ژنان و پوچەڵکردنەوەی ئەوان لە تواناییە شۆڕشگێڕانەکانیان و بە دزەکردنە نێو خەباتی ژنانەوە لە هیچ کاروکردەوەیەک سڵ ناکاتەوە. مەیلە جۆراوجۆرەکانی بورژوازی ( لیبراڵی، ریفۆرمیستی، ئیسلامی و...) هەموو هەوڵی خۆیان ئەخەنە گەڕ بو ئەوەی خەباتی ژنان کۆنترۆڵ بکەن. یانی خەباتی شۆڕشگێڕانەی بزووتنەوەی رزگاریدەری ژنان تەنیا لە چوارچێوەی خەباتی جنسێک لە دژی جنسێکی دیکە( ژن لە دژی پیاو)دا دەهێڵنەوە. بە واتایەکی دیکە ئەتوانین بڵێین ژنی کرێکاری لە بەرانبەر کرێکاری پیاودا داناوە، کە ئەمەش بە تەواوی لە گەڵ بەرژەوەندیی راستەقینەی ژنانی کرێکار و بەشمەینەت و سەرجەم خەباتی چینایەتی دژایەتی هەیە. مەیلە جۆرواجۆرەکانی بورژوازی بە درێژایی مێژوو و بە درێژایی تەمەنی سیستمی چینایەتیی

دەسەڵاتدار سەلماندویانە کە جگە لە کۆنترۆڵ و لەباربردنی خەباتی ژنان و هێشتنەوەی ستەمی دووقات لە سەر ئەوان، هیچ کارێکیان نەکردوە. بە دڵنیایەوە ئەوە تەنیا ڕێبازی سۆسیالیستییە کە توانایی ڕێکخستن و بەرەوپێشبردن و گەیشتن بە داخوازیەکانی ژنانی هەیە. لەو ڕوانگەوە کە خەباتی سۆسیالیستی ئاسۆی ڕزگاریدەری خەباتی چینایەتی و کۆمەڵایەتیی جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێش لە دژی بێمافی و نایەکسانیی سیستمی سەرمایەداریە، هەر بەم پێیە هەڵسوڕاوان و خەباتکارانی سۆسیالیست لە بزووتنەوەی ڕزگاریدەری ژنان دەبێ بە بانگەشەکردن، پەرەپێدانی ئایدیا سۆسیالیستیەکان و دڵنیا کردنەوەی جەماوەری زۆرتری ژنان کرێکار و بەشمەینەت لە ئاسۆی سۆسیالیسم، بوار بۆ بزووتنەوەیەکی قوڵی کۆمەڵایەتی و سۆسیالیستی خۆش بکەن. ئەگەر ئەوە دەزانین کە تەنیا هەبونی بزووتنەوەیەکی ملیۆنی و ڕێکخراوی سۆسیالیستی و چینایەتییە کە توانایی بەرانبەرکێی لەگەڵ سیستمی سەرمایەداریدا هەیە، کەوابوو دەبێ هەوڵبدرێت بۆ ئەوەی ئاسۆی سۆسیالیستی لە ئاستێکی بەرینی کۆمەڵایەتیدا پەرەی پێبدرێت.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ئەمڕۆ - ڕێکەوتی: مارسی ٢٠٠٩

# ڕۆژی نێونەتەوەیی دژ بە توندوتیژی ژنان,



**شەهین بەهمەن سوڵتانی**

لە ڕۆژی ٢٥ی نۆڤەمبەری ١٩٦١ دا لە کۆماری دۆمینیک و لە سەردەمی دەوڵەتی دیکتاتۆری ئەوکاتی ڕافایل تورجیلو دا سێ خوشکی تێکۆشەری سیاسی واتە خوشکانی میرابال، بە شێوەیەکی دڕندانە کوژران. لە ساڵی ١٩٨١ دا لەلایەن خەباتگێرانی فێمینیستی ژنانەوە یاد لەو ڕۆژە وەک ڕۆژی نەمانی توندوتیژی کرایەوە. لەسەر ئەم ئەساسە لە ١٧ی دیسامبەری ١٩٩٩دا ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان ڕۆژی ٢٥ی نۆڤەمبەریان بە ڕۆژی نێونەتەوەیی دژ بە توندوتیژی ژنان ڕاگەیاند.

توندوتیژی بەرامبەر بە ژنان دەتوانێ لە چەند شێوەدا خۆی ببینێتەوە، وەکو توندوتیژی جنسی، فەرهەنگی، ئابووری، کۆمەڵایەتی و دەروونی. توندوتیژی و هێرش بۆسەر ژنان، ژن وەک هاوسەر، دایک، کرێکار و کارمەند سنور، ڕەگەز، نەتەوە و ئاین ناناسێت و لە هەموو ولاتانی جیهاندا تەنانەت لە وڵاتانی دێموکراتیکیشدا، بە چەشنێک ژنان دەچەوسێنەوە. ئاشکرایە ڕێژە و شێوەی توندوتیژی لە وڵاتانی جیهاندا جیاوازی هەیە، لە وڵاتانی دێموکراتیکدا یاسا پشتیوانی لە مافی ژنان دەکا و ئەگەر توندوتیژی بەرامبەر بە ژنان بکرێت، لەلایەن یاساوە سزای بۆ ئەنجامدەری توندوتیژییەکە دیاری دەکرێ. بەداخەوە لەو وڵاتانەی کە یاسای بنەرەتیان لەسەر بیروبۆچوونی ئاینیی دامەزراوە وەک ئێران، عێراق، تورکیا، سوریا و زۆر لەم وڵاتانەی دیکە پشتگیری لە پەرەسەندنی توندوتیژی دەکەن.

لەم وڵاتانەدا کە فەرهەنگی سوننەتی زاڵە، پرۆپاگەندە بۆ بوژاندنەوەی فەرهەنگ و نەریتی کۆن دەکرێ وەکو مەسەلەی ناموس و ژن بە کەم زانین و بابەتی لەم جۆرە، هەمووی لە خزمەتی فەرهەنگی پیاوسالاریدایە.

لە کۆماری ئیسلامی ئێراندا، هەر لەسەرەتای هاتنە سەرکاری ئەم ڕێژیمە، یەکەم هەنگاوی بۆ سەرکوت و خانەنشین کردنی ژنان هاویشت. لەماوەی تەمەنی پڕ لە نەنگی ئەم ڕێژیمەدا، لە بەرامبەر ژناندا لە هیچ توندوتیژییەک سڵی نەکەردووەتەوە و هەموو

یاساکانی پاراستنی مافی مرۆڤی لە ژێر پێ نا،بە مەبەستی گەیشتن بە ئامانجەکانی خۆی. دەستدرێژی جنسی لە زیندانەکاندا بۆ سەر ژنان، لێدان و بێ ڕێزیکردن بە کەسانی دژ بە ڕێژیم لە سەر شەقامەکاندا و زیندووکردنەوەی یاسای بەردباران کردنی ژنان، بە تاوانی هەبوونی پەیوەندی خۆشەویستی یا پەیوەندی جنسی. هەر ئەم دەست نە پاراستنەی ڕێژیم، شێوازی توندوتیژی خەمۆکی و دەروونی لە نێو ژناندا دروست کردووە و زۆرجار ژنان بە بەردانی ئاگر لە جەستەی خۆیان نارەزایەتی خۆیان بەرامبەر بەم کردەوانەی دەسەلات دەردەبرن.

خانەنشین کردنی ژنان و بەرتەسک کردنەوەی کاروتێکۆشانی ڕۆژانەی ژنان، ئامانجی جێ بەجێ کردنی توندوتیژی ئابووری بوو لەبەرامبەر ژناندا، بۆ ئەوەی هەمیشە ژن هەست بەوە بکات کەلەم بووارەدا پێویستی بە پیاو هەیە،هەر ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی ژن بەرامبەر توندوتیژییەکانی هاوسەرەکەی لەکاتی سووکایەتی پێکردن و شکاندنی کەسایەتی ژنەکە لەبەرچاو کەسانی دیکەوە، بێ دەنگ بێ و خۆی ڕاگرێ.

توندوتیژی یاسایش، یاسای ۴ ژنە و سیغە دەگرێتەوە. ئەمانەش یەکێکی تر لەو یاسایانەن کە لە ئێراندا پەیرەودەکرێ. کە زۆرجار پیاوان هەنگاوی زۆر لەمانە گەورەتر هەڵدەگرن بێ ئەوەی مافی ژنان لەبەرچاوبگرن، ئەم توندوتیژییانە نەک تەنها دژ بە ژنەکانیان بەرامبەر بە منداڵەکانیشیان ئەمانە ئەنجام بدەن. لە ئاکامی ئەم توندوتیژییانەش ژنان توانایی باوەربەخۆ بوونیان، گەشەی فیکری و فێربوونیان هەروەها بەرەنگاریان لە بەرامبەر توندوتیژی دا لە دەست دەدەن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی پێشمەرگەکان - ڕێکەوتی: ٢٥ی نۆڤەمبەری ٢٠٠٩

# توند و تیژی بەرامبەر بە ژنان: هۆکارەکان و ڕێکارەکان



**ناهید بەهمەنی**

توندوتیژی کە لە کۆمەڵگای سوننەتیدا ڕەواجی زۆرترە لە هەنگاوی هەوەڵدا ژن و منداڵ دەداتە بەر پەلاماری خۆی و لە سەر بناغەی پیاوسالاری دامەزراوە.

توندوتیژی و هێرش کردنە سەر ژنان، چین، ڕەگەز، ئایین، نەتەوە، بیروباوەڕ، تەمەن و ئایدیولۆژی ناناسێت، لە سنوور و وڵاتی تایبەت تێپەر دەبێت و لە هەموو جێگایەک بە شێوەی جۆر بە جۆر بە کار ئەبرێت. بنەڕەتی ئەم ڕەفتارە نامرۆڤانە دەرحەق بە نیوەی کومەڵی ئینسانی "پیاومەزنی"یە کە تێیدا ژن بە ملکی پیاو دەناسرێت. پیاو وەکوو یەک مەجموعە دەستی باڵای هەیە و ژنیش وەکو ژێرمەجموعەیەکی پلە دوو سەیری دەکرێت و بەرپرسایەتی و دەسەڵاتیش لە سەر ئەساسی ئەم دابەش کردن و لێکدانەوە نابەرابەرە ناوەرۆک و مەعنای پێ دەدرێت.

ناحەقتر ئەوەیە کە ئەم سیستمە و ئەم فەرهەنگە دایمەن بۆ شاردنەوەی زوڵمی پیاوان هۆ و سەبەب دەبینێتەوە و دڕندەیی و سەرکوتی ژن لە لایەن پیاوەوکەیەوە بە نیشانەی خوشەویستی زۆری پیاو بەرامبەر بە هاوسەرەکەری دەزاندرێت و لێدان بە پێوانەی وەفا و بەدەربەست بوونی پیاو لە قەڵەم دەدرێ. یان دەگوترێت کە قودرەت نواندن واتە زەبر و زەنگ بۆ پیاو بە هۆی هۆرمۆن و فیزیکی جیاوازەوە لە جوملەی نیازی سروشتی پیاوە و لە ڕاستیدا لێدان لەم ڕێگایەوە بو نێرینە پاساو دەکرێ و بەم جۆرە نهادینە دەبێ.

لەوەش خراپتر لە وڵاتانێک کە قانون و یاسای بەڕێوەبردنی کۆمەڵگا لە سەر ئایین و نەریتی شەرعی دارژاوە، وەکوو ئێران،

تەبەعیەتی ژن لە پیاو دەشبێتە قانونی پیرۆز. بەڵام زوڵم لە ژن و لەوانە توندوتیژی بەرامبەر بە ڕەگەزی مێ پێوەندی قووڵتری بە نەریت و عورفی "پیاو سالاری"یەوە هەیە تا "شەرع". ئەگەر چی ئایین ئەم کۆت و بەندانە چڕوپڕتر دەکات و هەروەها بە نەگۆڕ و پیرۆزیان دادەنێت.

جەوهەری پیاومەزنی لە بنەڕەتدا ئەمەیە کە پیاودەیهەوێت و تێدەکوشێت بە هەموو شێوەیەک و لەوانە بە زەبری کاریگەری توند وتیژی ژن کۆنترۆڵ بکات و بیباتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە. شێوەی ڕوانین بۆ ژن پێوەندی ڕاستەوخۆی بە نەوعی ڕوانین بۆ دەسەڵات هەیە. بە واتەیەک جێگەو پێگەی ژن لە کۆمەڵگادا ڕەنگدانەوەیەک و پێوانەیەکیشە لە ڕادەی دابەش کردنی دەسەڵات و سەروەری نێوان ژن و پیاو. دەکرێ بڵێین پیاو و توندوتیژی ئاوەڵدوانەی یەک نین، بەڵکوو دەسەڵات و توندوتیژی پێویستیان بە یەکتر هەیە. لێدان و کوتان، کە تەنانەت زۆر جار دەبێتە هۆی گیان لەدەستدان، سەرتایی ترین نەوعی توندوتیژییە. ئەم دیاردەیە لە وڵاتی بێیاسا و سوننەتی و لەوە خراپتر عەشیرەتیدا نەک تەنیا ناشیرین نییە و نادرێتە بەر ڕەخنە، بەڵکوو بەجۆرێک معیارێکیشە بۆ ڕاگرتنی "ڕێز" و گەورەیی پیاو و بەرەسمی ناسینی ڕادەی دەسەڵاتی بەسەر ژندا.

مەرج نییە کە توندو تیژی لە حەنای ژنان دایمەن بە لێدان و زەبرو زەنگی فیزیکی نیشان بدرێت. زانایانی دەروونناسی و پسپۆڕانی ئەم بوارە لە وڵاتانی پێشکەوتوو لە بەرهەمی لێکولینەوەکانیاندا بەوە گەیشتوون کە پیاوان لە مەڕ خۆ بە بالاتر زانین و بۆ ڕاگرتنی ئەم حالەتە ڕوحیە لە بەرامبەر ژنەکانیاندا شێوە و تکنیکی دیکەش لە هەلس و کەوتی ڕوژانەدا بە کار دەهێنن. یەک لەوانە توندوتیژی دەروونی نەفسی ورەوانییە. بۆ نمونە سەرنج نەدان بەقسەو بوونی ژن لە نێو جەمعدا. کاتیک ژنیک لە نیو جەمعێکدا ڕشتەی کەلام بە دەستەوە دەگرێت، پیاو بێتاقەت دەبێت و لە سەر جێگاکەی ئارامی نییە یان لە سەر کورسییەکەی جوڵەجوڵ دەکات یان دەس دەکات بە خوێندنەوەی نووسراوەیەک و ئەگەر ئەوەش نەکات تماشای ژنە قسەکەرەکە ناکات و بەم شێوەیە ئەو بە بچوکتر لەوە دەزانێت کە گوێی بو شل بکات. ژن لەمەدا زور هەست بە بێقابیل بوون و کەم بایەخی و تەنانەت ناامن بوون دەکات.

جاری وایە لە جیاتی قسە پێ وتن و سووکایەتی بە زمان، سکوت و بێدەنگی وەکوو چەکێک لە لایەن پیاوەوە بە کار دەبرێت و کاریگەری عاتیفی دەکاتە سەر ژن. بە پێی ئەزموونەکان پیاوان زور جار بۆ بەدیهێنانی خواستەکانی خۆیان لەم ڕێگایەوە کەڵکی باشتر وەردەگرن تا زەبرو زەنگ. مەتەڵەک وتن و نەوعێک لە دوان و قسە کردن کە دەبێتە هۆی ئازاری ڕوحی و تەحقیری ژنان یان گاڵتە کردن بە کارێک کە "ژنانە" نییە وەکوو کاروباری تەکنیکی و بەپێی نەریت کاری"پیاوانە"یە و ژن جەسارەت لە خۆ نیشان دەدات و دەیکات. یان شاردنەوەی نهێنی و ئەسرار لە ژن. بێباوەڕییەکی تەواو لەمەدا زەق دەبێتەوە. زۆرێک لە پیاوان گرینگترین بڕیار و تەسمیماتی ژیانیان بەبێ ئاگادار بوونی ژنەکەیان عەمەلی دەکەن. سوننەتی پیاو مەزنی عەقلیەتی ژن بە گشتی بۆ بڕیاردان و حوکم بڕینەوە بە لاواز و کەم و کورت دەزانێ. بڕوا کردن بە ژیری و توانای مێینە لە بواری بڕیارداندا خۆی لە خۆیدا زەمینەیەکە بۆ بە حەسێب هێنانی توانایی ژن و مەجال بۆ ڕەخساندنی بۆ گەیشتن بە چوار چێوەیەک لە دەسەلاتداری، ئەگەر چی بەرتەسکیش بێت و ئەمەش تابووە و نابێ بشکێت.

جنێودان، هەڕەشە کردن، تەعقیب، بێ مبالاتی بە هەست و خواستی ژن لە هەموو بوارەکاندا وێڕای بێبەش کردن لە ئیمکاناتی مالی و ئابووری کە بە تەواوی ژن دەکا بە دەسەنە خۆری پیاو، دەبێتە هۆی فشاری روحی بو ژن. بە گشتی کاریگەری توندوتیژی رووحی قووڵتر و درێژخایەنترە.

دەسدرێژی جینسی بەرامبەر بە ژنانی کارمەند و کرێکار لەلایەن کاربەدەستان و کارفەرماکانەوە کە زوربەی وەختەکان لە بەر مەترسی دەرکردن لەسەر کار و بێکار بوون و هەروەها بێئابروو بوون بێدەنگی لێدەکرێت و قەد بەو رادەیەی کە روو دەدات دەرناکەوێت. توندوتیژی جینسی دژ بە ژن زوربەی جارەکان بە پەنامەکی و دوور لە چاوی ئەم و ئەو دێتە کایەوە. لە دەسدرێژی جینسیدا شەرم دەبیتە هۆی شاردنەوەی. ئاشکرایە لەم وەزعەدا خۆکوشتن و خۆسوتاندن ریگای دەربازبوونە لە جەهەنەمێک بە نێوی ژیان کە بۆیان خوڵقاوە. لە ماوەی چوار ساڵدا لە ٢٠٠٣ تا ٢٠٠٧، ٢٠٠٠ ژن لە ئێران خۆیان سوتاندووە.

توندوتیژی سیاسی لە کۆمەڵگادا بنەمای هەموو توندوتیژیەک پتەو دەکاتەوە و دەبێتە هۆی نهادینە بوونیان. چونکە دەوڵەت لە ڕێگای لە بەرچاونەگرتنی مافی ژنان لە دارشتنی یاسادا ئەسلی نابەرابەر بوونی مافی ژن و پیاو دەکاتە قانونی و ڕێگا بۆ بە دەسەلات نەگەیشتنی ژنان یان ڕێگا پێنەدانیان لە زوربەری بوارە کومەلایەتی، سیاسی و شوغلە سەرەکییەکاندا خۆش دەکات. لەو چەشنە رژیمانەدا داکۆکی کردن و پشتیوانی دەرمانی و دەروونی وخزمەتگوزاری لەو کەسانەی کە قوربانی توند وتیژین جێگایەکی لە پروژە و ئەرکەکانی حکومەتدا بەرامبەر بە شارۆمەندانی نییە و تەنانەت زوربەی جارەکانیش ژنانی زوڵم لێکراو نەک وەکوو قوربانی بەڵکو وەکو خەتابار و تاوانکار دەناسرێن.

داکۆکی نەکردن لە یەکسانی ژن و پیاو لە سیاسەت داناندا وا دەکات کە نێرینەی ماڵ وەکوو باوک، برا و مێرد لە سایەی ئەم بێ پشتیوانیەدا هەموو یاسا و نەریتی نایەکسان و زاڵمانەی نێو کۆمەڵگا بەبێ ترس لە بنەماڵەی خۆیدا دابمەزرێنێ. ئەو هەموو ژن کوشتنە لەلایەن برا و باوک و مێردەوە بە نێوی دیفاع لە شەرەف وناماووس نیشاندەری ئەم راستییەیە و دەوڵەت و فەرهەنگی پیاوسالارانە پێکەوە دیواری زیندانی ژیان بو ژنان بە چەن قات پتەوتر دەکەنەوە. بە تایبەت لە ئیران، ئەو وڵاتەی کە هەڵاواردنی جینسی قانوونی کراوە.

حیجابی زۆرەملیش، لە جوملەی توندوتیژی دەروونیدایە، بەڵام هەروەها بەبۆنەی بە یاسایی کردنی لە کۆمەڵگای ئێران لە ماوەی سێ دەیەی رابردوودا دەچێتە خانەی زوڵمی سیاسیشەوە. حکومەتی ئیسلامی ئێران بە بیانوی حیجابەوە بەردەوام و شێلگیرانە ژنانی داوەتە بەر پەلامار وزەخت و زۆر, بە گۆپاڵی حیجاب دوژمنایەتییەکی ساختەی لە نێوان ژنی "موسڵمان" و ژنی "کافر"دا پێکهێناوە و ناڕەزایەتی و بێزاری ژنانی لە بارودۆخی نالەبار و نامرۆڤانەی داسەپاو بە سەریاندا، بەردەوام بە چەکی "حیجاب" دامرکاندووە و بە شێوەیەکی ئاشکرا جیاوازی نێوان ژن وپیاو و هەڵاواردنی جینسی لە کۆمەڵگادا لە هەموو کاتێک زیاتر پەرەپێداوە.

تەڵاق نەدانی ژن لە کاتێکدا کە ژن خوازیاری تەڵاق سەندنە، فرەژنی پیاو تەنانەت بەبێ ئیزنی ژنی هەوەڵ، نەدانی مافی سەرپەرشتی منداڵان بە ژن لە کاتی جیابوونەوەدا، بەرگری کردن لە کاری ژن لە دەرەوەی ماڵ و بێدەسەڵاتی ئابووری، لە جوملەی

توندوتیژی حقوقی دان.
ڕاگرتنی دەسەڵات بە بێ توندوتیژی ئەویش لە چوارچێوەیەکدا کە سنووری بۆ دابین نەکرێت، لە کۆمەڵگا و لە بنەماڵەدا، بەڕێوە ناچێت. نەوعەکانی خشونەت بەرامبەر بە ژنان هەر وەکوو ڕادەی کاریگەرییەکەی بەرفراوان و جوراوجورە.

توندوتیژی بەرامبەر بە ژنان گرفتێکە کە لە وڵاتانی لە حاڵی پەرەسەندندا، شارستانییە کۆنەکاندا، وڵاتانی دێموکراتیک، وڵاتانی ئیستیبدادی کەم تا زۆر هەیە وتەنانەت هاوکات لە گەڵ قەیرانە کۆمەڵایەتییەکانی دیکەش وەکوو شەڕ، قەیرانی ئابووری و هتاد زیاتر پەرە دەستێنێت. بۆ ئەو ژنانەی کە کچی ماڵن، خوشکن، هاوسەرن، بووکن، هاوسەری پیشوون، هاوژینن، ئاسمانی ئەم زوڵمە هەزار وێنەیە هەر یەک ڕەنگە.

ئاماری ڕەسمی یەکیەتی ئوروپا دەڵێ کە توندوتیژی ناو بنەماڵە گرینگترین هۆکاری مەرگ لە نێوان ژنانی ١٦ تا ٤٤ ساڵدایە لە ئوروپا. نەخوشی شێرپەنجە و ڕووداوی ماشێن بە نیسبەت توندوتیژی بنەماڵە لە ڕادەی دوهەم و سێهەمدان.

بێدەسەڵاتی مالی و ئابووری ژن بناغەی توندوتیژی پیاو دەرحەق بە ژنە. بە گوێرەی لێکوڵینەوەکان، سەرەڕای دەورەگەلێکی ناوبە ناو لە ڕەفتاری سووک و نامرۆڤانە بەرامبەر بە ژنان، ئەوان لە سالی هەوەلی هاوسەری، لە دوای منداڵ بوون، لە کاتی تەنگەژەی ماڵی، لە دەورەی دووگیانیدا و لە تەمەنی میانساڵیدا زورتر تووشی توندوتیژی دەبن.

بە کارهینانی وشەی ڕەکیک و ناشیرین، بیانووگرتنی یەک لە دوای یەک، دەنگ هەڵبرین و تووڕەیی، دەستووردان و داخوڕین، هەڕەشەی کوشتن، بێبەش کردن لە خواردن، کوتەک و لێدان، مەجبوور کردن بە کاری پێچەوانەی ئەخلاق و قانوون، پێش گرتن لە سەربەخۆیی ئابووری، لە خوارەوە بوونی حەقدەستی کارکردنی ژنان لەچاو حەقدەستی پیاوان، پێوەندی جینسی بەزۆر، مەجبوور کردن بە دیتنی فیلم و وێنەی دژی ئەخلاق، فرەژنی، بێبەش بوون لە سەرپەرشتی مندال لەدوای جیابوونەوەی ژن و پیاو، قاچاغی کچان و ژنان بۆ وڵاتانی دنیا و بازرگانیی سێکس، بەردەباران، ,سیغە یان هاوسەریەتی کاتی،حیجابی زۆرەملی، قەدەغە کردنی ئیزدواجی ژنی موسڵمان لەگەڵ پیاوی غەیری موسڵمان، بەحیساب هێنانی کچی تەمەن ٩ ساڵ وەکوو ژنی باڵغ، بەحسێب هێنانی ژن بە نیوەی پیاو لە قەزاوەت و شەهادەتدا، بەرپێگری لە خوێندن و فێربوونی زانست بۆ کچان، خەتەنەی کچان، لەناوبردنی منداڵی کچ پێش لە دایک بوون و دەستدرێژیی جینسی سیستماتیک لە کاتی شەڕ و لە بەندیخانەکاندا، وێنەکان و شێوەکانی توندوتیژی دژی ژنانن.

بەگوێرەی سەرچاوەکان بازرەگانیی سێکس بە ژنان لە دوای قاچاغی چەک و مادە سڕکەرەکان سێهەمین بازرگانی پرسوود و نایاساییە. بە پێی ڕاپۆرتی ڕێکخراوی نێونەتەوەیی "کار"، ئەمە نمونەیەکی بەرچاو لە هەڵاواردنی سەردەمی هاوچەرخە بۆ ژنان. ساڵێ میلیۆن و نیوێک ژن بە قاچاغ دەس بە دەس دەکرێن. قاچاغبەرەکان و کڕیارانی ئەم بازرگانییە دزێوە لە ڕێگای پۆستی ئەلەکترۆنیکەوە بە نێوی "بووکی سفارشی" ئەم کچان و ژنانە بۆ وڵاتانی دنیا بەڕێ دەکەن و دواتریش بە مەبەستی کەڵک لێ وەرگرتنی جینسی دەدرێنە وڵاتی سێهەم. قاچاغچییەکان بۆ هێنانی ئەم کۆیلانە تەرحیکیان هەیە بە نیوی "تەرحی ڕاو"، ئەویش ئەوەیە کە ئەم ژنە دزراوانە لە

سەرەتاوە بۆ ماوەی ٤٢ سەعات لە دیویکدا حەبس دەکرێن و ٧ - ٦ کەس دەستدرێژییان پێدەکەن. لە دوای ئەم کارەساتە ئەم ژنانە لە باری دەروونی و باوەر بەخۆوە دەڕووخێن ولە لایەکی تریشەوە بە هۆی نەبوونی جێگا و سەرپەناوە دەبنە بوونەوەرێکی بە تەواوی فەرمانبەر و بێئیرادە. ڤیزا و پاسپۆرتەکانیشیان لەلای قاچاغبەرەکانە و بۆیەش ناتوانن هەڵێن و لە لایەکەوە لە ترسی گرتنی پۆلیس و لەم لاشەوە لە ترسی قاچاغچییەکان ئەو ژیانە ژێردەستەییە و وئەو سووکایەتییە قەبووڵ دەکەن. بە گوێرەی مەجمەعی پارلمانی شورای ئوروپا لە سەدەی ٢١دا هێشتا کۆیلە لە ئوروپا ماوە و و زوربەشیان ژنانن و بە نێوی کارەکەری بۆ ماڵان دەفرۆشرێن بە وڵاتانی دیکە.

توندوتیژی دەرحەق بە ژنان ریشەی لە هەڵاواردنی رەگەزیدایە و هەروەها پەرە پێدەریشیەتی. توندوتیژی ناهێڵێت پێناسەی "پیاوانە" لە سایەی زانست و تێگەیشتنێکی ئینسانی و فەرهەنگێکی ئازادپەروەرانەوە بکەوێتە بەر رەخنەوە، مەودا بۆ ژن ناهێڵێتەوە بۆ فکر کردنەوە ودەربازبوون، ئاستی چاوەروانی و خواستەکانی دێنێتە رادەیەکی خوارەوە تا ئاستی کۆیلەیەک، ناهێڵێت مەنتقی لاوازی "پیاوسالاری" و زاڵ بوونی پیاو بە هۆی فیزیکی بەهێزەوە بکەوێتە لاوە و تەریک ببێتەوە. "پیاوسالاری" بو راگرتنی دەسەلاتەکەی نیازی بەم "زۆری بازوو"ە هەیە. سروشتی و ئاسایی بوونی ئەسلی "ژێردەستەیی" ژن بۆتە باوەڕێکی قووڵ نەک هەر لەنێو پیاواندا بەڵکوو بەداخەوە لە نێو ژنانیشدا. توندوتیژی لە وەها بارودوخێکدایە دەوام دەهێنێت.

پسپۆڕان دەڵێن ئەورۆ بنەماڵە پڕمەترسیترین شوینە بۆ ژن. لە وڵاتانێک کە بەتایبەت پشتیوانی دەسەڵات وکۆمەڵگا لە ژن بە عورف و بە شەرع لە پێناوی دامەزراندن ودابین کردنی هەڵسوکەوتێکی ئینسانی نیوان دوو لایەنی ژن و پیاودا لە ئارادا نییە و نەسەلماوە، ئەم دیاردەیە و کاریگەرییەکانی لەسەر نەک تەنیا هەر ژن بەڵکوو منداڵ و بەگشتی بنەماڵەش دەورێکی زۆری هەیە. توندوتیژی لە حەنای منداڵ لە بنەماڵەدا لە لایەن باوک و دایکەوە بە نێوی "ئەدەب" و "پەروەردە" قەبووڵ کراوە و سنووریشی بۆ دانەنراوە. هەر بۆیە بەم بیانووەوە لێدان لە منداڵ و بەتایبەت منداڵی کچ ئاساییە و لەم رێگایەوە توندوتیژی لە بنەماڵە دا پەرە پێدەدرێ. لە ئاکامدا نەوەیەکی نەخۆش لەباری دەروونییەوە و هەروەها کومەلایەتیشەوە پەروەردە دەکرێت کە تێیدا منداڵی کچ هەر رێڕەوی خامۆش و بێ تەوەقوعی رێگای دایکیەتی و منداڵی کوڕیش هەڵسوکەوتی باوکی دەکاتە پێوانە و نموونە بۆ هەڵسوکەوت لە گەڵ شەریکی ژیانی.

ئامارەکان ئەوە دەسەلمێنن کە پانتایی و سنووری کاریگەرییەکانی توندوتیژی چوارچێوەی خێزان و بنەماڵە تێپەر دەکات. واتە ئەوانەی کە زورتر ئاسایش و ئەمنییەتی کۆمەڵگایش دەخەنە مەترسییەوە کەسانێکن کە شاهیدی توندوتیژی لە بنەماڵەیاندا بوون لە تەمەنی مندالی و مێرمنداڵیدا. کە وایە نائەمنی لەنێو بنەماڵەدا نائەمنی کۆمەڵایەتیشی پێوە بەسراوە.

کۆمەڵگای سوننەتی و پاش کەوتوو، کێشەی ژن و منداڵ و بەگشتی توندوتیژی لە بنەماڵەدا بە کێشەیەکی خوسووسی دەزانێت و دەوڵەت و دەزگاکانی لەم چوارچێوەیەدا لەمەڕ چارەسەر کردنی ناکۆکی و توندوتیژی بەرپرسایەتییان نییە. بەڵام کۆمەڵگای پێشکەوتوو ئەم بەرپرسایەتییە ناخاتە سەر ئەستۆی تاک، بەڵکوو دەوڵەت بە نوێنەرایەتی خەڵک و کۆمەڵگا بە پێی یاسا بریار دەدات. یاسا لەلایەکەوە دەبێتە ژێرخانی نەزم و دادپەروەری و لە روویەکی دیکەوە فەرهەنگی پێشکەوتوو پەرە پێدەدا. چون تەنیا

یاساش نییە کە کاریگەری هەیە، بەڵکوو فەرهەنگیش دەبێ ئاڵوگۆڕی بە سەردا بێت. میدیا دەبێ دەوری بێلایەن و بەئینسافی هەبێت لە ناساندنی رواڵەتی زوڵم و زۆردا و لە دەرخستنی دەنگی نارەزایەتییەکاندا. بزووتنەوەی ژنان و هەموو بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان و دام ودەزگاکانی کۆمەڵگای مەدەنی لە کوردستان نیازیان بە راشکاوی، لێبڕاوی و شەفافیەت لەم ڕێگایەدا و لە هەمان کاتدا "یەکبوون و یەک دەنگیش" هەیە. نەک هەر ژن کوژی، بەڵکوو هەموو ئەم دیمەنانە لە توندوتیژی بەرامبەر بە ژن بە هەموو هەوڵ و تەقالایەک دەبێ بگۆڕدرێت، دەبێ لە باری ئەخلاقییەوە عەیب و شوورەیی و لە رووی یاساییەوە سزاهەڵگر بێت. توندوتیژی بەرامبەر بە ژن نابێت بێسزا بمێنێتەوە. تێکۆشان بۆ دابین کردنی یاسایەکی مۆدێرن، دێمۆکراتیک و مرۆڤدۆستانە بەرهەمی کاری دەسەڵاتێکی مۆدێرن و دێموکراتە. هەر بۆیەش ئەم خاڵانەی خوارەوە وەکوو خاڵگەلێکی سەرەکی لە پرۆژەیەکی جیدیدا بۆ پێکهێنانی بارودۆخیکی ئازاد و ئەمین دەبێ بەئەنجام بگات و ببێت بە سەرەتایەک بۆ ڕیفۆرم لەمەڕ داکۆکی کردن لە کەرامەت و کەسایەتیی ئینسانی ژن و لەم ڕێگایەشەوە بەهرەمەند بوون لە بنەماڵەیەکی سالم و سەرفەراز:

* جیاکردنەوەی شەریعەت لە حکومەت.

* دارشتنی یاسایەکی نوێ لەسەر بناغەی راگەیاندنی جیهانیی مافی مرۆڤ.

* تەزمینی پشتیوانی قانونی و خێرای نیهادە قانونییەکانی وەکوو پولیس و دەزگا ئەمنییەتییەکان لەو ژنانەی کەوتوونەتە بەر توندوتیژی.

* لێکۆڵینەوەی قانونی لەلایەن دەزگای حکومەتی و قەزاییەوە لە سەر کەیسی کەسانێک کە ژن لە ریگای فیزیکی، جینسی، دەروونی و هتاد دەدەنە بەر پەلامار و هەرەشە و بە سزا گەیاندنی ئەو کەسانە.

* دابین کردنی بودجەیەکی شیاو لەلایەن دەوڵەتەوە بە مەبەستی پەروەردەکردنی کادر و کەسی پسپۆر لەم بوارەدا وەکوو راوێژکاری کۆمەڵایەتی و راوێژکاری بنەماڵە.

* دانانی ماڵی "ئەمن" بو ئەو ژنانەی کەوتوون و دەکەونە بە رپەلاماری توندوتیژییەوە و دابین کردنی سیستەمی حەرەس ونیگابان بۆ پارێزگاری لێکردنیان.

* فێر کردنی ژنان و پیاوان بە چۆنیەتی بە کار هێنانی پێوەندی شیاو و بەرابەر لە نیوان ژن وپیاودا، لە باری زانستی، فەرهەنگی، بیهداشتی و ئەخلاقییەوە.

* قەدەغە کردنی تەمێی جەستەیی منداڵان لە بنەماڵە و لە کۆمەڵگادا کە دەبێتە هەوێنی ئاسایی کردنەوەی توندوتیژی بە گشتی.

* دانانی کلاس و دەورەی فێرکردنی خویندن و نووسین، هەروەها و بە گشتی خوێندن بۆ ئەو ژنانەی کە شانسی خوێندنیان نەبووە، لە شار ولە گوند و بە تایبەت بو ژنانی قوربانی توندوتیژی.

* دانانی دەوەرەگەلێک بۆ فێرکردنی پیشە و شوغل بە گشتی بۆ ژنان تا شانسی کاریان زیاتر و بەرێوە بردنی ژیانیان و سەربەخۆیی ئابووریان زۆرتر تەزمین بکرێت.

* دارشتنی تەرحی "بەلاوەچونی موسبەت" واتە تەبعیزی موسبەت بۆ ژنان وەکوو توێژێکی کۆمەڵایەتی کە زوڵمیان لێکراوە و بەشیان لە دەسەڵاتدا لە گەڵ نەقش و دەوریان لە کۆمەڵگادا نایتەوە. ئەم شێوەیە کاریگەریی بەرچاوی لە سەر گەشە پێدانی عەقلیەتی مودێرن و بەرابەریخوازانە لە نێو کۆمەڵگادا هەیە و لە زوربەی وڵاتانی پێشکەوتوو تاقی کراوەتەوە.

*** ئێمە وەکوو ژنانی بەدەربەست بە کێشەی ژنی کورد و رزگارییەکەی لە بەشی روژهەلاتی کوردستان، بێگومان ئەزموونی کوردستانی باشوور دەبێ بکەینە نمونەیەک بۆ دەرس لێوەرگرتن. نەهێڵین لە ئاڵ وگۆڕەکانی داهاتووی کوردستانی ئێران کێشەی ژن لە هەموو لایەنێکیەوە بکەوێتە پەراوێزی کێشە کۆمەڵایەتییەکانی دیکەوە و بە بیانووی سونەت و ئایینەوە ڕێگای سێکولار و مۆدێرنی ئازادی و سەرکەوتنمان وون بکەین.**

**سەرچاوە: وێبلاگی ژنانە - ڕێکەوتی: ١٠ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٠**

# شێوەکانی توندوتیژی دژ بە ژنان




وێڕای سەرهەڵدانی سەدەی بیست و یەک، لەگەڵ هەموو ئەو دەسکەوتانەی کە مرۆڤ لە بوارە جیاجیاکانی ژیاندا بەدەستی هێناوە و لە سەردەمی پێشکەوتن و بە جیهانی بووندا هێشتا نەتوانراوە مرۆڤایەتی بەرەو ڕێگای ئاشتی و خۆشەویستی و هاورێیەتی هیدایەت بکرێت. لەم پێشکەوتنەی ئێستاشدا زۆریەک لە دیاردە کۆن و پاشماوەکانی سەردەمی رابردوو بەدی دەکرێت کە پێشتر کۆمەڵگایان کۆت و ڤێزەون کردبوو. توندوتیژی بە شێوەی گشتی یەکێکە لە دیاردەکانی ڤێزەون و هەڕەشە ئامێز سەبارەت بەو دەستکەوتانەی کە مرۆڤایەتی لە رابردوودا بەدەستی کەوتووە، لەوەش خراپتر ئەوەیە کە توندوتیژی ئەو سنوورە ببەزێنێت و دەستی بگاتە ئاستی چینەکانی کۆمەڵگا، بۆ نموونە ژنان. توندوتیژی دژ بە ژنان یەکێکە لەو پرسیارانەی سەرنجی زۆرینەی شوێن کەوتووانی رووداوەکانی بۆ خۆی راکێشاوە.

ئامارەکان باس لەوە دەکەن کە، ڕێژەی لە سەدا پەنجا و دووی ژنانی فەلەستینی لە ساڵی ٢٠٠٠ دا پتر لە جارێک رووبەڕووی لێدان بوونەتەوە. ڕێژەی لەسەدا چل و حەوتی ژنانی ئۆردۆنس بە شێوەیەکی گشتی رووبەڕووی لێدان دەبنەوە.لە سەدا سی لەسەدی ژنانی ئامریکایی لەلایەن هاوسەرەکانیانەوە رووبەڕووی توندوتیژی جەستەیی دەبنەوە و لە سەدا ٩٥ لەسەدی قوربانیەکانی توندوتیژی لە فەرانسە ژنانن. لە هەر دە قوربانیانی توندوتیژی لە وڵاتی هێند هەشتیان ژنن. ڕێژەی لە سەدا شەستی نیشتەجێ بووانی کەناری خۆرئاوا و غەزە رووبەڕووی هەڕەشەی جەستەیی و سوکایەتی و دەستگیرکردن دەبنەوە. بە چاوخشاندن بەم سەرژمێریانەدا دەردەکەوێت کە ئەو توندوتیژییەی بوونی هەیە تایبەتمەند نیە بە چینێکی دیاریکراو، کلتورێکی تایبەت یا خود رەگەزێکی دیاریکراو، بەڵکو سەرجەم کلتورەکان و دەوڵەتە پێشکەتووەکانیش لە خۆ دەگرێت ئەوانەش کە بە دەوڵەتانی جیهانی سێهەم ناوزەند دەکرێت. توندوتیژی بە واتەی بەکارهێنانی هێز دێت، یاخود رەفتارێک یان کردەوەیەکی لە لایەکەوە بە مەبەستی قۆرخ کردن و مل کەچ کردنی لاکەی تر لە چوارچێوەی پەیوەندییەکی ناپەسەنددا جێبەجێ دەکرێت کە دەبێتە هۆی زیان بەخشی مادی و مەعنەوی و دەروونی. توندوتیژی جوێن دان، دەستدرێژی و کوشتن لەخۆ دەگرێت، ئەمەش لە لایەن پیاوان یا خود دامەزراوەیەک، رژێمێک یان تەنانەت لە لایەن ژنانەوە بە مەبەستی زاڵ بوون و مل کەچ کردنی ژنانی دیکەوە پەیڕەو دەکرێت. باوەڕ وایە توندوتیژی دوایین

زمانی گوزارشت کردن بێت لە بەرامبەر ئەوانی تردا، لەو ساتەدا کە مرۆڤ هەست دەکات لە ڕێگەی گفتگۆی ئاساییەوە ناتوانێت بە مەبەستەکانی بگات. بەڵام سەبارەت بە ژن، ڕەنگە ئەمە یەکەمین زمانی گوزارشت کردن بێت لەو کاتەدا کە لایەنی بەرامبەر هیچ زمانێکی دیکە شک نابات تا بە کاری بهێنێت. هەر بۆیە ئەم جۆرە توندوتیژییە چەشنێک لە خەمۆکی و دڵ تەنگی و مل کەچی لە ژناندا بەدی دێنێت و توانا و چالاکیەکانیان لاواز دەکات. هۆکارەکانی توندوتیژی، لێرەدا هەوڵ دەدەین تیشک بخەینە سەر هۆکارەکانی توندوتیژیی.

١) خودی ژن خۆی بە ئامرازێکی سەرەکی هێندێک لە جۆرەکانی توندوتیژی و چەوساندنەوە لە قەڵەم دەدات، هەر بۆیە کاردانەوەی ئەو لە پەسەندکردن و چاوپۆشی کردن و بێدەنگی دەبێت چونکە هیچی تری نییە کە ئەمەش بەرامبەر هانی دەدات و زیاتر و زیاتر ژن بچەوسێنێتەوە. ئەم بارودۆخە لای ژن ڕوو لە زیادبوون دەکات لەو ساتەی ژن هیچ پەناگەیەک شک نابات کە هۆکاری پاراستنی بێت.٢) هۆکاری ڕۆشنبیری: نەزانین و نەبوونی زانیاری تەواو لە سەر چۆنیەتی ڕەفتار کردن لەگەڵ کەسانیتر و هەروەها هەست نەکردن بە ئەرک و مافەکانی بە فاکتەری سەرەکی توندوتیژی ئەژمار دەکرێت. نەزانینی لەلایەن هەردوو ڕەگەزەوە دەبێت. هەست نەکردن و نەزانینی ژن بە ئەرک و مافەکانی لە لایەکەوە، نەزانینی لایەنی بەرامبەریش لەبارەی ئەو مافانە لە لایەکی ترەوە سنووربەزاندن و توندوتیژی دێنێتە ئاراوە. وێڕای هەموو ئەمانە ئاستی ڕۆشنبیری تاک و خێزان و جیاوازی ئاستی ڕۆشنبیری لە نێوان هاوسەرەکاندا( بە تایبەت ئەگەر ژن لە ڕووی ڕۆشنبیرییەوە لە ئاستێکی باڵاتردا بێت) بۆیە وەک کاردانەوەیەک پیاو هەوڵ دەدات بە جنێودان و بە کەم سەیر کردن و بچووککردنەوەی ژن لاوازییەکەی خۆی بشارێتەوە.٣)هۆکاری پەروەردەیی: پەروەردەی توندوتیژ تاکی توندوتیژ بەرهەم دێنێ. ئەگەر تاک قوربانی دەستی توندوتیژی بێت ئەوا خاوەنی کەسایەتییەکی لاواز و متمانە بە خۆ نەبوون دەبێت، بۆیە لە داهاتوودا ئەو کەسانە هەوڵ دەدەن توندوتیژی بکەنە فاکتەرێک تاکو لاوازییەکانیانی پێ بشارنەوە. هەروەک زانراوە توندوتیژی هەر توندوتیژی لێ دەکەوێتەوە. ئەم جۆرە توندوتیژییە بە ڕێژەی لە سەدا هەشتاو سێی بارودۆخەکان دا بەرچاو دەکەوێت. بینەری توندوتیژی پەیڕەو کراو لە لایەن باوکەوە کە لە دژی دایک پەیڕەو دەکرێت لە سەر ئەو بنەمایە پەروەردە دەکرێت کە ڕێز بۆ بەها و نرخی ژن دائەنێت و شێوازێکی توند لە ڕەفتاریدا جێبەجێ بکات، ئەمەش بە ڕێژەی لە سەدا سی و نۆی حاڵەتەکاندا بینراوە.٤)داب و نەریتەکان: زۆریەک لە بیر و بۆچوون و داب و نەریتی سەیر دەبینرێن کە لە ناخیاندا خەونی نەفامی بەدی دەکرێت لە جیاوازی کردن لە نێوان ڕەگەزی ژن و پیاودا، ئەمەش هۆکاری بچووککردنەوەی ژن و ڕۆڵی ئەوە و لە بەرامبەریشدا گەورەکردنی ڕەگەزی پیاوە ئەمەش بریتییە لە دانی ماف بە ڕەگەزی پیاو تاکو دەسەڵات و توندوتیژی لە بەرامبەر ژندا پەیڕەو بکات.

هەروەها چەند وتە و پەند و بیروبۆچوون هەن کە لە نێوان خەڵکدا باوە (تەنانەت لە نێو خودی ژنانیش دا) کە ڕەنگدانەوەی ئەم کلتورەیە سەبارەت بەو مافانەی کە بە پیاوی دەبەخشێت و لە بەرامبەر ژندا پیادەی بکات، بۆ نموونە: ژن لەم سەدەدا لە لایەن پیاوەوە لێی دەدرێت (ژن وەک ڕاخەر وایە، هەتا بە بەریا بڕۆیت جوانتر دەبێت) یان (سێبەری پیاو باشترە لە سێبەری دیوار) و هتد. ناتوانین ڕۆڵی هۆکارەکانی ڕاگەیاندن پەردەپۆشی بکەین لەبارەی پتەوکردنی ئەم جیاوازییانە و پەسەندکردنی ئەم توند و تیژییە دژ بە ژنان و لە پرۆگرامە نەشیاوانەدا بڵاو دەکرێن.٥) هۆکاری ژینگەیی: لەو گرفتە ژینگەیانەی کە گوشار دەخەنە سەر مرۆڤ بریتین لە جەنجاڵی و نەبوونی خزمەتگوزاری پێویست، نەبوونی شوێنی نیشتەجێ بوون و زیادبوونی دانیشتووان و هیتر. لەو

ژینگەیەدا کە مرۆڤ تێیدا تێک دەشکێت و هاندەر نییە لە بەدەست هێنانی ئامانجەکان و دەستە بەر کردنی کاری شیاو بۆ لاوان، ئەمەش پاڵنەرە بەرەو توندوتیژی و هەڵچون لە بەرامبەر کەسێکی لاوازتردا کە ئەویش ژنە.٦)هۆکاری ئابووری: لاوازی باری ئابووری کە تاک و خێزان ڕووبەڕووی دەبنەوە، یا خود هەڵ ئاوسانی ئابووری لە سەر ئاستی گوزەرانی ژیان. گرفتە ئابورییەکان وا دەکەن مرۆڤەکان بەرەو توندوتیژی هەنگاو بنێ و ڕق و کینە خۆیان بە توندوتیژی بەسەر ژندا خاڵی بکەنەوە. سەرباری ئەوەش (نەفەقە)ی پیاو بۆ ژن هۆکارێکە بۆ بچووککردنەوەی ژن و هێنانە ئارای توندوتیژی لە دژی ئەو. لە لایەکی تریشەوە ژن ناچار دەکرێت ئەو توندوتیژییە قەبووڵ بکات و بە گوێرەی ئامارەکان ڕێژەی لە سەدا چل و پێنجی حاڵەتی توندوتیژی لە دژی ژنان بەکار دەهێنرێت.٧) توندوتیژی حکومەت و دەسەڵاتەکان: بازنەی توندوتیژی فراوانتر دەبێت ئەگەر ئەو دەسەڵاتە لە ژێر سایەی فەرمانڕەوایی دەسەڵاتی بالاتردا بێت. ئەویش لە ئاکامی پاڵپشتی کردن لەو یاسایانەی کە ژنان دەچەوسێنێتەوە یا خود پشتگیری کردن لەو کەسانەی کە جێبەجێ کاری ئەو یاسایانەن. هۆکارەکان و پەیڕەوکارانیان هەرچەند جیاواز بن، هەروەک ڕاپۆرتی ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی ئاماژەی پێداوە ڕێژەی لەسەدا حەوتی ژنان لە نێوان تەمەنی ١٥ بۆ ٤٤ ساڵان لە سەرتاسەری جیهاندا بەدەست دیاردەی توندوتیژییەوە دەناڵێنن.

٢٠١٠/٠٧/١٣

سەرچاوە: پێشرەو ژمارە: ٢٨٢ - ڕێکەوتی: ١٣ی جوولای ٢٠١٠

# ڕۆژی نێونەتەوەیی خەبات دژ بە توندوتیژی لە هەمبەر ژنان




## ڕەحیم ڕەشیدی

توندوتیژی لە بنەڕەتدا یەکێک لە گرفتە بەرچاوو داخهێنەرەکانی کۆمەڵگای مرۆڤایەتییە. ئەم پەتایە لە شکڵو شێوازی جوراوجۆردا خۆی دەردەخاتو پتر گرێدراوی کۆمەڵگا دواکەوتوو ناسەقاگیرەکانە کە دیکتاتۆری باڵی ڕەشەی بەسەردا کێشاوەو لەواندا کەشو هەوای لەبار بۆ پەروەردەو ڕاهێنانی مرۆڤ تەوەرانەو دێموکڕاتیک وەکوو پێویست نەهاتۆتە گورێ. ئەگەر لەم بەستێنەدا تەنیا ئاوڕ وەسەر توندوتیژی دژی توێژی ژنان بدەینەوە، ئامارەکان لەم بازنەیەدا گەلێک داخهێنەرە.

ئەوە لە حاڵێک دایە کە توندوتیژی لە نێو بنەماڵەداو بە شێوەی کەس پێنەزان زۆر زیاتر لە ڕادەی ئەو توندوتیژیانەیە کە لە کۆمەڵگاداو لە ئاستێکی بەرینتردا ڕوو دەدەنو ئاشکرا دەبنو پینەوپەڕۆ ناکرێن.

لێرەدا بە کورتی ئاوڕیک لە چۆنیەتی هاتنە گۆڕێی بیرۆکەی ڕۆژی نێونەتەوەیی خەبات دژ بە توندوتیژی لە هەمبەر ژناندا دەدەینەوە.

ڕێکەوتی ٢٥ی نوامبری ساڵی ١٩٦٠ی زایینی لە وڵاتی دۆمینیکنو لە سەردەمی دەسەڵاتداریەتی سەرەڕۆیانەی رافایل تورجیلودا، سێ خوشک بە نێوەکانی، ماریت ترزا، بتریە میرابلو منیروا پاش ئەوە ماوەی چەند مانگ لە بەندیخانەدا بە تاوان وەپاڵدانی تێکۆشانی سیاسیی دژی حکوومەت جەزرەبەیان دیت، دواتر لە دار دران.

٢١ساڵ دوای ئەو ڕووداوە واتە ساڵی ١٩٨١ لە ڕۆژانی ١٧ تا ٢١ ژوئیە لە شاری بوگوتا پێتەختی وڵاتی کۆلۆمبیا کۆنفرانسێک لە لایەن ڕێکخراوەکانی داکۆیکاری مافی ژنانو لایەنگرانی مافی یەکسانی لە ئەمریکای لاتینو دوورگەکانی کارائیب بەڕێوە چوو. لەو کۆنفرانسەدا پێشنیار کرا، وەکوو بە بیر هێنانەوەو ڕێزگرتن لە خەباتی ئەو سێ خوشکە ڕۆژی ئێعدامی وان بە ڕۆژی خەبات دژ بە

توندوتیژی دژی ژنان دیاری بکرێت، بەڵکوو ئەوە دەرەتانێ بێ بۆ ئەوەی کۆمەڵانی خەڵک پتر لەگەڵ توندوتیژی دژ بە ژنان ئاشنا بن، لایەنەکانی بناسنو دژبەری لەگەڵدا بکەن.

دوای ئەمە، ساڵی ١٩٩٩ی زایینی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان ئەو ڕۆژەی وەکوو ڕۆژی نێونەتەوەیی دژ بە توندوتیژی دژی ژنان پەسەند کرد، ساڵێک دواتر ئەنجوومەنی ئاسایشی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بڕیارنامەی ١٣٢٥ی لە ژێر ناوی "ژنان گەلاڵەی ئاشتیو ئاسایش" پەسەند کرد.

کۆمیسیۆنی ژنانی سەر بە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ساڵی ١٩٤٦دا بۆ کار کردن لە هەمبەر گرفتی ژنانو مافەکانیان پێکهات. سەرەڕای تێکۆشانی ئەم کۆمیسیۆنە بەرنامەی تایبەت سەبارەت بە مافی ژنان لە ساڵی ١٩٦٧دا پەسەند کرا. ئەو بەرنامەیە بوو بە بناخەی جارنامەی مافی ژنان کە لە ساڵی ١٩٧٩ لە لایەن ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکانەوە پەسەند کراوە.

تاکوو کاتی نووسینی ئەم وتارە لە ١١٤ وڵاتی جیهاندا بە کار هێنانی توندوتیژی دژی ژنان لە ڕووی یاسایەوە هیچ بەربەستێکی لە بەردەمدا دانەندراوە. تەنیا لە ماوەی ١٣ ساڵی ڕابردوودا لە کۆماری کۆنگۆ پتر لە ٢٠٠ هەزار ژن دەسدرێژیان کراوەتە سەر، پەرە گرتنی ئەم دیاردە ئەو ئاکامەی لێکەوتەوە کە ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتوەکان ئەو ڕاستییە لەبەرچاو بگرێ کە دەسدرێژی کردنە سەر ژنان لە کاتی شەڕو داگیرکاریدا وەکوو تاوان دژی مرۆڤایەتی چاوی لێدەکرێ.

یاسای ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بەم جۆرە توندوتیژی دژی ژنان پلە بەندی دەکات:

١. هەر شێوە توندوتیژیەک کە ئاکامەکەی ببێتە هۆی زیان یان ئازاری ڕۆحی، جیسمی یان جنسی، هەروەها هەڕەشە کردن، یان بە زۆر یان خۆ بە ناوی دڵسۆزی بۆ بەرتەسک کردنی ئازادی ژنان لە کۆمەڵگاو بنەماڵەدا لە خۆ دەگرێت.

شێوەکانی توندوتیژی دژی ژنان:

١. جیسمی:

لێدان لە هەر شکڵو شێوەیەکدا، لە قژکێشانو داپلۆسینەوە بگرە هەتا قەتلی نامووسی، تۆندوتیژییە.

٢. ڕۆحی:

هەڕەشە لێکردن، جنێو پێدان، بێحورمەتی کردن، تۆمەت وەپاڵدان، ئەمە هەموو ئەو بوارانە دەگرێتەوە کە لە باری ڕۆحییەوە ئازاری ژنانی لێبکەوێتەوە.

٣. جنسی:

بە زۆر تیکەڵ بوون لەگەل ژن، ئەگەر مێردیشی بێ، هەر جورە هەوڵدان بۆ پێوەندی جنسی لە گەڵ ژنان بە بێ ئۆگریو ڕەزامەندی ژن، توندوتیژی دژی ژنانە.

٤. کۆمەڵایەتی:

ئا. لە پەراوێز خستن، هەڵسوکەوتی نەشیاوو ساردو سڕی لە پێوەندیدا لە لایەن بنەماڵەوە بەرانبەر بەو کچ و ژنانەی کە لە قسەی نێرینەو ئەندامانی دیکەی بنەماڵە وەک باب، خاڵ، باوە گەورە، دایک، خوشک، پور، برا، مێرد، مام، دایە گەورەو... لایان داوە، یان بە پێی ویستو دڵخۆازی ئەوان هەڵسوکەوت ناکەن، بەشێک لە توندوتیژی دژی ژنانە.

ب. چاوەدێری کردنی توندوتۆڵی کچان و ژنان لە لایەن بنەماڵەو کەسو کارەوە.

س. بێبەش کردنی کچانو ژنان یان بەرتەسک کردنی ئاستی بەشداری ئەوان لە چالاکییە سیاسییو کۆمەڵایەتییەکاندا بە بیانووی پاراستنی شەرەفو ناوبانگی بنەماڵەوە.

د. ناچار کردنی کچانو ژنان بە لەبەر کردنی جلو بەرگی تایبەتیو ڕەچاو نەکردنی مافی لەبەر کردنو پۆشین بۆ ئەوان توندوتیژییە.

٥. ئابووری:

لە زۆربەی وڵاتانی دونیا ژنان ئەرکی کار کردنو خزمەت بە بنەماڵەیان لەسەر شانە، لێ بە جێ گەیاندنی ئەو ئەرکە وەکوو کار بۆیان حەساو ناکرێ، هەر بۆیە پتر ژنان لە باری ئابوورییەوە بە مێرد یان پیاوانی بنەماڵەوە بەستراونەتەوە. کچان بە هۆی ئەوەی کە لە زۆر کۆمەڵگادا مافی کار کردنیان لە دەرەوەی ماڵ نییە دەبێ لە لایەن باب یان برا یارمەتی ئابووری وەرگرن، ئەمەش گەلێک جاران مێینە لە بەرانبەر فەرمانبەریو ویستی نێرینەدا مل کەچ دەکات.

گومانی تێدا نیە کۆمەڵی کوردەواری لە لایەک بە هۆی نەبوونی ئازادی، لە ئارادا بوونی کولتووری پیاو مەزنانەو زاڵ بوونی سیستەمێکی کۆنەپەرستانە لە ماوەی دەیان ساڵی ڕابردوودا بۆتە مەیدانێکی پانو بەرین بۆ بەرهەم هاتنەوەی توندوتیژی دژی ژنان.

ئەم توندو تیژییە لە ئاخاوتن، قسەی سووکو ناشرینەوە بگرە تاکوو لێدان، داپڵۆسین، دارکاری کردن، داغ کردنو لە ئاکامداو لە دوایین پلەی خۆیدا واتە کوشتنو لە نێو بردن بەرچاو دەکەوێت، دیاردەیەک کە بە جۆریک شەرەف پارێزیو ئازایەتی چاوی لێدەکرێ...

ئیدی ئەوە تەنیا یاسای کۆنە پەرستانەو داوو دەزووی سیستەمی دارِزاوی دەسەلاتی نا خەڵکی نیە کە کۆسپو کڵو لە بەردەم ئازادیو مافەکانی ژنانی مەدا دادەنێ، بەڵکوو کولتوری ڤیزەوەنی پیاو مەزنیو بە کەم گرتنی مێینە سەرتاپای جومگەکانی کۆمەڵگای گرتۆتەوەو زۆربەی تاکەکانی کۆمەڵگای کوردستان بە ڕەفتارو هەڵسوکەوتی نەشیاو لە پەرە پێدانو چڕترکردنەوەی دیاردەی توندوتیژی دژ بە ژنان دەور دەبینێو بەداخەوە تێیدا بەشدارن.

ئەگەر سەرنج بدەینێ، زۆر زوو لەو ڕاستییە دەگەین کە دەست بردن بۆ ژنان، وەدوو کەوتنیان لە لایەن پیاوانەوە، تانەو تەشەر لێدان، قسە بۆ هەڵبەستنو ناوزڕاندن لە پانتایی کۆمەڵگادا هەیەو کەس ناتوانێ حاشای لێبکات، ئەم ڕەفتارە بۆ هەر مەبەستێک بێ خزمەت کردنە بەو داموودەزگا داپلۆسێنەرە کە هەموو ژیانی خەڵکی کۆمەڵگاکەی لەگەڵ دژواریو تاقەت پڕووکێنی ڕووبەڕوو کردوە.

کێ هەیە کە بتوانێ چاو لە ئاست ئەو ڕاستییەدا بقونجێنێ کە ئێستاش بەشێکی زۆر لە ژنان لە ترسی ئابڕووی خۆیانو لەبەر تێکبەرنەبوونی پیاوان ئەو توندو تیژییەی لە شوێنی کار، یان سەر شەقامەکانو کۆڵانەکانی نیشتمانی مەدا دژ بەوان دەکرێ دەشارنەوەو بەمەش ئەوان بۆ خۆیان ڕاست لە جێگر کردنی ئەو نورمو یاسایانەدا دەبنە ئەکتەرێکی دەورگێر کە ئەوەش بە مەیلی پیاوانی چاوچنۆکو چلێسە...

بەڕاستی ئەوان دەبی چ بکەن، دەرکاندنی ڕەنگە ببێتە هۆکاری سووربوونی دەستی باوک، برا، مام، برازاو...بە خوێن، دەبێتە دەرەتانێ بۆ ئەوەی دەروجیران، خزمو ناسیاوان هەر ژنەی قوربەسەر بە تاوانبارو هۆکاری کێشەکە بزانێو بە قسەی سووکو بردنە ژێر پرسیای کەسایەتی ئەو تەنیا لەبەر ژن بوونی، سەدان جار لە خۆیدا وردو خاشی بکەن، ئالێرەدایە کە ژن بوون دەبێتە جۆرێک لە شورەییو پرۆسەی ژێر دەستە بوونو خۆم بە کەم گرتن، تەنانەت خۆ بە سەرچاوەی نەگبەتیو نەهامەتی زانیین بە قوڵی جێدەگرێو لە هەناویدا ریشە دادەکوتێ.

ئەگەر نایدرکێنێ هەر خۆی دەخواتەوەو پیش دەباتەوە. ناشبێ بۆ خۆی زار بکاتەوە چوونکە ئەو ژنەو لەو وێرانە نیشتمانەدا دەنگ هەڵبڕینی ژنان لەسەر مافەکانیان ئەگەر بۆ پیاوان ئازایەتیو بوێرییە، ئەوا بۆ خاتوونەکان زمان درێژیو بێ حەیاییو ڕوو هەڵماڵدراوییە!

تاکوو ئێستاش ژنانی پاشماوەی ئەنفال، ژنانی دیلو گیراو لە بەندیخانەکانی داگیرکەرانی کوردستاندا لە ترسی پەراوێز کەوتنی خۆیانو درز بردنی شانو شەوکەتی پیاوو بنەماڵەکانیان نەیانوێراوەو ناوێرن سەبارەت بەو هەموو تاوانو دەسدرێژیانە بێنە گۆو بنووسنو درگای قەڵای بێدەنگی بکەنەوە، بەو کارە هەم سیستەمە دارزاوەکانی زاڵ لە قاو بدەن، هەم باری دەروونی خۆیان سووک بکەن، بوار رەخساندن بۆ ژنان بۆ ئەوەی بێنە ئەو مەیدانەوە بەر لە هەموو شتێک ئەرکی پیاوانە کە پەراوێزی ئاسایشیو ڕێزگرتنیان بۆ مسوگەر بکەن، ئەرکی پیاوانە چونکە کۆمەڵگاکە، کۆمەڵگایەکی نێرسالارەو پیاوە لە زۆربەی هەرە زۆری بوارەکاندا بە ناڕەوا خاوەن مافو بڕیار دەرە...

دواخستنی خەبات بۆ وەدی هاتنی مافەکانی ژنان بە هەر بڕوبیانووییەکو لە ژێر هەر ناوێکدا ناڕەوایە، جا ئەو ناڕەوایە چ بە ناوی ئایینو خوداوە بێ، یان خەبات بۆ دابین بوونی ستەمی نەتەوایەتی بێ، یان شەق کردنی ریزی یەک گرتووی چینی کرێکار، خەبات بۆ دژایەتی لەگەڵ توندوتیژی دژی ژنان هەر ئێستا، هەر ئەمڕۆ، چوونکا ئەزموون ئەو ڕاستییەی نیشان داوە کە پاش هاتنە ئارای ئازادیو نەمانی ستەمی نەتەوایەتی لە زۆر کۆمەڵگادا دیسانەوە بە هۆی نەبوونی کولتووری دێموکڕاتیک ژنان هەر ئەوەیان بەسەر هاتۆتەوە کە لەسەردەمی داگیرکاریو سەرەڕۆیی‌دا داوێن گیریان بوە، بگرە زۆر جاران ئەگەر ئاستی بەشداری ئەوان لە گۆڕانو خەباتدا ڕەچاو بکەین، ڕادەی ستەم لەسەریان زۆرتر بوە...

خەبات بۆ دژبەری لە هەمبەر توندوتیژی دژ بە ژنان ئەرکی هەر مرۆڤێکی خاوەن شکۆو ویژدان زیندوە، خەبات بۆ پاراستنی مافی ژنان، خەبات بۆ داکۆکی لە مافی مرۆڤە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی هەڵۆی کوردستان - ڕێکەوتی: ٢٥ی نۆڤەمبەری ٢٠١١

# توندوتیژی دژ بە ژنان و شێوە جۆراوجۆرەکانی



**مێژووی ٢٥ی نۆڤەمبەر، ڕۆژی بەرەنگار بوونەوەی توندوتیژی دژ بە ژنان**

دانانی ڕۆژی ٢٥ی نۆڤەمبەر وەک ڕۆژی جیهانی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژ بە ژنان،بەهۆی شۆڕشی ژنان و پیاوانی ئازادیخواز و یەکسانی خواز لە بەرامبەر سەرمایەداری و حکومەتانی ژێر چەپۆکی سەرمایەداری هاتە ئاراوە.٤٥ساڵ پێش لە ئێستا و لە ڕۆژێکی وەک ئەمڕۆدا،٣خوشکی خەڵکی کۆماری دۆمێنیکەن،بە ناوی خوشکانی میرابیل،لەدوای چەندین مانگ ئەشکەنجە،سەرەنجام لەلایەن ڕێکخراوی ئەمنی سوپای ئەو وڵاتە کوژران.(تاوان)ی ئەم ٣خوشکە بەشداری لە چالاکیە سیاسیەکانی دژ بە حکومەتی دیکتاتۆری زاڵ بەسەر دۆمینیکەن بوو.

٢١ساڵ لە دوای ئەم ڕاستیە،بەواتە ساڵی ١٩٨١،لە کۆنفرانسێک لە بۆگۆتا، پایتەختی کۆلۆمبیا،لەلایەن داکۆکیکارانی مافەکانی ژنان لە ئەمریکای لاتین و ناوچەی کارائیب بەسترابو،پێشنیاری ئەوا کرا کە ڕۆژی کوژرانی خوشکانی میرابیل بکرێتە ڕۆژی بەرەنگاربونەوەی توندوتیژی دژ بە ژنان.ئامانج لەو پێشنیارە ئەوە بوو کە هەم ڕێز لە خەباتی ئازادیخوازانە و یەکسانیخوازانە و بوێریی ئەم ٣خوشکە گیانبەختکردوە بگرن و هەم سەرەنجی بیری گشتی بەرە لای بەرەنگار بونەوەی توندوتیژی دژ بە ژنان ڕابکێشن.ئەم هەوڵانە بوەهۆی ئەوەی تا لە ساڵی ١٩٩٩.ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکانیش ڕۆژی ٢٥ی نۆڤەمبەری بە ڕۆژی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژ بەژنان بە ڕەسمی ناساند.

ساڵێک دواتریش،ئەنجومەنی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان،بە واتای لە ساڵی ٢٠٠٠بڕیارنامەی١٣٢٥ی بە ناوی(ژنان،ئاشتی و ئاسایش) پەسەند کرد.تەوەرە سەرکیەکانی ئەم بڕیارنامەیە، پێشگیری کێمەکیش و دژایەتی لە ناوەوە و لە نێوان کیشوەرەکان،دەستەبەری بەشداری ژنان لە ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و هەروەها پێشگرتن لە زیادبوونی توندوتیژی دژ بە ژنانی دەگرتەوە.ئەم بڕیار نامەیە هۆکارێکە بۆ ئەنجامدەرانی کردەوەی توندوتیژی دژ بە ژنان بکێشرێنە لای مێزی دادگایکردن.بەڵام بەداخەوە نە تەنیا ڕێکخرای نەتەوەیی،بە کردەوە دەرهێنانی ئەم بڕیار نامەیە خۆی لە چاو زۆربەی بڕیارنامەکانی تر پەیگیری نەکرا و هیزی بەکردەوە دەرهێنانی نەبوو،بەڵکو دەوڵەتانی جینایەتکار و دژەژنیش کە ئەندامی ڕیکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکانن،

بەشێوەی گشتی بڕیارنامە گەلێکی ئاوا قبوڵ ناکەن و بەردەوام و بێپسانەوە لە هەموو زەمینەکانی ئابوری،سیاسی،کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی هەڵاواردنێکی بەربڵاو و ئاشکرا دژ بە ژنان ئەنجام دەدەن.

لە ماوەی ١٢ساڵی ڕابردوودا،بە واتای لە کاتی بڵاو بوونەوەی بڕیار نامەی(ژن، ئاشتی و ئاسایش) ئەنجومەنی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، ڕۆژی ٢٥ی نۆڤەمبەر، بە خۆپیشاندان و ڕێپێوان، گەڵاڵەکان و ڕێگەی کارە یاسایی و مافەکان، بەڕێوەبردنی چەندین سیمیناری زانستی و پسپۆڕی و... بەڕێوە دەبرێت.

بان کیمۆن سکرتێری گشتی ڕیکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان،ساڵی پار لە وتەیەکیدا بە بۆنەی ٢٥ی نۆڤەمبەر،توندوتیژی دژ بە ژنانی بە کەموکورتییەکانی مافی مرۆڤ وەسف کرد.هەروەها جەختی لەوەش کردەوە کە کردەوەی توندوتیژیی جۆرێکە لە جۆرەکانی تاوان و جێگەی پەسەند نیە و هەروەها لەبارەی پەرەسەندی هەوڵەکانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان لە بەرامبەر ئەم دیاردەیەش دوا.

مۆن،داوای لە ئەنجومەنی ئاسایش کرد کە سیستمێک بۆ چاودێریکردن و پاراستنی خەبات لەگەڵ ئەم جۆرە تاوانانە دابنێت.

سکرتێری گشتی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان درێژەی بە قسەکانی دا لە ڕاگەیاندنێکی خۆیدا ڕایگەیاند کە شەخصەن مەبەستیەتی کە لیژنەی بەڕێوەبردنی کارزار لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان وە ئەستۆ بگرێ کە تا ساڵی ٢٠١٥ بەردەوام دەبێت و گرێدراوە بە بەهیز کردنی حەساسیەت سەبارەت بە توندوتیژی دژ بە ژنان و بەهێز کردنی ئیرادەی سیاسی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم دیاردەیە.بان کیمۆن تەئکیدیشی کردەوە لەناوبردنی هەموو جۆرە توندەتیژییەکان دژ بە ژنان ئامانجی ئاشکرای ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکانە.

## توندوتیژی چیە؟

توندوتیژی شێوەیەکە لە ڕەفتارکردن کە بۆ کۆنترۆڵ و دروستکردنی ترس و تۆقاندن بەرامبەر تاک و یان کۆمەڵگا ئەنجام دەدرێت و زیاتر بۆ کۆنترۆڵی جوڵە و ڕەفتار و کردەوەی تاکەکان کەڵکی لێوەردەگیرێت کە دەبێتە هۆی زیانەکانی ڕۆحی،دەرونی و جەستەیی بۆ سەر مرۆڤەکان.

چەپاندن،تیرۆر،زیندان و ئەشکەنجە،لەسێدارە دان و دروستکردنی ترس و خۆف لە کۆمەڵگا توندوتیژی گەلێکن کە ڕژێمە دیکتاتۆر و ئاینیی و مرۆڤ ئازار دەرەکان لە ڕیگەی کەرەستەی سەربازی و چاودێریکردن و سیخوڕەکانی خۆیانەوە کە لەژێر ڕکێفی حکومەتدان دژ بە کۆمەڵگا بەکاریان دەهێنن.

لە کۆمەڵگایەکدا کە ئایین و دابونەریتە کۆن و بەسەرچوو و فەرهەنگی باوکسالارانە کە لەلایەن خودی سیستەمەوە بۆ دوبەرەکی و ملکەچ کێشانی خەڵک لەوە وەردەگرن و تێکهەڵکێشی تانوپۆی کۆمەڵگای دەکەن و دەبێتە هۆی برەوپێدانی توندوتیژی،

هەژاریی و دەستبەتاڵی و باوەڕە ژن ئازاردەرەکان بیروباوەڕی پیاوسالارانە و پەرەسەندنی توندوتیژیی لە کۆمەڵگا،کە قوربانیانی سەرەکی ئەم توندوتیژیانە لە ڕاستیدا هەمو تاکەکانی کۆمەڵگا و بە ڕیژەیەکی زۆر ژنان و منداڵانن.

**قسە لەسەر توندوتیژی بەرامبەر ژنان و شێوە جۆراوجۆرەکانە.**

ئامارە دڵتەزینەکان لەبارەی توندوهتیژی دژ بە ژنان لە سەرانسەری دونیا بەتایبەت لە کیشوەرەکانی جیهانی سێهەم ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ زیاتر و بەربڵاوتر دەبێت،ئەم توندوتیژییانە کە بەشێوەی جۆراوجۆر ئەنجام دەدرێت پێکدێت لە؛

* توندوتیژی جەستەیی؛کە ئەم شیوازانە لە خۆ دەگرێت؛گرتن و بەستنەوە،چنگ لێگرتن، ڕاکێشانی قژ، دەرکردن لە ماڵ، لێدان، بێبەش کردن لە خواردن،گاز لێگرتن، زلە لێدان، مشت و شەق لێدان و پاڵ پێوەنان.

* توندوتیژیی خێزانی؛کە تێکشکانی مێزی خواردن، شکاندی کەلوپەلی ناوماڵ و... هتد

* توندوتیژی دەرونی قسەیی؛یەکێکی ترە لە شێوازەکانی توندوتیژی کە بەرامبەر ژنان ئەنجام دەدرێت کە بە بەکارهێنانی قسەی ناحەز و سوک و تۆمەت دانە پاڵ،بەهانەگرتنی زوو زوو، قسە لەگەڵ یەک نەکردن و لاوازیی خۆشەویستی، ڕەخنە گرتن لە شێوەی جسم و جلوبەرگی ژن خۆی دەبینێتەوە.

* توندوتیژیی ڕەگەزیی و ناموسی؛ دەستدرێژی سێکسی، خەتەنەی ڕەگەزیی، کوشتنی ناموسی، ناچارکردنی لەباربردنی منداڵ، یان دوگیانی بەزۆر و نەویستراو، نەبونی پاریزگاری تەندروستی ڕەگەزیی، پێشگرتن بە هەبونی پەیوەندی ڕەگەزیی، لە هەر یەک لەم توندوتیژیانە خۆی باسێکی قوڵ هەڵدەگرێ.

* یەکێکی تر لە جۆرەکانی توندوتیژی هەڕەشە ی ئازار دان و کوشتنە؛ هەڕەشەی ئازار دانی کەسە نزیکەکانی دەوروبەری ژن، لەوانە دزینی منداڵ...هتد

* توندوتیژیی ئابوریی؛ زۆرێک لە پیاوان بە کەڵک وەرگرتن لە هۆکاری دارایی و ئابوریی، ژنیان خستۆتە ژێر ڕکێفی خۆیانەو دەیان چەوسێننەوە. ئەم پیاوانە ڕێگە لە سەربەخۆیی دارایی هاوسەرەکانیان دەگرن،لە دارایی تایبەتی ژناندا دەستوەردەدەن بە نەدانی خەرجیی ماڵ و نەدانی پارەی تەواو بۆ ژنان کێشە و نەهامەتی دارایی دروست دەکات.

* توندوتیژیی یاسایی؛ تەلاق، فرە ژنی،سیغە، پەیوەندی دور لە چاوی ژن و پەروەردەی منداڵ، پێشگرتنی پیاو لە جیابونەوە لە ژنەکەی بە پێچەوانەی حەزی ژنەکە.

* ڕێگە گرتن له نه‌شونمای فیکریی، په‌روه‌رده‌یی و به‌شداری له چالاکی کۆمه‌ڵایه‌تی کارکردن، جۆرێکی تره له توندوتیژی که ده‌بێته هۆی سنوردار کردنی په‌یوه‌ندی ژن له‌گه‌ڵ کۆمه‌ڵگا، خێزان و هاوڕێیانی.

* توندوتیژیه‌کانی تر؛ توندوتیژیی له دژی هاوڕه‌گه‌ز بازانه که سوکایه‌تی پێکردن، و گاڵته پێکردن و له‌به‌رچاو نه‌گرتنی مافه مرۆییه‌کان ده‌گرێته‌وه.

له دونیای ئه‌مرۆیدا که سه‌رمایه‌داریی و ده‌وڵه‌تانی لایه‌نگری سه‌رمایه، چاوسه‌ندنه‌وه‌یه‌کی بێ وێنه‌ی به‌سه‌ر جه‌ماوه‌ری خه‌ڵكدا هێناوه، به تایبه‌ت سته‌م له به‌رمبه‌ر ژنان، ته‌نها به ئازاری ڕه‌گه‌زیی و جه‌سته‌یی و ڕۆحیی ژنان سنوردار نه‌بوه، به‌ڵكوو چه‌وساندنه‌وه‌یه‌کی زۆر قوڵتر له‌وه و سامناک تر له‌وه له ئارادایه؛ سیستمی سه‌رمایه‌داری ڕێک سته‌م له به‌رامبه‌ر ژنان و پیاو سالاری به شكڵ و شێوازی جۆراوجۆر له کۆمه‌ڵگا به‌رهه‌م دێنێته‌وه په‌ره‌ی پێده‌دا، که‌واته خه‌بات له دژی سته‌م به‌رامبه‌ر ژنان، ناتوانێت له خه‌باتی چینایه‌تی له‌گه‌ڵ سیسته‌می سه‌رمایه‌داری بێ ده‌ست بردن بۆ بنه‌ڕه‌ته مێژوییه‌کان چه‌وساندنه‌وه‌ی ژن له‌گه‌ڵ ده‌ستپێکی چین و په‌یوه‌ندی سه‌رمایه‌داری جیابێت.

لێکدانه‌وه لیبڕالیه‌کان و خه‌بات له دژی نا یه‌کسانی ژن له‌گه‌ڵ ئاسۆ و داهاتووی ئه‌م بیروباوه‌ڕه، سه‌ره‌تا چه‌وساندنه‌وه‌ی مێژویی ژن به‌لاڕێدا ده‌بات، و دووه‌م خه‌باتی ژنان به کۆمه‌ڵێک گۆڕانکاری یاسایی له چوارچێوه‌ی سیسته‌می سه‌رمایه‌داری سنوردار ده‌کات.

توندوتیژیی و هه‌ڵاواردنی ژنان و چه‌وسانده‌وه‌ی ژن، له‌و کاته‌وه‌ی که چینه‌کان له مێژوودا سه‌ریان هه‌ڵداوه،چووه ناو قۆناغێکی نوێوه. پێش له‌و مێژووه،ژنان له هه‌موو بواره‌کاندا له‌گه‌ڵ پیاواندا هاوبه‌ش بوون. ئێستاش له‌گه‌ڵ ئه‌وه‌ی که سه‌رمایه‌داری له ته‌واوی جیهاندا زاڵه و به‌شێوه‌یه‌کی کاتی باڵاده‌سته به‌ڵام توندوتیژیی له به‌رامبه‌ر ژنان، له توندوتیژیی حکومییه‌وه بگره تا توندوتیژیی له خێزاندا، له شوینی کار و سه‌رشه‌قامه‌کان به شێوه‌گه‌لێکی جۆراوجۆر له ئارادایه.

توندوتیژیی له دژی ژنان،له‌گه‌ڵ بانگه‌شه کردنه‌کانی حکومه‌ت و ڕێکخراوه‌کانی نێونه‌ته‌وه‌یی سه‌باره‌ت به که‌م بوونه‌وه‌ی، هه‌روه‌ها دیارده‌یه‌کی به‌ربڵاو و ئاشکرا و قیزه‌ونه. ژنانی جیهان، له‌گه‌ڵ جیاوازییه‌کان له وڵاتانیی جۆراوجۆر، ئامانجی توندوتیژییه هه‌مه‌ڕه‌نگه‌کان، له سه‌رکوتی حکومیی، لێدان و بێڕێزی له کۆمه‌ڵگا و بنه‌ماڵه، سووکایه‌تیپێکردن، خه‌ته‌نه‌ی ڕه‌گه‌زیی و بێبه‌شی ئابوریی بگره تا قوربانی کوشتنه ناموسییه‌کانن. هه‌ڕه‌شه و توندوتیژیی زمانی و قسه‌ییش به‌شێکه له‌م توندوتیژییانه.

ئاماری سندوقی کۆمه‌ڵی ڕێکخراوی نه‌ته‌وه یه‌کگرتووه‌کان، به‌راوردی کردوه که ساڵانه ٥٠٠٠ ژن له سه‌رانسه‌ری جیهان له‌لایه‌ن خێزانه‌کانیانه‌وه به هۆکاری ناموسی ده‌کوژرێن. له‌هه‌ر ٥ ژن ١ ژن رۆژانه ده‌ستدرێژی یان هه‌ڕه‌شه‌ی ده‌ستدرێژی سیکسیان ده‌کرێته سه‌ر.

بۆ ڕیشه کێش کردنیی توندوتیژیی دژ به ژنان نه ته‌نیا ئه‌بێت خه‌باتی هه‌مه‌لایه‌نه دژ به دابو نه‌ریته‌کان، فه‌رهه‌نگ و که‌لتوری

ئاینی و کۆنەپەرستانە و فەرهەنگی پیاوسالاری ڕێکخراو بکرێت، بەڵکوو ئەبێت خەباتی بەردەوام و بێپسانەوە دژ بە سیستەمی جیاکردنەوە و نایەکسانی سەرمایەداریی کە بە دواکەوتوویی و نایەکسانی بۆ بەردەوامی ژیان پێویستی پێیە و دەوڵەتانی پاریزگاری ئەم سیستەمەیش ڕێکخراو بکرێن.

هیچ مرۆڤیکی یەکسانی خواز، ناتوانێت تەماشاچی بێڕێزیی و توندوتیژی دژ بە ژنان بێت. ئەبێت لەهەر هەلێک کە دەرەخسێ کەڵک وەربگرن بۆ خە بات.ئێستا گۆشەکانی ئەم خەباتە لە چواردیواری ماڵدا سنوردار بکرێتەوە یان لە شوینی کار و خوێندن بە شیوەیەکی گشتی دەبێت لە هەموو مەیدانە کانی کۆمەڵایەتی پەرەی پێبسێنرێت.

هەڕەشە و سوکایەتی کردن بە ژنان، هەڕەشە و سوکایەتی کردنە بە هەموو مرۆڤایەتی. بەمجۆرە،ئەبێت مرۆڤە ئازایخواز و یەکسانی خوازەکانی کۆمەڵگا سەبارەت بە بێ مافی ژنان هەڵوەستەیەکی گونجاو و بەردەوام لە خۆیان نیشان بدەن

سەرچاوە: ماڵپەڕی دەنگەکان - ڕێکەوتی: ٢٥ی نۆڤەمبەری ٢٠١٢

# با هەر ٢٥ نوامبر رۆژی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان نەبێ.



## ڕۆژە عەزیزی

هەموو ساڵێک لە بەرە بەری رۆژی ٢٥ نوامبر رۆژی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی بەرانبەر بە ژنان، ژمارەیەکی زۆر لەو کەسانەی کە خۆیان بە پارێزەری مافی ژنان دەزانن دەست دەکەن بە چالاکی و بڵاوکردنەوەی وتار و وێنەی تایبەت بەو رۆژە و کەناڵە راگەیاندنەکان و سایت و گۆڤارەکان سەرجەم ئەم بابەتە لە خۆ دەگرن، باشە بۆ هیچ کات لە خۆمان ناپرسین بۆ تەنیا رۆژێک لە سەرجەمی ساڵێکی دورودرێژ بۆ ئەم مەبەستە دیاری کراوە؟

بۆ تەنیا لە بەرەبەری نزیک بوونەوە لەم رۆژە گشت لایەکمان بیرمان دەکەوێتەوە؟ بەڵام لە حاڵێکدا رۆژ نیە کە ژنێکی نیشتمانی من ڕوبەڕووی توندوتیژی و هەڵاواردن نەبێتەوە و نەکوژرێ و لێینەدرێ و سووکایەتی پێ نەکرێ.

توندوتیژی دژی ژنان دەستەواژەیەکە کە بۆ هەر کردارێکی توندوتیژکە بەرانبەر بە ژنان دەکرێت بەکاردەبرێ. وەک لێدان و سوکایەتی و ئازاردان لە باری دەروونی وتوندوتیژی لە لایەنی یاسا و چەند جۆرێکی دیکە کە ڕوبەروی مرۆڤ دەبێتەوە بەڵام رەگەزیش لە پلەی یەکەمی ئەم کردارەدا دێ. کۆمەڵی گشتی نەتەوەیەکگرتوەکان ،توندوتیژی بەرانبەر ژنان بەم شێوە پێناسە دەکات(هەر کردارێکی توندوتیژ کە لەسەر بنەمای رەگەزی ئەنجامبدرێت وزەربە لە بواری جەستەی یان ڕەگەزی یان دەروونی بدا ئەوە بە توندوتیژی دژ بە ژنان ناودەبرێ).

بە پێی ئامارەکان رۆژانە رێژەیەکی بەرچاو لە ژنان ڕوبەڕووی توندوتیژی دەبنەوە،یان ئەو توندوتیژیە لە چوارچێوەی خێزان لە لایەن ئەندامانی خێزان وەک باوک و برا،یان لە چوارچێوەی ژیانی هاوسەری لە لایەن هاوسەرەکانیان،یاخود لە شوێنی کار یان لە کۆمەڵگە و لە چوارچێوەی کاروباری ژیانی رۆژانەدا دەبێ.

بە بڕوای من ڕەنگە توندوتیژی جەستەیی کە زۆر جار جەستەی ئەو ژنە بە شێوەیەکی دڕندانە ئازار دەدرێ، بەڵام ئەو جەستەیە ئەگەر ئازاریشی پێگەیشتبێ،ئەگەر ئەندامێکی جەستەی شکێنرابێ و ئەگەر زۆر حاڵەتی دیکەی بە ئازار بە سەر ئەو ژنەدا بێ بە هەر حاڵ بەرەو باش بونەوە دەچێ و ڕەنگە دوای ماوەیەکیش کە جێگاکەی نەما لە بیر بچێتەوە. بەڵام توندوتیژی دەروونی کە زۆر لە توندوتیژی جەستەی ئاسەواری خراپتری هەیە،چونکە ئەو کەسەی لە ڕێگەی ئازاردانی دەروونییەوە توندوتیژی بەرانبەر ئەو ژنە دەکا زۆر کاریگەرتری ئەنجام دەدا و بە پێی ئامارەکان کارتێکەری زیاتری لە سەر ژن هەیە. ئەم جۆرە توندوتیژیە وەک توندوتیژی جەستەی بە جەستەی ژنەوە دیار نیە بەڵام زۆر زیاتر لەو توندوتیژیە کاریگەرە بۆ نمونە وەک: فرەژنی،جیاکردنەوەی دایک لە منداڵەکانی یان لە خزم و کەس، دابین نەکردنی پێداویستیەکانی رۆژانەی، دەرکردن لە ماڵەوە یان زیندانی کردنی لە چوارچێوەی ماڵەکەیدا، تۆمەت لێدان و زۆر شێوەی دیکە.

بە داخەوە لەو کۆمەڵگانەی کە هێشتا ئاستی هۆشیاری کۆمەڵگە زۆر لەسەرەوە نیە،ژن بە ئامرازێک بۆ ڕاپەڕاندنی ئەرکەکانی ماڵەوەیان دەزانن،وەک بەخێوکردنی منداڵ یان ئامادەکردنی خواردن و کاروباری ماڵ.

بەڵام سەرەڕای خەباتێکی لەمێژینەی ژنانی چالاکی بواری مافەکانی ژنان و ڕێکخراوەکانی چالاک لەم بوارە و هەروەها بە خۆشیەوە بوونی پیاوانی یەکسانیخواز،لە کۆمەڵگەکانی وەک ئێمە تا ڕادەیەک ئەم گرفتە بۆ کۆمەڵگەی ئێمە ناسراوە،هەرچەندە تا بە ئێستاش ژنان و کچانێک بە ڕێژەیەکی بەرچاو ڕووبەڕوی ئەم ستەم و زوڵمە دەبنەوە،بەڵام جێگای ئومێدە.

لە بەرەبەری رۆژی ٢٥ نوامبر رۆژی بەرەنگار بوونەوەی توندوتیژی دژ بە ژنان ئاواتە خوازم کە چیتر کۆمەڵگەی ئێمە و گشت کۆمەڵگەکانی جیهان شاهیدی ڕوداوە تاڵەکان نەبین کە بەرەورووی هاورەگەزەکانمان دەبێتەوە. بە هاوکاری ژنان و پیاوانی یەکسانیخواز هەوڵی بنبڕکردنی ئەم دیاردە مەترسیدار و دوور لە مرۆڤایەتیە بدەین. هەوڵی بنیاتنانی کۆمەڵگەیەکی یەکسان و دوور لە هەر هەڵاواردنێکی ڕەگەزی بدەین.

لە کۆتایی دا دەمهەوێ ئاماژە بە شتێکی زۆر گرینگ بکەم ئەویش ئەوەیە کە زۆر جاران ژن خۆی توندوتیژی بەرانبەر ژن دەکا،بۆ نموونە ئەگەر ژنێک لە زۆر بواری جۆراو جۆر دا سەرکەوتوو دەردەکەوێ،لە لایان هاوڕەگەزەکانیەوە بەر پەلاماری قسە و بوختانکردن دەکەوێ کە ئەویش دەگەڕێتەوە بۆ حەسادەت و هیوانەخواستن بۆ سەرکەوتنی یەکتری. هیوادارم ژنان زیاتر لەو هەوڵەدابن کە ئەم دیاردەیە نەمێنێ و هەموو وەک یەک هیوا بۆ سەرکەوتنمان بخوازین.

سەرچاوە: ماڵپەڕی یەکێتی ژنانی دێموکراتی کوردستان - ڕێکەوتی: ٢٦ی نۆڤەمبەری ٢٠١٢

# ٢٥ نۆڤەمبەر و ئاورێک لە مەینەتیەکانی ژنان



## کوێستان عومەرزادە

بێ گۆمان هەموو ساڵێک لە ٢٥ نۆڤەمبەردا بۆ بەرزراگرتنی یادی ئەو سێ ژنەی کە بۆ بەدەستهێنانی مافەکانیان گیانیان لە دەستدا ،کۆمەلێک لە ژنانی چالاکوان لە هەر ولاتێکدا بە چالاکی جۆراوجۆر یادیان دەکەنەوە و ڕێز لە خەبات و تێکۆشانیان دەگرن. تێکۆشانی ئەو ژنانە و یادکردنەوەشیان لە کۆمەڵگای کوردی و مێدیای کوردی ڕەنگی داوەتەوە.

هەرچەندە ژنان لەو سەردەمەدە بە هۆی شرشی تێکنۆلۆژیا تا ڕادەیەک لە پێناو دەستەبەرکردن و داخوازی مافەکانیان هوشیار بوونەتەوە، بەلام ئایا بەراستی لە ماوەی ئەو چەندە ساڵەی کە لە لایان ژنانی چالاکەوە ڕێز لەو ڕۆژە دەگیرێت و بۆ مافەکانیان تێدەکۆشن تا ئیستا هیچ گۆرانکاریەک لە کەمکردنەوەی ڕێژەی توند و تیژی دژ بە ژنان کەم بۆتەوە و یان بەرەو زیاد بوون چووە.
مێژوی سەر هەڵدانی ٢٥ نۆڤەمبەر ئەوەمان بیر دێنێتەوە کە بە هۆی نەبوونی کولتوری دێموکراسی و دەسەلانی دیکتاتۆری توانیویەتی زۆر بە ئاسانی حوکمی خۆی بکا و گیانی ئینسانە ئازادی خوازەکان بخاتە ژێر دەستیەوە. گەر ئاورێک بدەینەوە لە رابردوو واتا بۆ ساڵی ١٩٦٠ و بۆ ولاتی دۆمینیکان، بنەماڵەی میرابل وە ئەو سی خوشکە واتا ( پاتریا، ماریا ترزا و مینروا ) دیتەوە بیر مان کە لەژێر ئەشکەنجەو ئازارد لە لایان دەسەلاتی پاوانخوازی ئەو کات گیانیان لە دەستدا.

ئەشکەنجە و ئازاری ئەوان لە لایەن دەسەلاتدارانەوە بە تاوانی چالاکی سیاسی دژی حکوومەتی " تروجیلو بوو کە لە دژی حکوکمی دیکتاتۆریانە لە ئارا دابوو ئەو کات. بەلام دوای ماوەیەکی کورت واتا ساڵێک کە حکومی تروجیلو رووخا هەر سێ خوشک بە پەپولەکان ناسرا ، ئەوان بونە هیمای خۆراگری و بەرخودان لە دژی دەسەکاتی دیکتاتۆری . ئەوەبوو بۆ یەکەم جار لە ساڵی ١٩٨١ لە لایان فیمێنیستەکانی ئەمریکا ئەو ڕۆژە وەکو ڕۆژی خەبات دژی توندو تیژی یان نەهیشتنی توندو تیژی دەستنیشآن کرا ، پاشآن لە ساڵی ١٩٩١ لە ڕێکەوتی ١٧ ی دیسەمبەر لە لایان ڕیکخراو نەتەوە یەکگرتەوەکان وەکو ڕۆژی جیهانی لە دژی توندو تیژی

راگەیەندرا.

کاتێک بە نێو یادەوری یان میژووی سەرهەڵدانی ٢٥ نۆوەمبەردا دەچینە وەئەو راستیە مان بۆ ئاشکرا دەبێت کە لە بەرانبەر ژنانێک کە بیری ئازادی خوازی یەکسانی و کۆمەڵگایەکی دیموکراتیک ئاواتیان بوو روبەروی توندو تیژی بوونەوە ، بەلام گەر چاو لە یادو بەرز راگرتنی ئەو رۆژە بکەین لە لایان ژنانەوە دەبین ، هەوڵەکان لەو ئاستە دانەبوون کە کوشتنی ژنان بە بیانوی ناموس و شەرەف پەرستی کەم کاتەوە یان توندو تیژی دژی ژنان ریشە کێش بکات، بێ گومان توندو تیژیەکان زۆرن وهۆکاری زۆر یان لە پیشتەوەیە، دەکرێ لایەنی رۆشنبیری، ئابووری، کولتوی هەر کۆمەڵگەیەک، هۆکار بن بۆ بەردەوامی توندو تیژی و نسبەتی ئەو توندو تیژیانە سەبارەت بە ژنان.

پاشان ئازادی ژنان لە کۆمەڵگا پیاو سالاریەکاندا رەنگ و رویەکی وای پۆشیوە کە هەر رۆژە لە ژێر سێبەر ئەو ئازادیە یان ئەو خەباتەی کە ژنان دەی کەن ، ژن تووشی توندو تیژی دەبنەوەو دەکوژرێن و بیسەرو شوێن دەکرین، ئایا بەراستی ئەوە چ چەشنە ئازادیەکە؟

لە لایەکی دیکە، خەباتی ژنان بۆ بەدەستهێنانی کۆمەلگایەنی یەکسان و ئازادی خوار دەبێ لە ئەندیشەو پلانی خودی ژنان خۆیان دابێت، کەواتا بزوتنەوەی ژنان دەبێ دور لە دەسەلاتی سیاسی حیزبی بێت تا بە پێی ئوسلوب و پرینسیبی تەشکیلاتی ئەو حیزبە هەوڵکانیان قالب نەگرێت و لەو چوراچێوەیەدا قەتیس نەمێنێتەوە ، بە بۆچوونی من دەبێت تەواو دەستی کراوە و سەر بەخۆ بێت، تا بتوانی میکانیزمی گونجاو بۆ ئاراستەکردنی هەوڵەکانیان لە پێناو ئامانجەکانیان بدۆزنەوە. بۆ کەم کردنەوە توندو تیژی لە هەرکۆمەڵگایەکدا دژبە ژنان دەبێت لە چوارچێوەی دروشم بێتەدەر و پراکتیزە بکرێت . با بزوتنەوە ژنانی ئازادی خواز و سەر بەخۆ دروست ببن و هەوڵەکانیان بۆ بەرفراوان کردنی بیری ئازادیخوازی ژنان و بە هیز کردنی لایەنی رۆشنبیری و هۆشیاری ئەوان چر کەنەوە. ژنانی چالاک و هۆشیار و خاوەن بیر و ئیرادەی خۆی ،بە ئاسانی ناتوانرێت زوڵمیان لێبکرێت و بچەوسێتەوە ، هەروەها روبەروی ئازارو مەینەتی و سوکایەتی ببنەوە،. با خەبات بۆ سرینەوەی توندو تیژی دژ بە ژنان بە تایبەتی و بە مرۆفایەتی بە گشتی بکەینە ئامانج هەوڵ نەدرێت تەنها شوعارو هەوڵەکان لەو پێناوەدا لە ٢٥ نۆفەمبەر بەرز کەینەوە . خەبات لەو پێناوە دا لە بیرو هۆشماندا هەموو کات وساتیک گەشەبکات.

**سەرچاوە: ماڵپەڕی یەکێتی ژنانی دێموکراتی کوردستان - ڕێکەوتی: ٢٦ی نۆڤەمبەری ٢٠١٢**

# هەڵاواردن و توندوتیژی دژ بە ژنان لە یاساکانی ئێراندا



**ڕۆژە عەزیزی**

ژنانی ئێران بە گشتی لە چوارچێوەی یاساکانی ئێراندا هەڵاواردن و توندوتیژیان بەرانبەر دەکرێت،بەڵام ژنانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە دوو لایەنەوە دەکەونە پەراوێزو هەڵاواردنەوە،لایەنێکیان ستەمی نەتەوایەتییە کەشوینەواری خوی لە سەر ژیانی ژنی کورد داناوە وەک تاکێکی کۆمەڵی کوردی و لەبەر ئەوەی نەتەوەکەی کوردە بەردەوام دەکەوێتە بەر شاڵاوی توندوتیژی و هەڵاواردن، لە لایەکی دیکەش وەک ژنێک لە ئێرانی ئیسلامیدا دەکەوێتە بەر هەڵاواردن و پێشێلکاری مافەکانی دەکرێت و لە لایەن یاساو لەو دیو درگای دادگاکان و لە چوارچێوەی چەندین ماددەدا بە ئاشکرا دان بە توندوتیژی بەرانبەر ژنان و جیاکاری نێوان ڕەگەزی ژن و پیاودا دەنێت.

دەتوانین بڵێین بە گشتی قانونەکانی ئێران لە چوارچێوەی ٣ قانوندا بە ئاشکرا باسی هەڵاواردن و توندوتیژی لە بەرامبەر ژناندا دەکات،قانونەکانیش بریتین لە: [یاسایی بنەڕەتی(اساسی)،یاسایی کیفری، یاسای شارستانی(مەدەنی).]

بە داخەوە لە کۆماری ئسلامی ئێراندا بە شێوەیەکی ئاشکرا و ڕاستەوخۆ توندوتیژی دژ بە ژنان ئەنجام دەدرێت ونەک هەر لە قانونەکانی سیستمی دادوەری حکومەتی کۆماری ئیسلامی ئێران بەڵکو لە چوارچێوەی کاروباری دەوڵەت و پۆست و پلەو پایە و تا دەگاتە پلەکانی خوارتر و کارکردنی ژنان توندوتیژی بەرانبەر ڕەگەزی ژنان دەکرێت.

ئەگەر بڕوانینە هەلومەرجی ژیانی وڵاتانی دیکە دەبینین هەندێک فەعالینی سیاسی یان ئۆپۆزسیۆن و کۆمەڵەکانی کە دژایەتی حکومەت دەکەن توندوتیژیان بەرانبەر دەکرێت،بەڵام لە ئێران وڕۆژهەڵاتی کوردستاندا توندوتیژی یەکەم و گەورە دژ بە ژنان دەکرێت و دەبنە قوربانی سیستمی پیاوسالاری و مافەکانیان پێشێل دەکرێت.

ئەگەر کەسێک بەهۆی فەعالیەتی سیاسیەوە دەستبەسەر بکرێ و توندوتیژی ڕووبەرو بێتەوە و شتەکە جیاوازە دەڵێن با سیاسیی

نەبوایە تا ئاوا شکەنجە نەکرایە،بەڵام ئەگەر ژنێک روبەروی توندوتیژی دەبێتەوە چی؟خۆ ناکرێ بڵێین با ژن نەبوایە تا ئاوا توندوتیژی بەرامبەر نەکرایە.

بەداخەوە رەگەزی ژن کە هەمیشە لە هەموو کات و شوێنێدا لە بەر ئەوەی رەگەزەکەی ژنە روبەروی هەڵاواردن و توندوتیژی بوەتەوە و مافەکانی پێشێل دەکرێت.هەر بۆیە لە زۆر وڵاتدا چەند یاسایەکی هەڵە کە دژی ژنانە پەسەندی ئەم هەڵاواردن و توندوتیژیانە دەکات و تۆمار دەکرێت،دەکرێ بڵێم هەر بۆیە ئەم جۆرە توندوتیژیە بە گەورەترین توندوتیژی دژ بە ژنان دادەنرێت.

بە گشتی بارودۆخی ژنان لە رۆژهەڵاتی کوردستان لە دوای هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامی ئیران زۆر بەرەو خراپی چوەو توندوتیژی دژ بە ژنان زیاتر بوە.لە کاتی هاتنە سەرکاریان بەردەوام ادعایان دەکرد کە ژنان لە زیاترلە رابردوو رۆڵ دەبینن لە حکومەتدا بەڵام وانەبوو بارودۆخی ژنان خراپتر لە رابردووش بوو.

لە دەیەکانی رابردوو بە تایبەت پێش انقلاب،هاوسەرگیری دوبارەی پیاو بە شتێکی ناشرین دادەنراو دەبوایە لە دادگا بە زەحمەت بە بونی دەلیلی تەواو بۆ هاوسەرگیری دوبارە ئیجازە بدرایە.

لە لایەکی دیکەوە لێدان و توندوتیژی دژ بە ژنان ئەگەر ژنەکە لە دادگا شکایەتی بکردایە ئەوا لە دادگا لێپرسینەوە لە پیاو دەکراو زۆر جاران داواکەی دەدۆراند.ئەمە لە حاڵێکدایە کە لە دوای ئینقلاب ژمارەیەکی زۆر لە ژنان لە دادگا شکایەتیان لە پیاوەکانیان کردوە،کە ژنی دوەم یان سێیەم یان چوارەمیان هەیە یان پەیوەندی نامەشروعییان هەیە،بەڵام لە دادگا هیچ وڵامێکیان پێ نەدراوەتەوە.بەڵام پرسیارێک کە زۆر بڵاوبوو وە دەهاتە بەر باس ئەوەبوو کە بۆ ئەو ژنە داوای تەڵاق ناکات؟؟وەڵامەکەی ئەوەبو کە مافی داوای تەڵاق تەنیا بەدەست پیاوەوەیە بە پێی شەرعی ئیسلام.هەر بۆیە ژن نەیتوانی داوای تەڵاق بکات.

بەڵام ئەم بابەتە ئێستا زۆر بڵاوەو زۆربەی ژنان ئاگاداری ئەو مەسەلەن و لە رێگەی زۆر بەیاننامەو راگەیەندراوو چەند هۆکارێکی دیکەی راگەیاندنەوە هەوڵی چارەسەرکردنی ئەم گرفتە دەدەن.

لەساڵی(١٣٦١)بۆ یەکەم جار یاسای سزادانی کۆماری ئیسلامی لە ئیران نوسرایەوە،لەم یاسایەدا باسی دییەی نابەرابەرو قساس و چەند نمونەیەکی وەک ئەوهاتەبەر باس، کە لێرەدا من چەند نموونەیەک باس دەکەم کە بە ئاشکرا باسی هەڵاواردن و توندوتیژی بەرانبەر ژنان دەکات و بە شێوەیەکی بەربڵاو پێشێلکاری مافەکانی ژنان دەکات:

١- یەکەم بابەت کە دەمەوێت باسی بکەم بریتیە لە مەسئولیەتی کیفری یان (اهلیەی قانونی)کە بە پێی ماددەی (٤٩)یاسای سزای کۆماری ئیسلامی هەروەها بەندی (١)لە ماددە (١٢١٠)ی یاسای مەدەنی مەسئولیەتی کیفری بۆ کچان لە تەمەنی (٩) ساڵی دیاری دەکرێت،بەڵام لە بەرامبەردا بۆ کوڕان لە تەمەنی (١٥)ساڵیەوە ئەژمار دەکرێت،کە بەزەقی باسی جیاوازی نێوان تەمەنی اهلیەی

قانونی کچ و کور دەکات. بە پێی ئەو ماددانە کچێکی تەمەن ٩ ساڵان ئەگەر هەر روداوێکی عەمد یان غەیری عەمدی لەدەست بقەومێت ئەوا روبەروی سزا دەبێتەوە کە هەندێک جاریش بە سزای قورس سزا دەدرێت. بەڵام تەمەنی ستانداردی مەسئولیەتی کیفری بریتیە لە تەمەنی (١٨)ساڵی بە بێ جیاوازی نێوان کچ و کور. چونکە کچ لە تەمەنی (٩)ساڵیدا هێشتا لە سەردەمی شیرینی منداڵیدا گەشە دەکات.

٢- لە مادده (٢٥٨) یاسای سزای کۆماری ئیسلامیدا باس دەکات،ئەگەر ژنێک بەدەستی پیاوێک بکوژرێت و گیانی لێ بستێندرێت،ئەوا هاوژینی ئەو ژنە یان باوکی ئەو ژنە دەتوانن لە جیاتی وەرگرتنی حەقی قساس لە بکوژەکە داوای پێدانی نیوەی دییەی ژنەکە بکەن،یان لە سەر رێژەی دییەکە پێکەوە رێک بکەون و معامەلە بکەن. کە لێرەدا ژنێک بۆتە قوربانی مافی ژیان کردنی لێ ئەستێندراوەتەوەو بەڵام لەو ناوەدا دوای مەرگی هێشتاش لە سەر جەستەی ئەو ژنە مامەڵە دەکرێت.

٣- لە ماددەی (٣٠٠) زۆر بە ئاشکرا باسی جیاوازی دییەی ژنێکی کوژراوو پیاو دەکات کە بە پێی ئەو ماددەیە دییەی ژنی کوژراو نیوەی دییەی پیاوە.

٤- هەروەها نمونەیەکی دیکە ماددەی (١٠٢)یاسای سزادانی کۆماری ئیسلامیە کە بە پێی ئەو ماددەیە (زنای محسنە) کە بە حوکمی سەنگسار حوکم دراوە،بۆ پیاوان تا نزیک ناو کەمەریان دەچێتە گڵەوە،بەڵام بۆ ژنان تا سنگیان لە گڵیان دەگرن و بە شێوەیەکی نامرۆڤانەو دوور لە بنەما مرۆڤایەتیەکان بەردەباران دەکرێن،کە زۆرجاریش پیاوان سەنگسار ناکرێن و زۆر بەشێوەیەکی ئازادانە درێژە بە ژیانیان دەدەن،بەڵام بە شێوەیەکی ناعادڵانە گیان لە ژن دەستێندرێت.

٥- هەروەک لە یەکێک لەبەندەکانی ماددەی (٦٣٨)ی یاسای سزادانی کۆماری ئیسلامیەوە باس لە حیجاب و چۆنیەتی جل و بەرگ پۆشینی ژنان دەکات،کە ئەگەر ئەو ژنان بە بێ حیجاب یان جل و بەرگێکی غەیری حیجاب لە ماڵ بێنە دەر ئەوا یان زیندان دەکرێن یان بە شێوەی غەرامەی نەقدی سزا دەدرێن. بەڵام هەروەک هەموومان رۆژانە دەبینین کچان و ژنانێکی زۆر لە ئێستادا لە رۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران بە رێژەیەکی بەرچاو بە هۆی ئەم کێشەوە دەکەونە بەر هێرشی پۆلس و سزا دەدرێن.

لایەنێکی دیکە لە توندوتیژیەکانی کە لەیاسادا دژ بە ژنان کراوە لە یاسای مەدەنیدایە.لە مادده (١١٣٣)لە قانونی مەدەنی زۆر بە ئاشکرا دەڵێت کە( پیاو هەر کاتێک بیهەوێت دەتوانێت ژنەکەی خۆی تەڵاق بدات).ئەمە لە حاڵێکدایە کە بۆ هەڵسوکەوت کردن لە گەڵ شتێکی بێ گیانیش نابێت ئاوا بڵێین،لەو لایەوە کە یاساکانی کۆماری ئیسلامی ئێران ادعای دیفاع لە پتەو بونی خێزان دەکات،ئەمانەش لە مادده سەرەکیەکانی یاسای مەدەنین.

لە ساڵی(١٣٧٧)ئەم یاسایە راست کرایەوە بەوەی کە پیاو دەتوانێت بە بونی دەلیل و هەلومەرجێکی کە لەیاسادا باسی کراوە ژنەکەی تەڵاق بدات و ژنیش دەتوانێت بە بونی چەند هەلومەرجێکی هەروەک رابردوو کە لە دەقە یاساییەکاندا هاتوە داوای تەڵاق بکات.

لە لایەنێکی دیکەوە لە ماددەی (١١٦٩)ی یاسایی مەدەنی کە بریتیە لە (سەرپەرشتی منداڵ)،کە دەبێت باوک سەرپەرشتی منداڵ بکات وهەر ئەو بریار دەدات ئەگەر دایک و باوکەکە لە یەکتر جیابوبنەوە،ئەوا ماوەی بەخێوکردنی منداڵی کور تا دوو ساڵ لە لای دایکی دەمێنێتەوە دوای دوو ساڵ دەبێت بچێتە لای باوکی مافی سەرپەرشتی و گەورەکردنی بە باوک دەدرێت،بۆ منداڵی کچیش تا تەمەنی ٧ ساڵی لە لای دایکی دەمێنێتەوە دوای ئەو تەمەنە بەهەمان شێوەی کور دەبێت بدرێتەوە بە باوک و ئەگەر بیهەوێت دەتوانێت رێگە نەدات دایک ببێتە سەرپەرشتیاری منداڵ.کەواتە ئەگەر باپیرەی باوکی منداڵەکەش لە ژیاندا بوو ئەوا ئەو سەرپەرشتیاری منداڵ دەبێت و دایک مافی نیە ببێتە سەرپەرشتیاری منداڵەکەی و شۆرەت ناوی خانەوادگی لە باوکیەوە پی دەگات. تەوافق و تێگەیشتنی هەردوو هاوسەرلەم حاڵەتەدا بێکەڵکە.لێرەدا هیچ گوێ بە هەست و سۆزی ئەو دایکە نادرێت کە ماوەی نۆ مانگ لە بەشێکی جەستەی خۆیدا ئەو منداڵە دەپارێزێت و بەشێک دەبێت لە گیانی ئەو دایکە بەڵام دوای ئەو ماوەی یاسا دژە ژنەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران دیاری کردوون مافی بەخێو کردن و پەروەردە کردنی منداڵی لێ دەستێندرێتەوە.

یەکێکی دیکە لە ماددە پێشێلکارەکانی مافی ژنی کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بریتیە لە ماددە(١١٠٨)ی یاسایی مەدەنی،کە باس لەوە دەکات ئەگەر ژنێک لە درێژەی ژیانی هاوبەشی لە گەڵ هاوژینەکەی بەتەواوی ملکەچی داخوازیەکانی هاوژینەکەی نەبێت،یان هەر ئارەزوو وە رەفتارێکی پیاوەکەی جێبەجێ نەکرد ئەوا ئەو ژنە بە پێی ئەو ماددەیە بێبەش دەبێت لە مافی نەفەقەو پێداویستی رۆژانەی بۆ دابین ناکرێت. بەڵام ئەم ماددە زۆر بە شێوەیەکی پیاوسالارانە و نامرۆڤانە دارێژراوە،بە بێ گوێدان بەوەی کە رەنگە ئەو ژنە بە هۆی کێشەو گرفتی جەستەی یان کێشەی تایبەتی رەنگە هەموو کاتێک نەتوانێت هاوکاری بنەماڵەکەی بکات،یان لە سەردەمانی رابردوو یان ئێستاش لە کۆمەڵگەکانی کوردستان کچان بە بێ خواستی خۆیان ناچار بە پرۆسەیەکی هاوسەرگیری کراون کە هیچ خواستی نیە.کەواتە ناحەقی مەگرن کە هیچ دڵی بەو ژیان و هاوسەرگیری و هاوژینەی خۆش نەبێت.

لایەنێکی دیکە لە باسەکە گرینگەکانی ئەم سەردەمە،(مارەیی ژن)ە.کە دەڵێن دەبێت هەرکات پیاوەکە دەسەڵاتی بوو مارەییەکە بداتە ژنەکە،ئەگینا هەرکات ژن داوای کرد و پێویستی بوو نابێت جێبەجێ بکرێت.هەر کات پیاوەکە باری دارایی باش بوو دەتوانێت بیدات.هەر لەم بارەوە لە رابردوو واتە پێش ئینقلاب زۆرێک لە ژنان دەیانتوانی مارەییەکەیان وەربگرن بەڵام دوای ئینقلاب ئەم رێژەیە زۆر بەرەو کەم بونەوە چوو.چونکە لە قانونی مەدەنیدا دەڵێت،ناتوانرێ تەنانەت ماڵ یان ماشێنی پیاو دەستی بەسەردا بگیردرێ لە بەرامبەر مارەیی ژنەکەدا. لە ئاکامدا بۆمان دەردەکەوێ بە پێی ئامارەکان لە سەدا(٧٨)ژنان ناتوانن مارەییەکەیان وەربگرن. بەڵام ئاماژە بە هەلومەرجی سەختی گوزەرانی ئەم سەردەمەی ژنانی کوردی رۆژهەڵاتی کوردستان رەنگە رێژەیەکی زۆر لەو ژنانە دوای جیابوونەوە لەگەڵ هاوژینەکەیان پێویستیەکی زۆریان بەو مارەییە هەبێت بۆ بەرێ کردن و گوزەرانی ژیانیان.

جۆرێکی دیکەی یاساکانی کە دژایەتی ژنان دەکات( یاسای کیفریە).بێگومان یاسای کیفری لە وڵاتاندا چاودێری سیاسەتەکانی کۆمەڵگەو یان پێشگیری لە ئەنجامدانی تاوان دەکات.بەڵام بەداخەوە لە قانونی کیفری ئێراندا جۆرێک لە تۆڵەسەندنەوەی پێوەدیارە.

لە بارەی لەباربردنی منداڵ تا پێش ئینقلاب ئاین نامەی ژمارە ١٧ سیستمی پزیشکی پەیرەودەکرا.کە باس دەکرا: ئەگەر ژنێک تەندروستی بەهۆی منداڵی ناو سکی بکەوێتە مەترسیەوە ئەوا حەقی لەباربردنی قانونی هەیە.بەڵام لە ساڵی (١٣٦١)شوڕای نگهبان بڵاویکردەوە کە ئایننامەی ژمارە ١٧ کە باس لە لەباربردنی منداڵ دەکات شەرعی نیە و چونکە منداڵ لەبارچون چەند ئاسەواری خراپی لێدەکەوێتەوە بۆ دایک و تەندروستی دایکەکە دەخاتە مەترسیەوە،دەبێت هۆکاری لەباربردنەکە ئاشکرا بکرێ و روون بکرێتەوە.بەڵام ئەگەر دوای چوار مانگی حاملەی بێت،ئەگەر حاڵەتەکە وابێت کە منداڵەکە لەبارنەبرێت دایکەکە یان منداڵەکە توشی مەترسی دەبن و یەکیان دەمرێت،نابێت منداڵەکە لەباربرێت بۆ پاراستنی گیانی دایکەکە.کەواتە ئەوە نمونەیەکی زۆر زەقی ئەو پێشێلکاریانەی مافی ژنانە کە بە ئاشکرا لە یاساکانی کۆماری ئیسلامیدا دارێژراوە.

بەوردبونەوە لەم ماددانە بۆمان دەردەکەوێت کە هەڵاواردن و توندوتیژی دژ بە ژنان لە یاساکانی ئێراندا چەند مەترسیدارن و گیانی ژن چەندە دەکەوێتە مەترسیەوە.

جگەلەوەی کە لەیاساکانی میرات و تەلاق و شاهیدی و قساس و دیە و سەرپەرشتی منداڵ و چەندانی دیکەی لەو شێوە دژایەتی و هەڵاواردنی رەگەزی ژن دەکرێت.

هەر لە شاهیدی تا بە ئێستاش ژن ناتوانێ خۆی بە تەنیا وەک شاهیدێک شەهادەت بدات.

بە گشتی لە ئێران و بەتایبەتی لە رۆژهەڵاتی کوردستان لە چوارچێوەی یاساکاندا و لەودیو درگای دادگاکانەوە زۆر بە ئاشکرا توندوتیژی دژ بە ژنان ئەنجام دەدرێت و مافەکانیان پێشێل دەکرێت و نایەکسانی لە پێدانی مافەکانیان لە گەڵ پیاوان دەکرێت.
بەڵام دەکرێت لە رێگەی هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگە بە ژن و پیاوەوە هەروەها بە ناساندنی مافەکانی ژنان بە خۆیان روونکردنەوەی ئەو ماددەو بەندانە ی کە باسی پێشێلکاری مافی ژنان دەکات بۆ کۆمەڵگەکەمان ئەرکی سەرەکی یاساناسان و چالاکانی بواری مافەکانی مرۆڤ و مافەکانی ژنانە، لە رێگەی پێکهێنانی کۆر و سمینارو بەرنامەی تایبەتی لە رێگەی راگەیەندنەکانەوە هەوڵی زیاتر هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگە بدەین لە بارەی ئەو یاسا دژە ژنانەوە.

بەڵام بەم حاڵەش ژنان بە هۆی بەرەوپێشچونی رۆشنبیری لە کۆمەڵگەدا زۆر لە رابردوو باشتر و زیاتر هەست بەم جیاوازی و توندوتیژی و هەڵاواردنانە دەکەن و هەوڵی گۆرین و پێداچونەوەی ئەم یاسایانە دەدەن، لە بڵاوترینیان کەمپەینی یەک ملیۆن ئیمزایە کە بەو هەموو چالاکی و هەوڵانەیان و هەرچەندە روبەروی زۆر ئاستەنگ و ئەشکەنجەو گیرانی چالاکانیان بونەوە،بەڵام بەردەوام لە هەوڵەکانیان بۆ گۆرینی ئەم یاسا وماددە ناقانونیەکان چالاکن.

ئەم باسە لە دووهەم کۆنفرانسی ژنانی رۆژهەڵاتی کوردستان(ستۆکهۆڵم ٢٦-٢٧ی مای ٢٠١٢) دا پێشکەش کراوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٣١ی مەی ٢٠١٢

# بیست وپێنج ی نۆڤەمبەر ساتێک بۆ تێڕامان لە پرسی ژنان



**گوڵباخ بەهرامی**

مرۆڤ بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتییەو بۆ ئەوەی کە لە فەزایەکی ئازاددا هاوتەریب لە گەڵ پێکهاتەکانی کۆمەڵگا بتوانێت ژیان لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی تر بگوازێتەوە کە لەودا هەست بە بەختەوەری و سەربەستی بکات، پێویستی بە بنەمایەکی یەکسانیخوازو فەزایەکی کراوەو کۆمەڵایەتی هەیە تا لەو واقیعەدا هەردوو ڕەگەز و تەواوی پێکهاتەکانی بتوانن ژیانێکی شارستانی و لە هەمانکاتدا ئارام و لەباریان هەبێت. دیاردە کۆمەڵایەتییەکان هەمووکاتێک ڕێگر بوونە لەبەردەم ژیانێکی ئاسایی و ماڤی ڕەوای مرۆڤ کە لەودا بە ئازادی و بەختەوەری هەنگاو بەرەو پێشکەوتن و سەرکەوتنی کۆمەڵایەتی بنێن. لەنێوان ئەو کێشەو گرفتە کۆمەڵایەتییانە دیاردەی توندوتیژی یەکێکە لەو دیاردە نەشیاوانە کە گەورەترین زیان بە پێکهاتەو چارچێوەی کۆمەڵگا دەگەیێنێت. لێرەدا پێویستە ئاوڕێک لە مێژووی ٢٥ی نۆڤەمبەر بدەینەوە کە بەناوی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژ بە ژنان ناوزەد کراوە . لە ٢٥ی نۆڤەمبەری ساڵی١٩٦٠ سێ خوشکی بنەماڵەی "میرابێل" خەڵکی کۆماری دۆمێنیکەن، بەناوەکانی(پاتریا، مینروا و ماریا ترزا) دوای ئەشکەنجە و ئازاری جنسی لە لایەن دەسەڵاتدارانەوە بە تۆمەتی چالاکیی سیاسی دژی حکوومەتی " تروجیلو " Rafael Trujillo کوژران. کوژرانی خۆشکانی "میرابێل" لە راستیدا دەستپێکی سەرهەڵدانی خەباتێکی جەماوەری بوو لە دژی دەسەڵاتدارانی دیکتاتۆری ئەو وڵاتە، بە جۆرێک کە ئەو خەباتە بەردەوامی هەبوو و درێژەی کێشا ، کە پاش ماوەی نزیک بە ساڵێک بووە هۆی رووخانی دەسەڵاتی "تروجیلو". ٢١ساڵ لە دوای ئەو رووداوە و لە ساڵی ١٩٨١ لە کۆنفرانسێک کە لە بۆگۆتا پایتەختی کۆڵۆمبیا، لەلایەن چالاکان و داکۆکیکارانی مافەکانی ژنان لە ئەمریکای لاتین و ناوچەی کارائیب بەسترابو، پێشنیار کرا کە ڕۆژی کوژرانی خوشکانی میرابیل بکرێتە ڕۆژی بەرەنگاربونەوەی توندوتیژی دژ بە ژنان. ئامانج لەو پێشنیارە ئەوە بوو کە هەم ڕێز لە خەباتی ئازادیخوازانە و یەکسانیخوازانە و بوێریی ئەم ٣ خوشکە بگرن و هەم سەرەنجی بیری گشتی بۆ لای بەرەنگار بونەوەی توندوتیژی دژ بە ژنان ڕابکێشن کە وەکوو دیاردەیەکی باو باڵی بەسەر کۆمەڵگاکاندا کێشاوە. ئەو تێکۆشان و هەوڵانە بوەهۆی ئەوەی تا لەئەنجامدا لە ساڵی ١٩٩٩ ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان ڕۆژی ٢٥ی نۆڤەمبەری بە ڕۆژی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژ بەژنان بە ڕەسمی

ناساند. دواتر ئەنجومەنی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، لە ساڵی ٢٠٠٠ بڕیارنامەی١٣٢٥ی بە ناوی(ژنان،ئاشتی و ئاسایش) پەسەند کرد. ساڵانێکی دوورو درێژ بەسەر دیاریکردنی ئەورۆژەدا تێدەپەڕێت، بەڵام ئەبینین کە لەوڵاتانی جیهانی سێهەم بەتایبەتی و کۆمەڵگا رۆژهەڵاتییەکان دیاردە دزێوەکانی دژ بە ژنان هەر بەردەوامی هەیەو بووەتە مۆتەکە بۆسەر ژیانی کۆمەڵایەتی و پێکەوەژیانێکی ئاشتییانە. دیارە توندوتیژی خۆی لە چەندین ماناو واتای جیاوازدا ئەبینێتەوە کە جۆرەکانی جیاوازن و بە نایاسییترین رەفتار بەرانبەر بە مرۆڤ هەژمار دەکرێت. توندوتیژیی جەستەیی(ئازارو ئەشکەنجەدان، لێدان)و توندوتیژیی دەروونی، کە یەکێکی ترە لە شێوازەکانی توندوتیژی کە بەرامبەر ژنان ئەنجام دەدرێت کە بە بەکارهێنانی قسەی ناحەز و سوکایەتی پێکردن و شکاندنی کەرامەتی ژن ، ئەمجۆرە لە توندوتیژی بوونی هەیە . هەروەها توندوتیژیی ڕەگەزیی کە بریتییە لە دەستدرێژی سێکسی،خەتەنە کردنی کچان ،کوشتن بە ناوی ناموس و شەرەف ، بە زۆر بە شوودانی کچان. ئەمانە هەمووی ئەچێتە خانەی تاوانێکی نامرۆڤانەی نەشیاو کە دژ بە ژنان ئەنجامدەدرت. بەڵام بەردەوامی هەیە و چ یاسایەک یان چ ڕێکارێک ئەتوانێت بۆ سڕینەوەی ئەم دیادەیە کاریگەر بێت؟ لە کۆمەڵگا خێڵەکی و دواکەوتووەکاندا کە داب و نەریت و کلتووری کۆمەڵایەتیی باو، بەجێماو لە فەرهەنگێکی پیاوسالار، کە بەردەوام چەوساندنەوەو بێرێزی بەرانبەر بە ژنان تیایدا بەرجەستەیە، بەستێن بۆ هەموو جۆرە توندوتیژی و تاوانێک ئامادەیە. هەبوونی بیرو باوەری کۆن و عەقڵییەتی خێڵەکی، سەرچاوەگرتوو لە ناهۆشیاریەکی کۆمەڵایەتییە کە لە نێو زۆربەی کۆمەڵگاکانی روژهەڵات، بوەتە دیاردەو بە لەکۆتاییدا قوربانیکردنی گیانی مرۆڤەکانی لێدەکەوێتەوە. مرۆڤ شایستەی ڕێزەو بوونی ئازادی بەشێکە لە ڕێزگرتن لە ژیانی مرۆڤ. بەڵام ئەو ئازادییە تاچەندە بەشێوەیەکی بەرانبەر لە نێوان دوو رەگەزدا بوونی هەیە، بەتایبەت لە کۆمەڵگای ئێمەدا کە ژنان قوربانییانی سەرەکی کێشەو گرفتە کۆمەلایەتییەکانن؟ کێشەو گرفتە کۆمەڵایەتییەکان بەردەوام لە بەستێنی ئەو کۆمەڵگاوە سەرچاوە دەگرن کە دەسەڵات و یاسا بە پێچەوانەی واقیعی کێشەکانەوە دارێژراون و کاری پێدەکرێت، کاتێک کە یاسا هاوتەریب لە گەڵ بیری چەقبەستووی کۆمەڵایەتی ، پاڵنەرو هاندەری تاکەکانن بۆ توندوتیژی و بەرتەسککردنەوەی ئازادییەکانی ژنان، توندوتیژی و ئازاردان ، دوو چەمک و وشەی کۆنن کە بە درێژایی مێژوو سێبەری رەشیان خستووەتە سەر کۆمەڵگاو ژیانی ژناندا. هۆشیاری ژنان لە هەموو بوارەکاندا خاڵی سەرەکی سەرکەوتن و بە دەستهێنانی مافەکانیانە. ئەگەر ژنان بتوانن لەهەموو بوارەکاندا خۆیان پێبگەیەنن، ئەتوانن بەشداری لەدانانی یاساو گۆڕینی دەستووری وڵاتدا بکەن بۆ ئەوەی کە بتوانن ئەویاساو ماددانەی کە دژ بە ژنان بڕیار لەسەر چەوساندنەوەو کۆیلە کردنی ژنان ئەدات بنبڕبکرێت و هەروەها خستنە بەرباسی ئەوەیکە ژن ناموسی پیاو نییە و لەبەرانبەر شەرافەت و کەرامەتی هەر مرۆڤێک خودی ئەو کەسە بەرپرسیارە. لە وڵاتی ئێمەدا یاسا بۆ پشتیوانی ژنان چەسپاوەو بە شێوەیەکی بەرچاو پشتگیری لە ماڤەکانی ژنان دەکات ، بەڵام ئایا لە کۆمەڵگادا ئەو عەقڵییەتە کۆنانەی کە ژن وەکوو کۆیلە تەماشا دەکەن باوەڕیان بە یاساو قانوون هەیە؟ ئێستاکەش ژنان بەردەوام بەشێکن لە شەرەف و نامووسی پیاوان کە لە ژێر ئەو ناوەوە رۆژانە دەکوژرێن ، بەزۆر و بە نەخوازراو بە شوو دەدرێن و خاوەن ئیرادەو مافی خۆیان نین. ئەمانە کارەساتی سەردەمییانەی کۆمەڵگا دواکەوتووەکانە کە هەموو پێکهاتەکانی پاڵنەرو هاندەری چەوساندنەوەو بە کۆیلە کردنی ژنانە. ئایین و کاریگەرییە سلبییەکانی بۆ پێشێلکردنی مافی ژن، یەکێکە لە هۆکارەکانی دواکەوتوویی کۆمەڵایەتی کە سەرچاوەی زۆربەی ناعەدالەتی و بێ ڕێزی بەرانبەر بە رەگەزی مێیە لە کۆمەڵگادا. دیاردەی فرەژنی کە لە ئاییندا ڕێگەپێدراوە، هەروەها ئەو مافە نیوەوناتەواوە کە ژن بە نیوەی پیاو هەژماردەکات و تەنانەت لە یاساشدا کاری پێدەکرێت، هەمان یاساو دەستوورە کە کۆمەڵگای ئایینی چەسپاندویەو کاری پێدەکرێت. من پێمولیە بەدەر لەهەموو ئەو هۆکارو هێنانەوەی ئامارو

باسکردن لە مێژووی ئەو جووڵانەوەو هەوڵانەی بۆ رزگاری ژنان لە کۆیلایەتی و بەند بوون لە چوارچێوەی یاسا نەخوازراوەکان، خاڵە سەرەکییەکانی بەرەنگاربوونەوەی ئەو دیاردانە پێویستە بەرزبکرێتەوە. کە من پێموایە هەتا پیاوانی کۆمەڵگا کە رەگەزی بەرانبەرو هێزی باڵادەستی کۆمەڵگان، هوشیار نەکرێنەوە ، تا کاتێک کە پیاوان رێز لە مافەکانی ژنان نەگرن و وەکوو بەشێکی کۆمەڵگای پێکەوە ژیانی هاوبەشانە نەیانبینن ، تا کاتێک لە بنەماڵەکاندا جیاوازی رەگەزی لە نێوان منداڵان نەمێنێت و برا بە خاوەنداری شەرافەت و کەرامەتی خوشک نەژمێردرێت، تا کاتێک کە ژنان خۆیان خاوەن کەسایەتی ، شووناس، بیروباوەرو جەستەی خۆیان نەبن ، کۆمەڵگا بەرەو کرانەوەی کۆمەڵایەتی و هوشیاری هەنگاو نانێت. هەربۆیە پێویستە کە لە پێش ژنان، پیاوان لە چەسپاندنی بنەماکانی ئەو ژیانە کۆمەڵایەتییە رۆڵییان هەبێت و هاوتەریب لە گەڵ ژنان بەرەو رزگاری و ئازادی هەنگاو بنێن

سەرچاوە: ماڵپەڕی رۆژنامەی خەبات - ڕێکەوتی: ٢٧ی نۆڤەمبەری ٢٠١٢

# ٢٥ی نوامبر، رۆژی هەوڵدان بۆ نەهێشتنی توندوتیژی دژی ژنان و سەرنجێک



**تووبا ئەلیاسی**

هەروەک هەمـوو لایەک ئاگـادارین ئەم رۆژە لە لایەن رێکخـراوی نیـونەتەوەیی مـافی مـرۆڤەوە وەک رۆژی خەبـات بـۆ نەهێشـتنی توندووتیژی دژی ژنان ناودێر کراوە. هۆکـاری دیـاری کردنـی رۆژێکـی ئـاوا دەگەڕێتەوە بـۆ ئەوەی کە ئەوان بڕوایـان وایە کە ژنـان لە هەموو کۆمەڵگا جۆراوجۆرەکاندا بە رادەی کەم تا زۆر و بەڵکو بە شێوازی جیاوازیش دەکەونە بەر توندووتیژی کۆمەڵگا و پیاوانەوە.

ئەم توندوتیژیانەش پێک هاتوون لە توندوتیژی جەستەیی و هەروەها توندوتیژی دەروونی. لە توندوتیژی جەستەییدا ژنـان توشی لێدان و هەتا کوشتن دەبنەوە بە هۆی لە بەرچـاو نەگرتنـی داوا و ویستەکانی پیـاوانەوە، یـان بە هۆی رەچـاو نەکردنـی یـاسـای دژە ژنانی کۆمەڵگا و حکومەتە کۆنەپەرست و دیکتاتۆرەکـانەوە. بۆ نمونە لە کۆمەڵگـای ئێرانـدا ژنـان سەرەڕای ئەوەی کە لە بنەمـاڵەدا ئەبێت گوێڕایەڵی ویست و فەرمانەکانی پیاوانی ماڵ بن و سەرپێچی کردنیان لە بەرانبەر پیاوانی ماڵدا ئەتوانێت تووشی توندوتیژی جەستەییان بکات و هەمیش دەروونی. دیسـانیش ئەبێت یـاسای دژە مرۆڤـانەی رێژیمی کۆنەپەرەستی کۆمـاری ئیسلامی ئێرانیش لەمەڕ ژنان و لە بەرچاو گرتنی پۆشینی ئیسلامیش بۆ ژنان ئەبێت بپارێزن و شکاندنی ئەو یاسایانە سزای تونـدی بە دواوە دەبێت. کەواتە ئەتوانین بڵێین بە پێی ئاماری دیاریکراو رۆژانە بە هەزاران ژن لە دونیـادا تەنیـا بە هۆی ژن بونیـانەوە لە لایەن پیـاوانەوە تووشی توندوتیژی جەستەیی دەبنەوە. ئەمە بەو واتـایە نییە کە ئێمە بڵێین لە هیچ جێگـایەک پیـاوان لە لایەن ژنـانەوە تووشـی توندوتیژی نابنەوە ، چوون ئەوەش ئینکار ناکرێت، بەڵام رادەکەی زۆرکەمە بە هەڵسەنگاندن لە گەڵ رادەی توندووتیژی بەرانبەر بە ژنان.

توندوتیژی جەستەی ئەتوانێت لە هەمانکاتیشدا کـاریگەری مەنفی دەروونی بێ ئەملاوئەولای هەبێت لە سەر ژنـان بەشێوەیەک کە تووشی خەمۆکیان بکات و بڕوا بەخۆ بوونیان تێدا لاواز بکـات و دیسـانیش بـڕوا بەخـۆ نەبـوون هۆکـاری هەرە سەرەکی دەبێت بۆ پێ نەگەیشتن و خۆ پێنەگەیانـدن و لە ئاکامدا ژنـان دەبـن بە مرۆڤێکی لاواز و بێ توانـا لە بەرانـبەر پیـاوان و هەروەهـا سەختیەکانی

ژیاندا. هەروەها لەوانەیە بەشێک لە پیاوان توندوتیژی جەستەیی ئەنجام نەدەن لە بەرانبەر ژناندا، بەڵام ڕۆژانە بە دەیان جار لە باری دەروونییەوە، هاوسەر، کچ یان ژنانی دیکە ئازار بدەن بە وتنی قسەی ناشیرین و ڕواندنی تۆوی بێ بڕوایی و بێ هیوایی لە دەروونیاندا.

هەموومان دەبیسین و دەبینین کە ژنان بە ڕۆژانە لە لایەن پیاوانەوە لێیان دەکوژرێ ، نموونەی هەرە بەرچاومان فادیمە و دوعا و دوعا ڕەنگەکانی دیکە و ئەو ژنە کوردانەیە کە لەو ئاخرانەدا هەتا لە دونیای پێشکەوتنی وەک ئوروپادا بە دەست پیاوانەوە کوژران. هەروەها ئێستاش بە پێی زانیاری باوەڕ پێکراو بە دەیان ژن لە ژێر مەترسی هەڕەشەی کوشتن و مردن دان و لە ژێر پارێزگاری بنکە پارێزەرەکاندا ژیان بە سەر دەبەن دوور لە بنەماڵەکانیان. جا ئەمە لێرە لە وڵاتانی پێشکەوتوودا بەشێک لە ژنان بپارێزرێن، باشە لە کۆمەڵگا دواکەوتوەکاندا ژنان جی بکەن و چۆن لە مەترسی مەرگ و توندوتیژی بپارێزرێن؟

هەر بۆیە من پێم وایە تەنیا هەبوونی ڕۆژێک لە ژێر ئەو ناوە ناتوانێت دەرمانێک لە سەر برینی ژنان دابنێ کە ڕۆژانە بە دەروون و جەستە ئەزموونی ئەو توندوتیژیانە دەکەن. بۆ ئەوەی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی هیچ نەبێت ڕادەی ئەو توندوتیژیانە بگەیەنێت بە لانی کەم، پێویستیمان هەم بە ڕۆشنبیری کۆمەڵایەتی هەیە، هەمیش بە هەبوونی سیستمێکی دێمۆکرات و یاسایەکی یەکسان کە بتوانێ بە ڕاشکاوی داکۆکی لە مافەکانی ژنان بکات. لە هەمانکاتیشدا یاسا ئەبێت گەرەنتی ئیجرایی هەبێت و بتوانێت سزای ئەو کەسانە بدات کە سەرپێچی لە یاسا دەکەن، یاسایەک کە لە سەر بنەماکانی یاسای بنەڕەتی جاڕنامەی مافی مرۆڤ دامەزرا بێت. بۆ گەیشتنیش بەو کۆمەڵگا و یاسایە ئەرک و مەودای زۆرمان لە پێشە و ژنان ئەبێت زۆر بە ڕاشکاوانە بێنە مەیدانەوە و بە دژ یاسای، کۆنەپەرەست و پیاوسالاریدا بچنەوەو، ئەگینا ئەگەر خەباتەکە لێگەڕێن تەنیا بۆ پیاوان بێت و خۆیان زیاتر ، بە کاری ماڵ و بەخێو کردنی منداڵەوە سەرقاڵ بکەن، ئەرکێک کە ئەرکی سەرشانی پیاویشە، ئیتر ئەوان کاتیان بۆ نامێنێتەوە بۆ خۆ پێگەیاندن و هەروەها بەشداری کردن لە خەباتی سیاسیدا. کاتێکیش خۆیان لە مەیدان نەبن خاترجەمبن پیاوان ئەگەر بە تەنیا بن یاسایەک دائەنێن کە زیاتر ویست و داواکانی خۆیانی تێدا ببیننەوە، هەر وەک چۆن یاسای ئیسلام پیاو دایناوە و بە قازانجی خۆیەتی و ژن لە زۆر بواردا کۆیلەی پیاوە و موڵکی خۆشگوزەرانی ئەوە.

لێرەدا هەرچەند دەزانم هیوا بە تەنیا هیچ ناکات، بەڵام من لەم بۆنەیەدا هیوا دەخوازم کە زۆر نەخایەنێ شاهیدی کۆمەڵگایەکی یەکسان و دێمۆکرات بین کە مافەکانی ژنان بێ جیاوازی لە گەڵ پیاوان لەوێدا گونجاو بێت و بە پێی تواناش هەوڵ ئەدەم وەک ڕێبوارێکی ڕێبازی یەکسانیخوازی نێوان ژن و پیاو لە بەرانبەر توندووتیژی دژی ژنان بێدەنگ نەبم.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ٢٣ی نۆڤەمبەری ٢٠١٢

# بە بۆنەی ٢٥ نۆڤامبر رۆژی سڕینەوەی توندوتیژی دژی ژنان.



## عیسمەت نستانی

(دەقی وتارێک کە لە سێمینارێک بە بۆنەی رۆژی سڕینەوەی توندوتیژی دژی ژنان لە زانکۆی کۆیە رۆژی ٢٧ی نۆڤامبر (٢٠١٢) بەڕێوەچوو.)

## توندوتیژی وەک چەمک

توندوتیژی دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە لە گشت کۆمەڵگا مرۆییەکاندا دەبیندرێ و مێژووەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای لە دایکبوونی مرۆڤ لە سەر گۆی زەوی.

یەکەم توندوتیژی کە مرۆڤ بەرامبەر مرۆڤ کردبێتی کوشتنی هابیلی کوڕی حەزرەتی ئادەمە لە لایەن قابیلی برایەوەو ئەو کردارە (واتە توندوتیژی) بە مێژوودا هاتۆتە خوار و تا ئێستاش بەردەوامە. زۆربەی ئەو کەسانەی لەم بوارەدا لێکۆڵینەوەیان کردوە پێیان وایە ئامانجی سەرەکی لە توندوتیژیدا دەستبەسەر داگرتنە و بە شێوازی جۆراوجۆر ئەنجام دەدرێ، دەست بەسەر داگرتنی کەسێک بە سەر کەسێکی دیکە یان زاڵبوونی چینێک بە سەر چینێکی دیکەدا یا زاڵبوونی هەرێمێک بە سەر هەرێمێکی دیکەدا و...

ئەوەی لەو کۆبوونەوەیەدا مەبەستی ئێمەیە باس کردنە لە یەکێک لە گرنگترین ڕەهەندەکانی توندوتیژی، کە زۆرمان نەگوتوە ئەگەر بڵێین قەیرانێکی چارەسەرنەکراوە لە زۆربەی کۆمەڵگا رۆژهەلاتییەکان و بە تایبەتیش لە کۆمەڵگای ئێمەدا، کە ئەویش هەمان توندوتیژییە دژی ژنان.

توندوتیژی دژی ژنان دیاردەیەکی جیهانییە کە کۆمەڵێک تایبەتمەندی کلتوری و کۆمەڵایەتی و قەومی و سیاسی و ئابوری لە پشتە، هەڵبەت بەو پێیە توندوتیژی دژی ژنان کات و شوێنی تایبەتی نییە و هەموو کۆمەڵگاکان بە کۆمەڵگا پێشکەوتوو و کۆمەڵگا دواکەوتووەکانەوە دەگرێتەوە. ژنان لە کۆمەڵگا دا لە لایەن باوک و مێرد و برا و کوڕ و مام و خاڵ بەرەوڕووی توندوتیژی دەبنەوە.بە پێی دەرەنجامی لێکۆلینەوەکانی پۆلیس و ناوەندەکانی تەندروستی، توندوتیژی دژی ژنان جگە لەوەی کە کاریگەری نێگەتیڤ و خراپی دەبێت لەسەر ژن وەک تاک، لە هەمان کاتدا کاریگەرییەکی زۆر خراپ و مەترسیداری دەبێت لە سەر تەندروستی خێزان و کۆمەڵگاو دەبێتە هۆی ئەوەی کە شیرازەی خێزان و کۆمەڵگاش لێک بترازێت.

جیهانگیر بوونی توندوتیژی دژی ژنان وایکردوە کە لە سەر ئاستی ریکخراوە نێونەتەوەییەکان گرینگییەکی زۆر پێبدرێ، هەر بۆیە ڕۆژی ٢٥ی نۆڤامبر لە لایەن کۆڕی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە وەک ڕۆژی سڕینەوەی توندوتیژی دژی ژنان ناودێر کراوە.
کورتە مێژوویەک سەبارەت بە چۆنیەتیی ناودێر کردنی ئەو ڕۆژە

لە ساڵی ١٩٦٠ لە کۆماری دۆمێنیکەن ٤ خوشک بە ناوی خوشکانی میرابال هەبوون کە سیاسیان لە لایەن دەسەڵاتی دیکتاتۆریی ئەوکاتی رافائێل ترۆخیۆ لە ڕۆژی ٢٥ نۆڤامبری ١٩٦٠ پاش چەندین مانگ ئازار و ئەشکەنجە لە سیاچاڵەکانی ئەو رژێمەدا کوژران. خوشکی چوارەمی میرابال بە ناوی ئادلا میرابال ٢١ ساڵ دواتر واتە لە ساڵی ١٩٨١ لە کۆبوونەوەیەکی بەرین دا لە شاری بۆگۆتای پێتەختی کۆلۆمبیا کە بە بەشداریی داکۆکیکارانی مافەکانی ژنان لە ئەمریکای لاتین و لە ناوچەی کارائیب پێکهات، پێشنیاری کرد ڕۆژی کوژرانی خوشکانی میرابال وەک ڕۆژی ڕەتکردنەوەی توندوتیژی بەرامبەر بە ژنان بناسرێت. لە ١٧ی دێسامبری ١٩٩٩، کۆڕی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان ڕۆژی ٢٥ی نۆڤامبر واتە ڕۆژی کوژرانی خوشکانی میرابالی وەک "ڕۆژی جیهانیی خەبات دژی توندوتیژی بەرامبەر بە ژنان" ناودێر کرد.

ئەگەر بمانەوێ پێناسەیەکی تا رادەیەک گشتگیر بکەین لە دیاردەی توندوتیژی دژی ژنان، تووشی ئاڵۆزی و گرفتی زۆر دەبین لە بەر ئەوەی شێوازەکانی توندوتیژی لە رووی کۆمەڵایەتی، ئابووری، سیاسی، فەرهەنگی و هەروەها لە کۆمەڵگایەکەوە بۆ کۆمەڵگایەکی تر جیاوازی هەیە.

لە راگەیاندنی جیهانیی نەهێشتنی گشت شێوازەکانی جیاکاری دژی ژنان کە پێناسەیەکی جێگرتوویە و جێی پەسەندی بەشێکی زۆر لە چالاکانی ژنە بەم شێوەیە پێناسەی توندوتیژی دژی ژنان کراوە:

"هەر کردەوەیەکی توندوتیژ لە سەر بنەمار رەگەز کە ببێتە هۆی ئازاردان و زیان پێگەیاندنی جەستەیی، جنسی یان دەروونی ژنان یان لەوانەیە ببێتە پاڵنەر بۆ ئەم جۆرە ئازار و زیانانە، هەڕەشە یان کردەوەی هاوشێوە، زۆری کردن لە ژنان، بێبەش کردنی زۆردارانەی ئەوان لە ئازادی چ لە چوارچێوەی ژیان گشتی یان تایبەتی روو بدات دەکەوەتە خانەی رەفتار و کردەوەی توندوتیژانە دژی ژنان."

بەگشتی لە کۆمەڵگای باوک سالاردا کە پیاو خاوەن دەسەلاتی خێزانی رەهایە ، هەموو جۆرە ئالیەتەکانی وەک ئابوری و کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری بەکاردەخات بۆ دەست بەسراگرتنی خێزان.

## جۆرەکانی توندوتیژی

چەندین جۆر پۆلێن بەندی بۆ جۆرەکانی توندوتیژی دژی ژنان کراوە کە لە زۆربەیان دا ئەم چەند شێوازە کە ئێستا باسیان دەکەین دووبارە بۆتەوە:

## توندوتیژی جەستەیی

هەموو ئەو رەفتار و هەڵسوکەوتانە لە خۆ دەگرێ کە دەبێتە هۆی ئازاردان و زیان پێگەیاندنی جەستەیی و یان کوشتنی ژن، جا ئەو ئازارە بە دەست یان بە هەر ئامرازێکی تر بێت. ئەو رەفتارانە بریتین لە لێدان، خنکاندن، گوللە باران کردن، خەتەنە کردن و زۆر رەفتاری دیکەی لەم چەشنە. ئەم چەشنە رەفتارانە دەچنە خانەی پێشێل کردنی مافی مرۆڤەوەو ناتەباییان هەیە لە گەڵ بنەماکانی مافی مرۆڤ. لە جاڕنامەی جیهانی مافی مرۆڤدا هاتوە "نابێ هیچ کەس ئەشکەنجە بدرێ یان بکەوێتە بەر رەفتار و سزای زۆردارانە یان نامرۆڤانە، و یان سووکایەتی پێکردن." بەو پێیە توندوتیژی جەستەیی راستەوخۆ پێشێل کردنی مافەکانی مرۆڤە و دەبێ بۆ ئەو کەسانەی ئەم چەشنە لە توندوتیژی بەکار دێنن بەدواداچوونی یاسایی بکرێ.

ئەو جۆرە لە توندوتیژی لە کۆمەڵگای ئێمەدا بە شێوەیەکی بەردەوام و رۆژانە دەبینردرێ و زۆر جار کارەساتی دڵتەزێنی لێدەکەوێتەوە. بە چاوپێداخشاندنێک بە راگەیەنە کوردییەکان رۆژانە بە دەیان نموونە لەو چەشنە توندوتیژیانە دەبینین.

ئەم هەڵسوکەوتە لەگەڵ ژن لە لایەن رەگەزی نێرەوە بەرهەمی ئەو تێگەیشتنەیە کە ژن بەشێکە لە مڵک و ماڵی پیاو و دەبێ بە ویستی پیاو هەڵسوکەوت بکا، شێوازی دانیشتن و هەستان و بیرکردنەوەی بەو جۆە بێ کە پیاو حەزی لێدەکا. هەر لادانێکی ژن لە ویستی پیاوانە یەکسانە لەگەڵ تاوان و تێکدانی نۆرم و بەهاکانی کۆمەڵگاو شایانی سزایە و دەبێ ژنی لادەر بە هەر شێوەیەک بێتەوە سەر رێگای راست و ئەگەر زانرا ئەوە مومکین نییە ئەوا بەرژەوەندیی گشتیی کۆمەڵگا دەستی پیاو بۆ لەناو بردنی ژن ئاواڵە دەکا و ئەو شانازییە دەبەخشێتە پیاو کە لە پێناو پاراستنی پیرۆزییەکاندا راپەڕیوە و ئەرکی سەر شانی جێبەجێ کردوە. ئەو کولتوورەی ئیزن دەدا بە پیاو بەو شێوەیە ڕووبەڕووی ژن ببێتەوە، لە ئاست زۆرێک لەو رەفتارە دزێوانەی پیاو کە هاوسەنگی کۆمەڵگا دەخەنە مەترسییەوە بێدەنگە و تەنانەت وەک تاوانیش سەیریان ناکا.

## توندوتیژی زارەکی

ئەو شێوازە لە توندوتیژی بە مەترسیدارترین شێوازەکانی توندوتیژیی خێزانی دژی ژنان دادەنرێ، لە بەر ئەوەی کاریگەری قووڵ دەخاتە سەر دەروون و ناخی ژنان، کەسایەتی و کەرامەتی ژنان دەڕووخێنێ بە بێ ئەوەی وەک توندوتیژی جەستەیی ئاسەوارەکانی بە

ڕوونی و خێرا لە لایەن کۆمەڵگاوە ببیندرێ. مەترسییەکە لێرەدایە لە توندوتیژی زارەکی دا پیاو بە هەموو سیفەتە ناشیرنەکانیەوە ڕۆدەچێتە ناو دەروونی ژن و هێندەی ئازار دەدا کە کاریگەریی نێگاتیڤ دەکاتە سەر هەموو تەمەنی. بە تایبەت ئەو کاتانەی ژن لە لای منداڵەکانی و یان لە لای خەڵکانی تر بەرەوڕووی ئەو چەشنە لە توندوتیژی دەبێتەوە.

## توندوتیژی دەروونی

هەر ڕەفتارێک کە دەروونی ژنان بریندار بکات دەچێتە خانەی توندوتیژی دژی ژنانەوە، هەر بۆیە هەموو شێوازەکانی تری توندوتیژی بە جۆرێک توندوتیژی دەروونیان لێدەکەوێتەوە. ژنان چاوەڕوانیان هەیە لە هەر پلە و پێگەیەکی کۆمەڵایەتی دابن یەکسان لەگەڵ هەمان پلە و پایە لە ناو پیاوان دا هەڵسوکەوتیان لەگەڵ بکرێ. بەڵام کولتووری پیاوسالار لێرەشدا بە یەکسانی ڕەفتار لەگەڵ ژن و پیاودا ناکا. ژنێکی دوکتور و موهەندیس یان خاوەن هەر پلەیەکی بەرزی کۆمەڵایەتی تر بارتەقای پێگە کۆمەڵایەتییەکەی هەڵسوکەوتی لەگەڵ ناکرێ و ئەوە دەبێتە فشارێکی دەروونی بۆ سەر ژن و ئازاری دەدا. لۆمە و سەرزەنشت کردنی ژنانیش دەکەوێتە خانەی توندوتیژی دەروونییەوە. ژنان لە ژێر ئەو فشارانەدا متمانە بەخۆ بوون لە دەست دەدەن و ناتوانن بە شێوەی پێویست لە چالاکییە سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتییەکاندا بەشدار بن.

فرەژنی یەکێکی تر لەو هۆکارانەیە کە بە توندوتیژی دەروونی دەژمێردرێ و سووکایەتی بە ڕەگەزی مێیە و بە تایبەت لە کۆمەڵگای ئێمەدا زۆر باوە.

لە دەرەوەی خێزان، واتە لە کۆمەڵگاش ژنان بەرەوڕووی توندوتیژی دەروونی دەبنەوە، دەرفەتەکانی خوێندن، کار کردن، گەڕان، دەرکەوتن و زۆر بواری دیکەش بۆ ژنان زۆر لاوازترە لە پیاوان. شانسی ژنێکی لێهاتوو لە دەزگایەکی حکومی یان دامەزراوەیەکی کەرتی تایبەت بۆ گەیشتن بە پلەی بەڕێوەبەر یان پۆستێکی وەزیفی زۆر کەمترە لە پیاوێک بە هەمان لێهاتووییەوە.

## توندوتیژی سێکسی

توندوتیژی سێکسی هەر چەشنە پێوەندییەکی سێکسی پیاوە لە گەڵ ژن بە بێ ویستی ژن. کە هەم لە خێزاندا ڕوو دەدات و هەم لە دەرەوەی خێزان واتە شوێنی کار، خوێندن و بە گشتی لە ناو کۆمەڵگادا. توندوتیژی سێکسی ناو خێزان کەمتر دەبێتە جێگای باس و لێکۆڵینەوە و ئامارەکان لەو پێوەندییە زۆردارانە سێکسیەی ناو خێزان زۆر کەم و یان دوورن لە ڕاستییەوە، لە بەر ئەوەی ژنان لە بەر دوو هۆی ترس و شەرم ئامادە نین ئەو پێوەندییانە بدرکێنن.

بە پێچەوانەوە دەتوانین بڵێین توندوتیژی سێکسی لە ناو کۆمەڵگا بۆتە دیاردە و لە هەموو کۆمەڵگا پێشکەوتوو و دواکەوتووەکاندا دەبیندرێ. بە تایبەت لە شوێنی کاردا ئەو دیاردەیە زۆرە و ئاماری جۆراوجۆر لەو بارەوە بڵاو بۆتەوە. بە پێی ئەو ئامارانە

بەرپرسان و بەڕێوەبەرانی فەرمانگە و دامەزراوە پیشەییەکان بە هەڕەشەی دەرکردن یان لێ ئەستاندنەوەی ئیمتیازی وەک دەرماڵە و پاداش یان بە بەڵێن دان بە دانی ئیمتیاز ژنان ناچار بە رازی بوون بە پێوەندی سێکسی دەکەن.
توندوتیژی سێکسی خۆی دابەش دەبێ بە سەر ئازاری سێکسی و دەستدرێژی سێکسی، کە لە مەوریدی دووەمدا بۆ گەیشتن بە ئامانجی سێکسی لە هێز و زۆر کەڵک وەردەگیرێ و یەکێکە لە درندانەترین جۆری رەفتاری پیاو دژی ژن و کاریگەریی نەرێنیی قووڵ لە سەر رووح و رەوانی ژن دادەنێ.

توندوتیژی سێکسی یەکێک لە ترسناکترین جۆرەکانی توندوتیژی دژی ژنانە کە بە تایبەت لە کاتی شەڕەکان دا رێژەکەی بەرز دەبێتەوە، بۆ وێنە لە کۆماری کۆنگۆ لە ماوەی ١٣ سال دا دووسەد هەزار ژن دەستدرێژی سیکسیان کراوەتە سەر، کە رێکخراوە نێودەولەتییەکانی داکۆکیکاری مافی مروڤ ئەو دیاردەیەیان وەکو تاوان دژی مرۆڤایەتی ناساندوە و جەختیان لەسەر دوو شت کردووە.

یەکەم: پەلکێشکردنی تاوانبارانی دەستدرێژی سێکسی و هۆکارەکانی قوربانی بوونی ژنان لە کاتی شەردا بۆ بەردەم دادگا و لیکۆلینەوە و سزادان.

دووەم: دابین کردنی یارمەتی جۆراوجۆر بۆ قوربانیانی ئەو جۆرە توندوتیژیە بۆ وینە یارمەتی دەرمانی، پزیشکی، دەروونی، پشتیوانی حقوقی و ئابووری.

## توندوتیژی کۆمەڵایەتی

تواندنەوەی ژن لە ژێر سوڵتە و هەژمۆنی پیاودا لە ناو خێزان و لە کۆمەڵگادا و بێ حورمەتی کردن بە ئەرکە تاکەکەسی و کۆمەڵایەتییەکانی ژن و زاڵبوون بە سەریان دا لە لایەن رەگەزی نێرینەوە بە توندوتیژی کۆمەڵایەتی دەژمێردرێ.

بێبەش کردنی ژن لە ئازادییەکان بە تایبەتی ئازادی هەڵبژاردنی هاوسەر، ئازادی هەڵبژاردنی کار، فرە ژنی، دانی مافی جیابوونەوە بە پیاو هەرکات بیهەوێ و زۆر نموونەی تر توندوتیژی کۆمەلایەتین.

لە کۆمەڵگای ئێمەدا وەک زۆربەی کۆمەڵگا رۆژهەلاتییەکان هەوڵ دەدرێ رۆڵی ژن کورت بکرێتەوە لە منداڵ بوون و بەخێو کردنی منداڵ و رازی کردنی دڵی مێرد و باب و برا و بە گشتی مانەوە لە ماڵ و رەگەنەدان بە چوونە دەری ژنان لە ماڵ و ئیزن نەدان بەوەی ژنان بیروڕای خۆیان دەرببڕن و هەروەها مەسەلەی ناموس و عەیبە کە لە لایان پیاوەوە پێناسە دەکرێن.

**توندوتیژی ئابووری**

کۆنترۆڵی کەل و پەل و ماڵ و سامان لە کۆمەلگای ئێمەدا تا ڕادەیەکی زۆر لە دەست پیاوان دایە و ژن هیچ دەسەڵاتێکی بە سەریانەوە نییە، تەنانەت زۆر جار ئەو ژنانەی خۆیان کار دەکەن و مووچەش وەردەگرن و یان بەرهەمیان هەیە ناتوانن خۆیان بە بێ ئیزنی باب، برا یان هاوسەرەکانیانەوە بە کاری بێنن.
میراتیش یەکێکە لەو بابەتانەی کە ژن تێیدا زەرەرمەندی یەکەمە و بە ئەندازەی نیوەی پیاو لێی بەهرەمەند دەبێ.

سەربەخۆیی ئابووریی ژن لە زۆربەی وڵاتە پێشکەوتووەکاندا سەرەتای ئازاد بوونی ژن و گەیشتنی بە مافەکانی بووە. بە واتایەکی دیکە تا ئەو کاتەی ژنان لە بواری ئابوورییەوە بەستراوە بن بە پیاوانەوە، کۆیلە بوونیان درێژ دەبێتەوە و ناتوانن بیر لە یەکسانی بکەنەوە. پلەی ئابووری، پلەی سیاسی و کۆمەڵایەتی و کولتووری دەدا بە ژنان و بەشداریان دەکا لە هەموو ڕەهەندەکانی کۆمەڵگادا.

## توندوتیژی پەروەردەیی

### توندوتیژی پەروەردەیی دژی ژنان بە دوو شێوەی سەرەک ئەنجام دەدرێت:

١- ڕێگرتن لە خوێندن یان دەرهێنان و تەرک پێکردنی خوێندن لە کەسوکاری ژنەوە کە زیاتر پەیوەندی بە داب و نەریتەکانی خێزانەوە هەیە و ئێستاکە زیاتر لە لادێکاندا دەبیندرێ.

٢- بەکەم گرتن، سووکایەتی پێکردن یان کەم بایەخ کردنی ژن و ڕۆڵی ژن لە سیستەمی پەروەردە واتە لە کتێبە دەرسییەکاندا. منداڵ هەر لە سەرەتای داخڵ بوونی بە ناوەندەکانی خوێندن، ژن وەک ڕەگەزی دووهەم و پەراوێز و بۆ ئارامی و راحەتی پیاو دەبینێ. هەمیشە قارەمانی داستانەکان پیاون و ڕۆڵە لاوەکیەکان بە ژنان دەدرێ.

## بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی

هەروەک ئاماژەمان پێکرد توندوتیژی دژی ژنان وەک دیاردەیەکی جیهانگیر بوونی هەیە. هەر چەند لە کۆمەڵگا ڕۆژئاواییەکاندا هەوڵی بەرچاو بۆ نەهێشتنی ئەو دیاردەیە کراوەو لە هەموو ئاستەکانی یاسایی، سیاسی، فەرهەنگی و کۆمەلایەتیدا پلان و بەرنامەی جۆراوجۆر دارێژراوە بە مەبەستی دەستەبەر کردنی کۆمەڵگایەکی یەکسان کە دەرفەتی یەکسان بە هەر دوو ڕەگەز بدا، بەو حالەشەوە توندوتیژی دژی ژنان هەروا بەردەوامەو قوربانی دەستێنێ.

بەو پێیە زۆر هەوڵی نێونەتەوەیی لە ئارا دان بۆ بەرەنگاربوونەوە دژی توندوتیژی و کەمکردنەوەی ئاسەوارەکانی. چەندین بەڵگەنامەی نێودەوڵەتی کە لە لایەن زۆربەی وڵاتانەوە واژۆ کراون ئاماژە بە مافەکانی ژنان، یەکسانی ژن و پیاو ، دیاردەی توندوتیژی دژی ژنان و بەرەنگاربوونەوە و سڕینەوەی ئەو دیاردەیە دەکەن. کە لێرەدا ئاماژە بە هەندێک لەو بەڵگەنامە نێونەتەوەییانە دەکەین.

## جاڕنامەی جیهانیی مافەکانی مرۆڤ

لە جاڕنامەی جیهانیی مافەکانی مرۆڤدا کە ساڵی ١٩٤٨ لە لایەن زۆربەی وڵاتانی جیهانەوە واژۆ کراوە، لە چەندین بەنددا باس لە یەکسانی ژن و پیاو و مافەکانی ژنان کراوە.

لە بەندی ١ی جاڕنامەکەدا هەڵاواردن ڕەت کراوەتەوە و هاتوە کە هەموو مرۆڤەکان بە ئازادی لە دایک بوون و لە باری ئابڕوو و کەرامەت و مافەکانیانەوە لەگەڵ یەک بەرابەرن . هەموویان خاوەنی عەقل و ویژدانن و دەبێ بە گیانێکی برایانە لەگەڵ یەکدا بجووڵێنەوە.

هەروەها لە بەندی ٢ دا دەڵێ هەر کەس دەتوانێ بێ هیچ جیاوازیدانانێک بەتایبەتی لە باری ڕەگەز، ڕەنگ، جنسییەت، زمان، دین، بیروڕای سیاسی و هەر بیروڕایەکی دیکەوە، هەروەها بێ وەبەرچاو گیرانی ڕەچەڵەکی نەتەوەیی یا کۆمەڵایەتی، دارایی‌و سامان، چونیەتیی لە دایکبوون یا هەر بارودۆخێکی دیکەوە، هەموو ئەو مافو ئازادییانەی هەبێ کە لەو بەیاننامەیەدا هاتوون.

## کۆنڤانسیۆنی سڕینەوەی هەر چەشنە توندوتیژییەک دژی ژنان

ئەو بەڵگەنامەیە کە ساڵی ١٩٧٩ لە لایەن ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە پەسەند کراوە لە پێشەکییەک و ٣٠ بەند پێکهاتوە. لە بەندی ٢ی ئەو کۆنڤانسیۆنەدا هاتوە کە وڵاتانی ئەندام هەڵاوارن دژی ژنان لە هەر شێوەیەکدا ئیدانە دەکەن و سیاسەتی سڕینەوەی توندوتیژی ڕەچاو دەکەن لە چەند ڕێگەوە:

١- گونجاندنی یەکسانی ژن و پیاو لە یاسای بنەڕەتی (دەستوور) و هەروەها یاسا نێوخۆییەکانی تر.
٢- داڕستنی یاسای تایبەت بە مەبەستی گەرەنتی جێبەجێ کردنی یاساکانی دژە هەڵبژاردنی ژنان.
٣- پشتیوانیی یاسا لە مافەکانی ژنان لە سەر بنەمای یەکسانی و دڵنیا بوون لە پشتگیریی ژنان دژی هەر چەشنە هەڵاواردنێک لە ڕێگەی دادگاکان و دامەزراوە گشتییەکان.
٤- وەبەرچاو گرتنی ڕێوشوێنی پێویست بۆ سڕینەوەی هەڵاواردن دژی ژنان لە لەیەن هەر کەس، ڕێکخراو یان دامەزراوەیەک.
٥- هەڵوەشاندنەوەی هەموو ئەو بڕگانەی لە یاسای سزاداندا شەرعییەت بە هەڵاواردن دژی ژنان دەدەن.

## جاڕنامەی سڕینەوەی توندوتیژی دژی ژنان

ئەو بەڵگانامەیەش ساڵی ١٩٩٣لە لایەن ریکخراوی نەتەوە یەکگرتوووەکانەوە بڵاو کراوەتەوە و لە ٦ مادده پێکهاتوە....

بەڵگەنامەی نێونەتەوەیی مافە ئابووری، کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکان

لەو بەڵگەنامەیەدا کە ساڵی ١٩٦٦ پەسەند کراوە داوا لە وڵاتانی ئەندام دەکا کە یەکسانی ژن و پیاو لە هەموو مافە ئابووری، کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکان ڕەچاو بکەن. هەروەها بەڵگەنامەکە باس لە مووچەی بەرابەر بۆ کاری بەرابەری ژن و پیاو دەکا.

کۆڕی نەتەوە یەکگرتووەکان سەبارەت بە پرسی توندوتیژی دژی ژنان چەندین هەنگاوی گرینگی ناوە کە ئاماژە بە هەندێکیان دەکەین:

کۆڕی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ١٩ دێسامبری ١٩٩٣ جاڕنامەی سڕینەوەی توندوتیژی دژی ژنانی پەسەند کرد.

- لە ١٧ دێسامبری ساڵی ١٩٩٩، کۆڕی گشتی ڕۆژی ٢٥ی نۆڤامبری وەک ڕۆژی جیهانیی سڕینەوەی توندوتیژی دژی ژنان دیاری کرد.
- لە ساڵی ٢٠٠٦، پاش ئەوەی سکرتێری گشتیی نەتەوەیەکگرتووەکان داوای کرد خوێندنەوەیەکی هەمەلایەنە لە هەموو جۆرەکانی توندوتیژی دژی ژنان ئەنجام بدرێ، کۆڕی گشتی بڕیارنامەیەکی دەرکرد و تێیدا داوای چڕکردنەوەی هەوڵەکان بە مەبەستی لەناو بردنی هەموو جۆرەکانی توندوتیژی کرد.
- هەروەها کۆڕی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ساڵانی ٢٠٠٧، ٢٠٠٨ و ٢٠٠٩ لەو بارەوە بڕیارنامەی دەرکردوە.

سەرەرای هەموو ئەو هەوڵانە توندوتیژی دژی ژنان بەردەوامە و ئاسەوارە زیانبارەکانی بە سەر جەستەی هەموو کۆمەڵگاکانەوە دیارە. هەڵبەت ئەو دیاردەیە لە وڵاتانی پێشکەوتوو بە نیسبەت ئەو وڵاتانەی کە لە قۆناغی بەر لە مۆدێرنە دان کەمتر بوونی هەیە و تا رادەیەک توانراوە یەکسانی ژن و پیاو دەستەبەر بکرێ. سروشتی خەباتی ژنان لە وڵاتانی پێشکەوتوو تەواو جیاوازە لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی. ئەوان توانیویانە کۆمەڵگاکانیان بەو قەناعەتە بگەیەنن کە ژن ڕەگەزی پەراوێز یان ڕەگەزی دووەم نییە و بۆ خزمەت بە پیاو نەخوڵقاوە بەڵکوو مرۆڤی پلە یەکە و شوێن پەنجەی بە هەموو ڕەهەندەکانی کۆمەڵگاوە دیارە. لە سیاسەتەوە بگرە تا ئابووری و بەڕێوەبردن و تەنانەت شەڕ و بەرگری.

بە داخەوە کوردستان لەو وڵاتانەیە کە خەباتی ژنان هێشتا نەیتوانیوە مافە سەرەتاییەکانی ژنان بێنێتە دی. تا ئێستاش لە کوردستان، ژنان بە بیانووی ناموس و شەرەف ژیانیان لێ دەستێندرێ یان لە ژێر فشاری کۆمەڵگادا ناچار بە خۆکوشتن دەبن. خێزانی بەختەوەر بەو خێزانە پێناسە دەکرێ کە کوڕی هەیە. ئازادی هەستان و دانیشتن و چوونە دەر و کار کردن و خوێندن و ڕادەربڕین و زۆر ئازادی تریش بۆ ژنان بەرتەسک کراوەتەوە.

بە چاوخشاندنێک بە ئامارەکانی توندوتیژی دژی ژنان لە کوردستاندا دەردەکەوێ کە بارودۆخی ژنی کورد چۆنە و گەیشتوە بە چ ئاستێک لە ماف و ئازادییەکانی.

وەک نموونە ئاماژە بە ئامارێک دەکەین کە بەڕێوەبەرایەتی گشتی توندوتیژی دژی ژنان لە هەرێمی باشووری کوردستان بۆ ساڵی ٢٠١٠ بلاوی کردۆتەوە:

لەماوەی ساڵی ٢٠١٠دا دوانزدە ژن لەسنووری پارێزگای هەولێر خۆیان کوشتووە، کە تەمەنیان لەنێوان (١٨ بۆ ٣٠) ساڵیدابووەو (٦٧٪)ی ئەو حاڵەتانەش بەهۆی چەکەوە بووەو (٣٣٪)ی ڕێژەکەش خۆیان خنکاندووە، کە سەرجەمیان ئاستی خوێندنو باری ئابوورییان مامناوەندبووە.

بەگوێرەی ڕاپۆرتەکەی بەڕێوەبەرێتی گشتی توندوتیژی دژی ژنان لەهەرێم، لەو ساڵەدا بیستو شەش ژن کوژراون، پێنجیان بەبیانووی شەرەفو (١٧)شیان بەهۆی کێشەی کۆمەڵایەتی، کە دیارترینیان کێشەی مۆبایلە.

ڕاپۆرتەکە ڕوونیشیکردووەتەوە، جگە لەکوژرانی ئەو ژنانە لەهەولێر، (٦٤) شەستو چوار ژنیش خۆیان سووتاندووە، کە (٥٥٪)یان بەهۆی ڕقی خێزانەکانیانەوە بووە، (٦٥٪)ی ئەو ئافرەتانەی کە سووتاون شوویان کردووە، هاوکات (١٠٢) سەدو دوو ژنی تر بەهۆی قەزاو قەدەرەوە سووتاون.

بەڕێوەبەرێتی گشتی توندوتیژی دژی ژنان لەهەرێم لەو ڕاپۆرتەدا باسی لەوەشکردووە، ساڵی ڕابردوو(١١٢٣) هەزارو سەدو بیستو سێ ژن لەو بەڕێوەبەرێتییە سکاڵایان تۆمارکردووە، کە (٤٨٪)یان تەمەنیان لەنێوان (١٩ بۆ ٣٠) ساڵیدابووە، (٦٣٪)شیان هۆکاری سکالاکان دەگەڕێننەوە بۆ کێشەی نێوان خێزانەکان.

ئەو ڕاپۆرتە هەروەها هێمای بەوەشکردووە، لەو ساڵەدا (٢٣٥) دووسەدو سیو پێنج ژن ئەشکەنجەدراون، کە (٨٥٪)یان شوویانکردووە، (٦٦٪)شیان هۆکاری ئەشکەنجەدانیان بۆکێشەی نێوان ژنو مێرد دەگەڕێننەوە، (٣٥) سیو پێنج ژنی تریش توندوتیژی سێکسییان بەرامبەر کراوەو کە (٦٠٪)یان خوێندەوارنو (٧٨٪)ی ئەو ڕێژەیەش، لەلایەن کەسانی دەرەوەی خێزان توندوتیژییان لەبەرامبەردا کراوە.

بەگشتی ئەو دۆسیێیانەی کە ساڵی (٢٠١٠) لەو بەڕێوەبەرێتییە تۆمارکراون، (٧٤٪)یان لەدادگا داخراون.

ئامارەکەی ساڵی ٢٠١٠ی بەڕێوەبەرایەتی گشتی توندوتیژی دژی ژنان لەهەرێم، لەبارەی بوونی ڕووداوەکانی توندوتیژی ژنان لەسلێمانی ئەوەی خستووەتەڕوو، لەو ساڵەدا (٣٣) سیو سێ ژن کوژراونو (١٥٣) سەدو پەنجاو سێ ژنیش سووتاون، (٧٨) حەفتاو هەشت ژنی دیکەش توندوتیژی سێکسییان بەرامبەر کراوە، جگەلەوەش (٥١٩) پێنجسەدو نۆزدە ژن سکاڵایان تۆمارکردووە، (٨٣٤) هەشتسەدو سیو چوار ژنیش ئەشکەنجەدراون.

وەک ڕاپۆرتەکە ئاماژەی پێداوە، هەمان ساڵ لەدهۆک (١٠) دە ژن خۆیان کوشتووە، (٨٥) هەشتاو پێنج ژنیش خۆیان سووتاندووە، (١٩)نۆزدە ژنی تریش توندوتیژی سێکسییان بەرامبەرکراوە.

لە بەشی کۆتایی باسەکەدا گرینگترین ئەو ڕێکارانە دێنمە بەر باس کە دەتوانن یارمەتیدەر بن کە کۆمەڵگا هەنگاوەکانی بەرەو دابین کردنی یەکسانی ژن و پیاو خێراتر و کاریگەرتر بپێوێ:

١- بەرەوژوور بردنی ئاستی وشیاری و تێگەیشتوویی ژنان سەبارەت بە ماف و ئەرکەکانیان، کە لە درێژخایەندا دەتوانێ گۆڕانێکی قووڵی کولتووری بەدوادادا دێ و بنەماکانی پیاوسالاری لاواز بکا.

٢- دارشتنەوەی سیستەمی پەروەردە بە شێوازێک کە ژن تێیدا لە رەگەزی پەراوێز یان رەگەزی دووهەم دەرباز بێ و ئەو رۆڵ و گرینگییەی پێبدرێ کە پیاو پێی دەدرێ.

٣- دارشتنەوەی یاساکان و دابین کردنی بەرابەریی یاسایی ژن و پیاو لە دادگا و دامەزراوە حکوومییەکاندا.

٤- قەرەبوو کردنەوەی روحی و جیسمی ژنانی قوربانی توندوتیژی تا لە کۆمەڵگا دانەبڕێن و لە ژیانی ئاسایی تەریک نەکەونەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی یەکیتی ژنانی دێموکراتی کوردستان - ڕێکەوتی: ٣٠ی نۆڤەمبەری ٢٠١٢

# توندوتیژی دژی ژنان لەکۆمەڵگەی عیراقیدا



### د. فەوزیە عەتییە

عیراق پێتر سەرچاوەی روناکیو ڕۆشنبیروی بووە لە تەواوی ناوچەکەدا، ژنانی عیراقیش بە ڕۆشنبیرویو ئارامگرتنووخەبات ناسراون، ڕێکخستنی ژنان لە ساڵی ١٩٢٤ هەبوە،هەروەها (ڕێکخراوی هەستانەوەی ژنان) هەبوەووگۆڤارێکیشی بەناوی (لیلی) هەبوو کە نوسەرو ڕۆشنبیر(بولینا حەسون) دەریدەکرد. دواتریش (مەریەم تومە) ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانەی لە ساڵی ١٩٣٧ بە ناوی (فەتات ئەلعەرەب) دەرکرد.

لە ساڵانی چلەکانی سەدەی ڕابردودا، کۆمەڵە خێرخوازییەکانو تۆڕی ژنانی عیراق دامەزرا. ژنی عیراق دەستیکرد بە بەشداریکردن لە ژیانی گشتییدا، لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەمو لەکاتی فەرمانڕەوایی عوسمانییەکاندا، یەکەم قوتابخانە لە ساڵی (١٨٨٠) لە بەغداد کرایەوەو (٩٠) کچ تیادا تۆمارکران. ژنان لە شۆرشی بیستدا بەشداریانکرد. هاوکات، ژنان لە زۆر بواری تردا بەشداربون، (نازک مەلائیکە)ش ڕەخنەگرو پێشەنگی شیعری عەرەبی نوێ بوو.

ڕاپۆرتی ڕێکخراوی یونسیف دەربارەی بارودۆخی ژنانو منداڵان لە عیراق کە لە ساڵی ١٩٩٣دا دەرچووە، تیایدا هاتوە دەگمەنە ژن لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا بە ئەندازەی ژنی عیراق بە مافەکانی شادبوبێت. لە بواری کارکردندا، یاسای ژمارە ( ١٩١) ساڵی (١٩٧٥) دەرچوو، کەدان بەوەدادەنێت ژنانو پیاوان لە ماف و دەستکەوتە داراییەکاندا یەکسانن، کرێیان یەکسان بوو لەگەڵ کرێی پیاوانو داهاتیان سەربەخۆ بوو لەگەڵ داهاتی هاوسەرەکانیاندا.

لە ساڵی ١٩٧٤دا، یاسای خوێندنی بەخۆرایی بۆ تەواوی قۆناغەکانی خوێندن دەرچوو. لەساڵی ١٩٧٩شدا، خوێندن بوە بە ناچاریی بۆ کوڕانو کچان تا تەمەنی دوانزە ساڵی. لە ساڵی ١٩٧٨دا، یاسای هەڵمەتی نیشتیمانی بۆ نەهێشتنی نەخوێندەواریی دەرچوو، لە ساڵی ١٩٨٨شدا، یاسای خوێندنی باڵا دوپاتیکردەوە خوێندنی باڵا مافی هەر هاوڵاتییەکە مەرجە بابەتییەکانی تیادا بێت.

لەساڵی ١٩٨٠دا، ژنان مافی دەنگدانو خۆکاندیدکردنیان وەرگرت. لەهەمان ساڵدا، (١٦) ژن بونە ئەندامی ئەنجومەنی نیشتمانیی. لە ساڵی ١٩٨٤دا، (٣٣) ژن بونە ئەندامی ئەنجومەنی نیشتمانیی، ئەوەش بەرزترین ڕێژەیە لە نیشتمانی عەرەبیدا لەو کاتەوەی ژنان گەیشتونەتە پەرلەمان.

## توندوتیژیی دژی ژنان

جاڕی جیهانی بۆ نەهێشتنی توندوتیژیی دژ بە ژنان کە لەلایەن کۆمەڵەی گشتیی نەتەوە یەکگرتوەکانەوە لە ٢٠ کانونی یەکەمی ساڵی ١٩٩٣دا دەرچووە، دانی بەوەداناوە توندوتیژی هەر کارێکە لەسەر بنەمای ڕەگەز یان هەر ڕووداوێکی ئازاردان یان هەر ئێش وئازارێکی ،جەستەیی یان دەرونیی یان سێکسیی بۆ ژنان لێبکەوێتەوە، یان پێدەچێ لێبیبکەوێتەوە، لەوانەش هەڕەشەکردن بۆ کردنی ئەو کارە یان بە زۆرداریی یان چەوساندنەوە یان زەوتکردنی ئازادیی، لە ژیانی گشتییو تایبەتیدا.

توندوتیژیی دژی بەکارهێنانی ناشەرعی هێز یان هەڕەشەکردن بە بەکارهێنانی بۆ ئازارگەیاندن بە کەسانی تر. هاوکات، توندوتیژیی خێزانیی ئەو توندوتیژییە کە لە چوارچێوەی خێزاندا ڕوودەدات، لەلایەن یەکێک لە ئەندامانی خێزانەوە، بەهۆی ئەو دەسەڵاتەی یان ئەو پەیوەندییەی کەهەیەتی بەسەر ستەملێکراوەوە.

توندوتیژیی دژ بە ژنان، ڕەفتارێکە دژ بەو دەکرێت، لەسەر بنەمای ئازاردانی جەستەییو دەرونیی یان مەعنەویی بە هەرهۆیەک بێت لە هۆکان، وەک دەستدرێژیی بە گووتە تا دەگاتە کوشتنی ڕاستەقینە. ژنانی عیراق بەدەست هەموو جۆرە جیاوازەکانی توندوتیژییەوە دەناڵێنن، خێزانییو کۆمەڵایەتیو جنێودان، ئەوەش هەموو جۆرەکانی ئازاردانی جەستەییو لێدانو هەراسانکردنیی سێکسییو دەستدرێژیکردن. لەگەڵ ئەوەشدا، دەستدرێژیی ناڕاستەوخۆ لەوانە توندوتیژییو ئیهانەو زەلیلکردنو گێچەڵ پێکردنو هەوڵدان بۆ ناوزڕاندن دەگرێتەوە.

هاوکات گەڕانەوە بۆ سەردەمی خێڵەکییو تایەفەگەریی وایکرد ژنانی عیراق توشی جۆرێکی نوێ لە توندوتیژیی ببنەوە، لە ئەنجامی بەرزبونەوەی ڕێژەی تەڵاقدراو بێوەژنان. هەروەها هەڵوەشاندنەوەی یاسای باری کەسێتی ژمارە ١١٨ ساڵی ١٩٥٩، وایکرد فرەژنی زیادبکات، وازهێنان لەژنو ژنهێنانی کاتی بەرەو نەمان بچێت، جگە لەو ستەمەی لەلایەن کۆمەڵگەوە ڕوبەڕوی دەبێتەوە، کە دەبێتە هۆی زیادبونی توندوتیژیی خێزانیی واتە لە خێزاندا ستەمێکی گەورەتری لێدەکرێت.

لەگەڵ ئەوەشدا، بڵاوبونەوەی دیاردەی سواڵکردنو بازرگانیکردن بە ژنانەوە بەهۆی بێکاریی لەناو پیاواندا و کەڵەکەبونی نائومێدیی لەناویاندا وایکردو ژنان ببنە قوربانی زیادبونی توندوتیژیی خێزانیی. ژنان خێزان بەڕێوەدەبەنو سەرۆکایەتی خێزانیش بۆ پیاوان دەمێنێتەوە، بۆیە ژنانا دەچنە ژێر باری زەوتکردنی مافو ستەمی ئابوریو ڕەگەزیی. هاوکات ژنان بەهۆی بڵاوبونەوەی هەژارییو بێکاریی لای پیاوان وایلێهاتووە ژنان لە مافی خوێندن بێبەش بنو مافی هەڵبژاردنی هاوسەرو ڕەتکردنەوەیان نەبێت.

کاتێک توندوتیژی ڕووبەڕوی ژن دەبێتەوە وایلێدەکات هەست بە ترسو تەنیایی‌و گۆشەگیریی بکات، پێدەچێت هەست بە گوناه بکاتو واتر لەوانەیە ببێتە هۆی ئازاری دەرونیی یان وایلێبکات بیرۆکەی خۆکوشتنی لا دروست بێتو ببێتە هۆی نەخۆشیی خەمۆکی و دواتر یش هەندێک جار هەوڵی خۆکوشتن بدات .

ژنانی عیراق روبەڕوی مەترسی تەقینەوەو رفاندنو کوشتنی هەڕەمەکی یان رێکخراو دەبنەوە لەگەڵ لەبەریەکهەڵوەشانی ژێرخانی ئابوریی‌و پیسبونی ئاوی خواردنەوە بە ئاوی پاشەڕۆو مادەتیشکدارەکانو کەمی دەرمان لە نەخۆشخانەکانو زیادبونی ژمارەی منداڵانی توشبوو بە بەدخۆراکی‌و بڵاوبونەوەی مادە هۆشبەرەکان لە نێو مێردمنداڵاندا، ئەوە سەرەڕای توشبون بە جۆرەکانی شێرپەنجە بەهۆی کارلێکی یۆرانیۆم کە لە ساڵانی ١٩٩١و ٢٠٠٣دا بەکارهاتووە، جگە لە هەڕەشەی نەمانی فۆرمی خۆراکو بەگران دەسکەوتنی کارەباو بەنزینو بوتڵی گاز.

لەگەڵ ئەوەشدا، کێشەی پێشێلکاریی مافی زیندانییە ژنەکان لە گرتوخانەکانی ژناندا، ئەو سەرپێچیانەشمان لەلایەن رێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتیەوە بۆ تۆمارکراوە کە لە رۆژی ٢٢/٢//٢٠٠٥دا دەرچووە، کە راپۆرتێکی تەواوە لەبارەی ژنانی عیراقو ئەو ترسەی کە ڕۆژانە لە گەڵیدا دەژین.

بۆیە پێویستە لەم بۆنەیەدا داوا لەلایەنە فەرمییەکانی دەوڵەت بکرێت تا کاربکرێت بۆ وەستاندننی ئەو توندوتیژی‌وە دژی ژنان، هەروەها پێویستە ڕاگەیاندنو رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی چەندین هەڵمەتی هۆشیارکردنەوەو ڕۆشنبیرکردن بۆ وەستانی ئەو توندوتیژییە رێکبخەن. پێویستیشە لەسەر بەرێوەبەرایەتی پۆلیس خێزانەکان بپارێزێت لەرێی دابینکردنی پارێزگاریکردنی پێویست بۆ ژنان بۆ رێگرتن لە توندوتیژیی بەرانبەریان. هاوکات پێویستە سەرژمێریی دانیشتوان بکرێت، بۆ بەدەستهێنانی زانیاری تەواو دەربارەی تایبەتمەندی دانیشتوانو ژینگەو ئابوریی‌و کۆمەڵایەتیی‌و ڕۆشنبیروی بۆ واقیعی عیراقو بەتایبەت ژنانی گوندو پێدەشتەکان.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کەرکوک نیوز - رێکەوتی: ٢٧ی نۆڤەمبەری ٢٠١٢

# بە بۆنەی ٢٥ی نۆڤەمبەر رۆژی قەدەغەکردنی توندوتیژی دژی ژنان



**سەرگوڵ بێتوشی**

هەروەک لای هەمووان ئاشکرایە رۆژی ٢٥ی نۆڤەمبەر وەکو رۆژی قەدەغەکردنی توندوتیژی دژی ژنان نێودێر کراوە. دیاریکردنی ئەو رۆژە وەبیرهێنەرەوەی کارەساتێکە کە نمونەی لە مێژوودا بە داخەوە کەم نییە و بە بەردەوامیش بە شێوازی جۆراوجۆر دووپات دەبێتەوە .

لە رێکەوتی ٢٥ی مانگی نۆڤەمبەری ساڵی ١٩٦٠ لە وڵاتی دۆمینیکان، سێ خوشکی بنەماڵەی میرابل بە ناوەکانی (پاتریا، مینروا و ماریا ترزا) دوای ئەشکەنجە و ئازاری جنسی لە لایەن دەسەڵاتدارانەوە بە تۆمەتی چالاکیی سیاسی دژی حکوومەتی " تروجیلو " ردددخ‌س‌زش دحچحچغکوژران. گیان لە دەست دانی ئەو سێ خوشکە لە راستیدا گەشێنەرەوەی خەباتێکی جەماوەری بوو کە لە دژی دەسەڵاتدارانی دیکتاتۆری ئەو وڵاتە لە ئارا دابوو بە چەشنێک کە پاش ماوەی نزیک بە ساڵێک دەسەڵاتی "تروجیلو" روخا. هەر بۆیە ئەو خوشکانە کە بە "پەپولەکان" ناسراون، لە سەر ئاستی جیهانیدا وەکو هێمای خۆڕاگری لە دژی دیکتاتۆری دێنە ئەژمار.

سەرەتا لە ٢٥ی نۆڤەمبەری ساڵی ١٩٨١دا و لە ساڵیادی گیان لە دەستدانی ئەو خوشکانەدا لە لایەن فێمێنیستەکانی ئەمریکای لاتینەوە ئەو رۆژە وەکو رۆژی خەبات بۆ نەهێشتنی توندوتیژی لە دژی ژنان دیاری کرا و پاش ساڵانێکش لە رێکەوتی ١٧ی دەیسامبری ١٩٩٩دا رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان وەکو رۆژێکی جیهانی لە دژی توندوتیژی لە دژی ژنان پەسندی کرد.

گومان لەوەدا نییە کە دیاریکردنی وەها رۆژێک ئەوەمان بە روونی بۆ دەخاتە روو کە توندوتیژی دژ بە ژنان لە هەموو جیهان تا ئێستاش هەیە و بەردەوامە. جا با بزانین مەبەست لە توندوتیژی چییە؟

ئەگەر بێت و پێناسەیەکی کورت و سەرپێی توندوتیژی بکەین دەتوانین بڵێین توندوتیژی بریتییە لە سەرجەم ئەو کاروکردارانەی

کە ئەنجام دەدرێن بۆ ئازاردانی بەرامبەر بە هەموو شێوەکانییەوە، لەوانەش دەتوانین لێدان و سوکایەتی و بێحورمەتی پێکردن و شکاندنی کەرامەت و رووشاندنی ناخی کەسەکە و لە ماڵ کردنە دەرەوە و هتد ناو ببەین. بە چاوخشاندنێکی خێرا بە سەر پرۆسەی توندوتیژی دژی ژناندا، دەبینین هەر لەو رۆژەوەی کە لە نێو بنەماڵەدا منداڵێکی کچ لە دایک دەبێ و خەڵکی گەرەک لە بری پیرۆزبایی و ئاواتی بەختەوەری، بە دایکی منداڵە کچەکە دەڵێن خوا بەشی چاکترت بداتێ، بەدبەختیەکان بۆ ژنێک هەر لەو سەرەتایەوە دەست پێدەکەن و دەتوانین بڵێین چوارچێوەی خێزان شوێنی یەکەمین هەنگاوەکانی توندوتیژین بەرامبەر بە ژن .

پێویستە ئەوە بڵێم کە توندوتیژی لە سەرتاسەری جیهاندا دژی ژنان ئەنجام دەدرێت بەڵام تەنیا دەتوانین بڵێین ئەوە شێوەی ئەنجامدانی کردارەکەیە کە لە کۆمەڵگایەکەوە بۆ کۆمەڵگایەکی تر دەگۆڕدرێت .

لێرەدا بە کورتی ئاماژە بە چەند شێوەیەکی توندوتیژی لە دژی ژنان دەکەم.

* یەکێک لەوانە لێدانی ژن و خوشک و دایکە لە لایەن برا و کوڕ و باوک و هاوسەر و زۆرجاریش ئامۆزا و پیاوانی تری نزیک لە بنەماڵە .

* توندوتیژی دژی ژنان لە دەرەوەی ماڵ و لە ناو کۆمەڵگادا وەکو: دەست بۆ بردن و هەڵمەت بۆ بردن و تانەوتەشەر لێدان و وتنی وشەی ناشیرین.

* دەست درێژیی سێکسی بۆ سەر ژنان کە لە دوو بەشدا خۆی دەبینێتەوە: یەکەمیان کە زۆر جار لە ناو خودی بنەماڵە و لە مابەینی دوو هاوسەردا روو دەدات وەک ئەنجامدانی کردەوەی سێکسی بە بێ رەزامەندیی ژن و دووهەمیان لە دەرەوەی ماڵ لە لایەن کەسانی دەستدرێژی کەر و لە شوێنی جۆراوجۆر ئەنجام دەدرێت .

* ژنان زۆرجار لەلایەن دەسەڵات و حکومەتیشەوە رووبەڕوی توندوتیژی دەبنەوە بەوەی کە زۆرجار هێندێک یاسا و رێسا دادەڕێژرێ کە راستەوخۆ کاریگەرییان لەسەر جۆری ژیانی ژنان هەیە و ئەوەش بەجۆرێک لە جۆرەکانی توندوتیژی دێتە هەژمار .

* ئازاردان یان رووشاندنی کەسایەتی و دەروونیی ژن کە ئەمەش زۆرجار خۆی لە چوارچێوەی وتنی وشەگەلێکی بریندارکەر لە رووی دەروونیەوە دەبینێتەوە بۆ نمونە وشەی وەک قەحبە، بەرەڵڵا، ئابڕوبەرە و . ...

* ئەو یاسا و رێسایانەی کە دین بەسەر ژنانیدا دەسەپێنێ و ناچار بە ملکەچبوونیان دەکات لە ئاست پیاواندا. تەنانەت زۆر بە روونیش ئەمە لە ئایینی ئیسلامدا بەرچاو دەکەوێت کە ژن دەبێت ملکەچی هەموو قسە و ئارەزوویەکی پیاوان بێت ئەگینا بە پێچەوانەوە رووبەڕوی سزاگەلی جۆراوجۆر لە لایەن پیاو دەبێتەوە. بۆ نمونە لێدان یان جێگە لێ جیا کردنەوە .

* دەتوانین کردەوەی بەزۆر بەشودان، دووگیانبوونی نەخوازراو و خەتەنە و فرۆشتنی ژنان و تاد لە ریزی توندوتیژی دژ بە ژنان ناو بنێین .

ئێستا جێگەی خۆیەتی چاوخشاندنێکی کورت و خێرا بەسەر هۆکارەکانی چاوپۆشی و بێدەنگە لە ئاستی توندوتیژی لە مەسەلەی ژناندا بکەین. دەکرێ بڵێم هۆکار زۆرن بەڵام یەکێک لە هۆکارەکانی بێدەنگە لێکردنی توندوتیژی سەرەتا لە سەر ئاستی بنەماڵەدا

دەگەڕێتەوە بۆ نزمی باری ڕۆشنبیریی ژنان چونکە بە راستی کەم نین ئەو ژنانەی کە مافە رەواکانی خۆیان وەک پێویست ناناسن و بەداخەوە لە لای ئەمجۆرە ژنانە ئەم کردەوە توندوتیژیانە وەک شتێکی زۆر ئاسایی دێتە بەرچاو.

هۆکارێکی تری زۆر گرنگ بە لای منەوە هۆکاری ئابوورییە. لەو جۆرە کۆمەڵگایانەی کە پیاو وەک نان پەیداکەری بنەماڵە دەور ئەبینێ، دەبینین توندوتیژی دژ بە ژنان زۆر لە سەرەوەترە و لێرەدایە کە جارێکی تر ژن خۆی وەک پاشکۆی پیاو دەبینێت و ئامادەیە چاوپۆشی لە زۆر جۆری بێحورمەتی و بێ ڕێزی بکات چونکە ئەو خۆی وەک کۆیلە دێتە بەرچاو و دوای ئەوەش لە کونجی ژوور و چێشتخانەکەیدا یاسایەکی باشتر بۆ ژیانی نابینێ و یان نایبیستی.

یەکێکی دیکە لە هۆکارەکان دەتوانێ خۆی لە چوارچێوەی عەقڵییەتی خێڵەکیدا ببینێتەوە چونکە تا چ رادەیەک عەقڵییەتی خێڵەکی بەسەر کۆمەڵگایەکدا زاڵ بێت هەر بەو رادەیەش توندوتیژی دژ بە ژنان وەبەرچاو دەکەوێت. لە چوارچێوەی عەقڵیەتی خێڵەکیدا هەردەم ژن وەک پارێزەری شەرەفی بنەماڵە و خێڵ و عەشیرەت چاوی لێدەکرێ و کەواتە عەقڵییەتی خێڵ کە بێگومان بە دست پیاوانەوەیە ئەوە وەکو ئەرکێک دەبینێت کە دەبێ ئاگای لە شەرەف و ناموسەکەی بێت!

لێرەدا چەند خاڵێک وەک ڕێگاچارە وەبیردێنمەوە کە رەنگە هەر نەبێ تا رادەیەک ببنە هۆی کەمبوونەوەی توندوتیژی. یەکێک لەو هۆکارانەی کە دەتوانێ توندوتیژی تا رادەیەکی باش کەم بکاتەوە، بەرز کردنەوەی ئاستی رۆشنبیری و پەروەردەییە کە پێویستە ژنان مافەکانیان بە باشی لە چوارچێوەی بنەماڵە و کۆمەڵگادا بناسن و ئەوە بزانن کە ئەوانیش بوونەوەرێکن کە هیچ کەمتر نین لە پیاو و پێویستە لە هەموو بوارەکانی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسیدا هەمان ماف و حەقیان هەبێت کە پیاوێک دەکرێ هەیبێت. پێکهێنان و چالاک کردنەوەی ئەنجومەن و ڕێکخراوە کۆمەڵایەتی و مەدەنیەکان دەکرێ دەورێکی گرنگ و کاریگەر لەم بوارەدا بگێڕێت لە رۆشنبیرکردنەوە و ناساندنی مافەکانی هەردوو رەگەز لە کۆمەڵگادا.

بواری پەروەردە و راگەیاندن دەکرێ رۆڵێکی گرنگی هەبێت لە کەمکردنەوەی توندوتیژی. بۆ نمونە بەوەی کە هەر لە قۆناغەکانی سەرەتایی خوێندنگاکانەوە بابەتی مافی یەکسان و یەکسانی نێوان ژن و پیاو و لێک جیانەکردنەوەی کوڕان و کچان و چاندنی تۆوی سۆز و خۆشەویستی بۆ مرۆڤ بە بێ جیاوازی ببێتە یەکێک لە بنەماکانی فێرکردن و دروستکردنی متمانە لە نێو هەردوو رەگەزدا.

سەربەخۆیی ژنان لە بواری ئابووری دەتوانێ تا رادەیەکی زۆر کاریگەر بێت لە کەمکردنەوەی توندوتیژی یان لانیکەم ژن ئەگەر لە بواری ئابوورییەوە سەربەخۆ بێت ئیتر ناچار نییە کە هەردەم وەکو چاو لە دەست و ژێردەستە بژیت و هەموو ئەو بێمافیانە قبوڵ بکات کە دەرحەقی دەکرێت.

بە باوەڕی من ئەم خاڵانەی لای سەرەوە تا رادەیەکی زۆر دەتوانن ببنە هۆی کەمکردنەوەی توندوتیژی بۆ سەر ژنان بەڵام سەرەڕای ئەوانەش ئێمە خۆمان وەک ژن نابێ هیچکات لە خۆ پێگەیاندن و ناسینی مافەکانمان غافڵ بین.

بەو هیوایەی کە بە هاوکاریی هەرچی زیاتری ڕێکخراو و ئەنجومەن و دامەزراوە کۆمەڵایەتیەکان و خودی ژنان خۆیان هەوڵی جدی بدرێ بۆ زیاتر رۆشنبیر کردنەوەی تاکی کۆمەڵگا بە گشتی و ژنان بە تایبەتی، چونکە بە هەر رادەیەک ژنان بتوانن بە بیرێکی فراوانترەوە بێینە مەیدان هەر بەو رادەیەش دەتوانرێ کۆمەڵگایەکی لە رووی پەروەردەییەوە سالم و دوور لە توندو تیژی گەشە بکات.

**سەرچاوە: ماڵپەڕی دەنگەکان - ڕێکەوتی: ٢٣ی نۆڤەمبەری ٢٠١٢**

# پێناسە و جۆرەكانی توند و تیژی بەرامبەر بە ژنان



**ئامادە كردنی: ب . هیوا**

## كورتە مێژوویەک بۆ رۆژی ٢٥ی نوڤەمبەر

**(كوژرانی خوشكانی میرابال لە ٢٥ نوڤەمبەری ١٩٦٠ دا)**

**خوشكانی میرابال ٤ خوشك بوون خەلكی كۆماری دۆمینیكەن، ٣ كەسیان لە سەردەمی دیكتاتۆریی رافائیل ترۆخیۆ بە هۆی دەستوپیوەندەكانی ئەو دیكتاتۆرە و لە رۆژی ٢٥ی نوڤەمبری١٩٦٠ دا پاش چەندین مانگ ئەشكەنجە كوژران. ناوەكانیان بریتی بوو: پاتریا مێرسدێس میرابال (٢٧ فێوریە ١٩٢٤ - ٢٥ نوڤەمبر ١٩٦٠)، ماریا ئارژانتینا مینێروا میرابال (١٢ مارس ١٩٢٦ - ٢٥ نوامبر ١٩٦٠) و آنتونیا ماریا ترسا میرابال (١٥ اكتبر ١٩٣٥ - ٢٥ نوامبر ١٩٦٠). خوشكی چوارەم ئادلا (ددە) میرابال لەو رۆژە دا كە خوشكەكانی كوژران، نەكوژراوە. ٢١ سال دواتر واتە لە ١٩٨١ لە كۆبوونەوەیەكی بەرین دا كە لە بۆگۆتا، پێتەختی كۆلۆمبیا، بە بەشداریی داكۆكیكارانی مافەكانی ژنان لە ئەمریكای لاتین و لە ناوچەی كارائیب پیک هات، پێشنیار كرا رۆژی كوژرانی خوشكانی میرابال، وەک رۆژی رەتكردنەوەی توند وتیژی بەرامبەر بە ژنان بناسرێت.لە ١٧ی دیسامبری ساڵی ١٩٩٩وە ٢٥ی نوڤەمبر، رۆژی كوژرانی ئەو خوشكانە بە «روژی جهانیی خەبات لە گەڵ توند و تیژی بەرامبەر بە ژنان» ناودێر كراوە.**

**پێناسەی توند و تیژی بە گوێرەی «بەیاننامەیپێشگیری لە توندوتیژی دژی ژنان»:**

**ماددەی ١:**

لەم بەیاننامەیەدا، مەبەست لە دەستەواژەی »توندوتیژی دژی ژنان« هەر کردەوەیەکی توندوتیژ لەسەر بناغەی جنسیەتە کە ببێتە هۆی ئازاردانو زیان پێگەیاندنی جەستەیی، جینسی یان دەروونیی ژنان، یان لەوانەیە ببێتە هۆی ئەم جۆرە ئازارو زیانانە. هەڕەشە یان کردەوەی هاوشێوە، زۆری کردن لە ژنان، بێبەشکردنی زۆردارانەی ئەوان لە ئازادی کە لەبەرچاوی خەڵک یان لە چوارچێوەی ژیانی تایبەتیدا ڕوودەدەن، لە ڕیزی ڕەفتارو کردەوەی توندوتیژ دان.

## جۆرەکانی توند و تیژی بەرامبەر ژنان

**(بە پێی بەیاننامەی پێشگیری لە توندوتیژی دژی ژنان)**

### ماددەی ٢:

لێکدانەوەی توندوتیژی دژی ژنان ئەم خاڵانەی خوارەوە دەگرێتەوە، بەڵام هەر بەم نموونانە نابەسترێتەوە:

ئەلف- توندوتیژی جەستەیی، جینسیو دەروونی کە لە بنەماڵەدا ڕوودەدەن، بۆ وێنە لێدان، ئازاردانی جینسیی کچانی مێرمنداڵ لە ماڵدا، توندوتیژیی پێوەندیدار بە جیاز، دەستدرێژی لەلایەن مێردەوە، خەتەنەکردنی ژنانو ئەو دابونەریتانەی زیان بە ژنان دەگەیەنن، توندوتیژی لە پێوەندیی بەدەر لە ژنو مێردایەتیداو توندوتیژی تایبەت بەژنان.

ب- توندوتیژی جەستەیی، جینسیو دەروونی کە لە بەستێنی ژیانی بە کۆمەڵدا ڕوو دەدەن، بۆ نموونە: دەستدریژی، کەڵکی خراپ وەرگرتنی جینسی، ئازاردانی جینسی و ترساندن لە شوێنی کار، لە ناوەندە فێرکارییەکان و شوێنەکانی دیکەدا، کڕین و فرۆشتنی ژنان و لەشفرۆشیی بە زۆری.

(پ) توندوتیژی جەستەیی، جینسیو دەروونی کە بە هۆی دەوڵەتەوە ئەنجامدەدرێ یان لە لایەن دەوڵەتەوە پشتگوێ دەخرێ.

توند و تیژی بە دژی ژنان چەمکێکە کە هەموو ئەو کارە توند وتیژانە دەگرێتەوە کە لە دژی ژنان بە کار دەهێنرێن. واتە جنسییەت یا ڕەگەزی مرۆڤەکە لەم جۆرە توند و تیژییانە دا، بناغەی توند و تیژییەکەیە.

کۆڕی گشتیی نەتەوە نەتەوە یەکگرتووەکان، بەم جۆرە پێناسەی «توند و تیژی دژی ژنان» ی کردوە: «هەر چەشنە کردەوەیەکی توند و تیژ لە سەر بناغەی ڕەگەز یا جنسییەت کە ببێتە هۆی زیانگەیاندنی فیزیکی، جەستەیی یا دەروونی». دیارە »هەڕەشەی ئەنجامدانی ئەو جۆرە کردەوانەش،زۆرەملی یا زۆری لێکردن و ئەستاندنەوەی سەرەڕۆیانەی ئازادی»یش هەر دەچێتەوە ئەم خانەیەوە.

هەر کردەوەیەک کە بە جۆرێک لە جۆرەکان، ئێش وەدەرد و ئازار تووشی ژن بکا، نیشانەی توند و تیژییە.ئەم جۆرە کردەوانەش لە فۆرم و قالبی جۆراوجۆر، لە زۆر

ڕەهەند و بواری جیاوازدا، بەڕێوە دەچن و قوربانی دەستێنن. پڕئازارترین جۆری کردەوەی توند وتیژ،توند وتیژی فیزیکییە کە بە زۆری پیاوان لە دژی ژنان، بە ئەنقەست و بە ئاشکرا بە کاری دێنن. بەڵام ئەمە تەنیا گۆشەیەک لە ڕاستییەکەیە و تەنیا بە ناسینی فۆرم و شێوەکانی دیکەی توند و تیژییە کە دەتوانین ڕەهەندە واقیعییەکانیتوند و تیژی بە دژی ژنان تێبگەیەن.

## جۆرەکانی توند و تیژی:

### (لە ڕووی شوێنی ئەنجامدانی توند و تیژییەکەوە)

**١- توند و تیژی لە چوارچیوەی خیزاندا**

لێدان،دەستدرێژیی سێکسی بۆ سەر منداڵە بچووکەکانی خێزان، توند و تیژیی پیوەندیدار بە مارەکردن، ناچارکردن و بە زۆر چوونە لای هاوسەر، خەتەنەکردنی کچان و جۆرەکانیتری داب و نەریت کە ئازار بە ژن دەگەیەنن.توند و تیژیی پەیوەندیدار بە کارلێکێشان(استغلال)

**٢- توند و تیژی لە چوارچیوەی کۆمەڵگەدا:**

لاقە کردن، دەستدرێژیی سێکسی، تۆقاندن لە شوێنی کار کردن و دام و دەزگا پەروەردەییەکان و هەر شوێنێکی دیکە، بازرگانی کردن بە ژنانەوە و ناچارکردنیان بە لەشفرۆشی

**٣- ئەو توند و تیژییەی دەوڵەت ئەنجامی دەدات:**

**دەستدرێژی و توند وتیژی لە دژی ژنان لە لایەن دام و دەزگا حکوومەتییەکان.**

**جۆرەکانی توند و تیژی(لە ڕووی ناوەرۆک و ماهییەتەوە):**

١- توند و تیژیی جەستەیی:

٢- توند و تیژیی دەروونی:

٣- توند و تیژیی سیکسی:

٤- توند و تیژیی سیاسی:

٥- توند و تیژیی کۆمەڵایەتی:

٦)- توندوتیژیی تەندروستی:

٧- توندوتیژیی پەروەردەیی:

٨- توند وتیژیی ئابووری:

٩- توند و تیژیی یاسایی:

**جۆرەکانی توند و تیژی**

**١- توند و تیژیی جەستەیی:**

بە کارهێنانی هێزی جەستە بە شێوەیەکی مەبەستدار بەرامبەر کەسانی دیکە بە نیازی ئازاردان و زیان پێگەیاندن لە رووی جەستەوە(لێدان بە دەست یا هەر ئامێرێک، گازگرتن(گەستن)، خنکاندن، راکێشانی قژ، چرنووکگرتن، بۆکس لێدان کە هێندێک جار لێدانەکە دەبێتە هۆی گیان لە دەستدانی کەسەکە. ترسناکترین جۆرییش کوشتنی ژنانە بە ناوی پاراستنی شەرەفەوە. هەر وەها خەتەنەکردنی کچان کە دەبێتە هۆی خوێن لێرۆیشتنی زۆر و مردن و تووشبوون بە هێندیک نەخۆشیی وەک نەزۆکی و هەو کردن.

**٢- توند و تیژیی دەروونی:**

زۆرترین و کاریگەرترین شێوەی توند و تیژی کە کاریگەریی دەبێت لە سەر بنیاتی کەسایەتیی ئەو مرۆڤە بە درێژایی قۆناغەکانی تەمەنی.

زۆر جارئەم دیاردەیە بە توند و تیژیی عەقلی ناو دەبرێت کە بریتییە لە خراپە کاریی زمانەوانیی بەردەوام، ورووژاندن، دوورکردنەوەی ژن لە هاوڕێ و کەسوکارەکەی، بێبەشکردن لە سەرچاوەی ئابووری و سرووشتی و رووشاندنی کەسایەتی.

ناپاکیی هاوسەرێتی، سووکایەتییپێکردن، لۆمە، رقهەڵگرتن، گاڵتە پێکردن، ناچارکردنی ژنان بە پیادەکردنی سیکس یان بە زۆر دەرکردنی ژن لە ماڵ، بێبەشکردن لە منداڵ، رێگرتن لە دەربڕینی بیر و بۆچوون و پێشوازیکردنی میوان، هەر وەها رێگرتن لە سەفەر و کار ردن لە دەرەوەی ماڵ. هەر یەک لەوانەش ئاسەواری دەروونی خراپ بە جێ دێڵن.

**٣- توند و تیژیی سیکسی:**

**دەکرێت بە دوو بەشەوە:**

آ- توند و تیژی لە دەرەوەی پێوەندیی ژن و مێردایەتی کە بریتییە لە دەستدرێژی و لاقەکردن.

ب - زەبر و زەنگ لە چوارچێوەی خێزان کە زۆر بە کەمی قسەی لە سەر دەکرێ بە هۆی عەیبەوە،کە خۆی لە مامەلە و شێوازی سێکس دا دەبینێتەوە وەک بە زۆر سکپڕکردن، منداڵلەباربردن و...

**٤- توند و تیژیی سیاسی:**

واتە نەبوونی ئازادیی رادەربڕین، بیرکردنەوە، هەڵبژاردنی بیرباوەڕ و شێوازە کولتوورییە جیاوازەکان.

میهرئەنگیز کار: توند و تیژیی سیاسی بە پشتگیریی لوتکە رەسمییەکانی دەسەڵات، واتە حکوومەت دژی ژنان ئەنجام دەدرێت. لە پشتیوانی نەکردن لە یەکسانیی مافەکانی ژن و پیاو و لە بەڕێوەچوونی سیاسەت دا دەردەکەوێت.لەمەش زیاتر لە بێبەشکردنی ژنان لە مافی یەکسان بە هۆی دام و دەزگاکانی دەسەڵاتەوە.

**٥- توند و تیژیی کۆمەڵایەتی:**

یەکێک لە گرنگترین هۆکارەکانی توند و تیژی، کێشە و گرفتە کۆمەلایەتییەکانە کە بە گشتی بێبەشبوونی ژنان دەگرێتەوە لە پیادە کردنی کەسایەتی و مافە کۆمەلایەتییەکانی خۆیان...توند وتیژیی کۆمەڵایەتی سیوازی جۆراوجۆر لە خۆی دەگریت وەک بێبەسبوونی ژنان لە کارکردن لە دەرەوەی مال و تەواو کردنی خویندن، بیبەشبوونی ژنان لە جلوبەرگ و هەلبژاردنی هاوڕێ و پەیوەندییە تایبەتییەکان بە تاکەکەس و دراوسی و ریگرتن لە دەربڕینی راوبۆچوونی خۆی و گوی نەدان بە رای ژن لە بڕیارەکانی خیزاندا.

**٦- توندوتیژیی تەندروستی:**

مەبەست لە بیبەسبوونی ژنانە لە مافە تەندروستییەکان، نەبوونی سیستەمیک بۆ پاراستنی ژنان لەو نەخۆسیانەی تایبەتن بە ژن، بایەخنەدان بە هۆسمەندیی کاتی سکپڕی واتە بایەخدان بە خواردنی گونجاو، نەبوونی مۆلەتی کاتی منداڵبوون، هوشیارنەکردنەوەی ژنان لە بوونی ماوە لە نیوان دوو سکپڕی دا و...

**٧- توندوتیژیی پەروەردەیی:**

ئەم جۆرە توند و تیژییە لە نیو پرۆسەی پەروەردە و خویندن دا روو دەدات، درێژکراوەی هەمان توند وتیژییە کە لە لە نیو خیزان روو دەدەن. هۆکارەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ فەلسەفەی خویندن.

**٨- توند وتیژیی ئابووری**

هۆکاری ئابووری رۆڵێکی گرنگ دەگێڕێ لە تەشەنەکردنی جۆرەکانی توند وتیژی دژ بە ژناندا، ئەوەش پێوەندداره بە باری گوزەرانی خیزان، بەدەر لەوەی لە نیو خیزانەکاندا پاشکۆیەتیی ئابووریی ژنان بۆ پیاوان بە یەکیک لە هۆکارە گرنگەکانی ئەنجامدانی توند وتیژی دادەنرێت، هەر وەها بازرگانیکردن بە جەستە ژنەوە یان بە کەموەرگرتنی کاری ژنان وەک بەرهەمهێن.

**٩- توند و تیژیی یاسایی**

لە کۆمەڵگەیەکدا کە داب و نەریت و کولتوور وئایین تێکەڵ بە یاسا ببێت، بارودۆخی ژنان روو لە مەترسی دەکات. بۆیە ئەگەر لە یاسا دا بڕگەی ڕیگر لە توند و تیژی دژ بە ژنان دابنی و هەر ژنێک لە ریگەی ئەو یاسایەوە بتوانی سوودمەند بیت، ئەو کاتە توند و تیژیی دژ بە ژنان سنووورردار دەبیت. کە واتە ئاستی توند و تیژی دژ بە ژنان دەگەڕیتەوە بۆ بڕگەکانی یاسا، بۆیە یەکیک لە مەرجەکانی رزگار بوون و بەدەستهینانی یەکسانی بۆ ژنان، گۆڕینی ئەو بڕگانەی یاسایە کە لە بەرژەوەندی ژنان دانییە.

## دەستدریژیی سیکسی، تاوان دژی مرۆڤایەتی

یەکیک لە شوومترین جۆرەکانی توند و تیژی بەرامبەر بە ژنان، دەستدریژیی سیکسییە کە بە تایبەتی لە کاتی شەڕەکان دا زۆر دەبینریت. لە کۆماری کۆنگۆ لە ماوەی ١٣ سال دا دووسەد هەزار ژن دەستدریژیی سێکسیان کراوەتە سەر. ریکخراوە نیودەولەتییەکانی داکۆکیکاری مافی مرۆڤ، ئەم دیاردەیەیان وەکوو تاوان دژی مرۆڤایەتی ناساندوە. لەم پیوەندییە دا جەخت لە سەر دوو شت دەکەنەوە:

**یەکەم:** پەلکێشکردنی تاوانبارانی دەستدریژیی سێکسی و هۆکارەکانی قوربانیبوونی ژنان لە کاتی شەردا بۆ بەر دەم دادگا و لێکۆڵینەوە و سازدران،

**دووهەم:** دابینکردنی یارمەتیی جۆراوجۆر بۆ قوربانییانی ئەم جۆرە توند و تیژیانە بۆ وینە یارمەتیی دەرمانی، پزیشکی دەروونی، پشتیوانیی حوقووقی و یارمەتیی ئابووری.

## ١٦ رۆژ بەربەرکانی لە گەل توند وتیژی بەرامبەر ژنان

### بە دەستپێشخەریی ناوەندی جیهانیی ژنان

لە ساڵی ١٩٩١ەوە کەمپەینیک بە دەستپێشخەریی ناوەندی جیهانیی ژنان لە زانکۆی راتگێرز وەڕێ کەوتوە. ناوی کەمپەینەکە ئەوەیە: «١٦ رۆژ هەڵمەتی جیهانی لە دژی توندوتیژییە جنسیەتییەکان». مەبەست لەو ١٦ رۆژە، لە ٢٥ی نوامبرەوە تا ١٠ی دیسامبرە کە رۆژی جیهانیی مافی مرۆڤە. لەم کەمپەینە دا ژنان و پیاوانی داکۆکیکاری یەکسانیی ژن و پیاو، لە سەرانسەری جیهان بە چالاکیی جۆراو جۆری هونەری، میدیایی، تویژینەوەیی و زانستی، هەوڵ دەدەن سەرنجی خەڵکی جیهان بۆ لای ئەو توندوتیژییانە رابکێشن کە بناغەی جنسییەتیان هەیە و لە ئاکامە دڵتەزینەکانی ئەو توند وتیژییانە یاگاداریان بکەنەوە.

ئەم ناوەندە هەوڵی دا لە نیوان توند وتیژی دژی ژنان و نیزامیگەری یا میلیتارییەت، پردێک ببینیتەوە. سەرەرای ئەو پێناسە جۆراوجۆرانەی بۆ میلیتارییەت هەن،ئەم ناوەندە بەم جۆرە پیناسەی کرد: «میلیتارییەت(نیزامیگەری)، جۆرێک ئایدۆلۆژییایە کە کولتووری ترساندن و تۆقاندن دەخولقینی و بۆ چارەسەری ناکۆکییەکان و گەیشتن بە بەرژەوەندی سیاسی و ئابووری پەنا دەباتە بەر توند و تیژی، هیرش و دەستدرێژی، دەستیوەردان و داگیرکردنی نیزامی.» میلیتارییەت هەر وەها مەیدان دەدا بە زۆرێک لە توند و

تیژییە پیاوانەکان کە مەترسی و ئاکامی نالەباریان هەیە بۆ سلامەتیی و ئەمنییەتی ژنان، بۆئەو پیاوانەی کە پێی نارازین و هەر وەها بۆ سەرجەمی کۆمەڵ. ناوەندی جیهانیی ژنان بە سەرنجدان بە پیوەندیی ئالۆزی ئاشتی و تەبایی لە مالەوە و لە جیهان وهەر وەها بە سەرنجدان بەو بوارانەی میلیتارییەت دەیانخاتە ژێرکاریگەریی خۆیەوە، بۆ ساڵی ٢٠١١-٢٠١٢ دروشمی «لە ئاشتیی لە جیهان دا هەتا ئاشتی مالەوە »ی هەڵ بژارد و ئەم ئەولەوییەتانەی وەک پێنج ئەولەوییەتی خۆی دەستنیشان کرد تا داکۆکیکارانی یەکسانی وخەباتکارانی بواری نەهێشتنی توند و تیژی بەرامبەر ژنان، لەم ١٦ ڕۆژە دا خۆی بۆ تەرخان بکەن:

١- لیک کۆبوونەوەی بزووتنەوەکانی پیوەندیدار بە ژنان، ئاشتی و مافی مرۆڤ لە سەر تەوەری خەبات بە دژی میلیتاریەت

٢- بلاوبوونەوە و بەرهەمهێنانی چەکی بچووک و ڕۆلی لە توند و تیژیی بنەمالەیی دا

٣- توند و تیژیی جینسی لە سەردەمی شەر وتێکهەڵچوونەکان و دواتر دا

٤- توند و تیژیی سیاسیی دژی ژنان و توند و تیژی بەرلەهەڵبژاردن، کاتی هەڵبژاردن و پاشهەلبژاردن

٥- بەڕێوەبردنی توند وتیژیی سێکسی و جینسییەتی بە هۆی مەئموورانی دەوڵەتی، بە تایبەتی مەئموورانی نیزامی و ئینتیزامییەوە

سەرچاوەکان:

* چەند دوکیۆمێنتی نێودەوڵەتیی
* مافی مرۆڤ: قادر وریا
* توند و تیژی لە شوێنی کار، کنێر عەبدوڵلا

لە ژمارە ٥٩٦ی ڕۆژنامەی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢١ی نەڤەمبەری ٢٠١٢

# توندوتیژی لەسەر ژنان و بەربەرەکانی بۆ لەبەین بردنی



نوسەر : پور شیخە اسو

وەرگێڕانی لەفارسییەوە: هێمن. تویژەران

سەرکوتکردن، تیرۆرر، وە بەبەندکێشان و ئەشکنجەی موغالیفین، لەسێدارەدان و بەچەترسینکردن و توقاندن کۆمەلانی خەڵک ئامرازوئامێری دیکتاتۆرەکان و نیزامەکانی مەزهەبی و دژە ژنەکە بە سەر کۆمەلانی خەڵک دادەسپاوە و دەبنە هۆی درووست بوونی خەسارەیەکی زۆری دەروونی و جەستەیی مرڤەکان.

لە کۆمەڵگایەکی کە مەزهەب و نەریتی کۆن و دواکەوتو و فەرهەنگی پیاوسالاری و ڕەفتار و نەریتی مێرانە لە لایەن نیزامەوە بۆ نانەوەی ئاژاوو و پەرشوبەلاوکردنی خەڵک کەڵکی لیوەردەگیرێ توندوتیژی لە کۆمەڵگادا درووست دەکا، و دەبێتە هۆی هەژاری و مایەپووتی و باوەر پێی بوونی بیردۆزی دژەژن و بیری پیاوسالاری و گەشەگرتنی توندوتیژی لە کۆمەڵگادا، هەوەها چەوساندەنەوەی گشت تویژەکانی کۆمەڵگا و ژن بە تایەبەت.

زانیاری هەست ڕاتەکێن و سەرەنج ڕاکێشەر سەبارەت بەتوندوتیژی لە سەر ژنان لە سەرانسەری دونیا و لە جیهانی سێ،وە بەتایبەت لە ئێران ڕۆژ لە داوڕۆژ پەرەدەسێنێ، شێوەکانی جۆراوجۆرن، بەریتین لە:

کردەوەی توندوتیژی جەستەیی: کە لەبەرچاون و دەبینرین و هەستیان پێ دەکرێ: گرتن و بەستنەوە، چەرنوک لێدان، قژڕاکێشان، لەماڵ وەدەرکردن، خواردن لێ قەدەغەکردن، پێرۆگەزین. مست و شەق لێدان و ڕاکێشان و پاڵ پێوەنان.

تودوتیژی لە ناو ماڵەوە: تێکدان وشێواندنی میزی چەنراوی خواردن، پێکدادانی دەرگا بە تورەیی، شکاندنی ئەشیای ماڵ و ...هتد

کردەوەی توندوتێژی دەروونی و بەدەم، ئەوەش جۆرێک لە توندوتێژیەکانە کە بەرامبەر بە ژنان بەکار دەهێنرێ، وشە و قسەی ناشیرن پێ گوتن، تۆمەت لێدان و بەهانەگرتنی بەردەوام، مۆن و لە خۆباییبن و دەزێویی و ئیرادگرتن لە جەستە و چەلوبرگی ژن.

جۆرێکیتر لە توندوتێژی بەرامبەر ژن، هەڕەشەلێکردن وە ترساند بە کۆشتنیەتی، وە ئازارگەیاندن بە کەس وکار و ڕەفاندنی منداڵ و..... هتد

توندوتێژی ئابووری، زۆربەی پیاوان بە کەڵک وەرگرتن لە دەسەڵاتی ماڵی خۆیان، کرددەوەی توندوتێژی لەسەر ژن دەکەن و مەودای هەڵسورانیان لە کۆمەڵگدا پەک دەخەن و دەیانخەن ژێر ڕەکێفەوە.ئەو پیاوانە پێش بە سەربەخۆیی ماڵی ژن دەگرن وە لەکاروباری شەخسی ئەو دەخالەت دەکەن و کێشەی دراویان بۆ دەخۆڵقینن.

کردەوەی توندوتێژی یاخود کێشەی یاسایی، تەڵاق و جیابوونەوە، چەند هاوسەری گرتن لە لایەن پیاو، صیغەکردن(مارەکردنی کاتی ژن)، رابەتەی لەلاوە واتە بەدزی ژن، نەویستن و رازی نەبوونی پیاو بە تەڵاق دانی ژن هەرچەند ژن خۆازیار جیاوبوونەوەی بێ، دەست بەسەرداگرتنی مندالان و دوورکردنەوە لە ژن.

پشگرتن و بەرگەریلە لەشدانی فیکری و بەشداریکردنی ژن لە چالاکی کۆمەلایتی و دوورخستەنەوەی لە کەس وکاری و پەیوەندی دەرەوە ماڵ جۆرێکی تر لە توندوتێژی پیاو لەسەر ژنە.

جۆرێکی تر لە توندوتێژی لە سەر ژن.: کردوەوەی ناخوازیار و بێ حۆرمەت و گاڵتەپێکردن و نکۆڵ مافی ئەو ژنانەیە کە هەستی خۆشەویستان بۆ ژن واتە جەنسی بەرامبەر هەیە.

ئێران هەنوکەی سەبارە بە پێشێلکردنی مافی ژن وکردەوەی توندوتێژی لەسەر مێ و دەرسەدی خۆکوشتنی ژن لە لەجیهان پلەی سێهەمی دایە.

لەکۆمەڵگایەک دا کە یاساکان دواکەوتون و نیزامی کارگێری بەگرە لە میدیا، تەلەفیزیون، رادیو ورۆژنامەکان شەو ورۆژ بەردەوام پرۆپاگەندەی نەریت و ڕوەشت ورەفتارەکانی کۆنەپەرستی و داواکەوتو بۆ چەوساندنەوە ژن دەکەن زۆر ئاسایە کە کردەوەی توندوتێژی بەرامبەر ژن دەبێتە ڕەوتی لە ژیانی ڕۆژانەی ئەو نیزامە، کە وابوو پڕ دژوارە بەتوانرێ پێشگری لە توندوتێژی لەسەر ژن بەکرێ.

توێژەران و چالاکوانان ڕەوتی ئازادی بۆ ڕزگاری ژن لەکردەوەی توندوتێژی و چەوساندنەوەی، وە هەروەها هەڵسورانی سوشیالیست بە گرتنی کۆبۆنەوەو باس لێکردن لە سەر توندوتیژی لەسەر ژن هەوڵ دەدەن سەرەنج بەدنە ئەو مەسەلەیە.

لەبەر ئەوەی بنەما و ژێرخانی ئەو توندوتێژی و ناڕەوایی بەرامبەر بە ژن و کارەساتەکانی تری کۆمەڵگا لە یاسای وڵاتاندا لە سەر ئەساسی باوەڕ و ێرِوای پێ بوون بە ژیانی ئینسانەکان لە بەکردەوەی توندتیژی لەسەر ژن لە هەزاران ساڵی تێپەربوو دارژاوە،

سەتەم و نارەوایی ژن بۆتە ڕەوتێکی یاسایی.

لەوڵاتانی سەرمایەداری تائەو جێیە بەسود وقازانجی سەرمایەدار زەرەرێک نەگا و نەکەوێتە ژێر مەترسی، هێندیک گۆرانکاری سەبارەت بە بارودۆخی خاوخێزان، ژنهێنان و شوکردن و دۆخی کار کردن ڕووی داوە.

بۆنمونە لە ئێران ڕەوت و تەحەررۆک و هەڵسورانی سەرمایە وەک وڵاتانی سەرمایەدار ئەوەند خێرا نەبووە کە گۆرانکاری بەدی بە هێنێ، جا بۆیە سەتەم و چەوساندنەوە بەگشتی بەهەمان شێوەی پێشو و لە سەر ئاستی داوکەوتویی ماوەتەوە، زۆر شتی نەریتی و کۆن هەن، بۆ نمونە بەشە مارەیی ژن،جیاز، وەرگرتنی ژن لەبەرامبەر دراو وە زۆر شتی دواکەوتوی تر لە ڕابەتە لەگەڵ ماف ژن لەئارادان.

کوشتنی ژن لەسەر مەسەلەی ناموسیی لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە پێی یاسا ئازادە، وە وەکو کردەوەیەکی ئینسان کۆشتن واتە قەتەڵکردن نایەت ئەژماردن، لە ئیران، واتە جەمهۆری جەهل و جەنایەت بەردەباران کردنی ژن(سنگسار) بە پێی بەندی ١٣٢ یاسای ئیسلام ی جەزادانی ڕەوای وبەرهەقەو ئیجازەێ پێداراوە.

لەکاتی سەرکەوتنی شۆرشی ئۆکتۆبەر لە روسیە ژنان دەستەوتێکی گەورەیان سەبارەت بە مافی بەکسانی لە گۆرەپانی یاساکانی مەدەنی پێگەیشت، بۆ نمونە شوکردن، خاوەنیێەت، تەڵاق و جیابوونەوە، کارکردن و خوێندن.

لەو یاسایانەدا ڕۆلی خاوخێزان، وە یەکسانی بەتەواوی نێوان ژن و پیاو ڕاگەیاندرا، تەڵاق وە لێک جیابوونەوەی ژن لە پیاو تەنانەت بەپێی رەزایەت و خواستی دوولایەن بوو، تێکەلاوی نێرە ومێ واتە ژن و پیاو و هەر جۆرە ڕابەتەی نێوان توێژ هەراش و بالق وەک شتێکی شەخسی ئەژماردن دەکرا وە لە دەست تێوەردانی مەزهەب و دەوڵەت بری بوو.

سوشیالیزم نیزمێکی کۆمەڵایەتیەکە تێیدا بەرابەری وە یەکسانی ئابووری ژنان و ئازادی شارومەندی و مافی سیاسی و کۆمەڵایەتی بۆ هەموو توێژەکانی کۆمەڵگا گەرانتی کردوە.

لە دونیای ئەورۆیی کە نیزامی سەرمایەداری و دەوڵەتانی لایەنگری سەرمایەداری، بەشێوەیەکی ناپەسەندانە توێژەکانی جیاوازی خەڵک دەچەوسێنەوە، ژنان، لە ژێر سەتەمێکی وە ئازار و ئەزیەتی رەگەزی و نێرەومێ و جەستەیی و دەروونی زیدە لە پیاوەن.
لە نیزامی سەرمایەداری سەتەم بەسەر ژنان بەشێوەیەکی ترسناک و جۆراوجۆر لە کۆمەڵگادا هەستی پێ دەکرێ، کەوابوو بەربەرەکانی لە مەڕ سەتەمی ژنان ناتوانێ لە چالاکی و شەڕی تەبەقاتی نیزامی سەرمایەداری کە ڕیشەیەکی میژوویی هەیە وە سەتەم بەسەر ژنان دا ڕەوادەبینێ ناتوانێ لە موبارەزری تەبەقاتی جیا بەکرێتەوە.

لێکدانەوەی بیردۆزی لیبرالیزم و بەربەرەکانی بەرامبەر بە نابەرابەری ژن لەهەمبەر پیاو بەپێی ئەو بیردۆزی بەمشێوەیە: کە یەکەم سەتەم بەسەر ژن دا بە لار دەبا، دووهەم چالاکی و شەڕی ژنان بۆ ماڤی بەرابەری بەرەو ڕووی کێشەی یاسایی لەچوارچێوەو و پێوەرەکانی نیزامی سەرمایەداری دەکاتەوە وە سنوورداریشی دەکا.

کردەوەی توندوتێژی، جیاوازی و هەلاواردکردن ژن لە پیاو و سەتەم بەسەر ژنان لەو کاتەوە کە تەبەقات لە مێژوودا درووست بوون چۆتە قۆناغێکی نوێوە. بەر لەوەی تەبەقات درووست بن ژنان و پیاوان لە هەمو بەشەکان بەیەکەوە هاوبەش بوون.

هەنوکە کە جیهان نیزامێکی سەرمایەدار یە و ئە نیزامەحاکەمە، و گەرای دەسەلاتداریشە، کردەوەی توندوتێژی بەرامبەر بە ژنان، بەگرە لە دەوڵەتی، هەروەها بنەماڵەییی، کەش کاریی و لەسەر شەقام بە شێوەی جۆراجۆر لە ئارادایە.

توندوتێژی لەسەر ژنان،ئەگەرچی دەوڵەت و ناوەندییەکانی نێودەوڵەتی دەڵێین ئەو دیاردەیە کەم بوۆتەوە، بەلام بەوحاڵەشەوە ئەورۆشی لە گەڵ بێ توندوتێژی وەکو ڕووداوەیەیکی ناشیرین و فراوان لە ئارادایە.

ژنان لە جیهان دا لەهەر وڵاتێک بە شێوەیەک لە لایەن دەوڵەت، بنەماڵە، کۆمەڵگا توندوتیژیان بەرامبەر دەکرێ، خەتنەکردن، بێ بەشکردنی لە ئابووری(بەشی ماڵی) و کۆشتنی ناموسیی و بێحۆرمەتی و ناشیرین لێداوان بەرامبەر بەژن نمونە کردەوەی توندوتێژی هەنوکە بەرامبەر بە ژنانە.
بەپێ زانیاری لە پەیوەندیرێژەی دانیشتوانی جیهان، سازمانی میلل پێشبنیکردوە کە ساڵانە ٥٠٠٠ ژن لە سەرانسەری جیهان لە لایەن بنەماڵەکانیان بەهۆی مەسەلەی ناموسیی دەکوژرین، کە لەهەر ١٠٠٠ ژن ٥ ژن یان لە مەترسی دەستدرێژی جەنسی دابوون یاخود دەستدرێژیان پێکراوە.

بۆ لە بەین بردنی بەتەواو کردەوەی توندوتێژی لەسەر ژنان جگە لەوەی پێویست بەربەرەکانی نەریتەکان، ڕەفتاروسرووشتەکان و ئەفسانە کانی مەزهەبی و فەرهەنگی دواکەوتویی پیاوسالاری هەیە، هەروەها دەبێ چالاکی و بەرهەڵستکاری بەردەوام دژی بە نیزامەکانی سەرمایەدار ی بەکرێ کە بە سیاسەتی جیاوازی دان و نابەرابەری و دواکەوتویی پەرە بە سیاسەتی چەوساندنەوەی ژن دەدەن.

بەرەبەرکانی کردنی وە لەبەین بردنی هەژاری وتنگدەستی مەسەلەی هەر گرنگ لەبەین بردنی کردەوەی توندوتیژی لە هەمبەر ژنە. زیدە لەوەش لە کۆمەڵگاکانئ ئیسلامی، بۆنمونە ئێران، بەربەرەکانی دژ ی نیزامی کۆنەپەرست و دواکەتوی ئیسلامی پێویستە، وە دەبێ هەموو هەوڵ و تەقەلا یەک بەدرێ بۆ دامەزراندنی ڕێبازێکی ئازادیخۆانە بۆ لە بەین بردنی سەتەم لەسەر ژنا چ لە ئاستی دەوڵەتی و چ لە ناو بنەماڵەکان .

هەموو مرڤێکی ئازادیخۆاز کە باوەڕی بە مافی یەکسانی هەیە، ڕێزگرتن لە و مافی ئازادی تاکی دەبێ لەبەرچاوە بێ و لە هەموو جۆرە توندوتیژی ئابووری، جەستەیی و بێ حۆرمەتی بەدەم خۆی بەپارێزێ و پێ پەست بێ. هیچ ئینسانێک نابی بە بێ حۆرمەتی و بێ ڕێزی کردن سەیری بەکرێت.

هیچ مرڤێک هەق پرست و دادپەرست ناتوانی تەحەمولی ستەم و بێ ڕێزی ژنان بەکا وە پێویستە لە هەمو لایەنێکەوە دژ بەو مەسەلەی واتە سەتەم وە کردەوەی توندتیژی بە ژنان، بەربەرەکانی بەکرێ، ئەوەش تەنانەت خۆی لە چوارچێوە ماڵەوە نابینێتەوە، بەڵکوو هەموو شوێنەکانی کاری، دەرس خوێندن، کۆمەڵگا بەشێویەکی بەڵاو دەگرێتەوە.

ڕووشکاندن و بەچەترسینکردن وە بێ حۆرمەتی کردن بە ژنان، لە ڕاستیدا بە هەموو ئینسانییەتە، بۆیە پێویستە مرڤەکانی ئازدیخۆاز و هەوڵدەری مافی یەکسانی بۆ ئنسانەکان سەربارەت بە مافی بەرهەڤی ژنان بەرپەرچی لەخۆیان نیشان بەدا.

سەرچاوە: ماڵپەڕی پێنوسەکان - ڕێکەوتی: ٦ی نۆڤەمبەری ٢٠١٢

# بەڕێوەبەرایەتی بە دواداچوونی توندوتیژی دژ بە ئافرەتان



## نوسینی: ڕێکەوت ئیسماعیل

### گرفتی پرۆفیشناڵ بوون

لە زانستی پزیشکیدا دیاریکردنی نەخۆشی واتە(تشخیص ضژخژڕیخچخح ذ گرنگترین کارە، چونکە بەهەڵە دیارکردنی نەخۆشیەک وا دەکات نەک نەخۆشیەکە چارەسەر نەکرێت بەڵکو ڕەوشی نەخۆشەکەش ترسناکتر بێت.

ئەمە ڕاستەوڕاست ئەو هەڵە کوشندەیەیە کە بەڕێوەبەرایەتیەکانی بەدوواداچوونی توندوتیژی دژ بە ژنان تێیکەوتوون جا ئایا ئەمە لە دڵسۆزیانەوە بێت یان لە پرۆفیشناڵ نەبوونیانەوە بێت.

ئەوەی من لەم نوسینەدا دەمەوێت ئاماژەی بۆ بکەم زۆر بە کورتی ئەوەیە کە هەڵەی پرۆفیشناڵ نەبوونی ئەو دامەزراوانە ڕۆڵی گرنگی بینیووە لە قەبەکردن و مەترسیدارکردن و تەنانەت بەرزکردنەوەی ڕێژەی دیاردەکە.

لێرەدا هەوڵ دەدەین بە کورتی و هێندە دەرفەت هەبێت لەسەر یەکێک لە هەڵەکانی ئەو دامەزراوانە بوەستین کە ئەویش بریتیە لە چۆنیەتی ئامادەکردنی ئامارەکان و ئەو بنەما زانستیانەی کە بۆ ئامادەکردنی ئەو ئامارانە پشتیان پێدەبسترێت...

### توندوتیژی دژ بە ژنان چیە؟

لە پێناسەی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا هاتووە کە توندوتیژی دژ بە ئافرەتان بەربڵاوترین جۆری پێشێلکاری مافەکانی مرۆڤە لە هەموو دنیادا، هەموو ئافرەتێک لە هەر وڵاتێکدا و لەهەر کەلتورێکدا لە هەر کلاسێکی کۆمەڵایەتیدا بێت، لەهەر تەمەنێکی

ژیاندا و سەر بەهەر دیانەتێک بێت دەشێت قوربانی توندوتیژی خێزانی بێت، ئەمە گرفتێکی جیهانیە... لەم پێناسەوە بۆمان ئاشکرا دەبێت کە دیاردەی توندوتیژی تایبەت نیە بە کۆمەڵگەی کوردەواریەوە، بەڵکوو بە پێچەوانەوە ڕەنگە کۆمەڵگەی کوردەواری کەمتر لە هەندێ کۆمەڵگەی تەنانەت ئەوروپیش توندوتیژی دژ بە ژنانی تێدا بێت. ئەی باشە کەواتە گرفتەکە لە چیدایە کە ئامارە جیهانیەکان کۆمەڵگەی ئیمە دەکەنە دڕندەترین کۆمەڵگەو وێنەیەکی زۆر ناشرین و نەخوازراو بە نەتەوەی کورد دەدەن؟

من پێموایە یەکێک لە هۆکارە هەرە سەرەکیەکان(جگە لە هۆکارە سیاسی و ئانقەستەکان) هۆکاری نەشارەزایی خودی ڕێکخراوەکانی ژنانە.

بەڕێوەبەرایەتی بەدواداچوونی توندوتیژی دژ بە ئافرەتان یەکێکە لەو لایەنە بەرپرسانەی کە ڕەوشی توندوتیژی دژ بە ژنان تاوتوێ و چارەسەر دەکات، لەم فەرمانگەیەوە زانیاریەکان دەکرێنە داتاو پاشان وەکو ئامار بڵاو دەکرێنەوە.

چۆنیەتی دروستکردنی داتا و پۆڵێنکردنی ئامارەکان بەڵگەیەکی زۆر گرنگی ئەوەن کە ئەم فەرمانگەیە هیچ پێوەرێکی زانستی بۆ پێشێلکاری مافی ژنان ڕەچاو ناکات بەڵکو بە پێچەوانە تێکەڵ و پێکەڵییەکی یەکجار زۆر بە ئامارەکانیەوە دیارە کە هەر ئەمەشە بۆ تە هۆکاری ئەوەی لەچاو ستانداردە جیهانیەکەدا ڕێژەی توندوتیژی بەهەموو جۆرەکانیەوە دژ بە ژنان زۆر قەبەو ناڕاست دەرچن و لە ئاکامدا کوردستان لە بەرچاوی هەموو دنیاوە وەک ئەژدیهای حەوت سەر وێنا بکرێت... با بزانین ئەم ئامارانە چین و باسی چی دەکەن؟

ئەو ئامارەی کە بەڕێوەبەرایەتی توندوتیژی دژ بەژنان بڵاوی دەکاتەوە ئەم بابەتانە لە خۆ دەگرێت

١- کوشتن + خنکاندن
٢- خۆکوشتن + خۆخنکاندن
٣- هەوڵی کوشتن + خنکاندن
٤- گومانی کوشتن + خنکاندن
٥- هەوڵی خۆکوشتن + خۆخنکاندن
٦- سوتان
٧- خۆسوتان
٨- سوتاندن
٩- هەوڵی خۆسوتاندن
١٠- دەرمان خواردن
١١- رفاندن
١٢- لاقەکردن + دەستدرێژی

١٣- لێدان

١٤- بریندارکردن

١٥- خۆبریندارکردن

١٦- کێشەی مۆبایل

١٧- سوکایەتی پێ کردن(تانەوتەشەرو ناوبانگ زڕاندن.ص

١٨- جنێودان.

١٩- بێزارکردن(راستەوخۆ+ مۆبایلص

٢٠- هەڕەشە

٢١- بەندکردن

٢٢- هەڵاتن

٢٣- وونبوون

٢٤- سواڵ پێ کردن.

٢٥- لەشفرۆشی پێ کردن.

٢٦- ڕێگرتن لە شوکردن.

٢٧- کۆمەڵایەتی

٢٨- خێزانی

٢٩- بەزۆربەشوودان.

٣٠- لەجیاتی خوێن.

٣١- مارەیی سەر بێشکە.

٣٢- جۆراوجۆر( مردن، کارەباگرتن، غازلێدان، هەڵخەڵەتاندن.ص

٣٣- خیانەتی زەوجی.

تێبینی: ئێمە بابەتەکانمان وەک خۆی نوسیوەتەوە بۆیە هەڵە زمانەوانیەکان تایبەتن بە بەڕێوەبەرایەتی ناوبراو نەک نوسەری بابەتەکە.

ئەگەر سەرنجی ئەو ئامارە بدەین راستەوخۆ بۆمان دەردەکەوێت لە هەر وڵات و بستێکی دنیادا، تەنانەت لەو وڵاتانەشی کە تەمەنی دیموکراسی تێیدا چەند سەدەیەک دەبێت، ئەگەر ئەو ئامارە بەوجۆرە پڕ بکرێتەوە ئەوە وێنەیەکی نازانستی و شێواو دەدەن بە ڕەوشی کۆمەڵگە بەگشتی و ژنان بە تایبەتی و ڕێژەی توند و تیژیەکانیش بەهۆی ئەم ئامارە بێسەروبەرەوە بێگومان یەکجار زۆر زیاد دەکات و دەبێتە هۆکاری ئەوەی کە هەمووتاکەکانی کۆمەڵگە بە شێوەیەک لە شێوەکان خۆیان لە نێو ئەو ئامارەدا ببیننەوە...

ئەوەی لەم ئامارەدا بەدی دەکرێت ئەوەیە کە ڕێکخەرانی ئامارەکە هیچ شارەزاییەکی ئەوتۆیان لە یاسا و بڕگە یاساییەکانی تایبەت

بە تاوان نیە، چونکە بەشێکی زۆر لە بڕگەکانی ئەو ئامارە پەیوەندی بە دیاردەی جێندەرو توندوتیژی و تاوانی شەرەفەوە نیە، بەڵکو وەک هەر دیاردەیەکی دیکەی نێو کۆمەڵگە هەژمار دەکرێت. ئەم خشتەیە هێندەی کەموکوڕی و موبالەغەو ناشارەزایی پێوە دیارە ڕەنگە تەنها پسپۆڕانی بواری یاسا و تاوان و کۆمەڵناسی بتوانن راستی بکەنەوە. من دەپرسم لە چ بستێک لەم دنیایەدا تاوانی سواڵ پێکردن وەک توندوتیژی دژ بە ژنان تۆمار دەکرێت؟ یاخود وەک لە بڕگەی ١٦ هاتووە (کێشەی مۆبایل) و لە بڕگەی ١٩ بێزارکردن بە مۆبایل، من پێموایە ئەگەر کێشەی مۆبایل و بێزارکردنی مۆبایل بە توندوتیژی هەژمار بکەین ئەوە دەبێت فەڕەنساو ئەڵمانیا و ئەمەریکا یەکەم وڵاتی دنیا بن لە توندوتیژی دژ بە ژنان نەک کوردستان. دزی پێکردن لەهەموو بڕگەیەکی یاساییدا تاوانێکی جینائیەو هەر کەسێک ئەنجامی بدات ژن بێت یان پیاو یان مافیا و چەتە بە هیچ شێوەیەک ناچێتە نێو چوارچێوەی توندوتیژی دژ بە ژنانەوە، لە پیناسەو فۆرمەکانی نەتەوەیەکگرتووەکانیش دیاردەی لەشفرۆشی پێکردن بە هەمان شێوە دەچێتە نێو چوارچێوەی کاری مافیاگەری یاخود ئەوەی بە بازرگانی کۆیلەی سپی ناوی براوە.. چەندین بڕگەی دیکەی سەیرو سەمەرە لەم ئامارەدا بەدی دەکرێن کە بەڕاستی نەک تەنها مایەی پێکەنینە بەڵکو لە هەمان کاتدا مایەی گریانیشە وەک (غازلێدان و هەڵخەڵەتاندن و کارەبا گرتن و خۆبریندارکردن و جنێودان و بێزارکردن و ونبوون... هتد)، لێرەدا زۆرم لا سەیرە کە ڕووداوەکانی هاتووچۆ بە تایبەت ئەوانەی کە ژنان تێدا بریندار دەبن یاخود گیان لە دەست دەدەن وەک ئامار هەژمار نەکراوە، چونکە بەپێ گومانەکان و هەڵسەنگاندی ئەو ئامارە بێت دەکرێت مەبەستێک لە پشت ئەو روداوە هەبێت و بە ئانقەست بەرامبەر بە ژنان ئەنجام درابێت...

### دیاردەی خۆکوشتن:

دیاردەی خۆکوشتن یاخود ئینتیحار، یەکێکە لەو دیاردانەی لەم ئامارەدا نزیکەی یازدە بڕگەی لە خۆ گرتووە، بێگومان لەم بڕگانەشدا بێ سەرەوبەرەییەکی زۆر بەرچاو دەکەون، تاڕادەی ئەوەی ئەگەر گومانیش هەبێت وەک لە بڕگەی ٤ و ٣٣ دا هاتووە، ئەوا هەر دەکرێتە ژمارەو بڵاو دەکرێتەوە، ئایا دەکرێت تەنها بە گومان یاخود روداوێکی نەخوازراوی وەک غازلێدان و کارەبا گرتن، داتایەک بۆ توندوتیژی دژ بە ژنان ئامادە بکرێت؟

لە ئامارەکەدا هەموو جۆرە خۆکوشتنێکی ژنان وەک توندوتیژی دژ بە ژنان ناوی هاتووە، لە کاتێکدا بەپێ ی هەموو ئامارە زانستیەکان رێژەی ٤٠٪ ی خۆکوشتنی کەسان دەگەڕێتەوە بۆ نەخۆشی دەرونی وەک خەمۆکی جوت کەسایەتی- انفصام- و مادە هۆشبەرەکان، ٦٠٪ ی رێژەی خۆکوشتنیش دەگەڕێتەوە فەرهەنگی دواکەوتووی کۆمەڵگا و شێوازی پەروەردە و گرفتی خۆشەویستی و سۆز و گرفتی خێزان و تەنانەت دەرنەچوون لە قوتابخانە.

بە چ پێوەرێک دەکرێت ئەو کچەی لە قوتابخانە دەرناچیت و خۆی دەسوتێنێت یان ئەو کچەی لەسەر مۆبایلێک کە باوکی یان دایکی لێ ی دەسەنێت خۆی دەسوتێنێت بە توندوتیژی هەژمار بکرێت؟ بە چ پێوەرێک ئێمە دەتوانین خۆکوشتنی ئافرەتێک لە ژێر فشارو هەڕەشەی خێزاندا یان بەهۆی لە دەستدانی پەردەی کچێنی لە حاڵەتەکانی دیکە جودا بکەینەوە، یان خۆکوشتنی پیاوان یان کوڕان تەنها لە بەرئەوەی مێینە نین لە چ خانەیەکدا هەژمار بکەین...

بۆیە مەرج نیە هەموو کردەوەیەکی خۆکوشتن و خۆ سوتاندنی کچان بخرێنە ئەستۆی کۆمەڵگە و لە چوارچێوەی توندوتیژی دژ بە ژنان، پیاوان لە بەرامبەریدا تاوانبار بکرێن، هەر وەک چۆن ناکرێت بەرامبەر خۆکوشتنی پیاوان ژنان تاوانبار بکرێن.

بۆ سەلماندنی راستی و دروستی ئەوەی سەرەوە کۆمەڵگەی هۆڵەندا بە نمونە دەهێنمەوە...

- ڕێژەی ٩٪ ی کۆمەڵگەی هۆڵەندی لە پێنج ساڵی رابووردا بەشێوەیەک لە شێوەکان بۆتە قوربانی توندوتیژی ناو خێزان کە ڕێژەکان بەمجۆرەی خوارەوە دیاری کراون:

٤٥٪ ی هەموو هەموو ژن و پیاوەکان، ئەوانەی کە تەمەنیان لە نێوان هەژدە بۆ حەفتا ساڵدایە بەشێوەیەک لە شێوەکان قوربانی توندوتیژی خێزانن. لەم ڕێژە توندوتیژیە لێدانی قورس و دەستدرێژی سێکسی و لاقەکردن بەرچاوەدەکەون.. ژمارەکانیش بە داتا بەمجۆرەیە: ١٦٠ هەزار ئافرەت دووچاری لێدانی سوک یاخود دەستدرێژی سێکسی و سوکایەتیپیکردن بوونەتەوە، ٣٠ هەزار ئافرەت دووچاری لێدانی توند و دەستدرێژی سێکسی توند بونەتەوە. ٧ هەزار ئافرەت دووچاری توندوتیژی لە ئاستی زۆر بەرزو ترسناکدا بوونەتەوە.. هەندێک جار توندوتیژی هێندە خراپ بووە کە ئافرەتەکەی ناچارکردووە لەگەڵ منداڵەکانیدا هەڵبێت.

لە ساڵی ٢٠٠٨ دا نزیکەی ١٠ هەزار ئافرەت پەنایان بردۆتە بەر شێلتەرەکان ڕێژەی ٣٨٪ ی ئەوانە منداڵیشیان لەگەڵدا بووە...ژنان بەڕێژەی ٦٠٪ و پیاوانیش بە ڕێژەی ٤٠٪ بوونەتە قوربانی، لە ساڵی ٢٠٠٧ دا لە نێوان قوتابییانی ١٢-١٦ ساڵەدا ١٦٠,٧٠٠ منداڵ بوونەتە قوربانی و دووچاری جۆرێک لە جۆرەکانی توندوتیژی قورس و سوک هاتوون. لاقەکردنی کچان بە ڕێژەی ٨٠٪ لە لایەن برا، مام، زڕباوک و باپیرەوە بووە، ڕێژەی ١٦٪ی ئەو کچانەی کە جارێک یان زیاتر لاقەکراون تەمەنیان لە شازدەساڵ کەمتر بووە.

ڕووداوەکانی ساڵی ٢٠٠٨

ساڵی ٢٠٠٨ لە بنکەکانی پۆلیسی هۆڵەندا ئەم ژمارانە تۆمار کراون:

- ٦٣٨٤١ ڕوداوی توندوتیژی
- ٢٣٦٧١ سکاڵای تۆمارکراو لە کن پۆلیس.
- ١٥٨١٨ هاوڵاتی بەهۆی توندوتیژیەوە دەستگیرکراون..

ژمارەی قوربانیەکان ساڵی ٢٠٠٩

١٤ کوژراوی پیاو

١٩ کوژراوی ژن

١٢ کوژراوی منداڵ ( مەبەست لە منداڵ لە یاساکانی هۆڵەندا هەموو کەسێکی خوار ١٨ ساڵەی

کۆی گشتی ٤٥ کوژراو

ژمارەی قوربانیەکان ساڵی ٢٠١٠

١٠ کوژراوی پیاو

٢٠ کوژراوی ژن

١٤ کوژراوی منداڵ

کۆی گشتی ٤٤ کوژراو.

## ئامارە جیهانیەکان

لە هەرسێ ئافرەت لە جیهاندا یەکێک لە ژیانی خۆیدا لانی کەم جارێک یان زیاتر دووچاری توندوتیژی وەک لێدان، سوکایەتی، لاقەکردن دەبێتەوە، نیوەی ئەو ژنانەی دەکوژرێن لە لایەن هاوسەرە کۆنەکانیانەوە دەکوژرێن، توندوتیژی و لاقەکردنی ژنان لە نێوان تەمەنەکانی ١٥-٤٤ مەترسیدارترە لە نەخۆشیەکانی شێرپەنجەو روداوەکانی ئۆتۆمبیل و مەلاریا.

لە بەلژیکا یەک ژن لە حەوت ژن دووچاری توندوتیژی دەبێتەوە لەلایەن مێردەکەیەوە..

ئۆکسفام لەو باوەڕەدایە کە توندوتیژی چوارچێوەی گەشەسەندنی ژنان لە بوارەکانی ئابوری و کۆمەلایەتی و کەلتوری و مافەسیاسیەکان بەرتەسک دەکاتەوە . ئۆکسفام نەک تەنها دەرئەنجامەکانی توندوتیژی بەڵکو هۆکارەکانی باس دەکات دەیباتەوە سەر نەبوونی هاوسەنگی لە پەیوەندی دەسەلاتدا کە بەهۆکارەکانی کەلتوری و ئاین و سیاسەت و خوێندن و ئابوریەوە ئافرەتان کەلەپچە دەکات..

بە سەرنجدانی ئەو ئامارانەی سەرەوە بۆمان دەردەکەوێت تەنانەت لە هەموو وڵاتە پێشکەوتووەکانی دنیاشدا رێژەی زۆر بەرز لەو دیاردەیە بەرچاو دەکەوێت، کەچی هیچ کەس و لایەنێکش نایکات بە هەڵاو ئاماری بێسەروبەرەی لەسەر دروست ناکات و بڵاو ناکاتەوە بەڵکو رێگا چارەی گونجاو بۆ ئەو دیاردەیە دادەنێن و بە رێگایەکی زانستی مامەڵەی لەگەڵدا دەکەن...

قەبەکردن و شاخ و باڵ لێروانـدنی ئەو داتایانە بەو جۆرە ناواقعی و نازانستیە لە کوردستاندا بەرچاو دەکەوێت رەنگدانەوەی خاڵێکی زۆر گرنگە ئەویش ئەوەیە کە هەندێک لایەن و میدیای دیاریکراو بە ئانقەست کار بۆ بە ئایدۆلۆژیاکردن و بە سیاسەتکردنی ئەم کەیسە دەکەن، کە ئەمەش هۆکاری راستەقینەی گەورەکردن و ئاڵۆزکردنی کێشەکەیە نەک چارەسەرکردنی، لە کاتێکدا هیچ کام لەو میدیاو رێکخراوانە هێندە بوێر نەبوون باسی گەورەترین توندوتیژی رۆحی و جەستەیی بەرامبەر بە ژن بکەن کە دیاردەی فرە ژنیە. هەروەها گرفتێکی دیکە ئەوەیە کە هەندێک رێکخراوی بەناو ژنان و فەمینیست و داکۆکیکار لە مافی ژنان بە ئامانجی تایبەت و هەندێک جاریش سۆز ئامێزەوە کار لەسەر وروژاندن و قەبەکردنی نا مەسئۆلانەی ئەم ئامارانە دەکەن و تەنها لە بڵاوکردنەوەو خوێندنەوەی ئامارەکاندا رۆڵی خۆیان دەبیننەوە بەبێ ئەوەی کارێکی ئەوتۆ زانستی بۆ چارەسەری ئەم کێشەیە بکەن.

من لە ڕێگای ئەم نوسینەوە پێشنیازی ئەوە دەکەم کە ئەو ئامارانە سەرلەنوێ بە پێوەرێکی زانستی داڕێژرێن و لە ڕێگای ڕێکخراوە شارەزاکانی ژنانەوە لە نەتەوە یەکگرتووەکان و وڵاتانی دیکە هەوڵ بدرێت میکانزیمی گرنگ و زانستی بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ دیاردەی توندوتیژی دژ بە ژنان دیاری بکرێت، هەروەها داوا لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی بەدوواداچوون دەکەم لە ڕێگای پەرلەمانەوە یاسایەک بۆ پابەندکردنی میدیاکان بەم هەواڵانەوە هەموار بکەن، چونکە بڵاوکردنەوەی ڕۆژانەی هەرشتێک لە کەناڵەکانی میدیاوە ئەو شتە دەکاتە کارێکی ئاسایی و ڕۆژانە لەبەردەم بینەرانیداو ئەنجامدان و دووبارەکردنەوەشی دەبێتە حەز و خولیاو کەلتور.

سەرچاوە: ماڵپەڕی دەنگەکان - ڕێکەوتی: ٢٥ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٣

# توندو تیژی و دیاریدەی لەشفرۆشی!



**لاوژە جەواد**

دیارە دیاریدەی توندو تیژی بەرامبەر بەژنان دیاریدەیەکی جیهانییەو، بەڵام شێوەی بەرەنگاریبونەوەی لە وڵاتێک بۆ وڵاتێکی تر بەپێی ئاستی هۆشیاری وڵاتەکان جیاوازی هەیە.

ئەگەر لە سەرەوە سەیرێکی ناو کوردستان بکەین، دەبینین لە چوارچێوەی عەقڵیەتی دەسەڵات، یاساو، پۆلیس، دابونەریت، کەلتور، پەروەردە، رۆشەنبیر، مامۆستا وە، لە بیر و زەینی ئەمانەدا کۆمەڵێک دیاردەی نائینسانی هەن تاکو ئێستاش بەنرخن وەک بەهایگشتی و جێبەجێکردنیان ویژدانی ئەوان ئازار نادات وە یان لانیکەم لە عەقڵیەتی ئەوانەوە پەسەندکراوە، هەندێ لەو بەهایانەی کۆمەڵگای کوردی ئەمانن: پیاو خاوەن ژنە، ژن کەم عەقڵترە لە پیاو، ژن بێ غیرەت ترەلەپیاو، سەر شۆریە بۆ پیاو لەگەڵ دایک، خوشک و ژنێکدا بژیت کە دەستدرێژی کرابێتە سەر، بەخشین و قوربانیکردنی ژن لە پێناو هەڵەکانی پیاودا، خۆ پاککردنەوە لە ئەتکی ناموسی بە کوشتنی دایک،ژن و خوشک شانازیە، خەتەنە کردنی ژنان، لەچکی زۆرەملی، بەستنەوەی کچان و ژنان لە کونجیماڵەوە و ...هتد. ئەمانە بازنەیەکی داخراویان دروستکردووە کە دەرفەتی لە دەرکەوتنی ژن وەک کەسایەتی سەربەخۆی بڕیوە و زۆرجار ژن دەستدرێژی دەکرێتەسەر، بەڵام دەرگاکانی سکاڵاکردن بەڕویا داخراوە، لەبەر ئەوەی ئابڕوی نەچێت نابێت بیدرکێنێت و لە مێشکی خۆیدا قوفڵی دەدات هەتا توشی خەمۆکی دەبێت. هەر لە خێزانەوە بیگرە تا کۆمەڵگا، خوێندنگا، بازاڕ شوێنی کار توندو تیژی بەرامبەر بە ژنان وەک بەشێکی جیانەکراوە ئاساییە. تەنانەت بەپێی لێکۆڵینەوەکان تەکنەلۆژیای سەردەم وەک و مۆبایل و ئینتەرنێت و تۆڕەکۆمەڵایەتیەکانی بونەتە یەکێک لە هۆکارەکانی توندوتیژی دەرونی و جەستەیی بۆسەر ژنان.

ناتەبایی نێوان هیوایەت و ئارەزوەکانی ژنان لەگەڵ کەلتوری کۆمەڵگای داخراو بەردەوام گرژی و ئاڵۆزی دروست دەکات. لە لایەکەوە دەستگرتن بە سیستەمی دەرەبەگایەتی و دابو نەریتی سەردەمی جاهیلیەتەوە لە ژێر ناوی تەقالید و بەهای گشتی و کەلتوری کوردەوە، لەمپەری جیدین لە بەردەم کرانەوەی کۆمەڵگای کوردستاندا. لە ڕوەکەی ترەوە گەشەکردنی ئاستی هوشیاری و تەوەقوعاتی

ژنـان، کەلێنـی نێـوان چاوەڕوانیەکـانی ژنـان و ئەمـری واقیعـی کۆمەڵگـا قـوڵتر دەبێـتەوە، لە هەر ئاسـتێک ژنـان ڕۆژ لەدوای ڕۆژ هۆشیاریان دەچێتەسەرەوە و تێدەکۆشن مومارسەی مافە ئینسانیەکانی خۆیـان بکەن، هەر بەو ئاستەش ڕێگریـان بـۆ دروست دەبێت و توشی کێشە دەبن. لە سەر هەر بابەتێک ژنان هەڵوێست بنوێنن وەک کەسایەتی سەربەخۆ توشی کێشەو بەرەنگاری دەبنەوە.

### کاریگەریەکای توندو تیژی لەسەر دیاریدەی لەشفرۆشی

لە کوردسـتاندا سیسـتەمێکی بەهێـزی کـۆمەڵایەتی نییە کە ئینسـانەکان بپارێزێت، بۆنمـونە دامو دەزگـایەک نییە کە پـارێزگـاری لەو منداڵانە بکات و بە باشی پەروەردەیان بکات کە ڕوبەڕوی توندوتیژی دەبەوە یاخود ژنان و کچان ناچار نەبن بەوەی کە هەموو تونـدو تیژیەک قبوڵبکەن. ئەگەر دەوڵەت بە ئەرکو بەرپرسیاریەتی خۆی هەستێت و هاووڵایت وەکوپێویست بـایەخی پێبـدرێت و سیسـتەمێکی کـۆمەڵایەتی بەهێـز هەبێت کە لەڕوی مـادی و مەعـنەویەوە پارێزگـاری لە ژیـان و کەسـایەتی مـرۆڤ بکـات، بۆنمـونە ڕێگـا نەدات ئینسـانەکان ئیهـانەو تەشهیریـان پێبکرێت و دەرفەتـی قبـوڵنەکردنی کۆیلایەتییـان بـۆ برەخسێت و بتـوانن ئـازادانە بێنە دەرەوە لە ماڵەوە، ئەگەر هەمو ئینسـانێک مـافی تەئمینـی ژیـانێکی گونجـاو لەوانە ئـابوری و جێگەو ڕێگایـان بـۆ دابینبکرێت، ژنـان ناچـارنەبن بەهۆی نەبونی ئابوری سەربەخۆو بە ناچاری جیانەبنەوەو هەموو توندوتیژیەکی دەرونی و جەستەیی قبوڵبکەن.

گوێنەدان بە هەست و سۆزی ژنان و گرنگنەبـوون ئیحسـاس و خۆشەویستی و لەزەتکـردن لەیەکتری لە پرۆسەی زەواجـدا، کپکـردنەوەی ئیحساسـاتی مێینە بە هـۆی خەتەنەکـردنەوە هۆکـاری تـری دروست بـوونی نـاکۆکی و تەنـدو تیـژی و گەرمکردنـی بـازاڕی لەشفرۆشین. لەکاتێکدا کە خۆشەویستی لە خێزاندا بەرقەرار نەبوو، ژن و پیاو نەیانتوانی جوابدەرەوەی ئیحساساتی یەکتری بـن و بەتـایبەت ژنـا بەهـۆی خەتەنەوە ئەم پێویسـتیە ئینسـانییەیان لێسـەندراوەتەوە، ئەوە دەبێـتە سـەرچاوەی لە یەک تێنەگەیشـتن و بەرهەمهێنـانی تونـدوتیژی لەخێزانـدا. وە بەهـۆی ئەوەی کە کۆمەڵگـای کوردسـتان کۆمەڵگـایەکی پیاوسـالاریە پیـاوان ئـازادن لەوەی کە لەدەرەوەی ماڵەوە لەشبکڕن ئەوەش بازاری لەشفرۆشی گەرمتر دەکات.

هەرێمی کوردستان یەکێکە لەو ناوچانەی کە بەکردەوە دیاردەی توندو تیژی ئیدانە نەکردووە و دەتوانین بڵێین زۆرتـرین تونـدو تیـژی بەرامبەر مێینە ئەنجامدەدرێت، هەر لە خەتەنەکردنی منداڵانی کچەوە بیگرە تـا دەگـاتە بەشودانی منـداڵان، دەسـتدرێژی و تەحەروشی جنسی، بەزۆر بەشودان، لێدان، چەند ژنە، نەبونی ئابوری سەربەخۆو بەربەستەکانی بەردەم جیـابونەوە وە هەروەهـا گرفتەکـانی دوای جیابوونەوە.

من پێموایە لەماوەی چەند ساڵی ڕابردودا قسەی زۆر کراوە دەربـارەی تونـدو تیـژی، شێوەو هۆکارەکـانی. من دەمەوێت لەم نوسینەدا تیشک بخەمە سەر کاریگەری و دەرئەنجامەکانی تودوتیژی.

نیزامـی سـەرمایەداری هەمیشـە هەوڵیـداوە ئینسـانەکان وەکـو کـاڵایەکی بێبـایەخ سـەیربکات ، لەبەر ئەوەی بە ئاسـانی بیانکـاتە سـەرچاوەی سـود بـۆ کەڵەکەکردنـی قـازانجی خـۆی. لە دوو دەیەی ڕابـردودا یەکێـک لەو دیاریـدانەی کە لە سەرتاسـەری عیـراق

گەشەیکردوە وە کوردستانیش لێی بێبەش نەبووە دیاریدەی لەشفرۆشیە. دیارە ئەمەش هۆکاری سەرەکی دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی ئارامی کاریگەری بارودۆخە سیاسیەکان لەسەر بڵاوبونەوەی توندو تیژی و سەقامگیرنەبونی بارودۆخی ئابوری. بەپێی ئەم لێکۆڵینەوانەی کە دەربارەی لەشفرۆشی کراون لە کوردستاندا زۆربەی ئەو ژنانەی کە بونەتە قوربانی باندەکانی لەشفرۆشی و تێکەڵی ئەم بازارە بوون، کەسانێکن کە قوربانی توندو تیژین. ئەو ژنانەی کە ئیتر نەیانتوانیوە بەرگەی ئازاری دەرونی و جەستەیی بگرن و جێگاو ڕێگاو سەرپەنایەکیان نەبووە یاخود هاوسەر یان دایک و باوکیان لەدەستداوەو هیچ سەرچاوەیەکی ئابوریان نەبووە، بەناچاری ڕویان لەم بازارە کردوە بۆئەوەی بژێوی ژیانی خۆیان و منداڵەکانیان دابینبکەن.  بەپێی کتێبی ئۆقیانۆسێک لە تاوان کە لێکۆڵینەوەیەکە دەربارەی ئەم دیاریدەیەو لەلایەن بەڕێز خەندان جەزاوە ئەنجامدراوە، باندەکانی لەشفرۆشی لە هەموو شوێنێک ئامادە و بونیان هەیە، لە گەراجو جادەکان، خەستەخانەو سالۆنەکان ەهەموشی ترسناکتر لە زیندانەکان. کۆمەڵێک ژن و کچ کە بەهۆی توندو تیژی خێزانیەوە کەوتونەتە سەر شەقامەکان و لەلایەن پۆلیسەوە دەستگیرکراون لەبری ئەوەی جێگاو ڕێگاو شوێنی حەوانەوەیان بۆ دابینبکرێت و کۆمەکی دەرونی بکرێن و یارمەتیبدرێن بۆ دەستکردن بە خوێندن و پەیداکردنی کاری گونجاو، لە زیندانەکاندا توشی داوی باندەکانی لەشفرۆشی بوونە، یاخود ژنانێک کە لەژێر یاسای زینا زیندانی کراون و کەسوکاریان ئامادە نەبوونین جارێکیتر بیانگرنەوە خۆیان دیسانەوە نێچیری باشبوون بۆ باندەکانی لەشفرۆشی.

هەربۆیە من پێموایە یەکێک لە بنەڕەتی ترین کۆڵکەکانی کەمکردنەوەی توندو تیژی لەسەر ژنان سەپاندنی سیستەمێکی کۆمەڵایەتی بەهێزە کە ئابوری و شەخسیەت و کەرامەتی ژنان بپارێزێت و جارێکی تر ژنان نەکاتەوە قوربانی خۆی و نەخوازراو وەک و کۆیلە کڕین و فرۆشتنیان پێبکرێت یاخود لەژێر فشاردا دەست بەرن بۆ خۆکوشتن.

بۆیە، لە غیابی سیستەمێکی  گونجاو و کۆمەڵگایەکی تەندروست، توندو تیژی پاڵنەرە بۆ لەشفرۆشی.

سەرچاوە: ماڵپەڕی پێنوسەکان  -  ڕێکەوتی: ٣ی نۆڤەمبەری ٢٠١٣

# هەفتەی ڕوبەڕو بونەوەی توندو تیژی



**نوسینی: عمرحسین**

**هەفتەی ڕوبەڕو بونەوەی توندو تیژی**

ئەوەی هەموو ساڵێ دووبارە دەبێتەوە ئەو هەڵمەتە رووکەشیانەی حکومەتی هەرێمە بەناوی هەفتەی بەرەنگاری توندو تیژی دژ بەژنان هەرچەندە ئەو هەڵمەتە لەئاستی دنیادا بەڕێوە دەچێت بەشێوازی جیاواز,ئەگەرچی ڕەوشی ژن لەکۆمەڵگایەکەوە بۆ کۆمەڵگایەک دی جیاوازی هەیە بەڵام پێدەچێت لەسەر ئاستی دونیادا ژن رووبەڕوی توندوتیژی جۆر بەجۆر ببنەوە بۆیەش بۆتە پرسێکی جیهانی . ئەم ئاریشە لەهەر کۆمەڵگایەکدا جیاوازی هەیەو پێویستی بەمیکانیزمی جیاوازیش هەیە بۆ ڕووبەڕو بونەوە ,ئەوەی چەند ساڵێکە لەکۆمەڵگای ئێمەدا بەرێوە دەچێت تەنها یەک شێوازەو سالانەش دووبارە دەبێتەوەو بەهەمان شێواز بێ ئەوەی هیچ گۆرانکاریەکی تێدابکرێت و بودجەیەکی زەخمیشی بۆ سەرف دەکرێت و بێ ئەوەی یەک هەنگاو مەسەلەی ژنی بەرەو پێش بردبێت یان لانی کەم برێک لەفشارو توندوتیژی بۆ سەریان کەم کرێتەوە رەوشی ژنان بەرەو باشتر چووبێت , کەچی هەموو سالێکیش هەمان بەرنامە بەهەمان ستایل و میکانیزم و گوتار دووبارە دەبێتەوە ,وە ئەوەی تەنها لەبەردەم یەک هەڵبژاردەدابین زیاتر نا . من پێم وایە بۆ ئەوەی بەڕاستی خزمەت بەڕەوشی ژنان بکرێت توندو تیژی فشاریان کەم بکرێتەوە ڕەوشی ئارامی و ئاسایشیان زیاتر لەوە بەرەو پێش برِوات ,سەرەتا هەول بدەن ئەو بەرنامە سەقەتەی ساڵانە ڕابگرن ,کەجۆرێک لەتوندوتیژی یان ئەو پەڕی بێ موبالاتی بەرهەمدێنێت و پێویست دەکات رێو شوێنێکی واقیعیانەترو زانستیانەتر بگرنە بەر کەخزمەت بەبەرزکردنەوەی پێگەی ژن بکات ,تەوقی دیلیەتی لێ دابماڵرێت ,بۆ ئەوەش پێویستی بەوەیە رێی بڕیارِی سەربەخۆییانەی بۆ دەستەبەر بکرێت.

ئیدی ئەو هەموو هەڵلاوهاتووهاوارە بێ رۆحانەی بانگەشەکارانی ئازادی و یەکسانی دادوەری پێشکەوتو وخوازی و عەدالەتە کەهەر لەسەرۆکی حکومەتەوە وەک یەکەم داکۆکیکاری ژنان و هەموو ئەو بەناو رۆشنبیرو راوێژکارو بایەخ پێداری بواری کۆمەڵی مەدەنی و دیمۆکراتی وژنان و ئازادی و عەدالەت و وەک یەکی ,تاوەکو حزبەکان و رێکخراوەکان و هەموو دام ودەزگاکان و سەنتەرو کۆمەڵەو رێکخراوو یەکێتیەکانی ژنان و ئافرەتان و خوشکان و خانمان وزەعیفان دەکەونە شین وشاپۆرو هاتووهاواری ناڕاست و چەواشەکەرانەو

ڕیاكارانەو ناواقیعی و نازانستی نائەبستمۆلۆژی , كەلەپەنای كوشتن و جینۆسایدی ژناندا بیر لەدەستكەوت وپارەو تلتلەو پلپلەی خۆیان دەكەنەوە بیر لەنمایشتی ڕیاكارانە دەكەنەوە بۆ ئەوەی نیشانمان بدەن چەند چالاك وچەند دڵسۆزو كاراماو كاران . كەچی ساڵ دوای ساڵ ئاماری كوشتن و توندو تیژی ڕوو لەهەڵكشان دەكات ,بێ ئەوەی ئەو كەسایەتی و كۆرو كۆمەڵە لێپرسراوو خۆ مەژۆڵكەرانە ,هەست بەهیچ شەرم و پەشمێك بكەن ودان بەشكەستی خۆیاندا بنێن و لەدەرەوەی ئەو بیركۆڵیەیان بیر لەرێچارەیەكی جیاوازتر بكەنەوە.

بەڕاستی هەموو ئەو نەگبەتی و نەهامەتی و ماڵوێرانی بەڵاو ئافاتانەی دووچاری ئەو كۆمەڵگایە دێن ,یابەرۆكی ئەم كۆمەڵگایە دەگرن وزۆرینەمان نیگەران و خەمبار دەكات كەچی هەر لەجێووەولەپەنایەكی ترە ,هەر ئەو بەڵاو ئافاتانە دەبێتە سەرچاوەی خێرو بێر بۆ هەندێكان .بۆیە من بەردەوام دوعای ئەوە دەكەم خوا بەزەیی بەو میللەتەدا بێت و بچوكترین ئافات و ڕووداو ڕوومان تێنەكات ,چونكە ئێمە هەر لەلایەكەوە ماڵوێران نابین بەڵكو لەزۆر لایەنی تریشەوە توشی ماڵوێرانی و بەدبەختی دەبین تایبەتەن لەتاڵان و بەهەدەردانی بودجەی گشتی !..

یەكێك لەو بەڵاو ئافاتە بەردەوامانەی كۆمەڵی ئێمە ڕەوشی نالەباری نەخوازراوی مێینەیە كەبەردەوام دووچاری هەمەجۆر توندو تیژی دەبنەوە ..! زیاتر لەسەدا نەوەدی ئەو ئامارانەی لەبەر دەستدان و باس دەكرێن هەموو ئەو ژنانەی ڕووبەڕوی كوشتن و توندو تیژی بوونەتەوە ژنانی ماڵەوەن ,بەشێكی سەرەكی كێشەكانیشیان لەبنچینەدا كێشەی پارەو ئابوریە , هەروەك یەكێك لەفەیلەسوفە ناودارەكانی بواری سۆسیۆلۆژیا دەڵێت (ئابوری سەربەخۆوكەسایەتی ئازاد و سەربەخۆش بەرهەم دێنێ) بەڵام ئەو قەیرە كچانەی لەماڵەوە چاویان لەدەستی باوك برایەو ئەو ژنانەی چاویان لەدەستی كورت و ڕەزیل و نەداری مێردیانە زۆر ئاساییە دووچاری لادان و ئەو حاڵەتە نەخوازراوو جینۆسایدە ببنەوە ,بۆیە گەر بەڕاست دەتانەوێت ڕێگری لەتوندو تیژی بكەن و كەمی بكەنەوە بۆ ڕێژەیەكی ناوازەو نائاسایی ئەوە بیر لەتەمویل كردنی ژنانی ماڵەوە بكەنەوەو هەوڵدەن بیمەیەكی گونجاوی مانگانەیان بۆ دابین بكرێت هەزار جار زیاتر لەو كۆرو كۆمەڵەو ڕاگەیاندن و سەنتەرو یەكێتی و كۆمەڵەو ڕێكخراوانە خزمەت بەڕەوشی ژنان دەكات , كەمن دڵنیام هەموو ئەو پارەیەی بۆ ئەو كارە تەرخان دەكرێت وەك بیمە ناكاتە چارەگی ئەو پارەیەی كەبەناوی كۆرو كۆمەڵەو سەنتەرو ڕاگەیاندن و یەكێتیەكانەوە خەرج دەكرێت ,بۆیە من دەڵێم ئەگەر بەڕاست پەرۆشی وەزعی بێ دەرەتانی ژنان هیچ سۆزو بەزەییەكی ڕاستەقینەتان هەیەو هەلوێستێكی ڕاستەقینەتان هەیە,لەخەمی بەرەو پێش بردنی كۆمەڵگاكەماندان ,ئەوە باشترین چارەسەرە لەمرۆداو كەهێندە قورس وگران نییە دەتوانێت تاقی بكرێتەوە . هەر لەو مینحەو بودجەیەی بۆ كارو باری هۆشیاری چاودیری و ڕێكخستن و ڕاهێنانی ژنان دانراوە ,نیوەی بكەن بەبیمە واز لەو هاتوهاوارە ڕیاكارانە بێنن و با بەجدی بیر لەكۆتایی هێنانی ئەو ڕەوشەوەحشیەتیە بكرێتەوە ,كەسیمای و پێگەی حكومەت و نەتەوەكەشمانی لەدنیای دەرەوە ناشیرین كردووە !.وەگرنگە ئەوە ببێتە خاڵێك لەبەرنامەو كارنامەی تەشكیل بوونی حكومەتی ئایندە

رانیە

سەرچاوە: ماڵپەڕی دەنگەكان - ڕێكەوتی: ٢٧ی نۆڤەمبەری ٢٠١٣

# ٢٥ی نۆڤامبر ڕۆژی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان




## ئامادەکردن و وەرگێران: فەرانەک ئەلْماسی

توندوتیژی دیاردەیەکی شاراوە و نادیار نییە بەڵکو جیهانییە و تایبەت بە شوێنیک یان وڵاتێک نییە. لەهەر شوێنێک ژن هەبێت توندوتیژیش هەیە، جا چ بە شێوەی نهێنی بێت یان ئاشکرا، توندوتیژی سنووری نیە، چ لە ماڵەوە بن یان لە دەرەوە، چ خوێندەواربن یان نەخوێندەوار، چ جوان بن یان ناشیرین، هەمیشە بە شێوەیەک لە شێوەکان تووشی توندوتیژی جەستەیی، دەروونی یان سێکسی دەبنەوە.

توندوتیژی دژی ژنان دیاردەیەکی جیهانییە کە کۆمەڵێک تایبەتمەندی کلتوری و کۆمەڵایەتی و قەومی و سیاسی و ئابوری لە پشتە، ژنان لە کۆمەڵگای مرۆڤایەتیدا لە لایەن باوک و مێرد و برا و کوڕ و ماڵ و حاڵ بەرەو ڕووی توندوتیژی دەبنەوە.

زامی نادیار، برینی نادیار...

ئەزانن؟ توندوتیژی هەمووکاتێک چاوان و ڕوومەتی ڕەش هەڵگەڕاو، ددانی شکاو، لووتی خوێنی نیە، توندوتیژی سووکایەتی، ئازار و زۆر جار سەیر کردنێکە.

ڕوانینی پیاوێک، بۆ یەخەی خواروبووی ژنێک کە خەریکە چا دادەنێت. ڕوانین برایەک بۆ خوشکەکەی کە لە میوانیەکدا پێدەکەنێ. ڕوانینێک کە ئێمە نایبینین، ترسێک کە هێدی هێدی بە تێپەڕ بوونی کات چووتە جەستەی ژنەوە.

توندوتیژی بە قسەو گوفتار بە بێ ئەوەی لێدانی جەستەی بێت بە کردار، پیاوێک کە دەرگای ژوورەکە دەکاتەوە ژن ناراحەت و غەمگین دەبێ، نازانێ بۆ پیاوەوی بینی دەبێناراحەت بێ؟ دەبێ ژن خۆی نەبێ، دەبێ بترسێ، دەبی لاوازتر بێ یا قەڵەوتر،

جوانتربێ، خوشحاڵتربێ، قورستر بێ، ئاقڵتربێ، توندوتیژی ئەوەیە کە ژن نیە و دەبێ ببێ، توندوتیژی ئەو چارشێوەیە، کە ژن دەیپۆشی تا خۆی نەبێ تەنها بۆ پیاو تە واوبێ.

پیاو دەتوانێ ژن لە ناو بەرێ بێ ئەوەی کە تە نانەت لەمسی بکا و بێ ئەوەی کە بیەوێ لە ناوی بەرێ. ئەمە ئەرکی پیاوانە کە لە باوکیانەوە پێیان دەگات. توندوتیژی ئازار و سووکایەتی درێژەی هەیە، ئەو جنێو و قسەی ناخۆشانەیە کە پیاوان لە سەر ژنان و کچان کە بە ڕاست و شۆخی بە خەڵک دەیڵێن.

توندوتیژی و سووکایەتی، پلەی دوایی دڵەکانە کە سنور بۆ پەیوەندیەکانی ژنان و کچان دادەنێت لە گەڵ دەوروبەری خۆیاندا. هەروەها پێیان دەوترێت فلان جل و بەرگ لە بەر مەکە وەکو هاوسەرێک کە ناویان دەبێتە عەشق، عەشقێک کە ئەبێتە ئامرازی چاودێری و کۆنترۆڵ. توندوتیژی ژنێکە کە لە ژێر هەناسەی تێکەڵ بە بۆنی ئەلکوڵی پیاوەکەی، توندوتیژی خۆدزینەوەی ئازاری دەرونی، جەستەیی و ڕەگەزی پیاوێکە مەستە.

ئایا دەزانن لێدان خراپترین توندوتیژی دژی ژنان نیە؟ برین و شکاوی چاک ئەبیتەوە بە لام سەر لە نوێ هێزو و باوەر بە خۆبوون سالآنێکی دەوێ تا جارێکیتر خۆی لە مرۆڤدا بنیات کاتەوە. توندوتیژی دەستی قورسی باوکیکە کە بۆ کچە ٩ ساڵەکی بەرز ئەبێتەوە، توندوتیژی بۆڵە بۆڵ کردنی پیاوێکە بە جێگەی دەستخۆشی کردن لە دەست پوختێکی باش، کە ژن لە بەرامبەریدا بەیانی تا نیوەرۆ بۆ ئەو پێوەی ماندوو دەبێت.

توندوتیژی یاسای نابەرابەری مافی خاوەندارێتی باپیرە، کە لە نەبوونی باوکدا، دەبێتە ساحیبی کوڕەزاکەی بێ ئەوەی کە بوونی دایکی لە جێگەیەک دا دیاربێ.توندوتیژی ئێمە خۆمان ژنانین کە هەموو ئەم نابەرابەری و بێحورمەتیانە دەبینین و دەبیسین، یان خۆمانی لێ گێل دەکەین یان قەبووڵی ئەکەین و هیچ ناڕەزایە تیەکیشیمان نیە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاسۆی رۆژهەلات - ڕێکەوتی: ٤ی دێسەمبەری ٢٠١٣

# بەیاننامەی پێشگیری لە توندوتیژی دژی ژنان.



## وەرگێڕان لە فارسییەوە: قادر وریا

### بڕیارنامەی ١٠٤ / ٤٨ی کۆمەڵەی گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان

٢٥ی نۆڤامبەر، بە "ڕۆژی جیهانیی لە نێو بردنی توندو تیژی دژی ژنان" ناودێر کراوە. ئەم ڕۆژە، ١٧ای دیسامبری ١٩٩٩ لە لایەن کۆمەڵەی گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە،

لە هەشتاو سێهەمین کۆبوونەوەی گشتی (دەورەی پەنجاو چوارەم)دا بە ڕۆژی جیهانیی توندوتیژی دژی ژنان ناودێر کرا."بەیاننامەی پێشگیری لە تەندو تیژی دژی ژنان"، پەسەندکراوی کۆمەڵەی گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، مەبەست لە توندو تیژی دژی ژنان، ئەرکی دەوڵەتان وکۆمەڵگەی نێونەتەوەیی لەم پێوەندییەدا روون دەکاتەوە.

**کۆمەڵەی گشتی،**

بە ئاگاداری لەم پێویستییە بە پەلەیە کە مافەکانو بنەماکانی پێوەندیدار بە یەکسانی، ئاسایش، ئازادی، تەواوەتیو گەورەیی هەموو مرۆڤەکان، دەبێ بە شێوەیەکی جیهانگیر لەباری ژنانیشەوە ڕەچاو بکرێن،

بە سەرنجدان بەوە کە ئەم مافو بنەمایانە، لە بەڵگەنامە نێونەتەوەییەکاندا، بۆ وێنە لە "جاڕنامەی جیهانیی مافی مرۆڤ"(١)، "پەیماننامەی نێونەتەوەیی مافە مەدەنیو سیاسییەکان"(٢)، "پەیماننامەی نێونەتەوەیی مافە ئابووری، کۆمەڵایەتیو

کولتوورییەکان"(٢)، "ڕێککەوتننامەی لەنێوبردنی هەموو جۆرەکانی جیاوازیدانان بە دژی ژنان"(٣)و "ڕێککەوتننامەی دژی ئەشکەنجەو ڕەفتار یان سزای توندوتیژ، نامرۆیی‌و پڕ لە سووکایەتی"(٤)دا، ڕێزیان لێگیراوە،

بە ئاگاداری لەوە کە بەرێوەبردنی هەرچی کاریگەرتری "ڕێککەوتننامەی نەهێشتنی هەموو جۆرەکانی جیاوازیدانان بە دژی ژنان" یارمەتی بە نەهێشتنی توندوتیژی بەرانبەر بە ژنان دەکاو، "بەیاننامەی نەهێشتنی توندوتیژی بە دژی ژنان" بەو جۆرە کە لەم بەیاننامەیەدا دەخرێتە ڕوو، ئەم ڕەوتە بەهێزو تەواو دەکا،

نیگەران لەوە کە توندوتیژی دژی ژنان کۆسپی گەیشتن بە یەکسانی، پێشکەوتن‌و ئاشتییە، هەروەک لە "ستراتیژییە داهاتووبینەکانی کۆنفرانسی نایرۆبی بۆ پێشکەوتنی ژنان"دا ڕوونکراوەتەوەو لەواندا هێندێک گەلاڵە بۆ بەربەرەکانی لەگەڵ توندوتیژی دژی ژنان پێشنیار کراوەو، بە مەبەستی بەرێوەچوونی بە تەواویی "ڕێککەوتننامەی لەنێوبردنی هەموو جۆرەکانی جیاوازیدانان بە دژی ژنان"، پێداگر لەسەر ئەمە کە توندوتیژی دژی ژنان، بناغەیەکە بۆ پێشێلکردنی مافی مرۆڤ و ئازادییە بنەڕەتییەکانی ژنان‌و، دەستڕاگەیشتنی ژنان بەم مافو ئازادییانە تاڕادەیەک یان بە تەواوی ڕەتدەکاتەوە،

نیگەران لە سەرنەکەوتن لە پشتیوانی‌و بەرەوژووربردنی ئەم مافو ئازادییانە لە درێژخایەندا، سەبارەت بە توندوتیژی بە دژی ژنان، بە ئاگاداری لەمە کە توندوتیژی دژی ژنان، نوێنگەیەکە بۆ پێشاندانی نایەکسانیی مێژوویی پێوەندییەکانی دەسەڵات لە نێوان ژنان‌و پیاواندا، کە بووە بە هۆی ژێردەست کردن‌و هەڵاواردنی ژنان بەهۆی پیاوانەوە و ، پێشگیری لە بەرەوپێشچوونی بە تەواویی ژنانی لێکەوتۆتەوە،

هەروەها ]بە ئاگاداری لەمە کە[ توندوتیژی دژی ژنان یەکێک لەو میکانیزمە کۆمەڵایەتییە گرنگانەیە کە ژنان ناچار دەکا مل بۆ پلەو پایەو پێگەی نزمتر ـ لە چاو پیاوان ـ رابکێشن،

نیگەران لەوە کە هێندێک لە گروپەکانی ژنان بۆ وێنە ژنانی سەر بە گروپە کەمایەتییەکان، ژنانی خۆولاتی (بومی)، ژنانی پەنابەر، ژنانی کۆچەر، ئەو ژنانەی لە لادێ یان ناوچە دووره دەستەکان دەژین، ژنانی بێ‌ئەنوا، ژنانی بەندکراو یان دەسبەسەر، کچانی مێرمنداڵ، ژنانی نەقوستان‌و بێتوانا، ژنانی بەساڵاچووو ژنانی ناوچە شەڕلێدراوەکان بەتایبەت لە بەرانبەر توندوتیژیدا لاوازن،

بە وەبیرهێنانەوەی دەرئەنجامی پاراگرافی ٢٣ی هاوپێچی بڕیارنامەی ٢٤ی مای ١٩٩٠ی شووڕای کۆمەڵایەتی (ژمارە ١٥/١٩٩٠)و هەست کردن بەوە کە توندوتیژی دژی ژنان لە بنەماڵەو کۆمەڵگەدا پەرە گرتوویەو، لە سنووری داهات، چین‌و کولتوور تێدەپەڕێ، دەبێ هەنگاوی بە پەلەو کاریگەر بۆ لەنێوبردنی ئەم دیاردەیە بنرێ،

هەروەها بە وەبیرهێنانەوەی بڕیارنامەی ١٨ / ١٩٩١ی شووڕای ئابووری‌و کۆمەڵایەتی (٣٠ی مای ١٩٩١) کە شوورا لەودا پێشنیاری

ئامادەکردنی بەڵگەنامەیەکی نێونەتەوەیی هێناوەتە گۆڕێ کە بە شێوەیەکی راشکاوانە سەرنج بداتە کێشەی توندوتیژی بە دژی ژنان، وەک پێشوازی لە رۆڵێک کە بزووتنەوەکانی ژنان لە راکێشانی رۆژ بەرۆژ زیاتری سەرنجەکان بۆلای نێوەرۆک، جیددیبوونو رەهەندەکانی کێشەی توندوتیژی بە دژی ژناندا هەیانە،

بە هەستکردنی ئەم مەترسییە کە دەرەتانو دەرفەتەکانی ژنان بۆ بەدەستهێنانی یەکسانیی مافەکانو بەرابەری لە بوارەکانی کۆمەڵایەتی، سیاسیو ئابووریی کۆمەڵگەدا، بەهۆی جۆراوجۆرو یەک لەوان توندوتیژیی پەرەگرو بەردەوام، بەرتەسکو سنووردارن،
بە سەرنجدان بەو خاڵانەی لە سەرەوە ئاماژەیان پێکراوە، بڕوامان وایە کە پێناسەیەکی گشتگیرو روون بۆ توندوتیژی دژی ژنان، بەیاننامەیەکی روون لە بارەی ئەو مافانەی دەبێ رەچاو بکرێنو دەستەبەری نەهێشتنی توندوتیژی دژی ژنان لە هەموو شێوەو جۆرەکانی دان، هەروەها دەروەستبوونێک لەلایەن دەوڵەتانەوە بە نیازی رێزگرتن لە بەرپرسایەتییەکانیان و، دەروەستبوونێکیش لەلایەن سەرجەمی کۆمەڵگەی نێونەتەوەییەوە بۆ نەهێشتنی توندوتیژی دژی ژنان پێویستە. هەر بۆیە بەڕەسمی بەیاننامەی نەهێشتنی توندوتیژی دژی ژنان لە خوارەوەدا رادەگەیەنینو، سوورین لەسەر ئەمە کە بۆ ناساندنو رێزگیرانی لە لایەن هەمووانەوە، دەبێ هەر چەشنە هەوڵێکی پێویست بدرێ:

**ماددەی ١:**

لەم بەیاننامەیەدا، مەبەست لە دەستەواژەی "توندوتیژی دژی ژنان" هەر کردەوەیەکی توندوتیژ لەسەر بناغەی جنسیەتە کە ببێتە هۆی ئازاردانو زیان پێگەیاندنی جەستەیی، جینسی یان دەروونیی ژنان، یان لەوانەیە ببێتە هۆی ئەم جۆرە ئازارو زیانانە. هەڕەشە یان کردەوەی هاوشێوە، زۆری کردن لە ژنان، بێبەشکردنی زۆردارانەی ئەوان لە ئازادی کە لەبەرچاوی خەڵک یان لە چوارچێوەی ژیانی تایبەتیدا روودەدەن، لە رێزی رەفتارو کردەوەی توندوتیژ دان.

**ماددەی ٢:**

**لێکدانەوەی توندوتیژی دژی ژنان ئەم خاڵانەی خوارەوە دەگرێتەوە. بەڵام هەر بەم نموونانە نابەسترێتەوە:**

ئەلف- توندوتیژی جەستەیی، جینسیو دەروونی کە لە بنەماڵەدا روودەدەن، بۆ وێنە لێدان، ئازاردانی جینسیی کچانی مێرمنداڵ لە ماڵدا، توندوتیژیی پێوەندیدار بە جیاز، دەستدرێژی لەلایەن مێردەوە، خەتەنەکردنی ژنانو ئەو دابونەریتانەی زیان بە ژنان دەگەیەنن، توندوتیژی لە پێوەندیی بەدەر لە ژنو مێردایەتیداو توندوتیژی تایبەت بەژنان.

ب- توندوتیژی جەستەیی، جینسیو دەروونی کە لە بەستێنی ژیانی بە کۆمەڵدا روو دەدەن، بۆ نموونە: دەستدرێژی، کەڵکی خراپ وەرگرتنی جینسی، ئازاردانی جینسی و ترساندن لە شوێنی کار، لە ناوەندە فێرکارییەکان و شوێنەکانی دیکەدا، کڕین و فرۆشتنی ژنان و لەشفرۆشیی بە زۆری.

(پ) توندوتیژی جەستەیی، جینسیو دەروونی کە بە هۆی دەوڵەتەوە ئەنجامدەدرێ یان لە لایەن دەوڵەتەوە پشتگوێ دەخرێ.

**ماددەی ٣:**

ژنان بە شێوەیەکی یەکسان ]لە گەڵ پیاوان[ مافی دەستڕاگەیشتن بە هەموو مافە مرۆییەکان و ئازادییە بنەڕەتییەکان لە بوارەکانی سیاسی، کۆمەلاَیەتی، کولتووری، مەدەنی و هەموو بوارەکانی دیکەداو، هەر وەها مافی پاراستنی ئەو ماف و ئازادییانەیان هەیە. ئەم مافانە بریتین لە:

ئەلف- مافی ژیان(٦)

ب- مافی یەکسانی (٧)

پ- مافی ئازادیو ئاسایشی کەسی(٨)

ت- مافی پشتگیری لەلایەن قانوونەوە(٧)

ج- مافی رزگاری لە هەموو جۆرەکانی هەڵاواردن(٧)

چ- مافی کەڵکوەرگرتن لە زۆرترین رادەی گونجاوی سڵامەتیی جەستەیی‌و دەروونی(٩)

ح- مافی [هەبوونی] هەلومەرجی دادپەروەرانەو جێگای رەزامەندی بۆ کار(١٠)

خ- مافی ئەوە کە تاک نەکەوێتە ژێر ئەشکەنجە یان سزاو رەفتاری توندوتیژ، نامرۆیی‌و پڕسووکایەتی.(١١)

**ماددەی ٤:**

دەوڵەتان دەبێ توندوتیژی دژی ژنان مەحکووم بکەن‌و، نابێ هیچ دابونەریت یان تێبینیی ئایینی، بکەنە بیانوو بۆ ئەنجام [نە]دانی ئەرکەکانیان لە پێوەندی لەگەڵ نەهێشتنی توندوتیژیدا. دەوڵەتان دەبێ بە کەڵکوەرگرتن لە هەموو شێوە گونجاوەکان‌و بێ‌راوەستان، سیاسەتی نەهێشتنی توندوتیژی دژی ژنان هەتا سەر ئەنجامەکەی درێژە پێ بدەن. هەروەها دەبێ:

ئەلف- ئەگەر تا ئێستا بە تەواوی لە ئاست "رێککەوتننامەی لەنێوبردنی هەموو جۆرەکانی هەڵاواردن دژی ژنان" خۆیان بەرعۆدە نەکردووە، دەبێ پەسندی بکەن، یان بەشێوەی رەسمی ببن بە ئەندامی‌و، واز لە مەرجە تایبەتییەکانی خۆیان لەبارەی ئەم رێککەوتننامەیەوە بێنن.

ب- لە بە ئەستۆگرتنی هەر چەشنە توندوتیژییەک، خۆ بپارێزن،

پ- بە مەبەستی پێشگیری لە توندوتیژی‌و ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە لەم پێوەندییەداو، دانانی سزا بۆ کردەوەی توندوتیژ دژی ژنان، هەموو هەوڵێکی پێویست بە گوێرەی قانوونەکانی وڵات بدەن. جا چ ئەم کردەوانە لەلایەن دەوڵەتەوە ئەنجام درابن، چ لەلایەن کەسانی تایبەتییەوە.

ت- لە قانوونەکانی وڵاتدا دەبێ لایحەی ڕەسمیی سزایی، مەدەنی، کاریو ئیداری بۆ قەرەبووکردنەوەی ئەو خەتایانە ئامادە بکەن کە دەرهەق بە ژنانی توندوتیژی چێشتوو، ئەنجامدراون. ئەو ژنانەی لەگەڵ توندوتیژی بەرەوڕوو دەبن، دەبێ ڕێگاچارەی قەزاییان بۆ دابین بکرێو، بە پشتیوانیی قانوونەکانی وڵات، زیانەکانیان بە شێوەیەکی دادپەروەرانەو کاریگەر بۆ قەرەبوو بکرێتەوە. دەوڵەت هەروەها دەبێ ژنان لە مافەکانیان لە پێوەندی لەگەڵ داوای قەرەبووکردنەوەی زیانو وەدەستهێنانی توانایی بەهۆی ئەم ڕێگاچارانەوە ئاگادار بکاتەوە.

ج- بەرنامەی نەتەوەیی بە مەبەستی پەرەپێدانی پشتگیری لە ژنان بۆ بەربەرەکانی لەگەڵ هەرچەشنە توندوتیژییەک، یان زیادکردنی هێندێک ماددە لە بەرنامەکانی خۆیان بەو مەبەستە، هەروەها هاوکاریی گونجاو لە هێندێک بواردا لەگەڵ ڕێکخراوە نادەوڵەتییەکان بەتایبەتی لەگەڵ ئەو ڕێکخراوانەی بە کێشەی توندوتیژییەوە خەریکن.

چ- دیاریکردنی ڕێگاکانی پێشگیری لە توندوتیژیو، دانانی پلانی گشتگیری کاری لە بوارەکانی حقووقی (مافەکان)، سیاسی، ئیداریو کولتووریدا کە پشتیوانی لە ژنان لە بەرانبەر هەر چەشنە توندوتیژییەک بەرەو پێ دەدەنو، دەبنە دەستەبەرێک بۆ ئەوەی ژنان سەبارەت بە هەستیارنەبوونی قانوون لە ئاست تێبینییە جینسییەکانداو لە ئاکامی جۆرەکانی بەڕێوەبردنی قانوونو خۆ تێهەڵقوتاندنە دەوڵەتییەکانی دیکەدا، نابنەوە بە قوربانیی توندوتیژی.

ح- هەوڵ بدەن بۆ دەستەبەرکردنی ئەوە کە ژنانی ژێر توندوتیژی، ئەگەر پێویست بوو منداڵەکانیان لە یارمەتییە تایبەتییەکانی وەک توانایی پێبەخشین، هاوکاری لە سەرپەرستیو چاوەدێریی منداڵانو ژیانوبەڕێچووندا، دەرمان، ڕاوێژکاریو خزمەتە لەشساغیو کۆمەڵایەتییەکان بەهرەمەند بن. ناوەندەکان، پرۆگرامەکانو ڕێکخراوە یارمەتیدەرەکان دەبێ هەنگاوی پێویست بۆ بەرەوژووربردنی ئاسایشو توانایی بەخشینی جەستەییو دەروونی بەوان، هەڵبگرن.

خ- لە بوودجەی دەوڵەتدا، بەڕادەی پێویست بۆ تێکۆشانی پێوەندیدار بە نەهێشتنی توندوتیژی تەرخان بکەن.

د- بۆ فێرکردنو ڕاهێنانی هێزەکانی ئاسایشو بەرپرسانی دەوڵەتیی بەرپرسیار لە جێبەجێکردنی سیاسەتەکانی تایبەت بە پێشگیری، لێکۆڵینەوەو سزادانان بۆ توندوتیژی لە دژی ژنان، هەنگاوی پێویست هەڵبگرن تا ئەم کەسانە هەمبەر بە پێویستییەکانی ژنان هەستیار بن.

ر- هەنگاوی پێویست بەتایبەتی لە بواری فێرکاریدا هەڵبگرن بۆ ئەوەی چاکسازی لەسەر مەشقە کۆمەڵایەتیو کولتوورییەکانی ڕەفتاری پیاوو ژندا بکەنو، هەڵاواردنەکان، ڕەفتاری باوو هەموو چەشنە ڕەفتارێک کە لەسەر بناغەی ژێردەستی یان باڵادەستیی جنسێکەو، ژنو پیاو پێی ڕاهاتوون، لە نێو ببەن.

ز- لێکۆڵینەوە، کۆکردنەوەی زانیاریو ئامار (ئەژمێرەکان)، بەتایبەتی لە باری توندوتیژیی بنەماڵەییو شێوە جۆراوجۆرەکانی توندوتیژی دژی ژنان، برەو پێ بدەنو هاندەر بن بۆ لێکۆڵینەوە لەباری هۆیەکان، نێوەرۆک، ڕادەی جیددیبوونو ئاکامەکانی توندوتیژی بەدژی ژنانو، ڕادەی کاریگەریی هەنگاوەکان بە مەبەستی پێشگیری لە توندوتیژیو هەروەها قەرەبووکردنەوەی زیانەکانی توندوتیژی لە هەمبەر ژنان. ئەم ئامارو زانیارییانە دەبێ بخرێنە بەرچاوی هەمووان.

ژ- هەنگاوی پێویست بە مەبەستی نەهێشتنی توندوتیژی بەتایبەتی لە پێوەندی لەگەڵ ئەو ژنانەدا کە لە بەرانبەر توندوتیژی لاوازن، هەڵبگرن.

س- لەو ڕاپۆرتانەدا کە لە پێوەندی لەگەڵ بەڵگەنامەکانی مافی مرۆڤدا پێشکێشی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانی دەکەن،

زانیاریی پێوەندیدار بە توندوتیژی دژی ژنانو، ]راپۆرتی[ هەنگاوی هەڵگیراو بە مەبەستی جێبەجێکردنی داواکانی ئەم بەیاننامەیە، بگونجێنن.

ش- هاندەری دانانی پلانی کاری بە مەبەستی جێبەجێبوونی بنەماکانی ئەم راگەیەندراوە بن.

ع- هاوکاریی چالاکیو تێکۆشانی بزووتنەوەو ڕێکخراوە نادەوڵەتییەکانی ژنان بکەنو لە ئاستی خۆجێیی، نەتەوەییو ناوچەییدا یارمەتییان بدەن.

غ- ڕێکخراوە ناوچەییە نێودەوڵەتییەکان کە تێیاندا ئەندامن هان بدەن، ئەگەر بۆیان دەگونجێ لەنێوبردنی توندوتیژی دژی ژنان بخەنە نێو بەرنامەی خۆیان.

## ماددەی ٥:

ئۆرگانەکانو نوێنەرایەتییەکانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان دەبێ ئەوەندەی لە توانایان دایە، یارمەتیی ناساندنو هێنانەدیی ئەو مافو بنەمایانە بدەن کە لەم بەیاننامەیەدا هاتوون. بۆ نموونە دەبێ:

ئەلف- یارمەتی بە گەشەکردنی ئەو هاوکارییە نێونەتەوەییو ناوچەییانە بکەن کە ئامانجیان پێناسەکردنی ستراتیژییە ناوچەییەکان بۆ بەربەرەکانی لەگەڵ توندوتیژی، گوازتنەوەی ئەزموونەکانو، بەرنامە ماڵییەکانی تایبەت بە نەهێشتنی توندوتیژی دژی ژنانە.

ب- هاندەری ئەو کۆبوونەوەو سیمینارانە بن کە ئامانجیان پێکهێنانو گەشەپێدانی ئاگایی نێوان هەموو تاکەکان هەمبەر بە پرسی لەنێوبردنی توندوتیژی دژی ژنانە.

پ- یارمەتیی گەشەپێدانی هاوهەنگاویو هاوبەشیی نێوان بنیاتو ناوەندەکانی تایبەت بە مافی مرۆڤی سەر بە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بکەن تا پرسی توندوتیژی دژی ژنان بەشێوەیەکی کاریگەر بکەوێتە بەر سەرنج.

ت- لەو لێکدانەوانەدا کە بۆ دامەزراوو ناوەندەکانی سەر بە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لەبارەی کێشەو گرفتو دیاردە کۆمەڵایەتییەکان ئامادەی دەکەن، وەک راپۆرتە ناوبەناوە (دەورەییە) کان لە بارەی هەلومەرجی کۆمەڵایەتیی جیهان، توێژینەوە لەبارەی مەیلو بۆچوونەکان لە پێوەندی لەگەڵ توندوتیژی دژ بە ژنانیشدا بگونجێنن.

ج- فۆرمۆلەکردنی پلانکاری یان نامیلکەکانی ڕێنوێنی لەبارەی توندوتیژی دژی ژنان، برەو پێ بدەنو، ئەو هەنگاوانەی لەم بەیاننامەیەدا ئاماژەیان پێ کراوە، بگونجێنن.

چ- پرسی نەهێشتنی توندوتیژی دژی ژنان، ئەگەر دەگونجێ، ببەستنەوە بە جێبەجێکردنی بەرپرسیارەتییەکانی خۆیان لە بەڕێوەبردنی بەڵگەنامەکانی تایبەت بە مافەکانی مرۆڤدا.

## ماددەی ٦:

هیچ شتێک لەم بەیاننامەیەدا نابێ هیچ یەک لە ماددەکانی قانوونی وڵاتێک یان هەر ڕێککەوتنو پەیماننامەیەکی کۆمەڵایەتی یان

هەر بەڵگەنامەیەکی دیکە کە لە وڵاتێک جێبەجێ دەکرێ و بۆ نەهێشتنی توندوتیژی دژی ژنان روونترو بەبڕشتترن، بخاتە ژێر کاریگەریی خۆی.

پەراوێزەکان:

بڕیارنامەی (٢١٧ پ پ پ آ )

بڕوانە بڕیارنامەی ٢٢٠٠پ ج ج آ ، هاوپێچ

بڕوانە بڕیارنامەی ١٨٠/٣٤، هاوپێچ

بڕیارنامەی ٤٦/٣٩، هاوپێچ

راپۆرتی کۆنفرانسی جیهانی بۆ لێکۆڵینەوەو هەڵسەنگاندنی دەسکەوتەکانی دەیەی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ژنان: یەکسانی، پێشکەوتن و ئاشتی، نایرووبی، ٢٦- ١٥ی ژوئیەی ١٩٨٥ (لە بڵاوکراوەکانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، ژمارەی .ب ١٠.جپ .٨٥ ) فەسڵی پ ، بەشی آ

بەیاننامەی جیهانیی مافی مرۆڤ، ماددەی سێهەم، ڕێککەوتننامەی نێونەتەوەیی مافە مەدەنی و سیاسییەکان، ماددەی ٦.

پەیماننامەی نێونەتەوەیی مافە مەدەنی و سیاسییەکان، ماددەی ٢٦.

بەیاننامەی جیهانیی مافی مرۆڤ، ماددەی ٣و، پەیماننامەی نێونەتەوەیی مافە مەدەنی و سیاسییەکان، ماددەی ٩.

پەیماننامەی نێونەتەوەیی مافە ئابووری، کۆمەلایەتی و کولتوورییەکان، ماددەی ١٢.

بەیاننامەی جیهانیی مافی مرۆڤ، ماددەی ٢٣و، پەیماننامەی نێونەتەوەیی مافە ئابووری، کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکان، ماددەکانی ٦ و ٧.

بەیاننامەی جیهانیی مافی مرۆڤ، ماددەی ٥، پەیماننامەی نێونەتەوەیی مافە مەدەنی و سیاسییەکان، ماددەی ٧ و، ڕێککەوتننامەی دژی ئەشکەنجە، ڕەفتار یان سزای توند، نامرۆیی و پڕ سووکایەتی.

سەرچاوە: ماڵپەڕی "ایران امروز"

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - ڕێکەوتی: ٢٤ی نۆڤەمبەری ٢٠١٣

# بنەماو هۆکارەکانی توندوتیژی لە دژی ژنان




## هەتاو عەبدوڵاهی

دیاردەی توندو تیژی بە دژی ژنان خەسارێکی بەرینی جیهانییەو هەر بەو هۆکارە بنبڕکردنی پێویستیی بە خەباتێکی جیهانیە. خەبات و هەوڵدان بۆ نەهێشتنی هەڵاواردن و ئەوەی کە مرۆڤەکان بە پێێ ڕەگەز دەستەبەندی نەکرێن و هەر بەو بیانوویە نەکەونە بەر ئازار و هەرەشەو توند وتیژی پێویستیی بە نەزم و نۆرمێکی تازە هەیە و بێ گومان دەبێ هەموو توانایی خۆمانی بۆ بخەینە گەڕ.

توندوتیژی بە دژی ژنان ساڵهای ساڵە وەک پڕئازارترین نەخۆشییەکانی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی خۆی دەرخستووە و ئەم خەسارە لە کۆمەڵگا دواکەوتوو و ئاییینیەکان کە ئیسلام و یاسا ئیسلامییەکان ڕۆڵێکی بەرچاو و چارەنووساز لە سیستمی ئیداریو حکوومەتییەکەیدا دەگێڕنو شوێندانەری نەرێنیان لەم پەیوەندیە دا هەیە، بە شێوەی بەردەوام بۆ سەر ژنان ڕەوا دەکرێ و بەرێوە دەچێ. لە ناو ئەم کۆمەڵگایانە دا ئەم پرسە لە چوارچێوەی کۆمەڵگاو لە ژیانی تاکەکەسی ژناندا وا پنجی داکووتاوە کە وەک خەسارێکو دیاردەیەکی لێهاتووەو بۆتە پرسێکی ڕواڵەتی بۆ هەموو تاکەکانی ناو کۆمەڵگا. لە ناو ئەم کۆمەڵگایانەدا توند و تیژیو سووکایەتی کردنو بە کەم گرتنی ژنان هەر ڕۆژە سیمای دزێوو بێ بەزەیی خۆی زیاتر نیشان دەداتو میوانی شەو ڕۆژی ساتەکانی ژنانە.

لێرەدا گۆشەیەکی بچووک لەو ئامارانەی کە (ڕێکخراوی مافی مرۆڤ) لەو ڕێگایەوە سیمای دزێوی ئەم دیاردەیە وەک واقعیەتێکی تاڵو هەژێنەری ناو کۆمەڵگاکان لە دنیای هەنووکەیی دا نیشان دەدات، دەخەینە ڕوو،

بە پێی ئەم ئامارانە

٩ ملیۆن ژنی لەشفرۆش و قوربانیی فەحشا لە وڵاتی هیند بوونیان هەیە کە بەشێکی زۆریان لە وڵاتانی بنگلادش و نیپاڵ یان رفێندراون یا خود کڕین و فرۆشیان پێکراوە.

لە وڵاتی روسیە لە هەر ٤٥ خولەک دا ژنێک دەکەوێتە بە دیاردەی توند وتیژی و گیانی لێدەستێندرێ و دەکوژرێ.
لە هەر دوو خولەک دا ژنێک لە ئامریکا دەکەوێتە بەر کردەوەی قیزەونی دەستدرێژی سێکسی و توند وتیژی جنسی بەرامبەر ئەنجام دەدرێ.

دووهەمین هۆکاری مردنی ژنان لە وڵاتی فنلەند، توندو تیژیەکە کە لە لایان هاوسەر یان دەسگیرانەکەیان بە دژیان ئەنجام دەدرێ.

لە باشووری ئافریقا ڕێژەی ئەو ژنانەی کە لە ماڵەوە بە زەربی گوللە دەکوژرێن لەو ژنانەی کە لە دەرەوەی ماڵ و لە لایان کەسانی نەناسراو دەکوژرێن زۆر زیاترە.

دوای لێکۆڵینەوەکان لە ٥٠ وڵاتی جیهان دەرکەوتووە، لە سەدا ١٠ تا ٥٠ی ژنان بە جۆرێک لە لایان هاوسەرەکانیان دەکەونە بەر کردەوەی توندو تیژیی جەستەیی و نیزیک بە یەک لە سەر سێ و نیوەی نمونەکانی توندو تیژی جەستەیی، توند وتیژی دەروونیشی بە دواوە بووە.

لە هەر ١٨ خولەک دا لە جیهان ژنێک دەمرێ و ئەم ئامارانە بە شێوەی گشتی دەرخەری بارودۆخی نالەباری ژنانە و ئەمە تەنیا گۆشەیەکی بچووک لەو هەموو توند وتیژیانەیە کە بەرامبەر بە نیوەی حەشیمەتی جیهان ڕەوا دەکرێ.

ئەم ئامارانە تەنیا بەشێکی زۆر بچووک لەو توندو تیژی و ئازارانەیە کە لەسەر بنەمای رەگەز بەرێوەدەچێ و ئەوە سەرەرای ئەو هەموو زوڵم و ستەمە کۆمەڵایەتی و چینایەتیانەیە کە لە ناو کۆمەڵگادا لە بوارەکانی حەقدەست، کار، بارودۆخی کارو هتد.... دەسەپێندرێ.
لە راستیدا و بە واتایەکی دیکە توندو تیژی تەنیا لایەنی جەستەیی بۆ سەر ژنان لە خۆ ناگرێ، بەڵکوو توند وتیژیی ئابووری، توند وتیژی بنەماڵەیی و توندو تیژی هزری و پەروەردەیی و هتد... دەگرێتەوە.

لە سەرتاسەری جیهان و لە رادەی جۆراوجۆر دا ئەم دیاردە دژە مرۆڤایەتیە، چ بە شێوەی لێدان و سووکایەتی پێ کردن، دەستدرێژی جنسی و باقی جۆرەکانی توند و تیژی جەستەیی خۆی دەردەخات و دواتر ئاسەوارە نیگەتیڤەکانی لەسەر رۆح و رەوانی ژنان خۆی دەنوێنێ. سیمای دزێوی توند وتیژی، لە ئازارو ئەشکەنجەی ژنان لە کاتی منداڵییەوە دەست پێدەکات و لە هەر زەمەنێک دا بە سەرەنجدان بە پێکهاتە و بارودۆخی ژنان لەناو کۆمەڵگا دەگۆردرێ و پێناسەی چەشناو چەشن لە خۆ دەگرێ و ،سیستمی سەرمایەداریش لە برەوپێدانی رۆڵ دەگێرێ.

توندو تیژی تایبەت بە نیزامی چەوسێنەری سەرمایەداری و نابەرابەریەکە کە مانەوەی لە گرەوی هەڵسو کەوتی توندو تیژ بە دژی

مرۆڤەکانە.

ساحیبیانی چەوسێنەر و داگیرکەری ئەم نیزامە گەندەڵو دژە مرۆڤیە بۆ مانەوەی خۆیان پێویستیان بەم دیاردەیە هەیە تاکوو دوو بەرەکی بخەنە ناو تاکەکانو لە دواکەوتووی کۆمەڵگاکانو لەم کردەوانە بە قازانجی خۆیان کەڵک وەربگرن. بە قازانجی نیزامی سەرمایەداریە تا لە سەر بنەمای رەگەز، رەنگو نەتەوەو هتد... مرۆڤەکان دەستە بەندی بکەنو بۆ ئەوەی چینە ژێردەستەو هەژارەکان لە بەرمابەر ناعەداڵەتیو زوڵم ستەمەکانی سەرمایەداران یەکگرتوو نەبن تۆوی دوو بەرەکیان لە نێوان دا دەچێننو پەرە بە توندو تیژی لە نێونایان دەدەن .

دەسەڵاتو ساحیبانی سەرمایە بۆ دابین کردنی قازانج و بەرژەوەندی خۆیان، ژنانیان وەک کۆیلەی ئایین، مەزهەب، پیاوسالاریو سیستم لێکردووە وبە ئامانجەوە لە دژی هەر جۆرە بەرابەریو یەکسانیو خەبات بە دژی بێ مافی ژنان رادەوەستن.

کرێکارانی ژن کە لە سەرتاسەری جیهان بۆ دابینکردنی بژێوی ژیانی خۆیانو منداڵەکانیان لە گەڵ کۆمەڵێک کێشەو گیر و گرفت دەستەو یەخەن، ناچارن بەو حەقدەستە کەمەی وەربدەگرن، مل بە سەعاتی کاری تاقەت پڕوکێن لە دەرەوەی ماڵ بدەنو ئەگەر شانسی ئەوەیان هەبێ کارێکی باش لەناو کۆمەڵگا بە دەست بێنن، لەشوێنی کارەکەشیان بەردەوام بەهۆی ژن بوونیانەوە لەلایەن ساحیبکاران و هاوکارەکانیان سیووکایەتیان پێدەکرێ.

وا پێدەچێ بەردەوامی ئەم توندو تیژیانە، بۆ ژنان وەک پرسێکی ڕواڵەتی لێهاتبێ، ئێمە شایەتی ئەوەین کە قوربانیانی کردەوەی توندو تیژی باوەر بە خۆ بوونیان لەدەست دەدەنو لە هەڵوێست گرتنو بەرگری کردن لە خۆیان تووشی دوو دڵی و دڵەراوکێ دەبن، ئەوان پێیانوایە جیهان هەر بەو شیوە بووەو دەبێ هەر وا بمێنێتەوەو کە ئەوە ئامانجی سەرەکی ساحیبانی سەرمایەیە.

بەڵام ئەوە چارەنووسی ژنان نیە، بەڵکوو ئێمە دەتوانین لە بەرامبەر ئەو خەسارەدا رابوەستین. ژنان دەتوانن بە ناسینی مافەکانی خۆیان، خەبات بە دژی ئەم توندو تیژیانە بکەنو بارو دۆخەکە بگۆڕن. ئەم ئاگاییو وشیاریە دەتوانێ هەنگاوێک ژنان بەرەو پیشەوە بەرێو ناسینی هۆکارو بنەمای ستەمو توندو تیژی بە دژی ژنانو ئەوەی کە نیزامی سەرمایەداری لە برەوپێدانی رۆڵ دەگێڕێ، ئاسۆیەکی تازە بۆ بەشێک لە ژنان و رزگاریان بکاتەوە.

لەکۆمەڵگایەک دا کە فرەژنی یاساییە، ژنان بۆ چەند کاتژمێر بۆ دامرکاندنەوەی هەستی سێکی رەگەزی بەرامبەریان سیغە دەکرێن، یان ژنان زۆر بە سادەیی لە مافی دایکیەتیو سەرپەرەستی منالەکانیان بێبەشن، بە ئاسانی توندو تیژی بە دژی ژنان رەوا دەکرێ و وەک پرسێکی ڕواڵەتی سەیری دەکرێ.

جۆرەکانی توندو تیژی بە دژی ژنان تەنیا لەو نمونانە دا بەرتەسک نابێتەوەو دەتوانین پرسی توندو تیژی پەروەردەیی، کۆمەڵایەتی، راهێنان، تەربیەتی و هەموو ئەم هەڵاواردنانە کە توندو تیژی بە دژی ژنان بازتولید دەکات، بێنینە بەرباس و

**لێکدانەوەو، بەو ئاکامە بگەین کە زەروورەتی بەرردەوامیی ئەم توندو تیژیانە تەنیا و تەنیا بە قازانجی حاکمانی سەرمایەیە.**

**تا ئەو کاتەی کە نیزامی چینایەتی سەرمایەداری بوونی هەبێو لەسەر پێ بێ ، دژە ژنیو پیاوسالاری لە ناو کۆمەڵگا دا هەر بەردەوامەو داکۆکیکارانی مالکییەتی خسوسیو نیزامی سەرمایەداری لە هەر ژێستو پۆزێکی دیمۆکراتیکدا ناتوانن بنەماکانی ئەم هەلاواردنانو بێمافیانە لە ناو بەرن. هەر بەو هۆکارەیە کە لە سەدەی بیستو یەکەمداو تەنانەت لە وڵاتانی سەرمایەدارییو بەناو پێشکەوتووش ژنان دەکەونە بەر ئازارو هەرەشەو هەموو جۆرەکانی توندو تیژی.**

**رزگارییو بەرابەری ژنو پیاوو لابردنی هەر جۆرە توندو تیژیەک بەدژی ژنان کاتێک مسۆگەر دەبێ، کە لە رۆچنەی نەمانی مەودای چینایەتی لێبڕوانینو خەباتی بێوچانی بۆ ڕێکبخەین.**

**سەرچاوە: ماڵپەڕی خاکەلێوە - ڕێکەوتی: ٢٩ی سێپتەمبەری ٢٠١٣**

# بنەماو هۆکارەکانی توندوتیژی دژی ژنان لەجیهانی ئەمڕۆدا



**نوسینی: سیروان پەرتەو نووری**

**دیاردەی توند و تیژی بە دژی ژنان خەسارێکی بەرینی جیهانیە و هەر بەو هۆکارە بنبڕکردنی پێویستیی بە خەباتێکی جیهانیە. خەبات و هەوڵدان بۆ نەهێشتنی هەڵاواردن و ئەوەی کە مرۆڤەکان بە پێێ ڕەگەز دەستەبەندی نەکرێن و هەر بەو بیانوویە نەکەونە بەر ئازار و هەرەشەو توند وتیژی پێویستیی بە نەزم و نۆرمێکی تازە هەیە و بێ گومان دەبێ هەموو توانایی خۆمانی بۆ بخەینە گەڕ. توند و تیژی بە دژی ژنان ساڵهای ساڵە وەک پڕئازارترین نەخۆشیەکانی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی خۆی دەرخستووە و ئەم خەسارە لە کۆمەڵگا دواکەوتوو و ئایینیەکان کە یاسا ئایینیەکان ڕۆلێکی بەرچاو و چارەنووس ساز لە سیستمی ئیداری و حکومەتیەکەی دا دەگێڕن و شوێندانەری نەرێنیان لەم پەیوەندیە دا هەیە، بە شێوەی بەردەوام بۆ سەر ژنان ڕەوا دەکرێ و بەرێوە دەچێ . لە ناو ئەم کۆمەڵگایانە دا ئەم پرسە لە چوارچێوەی کۆمەڵگا و لە ژیانی تاکەکەسی ژنان دا وا پنجی داکووتاوە کە وەک خەسارێک و دیاردەیەکی لێ هاتووە و بۆتە پرسێکی ڕواڵەتی بۆ هەموو تاکەکانی ناو کۆمەڵگا. لە ناو ئەم کۆمەڵگایانە دا توند و تیژی و سووکایەتی کردن و بە کەم گرتنی ژنان هەر ڕۆژە سیمای دزێو و بێ بەزەیی خۆی زیاتر نیشان دەدات و میوانی شەو ڕۆژی ساتەکانی ژنانە.**

**لێرە دا گۆشەیەکی بچووک لەو ئامارانەی کە (ڕێکخراوی مافی مرۆڤ) لەو ڕێگایەوە سیمای دزێوی ئەم دیاردەیە وەک واقعیەتێکی تاڵ و هەژێنەری ناو کۆمەڵگاکان لە دنیای هەنووکەیی دا نیشان دەدات، دەخەینە ڕوو،بە پێی ئەم ئامارانە ٩ میلیۆن ژنی لەشفرۆش و قوربانیی فەحشا لە وڵاتی هیند بوونیان هەیە کە بەشێکی زۆریان لە وڵاتانی بنگلادش و نپاڵ یان رفێندراون یا خود کڕین و فرۆشیان پێ کراوە.**

**لە وڵاتی روسیە لە هەر ٤٥ خولەک دا ژنێک دەکەوێتە بە دیاردەی توند وتیژی و گیانی لێ دەستێندرێ و دەکوژرێ.**

لە هەر دوو خولەک دا ژنێک لە ئامریکا دەکەوێتە بەر کردەوەی قیزەونی دەستدرێژی سێکسی و توند وتیژی جنسی بەرامبەر ئەنجام دەدرێ.

دووهەمین هۆکاری مردنی ژنان لە وڵاتی فنلەند، توند و تیژیەکە کە لە لایان هاوسەر یان دەسگیرانەکەیان بە دژیان ئەنجام دەدرێ. لە باشووری ئافریقا ڕێژەی ئەو ژنانەی کە لە ماڵەوە بە زەربی گولله دەکوژرێن لەو ژنانەی کە لە دەرەوەی ماڵ و لە لایان کەسانی نەناسراو دەکوژرێن زۆر زیاترە.

دوای لێکۆڵینەوەکان لە ٥٠ وڵاتی جیهان دەرکەوتووە، لە سەدا ١٠ تا ٥٠ی ژنان بە جۆرێک لە لایان هاوسەرەکانیان دەکەونە بەر کردەوەی توندوتیژیی جەستەیی و نیزیک بە یەک لە سەر سێ و نیوەی نمونەکانی توند و تیژی جەستەیی، توند وتیژی دەروونیشی بە دواوە بووە.

لە هەر ١٨ خولەک دا لە جیهان ژنێک دەمرێ و ئەم ئامارانە بە شێوەی گشتی دەرخەری بارودۆخی نالەباری ژنانە و ئەمە تەنیا گۆشەیەکی بچووک لەو هەموو توند وتیژیانەیە کە بەرامبەر بە نیوەی حەشیمەتی جیهان ڕەوا دەکرێ.

ئەم ئامارانە تەنیا بەشێکی زۆر بچووک لەو توند و تیژی و ئازارانەیە کە لە سەر بنەمای ڕەگەز بەڕێوەدەچێ و ئەوە سەرەرای ئەو هەموو زوڵم و ستەمە کۆمەڵایەتی و چینایەتیانەیە کە لە ناو کۆمەڵگا دا لە بوارەکانی حەقدەست، کار، بارودۆخی کار و هتد.... دەسەپێندرێ. لە راستی دا و بە واتایەکی دیکە توند و تیژی تەنیا لایەنی جەستەیی بۆ سەر ژنان لە خۆ ناگرێ، بەڵکوو توند وتیژیی ئابووری ، توند وتیژی بنەماڵەیی و توند وتیژی هزری و پەروەردەیی و هتد ...دەگرێتەوە.

لە سەرتاسەری جیهان و لە رادەی جۆراوجۆر دا ئەم دیاردە دژە مرۆڤایەتیە، چ بە شێوەی لێدان و سووکایەتی پێ کردن، دەستدرێژی جنسی و باقی جۆرەکانی توند و تیژی جەستەیی خۆی دەردەخات و دواتر ئاسەوارە نیگەتیڤەکانی لە سەر رۆح و رەوانی ژنان خۆی دەنوێنێ. سیمای دزێوی توند وتیژی، لە ئازار و ئەشکەنجەی ژنان لە کاتی مناڵیەوە دەست پێ دەکات و لە هەر زەمەنێک دا بە سەرەنج دان بە پێکهاتە و بارودۆخی ژنان لە ناو کۆمەڵگا دەگۆردرێ و پێناسەی چەشناو چەشن لە خۆ دەگرێ و سیستمی سەرمایەداریش لە برەوپێدانی رۆڵ دەگێڕێ.

توندوتیژی تایبەت بە نیزامی چەوسێنەری سەرمایەداری و نابەرابەریەکە کە مانەوەی لە گرەوی هەڵس و کەوتی توند وتیژ بە دژی مرۆڤەکانە.

دەسەڵات و ساحیبانی سەرمایە بۆ دابین کردنی قازانج و بەرژەوەندی خۆیان، ژنانیان وەک کۆیلەی ئایین، مەزهەب، پیاوسالاری و سیستم لێ کردووە وبە ئامانجەوە لە دژی هەر جۆرە بەرابەری و یەکسانی و خەبات بە دژی بێ مافی ژنان رادەوەستن.

کرێکارانی ژن کە لە سەرتاسەری جیهان بۆ دابین کردنی بژێوی ژیانی خۆیان و مناڵەکانیان لە گەڵ کۆمەڵێک کێشە و گیر و گرفت دەستەو یەخەن، ناچارن بەو حەقدەستە کەمەی وەریدەگرن، مل بە سەعاتی کاری تاقەت پرۆکێن لە دەرەوەی ماڵ بدەن و ئەگەر شانسی ئەوەیان هەبێ کارێکی باش لە ناو کۆمەڵگا بە دەست بێنن، لە شوێنی کارەکەشیان بەردەوام بە هۆی ژن بوونیانەوە لە لایەن ساحیبکاران و هاوکارەکانیان سوکایەتیان پێ دەکرێ.

بەڵام ئەوە چارەنووسی ژنان نیە، بەڵکوو ئێمە دەتوانین لە بەرمابەر ئەو خەسارە دا رابوەستین. ژنان دەتوانن بە ناسینی مافەکانی خۆیان، خەبات بە دژی ئەم توند و تیژیانە بکەن و بارودۆخەکە بگۆڕن. ئەم ئاگایی و وشیاریە دەتوانێ هەنگاوێک ژنان بەرەو پیشەوە بەرێ و ناسینی هۆکار و بنەمای ستەم و توند وتیژی بە دژی ژنان و ئەوەی کە نیزامی سەرمایەداری لە برەوپێدانی رۆڵ دەگێڕێ، ئاسۆیەکی تازە بۆ بەشێک لە ژنان و رزگاریان بکاتەوە.

تا ئەو کاتەی کە نیزامی چینایەتی سەرمایەداری بوونی هەبێ و لە سەر پێ بێ، دژە ژنی و پیاوسالاری لە ناو کۆمەڵگا دا هەر بەردەوامە و داکۆکیکارانی مالکیەتی خسوسی و نیزامی سەرمایەداری لە هەر ژێست و پۆزێکی دیمۆکراتیک دا ناتوانن بنەماکانی ئەم هەڵاواردنان و بێ مافیانە لە ناو بەرن. هەر بەو هۆکارەیە کە لە سەدەی بیست و یەکەم دا و تەنانەت لە وڵاتانی سەرمایەداری و بە ناو پێشکەوتووش ژنان دەکەونە بەر ئازار و هەڕەشە و هەموو جۆرەکانی توند و تیژی.

رزگاری و بەرابەری ژن و پیاو و لابردنی هەر جۆرە توند و تیژیەک بە دژی ژنان کاتێک مسۆگەر دەبێ، کە لە رۆچنەی نەمانی مەودای چینایەتی لێ بڕوانین و خەباتی بێ وچانی بۆ رێک بخەین.

سەرچاوە: ماڵپەڕی پێنوسەکان - ڕێکەوتی: ٤ی مارچی ٢٠١٣

# بە بۆنەی ٢٥ی نوامبر رۆژی نێونەتەوەیی خەبات دژی توندوتیژی بەرامبەر بە ژنان



**سەبری بەهمەنی**

رۆژی چواری سەرماوەز رۆژی نێونەتەوەیی خەبات لەدژی توندوتیژییە. بۆ یەکەمین جار لە »یەکەمین کۆبوونەوەی فمێنیستی بۆ ئامریکای لاتینو دوورگەکانی دەریای کارائیب» کە لە بوگوتای کولومبیا لە رۆژەکانی ١٨ تا ٢١ی ژوئیەی ١٩٨١ بەڕێوە چوو، رۆژی ٢٥ی نوامبر وەک «رۆژی جیهانی خەبات لە دژی توندوتیژی لە دژی ژنان» راگەیەندرا. ٢٥ی نوامبر بۆ رێز گرتن لە یادو بیرەوەری سێ خوشکی خەڵکی کۆماری دومینیکن، خوشکانی «میرابال» دیاری کرا. ئەم سێ خوشکە لە دەورانی دەسەڵاتداریەتی دیکتاتۆریی رافائل تروئیلو کوژران. هۆی دیاری کردنی ئەم رۆژە وەک رۆژی خەبات لە دژی توندوتیژی دژبە ژنان بۆ رێز گرتن لەم سێ خوشکەو هەروەها بوونی توندوتیژی جنسی لە جیهان ناوزەد کرا. توندوتیژی دژ بە ژنان لەو چەمکانەیە کە دەبێ بە شێوەیەکی بەربڵاوو هەمەلایەنە بدرێتە بەر باسو لێکۆڵینەوە. لە راستیدا ماوەیەکی دوورودرێژ نییە کە توندو تیژی لە چینو توێژە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگا بووەتە کێشەیەکی جیدی، بەڵکوو مێژووی دوورودرێژی توندوتیژی لە جیهان بووەتە هۆی ئەوەی کە وەکوو کێشەیەکی ئاسایی سەیر بکرێت.

«توندو تیژی بە مانای بە کار هێنانی کردەوەیەکی دژە مرۆییەو دروست کردنی دڵەراوکێو لێدان لە کەسانی بەرامبەر.»
توندوتیژی بە شێوازی جۆراوجۆر بەسەر ژنان دادەسەپێ:

«توندوتیژی بنەماڵەیی، دەست درێژی، کڕینو فرۆشتنی ژنانو کچان، لەش فرۆشی زۆرە ملێ، توندوتیژییەکانی بەرهەمی شەڕ وەکوو کوشتو برو دەست درێژی بەردەوامو بەرنامەدارێژراو، کویلەیی جنسی، سک پڕی زۆرەملێ، کوشتنی منداڵانی کچ، هەڵبژاردنی رەگەزیی کۆرپەلە، خەتەنە کردنی کچانو توندو تیژی سیاسی.»

بنەماڵە یەکەمین شوێنی دەست پێ کردنی توندوتیژیە لە دژی ژنان. ژنان لە نێو بنەماڵەکانی کۆمەڵگای ڕۆژهەڵاتی ناوەراست، بە بیانووی نەپارستنی بەها پیرۆز کراوەکانو بەها سوننەتیەکان، بە بیانووی پاراستنی شەرەفو ناموسەوە بە توندترین شێوە ئازار دەدرێن. پیاوان بەبێ ترس لە سزا دان، یاسای نابەرابەرو داسەپاوی نێو کۆمەڵگا لە بنەماڵەشدا بەڕێوەی دەبەن. روو لە زیاد بوونی ئەشکەنجە، کوشتنی کچان بە دەستی باوک، برا، مامو خاڵ یان مێردەکانیانو کوشتن بە ناوی پاراستنی شەرەفو ناموس، بەڵگەیەکی حاشا هەڵنەگرە بۆ ئەم مەسەلەیە. بە بوونی وەها پێوەندیەک پێک هێنانی ژیانی هاوبەش تێیدا نەک لە سەر بنەمای هەڵبژادنێکی وشیارانەو خۆشەویستی بەڵکوو تەنیا بۆ بەڕێوەبردنی ئەرکێکی سوننەتی بەڕێوە دەچێو ژن لە بنەماڵەدا دوای سەرپەرەستی باوک دەکەوێتە بەر توندوتیژی هاوسەرەکەی. بە پێی ئامارەکان لە سەدا هەفتای ژنان ڕووبەڕووی توندوتیژی دەبنەوە، لە سەدا نزیکەی ٢٥ی ژنان هەر لە سەرەتای یەکەمین ڕۆژی ژیانی هاوبەشەوە دەکەونە بەر توندو تیژیو ٢٥%ی دیکە لە یەکەمین حەوتووی ژیانی هاوبەشدا توندوتیژی دەست پێ دەکات. لە هەر ١٢ چرکەدا ژنێک ڕووبەڕووی توندوتیژی دەبێتەوە. لە هەر سێ ژن لە ماوەی تەمەنیدا ژنێک لە لایەن شەریکە جنسیەکەیەوە تووشی ئازارو لێدان دەبێت. لە سەدا ٩٥ی توندوتیژییە بنەماڵەیەکان لە لایەن پیاوانەوە ئەنجام دەدرێت . زیاتر لە ٤٠% کوشتنی ژنان لە لایەن مێرد یان دۆستە کوڕەکانیانەوە روو دەدا. لە هەر ١٠ ژنو مێرد، شەشیان تووشی توندو تیژی خێزانی دەبن. توندو تیژی بنەماڵەیی، لە هەموو چینو توێژ، رەگەز، ئاستی جیاوازی داهاتو خوێندەواریدا هەیە. کەسانێک کە توندوتیژی دەنوێنن لە دەورانی منداڵیدا قوربانی یان شاهیدی توندو تیژی بوون. بەم بۆنەوە توندوتیژی خێزانی بە کەسێک کۆتایی نایەتو ئەو کەسەی بووەتە قوربانی توندوتیژی لە تەمەنی سەرووترو پاش پێک هێنانی ژیانی هاوبەش، ئەو کردەوانەی لە بنەماڵەدا فێری بووە لە چارەسەر کردنی کێشەو گرفتە خێزانیەکانی خۆی بەکار دەباتەوە، دیاردەیەک کە لە کۆمەڵناسیدا پێ دەوترێت «دەوردانەوەی توندوتیژی». پێکهاتەی کۆمەڵگاش کولتوری پێوەندیدار بە توندوتیژی قەبووڵ دەکاتو کردەوەی توند تەحەمول دەکاتو دەبێتە هۆی پتەو کردنی توندوتیژی خێزانیو پەرەسەندنو گواستنەوەی لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەکانی داهاتوو. بە پێی ئامارەکان لە سەدا ٩٠ی منداڵانێک لە خێزانێک کە توندوتیژی تێیدایە، ئاگاداری لێدانی دایکیانن. ٨٠%ی ئەو کەسانەی تووشی تاوانی کۆمەڵایەتی دەبن لە کەشو هەوایەکی پڕ لە توندوتیژی گەورە بوون. کوڕانێک کە لە بارودۆخی پڕ لە توندوتیژی خێزانی گەورە دەبن، لە ٧٠ %ی خەڵکی ئاسایی زیاتر دەست بۆ توندوتیژیو لێدان بەرانبەر بە هاوسەرەکەیان دەبەن. منداڵانێک کە لە کەشو هەوای پڕ لە توندوتیژی گەورە دەبن ٣% زیاتر لە کەسانی ئاسایی، توشی ئەلکۆلو مادەسڕکەرەکان دەبن.

ئەم ئامارە ڕاچڵەکێنەرانە باس لەکاریگەریەکانی توندوتیژیو دووبارە بەرهەمێنانی توندوتیژی لە کۆمەڵگا دەکات. توندوتیژی جنسی، یەکێکی تر لە شێوەکانی توندوتیژییە لە بەرامبەر ژناندا. توندوتیژی جنسی بە دوو شێوە بە سەر ژناندا دادەسەپێ، یەکەم پێوەندیەکی سێکسی زۆرە ملێو دەست درێژی بۆ سەر ژنان، دووهەم هەڵسو کەوتی جیاواز لە گەڵ ژنو پیاو بە هۆی رەگەزیانەوەو فەرز کردنی یەکێکیان بە سەر ئەوی تر. توندوتیژیەکانی بەرهەمی شەڕ، یەکێکیتر لە شێوەکانی توندوتیژییە لە دژی ژنان. لەم شەڕانەی دواییدا کە ئێمەش شاهیدی بووین، سنووری نێوان کردەوەکانی تایبەت بە شەڕ، جینایەت، پێشل کردنی مافی مرۆڤ و توندوتیژی سێکسی تێکەڵاو بووەو بشێوییو تاڵان بووەتە ستراتیژی شەڕخوازەکان. بە پێی بۆچوونی یۆنیسفو ڕێکخراوی (مدیکاموندیاله) هێشتاکە توندوتیژی سێکسیو دەست درێژی بۆ سەر ژنانو کچان لە هەموو جیهاندا بە شێوەیەکی ئاگاهانەو بەرنامە

بۆدارێژراوو هەروەها وەکوو یەکێک لە کردەوەکانی شەڕ بەکار دەبرێت. ژنان لە زیندانی ئەبوو غرێب لە وڵاتی عێراق کە لە کاتی شەڕی نێوان ئامریکاو عێراق زۆرترین زەختی جەستەیی‌و دەروونیان لە سەر بوو، باشترین نموونەی ئەو راستیەن. ژنانی بەرەکانی شەڕ وەکوو بۆسنی، کوزۆوو ئەفغانستانیش هەر بەم شێوەیە بوون. ژنان نەتەنیا لە دەورانی شەڕ بەڵکوو پاش تەواو بوونی شەڕ دەست درێژیان ئەکرێتە سەرو پاش تەواو بوونی شەڕیش بێ پشتیوانی یاسایی‌و بێ پەنان. بۆ ژنان سەرەرای راگەیاندنی کۆتایی شەڕ هێشتا کارەساتەکە کۆتایی نەهاتووە. کێشەو گرفتە دەروونیەکانی ژنانێک کە دەست درێژیان کراوەتە سەرو منداڵانێک کە بە هۆی ئەم دەستدرێژیانەوە چاویان بە ژین هەڵاتووەو دایکانێک کە نەخوازراو بوونەتە دایک، درێژەی هەیەو ئەم مۆتەکە بۆ ژنانی ئازار چێشتوو هەر بەردەوامە. هەروەها ژنان لە سیاسەتیشدا دەکەونە بەر توندو تیژی. بە وتەی مێهرەنگیزی کار: «توندوتیژی سیاسی بە کردەوەی لاهێزەکانی(اهرم) دەسەڵات واتە دەوڵەت لە دژی ژنان بەڕێوە دەچێ. ئەم شێوە لە توندوتیژی بە چاوپۆشی لە مافی ئینسانی ژن لە دارشتنی یاسا رەنگدەداتەوەو بە شێوەی پشتیوانی نەکردن لە یەکسانی مافی ژن‌و پیاو لە دارشتنی سیاسەت خۆ دەنوێنێ. ئاماری توندوتیژی دژ بە ژنان لە ئێران کەمتر لە لایەن راگەینەرە گشتیەکانەوە بڵاو دەبێتەوەو راگەیاندنەکانی ژێر دەسەلاتی کۆماری ئیسلامیش سەرپۆشی بە سەر دادەنن. بەستێنی یاسایی لە دژی ژنانەو بە هۆی یاساوە پیاو مافی سەرپەرەستی ژن‌و منداڵی هەیەو مافی پیاو بە پێی شەرع‌و یاسا لە مافی ژن زۆرترە. هەروەها پیاو بە هۆی «نەفەقە»دان بە ژن مافی بێ دەنگی پێدراوە، واتە ژن کە لە لایەن پیاوەوە بە خێو دەکرێت دەبێ هەر کات پیاو ویستی جەستەی خۆی بخاتە ئیختیاری. هەروەها بە پێی یاسای بنەڕەتی ئێران ئیزنی کار، سەفەرو خوێندنی ژن بە دەست پیاوە...»

بە گشتی توندوتیژی دژ بە ژنان لە گشتیەتێکی پێکەوەتەنراوی هەموو جۆرەکانی توندوتیژی خێزانی، کۆمەڵایەتی، سیاسی، جنسی، دەروونی‌و ئابووری پێک هاتووە. مافی ژنان بەشێکی جیا نەکراوەیە لە مافی مرۆڤ. توندوتیژی لە کۆمەڵگای ئێمە بنەچەی قووڵی داکوتاوەو پێویستی بە بەگژداچوونەوەیەکی هەمەلایەنەو پێشکەوتنخوازانە هەیە بۆ ئەوەی بتوانێ توندوتیژی لە بناغەوە بنەبڕ بکاتو ڕێگا بۆ لە ناو بردنی هەر جۆرە توندوتیژییەک خۆش بکات.

سەرچاوە: وێبلاگی نووسەر - ڕێکەوتی: ٥ی دێسەمبەری ٢٠١٣

# لێکۆلینەوەیەک لەبارەی توندوتیژی لە دژی ژنان

**(بەشی یەکەم)**



## و ەرگێڕان لە فارسییەوە: کوێستان فتووحی

ڕێکخراوی لەشساغیی جیهانی لە یەکەمین خوێندنەوەی خۆی دا لەبارەی توندوتیژی لە دژی ژنان بەو ئاکامە گەیشت کە لە هەر ١٨ چرکەدا ژنێک دەکەوێتە بەر هێرش و ڕەفتاری خراپ. تەنانەت دوو گیانییش (بارداری) ژنان لە توندوتیژی پیاوان ناپارێزێ.

ڕێکخراوی لەشساغیی جیهانی لە یەکەمین خوێندنەوەی خۆی دا لەبارەی توندوتیژی لە دژی ژنان بەو ئاکامە گەیشت کە لە هەر ١٨ چرکەدا ژنێک دەکەوێتە بەر هێرش و ڕەفتاری خراپ. تەنانەت دوو گیانییش (بارداری) ژنان لە توندوتیژی پیاوان ناپارێزێ.

لە سەدا ٣٠ تا ٣٥ی ژنانی ئەمریکایی لە لایەن مێردەکانیانەوە دەکەونە بەر ئازاری جەستەیی و لەسەدا ١٥ تا ٢٥ی ئەوان لە کاتی دووگیانییش دا ئەزییەت و ئازار دەدرێن. هەروەها لە هەر ١٠ قوربانیی ژن سێ کەس لە لایەن مێرد یا پیاوانی دیکەوە کوژراون. لە شیلی لەسەدا ٦٣ی ژنان دەکەونە بەر ئازاری جەستەیی. لەسەدا ٤١ی ژنانی هێند بە هۆی ئازاری جەستەیی هاوسەرەکانیانەوە خۆکوژی دەکەن. لە بێنگلادیش زیاتر لە سەدا٥٠ی کوشتنەکان بە هۆی توندوتیژیی پیاوانەوەیە.

بە داخەوە لەبارەی ئێرانەوە هیچکات ئامارێکی دروست و ڕوون لەبارەی ئەو توندوتیژییەی کە لە ماڵەکاندا ڕووبەرووی ژنان دەبێتەوە بڵاو نەکراوەتەوە. لە لایەکی دیکەوە بیروباوەڕی پیاوسالاری بە شێوەیەک ئەو توندوتیژییە بە سروشتی پیاو دەزانێ و هەوڵ دەدا پاساوی بۆ بنێتەوە و بە ژنانی بقبوولێنێ کە ژن بە جلوبەرگی سپییەوە دەچێ بۆ ماڵی بەخت و هەرچییەکی بە سەر بێ دەبێ بە کفنی سپییەوە لەو ماڵە بێتە دەرەوە. توندوتیژی دژی ژنان جێگە و شوێنی تایبەتی نیە. لە ماڵ، شەقام یا شوێنی کاردا ڕووبەرووی

ژنان دەبێتەوە. لە زۆربەی وڵاتان ناوەندێک بە ناوی ماڵەئارامەکان هەن بۆ ئەو ژنانەی توندوتیژییان بەرانبەر دەکرێ تا ئەو کاتەی مەترسی هەڕەشەیان لێ دەکا، پەنای بۆ دەبەن، بەڵام لە ئێران تا ئێستاش شوێنی ئارام بۆ ژنانێک کە ژیانیان لە مەترسی دایە نیە.

کاریگەرییەک کە توندوتیژی لە سەر ژنی دادەنێ زیاتر لەوەی کە جەستەی بڕوشێنێ ڕۆحی بریندار دەکا و ئەو هەستە لەلای دروست دەکا کە بوونەوەرێکی بێ ئیرادە و بەرکار و ناچالاکە.

## هۆکاری توندوتیژی دژی ژنان

هۆکاری سەرەکیی توندوتیژی ژنان دەکرێ لەو نایەکسانیانەدا ببینرێن کە ڕێگری لە یەکسانیی ژن و پیاو لە ژیان دا دەکەن. توندوتیژی هەم ریشەی لە نایەکسانی دایە و هەمیش پەرەی پێ دەدا. هەر ئەوەی کە زۆربەی کچان و ژنان ئامادە نین توندوتیژیی نێوماڵ بە پۆلیس رابگەیەنن یا هێزێکی دادوەری لە زۆربەی وڵاتان پێداچوونەوەیەک لەوبارەوە ناکا و بە مەسەلەیەکی تایبەتیی دادەنێ، ئاماری توندوتیژییەکانی نێو ماڵ راست و دەرخەری راستیەکان نین. بەو حاڵەش ئامارە کۆکراوەکان هەروا راچڵەکێنەرن.

بە وتەی ڕێکخراوی لێبوردنی نێونەتەوەیی، توندوتیژی لە بنەماڵەدا لە شیرپەنجە و روداوی هاتوچۆ زیاتر بۆتە هۆکاری مردن و کەمئەندامیی ژنانی ١۶ تا ۴۴ ساڵیی ئورووپایی. بەڵام هێندێک لە وڵاتان بە یارمەتیی ڕێکخراوە نێونەتەوەییەکانی پارێزگاری لە مافی مرۆڤ ڕێگای نوێیان بۆ کۆنترۆڵکردنی ئەم دیاردەیە گرتۆتەبەر. بۆ نموونە حکوومەتی ئیسپانیا بۆ بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی نێوماڵ، لەسەر بناغەی کۆکردنەوەی راوبۆچوونی ژنانی زیان دیتوو سیاسەتێکی داڕشتوە. یاسای تازە بۆ ڕێکخراوی لەشساغی و پۆلیسی ئیسپانیا هێزێکی زۆرتری بۆ تەرخان کردوە تاکوو پێش ئەوەی ڕووداوی مەترسیدار ڕووبدا، پێشگیری لە رەفتاری توندوتیژانەی پیاو بکا. ئەو یاسایە هەروەها لە قوربانیانی توندوتیژی پشتیوانی دەکا تاوەکوو هەست بە تەنیایی نەکەن.

## ئاماری جیهانی هەروا ترسێنەرە

بە پێی مەزەندەی دەوڵەتی ڕووسیە ڕەنگە لە ساڵی ١٩٩٩دا نزیک ١۴ هەزار ژن لە لایەن خزم و خێشی خۆیانەوە کوژرابن. بەو حاڵەش لەو وڵاتە یاسایەک بۆ بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی بنەماڵەیی نیە. لە ئەفریقای باکوور رێژەی ئەو ژنانەی لە ماڵەوە بە گوللە دەکوژرێن زیاتر لەوانەیە کە لە دەرەوەی ماڵ لەلایەن کەسانی نەناسراوەوە کوژراون. بیروبۆچوونی نەریتی لەو جۆرە وڵاتانە بۆتە هۆی ئەوە کە ئامارێکی بەڵگەدار لە رێژەی ڕووداوەکانی نێوماڵ لەدەست دا نەبێ.

ڕێکخراوی لێبوردنی نێونەتەوەیی پێشتر لە سەر توندوتیژیی نێوماڵ لە کۆمەڵگا نەریتییەکانی دنیادا وتی لە وڵاتێکی وەک ئەفغانستان کە نەریتەکانی ژیانی دەرەبەگایەتی زۆر ریشەدارە، ژن وەک موڵک و ماڵ چاوی لێ دەکرێ و دەستدرێژی کردنە سەر مافەکانیان بە بێ سزا دەمێنێتەوە.

فرەژنیش دەتوانێ پەرە بە توندەتیژی نێومال بدا. چونکە بە پێچەوانەی ڕێوشوێنە ئیسلامییەکان پیاوان بە شێوەیەکی گشتی بۆ هێنانی ژنی دووەم ئیزن لە هاوسەری یەکەم وەرناگرن بۆیە دەمەقالە لەوبارەوە لە زۆر کات دا دەگاتە توندوتیژی. باسی فرەژنی ئێستا لە عێراق بۆتە مەسەلەیەکی سیاسی. لە ئێرانیش لە پەنای مەسەلەی مافەکانی ژن، زۆر بوونی ئاماری چەند هاوسەری پیاوان بۆتە هۆی ئەوە کە ژنان (بە تایبەت لە دەستەو گرووپە تەمەنییەکانی سەرەوەدا) زیاتر لە رابردوو بەرانبەر بە مافەکانی خۆیان هەستیار بن و بۆ پارێزگاری لەو مافانە هەوڵ بدەن.

توندوتیژی دژی ژنان کردەوەیەکی شاراوەیە بەلام ژنان لە کۆمەڵگە جیاجیاکان بە هۆکارگەلی وەک سزای توندو نەبوونی پشتیوانیی یاسایی لە دەربڕینی ناڕەزایەتی خۆدەپارێزن. توندوتیژی دژی ژنان سنوور ناناسێ، تەنیا هی کۆمەڵگە دواکەوتوەکان نیە. لە هەموو جێیەکی دنیا ژنان کەم و زۆر دەکەونە بەر هەموو جۆرە توندوتیژییەکی جەستەیی، رەگەزی وزارەکی. لێکۆڵەرەوان لە بابەتێک دا بە ناوی، توندوتیژی دژی ژنان، هۆکارەکانی توندوتیژی و ڕێگاکانی بەرەورووبوونەوە لەگەڵ ئەم دیاردەیەیان تاوتوێ کردوە.

دوکتور نیلوفەر میکاییلی ئەندامی هەیئەتی زانستیی دەستەی دەروونناسی زانستگەی ئازادی ئیسلامیی ئەهواز لەم وتارەدا توندوتیژی دژی ژنانیان بە دیاردەیەکی جیهانیلەقەڵەم داوە کە بە پێی تایبەتمەندیی فەرهەنگی، کۆمەلایەتی و ئیتنیکی لە هەر کات و شوێنێک دەتوانێ بە شێوەی جۆراوجۆر دەرکەوێت.

فاتیمە سورخی ئەحمەدی لە کۆڕێک دا بە ناوی ژنان و زیانە کۆمەلایەتییەکان گوتی: بەربلاویی توندوتیژی دژی ژنان تا رادەیەک لە تەواوی توێژە کۆمەلایەتی، ئابووری، نژادی، تەمەنی و جوگرافیاییەکان دا دەبینرێ هەر چەند کە ئەو دیاردەیە لە نێو هێندێک گرووپ دا زۆرترە. فاتیمە سورخی ئەحمەدی توندوتیژیی بە رەنگدانەوەی لە هەستی شەڕاشۆیی دانا و وتی: توندوتیژیی نێومال شێوەیەکی تایبەتە لە توندوتیژی کە لە بنەماڵەدا دەکرێ و دبێتە هۆی زیان یا ئازاری جەستەیی و دەروونی و رەگەزی.

ئەو هەروەها وتی، سێ هۆکاری سەرەکیی هەڵسوکەوت، زیان و رەگەز لە هەموو جۆرە توندوتیژیەک دا دەبینرێ. ئەو وتی: رەگەزی زاڵ زۆرتر پیاوە لە هێندێک کات دا ژن بێجگە لە هەڵ کردن لەگەڵ هەڵسوکەوتی توندوتیژی هاوسەر لە لایەن باوک و برا و تەنانەت منداڵی کوڕیشەوە دەکەونە بەر هەڵسوکەوتی توندوتیژ. ئەو کارناسە ئەوەی بە قسەکانیەوە زیاد کرد کە: ژنان لە ژیانیان دا چوار جۆر توندوتیژی وەک جەستەیی، دەروونی، ئابووری و رەگەزی ئەزموون دەکەن. ئەو وتی: توندوتیژیی جەستەیی جۆرەکانی ئازار و ئەزیەتی جەستەیی، لێدان و کوتان، کێشانی قژ، سوتاندن و توور هەڵدان دەگرێتەوە کە ئەو جۆرە توندوتیژییە رەنگە بۆ هەموو ژنان بە بێ سەرنجدان بە خوێندەواری، نژاد و باری بنەماڵەیی رووبدا. ناوبراو وتی: توندوتیژیی دەروونیش ئەمانە دەگرێتەوە: رفتاری ملهوڕانە بە مەبەستی سووکایەتی کردن بە ژن، هەڕەشەی ئازار و کوشتنی خۆی یا ئەندامانی بنەماڵەکەی، جنێو و سووکایەتی، ڕێگرتن لە دیتنی دۆستان و ئاشنایان و زیندانی کردن لە ماڵەوە. ناوبراو گوتی: ئەو جۆرە توندوتیژییە دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی گیانی هەست کردن بە پووچی، یان خۆ لەنێوبردن، راکردن لە تێکەلاو بوونی کۆمەلایەتی و دڵەراوکە لە ژنان دا.

بەبڕوای ئەو نەدانی خەرجیی، کەڵکی خراپ وەرگرتنی ئابووری لە ژن و زیان گەیاندن بەو کەلوپەلانەی ژن ئۆگری پێیان هەیە بە جۆرێک توندوتیژیی ئابووری لە دژی ژنان لەقەڵەم دەدرێن و وتی: لە زۆر وڵاتاندا ژنان هێزی کاری بێ حەقدەست و بێ داهاتن،

هەر ئەمەش بوار بۆ سەرهەڵدانی توندوتیژیی ئابووری بەرانبەر بەوان دەرەخسێنێ بە جۆرێک کە لە هێندێک بواردا ژنان تەنانەت مافی کڕین و فرۆشتنی کەلوپەل و پێداویستییەکانی خۆشیان نیە. ئەو کەڵک وەرگرتنی توندوتیژانە و بێ ڕەزامەندیی ژن، زۆری کردن لە پێوەندیی سێکسی‌دا، ڕێگەنەدان بۆ کەڵک وەرگرتن لە ئامێری پێشگیری لە دووگیانی و سەرنج نەدان بە دابینکردنی پێداویستییەکانی ژن بە نموونەی ئەو توندوتیژییە ڕەگەزییانە دانا لە دژی ژنان.

ساڵی یەکەمی ژیانی هاوبەش، سەردەمی تەنگانەی ماڵی (هەژاری) و لە دایک بوونی منداڵ و چوونە سەری تەمەن، بە پڕ توندوتیژییترین سەردەمی ژیانی ژنان دێتە ئەژمار.

ناوبراو ساردوسڕی لە پێوەندی سێکسی و جۆرەکانی لادان بە ئاکامەکانی ئەو جۆرە توندوتیژییانە لە ژناندا دانا و لەم بارەیەوە کە ئازاری سێکسی لە شوێنی کار لە زۆر وڵاتان دا ئامارێکی بەرزی هەیە وتی: لە ئینگلستان لە هەر ١٠ ژن ٧ کەس لە دەورانی ژیانی کاری‌دا تووشی ئازاری سێکسی دەبێ. ئەو لێکۆڵەرە ئەوەی بە قسەکانییەوە زیاد کرد کە بە پێی لێکۆڵینەوەیەک کە لە ١٠٠ هەزار پەروەندە لە ساڵی ١٣٨٠ لە ٢٨ پارێزگای وڵات کراوە ساڵی یەکەمی پێک هێنانی ژیانی هاوبەش، سەردەمی تەنگانەی ماڵی، لە دایک بوونی منداڵ و چوونەسەری تەمەن، لە دەورانە پڕ لە توندوتیژییەکانی ژیانی ژنانن. ئەو گوتی: بە پێی لێکۆڵینەوەیەک ئەو ژنانەی لە لایەن هاوسەرەکانیانەوە ڕەفتاری توندوتیژیان لەگەڵ دەکرێ، پێنج هێندە زیاترن لەو ژنانەی کە بەرەورووی زیانە دەروونییەکان و مەترسیی خۆکوشتن و ٦ هێندە زیاتر ڕووبەڕووی تێکچوونی دەروونی دەبنەوە. ئەو وتی هۆکارە دەروونی، تاکەکەسی، فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی‌یەکان لە توندوتیژی دا کاریگەری هەیە و گوتی: لە نێو ئەو بنەماڵانەی کە گیرۆدەی مادە هۆشبەرەکانن و ئەلکول، بێکاری و کێشەو هەڵلایان تێدایە توندوتیژییش زیاتر بەرچاو دەکەوێ. ئەو دەروونناسە ئەوەی بە قسەکانیەوە زیاد کرد: ئەو پیاوانەی کە لە منداڵی‌دا شاهیدی لێدانی ژنانی نێو بنەماڵە بوون لە گەورەییش دا زۆرتر توندوتیژی بەرانبەر بە هاوسەرەکانیان دەنوێنن. ئەو گوتی: کەسانی کرچ وکاڵ، بێحەوسەلە، بەستراوە، وازوازی و یا ئەو کەسانەی لە هەستی نالێهاتوویی ئازار دەچێژن زۆرتر دژی ژنان توندوتیژی دەنوێنن. ئەو ئاماژەی بەوە کرد کە توندوتیژی، توندوتیژی بەرهەم دێنێ و گوتی: منداڵێک کە نموونەیەکی شەڕانی و شەڕنگێزی هەیە لە گەورەییش دا ڕەفتاری وەک ئەو لە خۆی نیشان دەدا. ئەو پێی وایە چاولێکەری کەسانی شەڕانی، ڕەفتاری تاقیکارانە، مەیلی لاساییکەرانە بۆ دەربڕینی پیاوەتی، پێوەندییە پیاوسالارییەکان، تەحەمول کردن لە لایەن ژنەوە و هۆکاری فەرهەنگی، شوێن و جێگە لە دەربڕینی توندوتیژی دژی ژنان کاریگەریی هەیە.

ئەو پێکهاتنی گۆڕان لە جۆری توندوتیژی لە دژی ژنانی وەک توندوتیژی مۆدێرن لەقەڵەمدا و وتی: مۆدێرنیسم نەتەنیا پێگەی سەرەکیی ژنانی زیندوو نەکردۆتەوە، بەڵکوو ئەوان بە شێوەی جۆراوجۆر کەوتوونەتە بەر سووکایەتی. ئەو فرۆشتنی کچانی لاوو مێرمنداڵ لە لایەن باوکانی هەژار بە ناوەندەکانی لەشفرۆشی و گەشەی بازاڕی فیلمە بێئەخلاقی‌یەکان لە ڕۆژئاوای وەک نموونەیەک لە توندوتیژیی مودێرن لە دژی ژنان ناوبرد.

فاتمەی سورخی ئاماژەی بەوە کرد کە توندوتیژی دژی ژنان دیاردەیەکی چەند لایەنیە و گوتی: بەربەرەکانیش لەگەڵی‌دا پێویستی بە دەرمانی چەند لایەنە هەیە. ئەو بنەماڵە دەرمانی، دروست کردنی ماڵی ئارام، پشتیوانیی یاسایی لەو ژنانەی بەرەورووی توندوتیژی

دەبنەوە، بەشداری کردن لە کلاسە فێرکارییەکانی پێش پێک هێنانی ژیانی هاوبەش، راوێژی زەماوەند، زیادکردنی ئاگایی پیاوان و ژنان لە کۆبوونەوە فێرکارییەکان و... لە ڕێگرتن لە توندوتیژی لە دژی ژنان دا کاریگەرییەکان هەیە و گوتی لێکۆڵینەوە و خوێندنەوەی زۆر لەبارەی توندوتیژی لە دژی ژنان بە تایبەت توندوتیژی نیومالْ، کراوە. بە پێی دوایین بەدواداچوونەکان لە ٢٨ ناوەندی پارێزگای ولات لانی کەم حەفتا لێکۆڵینەوەی مەیدانی جێی باوەڕ لەبارەی توندوتیژیی نێو مالْ لە دژی ژنان بەڕێوەچووە. زۆرتری ئەو لێکۆڵینەوانە لە دوای سالْی ١٣٧٠ەوە تا ئێستا کراون کە نیشان دەدەن کە لێکۆڵەران و زانستگەییانی ئێرانی لەم سالانەی دوایی دا ئۆگری و سەرنجێکی تایبەتییان بە هەلْسەنگاندن و بەدوادا چوون لە بارەی توندوتیژی لە دژی ژنان پەیدا کردوە.

## (بەشی دووەم و کۆتایی)

### خوێندکارانی ئێرانی لە دەورەکانی کارناسی بەرز و دوکتورا لەم سێ سالْەی دواییدا بە جۆرێک...

خوێندکارانی ئێرانی لە دەورەکانی کارناسی بەرز و دوکتورا لەم سێ سالْەی دواییدا بە جۆرێک ئۆگری ئەوەن کە باسەکانیان لەسەر مەسەلەی توندوتیژی دژی ژنان بنووسن کە ئەمسالْ هێندێک لە زانکۆکان ناچار بە خوێندکارانیان راگەیاندوە کە لە هەلْبژاردنی ئەو باسە بۆ پایاننامەکانیان (نامەی کۆتایی) خۆببوێرن. ئێستا زۆر لە خوێندکاران و لێکۆلْەران لە سەرانسەری ئێران دا خەریکی کار کردن لەسەر ئەو مەسەلەیەن. ئەگەرچی ئەو ڕێژەیە لە سەرنجدانی لێکۆلْەرانی ئێرانی لەسەر مەسەلەی توندوتیژی دژی ژنان دەبێ بە شتێکی باش ببینرێ، بەلام تا هێشتا چێژی شیرینیی ئەو ڕووداوە باشە ناکەی کە بیرت دێتەوە: ئەو هەموو لێکۆڵینەوە جێی ئیعتبارە یان بوونەتە بڕوانامەی کۆتایی خوێندن کە لە گۆشەی کتێبخانەکانی زانکۆکان دا خۆلْیان لەسەر دەنیشێ یان دەبنە راپۆرتی نهێنی (محرمانە) بۆ بەرپرسانی ولات. راپۆرتە ئەستوورەکان یان لە دەفتەری کاری ئەو بەرپرسانە یان لە کتێبخانە دەولْەتییەکان دا جێیان خۆش کردوە و کەم کەس چاوی پێیان دەکەوێ. بێگومان ئەو لێکۆلْەرانە ئارەزوویان بووە بە کەلْک وەرگرتن لە ئەزموون و کۆکراوە زانستییەکانیان و هەلْسەنگاندنی دروستی بابەتەکە، بەرنامەدارێژان و بەرپرسانی ولات بتوانن بە شێوەیەکی دروست و لە چوارچێوەیەکی دروستی زانستیدا لە بەرنامەداڕێژیی کۆمەلایەتی دا کەلْکیان لێ وەرگرن. ئەوان دەیانویست ئاکامی لێکۆڵینەوەکانیان کردنەوەی ڕێگایەک بێ بۆ نەهێشتنی شکلە جۆراوجۆرکانی توندوتیژی دژی ژنانی کۆمەلْگە. خالێکی دیکە کە شیرینیی بوونی ئەو ڕێژە زۆرەی لێکۆڵینەوە لەبارەی توندوتیژی دژی ژنان لە ئێران کەم دا دەکاتەوە ئەوەیە کە ئێستا ئاکامی ئەو لێکۆڵینەوانە زۆر بە کەمی بۆ هەموو خەلْک بە گشتی و کارناسانی ئەو بوارە چاپ کراوە.

یەکێک لە گەورەترین و گرینگترین لێکۆڵینەوەکان لەبارەی توندوتیژی لە دژی ژنان لە ئێران، گەلالەیەکی نەتەوەییە کە چەند سالْ لەوە پێش بەڕێوەچوو. لێکۆڵینەوەیەک کە ژمارەیەک لە کۆمەلْناسانی ئێرانی وەک مەحموود قازی تەباتەبایی، عەلیرەزا موحسنی تەبریزی و سەید هادی مەرجایی، بەڕێوەیان دەبرد و هێندێک لە مامۆستایانی زانکۆکانی ئێران وەک شکوهی نەوابی نەژاد، نەسرین مێسفا، شەهلا موعەزەمی، شەهرام ڕەفیعیفەر، مەقسود فەراسەتخا، ئەحمەد ڕەجەب زادە و... هاوکارییان کردوە. هەروەها سەدان لێکۆلْەر و پرسیارکەر لە چوارچێوەی ئەو گەلالەیەدا لە ٢٨ پارێزگای ولات هەلْسەنگاندنیان لەسەر دیاردەی توندوتیژی بنەمالْەیی لە دژی ژنان کردوە.

لێکۆڵینەوەیەک کە ئەنجامدانی فازی خوێندنەوەی ئەو، دروست کردنی پرسیاسنامەکان، کۆکردنەوەی زانیاری و ڕێکوپێک کردنی ڕاپۆرتی کۆتاییەکەی زیاتر لە سێ ساڵی خایاند. ڕاپۆرتی کۆتایی ئەو گەڵالەیە دەرکەوتێکی ڕاچڵەکێنەری لەبارەی توندوتیژیی بنەماڵەیی لە دژی ژنان لە شارە جۆراوجۆرەکانی ئێران نیشان دا، کە لە نیوەڕاستی ساڵی ١٣٨٣ ئامادە کرا.

ڕاپۆرتەکانی ئەو لێکۆڵینەوەیە ئێستاش بۆ هەموو خەڵک چاپ نەبووە، بەڵام لە کتێبخانەی ناوەندی لێکۆڵینەوەی وەزارەتی نێوخۆ ڕۆژنامەنووسان، لێکۆڵەران و خوێندکاران دەستیان پێی ڕادەگا. دارێژەری ئەو گەڵاڵەیە، دەفتەری پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی وەزارەتی نێوخۆیە و شەریکی لێکۆڵینەوە و بەرنامەدانانی فێرکردنی بەرزیش هاوکاریی کردوە.

ئەو گەڵاڵەیە شوورایەکی سیاسەتدانانیشی بووە کە عەبدولواحید موسەوی لاری وەزیری پێشووی نێوخۆو هێندێک لە جێگرەکانی لەگەڵ ئەو شوورایە بوون. مەحموود قازی تەباتەبایی بەرپرسی ئەو گەڵاڵە نیشتمانییە بۆ ناساندنی لایەنەکانی توندوتیژیی نێوماڵ لە دژی ژنان، جۆرەکانی توندوتیژی بە هەشت دەستە دابەش کردوە: توندوتیژیی زمانی، دەروونی، فیزیکی، حوقووقی، جینسی، ئابووری، فکری و پەروەردەیی و مەترسییەکانی. ئامارەکانی گەڵاڵەی نیشتمانی نیشان دەدا کە لە سەدا ٦٦ ی ژنانی ئێرانی، لە سەرەتای ژیانی هاوبەشیانەوە تا ئێستا، لانی کەم جارێک لەگەڵ توندوتیژی ڕووبەروو بوونەتەوە. بەو حاڵەش ڕادەو جۆری توندوتیژیی نێوماڵ لە پارێزگا جۆراوجۆرەکانی ئێران تێکەڵاوییەی جۆراوجۆری ماناداریان هەیە.

ژنانی بەندەرعەباس لە سەرەتای ژیانی هاوبەشەوە تا ئێستا، زیاتر لە ژنانی بەشەکانی دیکەی ئێران کەوتوونەتە بەر هەڵسوکەوتی توندوتیژ. بەڵام لە نێو ژنانی توندوتیژی دیتوودا ئەوە ژنانی زاهیدانین کە زۆرترین و توندترین توندوتیژییەکانیان ئەزموون کردوە.

ژنانی بەندەرعەباس لە ماوەی یەک ساڵ دا زۆرتر دەکەونە بەر ڕەفتاری توندوتیژیی نێوماڵ بەڵام ژنانی یاسوجی کەمتر لەوان توندوتیژییان لەگەڵ کراوە. ڕاپۆرتەکانی ئەو لێکۆڵینەوەیە پڕە لە خشتەی ئاماریی جۆراوجۆرو ئاکادیمی کە پێناسەکانی توندوتیژیی نێوماڵ کە لە سەرەتای ژیانی هاوبەشەوە و لە ماوەی یەکساڵ دا بە جیاجیا باس دەکا.

## توندوتیژییە جەستەیی و دەروونییەکان

دوکتور قازی تەباتەبایی و هاوکارانی کە لە دەستەواژەیەکی تایبەت بۆ ناساندنی دەستەیەک لە توندوتیژییەکانی نێوماڵ لە دژی ژنان کەڵکیان وەرگرتوە:

### توندوتیژیی جەستەیی (فیزیکی)

ئەو توندوتیژییە وەک گاز لێ گرتن، گرتن و بەستنەوە، زیندانی کردن، پڕ پێدا کردن و کێشانی قژ، دەرکردن لە ماڵ، کوتەککاریی زۆر، بێبەش کردن لە خواردن و... دەگرێتەوە. لەو بارەیەوە ژنان لە خوڕڕەم ئاباد لە ماوەی ساڵێک دا زیاتر لە ژنانی دیکەی جێگاکانی دیکەی ئێران توندوتیژییان لەگەڵ دەکرێ و ژنانی شاری کوردیش کەمتر دەکەونە بەر توندوتیژیی یەکەم. لێکۆڵەرانی گەلاڵەی نەتەوەیی هەڵسەنگاندنی دیاردەی توندوتیژیی نێوماڵ زللە، شەق و مست لێدان، ڕاکێشان و فڕێدان، توند پێکدادانی دەرکا، تێکدان و شێواندنی سفرەو مێزی نان خواردن و شکاندنی کەلوپەلی نێو ماڵ هەموو ئەوانە بە توندوتیژی جەستەیی جۆری دووەم لە قەڵەم داوەو دۆخی ژنانی ئێرانیان لە ٢٨ ناوەندی پارێزگا لەو بارەیەوە هەڵسەنگاندوە. لە نێو ئەو ژنانەی کە کەوتوونەتە بەر توندوتیژیی جۆری دووەم دیسان ژنانی بەندەرعەباس زۆرجار زیاتر ئەوەیان ئەزموون کردوە و ژنانی کرمانی لە ماوەی ساڵێک دا کەمتر کەوتوونەتە بەر ئەو توندوتیژییە.

## توندوتیژییە دەروونی و زارەکییەکان:

جۆرێکی دیکە لەو توندوتیژییانەی کە لە نێو ماڵ دا لە دژی ژنان بەرێ ٙوەدەچێ ، بریتییە لە: بەکارهێنانی قسەی ڕەق و جنێو، بیانو پێگرتنی پەیتا پەیتا، هاتوهاوار وهەڵسوکەوتی خراپ، سووکایەتی، هەڵسوکەوتی دەسەلاتدارنە و حوکم کردن و دەستووردانی پەیتا پەیتا، دەنگ داگۆڕین و قسەنەکردن و.... لەو بابەتانە ژنانی ئیسفەهانی لە ماوەی ساڵێکدا زیاتر لە ژنانی بووشەهری و کەمتر لە ژنانی شوێنەکانی دیکەی ئێران دەکەونە بەر ئەو جۆرە توندوتیژییە.

بەپێی دەرکەوتەکانی لێکۆڵینەوەی نەتەوەیی هەڵسەنگاندنی توندوتیژیی نێو ماڵ، ژمارەیەک لە پیاوانی ئێرانی بە کەڵکوەرگرتن لە هەڕەشە و پێکهێنانی بەربەست بۆ هاوسەرەکانیان مەترسییان بۆ دروست کردون. ئەو هەڵسوکەوتانە، وەک هەڕەشەی کوشتن، هەڕەشەی تەلاقدان و یان هێنانی ژنی دووەم، خۆبەخاوەنکردن، شاردنەوە و لەنێوبردنی بەڵگەنامە کەسێنییەکانن وەک ناسنامە، دەفتەری "پاشەکەوت" و....بێگاری پێکردن بە ژن لە بەڕێوەبەردنی ئەرکێک دا کە پێوەندیی بەوەوە نیە وەک: پێڕاگەیشتن بە خەزوور و خەسوو (باوک و دایکی مێرد) نەخۆش و هەروەها لەژێرچاوەدێری گرتن و کۆنترۆڵ کردنی تەلەفون و هاتوچۆی ڕۆژانەی ژن، ژنانی بەندەر عەباس، زاهیدان و خوڕڕەم ئاباد زیاتر لە ژنانی شوێنەکانی دیکەی ئێران لە لایەن مێردەکانیانەوە هەڕەشەیان لێدەکرێ، بەلام ژنانی سیمنان، ساری و یاسووج کەمترین هەڕەشەیان ئەزموون کردوە. هێندێک لە پیاوانی ئێرانی بە کەڵک وەرگرتن لە هۆکاری ئابووری و ماڵی بەرامبەر بە ژنان توندوتیژی دەنوێنن. ئەو پیاوانە لە سەربەخۆیی ماڵیی هاوسەرەکانیان ڕێگری دەکەن و دەست بەسەر تایبەتییان دا دەگرن و خەرجی ماڵیان پێنادەن و دەیانخەنە تەنگانەی ماڵییەوە. ئەگەرچی ژنانی زاهیدانی و بووشەهری لە سەرەتای ژیانی هاوبەشیانەوە تا ئێستا زۆرترین توندوتیژییە ئابووری و ماڵییەکانیان ئەزموون کردوە، بەلام لە نێو ئەو ژنانەی قوربانی ئەو جۆرە توندوتیژییەن، ژنانی ئیسفەهانی لە ماوەی ساڵێک دا زیاتر کەوتوونەتە بەر ئەو جۆرە توندوتیژییانە لە لایەن هاوسەرەکانیانەوە. دیارە دەبێ ئەوەش بگوترێ کە ژنانی سیمنانی و یاسووجی کەمتر لە لایەن مێردەکانیانەوە خراونەتە تەنگانەی ماڵی و ئابوورییەوە. لێکۆڵەرانی گەلاڵەکە توندوتیژییە یاساییەکانی پێوەندیداریش بە تەلاقەوە لەو ٢٨ پارێزگایەی ولاتیان خستۆتە بەرسەرنج و هەڵسەنگاندن. ئەو لێکۆڵەرانە ئەوانەیان بە توندوتیژی زانیوە:

خۆبواردنی مێرد لە جیابوونەوە بە پێچەوانەی پێداگرتنی ژن بە پێکەوە سازان، ژن هێنانی دووبارەی مێرد و نەسپاردنی منداڵ بە ژن لە کاتی جیابوونەوەدا.

ئەگەرچی ژنانی بەندەر عەباسی لە سەرەتای ژیانی هاوبەشیانەوە تا ئێستا زیاتر لە ژنانی بەشەکانی دیکەی ئێران کەوتوونەتە بەر ئەو جۆرە توندوتیژییانە، ژنانی زاهیدانی لە ماوەی ساڵێکدا زیاتر ئەو توندوتیژییانەیان لەگەڵ کراوە. و ژنانی ڕەشتیش کەمتر لە ژنانی دیکەی بەشەکانی دیکەی ئێران بەرەوڕووی ئەم جۆرە توندوتیژییانە بوونەتەوە.

لێکۆڵەرانی ئێرانی هێندێک جۆری دیکەی توندوتیژییان خستۆتە بەر سەرنج و هەڵسەنگاندن کە بریتین لە: ڕێگرتن لە گەشەی کۆمەڵایەتی، فکری و فێرکاری، ڕێگرتن لە پێوەندییە خزمایەتییەکان، ڕێگرتن لە خوێندن و کار پەیدا کردن و...

## توندو تیژیی نێو ماڵ یانی چی؟

کاتێک لە چوارچێوەی پێوەندییەکی نزیکی نێوان دوو کەسدا هەڵسوکەوتی پیاو لەگەڵ ژن توندوتیژ و دەسەڵاتدارانە بوو، ئاکامەکەی دەبێتە توندوتیژیی نێو ماڵ. ئەم توندوتیژییە دەکرێ جەستەیی، جینسی، دەروونی و سۆزداری بێ. کەڵکی خراپ وەرگرتنی ماڵی و ڕێگرتن و سنووردار کردنی کەسێک لە لایەنەکانی دیکەی توندوتیژیی نێو ماڵە. توندوتیژی دەتوانێ بە کردار یان تەنیا بە هەڕەشە بەڕێوە بچێ، هەروەها بە شێوەی بەردەوام یان کاتی بەڕێوە بچێ. توندوتیژیی لەنێو بنەماڵە، لە نێو هەموو چینو توێژە کۆمەڵایەتییەکان، تەمەنە جۆراوجۆرەکان، نەژاد، ڕەگەز، ژیانە جۆراوجۆرەکان و... پەیڕەو بکرێ. توندوتیژی نێو ماڵ دەتوانێ لە هەر دەورانێکدا چ لە سەرەتای ژیانەوە بێ و چ لە دوای تێپەڕینی چەند ساڵ لە پێوەندی نێوان دووکەسدا بەڕێوەبچێ. منداڵانیش لە کاریگەرییە نەرێنییەکانی توندوتیژیی نێوماڵ ـ چ لە کورت ماوەدا و چ لە درێژماوەدا بێبەش نین.

هەموو جۆرە توندوتیژییەک ـ دەروونی، ئابووری، سۆزداری و جەستەیی ـ لە مەزنیخوازی و دەسەڵاتخوازیی کەسی ئازارگەیەنەوە سەرچاوە دەگرێ.

لە ڕاپۆرتەکانی پێوەندیدار بە توندوتیژیی نێو خێزان ژنان و منداڵان وەک قوربانیانی سەرەکی و پیاوان وەک کەسانی سەرپێچیکار ناویان هاتوە. چونکە بەپێی ئامارە جیهانییەکان نزیکەی لە سەدا ٩٠ی قوربانیانی توندوتیژیی نێو ماڵ ژنان و نزیکەی لە سەدا ١٠یان پیاوانن. پیاوانیش دەکەونە بەر هەڵسوکەوتی توندوتیژانەی ژنان، بەڵام بەشێکی زۆری توندوتیژیی نێوماڵ، بەتایبەت ئەوانە وا مردن یان مەترسییان بەدواوە دەبێ لەلایەن پیاوانەوە دژی کچان و ژنانی بنەماڵە بەڕێوەدەچێ.

چ تاڵە لە ساڵدا ڕۆژێک هەبێ بەناوی ڕۆژی خەبات دژی توندوتیژی لە دژی ژنان کە بەداخەوە ڕۆژێک بەو ناوەوە هەیە (٢٥ی نوامبر) چونکە ئێستاش توندوتیژی بەشێوەی جۆراوجۆر لە هەموو جێیەکی دنیادا شانسی ژیانی ساغ و سڵامەت و ئارامی لەوان ئەسەندۆتەوە.

سەرچاوە: سایتی ڕادیۆ دویچەوله

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ١٤ی ئەپریلی ٢٠١٣

# توندو تیژی بە دژی ژنان تاوانێکی گەورە بە دژی نیوەی کۆمەڵگا



**هەتاو عەبدوللاهی**

روانینی دەستدرێژیکارانە بۆ سەر ژنان تاوانێکی گەورەیە، چونکە ژن نیوەی کۆمەڵگەیە و ژیان بێ ژن ئەستەمە. یەکێک لەو کێشە سەرەکیانەی کە لە بارودۆخی هەنووکەییدا هەموو جیهانی بە خۆیەوە سەرقاڵکردووە و بووەتە پرسی سەرەکی هەموو راگەیاندنە جیهانییەکان، پرسی توندوتیژی بە دژی ژن و پێخوستکردنی کەسایەتی ئەم رەگەزەی کۆمەڵگەیە.

پرسێک، کە بۆتە هۆی هاتنە ئارای بزوتنەوەگەلی جۆراوجۆر بۆ بەرپەرچدانەوەی هەر جۆرە ئازارێک بە دژی ژنان و چەسپاندنی یاساو رێسای مرۆڤ تەوەرانە بۆ لە بار کردنی ئازادی و گەیشتن بە مافەرەواکانیان.

ئێمە هەوڵ دەدەین لە دووتوێی ئەم بابەتەدا ئاورێکی هەرچەند کورتیش بێت لە توندوتیژی و جۆرەکانی توندوتیژی بە دژی ژنان بدەینەوە و لایەنە ئاشکراو و شاراوەکانی ئەم پەتا ماڵوێرانکەرە بخەینەڕوو:

**توندوتیژی سیستەم، کۆمەڵگە و بنەماڵە**

لە پەیوەندی لەگەڵ توندوتیژی سیستەم دەتوانین ئاماژە بە بەشدارینەکردنی ژنان لە پرۆسەی ئابووری و سیاسی، بەرتەسککردنەوەی ئازادی ژنان لە شوێنی کار، دابیننەبوونی هەلی کاری لە بار بۆ ژنان، نەبوونی مووچەی بەرامبەر لەگەڵ پیاوان بۆ سەعاتی کاری وەک یەک و موچەی وەک یەک، نەبوونی خزمەتگوزاریی پێویست بۆ ژنانی مژوڵی کار، کەڵکی نابەجێ وەرگرتن لە هێزی ژنان لە ناو پرۆسەی کار، بە کاڵاییکردنی جەستەی ژنان لە لایەن سیستەمە سەرمایەدارەکان و بازرگانیکردن بە ژنان بۆ پڕ کردنی گیرفانی سەرمایەداران، نەبوونی پەروەردەیەکی لە بار و مرۆڤ تەوەرانە بۆ پەروەدەکردنی کۆمەڵگەیەکی مرۆڤ تەوەر، دانانی یاسا و رێسای دژی ژنان و پەسند کردنیان و کەڵک وەرگرتن لە ئایین و یاساکانی کە دژ بە مافەکانی ژنانە و کەڵک وەرگرتن لە ئەبزاریک (ئامراز) لە ژێر ناوی پیاوەمەزنی کە هەوڵ بۆ چەوساندنەوەی ژنان دەدات و هتد....

**توندوتیژی کۆمەڵایەتی**

وەکو پەراوێز خستنی ژنان لە ناو کۆمەڵگە، پەرەپێدانی ئەخلاقیاتی ئیسلامی بۆ ژنان، پەرەپێدانی روانگەی نیگەتیڤ دژ بە ژنان، نەبوونی ئەمنیەتی کاری بۆ ژنان، چاو لێکردنی نالەباری کۆمەڵگا لە ژنان و هتد...

**توندوتیژی بنەماڵەیی**: ئەم توندوتیژییە دوو جۆر لە خۆدەگرێ وەکوو:

**توندوتیژی جەستەیی**

لەم جۆرە لە توندوتیژیدا دەتوانین ئاماژە بە لێدان، قژ کێشان، ئەشکەنجە، داغکردن و دەستدرێژی جنسی و زۆر جاریش سڕینەوەی بە ئاشکرای جەستەی ژنان بکەین.

**توندوتیژی رەوانی (دەروونی)**

لەوانە، جنێو، سوکایەتی پێکردن، پێخوستکردنی کەسایەتی ژن، هێستنەوەی لە ماڵ، غیرە واتە دڵپیسی کردن، لێئەستاندنەوەی باوەڕ بە خۆبوون، بەرتەسککردنەوەی ئازادیە تاکەکەسیەکان، گاڵتەجاڕی ، تانووت و هتد..
دەبێ بگوترێت ئەم جۆرە لە توندوتیژی بە دژی ژنان کاردانەوەی زۆر نیگەتیڤتری لە توندوتیژی جەستەیی هەیە چونکە برینی جەستە لەوانەیە ساڕێژ بێتەوە، بەڵام ئازاری رەوانی زۆر دەخایەنێ و پێویستی بە لێکۆڵینەوەی پزشکی و مەودای درێژماوە هەیە و لەوانەیە کە لە زۆر نموونەدا قەت چارەسەر نەکرێت.

**توندوتیژی جنسی (سێکسی)**

یەکێک لەو لایەنە هەستیارانەی توندوتیژی بەرانبەری رەگەزی ئاماژە بۆ کراو کە کەمتر شیکراوەتەوەو بە بەربڵاوی ئاوڕی لێنەدراوەتەوە یا خود پاساوی بۆ وەرێخراوە، پرسی توندوتیژی لە چوارچێوەی دەسدرێژی سیکسی دایە، کە لە بەراورد لەگەڵ چەشنەکانی دیکەی توندوتیژی پێناسەکردنی بە هۆی جۆراو جۆر، شێواوەو ئەنگوست نەخراوەتە سەر بنەماکانی رەچاو کردنی ئەم چەشنە لە زێدەخوازی رەگەزیو لایەنە پاڵپشتەکانی ئابووری، کۆمەڵایەتی، سیاسیو فەرهەنگی ئەم رەوشە، شیکاری بەرفراوانی زانستی بۆ نەکراوە. یان لانیکەم لە وڵاتانی دواکەوتوودا، یاخود لە ناو هەناوی کەلتووری نەریتخوازەکاندا ئیزنی پشکنینی ئاکادمیکی پێنەدراوە.

دەبێ بگوترێت توندوتیژی بە دژی ژنان هەڵسوکەوتیکی دەستدرێژیکارانەیە کە ساڵەهای ساڵە بە بیانووی ئەوەی کە گوایا هێزی جەستەیی پیاوان لە ژنان زیاترە بە دژی ئەم رەگەزەی کۆمەڵگە رەوا دەکرێ، هەر ئەو بیرۆکە بوو بە هۆکاری ئەوەی کە سەروەت و

سامان بکەوێتە دەستی پیاوان و چوارچێوەی سەربەخۆیی ئابووری ژنان بەرتەسکتر بکرێتەوە و بواری ماڵی زۆرتری بۆ پیاوان پێک هێنا .

ساڵەهای ساڵە توندوتیژی بە دژی ژنان لە ناو ئەو کۆمەڵگایانەی کە سیستمێکی پیاوسالاری تێدا حاکمە چ بە هۆکار چ بێ هۆکار بەردەوام بەڕێوە دەچێ و پیاوان بە هێزتر لە قەڵەم دەدرێن وژنان بەو بیانووە کراونەتە کونجی ماڵەوە و مژوڵی منداڵداری و ماڵدارین و لە ئاکام دا لە پرۆسەی بەرهەمهێنان بێبەشکراون، بەڵام کارەساتەکە بەوە زیاتر قوڵدەبێتەوە کە بەو بیرۆکە فەرهەنگ و کلتوری دەسەڵاتی پیاو زیاتر بێ و هەر کاتێکیش ئایین ئیزننامەی بەو بیرۆکە دا، ئیتر بواری زیاتر بۆ دەسەڵاتی پیاوان و ژێردەستەیی ژنان دەڕەخسێت و گەورەترین هێزی سەرکەوتی ژنان بەرهەم دێت.

ئەمڕۆکە سەرەڕای هەموو پێشکەوتنێکی جیهانی لە بوارەکانی، سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری و مرۆڤی پرسی مافی بەرابەری ژن و پیاو ، هەروەها ژن ئازاری باسی سەرەکی میدیاکانە و توندوتیژی بە دژی ژنان پەتایەکی ماڵوێرانکەرە کە جیهانی سەرقاڵی خۆی کردووە.

دەبێ بڵێین کە توندوتیژی بە دژی ژنان توندوتیژی بە دژی هەموو مرۆڤایەتی و بە تایبەتی نەوەکانی دوارۆژە کە بە گیانیکی مرۆڤی و بە دوور لە هەڵاواردن پەروەردە ناکرێن و توندوتیژی لە ناخیاندا ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ بەرهەم دێتەوە، توندوتیژی بە دژی ژنان مێژوویەکی دورودرێژی هەیە هەر بۆیە وزەو توانای زۆر بۆ بنبڕکردنی پێویستە و دەبێ ژنان و پیاوانی ئازادیخواز لە هەر دەرفەتیک کە بۆیان بلوێ، بە دژی ئەم دیاردەیە کە سیمای کۆمەڵگاکانی دزێو کردووە بوەستن و خەباتی بێوچانی بۆ وەڕێبخەن

سەرچاوە وێبلاگی تاسە - ڕێکەوتی: ٢٢ی دێسەمبەری ٢٠١٣

# ٢٥ی نوامبر رۆژی نێونەتەوەیی خەبات دژی توندوتیژی دژی ژنان



**شکۆفە قوبادی**

توندوتیژی دژی ژنان یەکێک لە گرفتە گەورەکانی کۆمەڵگای مرۆڤایەتییە. بە پێی ئەو لێکۆڵینەوانە کە کراون زیاتر لە ٣٠%ی ژنان لە جیهان لانی کەم جارێک لە لایەن پیاوێک لێیاندراوە، ئازاریان پێگەیشتووە یان دەستدرێژی جنسیان لە سەرکراوە. لە ١١٤ ولاتی جیهان توندوتیژی دژی ژنان بە پێی یاسا قەدەغە نییە و لێدان و کوشتنی ژنان یان سزای نییە و یان ئەگەریش سزای هەبێت سزایەکی ئەتۆ نییە. توندوتیژی لە بنەماڵەدا یەکێک لە گەورەترین و بەرچاوترین شێوەکانی توندوتیژیە کە لە نێو کۆمەڵگادا وەک نەریتی لێهاتووە و لە بەشێکی زۆر لە ولاتانی جیهان وەکوو گرفتێکی بنەماڵەیی چاوی لێدەکرێت و هیچ پشتیوانییەک بو ژنان لەو کۆمەڵگانەدا لە بەر چاو ناگیرێت. ئێران یەکێک لەو ولاتانەیە کە بە هۆی دانانی یاسا لە سەر بناخەی دین، مافی مرۆڤ بە گشتی و مافی ژنان بە تایبەتی رۆژانە بە شێوازی جیاواز پێشێل دەکرێت .بوونی یاسای دژی ژنان و داب و نەریتی کۆن و هەر وەها کولتووری پیاوسالاری بووەتە هۆی ئەوە کە ژنان زیاتر لە جاران لە نێو بنەماڵە و کۆمەڵگادا توندوتیژیان لە گەڵ بکرێت و پشتیوانی‌یەکیان نەبێت. توندوتیژی، زندان، دەستدرێژی جنسی لە لایەن کاربەدەستانی دەسەڵاتداری حاکم لە ئێران بەشێک لە ژیانی ئەو ژنانەیە کە دژی یاسا دژی مرۆڤایەتییەکان لە ولاتی ئێمە خەبات دەکەن. محکوم کردنی ئێران بە بۆنەی پێشێلکردنی مافی مرۆڤ بۆ جاری ٢٥ م لە لایەن رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە باشترین بەڵگە بۆ سەلماندنی ئەم راستییەیە.

### چاوخشاندنێکی کورت لە سەر مێژووی ٢٥ی نوامبر

لە رێکەوتی ٢٥ ی نوامبری ساڵی ١٩٦٠ لە ولاتی دۆمینیکەن، سێ خوشک بە نێوەکانی منیروا، ماریت ترزا و بتریە میرابل دوای چەندین مانگ ئەشکەنجە لە زندان لە لایەن دەسەڵاتدارانی حاکم بە تۆمەتی چالاکی سیاسی دژی حکوومەت ئیعدام کران. ٢١ ساڵ دوای ئەو رووداوە واتە ساڵی ١٩٨١ لە رۆژانی ١٧ تا ٢١ ژوییە لە ولاتی کۆلۆمبیا کۆنفرانسێک لە لایەن رێکخراوە فمینیستییەکان و لایەنگرانی مافی ژنان لە ولاتانی ئەمریکای لاتین و جەزاییری کارائیب بەرێوە چوو. لەو کۆنفرانسەدا پێشنیار کرا کە رۆژی ئیعدامی

خوشکەکانی میرابل بە ڕۆژی خەبات دژی توندوتیژی دژی ژنان دیاری بکرێت. مەبەست لەو بڕیارە ئەوە بوو کە هەم ڕێز لە خەباتی چاونەترسانە و پڕ لە شانازی ئەو خوشکانە بگیرێت و هەم ڕای خەڵک زیاتر بۆ گرفتی توندوتیژی دژی ژنان رابکێشرێت. ساڵی ١٩٩٩ ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان (UN)ئەو ڕۆژەی وەکوو ڕۆژی نێونەتەوەی دژی توندوتیژی دژی ژنان پەسەند کرد و ساڵی دواتر واتە لە ساڵی ٢٠٠٠ دا ئەنجوومەنی ئاسایشی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بڕیارنامەی ١٣٢٥ ی لە ژێر سەردێری "ژنان، ئاشتی و ئاسایش" پەسەند کرد.

### جارنامەی مافی ژنان، پەسەند کراوی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان

لە بەرنامەی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا بە ڕوونی ئاماژە بەوە کراوە کە ژن و پیاو مافی وەک یەکیان هەیە و یەکێک لە ئامانجەکانی ئەو ڕێکخراوەیە ئەوەیە کە هەوڵ بدرێت بۆ گەشە پێدانی باوەر بە مافی مرۆڤ و ئازادی بۆ هەموو کەس بە بێ لە بەر چاو گرتنی ڕەگەز، جنسییەت و ئائین.

ڕەنگە جێگای سەرسوورمان بێت کە بۆچی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان یاسای تایبەت بە مافی ژنانیان پەسەند کردووە لە کاتێک دا کە لە جارنامەی ئەو ڕێکخراوەدا هاتووە کە ژن و پیاو مافی وەک یەکیان هەیە. ڕاستییەکەی ئەوەیە کە لە هەموو وڵاتانی دونیا ژن و پیاو هێشتا مافی وەکوو یەکیان نییە و ژنان بە شێوازی جۆراوجۆر دەچەوسێنەوە.

کۆمیسیۆنی ژنانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ساڵی ١٩٤٦ بۆ تیشک خستنە سەر و کار کردن لە سەر گرفتی ژنان و مافەکانیان پێکهات. دوای چەندین ساڵ کاری بێوچانی ئەم کۆمیسیۆنە دەرکەوت کە یاسای مافی مرۆڤی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بە تەنیا وەڵامدەری چارەسەری گرفتی ژنان ناکات. هەر بۆیە ئەم کۆمیسیۆنە بەرنامەی تایبەت سەبارەت بە مافی ژنانی پێشکەش بە UN کرد، کە لە ساڵی ١٩٦٧دا پەسەند کرا. ئەو بەرنامەیە بوو بە بناخەی جارنامەی مافی ژنان کە لە ساڵی ١٩٧٩ لە لایەن UN وە پەسەند کرا.

ئەو جارنامەیە کە لە ٣٠ بەند پێکهاتووە باس لە سەر مافی ژنان لە هەموو بوارەکاندا دەکات. زۆربەی وڵاتانی دونیا ئەم جارنامەیان واژۆ کردووە بەڵام هەوڵ دان بۆ دابین کردنی ئەو مافانە لە نێو کۆمەڵگا لەو وڵاتانەدا وەکوو یەک نیە و جیاوازی زۆری هەیە. جێگای ئاماژەیە یەکێک لەو وڵاتانە کە ئەم جارنامەی واژۆ نەکردووە ئێرانە. لە ڕاستییدا ئەرکی وڵاتانی ئەندامی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان ئەوەیە کە لە ڕێگای دابین کردنی یاسا لە سەر بناخەی مافی مرۆڤ هەوڵ بدەن کە هەر چەشنە توندوتیژیەک لە کۆمەڵگادا لە بین بەرن. بەڵام بەداخەوە لە بەشێکی زۆر لە وڵاتانی جیهان نە تەنیا ئەوە لە بەر چاو ناگیرێت بەڵکوو بە پێچەوانە، یاساکان لە سەر بنەماکانی دژی مافی مرۆڤ دانراون و ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان کاریگەری ئەوتۆی لە سەر ئەو وڵاتانە نییە. بۆ نموونە سەرەرای چەندین جار محکوم کردنی ئێران لە لایەن ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە بە بۆنەی پێشێل کردنی مافی مرۆڤ، ئازادیخوازان و چالاکانی مافی مرۆڤ زیاتر لە جاران زەختیان لە سەرە و ئەشکەنجە و لێدان و ئیعدام لە ئێران

هەر بەردەوامە. کەمپینی یەک میلیون ئیمزا بۆ ئاڵوگۆڕ پێکهێنان لە سەر بارودۆخی ژنان لە ئێران چەندین خەلاتی نێونەتەوەیی وەرگرتووە بەلام بەداخەوە ئەم شێوە تێکۆشانە نەیتوانیوە کاریگەری ئەرێنی لە سەر شێوەی بیر و هەڵسوکەوتی دەسەلاتدارانی رژیمی ئێران دابنێت.

ماناى (Difinition) توندوتیژی دژی ژنان

بە پێی یاسای رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بەندی ١:

"هەر شێوە توندوتیژییەک کە لە سەر بناخەی جنسییەت دەکرێت کە ئاکامەکەی ببێتە هۆی زیان یان ئازاری رۆحی، جسمی یان جنسی (sexuell)و هەروەها هەڕەشە کردن بەو شیوە هەڵسوکەوتە، یان بە زۆر یان لە سەر دڵسۆزیەوە بەرتەسک کردنی ئازادی ژنان چ لە کۆمەڵگا و چ لە بنەماڵەدا لە خۆ دەگرێت".

بە پێ ئەو یاسایە توندوتیژی و سەرکوتی ژنان بە هیچ شێوەیەک بە بیانووی دین، ئائین و داب و نەریت قەبوول ناکرێت.

شێوەکانی توندوتیژی دژی ژنان

١- جسمی: لێدان لە هەر شکڵ و شێوەیەکدا کە بێت، لە قژکێشان و داپلۆسینەوە بگرە هەتا قەتلی نامووسی، وەکوو توندوتیژی چاوی لێ دەکرێت.

٢- روحی: هەڕەشە لێکردن، سەرکەوت کردن بە وشە، بێحورمەتیکردن، تۆمەتلێدان و بە کورتی هەر شێوەیەک کە لە باری روحییەوە ژنان ئازار بدات وەک توندوتیژی دژی ژنان چاولێدەکرێت.

٣- جنسی: بە زۆر نزیکی کردن لەگەل ژن(تەنانەت لە لایەن مێردیەوە) و هەرجورە هەوڵدان بۆ پێوەندی جنسی لە گەڵ ژنان بە بێ رەزامەندی ئەوان شێوەیەکی دیکە لە توندوتیژی دژی ژنانە.

٤- کۆمەلایەتی: بۆ زیاتر تێگەیشتن لە دیاردەی توندوتیژی دژی ژنان لە روانگەی کۆمەلایەتییەوە دەکرێ بەم خالانەی خوارەوە ئاماژە بکەین:

الف - تەرد کرن و لە گەڵ ساردو سڕی ڕووبەروو بوونەوە لە لایەن بنەماڵەوە بەرانبەر بەو کچ و ژنانەی کە لە قسەی پیاوان و ژنانی بنەماڵە وەک باب، برا، مێرد، مام، خاڵ، باوەگەورە یان دایک، خوشک، پور، دایەگەورە و هتد لایان داوە یان بە پێی ویست و دڵخۆازی ئەوان هەڵسوکەوت ناکەن.

ب- لە ژێر چاوەدێری دانانی توندی کچان و ژنان لە لایەن بنەماڵە و خزم و کەسەوە.

س- بێبەشکردنی کچان و ژنان یان بەرتەسککردنی ئاستی بەشداری ئەوان لە چالاکییە سیاسی و کۆمەلایەتییەکاندا بە بیانووی پاراستنی نێوبانگی بنەماڵەوە.

د- مەجبوور کردنی کچان و ژنان بە لەبەر کردنی جل وبەرگی تایبەتی.

٥- ئابووری: لە زۆر لە وڵاتانی دونیا ژنان ئەرکی خزمەت بە بنەماڵەیان لە ئەستوویە و بۆ بە جێ گەیاندنی ئەو ئەرکە مووچە وەر ناگرن و هەر بۆیە لە باری ئابووریەوە بەستراوە بە مێردەکانیانەوەن. کچان بە هۆی ئەوەی کە لە زۆر کۆمەڵگادا مافی کارکردنیان لە دەرەوەی ماڵ نییە دەبێ لە لایەن باب یان برا یارمەتی ئابووری وەرگرن و زۆر جار ئەوە دەبێتە هۆی ئەوەی کە ژنان و کچان ناچار بن لە بەرامبەر ویستی نێرینە لە ماڵدا ملکەچ بن.

**ڕێگاچارەی لەنێوبردنی توندوتیژی دژی ژنان چییە؟**

ڕێگاچارەی سەرەکی بۆ لە نێوبردنی توندوتیژی دژی ژنان دابین کردنی یاساکانی کۆمەڵگا لە سەر بنەمای مافی مرۆڤی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانە. لە وڵاتانی پێشکەوتووی جیهان بۆ پاراستنی مافی تاک یاساکانی کۆمەڵگا لە سەر بنەماکانی مافی مرۆڤ، مافی ژنان و مافی منداڵان دانراوە و بۆ پراکتیزەکردنی ئەم یاسانە و دابینکردنی عەداڵەتی کۆمەڵایەتی و یەکسانی ژن و پیاو لە کۆمەڵگادا هەوڵێکی بێوچان دەدرێت.

بۆ ئەوەی لە وڵاتێک یاساکان لە سەر بنەمای مافی مرۆڤ دیاری بکرێت مەرج ئەوەیە کە لەو وڵاتەدا دێموکراسی هەبێت و ڕێگا بۆ بەشداریی ئازاد بۆ هەموو حیزب و ڕێکخراوەکان وکوو یەک لە هەڵبژاردنەکان دا پێک هاتبێت. ئاشکرایە کە لە کۆمەڵگایەکی دێموکراتیک ئەوە دەنگی خەڵکە کە دیاری دەکات کام حیزب دەتوانێت نوێنەری لە پارلمانی ئەو وڵاتەدا هەبێت و دەنگی زۆرینەی خەڵکە کە ڕادەی دەسەڵاتی حیزبەکان لە نێو پارلماندا دیاری دەکات.

بە بڕوای من تا کاتێک کە کۆماری ئیسلامی لە ئێران دەسەڵاتی هەبێت هەوڵەکان بۆ دابین کردنی مافی مرۆڤ بە گشتی و مافی ژنان بە تایبەتی بێ ئاکام دەمێنێتەوە. چونکە ڕژێمی ئێران بە گشتی باوەڕی بە مافی مرۆڤ نییە و ناتوانین چاوەڕوانی دابینکردن و ڕێزگرتن لەو مافانە لەو حکومەتە بکەین. مێژووی ٣٠ ساڵی ڕابردووی کۆماری ئیسلامی ئێران گەورەترین شاهیدی ئەو ڕاستییە. بۆیە دەبێ هەوڵ بدەین کە حکومەتێک لە ئێران دەسەڵات بە دەستەوە بگرێت کە بتوانێت بۆ دابین کردنی یاساکان لە سەر بنەمای مافی مرۆڤ هەنگاو هەڵبگرێت و پشتگیری لە سەقامگیر کردنی ئازادی و عەداڵەتی کۆمەڵایەتی بکات.

بۆ ئەوەی کە حکومەتێک بتوانێت کۆمەڵگایەکی دێموکراتیک لە وڵاتێکدا دابین بکات، باوەڕی حیزبە سیاسیەکان لەو وڵاتە بە مافی مرۆڤ، یەکسانی و عەدالەتی کۆمەڵایەتی گەورەترین ڕەنگدانەوەی هەیە. ئەوە ئەزموونێکە کە لە هەموو دونیادا خۆی نواندووە. بۆیە ئەرکی ئێمە وەکوو تاک لە پرۆسەی دێموکراتیزە کردنی کۆمەڵگا ئەرکێکی گرینگ و قورسە. ئیمە وەکوو تاک تا زانستمان لە سەر مافی مرۆڤ و بڕوامان بە دابین کردنیان لە کۆمەڵگادا نەبێت، ناتوانین بۆ وەدەست هێنانی ئەو مافانە لە مەیدانی کردەوەدا هەوڵ بدەین. ئێمە لە هەڵبژاردنی حیزبەکان بۆ داهاتووی خۆمان دەبێ زۆر وشیار بین. هەر حیزبێکی سیاسی لە کۆمەڵگایەکی دێموکراتیکدا پێویستی بە ئەندام و دەنگی خەڵک هەیە. ئێمە چ وەکوو ئەندام لە حیزبێکی سیاسی و چ وەکوو تاک لە کۆمەڵگادا بۆ بەرەوە پێش چوونی کۆمەڵگا نەقشمان هەیە و دەنگی ئێمە لە هەڵبژاردەکاندا باشترین کەرەستەیە بۆ سەپاندنی ماف و داخوازییەکانمان. هەر

حیزبێکی سیاسی کە بیهەوی دەسەلات لە ئێران و کوردستان بە دەستەوە بگرێت پشتیوانی جەماوەری پیویستە. بۆیە حیزبە سیاسیەکانی ئێران و کوردستان بۆ سەرکەوتنیان و بە دەستهێنانی دەسەلات لە داهاتوودا پێویستە کە بیری دێموکراتیک و یەکسانیخوازی لە نێو ڕێکخراوەکانی خۆیاندا پراکتیزە بکەن بۆ ئەوەی بتوانن وڵامدەری ویستی خەڵکی ئێران و کوردستان لە داهاتوو بن. هەر حیزبێکی سیاسی کە نەتوانێت پرۆسەی کاری دێموکراتیک لە نێو حیزبەکەی دا نهادینە بکات زۆر ئاشکرایە کە ناتوانێت دابینکەری یاسای دێموکراتیکیش لە کۆمەڵگادا بێت.

گرفتێکی دیکە بە رای من ئەوەیە کە خەبات بۆ وەدەستهێنانی مافی نەتەوایەتی چ لە نێو حیزبە سیاسیەکانی کوردستان و چ لە نێو خەڵکی کورد، لەگەڵ خەباتی یەکسانیخوازی و ئازادی تاکەکەس و عەداڵەتی کۆمەڵایەتی پێکەوە گرێ نەدراوە. خەبات بۆ دابین کردنی مافی نەتەوەیی یان دەسەلاتی نەتەویی بە تەنیا ناتوانێت زامنی دابین کردنی ئازادی و یەکسانی لە کۆمەڵگا بێت. نموونەی ئەو وڵاتانە لە جیهاندا کەم نین کە ساحیبی سەروەری نەتەوەیی و دەوڵەتی خۆیانن بەڵام ژن لەو وڵاتانەدا هیچ مافێکی نییە و وەکوو کالا دەفرۆشرێت و تەنانەت لە ژێر ناوی پاراستنی شەرف دەکوژرێت. بە بڕوای من دەسەلاتی نەتەوەیی بە بێ ئازادی، عەداڵەتی کۆمەڵایەتی و یەکسانی ژن و پیاو لە ئاست یاسادا هیچ مانایەکی نییە. بەداخەوە زۆربەی نزیک بە تەوای حیزبە سیاسیەکانی کوردستان قورسایی خەباتیان لە سەر رزگاری نەتەوەیی داناوە و هەوڵدان بۆ بردنە سەری زانستی گشتی ئەندامانیان لە سەر مافی مرۆڤ و نەهادینە کردنی ئەو زانستە لە لای ئەندامیان، بۆ پاش وەدەست هێنانی دەسەلاتی نەتەوەیی داناوە. لێرەدا ئەو پرسیارە دێتە پێش کە بۆ "دۆعا" و دۆعاکان کە بە نێوی پاراستنی شەرەف دەکوژرێن یان بۆ رزگاری لە توندوتیژی و بێ دەرەتانی خۆیان دەسوتێنن، جیاوازی نێوان دەسەلاتی نەتەوەیی و دەسەلاتێکی داگیرکەری بێگانە چییە؟

بۆیە پیویستە هەم تاکەکان و هەم حیزبە سیاسیەکان بە تایبەت لە کوردستان بۆ جارێکی دیکە بە خۆیاندا بچنەوە و هاوکات لەگەڵ خەبات بۆ رزگاری و دەسەلاتی نەتەوەیی بیری یەکسانی خوازی، ئازادی تاکەکەسی و عەداڵەتی کۆمەڵایەتی لە نێو ئەندامانی خۆیان و کۆمەڵگادا نهادینە بکەن. بۆ ئەوەی کە بتوانین داهاتوویەکی روون بۆ نەسڵی دوای خۆمان دابین بکەین.

ماڵپەڕی تریبونی فێمینیستانی کورد - ڕێکەوتی: ١٧ی نۆڤەمبەری ٢٠١

# توندوتیژی دژی ژنان، هۆکارو ئەنجامەکانی



سارا حەمە خورشید*

ئەم بابەتە تیشک دەخاتە سەر هۆکارو ئاکامەکانی دیاردەی توندوتیژی دژی ژنان، توندوتیژی خورەوشت یان کردارێکە کە بەهێزو دوژمنکاریی‌و رق لێبونەوە لەلایەن لایەنێک کە تاک یان کۆمەڵ یان دەوڵەتەوە دەکرێت، کە دەبێتە هۆکاری زیانی مادی‌و مەعنەوی بۆ تاک یان کۆمەڵ یان توێژێکی کۆمەڵایەتی یان وڵاتێکی تر.

بەپێی ئامارێکی ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی، توندوتیژی زیانێکی گەورە لەوڵاتان دەدات، ئامارەکە ئەوەی خستۆتە روو کە ئەو زیانانەی لەئەنجامی توندوتیژییەوە لەوڵاتدا روو دەدات نزیکەی (٤%)ی زیان بەبەرهەمی گشتی ناوخۆیی دەگەیەنێت، ئەمە جگە لە زیانە توندەکانی گیانی‌و دەروونی، ئامارەکە روونیکردۆتەوە کە ساڵانە نزیکەی (١.٦) ملیۆن کەس لەجیهاندا بەهۆی توندوتیژییەوە گیان لەدەستدەدەن‌و بەملیۆنان کەسی تریش دووچاری نەخۆشی دەروونی‌و گیانی دەبنەوە، لەئامارەکەدا هاتووە: "توندوتیژی یەکێکە لەهۆکارە سەرەکییەکانی مردن لەنێوان تەمەنی (١٥ بۆ ٤٤) ساڵیدا، بەشێوەیەک کە ژنان بەرێژەی (٧%)و پیاوانیش بەرێژەی (١٤%)یان بەردەکەوێت"، ئامارەکە باسی لەوەشکردووە کە پیاوان زیاتر بەدەستی کەسانی بێگانە دەکوژرێن، بەڵام ژنان زۆریان لەلایەن مێردو کەسە نزیکەکانی خۆیانەوە دەکوژرێن.

### ڕۆژی جیهانی بۆ بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی‌و راستییەکان

کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان بەبڕیاری (١٣٤/٥٤) لەرۆژی ١٧ی کانونی یەکەمی ساڵی ١٩٩٩، (١١/٢٥)ی هەموو ساڵێکی دانا بەرۆژی جیهانی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان‌و داوای لەحکومەت‌و ڕێکخراوە ناحکومیی‌و نێودەوڵەتییەکان کرد بەئامانجی هۆشیار کردنەوەی تاکەکانی کۆمەڵگەکەیان لەو رۆژدا چالاکی جۆراوجۆر ئەنجامبدەن، ئەوەش لەوەوە هات کە ساڵی ١٩٦١

بەفەرمانی روفاییل ترۆخیلیو سەرۆکی وڵاتی دۆمینیک هەرسێ خوشک (میرابال) کە چالاکوانی سیاسی بوون کوژران. لەگەڵ ئەو پێشکەوتنە گەورانەی کە ژنان لەجیهانداو لەدوای ئەو مێژووەوە پێی گەشتوون، بەڵام تائێستا توندوتیژی بەرامبەریان هەرماوە، راستییەکیش هەیە کە دەوترێت: لەنێوان سێ ژن لەجیهاندا لایەنی کەم یەک ژنیان رۆژانە رووبەرووی توندوتیژیو لێدانو ئازاردان دەبنەوەو (٦٠) ملیۆن ژنیش لەجیهاندا کە بەژنە ونەکان ناودەبرێن، بێبەش کراون لەمنداڵبوون، ئەمە جگە لەملیۆنان ژن لەلایەن هاوڕێو خزمو بێگانەو بەرێوەبەرو هاوکارو سەربازو گروپو تاقمە چەکدارەکانەوە رووبەرووی دەستدرێژی سێکسیو ئیغتساب دەبنەوە، توندوتیژی بەرامبەر بەژنان لەهەندێک شوێن بۆ کێبرکێی گروپو تاقمە چەکدارەکانە، بەشێوەیەک کەژنان بونەتە ئامانجی ئەو گروپو تاقمانە، بۆ نمونە لەوڵاتی کۆنگۆی دیموکرات کە شەڕو شۆڕێکی بەردەوامی تیابوو بەشێوەیەکی درندانە ژنان ئیغتسابی بەکۆمەڵ دەکران، کە پزیشکەکانی ئەو وڵاتە ئەو دیاردەیەیان بەتاوانی جەنگ ناودەبرد.

توندوتیژی خێزانیش کە لەئێستادا سەرجەم وڵاتانی جیهانی گرتۆتەوە کەتیایدا قوربانی یەکەم بەپلەی باڵا کچانو ژنانە، بۆ نمونە لەئەمریکا (٨٥%)ی ژنان قوربانی توندوتیژی خێزانن، لێکۆڵینەوەیەک ئەوە دەردەخات کە توندوتیژی دیاردەیەکی گشتییە بۆ هەموو چینو توێژەکانی کۆمەڵگەیە، ئەمەی خوارەوەش چەند نمونەیەکە بەژمارە لەسەر رێژەی قوربانییانی توندوتیژی کە ژنانن:

(٤٧%)ی ژنانی ئوردون بەبەردەوامی رووبەرووی لێدان دەبنەوە.

(٩٥%) ی قوربانیانی توندوتیژی لەفەرەنسا ژنانن.

لەهندستان لەنێوان دە ژندا، هەشتیان قوربانی توندوتیژین.

لەراپرسییەکدا کە لەنێوان (٣) هەزار پیاوی کرواتیدا کراوە، (٨٥%)یان دانیان بەوەداناوە کە لەژنان دەدەن، ئیتر لەناو خێزانەکەیاندا بێت یان لەدەرەوەی خێزانەکانیان.

لەمیسر لەنێوان سێ ژندا، یەکێکیان لەلایەن مێردەکانیانەوە رووبەرووی لێدان دەبنەوە.

رێکخراوی یونیفێم جەخت لەوەدەکاتەوە کە لەئێستا بەربڵاوترین توندوتیژی کە رووبەرووی ژنانو کچان لەهەموو جیهاندا دەبێتەوە، خەتەنە کردنە، کە ساڵانە (١٢٠) ملیۆن کچ لەجیهاندا خەتەنە دەکرێن.

ساڵانە (٧٠٠) هەزار ژن لەئەمریکا ئیغتیساب دەکرێن.

(٥٠%)ی ژنان لە وڵاتی بەنگلادیش لەلایەن مێردەکانیانەوە دەکوژرێن.

لەبەریتانیا هەموو دەقیقەیەک ژنێک بۆ ئەوەی بەهانایەوە بچن، پەیوەندی بەپۆلیسەوە دەکات، کە لەماڵەوە رووبەرووی توندوتیژی بۆتەوە.

لەئەفریقیای باشوور رۆژانە (١٤١١) ژن ئیغتیساب دەکرێن، ئەمەش بەبەرزترین رێژە لەجیهاندا ئەژمار دەکرێت.

زانکۆی کۆلۆمبۆ لێکۆڵینەوەیەکی کردووە لەسەر ئەو ژنانەی کار لەناو ماڵان دەکەنو رووبەرووی توندوتیژی دەبنەوە، لەو لێکۆڵینەوەدا دەرکەوتووە وڵاتی سریلانکا زۆرترین ژمارەی ژنانی کرێکاری هەیە لەجیهاندا کە لەناو ماڵاندا کار دەکەنو (٢٥%)ی ئەو ژنانەش روو بەرووی دەستدرێژی کردنە سەریانو پێنەدانی کرێکەیان دەبنەوە، لەوبارەیەشەوە وەزارەتی کاری سریلانکا رایگەیاند: رۆژانە پەنجا ژن سکاڵایان هەیە کە رووبەرووی توندوتیژی یان وەرنەگرتنی کرێکەیان بونەتەوە.

## جۆرەکانی توندوتیژی

جۆرەکانی توندتیژی بریتییە لە: لێدانو سوتانو کوشتنو ئیغتیسابو بێبەشی کردن لە سەروەتو سامانو ویراسەت، هەروەها تێکدانی باری دەروونیو رێگریکردن لە کار کردنو جنێوپێدانو سوکایەتی پێکردنو دوور خستنەو پەراوێز خستنیو هەرەشە لێکردنو دەیانی تر.

١. توندوتیژی خێزانی: یەکێکە لەجۆرەکانی توندوتیژیو دیارترینیانە، کە تیایدا قوربانی یەکەم ژنانو منداڵانە، بەپێی هەندێ ئامار لەچەند وڵاتێکی جیاوازەوە (٢٠% بۆ ٥٠%) ی ژنان دووچاری لێدان دەبنەوە پێشئەوەی ژیانی هاوسەرگیریی پێکبهێنن، لەساڵێکدا (٥٢%)ی ژنانی فەلەستین لە غەززە رووبەرووی لێدانو (٢٣%)شیان سوکایەتی پێکردنو (٣٣%)یان بەزلە لێیان دەدرێتو (١٦%)یان بەدارو گۆچان یان پێڵاو لێیان دەدرێتو (٩%)شیان بەئامێری تیژ لەلایەن مێردەکانیانەوە لێیان دەدرێت، هەروەها (٩%)یان رووبەرووی توندوتیژی دەروونی دەبنەوەو (٥٢%)شیان لەلایەن مێردەکانیانەوە رۆژانە جنێوی ناشیرینو ناووناتۆرەیان لێدەنرێت.

٢. توندوتیژی کۆمەڵایەتی: ئەم جۆرە توندوتیژییەی کەبەرامبەر ژنان دەکرێت، زیاتر لەشوێنی کارەکانیانو بەهۆی کارەکانیانەوەیە، ئەوەش بەوەی کە لەلایەن بەڕێوەبەرو هاوکارەکانیان لەکار رووبەرووی توندوتیژیو گێچەڵ پێکردنی سێکسی دەبنەوە، یاخود کرێکەیان بەباشی وەرناگرن یان نایاندەنێ یان لەکارەکانیان دەردەکرێن ئەگەر کارە سێکسی لەگەڵ بەڕێوەبەرەکانیاندا نەکەن.

٣ـ توندوتیژی سیاسی: ئەمەش لەوەوە سەرچاوەی گرتووە کە ژن وەکو مرۆڤێک لە نیشتمانپەروەریو پۆستە باڵاکانو بڕیارە چارەنوسسازەکان بێبەش دەکرێت، بەوەش ئازادی را دەربڕینی ژنان بەرتەسک دەبێتەوە، ئەمانەش بەدیارترین شێوەکانی توندوتیژی سیاسی ناودەبرێت.

## هۆکارەکانی توندوتیژی

١. سەیرنەکردنی ژنان وەکو مرۆڤێکی کامڵو دان پێ نەدانیان بەتواناکانیانو لێسەندنەوەی مافە یاساییو شەرعییەکانیانو نایەکسانی

لەئەرکو مافەکانیان، بەوەش ژنان پەراوێز دەخرێن.

٢. کەمیی یان نەبوونی هۆشیاریو ڕۆشنبیریی بەشێوەیەکی گشتی لەناو کۆمەڵگەکاندا، کە پێیزانرێت ژنانو پیاوان لەمافەکانیاندا یەکسانن‌و پێکەوە ژیان تەواو دەکەن.

٣. ڕێکخستنێکی نارێک لەلایەن دەسەڵاتەکانەوە، ئیتر ئەو ڕێکنەخستنە لەیاساکاندا بێت، یاخود لەناو خێزانەکاندا یان لەچین‌و توێژە کۆمەڵایەتییەکاندا بێت.

٤. سەپاندنی دابونەرێتە کۆمەڵایەتییە هەڵەکان، کە ژنان دوورە پەرێز دەخاتو ڕێگری لەداهێنانەکانیان دەکات.

٥- لاوازیو کەمتەرخەمیی ژنان خۆیان لەداواکردن‌و وەرگرتنی مافە مرۆیی‌و نیشتیمانییەکانیان‌و چالاککردنی ڕۆڵەکانیان لەبوارە ئابوریو سیاسیو کۆمەڵایەتییەکاندا.

٦- دۆخی سیاسی کە ڕێگری لەپێشکەوتنی کۆمەڵگەو گەشەپێدانی تاکەکانی.

٧. ڕێز نەگرتن‌و یەکتر قبوڵ نەکردن، کە هەندێ وڵات ڕێز لەهاوڵاتیانی خۆی ناگرێتو پارێزگارییان لێناکات.

٨- باری ئابوری وڵات کە زۆرجار هەژاریو بێکاری درووست دەکات، لەئەنجامیشدا ژنان دەبنە قوربانیو زۆرترین توندوتیژییان بەرامبەر دەکرێت.

٩- کارەساتەکانی دوای جەنگ، کە بێرێزی بەرامبەر مرۆڤو کەمبوونەوەی ڕۆشنبیریو کوشتن درووست دەکات.

١٠. ئاسەواری خراپ لە فێرکردن‌و پەروەردەو بواری تەندروستی، ئەمانەش کاریگەریان هەیە لەسەر دروستبوونی توندوتیژی کە ڕێگە لەپێشکەوتنی کۆمەڵگە بەهەموو چینەکانییەوە دەگرێت.

### ئەنجامەکانی توندوتیژی

لەگرنگترین ئەو ئەنجامانەی کە توندوتیژی دروستی دەکات بریتییە لە: "دارمانی کەسایەتی ژن، نەمانی متمانە بەخۆ بوون‌و بەکارهێنانی تواناکیان وەکو مرۆڤێک، سەرلێشێواوی ڕۆڵگێڕانیان لەبوارەکانی کۆمەڵایەتیو نیشتمانییەکاندا، هەست نەکردن بەئەمن‌و ئاسایشی خۆیان، ناتوانن بەباشی منداڵەکانیان پەروەردە بکەن، تێکچوونی باری تەندروستی خۆیان‌و منداڵەکانیان، دووچاری کەم خەویو نەبونی بیرکردنەوە دەبن، هەمیشە لەترسو تورە بوون‌و دڵەراوکێدا دەبن، ڕێزلەخۆیان‌و بەرامبەرەکانیان ناگرن، هاوڕێو کەسوکارو خۆشەویستانیان لەبیر دەکەن.

گۆڤاری النبأ

سەرچاوە: ماڵپەڕی ژیانەوە - ڕیکەوتی: ٢٩ی ئاگۆستی ٢٠١٣

# بۆ سڕینەوەی توندوتیژی خەباتێکی بەرین و هەمەلایەنە پێویستە



## کوێستان فتووحی

**بە بۆنەی ٢٥ی نوامبر ڕۆژی سڕینەوەی توندوتیژی دژی ژنان**

**توندوتیژی دژی ژنان دیاردەیەکی جیهانییە کە بە پێی تایبەتمەندیی فەرهەنگی، کۆمەڵایەتی و ئیتنیکی لە هەر کات و شوێنێک دەتوانێ بە شێوەی جۆراوجۆر دەرکەوێت.**

**توندوتیژی دژی ژنان نە ئاساییە و نە پەسندکراویشە، بەڵکوو پێشێلکردنی ئاشکرای مافی مرۆڤە. هەربۆیە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان گرنگییەکی جیددی بەم مەسەلەیە داوە و دەوڵەتەکانی ئەرکدار کردوە لە ژێر یاسا نێونەتەوەییەکاندا بەرپرسی پاراستنی مافەکانی ژنان بن.**

**لە ماددەی ٤ی بەیاننامەی پێشگیری لە توندوتیژی دژی ژناندا هاتوە: "دەوڵەتان دەبێ توندوتیژی دژی ژنان مەحکووم بکەن،و، نابێ هیچ دابونەریت یان تێبینیی ئایینی، بکەنە بیانوو بۆ ئەنجام نەدانی ئەرکەکانیان لە پێوەندی لەگەڵ نەهێشتنی توندوتیژیدا. دەوڵەتان دەبێ بە کەڵکوەرگرتن لە هەموو شێوە گونجاوەکان،و بێ‌ڕاوەستان، سیاسەتی نەهێشتنی توندوتیژی دژی ژنان هەتا سەر ئەنجامەکەی درێژە پێ بدەن.**

## هۆکارەکانی توندوتیژی دژی ژنان

**توندوتیژی ژنان دەکرێ لەو نایەکسانیانەدا ببینرێن کە ڕێگری لە یەکسانیی ژن و پیاو لە ژیان دا دەکەن. توندوتیژی هەم ڕیشەی**

لە نایەکسانی دایە و هەمیش پەرەی پێ دەدا.

نایەکسانی و هەڵاواردن نکۆڵی کردنە لە وەک یەک بوونی ئینسانەکان لە باری مافەکانیانەوە. هەڵاواردنی رەگەزییە رێگە لە ژنان دەگرێ کە نەتوانن باس لە مافو ئازادییەکانیان بکەن. بەتایبەتی ئەو هەڵاواردنانەی لە لایەن قانوون و دەسەڵاتی وڵاتەوە دەسە پێن.

هەروەها شەڕ، کەلتوور، هەژاری فەرهەنگی و ئابووری، ئاینیەکان، و... ئەمانە هەموویان دەتوانن سەرچاوەی توندوتیژی دژی ژنان بن. حاشای لێناکرێ ئەوەی ئەمرۆ بۆ کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی گرنگە، ئەمن و ئاسایش و باشبوونی باری ئابوورییە. ئەمانە دەتوانن زۆر کێشەی دیکەش کە یەک لەوان توندوتیژیی دژی ژنان چارەسەر بکەن یان کەم بکەنەوە. بەڵام خۆ ئەگەر کۆمەڵگەی بێ کێشە مەحاڵ بێ کە هیچ شتێک مەحاڵ نیە! دیسان دەکرێ رێگە لە پەرەسەندنی توندوتیژی دژی ژنان بگیردرێ کە بۆتە هۆی زۆر رۆژرەشی و بەدبەختییەکانی کۆمەڵگەی بەشەری.

مافەکانی مرۆڤ جیهانیین. توندوتیژی دژی ژنانیش پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤن لە هەر کۆمەڵگەیەکدا. ژنانی هەر وڵاتێک، هەر کۆمەڵگەیەک خوێندەوار و نەخوێندەوار، دارا و نەدار، دیندار و بێدین و.... هەر هەموویان هەڕەشەیەکی هاوبەشیان لێدەکرێ. ئەویش توندویژییە. لە زۆر وڵات دا توندوتیژی لە لایەن دەوڵەتەوەیە کە بە قانوون بەڕێوەی دەبا، یان لەلایەن گرووپەچەکدارەکانەوەیە، یان لە هەمووی بەربڵاوتر لەلایەن کۆمەڵگە و بنەماڵەوەیە.
بەگشتی حکوومەتەکان بەرپرسیارن لە ئاست هەر توندوتیژییەک دژ بە ژناندا. لە کۆمەڵگە کۆمەڵگە نەریتی و ئایینییەکان، ئایین کراوەتە کەرەسەیەک بۆ بەرتەسککردنەوەی ئازادییەکانی ژن. بۆنموونە داسەپاندنی حیجابی زۆرەملی بەسەر ژناندا جۆرێکە لە توندوتیژی دژی ژنان. ژنان بە پۆشینی جلوبەرگی دڵخوازی خۆیان لەلایەن دەسەڵات و کۆمەڵگەوە تووشی سزاو سووکایەتی دەبنەوە.
هەروەها لە کۆمەڵگا نەریتییەکانی دنیادا بۆ نموونە کوردستان، ئەفغانستان، عێراق و... کە نەریتەکانی ژیانی دەرەبەگایەتی و عەشیرەیی زۆر ریشەدارە، ژن وەک موڵک و ماڵ چاوی لێدەکرێ و دەستدرێژی کردنە سەر مافەکانیان بە بێ سزا دەمێنێتەوە. ئەمانەش لە مانەوە و درێژەدان بە رەفتاری توندوتیژئامێزدا کاریگەری زۆری هەیە.

بۆ نموونە فرەژنی کە لە کوردستاندا بوونی هەیە، دەتوانێ پەرە بە توندوتیژی بدا. چونکە تەنانەت بە پێچەوانەی رێوشوێنە ئیسلامییەکان کە دەگوترێ دەبێ بۆ هێنانی هاوسەری دووهەم ئیزن لە هاوسەری یەکەم وەرگرن، پیاوان بە شێوەیەکی گشتی ئیزن لە هاوسەری یەکەم وەرناگرن، بۆیە دەمەقاڵە لەوبارەوە لە زۆر کات دا دەگاتە توندوتیژی و بێگومان لەو نێوەدا ژنە لە هەمووئەندامەکانی دیکەی بنەماڵە زیاتر دەکەوێتە بەر رەفتاری توندوتیژ. یان ئەگەر کچێک پێوەندیی خۆشەویستی لەگەڵ کوڕێک ببەستێ، لەلایەن بنەماڵەکەیەوە دەکەوێتەبەر ئازار و ئەزیەت و هەڕەشە لێکردن یان لەلایەن کۆمەڵگەوە ناوی دەزڕێ و...!
کۆنترۆڵکردنی رەفتاری ژن و کچ لەلایەن پیاوانی بنەماڵەوە توندوتیژییە، بەڵام بە بەهانەی ئەوە ئەو رەفتارانە بەشێکن لە کولتووری کۆمەڵگە بە ناوی پاراستنی کەلتوور و نەریت زۆربەی ژنان ئێعتراز ناکەن، ئەمەش لە مانەوە و پەرەدان بە توندوتیژیدا

کاریگەرن. هەر ئەوەی لە زۆر لە وڵاتاندا زۆربەی کچان و ژنان لە ترسی سزا خێزانییەکان ئامادە نین توندوتیژی خێزانی بە پۆلیس رابگەیەنن یا هێزێکی دادوەری لە هێندێک لە وڵاتاندا پێداچوونەوەیەک لەوبارەوە ناکا و بە مەسەلەیەکی تایبەتیی دادەنێ، بەو هۆیەوە ئاماری توندوتیژییەکانی نێو ماڵ راست و دەرخەری راستییەکان نین. بەو حاڵەش ئامارە کۆکراوەکانی رێکخراوە جیهانییەکانی مافی مرۆڤ ساڵانە هەروا راچڵەکێنەرن.

## شەڕ پێوەندی راستەوخۆی لەگەڵ توندوتیژی

شەڕ ئینسانەکان لە ناو دەبا چ ژن چ پیاو. بەڵام بەرئەنجامەکانی شەڕ هەمیشە ژن زۆر زیاتر لە پیاو زیانی لێ بینیوە. دەستدرێژی کردنەسەر ژنان و کچان کردەوەیەکی هاوبەشی سەردەمی شەڕە هەم لەلایەن هێزی دەوڵەتییەوە، هەم لەلایەن گرووپەچەکدارەکانەوە. لە نێو دۆخی شەڕدا هەمیشە مرۆڤە بێدەسەڵاتەکان دەکەونەبەر هێرشو سووکایەتی و ئازار. بۆ نموونە لە کوردستان ژنان زۆر جار بە هۆی پێشمەرگەبوونی هاوسەر یان برایان کەتوونەتەبەر ئازار و ئەزیەتی هێزە حکوومەتییەکان و لە زیندانەکاندا دەستدرێژییان کراوەتەسەر. دیارە ئەوە نەبەستراوەتەوە تەنیا بە سیستمێکی سیاسی وەک رێژیمی ئێران یان رێژیمی رووخاوی بەعسی عێراق، لە هەموو جیهاندا ئەم رەفتارانە لە کاتی شەڕدا هەبوون و هەن. دواتر شەڕ کۆتایی دێ، بەڵام ئاکامەکانی شەڕ لەسەر ژنان زۆر درێژخایەنتر و زیانبارترە و دەتوانێ لەسەر ژیانی هەموو کۆمەڵگە کاریگەری خراپی هەبێ.

## توندوتیژی جەستەیی و توندوتیژی دەروونی سەرەکیترین جۆرەکانی توندوتیژی دژ بە ژنانن لە کۆمەڵگەدا

جۆرەکانی ئازار و ئەزیەتی جەستەیی، لێدان و کوتان، کێشانی قژ، سوتاندن و تووڕهەڵدان، دەستدرێژی جەستەیی دەگرێتەوە کە ئەو جۆرە توندوتیژییانە رەنگە بۆ هەموو ژنان بە بێ سەرنجدان بە خوێندەواری، نژاد و باری بنەماڵەیی رووبدا.

## توندوتیژیی دەروونی:

بەکارهێنانی قسەی رەق و جنێو، بیانووپێگرتنی پەیتا پەیتا، هاتوهاوار و هەڵسوکەوتی خراپ، سووکایەتی، هەڵسوکەوتی دەسەڵاتدارنە و حوکم کردن و دەستووردانی پەیتا پەیتا، دەنگ داگۆڕین، هەڕەشەی ئازار و کوشتنی خۆی یا ئەندامانی بنەماڵەکەی، رێگرتن لە دیتنی دۆستان و ئاشنایان و زیندانی کردن، لە ماڵەوە بە توندوتیژی لە دژی ژنان لەقەڵەم دەدرێن. ئەو جۆرە توندوتیژییە دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی گیانی هەست کردن بە پووچی، یان خۆ لەنێوبردن، راکردن لە تێکەڵاو بوونی کۆمەڵایەتی و دڵەراوکە لە ژنان دا. ئەو توندوتیژییە لە ڕاستیدا ژن دەکاتە بوونەوەرێکی بێئیرادەو ناچالاک.

بە وتەی رێکخراوی لێبوردنی نێونەتەوەیی، توندوتیژی لە بنەماڵەدا لە نەخۆشیی شێرپەنجە و رووداوی هاتوچۆ زیاتر بۆتە هۆکاری مردنی ژنان.

## چۆنیەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان

توندوتیژی دیاردەیەکی چەند لایەنییە و بەربەرەکانیش لەگەڵیدا پێویستی بە خەباتێکی بەرین و هەمەلایەنە هەیە. هەتا تاوانبارانی توندوتیژی دژی ژنان بتوانن بەبێ ترس لە سزادان و دادگایی کردنێکی عادلانە تاوانەکانیان ئەنجام بدەن، لە وڵاتێکدا کە قانوونەکان پڕن لە هەڵاواردنی ڕەگەزی، دژوارە بڵێین سڕینەوەی توندوتیژی دژی ژنان کارێکی ئاسانە.

بەڵام زۆر ڕێگا هەیە بۆ کەمکردنەوەی ئەم دیاردەیە. دەسەڵات و قانوون، دروست کردنی ماڵی ئارام بۆ حەوانەوەی ژنانی بێ پەنا، پشتیوانیی یاسایی لەو ژنانەی بەرەورووی توندوتیژی دەبنەوە، بەشداری کردن لە کۆرسە فێرکارییەکان و ڕاوێژ کردن لەگەڵ پسپۆران پێش پێکەوەنانی ژیانی هاوبەش، زیادکردنی ئاگایی پیاوان و ژنان لە کۆبوونەوە فێرکارییەکان و... هەموو ئەوانە لە ڕێگای دەسەڵاتەوە ئاسانن و دەکرێ و دەتوانن لە سڕینەوە و کەمبوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان کاریگەری ئەرێنییان هەبێ. بەڵام ئەگەر لە وڵاتێکدا بۆ نموونە وەک ئێران کە قانوون و دەسەڵات خۆیان سەرچاوەی توندوتیژی بن دژی ژنان ئەو کات دەبێ چ بکرێ؟

ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی وەک ڕێکخراوەکانی ژنان، ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ و چالاکەکانیان و... هەروەها ڕووناکبیرانی نێو کۆمەڵگە، وەک نووسەران، شاعیران، مامۆستایانی قوتابخانەکان و... دەتوانن لەڕێگەی وشیارکردنەوەی کۆمەڵگە بە ژن و پیاوەوە لە کەمکردنەوەی ئەم تاوانە کە ناوی توندوتیژییە دژی ژنان ڕۆڵیان هەبێ. ئەوان دەتوانن تێڕوانینەکان بۆ توندوتیژی دژی ژنان بگۆڕن، ئیدی نابێ بە مەسەلەیەکی شەخسی و تایبەتی و کەلتووری چاوی لێبکرێ و بەم بیانوویە چاوپۆشی لێبکرێ. ئەوە تاوانە دژی مرۆڤایەتی و دەبێ کۆڕوکۆمەڵە نێونەتەوەییەکانی لێئاگادار بکرێتەوە. هەروەها لە دژی توندوتیژی دژی ژنان نارەزایەتی دەرببڕن و دەنگەناڕازییەکان ڕێک بخەن بۆ بەگژداچوونەوەی تاوانباران. هەوڵ بدەن لە نێو خەڵکی ئاسایی هەڵمەتی وشیارکردنەوە و تۆڕی دژی توندوتیژی ڕێک بخەن.

ژنانی وشیار و ئازا، ژنانێک کە ئاشنان بە مافەکانیان، ژنانێک کە لەبواری ئابوورییەوە سەربەخۆن، ئاسان دەتوانن بەرەنگاری توندوتیژیی خێزانی ببنەوە. هەروەها پیاوان دەبێهاوبەشی ئەو خەباتە بکرێن چونکە تەنیا ئەوان تاوانباری سەرەکی نین، دەبێ تێبگەیەنرێن کە توندوتیژی دژی ژنان کاریگەری نێگەتیڤی لەسەر خۆیان و هەموو ئەندامانی بنەماڵە بەگشتی کۆمەڵگە هەیە. بواری ڕۆشنبیری و ئاگایی کۆمەڵگە لە سەر ماف و ئەرکەکان، دەتوانێ ببێتە فشارێک بۆ سەر ئەو دەسەڵاتەی کە هەڵاواردن دژی ژنان لە قانووندا دەچەسپێنن. هەروا چۆن قانوون کاریگەری لەسەر گۆڕینی کەلتوور هەیە بەهەمان شێوەش کەلتوور کاریگەری لەسەر گۆڕینی قانوون هەیە. بۆیە ئەرکی هەر ئینسانێکی مافخوازە بۆ گۆڕینی تێڕوانین و کاڵبوونەوەی دابونەریتە دواکەوتووەکان کە بوونەتە هۆی پەرەسەندنی توندوتیژی دژی ژنان تێبکۆشێ.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ۲۵ی نوامبری ۲۰۱۳

# توندوتیژی دژی ژنان لە سیستمی بەڕێوەبەریی ئیراندا



ئەفسەر محەممەدی ( لەیلا )

سیستمی بەڕێوەبەریی ئیستای ئێران، لە راستیدا جیا لەوەی کە سەرچاوەی سەرکوت و توندوتیژییە، بووە بە گورزێک بۆ تێکدانی سروشت و پێکهاتەی کۆمەڵایەتی مروڤەکان و بەها ئەخلاقییەکانی کۆمەڵگە و شاردنەوەی ڕاستیەکان

ئەو سیستەمە هەوڵی داوە بۆ تازەکردنەوەی نما و مانەوە لە سەر دەسەڵات، نەریتی کۆنەپەرستانەی ٥٠٠٠ هەزار ساڵەی گۆی زەوی بهێنێتە نێو سەدەی ٢١ و سێکوچکەی دەسەڵات، ئایین و داب و نەریت بە سەر کۆمەڵگەدا پیادە بکا. ئەم سیستەمە لەگەڵ ئازادی و دێموکراسی ناگونجێ و تێیدا ناتوانی باس لە مروڤ و ژیانی مرۆڤایەتی بکەی. لە وەها سیستمێکدا کە دەوڵەت لە ڕێگای قەداسەتی خودایی مانا پەیدا دەکا و سەردەکەوێ، دەسەڵاتی پیاویش لە ڕێگای قەداسەتی دەوڵەتەوە مانای پەیدا کردووە و بۆتە نەریتێکی پاک و ئەمەش سیستەمی دەوڵەت و دەسەڵات لە سەر بنەمای پیاوسالاری دروست کردووە. بنەماڵە وەک دەوڵەتێکی بچووک بە دەستی پیاو ڕێبەڕی دەکرێ و لە ژێر دەسەڵاتی پیاو دایە. پیاو خۆی بە خاوەن بنەماڵە دەزانێت تاکوو لە نێو بنەماڵەدا ژن و منداڵ زۆر بێ، پیاو ورەی بەرزتر دەبێ. وا دەردەکەوێ کە دەسەڵاتی پیاو بە سەر جیهانی ژندا هاوشێوەی سیستەمی دەسەڵاتی سەرمایەدارییە کە بەدرێژایی مێژوو بە سەر کۆمەڵگادا زاڵ بووەو زۆر بەهێزترو کۆنترە. ئەم سیستەمە و بیرۆکەیە کە بە درێژایی مێژوی پیاوسالاری لە سەر مێشکی بچووکترین کەسی کۆمەڵگا دانراوە ژن و کۆمەڵگا بوونەتە کۆیلەی پیاو و دەوڵەت. سەپاندنی دەسەڵات بە سەر ژندا هاوکات ڕێگە بو کێشە کۆمەڵایەتی، کولتووری و ئایینیەکان کردۆتەوە. وشەی لاوازیی کە لە کەسایەتیی ژندا دروستیان کردو بە سەر هەموو کۆمەڵگادا بڵاویان کردۆتەوە و وێنەی ژنیان بە پێچەوانەوە بە کۆمەڵگا ناساندووە. وەک ئەوەی کە ژن، بەردەوام خزمەتکارێک بێ و هیچ داواکارییەکی نییە کە بۆخۆی پێشکەشی بکا. مێژووی ئیسلام هاوکاتە لەگەڵ مێژووی وونبوونی ژن. ئەو مێژووە بە هەموو خوداکانی، کۆیلەکان و دەسەڵاتدارەکانی، تەنانەت لە ڕێگەی ئابووری و زانست و هونەریشەوە مێژوویەکە کە دان بە کەسایەتی پیاو و پیاوسالاری دا دەنێ و بە هێزی دەکا. سیستەمی دەوڵەتی ئیستا و ئیسلامی سیاسی، هەموو ئەو دەسکەوتە بەنرخ و هەستیارانەی کە ژن بە دەستی هێنابو لێیان دزیو و لە ژێر دەسەڵاتی پیاودا دایان نا. کاتێک پیاوی ڕەگەزپەرست بەسەر کۆمەڵگە و ژندا

دەسەڵاتی هەیە، هێندە خۆی بە هێز دەبینی کە هەموو پەیوەندییە سەرەکییەکانی وەکو هەڕەشەیەک دەبینی و خوی بە دەسەڵاتداری بێ ئەولاولای بنەماڵە و ژن دەزانی. ژن بوون لەو نێوەدا بوو بە شوورەیی، وایان کردووە کە ژن لە ژن بوونی خۆی بێزار بێ و لەو نێوەدا پیاو لە هەستە مرۆڤایەتیەکان دوور کەوتۆتەوە، کەسایەتی و ئیرادەی خۆی لە دەست داوە و بەردەوام هانی دراوە وکوو مرۆڤێکی بەهێزو دەسەڵاتدار بە سەر ژن و بنەماڵەدا بەرەو ئەو ئاڕاستەیەک هەنگاو هەڵگرێ کە بۆیان دیاری کردووە.

هەر پیاوێک بووە بە دامەزرێنەری سیستەمی دەوڵەتی ڕەگەزپەرەست و دە کۆمەڵگەدا ئەرکی بەرپرسایەتیی بنەماڵەی لە ئەستۆ گرتووە، ئەگەر ژن و بنەماڵە بەم شێوەی کە ئێستا هەیە لە ژێر دەسەڵاتی پیاو بهێنینە دەرەوە، شتێکی زۆر کەم بە ناو سیسیتەمی دەسەڵاتی پیاو دەمێنێتەوە و ئەو کات دەتوانین بڵێین ژن و پیاو بە یەک ئەندازە دەسەڵاتیان بەسەر بنەماڵەدا دەبێ.

هاوکات لە گەڵ گۆرینی ئیسلام بە دینی دەسەلات و سیاسەت گوشارەکان بەسەر ژندا قوڵتر بوونەوە و لە سێدارەدان و بەردباران کردن و بەکرێدانی ژنان (ێیغە) زۆرتر پەرەی گرتووە. لە لایەکەوە کارە دڕندەکانی دەسەلات و لە لایەکی دیکەشەوە بیروڕای ڕەگەزپەرەستی کۆمەڵایەتی بوو بە هۆکاری خۆکوشتنی زۆرتری ژنان. پیاوی خاوەن دەسەلات، ژنی وا ناسیوە کە کرێکارێکی بێ چاوەڕوانییە و رازییە بە کەمترین دەستحەق. دایەی منداڵ پەروەر، سەرچاوەی بێسنووری هەوەس و هێزی پیاوە. ماشێنی زاووزێ و کالایەکی بازرگانییە یا کەرەسەی سێکس کردنە. سەرەنجام ژن کۆیلەیەکی مودێڕنە. بەم شێوە ژن ئازادی خۆی لەدەست داوە و بووە بە کۆیلە.

کۆماری ئیسلامیی ئێران هەوڵ دەدا تاکو لە ڕێگای سووکایەتیی کردن بە ژنان، دەستدرێژی کردنە سەریان و تووشکردنیان بە مادە هۆشبەرەکان کۆمەڵگا لە ژێر هەژموونی خۆیدا بهێڵێتەوە. بێ هۆوییەت کردن، دانانی یاسای فرەژنی، خۆفرۆشی شەرعی یان بەکرێدانی ژنان و تەنانەت هەموو ڕێکارێک دەگرێتە پیش. لە تازەترین نموونەدا دەتوانین ئاماژە بە دانانی یاسای هاوسەرگیری لەگەڵ منداڵی هاوردە (فرزند خواندە) بکەین. دانانی ئەو جۆرە یاسایانە زۆر بە راشکاوی لە گەل بیروڕای پیاوانی ئایینی دە بونیادی هاوسەرگیریدا هاوشێوەن. لە ئێران هاوسەرگیری جیاواز لە مانای وشەیی، بە مانای پەیمانی ژنومێردایەتیی نێوان دوو کەسان نییە، بەڵکوو کەرەسەیەکە بۆ هەرچی زیاتر دەستبەسەراگرتن و پاراستنی سنوورەکانی پیاوسالاری بەسەر ژندا و وەرگرتنی بەهرەی جنسی لە ژنان و کچان. ئاکامی ئەو جۆرە یاسایانە کە تەنیا لە ژێر چاوەدێری سیستمی ئیسلامی و ئیسلامیی سیاسیدا مانا بە خۆی دەگرێ، دەبیتە هۆی خۆبەکەمزانینی ژنان. هاوکات ژن خۆی بە جیاواز لەو کۆمەلگایە دەبینێ کە تێیدا دەژی. تەنانەت ئەگەر مەیلێکی بۆ دەربڕینی هەستی دایکانە لە ئاست منداڵانی هاوڕەگەزی خۆیدا هەبێ و بڕیار بوو رۆژێک باوەشێکی گەرم بێ بۆ کچانی کەم تەمەن و بێ سەرپەرست، بەداخەوە ئێستا دەریغی دەکا. بەو هۆیە کە کام ژن دەتوانێ کچێک بە منداڵی خۆی پەسەند بکا کە لە داهاتۆیەکی نزیک دا دەبێ بە هەوێی خۆی!

بەداخەوە یاساکان هەموویان بە لایەنگەری سیستەمی دەسەلات و پیاو دانراون و ژن هیچ مافێکی نیە. بنەماڵە کۆنە پەرەستە پیاوسالارەکان بە مەبەستی مانەوەی سیستەمی پیاوسالاری یەکێکن لە بنەما سەرەکییەکانی ئەم نابەرابەرییە. ژنانی کوردی

ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش لەو یاسایە بێ بەش نین و تەنانەت زۆربەی کاتیش پیاوەکان بە خۆشیوە باوەش بۆ ئەو یاسایانە دەکەنەوە و پشتیوانی لێ دە کەن. لە لایەکەوە گوشاری سیستمی بەڕێوەبەریی ئێران و لە لایەکی ترەوە بیرۆکە کۆنەکانی پیاوسالاری، کێشەکانی قورستر کردووە. ژن لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە نێو بازنەی دواکەوتنی کۆمەڵگاو پیلانەکانی دەوڵەتدا گەمارۆ دراوە و بێجگە لەو ژیانەی کە بۆیان دیاری کراوە کەس مافی ئەوەی نییە هەنگاوێکی تر هەڵبێنێ. لە زۆربەی ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی ناویندا ژنان لە ڕاهێنان بێ بەشن. بۆ پێکهێنانی ژیانی هاوبەش دەبێ چاوەڕێی خوازبێنی بن. لە لایەکی دیکەوە مامەڵەکردن بە ژنان و خەتەنەکردن و خۆکوشتن و لە سێدارەدان و بەردباران کردن، ڕۆژ بە ڕۆژ لە زیادبوون دایە. تا ڕادەیەک کە سنووری عەقڵی مرۆڤەکانی تێپەڕ کردووە. ژن بوون لە کۆمەڵگای پیاوسالاریدا زۆر دژوارە، ژن لە بەرامبەر دەسەڵاتی ئێران کە دان بە بوونی ناسنامەی کوردا نانێ، بێ ڕێزیان پێ دەکا، هیچ ڕێگا چارێکی بۆ نەماوەتەوە وەکو هەموو گەلانی ژێر دەستی تر، پیاو هەوڵ ئەدات ئەم گوشارانە بە سەر ژندا قەرەبوو بکاتەوە ئەم کێشانە ژیان لە ژنان قورس دەکاتەوە.

سیاسەتی "برسی بیان هێڵەو خاوەن دەسەڵات بە"، یەکێ لەو سیاسەتە بەرچاوانەیە کە ئێران بە سەر گەلی کوردا بەتایبەت ژناندا پێڕەوی دەکا. بە شێوەیێک کە لە ناوچە گوندنشینەکاندا بەناوی پاراستنی سەرچاوەی ئابووری و دابونەریتەکانی نیو هۆزەکان و لە شارەکانیشدا، نەبوونی داهات و بێدەرەتانی و وەرنەگرتنیان لە بازاڕی کاردا، ژنانی کردۆتە کۆیلەی پیاو و یاساش لە هەموو کاتدا پشتیوانی پیاوانە و کە ژنی لە کولتوور و ناسنامەی خۆی دوور خستوەتەوە و ژنی وا لێکردووە بە هەموو شێوازیک لە ژێر سیستەمی باوکسالاریدا بێ.

ژن لە سیستمی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا، لە تەمەنێکی کەمدا لە باتی شیربایی بە شوو دەدرێ. جاری وایە شووەکەی لە باوکی گەورەترە. لە مافی میرات بێ بەشە، وای پێ دەسەلمێنن کە ئەوە چارەنووسی خۆیەتی و دەبێ پێی ڕازی بێ. ئەو ژنەی کە لە هاوژینەکەی جیا بۆتەوە لە ژێر گوشاری قورسی کۆمەڵگادا کەسایەتیی دەڕوخێنن، ژن لە هەر شوێنێکدا هەبێ دەبێ ئەم بیروڕایە پەسەند بکا کە سیستەم بۆی داناوە. هەم سیستەمی دەسەڵات و هەم کۆمەڵگای پیاو شێوازێک لە ژن بوون ئەسەپێنن بەسەر ژندا کە هێمن و گوێڕایەڵ بێ، بەوەی کە دێتە پێشی ڕازی بێ و خزمەتکردن بە پیاو، بە کارێکی پیرۆز بزانێ. ژنێکیش کە هەوڵ بدات بە پێچەوانەی ئەوانە بێت، ژنێکی بێ ئەخلاقە و لە کۆمەڵگا دوور دەکەوێتەوە. زۆربوونی خۆکوشتنی ژنان، ناڕازی بوونێکە کە ژن دژ بەم گەمارۆیە دەری دەبڕێ. ئەم شێوازە سیاسەتانە لە هەموو قۆناغێکدا بوونەتە بەربەست بۆ سەرکەوتنی ژنان. لە وەها سیستمێکدا، هەموو هەڵسوکەوتی ژنان بە شێوازێک لە ژنی کۆمەڵگای ڕەگەزپەرەست دیاری ئەکرێت. سیستمی کۆماری ئیسلامیی ئێران تەنانەت ڕێز لە بچوکترین مافی دێموکراتیک ناگرێت بۆیە بەردەوام لە گەڵ ناڕەزایەتیی نێوخۆیی و دەرەکی ڕووبەڕوو دەبێتەوە و لەجیاتی ئەوەی هەوڵ بدا بۆ یەکسانبوونی ژن و پیاو لە کۆمەڵگا و دان بە مافەکانیان وەک بنەمای ئازادی دابنێ، بە پێچەوانەوە هەوڵ دەدات بۆ گوشاری زۆرتر و پێشێلکردنی مافەکانیان. سیستمی کۆنەپەرەستی ئێران، چاوپۆشی لە ژنان و لاوان دەکا، کە سەرەکیترین هێزی کۆمەڵگان. هەر ڕۆژە و بو لاوازکردنیان پیلانی تازە دادەنێ تا دەسەڵاتە کۆنەپەرستانەکەی خۆی تەمەن درێژتر بکاتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی یەکێتی ژنانی دێموکراتی کوردستان - ڕێکەوتی: ١٠ی دێسەمبەری ٢٠١٣

# ژن و مادەهۆشبەرەکان.



بێگەرد عەلیپوور

بە پێی لێکۆلینەوەکان ریشەی ٦٥ لە سەدی توند و تیژیەکان دژی هاوسەران و ٥٥ لە سەدی تەلاق و ٣٠ لە سەدی توند و تیژی دژی مندالان و ٢٥ لە سەدی قەتل و ٢٠ لە سەدی تاوانە مالی و شەرعیەکان، لە مادده هۆشبەرەکان دایە.

بە پێی راپۆرتی خودی سەرچاوە هەوالدەرییەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران، اعتیاد بەلایەکی مالوێرانکەرە کە بە پێی ئامارە رەسمیەکان زیاتر لە یەک ملیون و ٣٢٥ هەزار کەس لە ئیران دا پێووەی دەنالێنن و بەشی ژنان لەو رێژەیە زیاتر لە ١٠ لە سەدە. هەرچەندە کە ئامارە نارەسمیەکان زۆر زیاتر لەو رێژەیە دەردەخەن.

لە گەل ئەوەی کە گیرۆدە بوون بە ماددەی هۆشبەر هەمیشە لە نێو پیاوان دا زۆر بووە بەلام لەم چەند سالەی دوایی دا بە رێژەیەکی بەرچاو لە نێو ژنانیش دا زیادی کردوە.

بە بروای کارناسان و لێکۆلەرانی بواری ژنان، لە ئیعتیادی ژنان دا مەسەلەیەکی گرینگ و بەرچاو رێژەی زیان و ئاستی ئەو زیانەیە لە سەر ژنان، ژنانی موعتاد لە چاو پیاوانی موعتاد زیاتر روبەروی کێشەی گیانی و دەروونی دەبنەوە و بە پێی ئامارە جیهانیەکان ئیعتیاد لە ژنان دا بە بەراوەرد لە گەل پیاوان دا، لێکەوتەی ترسناک تری لێ دەکەوێتە وە وەک لە پیاوان.وەک بارداری نەخوازرا و لەبارچوونی مندال و نەخۆشی ئیدز و تەنانەت نەزۆکی پێش وەخت.

هەروەها خەمۆکی و قەلەقی و دەست دانە خۆکوژی و کەم بوونەوەی ئاستی باوەر بەخۆبوون و زۆر باری دیکەش لەو عەوارزانەن کە لە نێو ژنانی موعتاد دا بەر بلاون .

جۆراوجۆری لە نێو ماددەی هۆشبەردا وای کردوە کە قاچاخچییەکان بە درۆ بۆ دەرمانی هەر جۆرە نەخۆشیەکی وەکو خەمۆکی و قەلەوی و کزی وجوان بوونی پێست و زۆر نەخۆشی تر یەکێک لەو ماددە هۆشبەرانە پێشنیار بکەن و خەڵکێکی زۆر بخەنە داوی ماددەی هۆشبەرەوە .

"محەممەد ڕەزا زەرین دەست، جێگری ناوەندی لێکۆلینەوەی گیرۆدەبووان بە ماددە هۆشبەرەکان بڕوای وایە یەکێک لەو هۆکارانەی دەتوانێ خەڵکی بەرەو ئیعتیاد بکێشێ، نەخۆشیەکانی وەکو خەمۆکییە، لە بەر ئەوەی ئەو کەسانە دەتوانن بە ئیعتیاد هێور کەرەوەیەک بۆ نەخۆشیەکەیەن بدۆزنەوە. هەروەها کوتیشی کە قەلەقی و ژینگەی دەورو بەریش کاریگەری لە سەر ئیعتیاد هەیە.

زۆربەی لێکۆلەرەوان بڕوایان وایە کە ئیعتیادی ژنان زیاتر لەو بنەماڵانەوە دەست پێ دەکات کە باوک یان برا یان مێردەکانیشیان موعتادن. ئەو ژنانە لە ڕوی نەزانیەوە یان لە روی غروورەوە بۆ تەرکی ئیعتیادی هاوسەرەکانیان دەست دەبەن بۆ بە کارهینانی ماددە هۆشبەرەکان، لە حالێک دا کە ئەو کارە هیچ کاریگەری لە سەر هاوسەرەکانیان دا نانێ و تەنیا کەسێکی دیکە لە کۆمەلگا دا زیاد دەبێ.

هەروەها هۆکاری دیکەی وەکوو چێژخوازی و باوەری هەڵە و چاوەروانی نا واقعی لە بارەی کاریگەریەکانی ماددە هۆشبەرەکانیش کاریگەری زۆری لە سەر توش بوون بەو ماددانە هەیە. بەو واتایەی پێیان وایە کە ئەگەر کەڵک لە مادە هوشبەرەکان وەربگرن، ئەوا خۆشحال دەبن و قەلەقیەکەیان کەمتر دەبێتەوە.

هەروەها هۆکارێکی دیکەی تووش بوون بەو ماددانە ئەوەیە کە زۆربەی کەسەکان پێیان وایە کە هەندێک لە ماددەکان تووشی موعتادبوونیان ناکەن و زۆربەی کەسانی تووش بوو بە ماددە هۆشبەرەکان لەو ڕێگایەوە توش دەبن. بە پێی ئەو ئامارانەی بڵاو دەبنەوە، لە لایەن ستادی بەرەنگاربوونەوەی ماددە هۆشبەرەکان نۆ و پۆینت سێ لە سەد لە یەک ملیۆن و ٣٢٥ هەزار موعتاد لە ولات دا ژنانن. هەر بە پێی ئەو ئامارە تەمەنی ژنانی موعتاد لە نێوان ١٥ تا ٤٦ سالیە کە لەو نێوەدا ٦٢ لە سەد ژنانی خاوەن هاوسەرو ٣٥ لە سەد کچان و ٣ لە سەدیش ژنانی جیابووەن و بە گشتی ٤٤ لە سەدی ئەوان لە ژێر تەمەنی ٣٠ ساڵیەوەن و زۆرترین جۆری ماددە هۆشبەرەکان لە نێو ژنان دا حەشیش و تریاک و کراکین.

ژنان بێجگە لەو هەموو کێشانە ڕوبەروی کێشەی تری کۆمەلایەتیش دەبنەوە. بۆ نموونە کاتێک کە پیاوێک دەیهەوێ خۆی چارەسەر بکات ئەوا بنەماڵەکەی پشتیوانی لێ دەکەن هەروەها دەورو بەرەکەشی بە هەمان شێوە بەڵام بۆ ژنان بەم شێوەیە نیە و ئەمەش وا دەکا کە ژنان لەو بارەیەوە موعتاد بوونی خۆیان بشارنەوە و نایانهەوێ کە ئەو بابەتە لە لای بنەماڵەکانیان باس بکەن و بنەماڵەکانیشیان یارمەتیان نادەن بۆ تەرک کردنی ئیعتیادەکەیان. هەر لە بەر ئەم هۆکارەیە کە زۆربەی ژنانی تووش بوو بە ماددە هۆشبەرەکان خۆیان لە سەردانکردنی ناوەندەکانی تەرکی ئیعتیاد دەپارێزن.

لە کاتێک دا کە دایک و باوک هەردووکیان گیرۆدەی مادده هۆشبەرەکانن بە ڕێژەی زۆر منداڵەکانیان دەبنە قوربانی لە بەر ئەوەی کە منداڵان هیچ هۆکارێکی پارێزگاری کردن لە خۆیانیان نیە و نە دەتوانن ماڵ بە جێ بهێڵن و نە دەتوانن لە بەرامبەر دایک و بابیان دا بوەستنەوە. هەروەها بە هۆی ئەوەی کە دایک و باوکی موعتاد نایانهەوەێ گوێیان لە لۆمەکردن و ئامۆژگاریکردنی کۆمەڵگا بێت ئەوا خۆیان لە خەڵک بە دوور دەگرن و بە هەمان شێوە منداڵەکانیشیان گۆشەگیر دەبن و ڕوبەڕووی توند و تیژی و ئازاری جەستەیی دەبنەوە و لە مافە سەرەتاییەکانی وەک و خوێندن و سلامەتی و زۆر مافی دیکە بێ بەش دەبن.

ئیعتیاد نەخۆشیەکە کە خۆی خزاندۆتە نێو تاکەکانی کۆمەڵگاوە و تەنیا ڕێگای لە نێو بردنی ئەو نەخۆشیە بەرانگار بوونەوەیەتی و پەروەردەکردنی منداڵیش کاریگەری زۆری لە سەر ئەم مەسەلەیە هەیە. بەو واتایەی کە منداڵەکانمان هۆشیار بکەینەوە لە زەرەد و زیانەکانی مادده هۆشبەرەکان و دەرەنجامەکانی.

سەرچاوە: ماڵپەڕی یەکێتی ژنانی دێموکراتی کوردستان - ڕێکەوتی: ١٧ی دێسەمبەری ٢٠١٤

# بە بۆنەی ٢٥ی نوامبر



**ئەنوەر ئەسەدزادە**

٢٥ی نوامبر رۆژی جیهانی بە رە نگاربوونە وە ی  توندوتیژی لەدژی ژنان بەرێوەیە. بەشێکی زۆری ژنان و پیاوانی یەکسانیخواز لەئاستی جیهانیدا لەهەوڵی رێکخستنو خۆئامادەکردنی کەمپەینو سمینارو ئاکسیۆنی جەماوەرین لە پێناو بەهێزترکردنی بزووتنەوەکانی ژنان بەمەبەستی نەهێشتنی هەرچی زیاتری شێوازەکانی توندوتیژی لە ئاستی جیهاندا. لەگەڵ سەرجەم پێشکەوتنە جیهانییەکان هێشتاکە توندوتیژی بوونی هەیە. رێکخراوی بێهداشتی جیهانی(WHO) لە لێکۆڵینەوەی نوێیەکانی خۆیدا رایگەیاندووە لەهەر سێ ژن لە جیهاندا یەک کەسیان لەگەڵ توندووتیژی بنەماڵەیی رووبەڕ دەبێتەوە. ئەم رێکخراوە جیهانە سەبارەت بە پەرەسەندنی توندوتیژی دژی ژنان نیگەرانی خۆی دەربڕیوە. ئەم هەواڵەو بگرە دەیان راپۆرتو هەواڵی دیکە لە کوردستان و باقی شوێنەکانی دیکەی ئێران لە ماوەی رابردوودا جیگەی نیگەرانین و بەردەوامی ئەم بابەتە دەڕوات کە وەک قەیرانێکی کۆمەڵایەتی، خۆی پێناسە بکات. ئەم بابەتە هەڵگری ناوەرۆکی باس کردن لە توندوتیژی بە گشت جۆرەکانیی وهۆ یان هۆکارە سەرەکییەکانی نییە، بگرە تەنیا وەبیر هێنانەوەیەکو هەڵوێستەیەکە لەسەر بوونی توندوتیژیو مۆتۆربە بوونی یاسای کۆماری ئیسلامیو کولتوری پیاوسالاری لە ئێران.

ژنان لە کۆمەڵگای ئێمەدا هێشتاکە وەکو ئامراز چاویان لێ دەکرێت، ئەمرۆ گەرچی رەوتی گۆڕانەکان بەرەو باشی دەڕِۆن بەڵام ئەو ئاڵوگۆڕانە زۆر بە شێنەیی دەڕۆنە پێشەوە. ژنان وەک پێداویستی پیاوان و وەک کەرەسەیەک چاویان لێ دەکرێت، لەم روانگەیەوە ژنان لە خۆیاندا بوونێکیان نییە، جەستەی زیندویان ئامرازێکە بۆ خۆشگوزەرانی و رابواردنی پیاوان، کەواتە پیاوی هەڵگری ئەم بیرۆکەیە، ژن هەر وەک هەموو کەرەسە خزمەت گوزارییەکان کە لە خزمەتیدایە، چاو لێ دەکات و لە روی خواست وئیرادەی خۆیەوە چارەنووسی ژن دیاری دەکات. شوو بەکێ بکات، کێی خۆش بوێت، قینی لە کێ بێت، چۆن ولامی خواستە دەروونییەکانی خۆی بداتەوە، لەگەل کێ هەڵسووکەوت بکات، کەی لەماڵ بێتە دەرەوە و تا کەی لەماڵ بمێنێتەوە، تاکەی بخوێنێت و لە قوتابخانە بێت، بۆ کوێ

سەفەر کات و بۆ کوێ سەفەر نەکات، واتە پیاوی هەڵگری ئەو بیرەیە و بۆی دیاری دەکات کێی بوێت و کێی نەوێت، چۆن ژیان بکات وچۆن بمێنێتەوە، کە واتە ژن لە سەر ژیانی خۆی مافی هیچ جۆرە بڕیاردانێکی نییە. زۆر جار ژن وەک مرۆڤێکی تەنیا، لە کۆمەڵگای ئێمەدا خۆی لە گەڵ چوار چێوەی سەخت ودژواری پیاوسالاریدا دەگونجێنێت و زۆر جاریش لە بەر ئەوەی خۆی لەو ئازارانە بشارێتەوە ڕێگەی ناخۆشو قەرەبوو نەکراوتر دەگرێتە بەر.

گشت ئەمانەی باسی هات توندوتیژین لەدژی ژنان. دیارە ڕەهەندەکانی توندوتیژی زۆر لەوە بەرفراوانترن، بەڵام هەمیشە ئەم جۆرە هەڵسوکەوتە کۆمەڵایەتییانەی خاوەن باکگراوەندێکی پیاوسالارانەن توندووتیژیان لێ لەدایک دەبێت. توندوتیژی بەرهەمی زەواجی عەقڵیی نێرینەو یاسای دواکەوتووانەی دەسەڵاتێکە کە تا زیاتر بتوانێ کولتووری توندوتیژی لە حاڵی پەرەسەندن دابێت، زیاتر مانەوەی خۆی لە بەهێزکردنی یاسا دواکەوتووەکانی گەرەنتی دەکات. سەیری مەجلیس کۆماری ئیسلامی بکەن هەر جۆرە یاسایەکی هەڵگری بیرێکی توندوتیژانەیە، هەر جارەو بە بیانوویەک توندوتیژی بەرهەم دەهێننەوە. توندووتیژی بە گشت ڕەهەندەکانی بۆتە لوتکەی سەربەزریو لەهەمانکاتدا زامنی مانەوەیان.

خۆدزینەوەی کۆماری ئیسلامی لە بڕیارنامە و پەسندکراوە جیهانییەکان و تەنانەت بەڵێنە حکومەتییەکان بۆ لابردن و نەهێشتنی توندوتیژی لە دژی ژنان باس لە ئامانجە ڕانەگەیەندراوەکانی ڕژیم لە بەڕیوەبردنی ئەم جۆرە ڕەفتارەو کردنەوەی بەستێنەکان بۆ پراکتیزە کردنی لە کۆمەڵگادایە. هەڵدانەوەی ئارشیوی توندوتیژییەکان لەئێران لەدژی ژنان لەم چەند ساڵەی دوایی باس لە نالەبارترین بارودۆخ دەکات و هەر لە سەنگساری ژنانو بێ ڕێزی کردن بە کەسایەتیانو ئیعدام کردن و لەم دواییانەش ڕێگە خۆشکردن بۆ ئەسید پژاندن بەهەر هۆکارێکی سەقەتەوە بگرە تا دەگاتە سەپاندنی دەیان یاسای دژە ژنی لە کۆمەڵگای ئێراندا. کۆماری ئیسلامی سەرباری گشت ئاگادارییەکان لە لایەن ڕێکخراوە جیهانییەکانەوە پێی دراوە نەک هەر کۆتایی بەم توندوتیژانە لەدژی ژنان نەهێناوە، بەڵکوو بەپێچەوانە لەهەوڵی ئەوەدایە دزیوترین چەشنی سزاکان زیندوو بکاتەوە و ئەم بارودۆخەش لە ئاراستەی نانەوەی ترس و تۆقاندن لە کۆمەڵگادا پەیڕەو دەکرێت.

توندوتیژی دژی ژنان بەهایەکی کولتووری پیاوسالارە. زۆرجار تەنیا بە مەبەستی بەرتەسککردنەوەی ژن لە چوارچێوەیەکی تایبەت و خاوەنداریەتیکردنی ژن لە لایەن پیاوەوە خۆی دەنوێنێ. لێرەدایە پیاو وەکوو دەسەڵاتی ڕەها و ژن وەک کوێلەیەک پێناسە دەکرێ‌و بەتاڵ دەکرێتەوە لە شوناسی واقعیی ژن بونو مرۆڤ بوونی. لێرەدایە ئیتر سەرپێچیکردنی ژن لە بڕیار و ئارەزوەکانی پیاو وەک سەرپێچیکردن لە پێگەیەکی پیرۆز، دێتەئەژماردن و سەرپێچیکەر لە عەقڵییەتی پیاوسالاردا تەنیا ڕێگە بە توندووتیژی دەزانێ‌و تەواوی هەوڵی خۆی بۆ تۆڵە سەندنەوە دەخاتە گەڕ. لێرەدایە یاسای کۆنو دژە ژن ڕێگەکانی بە کراوەیی هێشتۆتەوەو پیاو و دەسەڵات لەوە دڵنیا دەکاتەوە کە سەرپشکی لەهەر جۆرە توندوتیژییەک. لێرەدایە ئێتر ژێرپێخستنی ئاوات و یاسای پیاو وەک شکاندنی هەرێم و خاوەنداریەتی ڕەهای ئەو دەناسرێت و دەسەڵاتی نێرینە بۆ سزادان بە کردار و یاسا و پەرتووک تەیاردەبێت. لە پێکهاتەی دەروونی ئەم سیستمەدا هەستی خاوەنداریەتی¬کردن بەسەر هێزی سکسی ژن لە دەروونی پیاودا دروستدەبێت و شێوەی پۆشینی جل و بەرگ و ڕق و قین لەو پیاوانەی کە ئەگەری ڕفاندن و بەتاڵانبردنی ژنی ساحەب خاوەنیان تێدا بەدیدەکرێت،

لێرەدایە ئیتر تۆوی نەفرەت لەلای پیاوان دروستدەکاتو توندوتیژی لەچەشنی ڕشانەوەیەک لەعەقڵییەتی مێگەلی لێ بەرهەم دێتو هەر کردەیەک لە دژی ژن بە سەرکەوتنی خۆی وێنادەکاتو هەر بێ هەڵوێستییەکیش وەک بێ ناموسی! بێ غیرەتی! بێ شەرەفی! لە بیری داخراویدا بیچم دەگرێ. لەم شێوە سیستەمەدا بەها تایفی و عەشیرەییەکان لە ژیانی ڕۆژانەی خەڵک و لە یاسا پەسندکراوەکان خۆی دەنوێنێت و پارێزەرانی ئەم سیستمەش یان پیاون و یان هەڵگری کولتووری پیاوانەن.

ئێران یەکێک لەو وڵاتانەیە کە زۆرترین ئینسانی ڕەوانەی کوشتارگاکانی بەردەباران کردووە و مێژووی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی هەزاران قوربانی توندوتیژی دژی ژنانی لێکەوتۆتەوە. لە ئێران گەڕانەوە بۆ سەرچاوەکانی شەریعەت تەنیا یەکێک لە هۆکارەکانی بەکردەوە دەرهێنانی توندوتیژیی بووە. پەسندکردن و پراکتیزەکردنی ئەم یاسایە ڕەهەند و هۆکارێکیتریشی هەیە و ئەویش نەبوونی مەشروعیەتی سیستم و دەسەڵاتە، کە سیستم بە پەنا بردن بۆ ئەم کارانە لەهەوڵی نانەوەی ترس و تۆقاندن لە ناو خەڵکدایە . لێرەدا دەسەڵات لەژێرناوی پارێزگاریکردن لە بڕوا ئاینیەکان ئەم یاسایە پەسنددەکات و بەکردەوەی دەردەهێنێت. لە دادگاکانی کۆماری ئیسلامی زۆر بە سانایی دڕندانەترین سزای سەردەم واتە بەردەباران بەسەر تاکە بەناو تاوانبارەکاندا دەسەپێنن و دواتریش کۆمەڵێ ئینسانی فریودراو بۆ شانۆی پڕ لە مەرگ و ئازار بانگهێشت دەکرێن.

بێشک ئاڵوگۆڕێکی بنچینەیی سیاسی لە ئێران دەتوانێ بەشێکی بەرچاو لە یاسا و نەریتە دژە ئینسانییەکان و لەوانە سزاکانی دژە ژنی لەگەڵ خۆی چاڵ بکات و بە داڕشتنەوەو نوسینەوەی یاسایەکی یەکسانیخوازی هەوڵ لەپێناو نەهێشتنی کولتوری دژە ژنیش لە ناوکۆمەڵگا بدرێتو یاسا سەروەر بێت لە کۆتایی هێنان بە توندوتیژی لە دژی ژنان.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاسۆی ڕۆژهەڵات - ڕێکەوتی: ٢٢ی نۆڤەمبەری ٢٠١٤

# بە بۆنەی ٢٥ی نوامبر رۆژی جیهانی بەرەنگار بوونەوەی توندوتیژی دژبە ژنان




## ئا: پەروین عەلی مورادی

لە دسامبری ١٩٩٩ لە کۆبونەوەیەکی گشتی، رێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان ڕەشنووسی ژمارە ١٣٤ / ٥٤ لە ژێر ناوی لەناوبردنی توندو تیژی دژ بە ژنان پەسەند کرا. هەر لەو کۆبوونەوەدا ڕاگەیاندرا کە توند و تیژی دژ بە ژنان ڕێگرو لەمپەرێکی هەرە مەزنە لە بەردەمی ژنان بۆ ئەوەی لە بوارەکانی ئابووری، سیاسی، کۆمەڵایەتی و یاسایی مافی بەرامبەر و یەکسانیان هەبێ.

توند و تیژی دژ بە ژنان دەبێتە سەرچاوەی زیان و خەسارەتی قورس و گران لە بوارەکانی جنسی، جسمی و دەرونی بۆ ژنان هەم لە ماڵەوە و هەم لە پانتای کۆمەڵگادا، هەر بۆیە رۆژی ٢٥ی نوامبر لە ئەمریکای لاتین وەک رۆژی توند و تیژی دژ بە ژنان پەسند کرا. فێمینستەکانی ئامریکای لاتین و کارائیبیەکان لە ساڵی ١٩٨١ توند و تیژی دژ بە ژنانیان کرد بە رۆژێکی گرنگ و لەو رەوتەدا ئازاری جنسی و ئەشکەنجەی ژنانیان بەدەستی دەستەڵاتداران لە قاودا. ڕۆژی ٢٥ی نوامبر بە یادی سێ خوشکەکانی میرابڵ ناوزەندکراوە. ئەو سێ خوشکە بە ناوەکانی پاتریا، مینروا و ماریا ترێسا لە ساڵانی ١٩٣٥ - ١٩٢٧ و ١٩٢٤ لە کۆماری دۆمینیکن لە دایک بوون. ئەو سێ خوشکە لە دۆمینیکن گەورە بوون و هەر لەوێش درێژەیان بە خوێندن دا. مینروا و ماریا لە دانیشگادا درێژەیان بە خوێندن دا. ئەو سێ خۆشکە هاودەنگ لەگەڵ مێردەکانیان لە دژی دیکتاتۆرییەتی (تروجیلو) چالاکی و خەباتیان دەکرد. تێکۆشانی ئەوان لە دژی دیکتاتۆری، بوو بە سەمبۆلی خوراگری و خەبات لە ناو کۆمەڵانی خەڵکدا. هەر بەو هۆیەوە ئەو سێ خوشکە و مێردەکانیان کەوتنە بەر ئازار و پێگەردی کاربەدەستانی رژیم و چەندین جار زیندانی و دادگایکران، بەڵام ئەوان هەر بەردەوام بوون لەسەر خەباتیان و سڵیان نەکرد. لە نوامبری ١٩٦٠ (تروجیلو) رایگەیاند کە دوو شت کێشە و کۆسپی سەرەکین، یەکەم کلیسا و دووەم خوشکەکانی میراباڵ.

لە رێکەوتی ٢٥ی نوامبری ١٩٦٠ لە کاتێکدا ئەو سێ خۆشکە بە ماشێن بە مەبەستی دیدار و بینینی مێردەکانیان بەرەو زیندان

وەڕێکەوتبوون، لە کارەساتێکی دڵتەزێنی پێکدادانی ئۆتۆمبێل دا گیانیان لە دەستدا. ئەو ڕووداوە بوو بە سەرچاوەی ناڕەزایەتی زۆری کۆمەڵانی خەڵک و لە ئەنجامی خەباتی خەڵک ڕژیمی دیکتاتۆری تروجیلو لەناو چوو. ئەو سێ خوشکە و خەباتیان لە لایەن فێمینیستەکانەوە وەک سمبوولی بەرخۆدان و ڕزگاری بەرزکرایەوەو زیندوو ڕاگیرا. ئازار و تێکۆشان و گیان بەختکردنی ئەوان لە شیعر، گۆرانی و نوسراوەکاندا شوێنیکی بەرچاویان هەیە. ٢١ ساڵ دوای ئەو ڕووداوە واتە ساڵی ١٩٨١، خەباتکاران و هەڵسووڕاوانی مافەکانی ژنان ڕۆژی ٢٥ی نوامبریان وەک ڕۆژی جیهانی خەبات لە دژی توندوتیژی ڕاگەیاند. چونکە ئەم ڕۆژە وەبیرهێنەرەوەی گیان بەختکردنی دڵتەزێنی خوشکانی میرابال بوو. لە ساڵی ١٩٩٩ی زایینیدا مەجمەعی گشتی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکانیش ئەم ڕۆژەی وەک ڕۆژی نێونەتەوەیی بەرەنگار بوونەوەی توندوتیژی لە دژی ژنان بە ڕەسمی ناسی و پەسەندی کرد. بەم بۆنەوە هەموو ساڵێک بۆ پێشوازی لەم ڕۆژە لە حەفتەیەک پێشتریەوە، لە سەرتاسەری جیهان چالاکی و بەرنامەگەلێکی تایبەت بەڕێوەدەچێت و توندوتیژی لە دژی ژنان دەبێتە تەوەری سەرەکی باس و گفتوگان. بێگومان ئەوەی کە ئەم ناوەندە نێونەتەوەییەی ناچار کردووە کە وەها ڕۆژێک دیاری بکات، هەبوونی توندوتیژییەکی بەرچاو و حاشاهەڵنەگرە دژ بە ژنان لە هەموو دنیادا. بە پێی ئامارەکان، لە هەر ٥ ڕۆژدا ٢ ژن بە هۆی توندوتیژی ناو بنەماڵەوە گیانی خۆیان لەدەست دەدەن.

گومان لەوە دا نییە کە زۆربەی هەرە زۆری ئەو ژنانە، لە رووخانی دیکتاتۆریدا خەونی کرانەوەی زنجیرەکانی دەست و پێ خۆیان وەک ژن بینیووە، بەڵام ئەو تەجروبەیە دیسان نیشانی دا کە کرانەوەی کۆت و بەندی ژنان لەو وڵاتانە پیوەندی بەوەوە هەیە کە ژنان تا چ ڕادەیەک بە دروشمی خۆیانەوە دێنە مەیدان و داوای مافەکانی خۆیان دەکەن. بەڵام هەروا کە دەزانین توندوتیژی دژ بەژنان، هێشتا یەکێک لە گەورەترین و ترسناکترین ناڕەواییەکانی نێو کۆمەڵگای ئینسانییە. هێشتا لە هەموو دونیا لە شوێنی کار، خوێندنگە، شەقام و زۆرتر لە هەمووشیان لە کونجی ماڵ و خێزاندا، ژنان و کچان بێ ڕێزیان پێدەکرێ، لێیان دەدرێ و دەستدرێژیان دەکرێتە سەر. ئەوەی کە جێی داخە ئەوەیە کە ئەو بارودۆخە کە بە سەر بەشێکی زۆر و بەرچاوی ژنانی وڵاتانی جۆراوجۆردا سەپاوە، زۆر بەدەگمەن و لە ئاستێکی زۆر کەمدا سەرنجی بۆ ڕادەکێشری و پلانی بەرەنگاربوونەوەی بۆ دادەنرێ.

ئامارەکان باس لەوە دەکەن لە هەر ١٨ چرکەیەکدا لە دونیا ژنێک دەکەوێتە بەر مەترسی توندوتیژی، زیاتر لە ٦١ لەسەدی ژنان لە کاتی دووگیانیدا بەرەوروی توندوتیژی دەبنەوە، لە ڕۆژدا ٧ هەزار کچی منداڵ لە دونیا بە زۆر بەشوو دەدرێن و هەر ساڵێک ١٠ میلیون منداڵی کچ منداڵیان دەبێت، لە کاتێکدا خۆیان هێشتا منداڵن. لە دونیا زیاتر لە ١٣٥ میلیون ژن لە باری جنسیەوە کەم ئەندام کراون و ڕۆژانە شەش هەزار کچی منداڵ لە باری جنسیەوە کەم ئەندام دەکرێن، لە زۆربەی ناوچەکانی هیندوستان پێنج لەسەدی ژنان لەبەر ئەوەی پوڵی بردنی جەهازی زۆریان نیە، دەکوژرێن و ساڵانە زیاتر لە پێنج هەزار کوشتن لە ژێر ناوی بەرگری لە شەرەف و ناموس ڕوودەدات. بەداخەوە لە هەرێمی کوردستانیش لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا ١٠١٢ هەزار و دوازدە ژن سوتاون و لە هەفتەیەکیشدا زیاتر لە ٢٠ ژن دەسوتێن؟

**توندوتیژی لە سەر بنەمای جێندەری و ئاکامەکانی و چۆنیەتی ڕوبەڕوبونەوەی**

دیارە زۆر کارەسات و دیاردەی دڵتەزێن ڕۆژانە ڕوو دەدەن لە زۆربەی کۆمەڵگاکاندا، بەڵام هەندێک جار کەیسێک یان چیرۆکێک دەتوانێ دونیایەک لە نەهامەتی کە لە تاریکیدا ڕوو دەدەن بخاتە بەر ڕوناکی و ویژدانی خەڵک بە ئاگا بێنێ! وە ئەم کارەساتەش یەکێکە لەوانە کە بەهۆی سوور بونی چالاکوانانی ژن لە ئەمریکادا و یادکردنەوەی بەردەوام لەم کارەساتە، سەرەئەنجام بکرێتە ڕۆژێکی جهیانی.

پێشتر لە ساڵی ١٩٩٣ ڕێکەوتننامەی سیداو واتە (ڕیکەوتننامەی لەناوبردنی توندوتیژی لەدژی ژنان) لە لایەن نەتەوە یەکگرتوەکانەوە بڕیاری لەسەر درا کە وەکوو هەنگاوێکی گرنگ لەقەڵەم دەدرێت. توندوتیژی بەرامبەر ژن لەسەر بنەمای جێندەر بەم شیوەیە پێناسە دەکرێت: "هەر کارێکی توندوتیژی لەسەر بنەمای جێندەر کە ببێتە هۆی و یان سەرنجام ببێتە هۆکارێک بۆ ئەزیەت و ئازاری جەستەیی، جنسی، یان دەرونی. هەروەها ئەمە هەڕەشە و زۆرداری و دابڕان لە ئازادی چ لە فەزای گشتی یان لە فەزای تایبەتیدا بێت دەچێتە خانەی توندوتیژی یەوە". زۆرێک لە توندوتیژییەکان لە ناو خانەوادەدا ڕوودەدات. بۆ نمونە لێدان و ئەشکەنجەی دەرونی و جەستەیی و دەستدرێژی جنسی تەنانەت بۆ سەر منداڵیش. جۆرەکانی توندوتیژی بەپێی کۆمەڵگاکان دەگۆڕێن و کەم و زۆری و ئاستی بەرەنگاربونەوەشی جیاوازە لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی تر. توندو تیژی و بەتایبەت توندوتیژی لە دژی ژنان دیاردەیەکی زۆر پێچیدەیە، لەبەر ئەوەی دەرئەنجام و ئاکامەکانیشی پێچیدەن. لە زۆربەی کۆمەڵەگاکان توندوتیژی لەدژی ژن نەهادینە دەکرێ و وەکوو نۆرم مامەڵەی لەگەڵ دەکرێ تەنانەت لە زۆرێک لەو وڵاتانەش کە بە یاسا توندوتیژی لەدژی ژن قەدەغە کراوە.

بۆ نمونە لێرە بە پێی ئامار لە چوار ژن ژنێک لە ژیانیدا دوچاری توندوتیژی دەبێتەوە، جیاواز لەوەی لە چ باکگراوند، چین، دین و ڕەگەزێکە. هەروەها بە پێی ئاماری هۆم ئۆفیس نزیکەی ١٣ میلیۆن شکایەت لای پۆلیس ڕیپۆرت دەکرێت کە حاڵەتی توندوتیژی دژ بە ژن چ جەستەیی بێت و یان هەڕەشەی توندوتیژی بێت لە لایەن هاوسەر، یان هاوسەری پێشویانەوە. هیشتا لە ٥٣ وڵاتی جیهاندا سووکایەتی کردن بەرامبەر بە ژن لە چوراچێوەی هاوسەرداریدا بە تاوان دانانرێ. لە کوردستانیش لەم دواییانەدا یاسای قەدەغەکردنی توندوتیژی خێزانی بەرامبەر بە ژن و منداڵ دانراوە، بەڵام مەلا ئیسلامیەکان کەمپینی لە دژ دەکەن کە گوایە ئەمە کۆمەڵگا بەرەوە بەرەڵایەتی و خێزان بەرەو هەڵوەشانەوە دەبات و لێدان وەکوو دیسپلین بۆ ژن و منداڵ بە واجیبێکی دینی دەزانن.
بەپێی ڕاپۆرتەکانی ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکان، ژنان ٧٠ لەسەدی هەژارەکانی جیهان پێکدەهێنن و خاوەنی تەنیا یەک لەسەدی ئەو زەوییانەن کە سەنەدیان هەیە.

بە پێ ڕاپۆرتی ڕێکخراوی کاری جیهانی کە سەر بە نەتەوەیەکگرتووەکانە، لە یەک کاتدا زیاتر لە ١٢ میلیۆن کەس لە کاری زۆرەملێدان بە هەموو جۆرەکانیەوە، ئەمە بەردەداری سێکسیش دەگرێتە خۆی. لە ئاسیا بە تەنیا زیاتر لە یەک ملیۆن منداڵ لەبازرگانی سێکسدا بەکار دەهێنرێن و گوزەرانیان لەگەڵ کۆیلە هیچ جیاوازییەکی فەرقی نییە. پەیوەندی چەوسانەوەی ژن بە سیستمی سەرمایەداری و جیاوازی چینایەتی لەسەرتاسەری دونیادا بە ئاشکرا دیارە. بەشێکی زۆر لە ژنان بە حەقدەستێکی زۆر کەم، ڕۆژانە ژیانی خۆیان و خێزانەکانیان دابین دەکەن. هەندێک کار کە ژن بژێوی پێ دابین دەکات وەکوو کاری ڕەسمی مامەڵەی لەگەڵ

ناکرێ و هیچ زەمانەتێکی گیانی و کارییان نییە.

ئەو ژنانەی کە بازرگانی بە جەستەیانەوە دەکرێ بەشیکن لە ژنانی کرێکار کە لە نزمترین ئاستی کۆمەڵگادا چاویان لێدەکرێ و بە هەموو شێوەیەک دەچەوسێنەوە. دیارە بازرگانی بە جەستەی ژنەوە سێهەمین بازرگانی پڕ سودە لە دونیادا لەدوای بازرگانی چەک و مادە هۆشبەرەکان. ساڵانە سەرمایەیەکی خەیاڵی لە دەرەئەنجامی نەهامەتی و ژێردەستەیی و سوکایەتی بە جەستەی ژنەوە پەیدا دەبێت بۆ کۆمەڵێک سەرمایەداری بازاڕی ئازاد. کچان و ژنان لە ماڵە لەشفرۆشیەکاندا بەند دەکرێن و ئەگەر هەوڵی راکردن بدەن، لێیان دەدرێت، خواردنی کەم و زۆرجاریش مادەی بێهۆشکەریان پێ دەدەن بۆ ئەوەی پاسیفیان بکەن و ئەدیکت بن کە نەتوانن دەرباز بن لەم کۆیلەتییە.

**بارودۆخی ژنان لە کوردستان:**

کوشتاری ناموسی، سوتاندن، خەتەنەکردن، بەزۆر بەشودان، شیربایی و کۆمەڵێک فۆرمی تر لە توندوتیژی بۆتە بەشیکی دانەبڕاو لە ژیانی رۆژانەی هەزاران ژن لەو کۆمەڵگایەدا.

دەسەڵات لە هەرێمی کوردستان چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەم کێشەیە دەکات: دەسەڵات بە شێوەیەکی فەوقی مامەڵە لەگەڵ کێشەی توندوتیژی و کوشتاری ژناندا دەکات. لە هەرێمی کوردستان کۆمەڵێک یاسا هەیە بۆ بەرەنگاربونەوەی کوشتنی ناموسی و توندوتیژی بەڵام ناچێتە بواری کار پێکردنەوە. لە ئاستی کولتوری و پەروەردە و مافی ژن لە کارکردن و پاراستنی گیانی، کار بۆ بردنەسەرەوەی ئاستی هۆشیاری ناکرێ و بەڵکوو کۆمەڵێک داب و نەریتی دینی و دواکەوتوی فیۆداڵی تا ئێستاش بەردەوامی هەیە لە کوردستان و قوربانییەکانی ئەم وەزعەش ژنانن.

**بارودۆخی ژنان لە ئێران**

هەروا کە دەزانین رژیمی دژ بە ژنی کۆماری ئیسلامی بەردەوام هەوڵی داوە ژنان خانەنشین و بێ دەسەڵات بکات و لەم رێگایەدا هەموو هەوڵێکی خۆی خستۆتە گەڕ. ئەمساڵ زیاتر لە هەموو ساڵان رژیمی کۆماری ئیسلامی هەوڵی بەکردەوە دەرهێنانی گەڵاڵەی حیجاب و عیفافی دا، بەڵام ئەم گەڵاڵەیەی شکستی خوارد و ژنان حازر بە قبوڵ کردنی ئەم سوکایەتییە ئاشکرایە نەبوون. لەم پێوەندەدا لە سیاسەتێکی قیزەوندا و وەکوو هەموو قەتڵ و جەنایەتە زنجیرییەکانی لە رێگای لیباس شەخسییەکانیەوە هێرشێکی بەرینیان لەدژی ژنان دەستپێکرد و لەم پێوەندەدا لە شاری ئیسفەهان ١٥ ژن و کچ رووبەروی ئەسید پێداکردن بوونەوە. ئەو رووداوانە بووە هۆی گیان لەدەست دانی چەند کەس لەو قوربیانیانەش. رژیم بەنیاز بوو ژنان بترسێنێت و رەوانەی ماڵەوەیان بکات بەڵام ئەم سیاسەتەشی وەکوو هەمووە سیاسەتە دژ بە ژنەکانی دیکەی شکستی خوارد. خەڵکی ئیسفەهان لە رۆژی چوارشەممە ٢٢ی ئوکتوبردا لە بەردەم دادگوستەری شاری ئیسفەهان خوپێشاندانێکیان بەرێوەبرد و داوای دەستبەسەر کردنی تاوانبارانی ئەو رووداوانە و دابین کردنی

ئەمنییەتیان کرد. ژمارەیەک خەڵکیش لە تاران لەبەردەم پارلمان خۆپێشاندانێکی نارەزایەتیان لەدژی ئەسید پێداکردن بەرێوەبرد کە قوربانیانی پێشووی ئەسید پێداکردن و هەروەها کەسایەتیگەلێکی بەناوبانگ، تێدا بەشدارییان کردبوو. لەم ڕێگایەدا جارێکی دیکە بە رژیمی نیشان درا کە چیتر خەڵک و بە تایبەت ژنان بێدەنگ نابن. بە پێی لێکۆڵینەوەکان لە هەر کۆمەڵگایەکدا کە گوشار بۆ سەر هاوڵاتییەکانی زیاتر بێت لە بەرامبەردا خەڵک لە خۆیان کاردانەوە نیشان دەدەن و بێدەنگ نابن.

هەرواکە شاهیدی بووین پەسند کردنی تەرحە زنجیرەییەکان لە مەجلیس لەژێر ناوی تەرحی "هەڵاواردنی جنسیەتی"، تەرحی ئامران بە مەعروف و ناهیان لە مونکەر، گەڵاڵەی پارێزگاری کردن لە حەریمی عیفاف و حیجاب، چالاک کردنەوەی گەشتەکانی ئیرشاد لە خیابانەکاندا ئەودیوی دیکەی عەمەلیاتی زنجیرەیی ئەسید پاشی لەدژی ژنان بوو. بەڵام ژنان، پیاوان و هەموو تاکێکی خەڵکی ئێران نەتەنیا توشی ترس و نیگەرانی نەبوون، بەڵکوو بە هاوپشتی یەکتر و حزوری بەرین و لێبڕاوانە لە خیابانەکاندا داوایان لە رژیم کرد کە بڕیاردەران و بەرێوەبەرانی ئەم جەنایەتە دەبێ بەخێرایی بەخەڵک بناسرێن و سزا بدرێن. ئەمەش جارێکی دیکە سەلماندی کە خەڵک و بە تایبەت ژنان چاوترسێنی سیاسەتە جەنایەتکارانەکانی رژیم نابن و حازر نین بگەڕێنەوە بۆ کونجی ماڵەکانیان و بێدەنگ بن.

هەروا کە دەزانین توندوتیژی لەدژی ژنان جیهانە و ئەمڕۆ لە لوتکەی قەیرانی جیهانی سەرمایەداری، چەوساندنەوەی ژنان، زیاتر لە هەر کاتێکی دیکە شکڵ و شێوەی توندوتیژانە و جەنایەتکارانەی لەخۆ گرتووە. هەر لەم پێوەندەدا حاڵەتەکانی لە دیاردەگەلێکی وەک سەرهەڵدرانی داعش لە عێراق و سوریە و کۆبانی و ئەسید پاشان کۆماری ئیسلامی لە ئێران و بوکوحەرام لە نیجرییە دەبینین.
بەڵام خاڵی جێی سەرنج ئەوەیە کە لە بەرامبەر ئەم هەمووە جەنایەتە شاهێدی شێوازێکی دیکەی بزووتنەوەیەکین کە سیستمی سەرمایەداری ئێستا بەرەو چاڵش بردووە و بە سەرجەم جەنایەتەکانی سەرمایەداری نارازیین. ئەتوانین لەم پێوەندەدا ئاماژە بە سەرهەڵدرانی بزووتنەوەیەکی نوێی ئازادیخوازانەی ژنان بکەین کە بەرەو پێشەوە هەنگاو دەنێت و لەدژی کۆیلەتی جنسی ژن ڕاوەستاوە و خۆڕاگری دەکات. بزووتنەوەیەک کە بە تایبەت لە بەرامبەر ئیسلامی سیاسی و یاسا دواکەوتووە ئیسلامییەکان و دەستێوەردانی هەر جۆرە مەزهەبێک ڕاوەستاوە. ئەم بزووتنەوەیە لە نارەزایەتییەکی بێ وێنەدا لەدژی کۆیلەتی جنسی ژن و گەڵاڵەی جیجاب و عیفاعی رژیم لە ئێران بە ئاشکرا خۆی نیشان دا.

ئەمە بزووتنەوەیەکە کە ٢٥ی نوامبر ڕۆژی جیهانی نارەزایەتی لەدژی ژنی بەدەستەوە گرتووە و ئەم ڕۆژە هەموو ساڵێک ڕەنگێکی هێرشبەرانەتر لەخۆدەگرێت. ئەمڕۆکە کە جیهان بۆتە گۆڕەپانی جەنایەتگەلێکی جۆراوجۆری گروپەکانی داعش و بوکوحەرام لە عێراق و سوریە و کۆبانی و نجیرییە و ئەسید پاشەکانی ئیسلامی لە ئێران. ئێستا کە ئەم جەنایەتکارانە لە بەرچاوی ئێمەدا، ژنان بە بارمتە دەگرن، ئەوان دەبن و وەک غەنیمەتی خەلافەتی ئیسلامییەکەیان چاوی لێدەکەن، لە بازاڕەکاندا کڕین و فرۆشیان پێدەکرێت، کچۆڵەکان و ژنان دەرفێنن و حەراجیان دەکەن، دەستدرێیان دەکەنە سەر و دەیانکوژن و لە پشت ئەم هەمووە جەتایەتە، ڕەقابەتی کۆنەپەرەسترین دەوڵەتانی ناوچەکە هەیە و دەوڵەتی ئامریکا و ڕۆژئاواش لە دوورەوە چاو لەم بارودۆخەکە دەکەن تا بەڵکوو لە پازلێکدا کە خۆیان پێکیان هێناوە، دەریچەیەک بکرێتەوە، بزووتنەوەی ڕزگاری ژن و بزووتنەوەی ئازادیخوازی و مرۆڤایەتی دەبێ

هەستێتە سەر پێی و لەدژی ئەم هەمووە جەنایەتە بێتە مەیدان.

خاڵێکی تر کە پێم گرنگە و بە پێویستی دەزانم لێرەدا ئاماژەی پێبدەم ئەویش ئەوەیە کە هەموو ساڵێک بە بۆنەی ٢٥ی نوامبر ژنان و پیاوانی ئازادیخوازبە خۆپیشاندان و نارەزایەتی دەربڕین دژی دیاردەی توندوتیژی دەنگی خویان بە گوێ دەسەڵاتداران و دەزگا پەیوەندیدارەکان دەگەیەنن وخوازیاری کوتایی هێنان بە ئەم دیاردەیەن، ئەوەی جێ سەرەنجی هەمووانە و دەکرێ ژنان دەرسی لێوەرگرن خوڕاگری و موقاوەمەتی ژنانی کۆبانییە کە هەر ئیستاش لە سەنگەرەکانی بەرگری دا لەدژی رەشترین و وحشی ترین رەوتی ئیسلامی "داعش دا دەچنەوە، خۆڕاگری ئەم ژنە قارەمانانە شان بە شانی پیاوانی شوڕشگێڕ ئەوەمان  پێ دەڵێت کە ئەوان نایانهەوێ ملکەچی یاسا و شەریعەتی ئایین و رەوتی کۆنەپەرەست و وەحشی بن، ئەوان خوازیارن لە کۆمەڵگایەک بژین کە بە دوور بێ لە هەر چەشنە دەسەڵاتێک کە چارەنووسی ئەوان لە رێگای ئایینەوە دیاری بکرێت، ژنانی کۆبانی دەرسی ئازایەتی و بوێرییان بۆ مێژوو و بۆ بەشەریەت تۆمار کرد، ئەگەر بە عەمەلی لە ژیان و لە نێو پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکانی ئەمڕۆدا داعش نابینیین، بەڵام وەک بیرۆکە لە بنەماڵە، لە سیستمی خوێندن دا، لە شوێنی کار و ژیان هەر ئەو بیرۆکەیە  پەیڕەو دەکرێت کە داعش لە ئێستا دا وەک ئامرازێک بۆ دەسەڵات و مەرامە گڵاوەکانیان بەکاری دێنێ، بۆیە لێرەدا پێویستە ژنان زۆر بەهوشیارییەوە لەگەڵ ئەم شێوە بیرۆکانە کە تەنانەت لە زۆربەی دام و دەزگاکاندا کاری پێدەکرێت مامەڵە بکەن، ئەگەر ژنان رۆژانە بەهەر شێوەیەک دەکەونە بەر توندوتیژی بەشیکی هەڵدەگەرێتەوە بۆ قەبووڵ کردنی ئەم دابونەریتە کۆنە کە ژن دەکاتە دیل و ئامرازی بێدەنگی پیاوسالاری، سەنگەری موقاوەمەتی ژنان لە هەر شوێنێکی ئەم جیهانە بەگژداچوونەوەی چی یاسا و رێسای دژی ژنە، بێدەنگ نەبوون لە ئاست ئەو توندوتیژیانەی کە رۆژانە ژنان دەکاتە نیشانە، چەکی مەعنەوی و متمانەیە کە ژنان ئەتوانن کەڵکی لێوەرگرن، بەڵام ئاسۆی رزگاری ژنان لە هەموو مەینەتیەکان کە بتوانێ ژنان لە دەور ستراتێژی راستەقینەی خۆی کۆبکاتەوە، سۆسیالیزمە لە کۆمەڵگای سۆسیالیستیە کە ئازادی و کەرامەتی ئینسانی ژن دەپارێزدرێت و هەست بە کەسایەتی و ژن بوونی خۆیان دەکەن بۆ وەدیهاتنی وەها کۆمەڵگایەک پێویستە بزووتنەوەی ژنان تێکڕای بزووتنەوی کرێکاری و باقی بزووتنەوە کۆمەڵایەتیەکانی دیکە شێلگیرانە خەباتی خۆیان گرێ بدەن.

٢٥ی نوامبر رۆژی جیهانی لەدژی توندوتیژی لەدژی ژن و باشترین دەرفەتێکە بۆ راگەیاندنی داخوازی مرۆڤایەتی و هەموو ژنان و پیاوانی ئازادیخواز لە سەرتاسەری جیهان لەدژی هەموو ئەم جەنایەتانە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ڕۆژهەڵات تایمز  -  ڕێکەوتی: ٢٥ی نۆڤەمبەری ٢٠١٤

# باڵەوازە بوون لە قەفەسدا



## ئیلهام چاپچی

ڕۆژی چواری سەرماوەز، بەرامبەر بە ٢٥ی نوامبر، ڕۆژی نێونەتەوەییو جیهانیی نەهێشتنی توندوتیژی بەرامبەر بە ژنانە. ڕێکەوتی ٢٥ی نوامبر بە یادی تیرۆری سێ خوشکی چالاک لە بواری مافی ژنان (خوشکانی "میرابال")، خەڵکی کۆماری "دومینیکن" هەڵبژێردراوە. کوشتنی ئەم سێ ژنە لە ساڵی ١٩٦٠، لە دەسەڵاتداریی دیکتاتۆریی "رافاوێل تروئیلو" رووی داوە. ناودێر کردنی ئەم ڕۆژە وەک ڕۆژی جیهانیی نەهێشتنی توندوتیژی بە دژی ژنان، بە هۆی ڕێزگرتن لەم سێ خوشکەو هەروەها ناڕەزایەتی دەربڕین دژی هەبوونی توندوتیژی جینسی لە جیهاندا بوو.

بۆ گەیشتن بە پێشکەوتنی ئاشکرا لە دەستەبەربوونی مافە مرۆییەکانی ژنان، دەبێ هەرێمی شەخسی ئاڵوگۆڕی بەسەردا بێتو ئەگەر ئاستەنگێک لەسەر ڕێگای جێگربوونی عەقڵانییەت و کردەوەی دێموکراتیک هەیە، لەنێو بچێت.

ڕێکخراوەکانی پشتیوانی مافی مرۆڤ، سنوورێک لەنێوان هەرێمی گشتیو هەرێمی شەخسی نابینن. کەسایەتیی تووڕە لە کاتی منداڵیدا قوربانیو یان بینەری توندوتیژی بووە. بۆیە توندوتیژی لە حاڵەتی گشتیدا بە یەک تاکو هەرێمی شەخسیی ئەو تاکەوە کورت نابێتەوەو قوربانی لە دەورانی گەورەساڵیو دوای پێکهێنانی بنەماڵە، هەر ئەو کردەوانە کە فێربووە لە بنەماڵەی خۆی بۆ چارەسەر کردنی هەر کێشەو ئاڵۆزییەک، بەکار دێنێتەوە، دیاردەیەک کە لە کۆمەڵگای کارناسی بە "سووڕی توندوتیژی" ناسراوە. بۆیە ئەم ڕێکخراوە پشتیوانی لە ئابڕو و پارێزراویی جەستەییو دەروونی لە هەرێمی شەخسیی ژنان، لە گرینگترین ئامانجەکانی خۆی دەزانێتو لە دەوڵەتەکان داوا دەکات کە یاسایەک بۆ سەرکۆنەکردنی توندوتیژی ناوماڵ ئامادە، پەسندو جێبەجێ بکات.

ئەم ساڵ لە بارودۆخێکدا ڕێز لەم ڕۆژە دەگرین کە "بانکیمون" سکرتێری ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ڕاپۆرتێکدا ئاماژە دەداتە

ئەوەی کە ٧٠% ژنانی جیهان لە درێژایی ژیانی خۆیاندا، لانیکەم، یەک جار لەگەڵ دیاردەی توندوتیژی بەرەوڕوو بوونەتەوەو لەسەر گرینگیی بەرەنگاری لەگەڵ توندوتیژی بە دژی ژنان پێداگریی کردۆتەوە. لەم بوارەدا، چالاکییەکی نوێی ئەم ڕێکخراوە، پێک هێنانی کەمپێنێکە کە پیاوانی ناوداری جیهانی لە دەوری یەک کۆکردۆتەوەو بەرنامەی کارییان، چالاکیی جۆراوجۆرە لەبواری نەهێشتنی توندوتیژی بە دژی ژنان.

هۆکارەکانی سەرهەڵدانی ئەم دیاردەیە لە هەموو کۆمەڵگاکان، بێجگە لەبەرچاو گرتنی شێوەی سیستەمی حکوومەتی کە لە جێگای خۆی دەتوانێ رۆڵی کاریگەری هەبێت، دەگەڕێتەوە سەر فەرهەنگ، شێوەکانی پیاوسالاری، نەداری، نەخوێندەواریو ... کە ژنان سەرەکیترین قوربانیانی ئەم دیاردانەن.

وەک باس کرا، ڕۆڵی کاریگەرو گرینگی حکوومەتەکان نابێ لەبیر بچێتەوە. حکوومەتی کۆماری ئیسلامی، ٣٠ ساڵە بە شێوەی سیستماتیکو ئاگایانە، نە تەنیا بە دژی ژنان، بەڵکوو بە دژی هەموو توێژەکانی کۆمەڵگای ئێران توندوتیژی ڕەوا دەبینێو لە هەر ئامرازێک بۆ سەپاندنی توندوتیژی کەڵک وەردەگرێ. حیجابی زۆرەملی، هەڵاواردنی جینسی، یاساکانی دژبەژن، ئەشکەنجە، دەستدرێژی جینسی لە زیندانەکان، بەردبارانی ژنان، لێدان لەبەرچاوی خەڵکو... لەو دەستە توندوتیژییانەن کە ژنانی ئێمە لەگەڵیان بەرەوڕوون. دەتوانین بڵێین کە بارودۆخی ژنی ئێرانی لەگەڵ هەموو ژنانی ئازاردیتووی جیهان جیاوازی هەیە، راهێنانو پەروەردە ئامرازگەلێکی کاریگەرن بۆ بەرەنگاری لەگەڵ توندوتیژی. ژنانی ئێمە ئاگاداری ئەم بابەتە هەن، بۆیە زۆرترین ڕادەی خوێندن لە زانکۆکان هەنووکە لە نێوان کچانو ژنانی ئێرانی دەبیندرێ. زۆربەی ژنان لە مافو ئەرکەکانیان ئاگادارن، بەڵام بازنەیەکی ئاسنین لە یاسا دژ بە ژنەکانی کۆماری ئیسلامی، دەوری ژنانی گرتووە. باڵەوازە بوون، بەڵام لە قەفەس دا. ژنان بەرەنگارییەکی هەمەلایەنە بەڕێوە دەبەن، ئەم بەرەنگارییە تا قووڵاییەکانی کۆمەڵگا ڕۆچووە. بەڵام بە هۆی بەرتەسک بوونی شێوەکانی خۆپیشاندان بە مەبەستی دەربڕینی ناڕەزایەتی، نواندنێکی وەها بەهێزی نەبووە، بەڵام بەردەوامە .

ڕۆژنامەی کوردستان ـ ژمارە ٥٢٢

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ٢٥ی نۆڤەمبەری

# ڕۆژی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان



**لە جیهاندا ٢٥ی نۆڤەمبەر دیاری کراوە بۆ ڕۆژی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان**

پێشتر لە ساڵی ١٩٩٣ ڕێکەوتن نامەی سیداو واتە ( ڕیکەوتن نامەی لەناوبردنی توندوتیژی لەدژی ژنان) لە لایەن نەتەوە یەکگرتوەکانەوە بڕیاری لەسەردرا کە وەکوو هەنگاوێکی گرنگ لەقەڵەم دەدرێت و تا ئەمڕۆش زۆرێک لە ڕێکخراوەکان کار بۆ چەسپاندنی ئەم دیکلەرایشنە دەکەن .

لەم دیکلەرەیشنەدا توندوتیژی بەرامبەر ژن لەسەر بنەمای جێندەر بەم شیوەیە پێناسە دەکات: "هەر کارێکی توندوتیژی لەسەر بنەمای جێندەر کە ببێتە هۆی و یان سەرنجام ببێتە هۆکارێک بۆ ئەزیەت و ئازاری جەستەیی، جنسی، یان دەرونی. هەروەها ئەمە هەڕەشە و زۆرداری و دابڕان لە ئازادی چ لە فەزای گشتی یان لە فەزای تایبەتیدا بێت دەچێتە خانەی توندوتیژی یەوە." زۆرێک لە توندوتیژیەکان لە ناو خانەوادە دا ڕوودەدات. بۆ نمونە لێدان و ئەشکەنجەی دەرونی و جەستەیی و دەستدرێژی جنسی تەنانەت بۆ سەر منداڵیش. جۆرەکانی توندوتیژی بەپێ ی کۆمەڵگاکان دەگۆڕێن و کەم و زۆری و ئاستی بەرەنگاربونەوەشی جیاوازە لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی تر.

توندو تیژی و بەتایبەت توندوتیژی لە دژی ژنان دیاردەیەکی زۆر پێچیدەیە، لەبەر ئەوەی دەرئەنجام و ئاکامەکانیشی پێچیدەن. لە زۆربەی کۆمەڵگاکان توندوتیژی لە دژی ژن تۆلێرەیت دەکرێ و وەکوو نۆرم مامەڵەی لەگەڵ دەکرێ تەنانەت لە زۆرێک لەو وڵاتانەش کە بە یاسا توندوتیژی لەدژی ژن قەدەغە کراوە.

بۆ نمونە لێرە بە پێی ئامار لە چوار ژن ژنێک لە ژیانیدا دوچاری توندوتیژی دەبێتەوە، جیاواز لەوەی لە چ باکگراوند، چین، دین و ڕەگەزێکە. هەروەها بە پێی ئاماری هۆم ئۆفیس (وەزارەتی نێو خۆ) نزیکەی ١٣ میلیۆن شکایەت لای پۆلیس ڕیپۆرت دەکرێت کە

حاڵەتی توندوتیژی دژ بە ژن چ جەستەیی بێت و یان هەڕەشەی توندوتیژی بێت لە لایەن هاوسەر، یان هاوسەری پێشویانەوە. هیشتا لە ٥٣ وڵاتی جیهاندا سووکایەتی کردن بەرامبەر بە ئافرەت لە چوراچیوەی هاوسەرداریدا بە تاوان دانانرێ .

لە کوردستانیش لەم دواییانەدا یاسای قەدەغەکردنی توندوتیژی خێزانی بەرامبەر بە ژن و منداڵ دانراوە، بەڵام مەلا ئیسلامیەکان کەمپینی لە دژ دەکەن کە گوایە ئەمە کۆمەڵگا بەرەوە بەرەڵایەتی و خێزان بەرەو هەڵوەشانەوە دەبات و لێدان وەکوو دیسپلین بۆ ژن و منداڵ بە واجیبێکی دینی دەزانن.

ئامار:

لە هەژاریدا :

بەپێی ڕاپۆرتەکانی ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکان ژنان ٧٠% ی هەژارەکانی جیهان پێک دەهێنن و خاوەنی تەنیا ١% ئەو زەوییانەن کە سەنەدیان هەیە.

بە پێ ی ڕاپۆرتی ڕێکخراوی کاری جیهانی کە سەر بە نەتەوە یەکگرتوەکانە، لە یەکاتدا زیاتر لە ١٢ میلیۆن کەس لە کاری زۆرەملێدان بە هەموو جۆرەکانیەوە، ئەمە بەردەداری سێکسیش دەگرێتە خۆی لە ئاسیا بە تەنیا زیاتر لە یەک ملیۆن منداڵ لەبازرگانی سێکسدا بەکار دەهێنرێن و گوزەرانیان لەگەڵ کۆیلە فەرقی نی یە ..

پەیوەندی چەوسانەوەی ژن بە ڕژێمی سەرمایەداری و جیاوازی چینایەتی لەسەرتاسەری دونیادا بە ئاشکرا دیارە. بەشێکی زۆر لە ژنان بە هەق دەستێکی زۆر کەم ڕۆژانە ژیانی خۆیان و خێزانەکانیان دابین دەکەن. هەندێک کار کە ژن بژێوی پێ دابین دەکات وەکوو کاری ڕەسمی مامەڵەی لەگەڵ ناکرێ و هیچ زەمانەتێکی گیانی و کارییان نییە.

ئەو ژنانەی کە بازرگانی بە جەستەیانەوە دەکرێ بەشیکن لە ژنانی کرێکار کە لە نزمترین ئاستی کۆمەڵگادا چاویان لێدەکرێ و بە هەموو شێوەیەک دەچەوسێنەوە. دیارە بازرگانی بە جەستەی ژنەوە سێ هەمین بازرگانی پڕ سودە لە دونیادا لە دوای بازرگانی چەک و مادە بێهۆشکەرەکان(موخەدەرات). ساڵانە سەرمایەیەکی خەیاڵی لە دەرەئەنجامی نەهامەتی و ژێردەستەیی و سوکایەتی بە جەستەی ژنەوە پەیدا دەبێت بۆ کۆمەڵێک سەرمایەداری بازاڕی ئازاد.

کچان و ژنان لە ماڵە لەشفرۆشیەکاندا بەند دەکرێن و ئەگەر هەوڵی ڕاکردن بدەن لێیان دەدرێت، خواردنی کەم و زۆرجاریش مادەی بێهۆشکەریان پێ دەدەن بۆ ئەوەی پاسیفیان بکەن و ئەدیکت بن کە نەتوانن دەرباز بن لەم کۆیلەتییە.

کێشەی ژنان لە کوردستان: کوشتاری ناموسی، سوتاندن، خەتەنەکردن، بەزۆر بەشودان، شیربایی و کۆمەڵێک فۆرمی تر لە توندوتیژی بۆتە بەشیکی دانەبڕاو لە ژیانی ڕۆژانەی هەزاران ژن لەو کۆمەڵگایەدا .

دەسەڵات چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەم کێشەیە دەکات:

دەسەڵات بە شێوەیەکی فەوقی مامەڵە لەگەڵ کێشەی توندوتیژی و کوشتاری ژناندا دەکات. لە کوردستان کۆمەڵێک یاسا هەیە بۆ بەرەنگاربونەوەی کوشتنی ناموسی و توندوتیژی بەڵام ناچێتە بواری کار پێکردنەوە. لە ئاستی کولتوری و پەروەردە و مافی ژن لە کارکردن و پاراستنی گیانی کار بۆ بردنەسەری ئاستی هۆشیاری ناکرێ و بەڵکو کۆمەڵێک داب و نەریتی دینی و دواکەوتوی فیۆداڵی تا ئێستاش بەردەوامی هەیە لە کوردستان و قوربانییەکانی ئەم وەزعەش ژنانن .

دین و یاساکان: دەست تێوەردانی مەلاکان و پیاوانی ئاینی لە یاساکان و سیاسەت و فەزای گشتی کێشەیەتی بێ وێنەی بۆ ژنان لە کوردستان دروست کردوە .

زانیارییەکان لە گەڕانی تۆڕە ئینتەرنێتییەکان وەرگردراون

سەرچاوە: ماڵپەڕی میللەت - ڕێکەوتی: ٢٥ی نۆڤەمبەری ٢٠١٤

# ڕۆژی جیهانیی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان



**باس نیوز**

ڕۆژی ٢٥-١١ی هەموو ساڵێک وەک ڕۆژی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان لە سەرانسەری جیهان دانراوە کە بە جۆرەها چالاکیی ئیدانەی هەموو جۆرەکانی توندوتیژی دژی ئافرەتان دەکرێت و ساڵانە ئاماری داخهێنەری لەبارەی توندوتیژی لەدژی ئافرەتان بڵاو دەکرێتەوە و هەرێمی کوردستانیش بە زۆر و کەم بێ بەش نییە لەو ئامارانە .

ڕێکەوتی ٢٥ی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٦٠ی زایینی، لە وڵاتی دۆمینیکنو لە سەردەمی دەسەڵاتداریەتی سەرەڕۆیانەی "رافایل تورجیلو"دا، ٣ خوشک بە ناوەکانی ، (ماریت ترزا، بتریە میرابل و منیروا)، پاش ئەوە ماوەی چەند مانگ لە بەندیخانەدا بە تاوانی تێکۆشانی سیاسیی، دژی حکوومەت، سزادران و دواتریش لەسێدارە دران.

٢١ساڵ دوای ئەو ڕووداوە، واتە ساڵی ١٩٨١، لە ڕۆژانی ١٧ تاکوو ٢١ی تەمووز، لە شاری بوگوتا، پایتەختی وڵاتی کۆلۆمبیا، کۆنفرانسێک لە لایەن ڕێکخراوەکانی داکۆکیکاری مافی ژنان و لایەنگرانی مافی یەکسانی لە ئەمریکای لاتینو دوورگەکانی کارائیب بەڕێوە چوو.

لەو کۆنفرانسەدا، پێشنیاز کرا، وەکوو بە بیر هێنانەوەو ڕێزگرتن لە خەباتی ئەو ٣ خوشکە، ڕۆژی لەسێدارەدانیان بە ڕۆژی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی لە دژی ئافرەتان دیاری بکرێت؛ بۆ ئەوەی خەڵکی لەگەڵ توندوتیژی دژی ئافرەتان و شێوازەکان ئاشنا بکرێن و ڕێگریش لە تەشەنەکردنی بکرێت .

ساڵی ١٩٩٩ی زایینی، ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، ئەو ڕۆژەی وەکوو ڕۆژی جیهانیی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان

دەستنیشان کرد . ساڵێک دواتر، ئەنجوومەنی ئاسایشی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، بریارنامەی ١٣٢٥ی لە ژێر ناوی "ئافرەتان گەلاڵەی ئاشتیو ئاسایش" پەسەند کرد.

کۆمیسیۆنی ئافرەتانی سەر بە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، لە ساڵی ١٩٤٦دا، بۆ کار کردن لە هەمبەر کێشەی ئافرەتان و مافەکانیان پێکهات. سەرەڕای تێکۆشانی ئەم کۆمیسیۆنە، بەرنامەی تایبەت سەبارەت بە مافی ئافرەتان لە ساڵی ١٩٦٧دا پەسەند کرا. ئەو بەرنامەیە بوو بە بناغەی جارنامەی مافی ئافرەتان، کە لە ساڵی ١٩٧٩دا، لە لایەن ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکانەوە پەسەند کراوە.

تا ئێستە لە ١١٤ وڵاتی جیهاندا، بە کار هێنانی توندوتیژی دژی ئافرەتان، لە ڕووی یاساییەوە هیچ بەربەستێکی لە بەردەمدا دانەندراوە. تەنیا لە ماوەی نزیک بە ١٥ ساڵی ڕابردوودا، لە کۆماری کۆنگۆ زیاتر لە ٢٠٠ هەزار ئافرەت دەسدرێژیان کراوەتە سەر، پەرەسەندنیئەم دیاردە ئەو ئاکامەی لێکەوتەوە کە ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتوەکان ئەو ڕاستییە لەبەرچاو بگرێ کە دەسدرێژی کردنە سەر ئافرەتان لە کاتی شەڕو داگیرکاریدا، بە تاوانی دژی مرۆڤایەتی هەژمار دەکرێت.

یاسای ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بەم جۆرە توندوتیژی دژی ژنان پلە بەندی دەکات:

١ .هەر شێوە توندوتیژییەک کە ئاکامەکەی ببێتە هۆی زیان یان ئازاری رۆحی، یان جنسی، هەروەها هەڕەشە کردن، یان بە زۆر یان خۆ بە ناوی دڵسۆزی بۆ بەرتەسک کردنی ئازادی ژنان لە کۆمەڵگاو بنەماڵەدا لە خۆ دەگرێت.

## شێوەکانی توندوتیژی دژی ئافرەتان:

### ١- جیسمی:

لێدان لە هەر شێوە و شێوەیەکدا، لە قژکێشانو داپلۆسینەوە بگرە، هەتا کوشتنی ناموسی، تۆندوتیژییە.

### ٢- رۆحی:

هەڕەشە لێکردن، جنێو پێدان، بێحورمەتی کردن، تۆمەت وەپاڵدان، ئەمە هەموو ئەو بوارانە دەگرێتەوە کە لە باری ڕۆحییەوە ئازاری ئافرەتانی لێبکەوێتەوە.

### ٣- جنسی:

بە زۆر تێکەڵ بوون لەگەل ئافرەت، ئەگەر مێردیشی بێ، هەر جورە هەوڵدان بۆ پێوەندی جنسی لە گەڵ ژنان بە بێ ئۆگریو ڕەزامەندی ئافرەت، توندوتیژی دژی ئافرەتانە.

**٤- کۆمەڵایەتی:**

**ئا.** لە پەراوێز خستن، هەڵسوکەوتی نەشیاوو ساردو سڕی لە پێوەندیدا لە لایەن بنەماڵەوە بەرانبەر بەو کچ و ئافرەتانەی کە لە قسەی نێرینەو ئەندامانی دیکەی بنەماڵە وەک باب، خاڵ، باوە گەورە، دایک، خوشک، پور، برا، مێرد، مام، دایە گەورەو... لایان داوە، یان بە پێی ویستو دڵخۆازی ئەوان هەڵسوکەوت ناکەن، بەشێک لە توندوتیژی دژی ژنانە.

**ب.** چاوەدێری کردنی توندوتۆڵی کچان و ئافرەتان لە لایەن بنەماڵەو کەسو کارەوە.

**س.** بێبەش کردنی کچان و ئافرەتان یان بەرتەسک کردنی ئاستی بەشداری ئەوان لە چالاکییە سیاسیی و کۆمەڵایەتییەکاندا بە بیانووی پاراستنی شەرەف و ناوبانگی بنەماڵەوە.

**د.** ناچار کردنی کچانو ژنان بە لەبەر کردنی جل و بەرگی تایبەتی و ڕەچاو نەکردنی مافی لەبەر کردن و پۆشین بۆ ئەوان توندوتیژییە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی باس نیوز - ڕێکەوتی: ٢٥ی نۆڤەمبەری ٢٠١٤

# دەبێ چ بکرێ بۆ کۆتاییهێنان بە هەڵاواردنی ڕەگەزی



## موختار نەقشبەندی

دوو ڕۆژ لەمەوبەر ٢٥ی نوامبر بوو کە لە لایەن ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکانەوە بە ڕۆژی بەربەرەکانی لەگەڵ توندوتیژی دژی ژنان ناودێرکراوە بۆ ئەوەی دەوڵەت و ڕێکخراوە نادەوڵەتییەکان لێبڕاوانەتر هەوڵ بدەن بۆ نەهێشتنی توندوتیژیی جەستەیی، ڕەگەزی و دەروونیی دژ بە ژنان.

هەڵاواردنی ڕەگەزی کە خۆی توندوتیژی لە دژی ژنانە و بوار بۆ توندوتیژیی جەستەییش دەڕەخسێنێ، کەم و زۆر لە هەموو جیهان دەبینرێ. بە وەبەرچاوگرتنی کاری نێومالْ، ژنان ٦٠ لەسەدی کارەکانی جیهان بەڕێوەدەبەن بەلام تەنیا ١٠ لەسەدی داهاتی جیهان و یەک لەسەدی مڵکدارێتیی جیهانییان پێدەبڕێ. بە پێی ڕاپۆرتی کۆڕی جیهانیی ئابووری کە ساڵی ڕابردوو بڵاوبۆوە، کەلێنی ئابووریی نێوان ژنان و پیاوان لە زۆر وڵاتی جیهان کەم بۆتەوە بەلام هێشتا مەودایەکی زۆر لە نێوان ژنان و پیاواندا هەیە. لە ڕاپۆرتەکەی کۆڕی جیهانیی ئابووریدا هەڵاواردن و کەلێنی ئابووری، پەروەردەیی، تەندروستی و دەسەلاتی سیاسی لە نێوان ژنان و پیاوان لە ١٣٦ وڵاتی جیهاندا تاووتوێ کراوە کە بەداخەوە ئێران لە پلەی ١٣٠دایە کە نیشانەی هەڵاواردنی زۆر لە دژی ژنانە لەم وڵاتەدا. بنەماڵە و کۆمەڵگا و حکوومەت هەرکام بەرپرسی بەشێک لە کێشەکانی ژنان و هەڵاواردن و توندوتیژی لە دژی ژنانن. هۆکارەکانی توندوتیژی دژی ژنان لە بنەماڵە و کۆمەڵگادا زیاتر ڕیشەی لە فەرهەنگدا هەیە، بەلام دەوری حکوومەتیش کاریگەریی خۆی هەیە. بەداخەوە لە ئێراندا حکوومەت بە هەڵاواردنی ڕەگەزی بواری توندوتیژیی زیاتری دژی ژنان لە کۆمەڵگادا ڕەخساندوە.

کۆماری ئیسلامیی ئێران هەر لە سەرەتای هاتنە سەر کارییەوە بە هۆی ئیدئۆلۆژییەکەوەیەوە بە شێوەیەکی سیستماتیک دەستیدایە هەڵاواردنی بەربڵاو لەدژی ژنان.

بۆ تاووتوێ کردنی دەوری نەرێنیی کۆماری ئیسلامی لە کۆمەڵگا و هەڵاواردن و بوار ڕەخساندن بۆ هەڵاواردن دژی ژنان ئاماژە بە چەند نموونەی گشتی دەکەین:

**١- رادیۆ و تەلەڤیزیۆن**

لە ئێران دا هەموو کاناڵە سەراسەری و ناوچەییەکانی تەلەڤیزیۆن لە دەستی حکوومەتدان و هەموو بەرنامەکان لە پێناو بەرژەوەندییەکانی حکوومەت ئامادە دەکرێن. بەداخەوە دەنگ و ڕەنگی ئێران لە بری بوار ڕەخساندن بۆ نەهێشتنی هەڵاواردن دژی ژنان، خۆی بۆتە ئامرازێکی دژە فەرهەنگ بۆ زیاترکردنی هەڵاواردن دژی ژنان. لە بەرنامەکانی منداڵانەوە بگرە هەتا فیلمە تەلەڤیزیۆنییەکان هەموو خەریکی بڵاوکردنەوەی فەرهەنگی هەڵاواردن دژی ژنانن. بانگەشە بۆ حیجاب، حیجابی زۆرە ملی بۆ ژنانی پێشکەشکاری بەرنامەکان و ئەکتەرەکان، بڵاونەکردنەوەی وەرزشی ژنان، بڵاوکردنەوەی بەرنامە مەزهەبییەکان کە تێیاندا ژنان بۆ ملکەچی و گوێ لە مستی لە بەرامبەر هاوسەرەکان بانگهێشت دەکەن، بەشێکن لە هەڵاواردن و پەرەپێدانی فەرهەنگی هەڵاواردن دژی ژنان لە رادیۆ و تەلەڤیزیۆنی ئێراندا.

**٢- پەروەردە و بارهێنان**

هەڵاواردنی ڕەگەزی و بانگەشە بۆ فەرهەنگی پیاوسالاری لە وێنەکانی نێو کتێبە دەرسییەکاندا بەرچاو دەکەوێ. کچانی کەم تەمەن لە تەمەنی ٩ساڵیدا لە ڕێوڕەسمێکدا بەناوی "جێژنی تەکلیف" هاندەدرێن و ناچاردەکرێن ڕێوشوێنەکانی حیجاب و فەرمانە ئایینییەکان بەجێ بگەیەنن. لە حاڵێکدا کە کوڕان لە تەمەنی ١٥ ساڵی ناچار دەکرێن دابونەریتە ئایینییەکان بەجێ بگەیەنن. قەدەغەکرانی خوێندن بۆ کچان لە هێندێک بوار لە زانکۆکاندا نیشانەیەکی دیکەی هەڵاواردنی حکوومەتی لە دژی ژنانە.

**٣- قانوونی بنەڕەتی**

قانوونەکانی کۆماری ئیسلامی کە بە پێی تێگەیشتنی ڕێبەرانی ڕێژیم لە ئیسلام داڕێژراون، بە شێوەیەکی بەربڵاو ژنان دەخەنە بەر هەڵاواردن کە لە زۆربەی بوارەکاندا ڕێگە بۆ تەندوتیژی دژی ژنان خۆش دەکەن. قانوونە پیاوسالارانەکان لە بواری بنەماڵە، زەماوەند و جیابوونەوە، شاهیدی دانی دوو ژن بەرامبەر شاهیدیدانی یەک پیاو، یاساکانی میرات و دیە و نموونەی زۆری دیکە لە قانوونەکانی کۆماری ئیسلامین کە پڕن لە هەڵاواردن دژی ژنان.

بەداخەوە کۆماری ئیسلامی هەوڵ دەدا کۆمەڵگا پیاوسالار بێ، ئەگەرچی جلوبەرگی ژنانی ئێرانی و وەبەرچاونەگرتنی حیجاب نیشانەی شکستی بەرنامەکانی ڕێژیمە لە بارەی ژنان‌دا، بەڵام کاریگەریی نەرێنیی کردەوەکان و بانگەشەکانی ڕێژیم لە زیادکردنی هەڵاواردن و توندوتیژی ژناندا حاشاهەڵنەگرە.

**بەڵام بۆ گۆڕینی بارودۆخی ژنان لە ئێراندا و کۆتایی هێنان بە هەڵاواردنی ڕەگەزی دەبێ چ بکرێ؟**

به دڵنیاییەوە گۆڕینی هەلومەرجی زۆر خراپی ژنان لە ئێران تەنیا بە کاری فەرهەنگی جێبەجێ نابێ و بۆ بنبڕکردنی هەڵاواردنی ڕەگەزی دەبێ ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بنبڕ بکرێ یان قانوونە بنەڕەتییەکەی بە شێوەیەکی بنچینەیی و بەربڵاو گۆڕانی بەسەردابێ، چونکە حکوومەتی ئیسلامی ڕێگە بە بەرێوەچوونی یاسای یەکسانی لە نێوان ژنان و پیاوان لە کۆمەڵگادا نادا. بەڵام هەتا ئەوکات دەکرێ بە کاری فەرهەنگی تا رادەیەک کێشەکانی ژنان کە نیوەی کۆمەڵن کەم بکرێنەوە. پیاوانی کۆمەڵگا دەبێ بەو ئاکامە بگەن کە هەر جۆرە هەڵاواردن و توندوتیژییەک چ لە بنەماڵە و چ لە کۆمەڵگادا، کاریگەریی نەرێنیی لەسەر هەموو لایەنەکانی کۆمەڵگادا دەبێ. پیاوانی کۆمەڵگا دەبێ بەو ئاکامە بگەن کە ژنان نیوەی هێزی کاری کۆمەڵگان و بەرتەسک کردنەوەی بواری کاری ژنان، زیان بە تەواوی ئابووریی وڵات دەگەیەنێ. بۆ کەمکردنەوە و کۆتایی هێنانی قەتڵە ناموسییەکان دەبێ روانگەی خۆ بە خاوەن زانینی پیاوان بەرامبەر ژنان کۆتایی پێبێ و ژنان لە هەڵبژاردنی هاوسەر و درێژەی ژیانی هاوبەشدا ئازاد بن بۆ ئەوەی ئەوین واتای خۆی پەیدا بکا و زۆر و ئیجبار لە گۆڕێدا نەمێنێ، چونکە ڕیشەی بەشێک لە خیانەتەکان زەماوەندی زۆرەملی و بەرتەسک کردنەوەی ئازادییەکانە لەم بوارەدا. دەبێ پیاوانی کۆمەڵگا بەو ئاکامە بگەن کە هەر جۆرە توندوتیژییەکی جەستەیی دژی هاوسەرەکانیان کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر کەسایەتی و دەوری کۆمەڵایەتیی منداڵەکاندا دەبێ.

کاناڵە ماهوارەییەکانی ئۆپۆزیسیۆن کاریگەرییەکی گرنگیان هەیە لە بەربەرەکانی لەگەڵ هێرشی فەرهەنگیی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە دژی خەڵکی ئێران و، دەبێ زیاتر لە پێشوو وێڕای بەرنامە سیاسییەکانیان، سەرقاڵی مەسەلە کۆمەڵایەتییەکان و بە تایبەت مافەکانی ژنان بن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٧ی نۆڤەمبەری ٢٠١٤

# توندوتیژی دژی ژنان لە بزووتنەوەی ئایدیۆلۆژیک و پیاوسالاری رۆژهەڵاتی ناوەڕاست



**ئازادە دوواچی**

**و: کانی شایەقی**

توندوتیژی دژی ژنـان لە بـزووتنەوەی ئایـدئۆلۆژیک و پیـاو سـالاری رۆژهەڵاتـی ناوەڕاست دوای کۆتـایی شـەڕی دووهەمـی جیهـانی، بزووتنەوە جۆراوجۆرەکان لە ژێـر نـاوی بـزووتنەوەی ئـازادی بەخش وەکوو ناسیۆنالیستی، مارکسیستی، ئیسلامگەرایی، بونیـادگەرایی (فێندەمینتالیزم) ،وهتد... لە وڵاتانی دواکەوتوو بە تایبەت لە ئاسیا و کۆمەڵگا موسوڵمانەکان رووی لە زیاد بوون کردووە.

ئەم بزووتنەوە ئایدئۆلۆژیک گەرایانە لە کردەوەدا، توانا و هێزی خستنە رێی جەماوەری میلیۆنی خەڵکی ئەم ناوچانەیان بۆ بە دەست هێنانی دەسەڵاتی سیاسی بە دەست هێنا، بەڵام پێشینەی گۆڕانکارییەکان لە سەراسەری سەدەی بیستەم نیشـانی داوە کە بە شێوەیەکی جێی بایەخ لە ژێر کارکردی ئەم ئایدئۆلۆژیانە، زۆربەی گروپ و تـوێژی فەقیـر و تەنگدەستی ئەم کۆمەڵگایـانە بە تـایبەت ژنـان بـۆ بە دەست هێنـانی ئازادی و بەرابەری ومافی شارۆمەندی و دادپەروەری رەگەزی، لەگەڵ کێشەو گرفتی ئـاڵۆز و بەربڵاو رووبەڕوون.

ئەو دەوڵەت و دامەزراوانەی کە بەم ئایدئۆلۆژیانە بە دەسەڵات گەیشتوون لە هەنـدێک بـواردا بە بەربڵاوتـر کـردنەوەی میلیتاریسم و نیزامیگەری، و پەرەپێدانی بۆچوونی توندڕەوانەی خۆیان، دەستیان داوەتە توونـدوتیژی وسـەرکووتی بەربڵاو لە کۆمەڵگـای خۆیانـدا. توندوتیژی گەلێک کە تەنانەت بووەتە هۆی سەرهەڵدانی شەڕی دەرەوەی سنوورەکان و ئاوارە بوونی زۆربەی ژنان و منداڵان و رێگری زۆری لە سـەر رێگـای پێکهـاتن و ئاشـتی لەم وڵاتـانەدا پێکهێنـاوە. لەلایەکـی تـرەوە زۆربەی ئەم بـزووتنەوە ئایـدئۆلۆژیکانە بە بەربڵاوترکردنی توندوتیژی لە دژی ژنان و پێشێل کردنی مافی ژنـان و دورخسـتنەوەیان، بزووتنەوەکەیـان و تەنـانەت خـودی ژنـان و خواست و دیسکۆرسی بەرابەری خوازانەی ئەوانیـان دوور خستۆتەوە، چوونکە زۆربەی ئەم ئایـدئۆلۆژیانە پیاوسـالارانەن و لەوێـوە کە یەکێک لە شـاڕێیانی بیـرۆکەی دژە رۆژئـاوایی بـووە، لە جەسـتە ژنـان وەکوو پایەگـایەکی سـەرەکی دژایەتـی لەگەڵ رۆژئـاوا کەڵکیـان

وەرگرتووە و "دژایەتی لەگەڵ ڕۆژئاوا"یان لەگەڵ پێشێل کردنی مافی بەرابەری خوازی ژنان بە یەک ئامانج زانیوە و خواستەکانی ژنانیان وەکوو خواستی ڕۆژئاوا پێشێل و سەرکووت کردووە.

بونیادگەرایی(فێندەمێنتالیزم) ئائینی، نیزامیگەری و توندوتیژی لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست نیشانەی درووستبوون و دەرکەوتنی بزووتنەوەی بونیادگەرایی ئیسلامیە کە لە سەرەتای سەدەی بیستەم لە کۆمەڵگا موسوڵمانەکاندا بینرا و پاش کۆتایی هاتنی شەڕی جیهانی دووهەم لە زۆرێک لە وڵاتانی موسوڵمان بڵاوبۆوە و پەرەیپێدرا و کەشی کۆمەڵایەتی و سیاسی ئەم کۆمەڵگایانەی بە توندی خستە ژێرکاریگەری خۆیەوە. هەر ئەو جۆرەی والنتین موقەدەم لێکۆڵەری فێمینیست، کۆمەڵناس و نووسەری بەرەگەز ئێرانی دەنوسێت: وەکوو بزووتنەوەکانی پرۆتستانی بونیادگەرا لە ئەمریکا لە سەرەتای سەدەی بیست، بونیادگەرایی ئیسلامیش لە ئاکامی جیاوازییەکانی نێوان مودێرنیتە کردن و گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی وەکوو بە شاری کردن، پرۆتالیزەکردن، سیکولاریزم وهتد... پێکهات." ئەم گۆڕانکاریانە بووە هۆی قەیرانی شووناس لە کۆمەڵگادا و لە ئاکامدا بە هەوڵی گرووپە کۆمەڵایەتیەکان بۆ دۆزینەوەی پێوانە و بەها نوێیە کۆمەڵایەتیەکان کە بە گەڕانەوەی ئایین و بنەماڵە، وڵامێکی سەرەکی بە گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتی و ئەو گۆڕانە بووە کە مۆدێرنیتە لەگەڵ خۆی هێناویەتی.

لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بونیادگەرایی ئایینی لە دەیەکانی حەفتا و هەشتای زایینیدا دەرکەوت و لە دەیەکانی ٩٠ی زایینی گەیشتە لووتکەی خۆی. هۆکاری سەرهەڵدانی بونیادگەرا ئاینیەکان، وەستان لە بەرامبەر گۆڕانکاری کۆمەڵگا و وڵاتە پێشکەوتووەکان بۆ لای مۆدێرنیتە بوو کە ئەم وڵاتانەی تووشیاری خۆی کردبوو. بونیادگەرایانی ئایینی بەگشتی لەگەڵ هەر نیشانێک کە ڕەنگ و بۆنی مۆدێرنیتەی پێوەبێت بە توندی بەرهەڵستی دەکەن و بە لقێکی بڵاوبوونەوەی فەرهەنگی ڕۆژئاوایی و بێگانەی دەزانن. بونیاد و بنەمای هەموو بونیادگەراکان گەڕانەوەی کۆمەڵگا بۆ سوننەتەکان وبنەمای کۆنی هەر میلەتێکە. پرسی سەرەکی بونیادگەراکان وەستان لە بەرامبەر خوێندنەوەی نوێ لە ئایینە

لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بونیادگەرایی ئایینی لە دەیەکانی حەفتا و هەشتای زایینیدا دەرکەوت و لە دەیەکانی ٩٠ی زایینی گەیشتە لووتکەی خۆی. هۆکاری سەرهەڵدانی بونیادگەرا ئاینیەکان، وەستان لە بەرامبەر گۆڕانکاری کۆمەڵگا و وڵاتە پێشکەوتووەکان بۆ لای مۆدێرنیتە بوو کە ئەم وڵاتانەی تووشیاری خۆی کردبوو. بونیادگەرایانی ئایینی بەگشتی لەگەڵ هەر نیشانێک کە ڕەنگ و بۆنی مۆدێرنیتەی پێوەبێت بە توندی بەرهەڵستی دەکەن و بە لقێکی بڵاوبوونەوەی فەرهەنگی ڕۆژئاوایی و بێگانەی دەزانن. بونیاد و بنەمای هەموو بونیادگەراکان گەڕانەوەی کۆمەڵگا بۆ سوننەتەکان وبنەمای کۆنی هەر میلەتێکە. پرسی سەرەکی بونیادگەراکان وەستان لە بەرامبەر خوێندنەوەی نوێ لە ئایینە، ئەوان بەردەوام لە هەوڵدان بۆ خوڵقاندنی ستراتیژی جۆراوجۆر، مێشکی کەسەکانی ناو کۆمەڵگا بە شێوەی تایبەت و بە شێوەی گشتی سەرەنجی جیهانی بۆ لای پرسی وەستان و خۆڕاگریان لە بەرامبەر مۆدێرنیتە کە بەلای ئەوانەوە لە ڕۆژئاوا سەرچاوەی گرتووە، ڕادەکێشێت.

مۆدێرن و نوێ، ئەوان گرنگی مافی تاک ڕەت دەکەنەوە. بونیادگەراکان(فێندەمێنتالیزم) بە تایبەتی بونیادگەرا ئیسلامییەکان لە ماوەی چەند دەیەی ڕابردوودا بە گشتی ڕۆژئاوا بە هۆکاری قەیرانەکانی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی و هاتنی مۆدێرنیتە بۆ کۆمەڵگا

موسوڵمانەکان دەزانن و بەردەوام لە هەوڵدان بۆ ئەوەی لە بەرامبەریدا بە هەموو شێوەیەک بوەستنەوە. ئەم وەستانەوە لە بەرامبەر ڕۆژئاوا و دوژمنکاری دژی ئەوان کە لە ئایدۆلۆژی دەسەڵاتدار بە باڵادەستی بونیادگەرایی سەرچاوەی گرتووە و جۆرێک دوژمنایەتی و گومان دژی ژنان (وەکو ئەندامانی چالاکی ئەم نوێبونەوەیە) لە کۆمەڵگادا پێکدەهێنێت و هەموو جۆرە کردەوەیەکی سەربەخۆیی ژنان لە چاو ئەوان، بە تاوانی گەورە دێتە ئەژمار. کۆنترۆڵ کردنی ژنان لە یەکەمین ئامانجەکانی ئایدئۆلۆژی بونیادگەراکانە، چوونکە توانایی بونیادگەراکان لە کۆنترۆڵی جەستەیژن لە ڕێگای بە کارهێنانی توندوتیژی، ئاسانترە لە دامەزراوەکانی تری کۆمەڵگا و هەروەها دەتوانێت کاریگەرتریش بێت.

• لیلی زەکیە مۆنیر، یەکێک لە چالاکانی ناسراوی مافی مرۆڤ و فێمێنیستی ئەندۆنیزیایی لەم بارەیەوە دەنووسێت:"بەهۆی دوژمنایەتیەک کە بونیادگەرایانی ئیسلامی لەگەڵ فێمێنیسم هەیانە، بە بەردەوامی مەترسیەک لەلایەن ئەوانەوە وەکوو هەڕەشەیەک لە گۆڕانی پەیوەندی ڕەگەزی هەست پێ دەکرێت، کە لە چاو ئەوان ئەم گۆڕانە لە پەیوەندی ڕەگەزایەتی، سەرچاوەی لە کاپیتاڵیسم و فێمێنیسم گرتووە. بونیادگەراکان لە ئایدئۆلۆژییەکەیاندا باوەڕیان بە پەروەردەی ئایینی هەیە کە سنوور بۆ ژنان دادەنێت.

بە باوەڕی بونیادگەراکان، ژنان بە پێی یاسای شەرعی وسروشتی خۆیان، دەبێت کۆنترۆڵ بکرێن و تەنیا لە ماڵەوە چالاکیان هەبێت. بەم شێوەیە هەموو کردەوە و چالاکیەکی ژنان کە پانتایی خوسوسی و بەها و بایەخی پێناسە کراو تێکبدات و بچێتە پانتایی کۆمەڵگا، بە باوەڕی بونیادگەراکان مەترسی و هەڕەشەی جیددی لە بەرامبەر سوننەتەکانی ئەوان دروست دەکات. بە ئاماژە بەو بەڵگانە، هۆکاری دوژمنایەتی دەوڵەتەکان و بزووتنەوەکانی بونیادگەرای ئیسلامی لەگەل فێمێنیسم و بزوتنەوەکانی ژنان دەردەکەوێت. والنتن موقەدەم، لەم بارەیەوە دەنووسیت: "بزووتنەوەکانی بونیادگەرای ئیسلامی ڕەنگدانەوەی جیاوازی و ناکۆکییەکانی ڕاڕەو بۆلای نوێ بوونەوە و تێکهەڵچوون لە نێوان بەها و نرخە سوننەتی و نوێیەکانە و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و مافی ژنان لە ناوەندی ئەم ڕاڕەوە مێژوویەدایە.

بەمەشەوە هەڵوێست گرتنی توندوتیژانەی بونیادگەراکان دژی چالاکی ئاشتی خوازانەی ژنان لە لایەکەوە و لەلایەکی تریش نیزامی کردنی بزوتنەوەکانی بونیادگەرا بەردەوام لە سەر ڕێگای چالاکیی ئاشتی خوازانەی بزووتنەوەی مەدەنی ژنان کێشەی درووست کردووە. میلیتاریسم و بەهێزکردنی هێزی نیزامی لە ئایدئۆلۆژیا بونیادگەراکان کاتێک درووست دەبێت کە ئەوان پێداگری دەکەن و بەردەوامن لە هەوڵدان بۆ ئەوەی شەڕی خۆیان لە دژی هێزەکانی ڕۆژئاوا و بوونی کولتوری ڕۆژئاوایی بەهێز بکەن. لە ڕاستیدا گەشەی هێزە بونیادگەراکان لە وڵاتانی روو لە گەشە بۆ بەرەنگاری لەگەڵ مۆدێرنیتەی ڕۆژئاوایە کە ئاکامەکەی گەشەی هێزە توندڕەوە نەتەوەیی و نیزامیگەری دژی هێزە چالاکەکان و بە تایبەت چالاکانی مافی مرۆڤ لەم وڵاتانەیە.

کاتێک ئایدئۆلۆژی بونیادگەرایی چینێکی کۆمەڵگا یان گروپێکی تایبەت لە خۆ دەگرێت لە ئاکامدا بەشێکی دیکە لە بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی پاشەکشە پێدەکات یان دووریان دەخاتەوە کە لە ئاکامدا، کاریگەری نەرێنی و روخێنەری لە سەر بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان و بە تایبەت بزووتنەوەکانی ژنان لەم ناوچانەدا هەیە.

لێرەدا هەر کام لە دامەزراوە مەدەنیەکان و مافەکانی ژنان لەم وڵاتانەدا کە بڕیار و ئامانجی گەشە و پەرەپێدانی چالاکییەکانی ژنان و بردنە سەرەوەی زانیاری ئەوان لە کاریگەری روخێنەری بەها توندوتیژەکانی بونیادگەراکان بێت، لە کردەوەدا لەگەڵ کێشە و سەرکووت بەرەوڕوو دەبێتەوە .لە هەندێک بواردا ژنان لەم وڵاتانەی کە بونیادگەراکان هێزی نیزامی و دەسەڵاتی زۆریان هەیە دامەزراوە و چالاکییەکانیان بەردەوام ئەگەری هەڕەشە و تیرۆر و سڕینەوە و لەناوبردنیشیان لەسەرە.

ئەو دەوڵەتانەی لە ئایدئۆلۆژی بونیادگەرایی پشتیوانی دەکەن، لە هەوڵدان بۆ ئەوەی زیاتر بیرۆکەی ئایدئۆلۆژیک و داخراوی خۆیان لە هەموو پەیوەندییە فەرهەنگی و کۆمەڵایەتیەکاندا پەرەپێبدەن و هەندێک کات بۆ پەرەدانی زیاتر چوونەتە ناو بەدەنەی چالاکیەکانی ژنان و بۆ لە ناوبردنی ئەوان لە نیزامیگەری و بەکارهێنانی چەکی نیزامی و خۆکوژیش بۆ کپ کردنەوەی ئەم چالاکیانە کەڵک وەردەگرن. میلیتاری کردنی ڕەفتار و پەیوەندی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگا بێجگە لە پەرەدان بە توندوتیژی دژی ژنان لە ناو پانتایی گشتی کۆمەڵگا، زۆرێک لە توندتیژییەکان لە دژی ژنان بەتایبەت دەستدرێژی ئاسایی دەکاتەوە و تەنانەت ئەوان دەخاتە ژێر سێبەری پاراستنی بەها سوننەتییەکان و ڕەوایی پێدەدات، بۆ نموونە لە ئەلجەزیرە دوای سەربەخۆیی ئەم وڵاتە لە ژێر دەستەیی فەرانسە و سەرهەڵدانی هێزە بونیادگەراکان(فێندەمێنتالیست) لەو وڵاتە، هێرش بۆ سەر یەکسانی ڕەگەزی دەستی پێکرد.

لە دەیەکانی ١٩٧٩ ئیسلامگەراکان هێرشیان کردە سەر خوێندکارانێک لە زانستگاکان کە دروشمی سیکۆلاریان دەوتەوە، بە تایبەت ئەو ژنانەی بەرهەڵستی رۆڵ و رەوشتی هەڵەی ئەوانیان دەکرد. ژنان و کچانی خوێندکار بە هۆی چالاکییە سیاسیەکانییان و جۆری جل و بەرگیان هێرشیان دەکرایە سەر و هەندێک جار ئەسید بە دەموچاوویاندا دەکرا.

گروپە بونیادگەراکان(فێندەمینتالیست) هێدی هێدی ئایدئۆلۆژیای دژە ژنی لە کۆمەڵگادا جێ دەخەن و لێرەدا هەر جۆرە بزووتنەوە وجوڵانەوەیەک کە لە کۆمەڵگادا روودەدات بە هەموو توانای خۆیان بۆ لێدانی هێزە سەربەخۆکانی ژنان کەڵکی لێوەردەگرن، توانای سیاسی و چالاکییە کۆمەڵایەتییەکانیان لێدەگرنەوە و لێرەدایە کە بزووتنەوەکانی ژنان بۆ درێژەدان بە ڕێگاکەیان لەگەڵ توندوتیژی زۆر لەلایەن بونیادگەراکان (فێندەمێنتالیست) بەرەوڕوو دەبنەوە.

زۆربەی جووڵانەوەی ئاشتی خوازانەی ژنان و دامەزراوەکانی ژنان (بە تایبەت بەشداری بەردەوامی ئەوان وەکوو مرۆڤ گەلێکی یەکسانی خواز لەگەڵ پیاوان) سەرکووت دەکرێت بۆ ئەوەی ئەوان لە مەیدانی چالاکی سیاسی دووربخەنەوە و دەستکەوتەکانیان لە کۆمەڵگای ژێرچەپۆکی سەرەڕۆیی ببەنە ژێر پرسیار. بەم هۆیە زۆرێک لە هێزەکانی ژنان کە لە توندوتیژی بنەڕەتی ناو بزووتنەوە بنیاتخوازەکان (فوندامینتالیست) بە تایبەت لە قۆناغەکانی دوای سەربەخۆیی، لە داگیرکاری لە وڵاتانی جۆراوجۆر ئاگادار بوون، لە زۆرێک لە وڵاتان بە تایبەت لە ئەلجەزیرە هەموو هەوڵی خۆیان خستەگڕ بۆ لە ناو بردنی تەشەنەی بنیاتخوازەکان (فێندامێنتالیست). ئەم هەوڵانە لە وڵاتانێکی وەکوو ئەلجەزیرە و مەراکێش سەرکەوتوو بووە.

دەتوانین بڵێین کە شەڕی سەرەکی زۆربەی هێزە توندڕەوەکان و بە تایبەتی بنیاتخوازە ئیسلامیەکان لە وڵاتانی ئیسلامی بەگشتی دژی مۆدێرنیتەی رۆژئاوایە، لە ئاکامدا بنیاتخوازە ئیسلامیەکان بە گشتی رۆژئاوا بەهۆکاری بڵاوبوونەوە و چوونەناوەوەی فەرهەنگی

مۆدێرن بۆ وڵاتانی موسوڵمان دەزانن. لەم ڕووەوە ئەوەی کە ئێستا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست وەکوو میلیتاری بوونی سیستەمەکانی بەرگری و ئاسایشی زۆرێک لە وڵاتان بە تایبەت سوریە و ئێران دەبینرێت لە ڕاستیدا هۆکاری پاساو هێنانەوەی ئەم وڵاتانەیە بۆ شەڕ لەگەڵ ڕۆژئاوا و بەهاکانی نوێی مۆدێرنیتەی ڕۆژئاوا کە زۆربەی ئەو وڵاتانەی ناچار کردووە لە کەلوپەلی سەربازی بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ئەم هەڕەشانە کەڵک وەرگرن.

بەڵام مەترسی میلیتاریزە بوون و شەڕ لەم ناوچانە، بە تووندی چالاکیی ئاشتی خوازانەی بزووتنەوەی ژنان و جوڵانەوەکەیان لەگەڵ کێشە بەرەوڕوو دەکاتەوە. لە ڕاستیدا میلیتاریزە بوون لە کۆمەڵگادا چ بە هۆکاری گووشارە نێودەوڵەتییەکان و چ لە ڕێگای سڕینەوەی دامەزراوە مەدەنی و نەتەوەییەکان لە ناوخۆی هەر وڵاتێک، دوا ڕۆژی باشی نابێت بۆ نموونە "ئان ماری کوئیتێز" دەنوسێت لە سریلانکا سەربەخۆیی وڵات زیاتر لە ڕێگای وتووێژی ڕووناکبیرانی بە ئاکام گەیشت تا تەیار کردنی هێزە گشتییەکانی خەڵک، لە هەمانکاتدا نیزامی کردنی کۆمەڵگای سریلانکا بووە هۆی سەرهەڵدانی تووندوتیژی زۆر لە دژی ژنان لەم کۆمەڵگایەدا کە بە شێوەی جۆاوجۆر وەکوو دەستدرێژی، ئازار و ئەزیەتی ڕەگەزی وتووندوتیژی بنەماڵەیی خۆی دەردەخات.

لە لایەکی تر میلیتاری کردنی ئەو بزووتنەوەانەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە کۆتاییدا دەبێتە هۆی تووندوتیژی دژی ژنان لەم وڵاتانەدا بە جۆرێک کە ڕاپۆرتی بەربڵاو لە ساڵانی ڕابردوو لە بارەی لە ناو بردنی مافی ژنان لەم وڵاتانە و دەستدرێژی وسەرپۆشدانان بۆ ڕووخاندن و هەڕەشە لە چالاکانی ژنان لە بزووتنەوەکانی ئازادی خوازی لە لایەن هێزە تووندڕەوەکان و لایەنگرانی میلیتاریکردن بڵاوکراوەتەوە.

بەم پێیە بزووتنەوەکانی ژنان لەم ناوچانە بە پێچەوانەی بنیاتخوازەکان (فێندامینتالیست) لە باتی ئەوەی هێزی خۆیان بۆ شەڕ لەگەڵ دەستەواژەکانی وەک داگیرکاری ڕۆژئاوا بەکاربێنن، پێیان باشترە دژی هێزە تووندڕەوەکان و نیزامیگەری کە دەبێتە هۆی تووندوتیژی و شەڕ و ماڵوێرانی ژنان و منداڵان بەکاری بێنن. لێرەوە ژنان ڕۆڵی سەرەکیان لە بردنە پێشەوەی ئاشتی لەم وڵاتانە بە دەستەوەیە کە لە بردنە پێشی ئاشتی دەتوانێ کاریگەری لەسەر کۆمەڵگا هەبێت و لە بڵاوبونەوەی تووندوتیژی چینە جۆربەجۆرەکانی کۆمەڵگا بەرامبەر ژنان کەم بکاتەوە.

بەم پێیە بزووتنەوەکانی ژنان لەم ناوچانە بە پێچەوانەی بنیاتخوازەکان (فێندامینتالیست) لە باتی ئەوەی هێزی خۆیان بۆ شەڕ لەگەڵ دەستەواژەکانی وەک داگیرکاری ڕۆژئاوا بەکاربێنن، پێیان باشترە دژی هێزە تووندڕەوەکان و نیزامیگەری کە دەبێتە هۆی تووندوتیژی و شەڕ و ماڵوێرانی ژنان و منداڵان بەکاری بێنن. لێرەوە ژنان ڕۆڵی سەرەکیان لە بردنە پێشەوەی ئاشتی لەم وڵاتانە بە دەستەوەیە کە لە بردنە پێشی ئاشتی دەتوانێ کاریگەری لەسەر کۆمەڵگا هەبێت و لە بڵاوبونەوەی تووندوتیژی چینە جۆربەجۆرەکانی کۆمەڵگا بەرامبەر ژنان کەم بکاتەوە.

زۆرێک لە گروپەکانی ژنان لەم ناوچانە بە گشتی لە میلیتاریزەکردن دەترسن وداوا لەرێکخراوە نێودەوڵەتییەکان دەکەن بۆ یارمەتیدان بە مەبەستی چاکسازی لە دۆخی ژنان لەم وڵاتانەدا لە ڕاستیدا گروپەکانی ژنان لە وڵاتانی ژێردەستەی بنیاتخوازەکان

(فێندامێنتالیست) کە بەرەنگاری بەکارهێنانی توندوتیژی دژی ژنان دەبنەوە تیشکی خۆیان دەخەنە سەر نەهێشتنی توندوتیژی دژی ژنان و شەڕ لەگەڵ بنیاتخوازیی(فێندامێنتالیست) و هەندێک جار بزووتنەوەکانی ژنان لە ڕێکخراوەکانی ئاشتی نێودەوڵەتی وکەرەستەکانی ئەوان بۆ چاکسازی لە دۆخی ژنان لە وڵاتانێکی وەکوو ئەلجەزیرە و تونس کەڵکیان وەرگرتووە.

بزووتنەوەکانی ژنان لەم ناوچانە بەردەوام بە دوای ڕێگایەکن بۆ لە ناوبردنی ئەو توندوتیژییانەی هەن و بەشداری یەکسانی ژنان لە بزووتنەوە ئازادیخوازەکان و هەموو وزە و توانای چالاکانی ژن لەم وڵاتانە بۆ پێشگرتن لە پەرەسەندنی ئەم توندوتیژیانە و ڕاکێشانی سەرەنجی ڕێکخراوە نیودەوڵەتییەکان بۆلای دۆخی خراپی ژنان دوای شەڕ و ئاکامی ڕەشی دامەزراندنی ئایدئۆلۆژیای بنیاتخوازی ئیسلامی و میلیتاریزم لەم ناوچانەیە.

توندوتیژی دژی ژنان لەگەڵ دوورخستنەوەیان لە بزووتنەوە کۆمەڵایەتیەکان، یەکێکی تر لە ڕێگاکانی توندوتیژی نواندن دژی ژنان لە بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانی وڵاتانی جیهانی سێیەمە کە خاوەن پێکهاتەیەکی پیاوسالار و نەریتین. ئەم دوورخستنەوەیە لەوشوێنەوە دەست پێدەکات کە ژنان ڕۆڵی سەرەکیان بۆ پشتگیری لە خۆپیشاندانی جەماوەری هەبووە، بەڵام دوای بە ئاکام گەیشتنی شۆڕش لەو وڵاتانە ژنان وەک یەکەم گرووپ لە مەیدانی شەڕ و شانۆی کۆمەڵایەتی دووردەخرێنەوە و مافیان پێشێل دەکرێت.

ڕابردووی زۆرێک لە وڵاتان بەتایبەت هاوشێوەی ئەوەی کە لە شۆڕشی گەلانی ئێران ڕوویدا، نیشانیدا کە کاتێک هێزەکانی ژنان لە شۆڕشێکدا خۆیان ڕێکدەخەن ئەگەری هەیە ئەو شۆڕشە بە ئەوان پابەند نەمێنێ. ئەم پرسە بە تایبەتی کاتێک کە شۆڕشەکان بە ئایدئۆلۆژییەکی تایبەت ڕێبەری بکرێن (نە بەپێی داواکاریی گروپە جۆراوجۆرەکانی خەڵک) و لە کۆمەڵگایەکی نەریتی دا ڕوودەدەن، بە دڵنیاییەوە زیاتر دەبێت چوونکە هەمیشە ئایدئۆلۆژی هاندەری ئەو شۆڕشانە بەکارهێنانی توندوتیژی دژی ژنان دەناسێنێت و پەرەی پێدەدات. بەکارهێنانی توندوتیژی لەم بزووتنەوانە ئەگەری هەیە نهێنی یان ئاشکرا بێت، بەڵام هەرچۆنێک بێت دژی یەکسانی ڕەگەزی کار دەکات و زۆربەی ڕوناکبیرانی پیاو لەم بزووتنەوانە دەیانەوێت کە ژنان دوای هاوکارییان لە سەرخستنی ئەم شۆڕشانە بچنەوە سوچی ماڵ یان بۆ ڕۆڵە پێناسە کراوەکانی پێشوویان بگەڕێنەوە.

رابین مۆرگان، شاعیر، نووسەر و فێمێنیستی ڕادیکاڵی ئەمریکایی لەو بڕوایە دایە" لە گەڵ ئەوەی کە ژنان و فێمێنیستە عەرەبەکان ڕۆڵی کاریگەریان لە بزووتنەوەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بەرە و پێشچوونی دێمۆکراسی و شەڕ بۆ بە دەستهێنانی ئەو دێمۆکراسیە لە وڵاتەکانیاندا هەبووە، بەڵام بۆ خۆیان دەیانزانی کە شۆڕشی گەلێک کە لەلایەن ڕوناکبیرانی پیاو پێناسە دەکرێت لە کۆتاییدا غەدریان لێ دەکات." بەرای رابین مۆرگان لە زۆربەی شۆڕشەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا لە گەڵ ئەوەی کە ژنان بەشدارییەکی بەرچاویان هەبووە، بەڵام ئەم شۆڕشانە، شۆڕشگەلێکی پیاوانە بوون بۆ نمونە لە ئەلجەزیرە لەگەڵ ئەوەیکە ژنان بەشدارییەکی گەرەیان لە بزووتنەوەکانی نەتەوەخوازی و سەربەخۆیی ئەو وڵاتە لە ژێردەستەیی فەرانسەدا هەبووە کاتێک کە لە هەموو هێزی ئەوان بۆ بەرهەمهێنانی شۆرش کەڵک وەرگیرا، دووبارە شۆڕشگێڕان و ڕوناکبیرانی ئایینی ژنانیان بۆ سوچی ماڵەکان گەڕاندەوە.

لە زۆربەی بزووتنەوەکان کە ژنان هێزی چالاک لە بزووتنەوە جەماوەرییەکان بوون و بەردەوام لەگەڵ هەڕەشە، کشاندنەوەی

چالاکییەکانیان دوورخرانەوە و لەبەرچاوونەگیران لەلایەن دامەزراوە روناکبیری و جەنگاوەرانی پیاو لە بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان رووبەڕوو بونەتەوە. دوورخستنەوەی ژنان لە بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان و بە تایبەت لە پرۆسە کۆمەڵایەتی وسیاسیەکان لە شۆڕشەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش بەردەوام یەکێک لە کێشەکانی بەردەم چالاکانی ژن لەم ناوچانە بووە.

بۆ نمونە لە لیبی و میسر بەشداری ژنان بەردەوام لەگەڵ هەڕەشە لە لایەن هێزە سەربازییەکان و هێزەکانی بەشدار و ئۆپۆزێسیۆنی ئەم وڵاتانە بەرەوڕوو بۆتەوە. لە لیبی ژنان بەردەوام لە بەردەم مەترسی دەستدرێژی ئازار و ئەزیەتە رەگەزییەکان بۆ دوورخستنەوەیان بوون و توندوتیژییان بەرامبەر کراوە. بە کارهێنانی ئەم توندوتیژییانە هەندێک جار ئەگەری هەیە بۆ کەم کردنەوەی کاریگەری و یان تەنانەت بۆ نەهێشتنی بەشداری ژنان لەو وڵاتانەدا بێت و وزە چالاکەکانی ئەو ژنانە لەم وڵاتانە دەخاتە ژێر کاریگەری و لە لایەکی تر بەشداری ئەوان لە خۆپیشاندان و نارەزاییەتی جەماوەری لەگەڵ کێشە بەرەوڕوو بکاتەوە.

رابین مۆرگان، شاعیر، نووسەر و فێمێنیستی رادیکاڵی ئەمریکایی لەو بڕوایە دایە" لە گەڵ ئەوەی کە ژنان و فێمێنیستە عەرەبەکان رۆڵی کاریگەریان لە بزووتنەوەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بەرە و پێشچوونی دیمۆکراسی و شەڕ بۆ بە دەستهێنانی ئەو دیمۆکراسیە لە وڵاتەکانیاندا هەبووە، بەڵام بۆ خۆیان دەیانزانی کە شۆڕشی گەلێک کە لەلایەن روناکبیرانی پیاو پێناسە دەکرێت لە کۆتاییدا غەدریان لێ دەکات." بەرای رابین مۆرگان لە زۆربەی شۆڕشەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا لە گەڵ ئەوەی کە ژنان بەشدارییەکی بەرچاویان هەبووە، بەڵام ئەم شۆڕشانە، شۆڕشگەلێکی پیاوانە بوون بۆ نمونە لە ئەلجەزیرە لەگەڵ ئەوەیکە ژنان بەشدارییەکی گەورەیان لە بزووتنەوەکانی نەتەوەخوازی و سەربەخۆیی ئەو وڵاتە لە ژێردەستەیی فەرانسەدا هەبووە کاتێک کە لە هەموو هێزی ئەوان بۆ بەرهەمهێنانی شۆرش کەڵک وەرگیرا، دووبارە شۆڕشگێڕان و روناکبیرانی ئایینی ژنانیان بۆ سوچی ماڵەکان گەڕاندەوە.

نمونەیەکی تر، شۆرشی ٥٧ ی گەلانی ئێرانە کە زۆربەی ژنان لە هێزە سەرەکییەکانی بزووتنەوەکانی دژە ئیمپریالیستی و هەروەها هێزە شەرکەرەکانی دژە "شا"یان پێکدەهێنا و رێژەی بەشداری ژنان لە ئاستە جۆربەجۆرەکان لە شۆڕشی ٥٧ یەکێک لە خاڵە گرینگەکانی بەشداری سیاسی ژنانی تۆمار کرد، بەڵام لەگەڵ هەموو ئەوانە چاوەڕوان دەکرا کە ئەم شۆڕشە لانیکەم دەستکەوتەکانی رابردوو لە دەست نەدات بەڵام لە کۆتاییدا ئەوە ژنان بوون کە هەر لە ساڵەکانی یەکەمی شۆڕش دوور خرانەوە و مافیان پێشێل کرا.

ئەزموونێکی مێژوویی کە بۆ ژنانی ئێران لە شۆڕشی ٥٧ دا روویدا، زۆرێک لە چالاکانی مافی ژنانی لە بەهاری عەرەبی نیگەران کرد کە ئایا ئەو شۆڕشە هەروەکو شۆڕشی ئێران غەدر لە ژنان دەکات؟ رۆڵی رێکخراوەکان و بەرەنگار بوونەوەی سەربەخۆی ژنان بۆ پێشگرتن لە دوورخرانەوە لە بزووتنەوەی دیمۆکراسیخوازی، رابین مۆرگان بەم شێوەیە کە رۆڵی رێکخراوەکانی ژنان لە شۆڕشە دیمۆکراسی خوازەکان زۆر گرینگ و کاریگەر دەبێت کاتێک ژنان بتوانن لە پێش بە ئاکام گەیشتنی ئەم شۆڕشانە، رێکخراوەکان و دۆخی یەکسانی رەگەزی خۆیان باشتر بکەن لە ئاکامدا شۆڕشەکان کەمتر خیانەتیان پێ دەکەن و ئەوان زۆرتر دەتوانن لە سەر یەکسانی رەگەزی و پێشگرتن لە توندوتیژی جەخت بکەنەوە.

نمونەیەک کە مۆرگان دەیهێنێتەوە دەستکەوتی ژنان لە تونسە، مۆرگان لەم پەیوەندەدا دەنووسێت"لە وڵاتێک کە لە حاڵی گەشەدا بوو

لە کۆمەڵگای سێکۆلاری تونسدا، ژنان یاسای پێشگرتن لە زاووزێ و هەروەها مافی کورتاژیان لە ساڵی١٩٦٢ دا بە دەست هێناوە. دوای سەربەخۆیی لە فەرانسە لە ساڵی ١٩٥٩ دەوڵەت یاسای بەرگری لە فرە ژنی و یەکسانی ژنان لە هاوسەرگیری وەکوو مافی تەڵاق و یاسای سەرپەرەشتی هاوسەریشی یاسایی کرد.

دواتر تەمەنی هاوسەرگیری بۆ ژنان بوو بە ١٨ ساڵ و هەروەها توندوتیژی بنەماڵەیی سزای بۆ دیاری کرا. بەڵام هاوکات بەشی کچان لە میرات نیوەی کوران مایەوە و پیاوان هەموو ئەوەی کە لە ژیانی هاوبەش بە دەستیان دەهێنا دەیانتوانی بۆ خۆیانی هەڵگرنەوە بۆیە خواستە دێمۆکراتیکەکانی ژنانی تونسی لەگەڵ خواستی ئازادی خوازییان قوڵتر بۆوە و ئامادەی شۆرش و هەستان بوون "لە ڕاستیدا مۆرگان بەم ئەنجامە گەیشتووە کە بزووتنەوەکانی یەکسانیخوازی ژنان لەگەڵ یەکسانی ڕەگەزی وهەوڵ بۆ بە دەستهێنانیان و یاساکانی یەکسانی لەگەڵ خواستەکانیان بۆ گەیشتن بە دێمۆکراسی دەتوانێت ژنان لە دوورخرانەوە و خرانە بەردەم توندوتیژی لە لایەن هێزە شۆڕشگێڕەکان بپارێزێت.

ئێن جی ئۆ و ڕێکخراوە سەربەخۆکان ڕۆڵی گرینگیان لە خۆڕاگری ژنان لە بەرامبەر دوورخرانەوە لە بزووتنەوەی دێمۆکراسی خوازی وڵاتانی جیهانی سێیەم هەیە و وەکوو یەکێک لە ڕێگا کاریگەرەکان دەتوانێت بۆ بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی هێزە توندڕەوە ئیسلامی و بنیاتخوازەکان (فێندامێنتالیست) لەم وڵاتانە بەکار بهێنرێن. لە لایەکیتر چوونکە زۆربەی ژنان لە بەکارهێنانی توندوتیژی بەکۆ و تەنانەت تاکە کەسی لە نارەزایەتییە جەماوەرییەکان بە تایبەت دەستدرێژی و ئازاری جنسی دەترسێن، زۆربەیان دەترسن لەم بزوتنەوانەدا بەشداری بکەن.

مۆرگان ئاماژە بەم خاڵە دەکات کە لە زۆربەی خۆپیشاندانەکانی سەرشەقام نە تەنیا پۆلیس بەڵکوو تەنانەت خۆپیشاندەرانیش ژنان ئازار دەدەن و بێ ڕێزییان پێدەکرێ و توندوتیژی جنسیان بەرامبەر ئەنجام دەدەن، بەڵام ئەوەی لێرەدا گرینگە خۆڕاگری ژنانە لە بەرامبەر دوورخرانەوە و پەرە ئەستاندنی ئاشتی و کاریگەری ئەوان لە پێشگرتن لە سەرهەڵدانی توندوتیژی و دانانی چارەسەرییەک کە پێش بەم توندوتیژییانە بگرێت.

بۆ نموونە یەکێک لە ژنانی میسری بە ناوی ئەسمائ مەحفوز ویدیۆیەکی لە یوتیوب و تویتێری خۆیدا بڵاویکردەوە کە خۆڕاگری ژنانی میسری لە بەرامبەر توندوتیژی و دانانی ڕێگای نوێ و ستراتیژیکی بۆ بەشدارییان لە بزووتنەوە ڕزگاریخوازەکاندا نیشاندەدا.

ئەسمائ مەحفوز لەم ویدیۆیەدا دەڵێت: "هەرکەسێک کە ڕێگری بکات لە ژنان لە چوون بۆ خۆپیشاندان لەبەر ئەوەی ئەگەری لێدان و کوتانیان هەیە، شەرەف و ئابڕوی پیاوانەی خۆی بەکار بێنێت و لە خۆپیشاندانەدا لەگەڵ من هاوکار بێت." دەتوانین بڵێین کە بەشداری ژنان بە شوناسی دیاریکراوی خۆیان لە بزووتنەوەی دێمۆکراسی خوازی و لە هەمانکاتدا ڕاگرتنی یەکسانی ڕەگەزی لەم بزووتنەوانەدا و ئامادە کردنی بوار بۆ بەشداری ژنان لەم بزووتنەوانەدا لە ڕاستیدا یارمەتییەکی زۆر دەکات بۆ ڕێگری لە دوورخرانەوەی ژنان لەم بوزوتنەوانە، بە شێوازێکیتر ژنان بۆ ئەوەی کەمتر لە پێکهاتە ئایینی و نەریتییەکانی وڵاتانی جیهانی سێیەم و بزووتنەوەی دێمۆکراسی خوازی ئەم وڵاتانە توندوتیژییان بەرامبەر بکرێت پێویستە کە شەڕی یەکسانی ڕەگەزی خۆیان لە

پاڵ گەیشتن بە مافی شارۆمەندی و سازدانی دیمۆکراسی هەنگاو بە هەنگاو درێژە پێبدەن پێش ئەوەی دووبارە شۆڕشی نوێ غەدرییان لێ بکات.
لە بارەی ئێران و بزووتنەوەی ساڵی ٨٨ واتە "بزوتنەوەی سەوز" یش ژنان سەرەتا هەوڵیاندا کە بە داخوازیی دیاریکراو بچنە ناو کەش و هەوای هەڵبژاردنی سیاسی و لە کۆتاییشدا بە شوناسێکی سەربەخۆی ژنانە(بۆ نمونە بە شوناسی سەربەخۆ "لێک نزیک بوونەوەی چالاکانی بزووتنەوەی ژنان"، "دایکانی تازەبار" و یان بە شێوەی تۆڕی ژنانە "بنەماڵەی زیندانیان" و.....، لەم بزووتنەوەیەدا دەرکەوتن بەم هۆیەوە دەتوانرێت بەشداری سەربەخۆی ژنان لە بزووتنەوەی سەوزدا بە نیشانەی پێداگری ئەوان بۆ بوونی شوناسێکی سەربەخۆی سیاسی لە پاڵ بزووتنەوەی دیمۆکراسی خوازی وجەماوەر لە بەر چاو بگیرێت.

لە گەڵ ئەوەشدا ژنانیش بە ئەندازەی پیاوان لەو بزووتنەوەیەدا لە لایەن دەوڵەتەوە توندوتیژانە مامەڵەیان لەگەڵ کرا و لە زۆربەی بوارەکاندا توندوتیژییەکان دژی ژنان چ لە ڕێگای دانانی حوکمی قورس و چ لە ڕێگای پێکدادانی سەرشەقام زیاترخۆی دەرخستبوو. بەڵام ئەوەی کە ژنان لە ئێران لە هەر بزووتنەوەیەکی دیمۆکراسی خوازی پێویستە گرنگی زۆری پێ بدەن، پێداگری لە سەر شوناسی سەربەخۆ و یەکسانی ڕەگەزی و ئامادەکردنی بوار بۆ بەشداریان لە بزووتنەوەی نارەزایەتی جەماوەریی لە ئێرانە، چونکە لە پێکهاتەی سوننەتی و ئاڵۆزی پیاوسالاری ئێران، ئەگەر دیسان ژنان گرنگی بەم پرسە نەدەن هەر بزووتنەوەیەک بە ئاکام بگات غەدریان لێ دەکات. توندوتیژی دژی ژنان لە ئایدۆلۆژی دژی ئیمپریالیستی بزووتنەوە نەتەوە خوازەکان و دژەداگیرکەرەکان بە شێوەی بزووتنەوەی سیاسی لە سەدەی نۆزدە و سەرەتای سەدەی بیستەم لە ئۆروپا دەستی پێکرد و هێدی هێدی پەرەی سەند. بیرۆکەی سەرەکی ئەم بزووتنەوانە بە تایبەت بزووتنەوەی دژی داگیرکاری، وەستانەوە لە بەرامبەر داگیرکاری و پێشگرتن لە کەڵکی نابەجێ لە سەرمایەی وڵاتانی جیهانی سێیەم لە لایەن دەوڵەتانی داگیرکارەوە بوو.

لە راستیدا دەتوانین بڵێین کە بزووتنەوە نەتەوەییەکان لە سەر بنەمای شەڕ لەگەڵ ئیمپریالیزم و بەشێک لە ئایدۆلۆژییەکانی جیهانی سێیەم بۆ گەشەی سەربەخۆی ئابووری و کولتووری بەبێ دەستێوەردانی دەرەکی و هێزە داگیر کەرەکان بووە، بەڵام لە کرداردا ئەم ئایدۆلۆژییە کە بازنەی سەرەکی بزووتنەوە دژە ئیمپریالیستیەکان پێکدەهێنێت، لە زۆربەی کۆمەڵگاکان دوای بە دەسەڵات گەیشتن، بووەتە حکومەتگەلێکی میلیتاری و پاوانخواز کە شەڕی دژی ئیمپریالیستیان لە ڕێگای میلیتاری و ئەمنیەتی کردنی کەشی کۆمەڵگا(بە رواڵەت دژی ڕۆژئاوا و ئەمریکا)وهەروەها لە ڕێگای باشتر کردنی پێکهاتە نیزامییەکان لەو وڵاتەدا بەرەوپێش بردووە.

هەر ئەو جۆرەی ئاریا زاهێدی توێژەری زانستی سیاسی دەنوسێت: "ئایدۆلۆژی دژی ئیمپریالیسم و بە تایبەت پۆپۆلیسمی جۆراوجۆری جیهانی سێیەم هەر کە لە ئێراندا گەشەی کرد وەکوو ئەوەی لێهات کە دەتوانێت بە شێوەی گشتی بە گەلاڵەی دژە ئیمپریالیسمی لە بەرچاوبگیردرێت. ئەم گەلاڵەیە بە شێوەی دیسکۆرس و کۆنترۆڵی زاڵ لە ساڵەکانی پێش شۆڕش و لە ماوەی شۆڕشی گەلانی ئێران پەرەیسەند. بێ لەبەر چاوگرتنی پێگەی گرووپە سیاسیەکان لانیکەم هەر گرووپێک کە لە شۆڕشی گەلانی ئێران لە شەڕ دژی دیکتاتۆری بەشداری دەکرد، ئامانج وبیرۆکەی شەرکردن لەم روانگەوە دەبینرا. سەرەرای لێکدانەوەی جۆراوجۆر لە ناو گرووپە سیاسیەکان وجیاوازی سەرەتایی لە نێوان ئەو گروپانە، هەموو گرووپە سیاسییەکان لە دەوری یەک هۆکار و یەک ئایدۆلۆژی یەکگرتوو کۆبوونەوە کە بتوانن هەموو هێزە ئۆپۆزسیۆنەکان لە ژێر یەک ئاڵا بۆ شۆڕش دژی دیکتاتۆری شا کۆببنەوە"ژنان لەم گرووپە

سیاسیانە یەکێک لە هێزە گەورەکانی بەشدار لە ژێر ئەو ئالایە کە بۆ یەکەمین جار بە ڕێژەیەکی فراوان بۆ روخاندنی حکومەتی شا کۆبوونەوە، جێگایەک کە ئایدۆلۆژی بەرەنگاریی لەگەڵ ئیمپریالیسم لە سەرووی یەکسانی رەگەزی وخواستە تایبەتییەکانی ژنان لە ئامانجی شەڕی ئەواندا بوو. لە لایەکی دیکە لە زۆرێک لە بزووتنەوە دژە ئیمپریالیستیەکان کە بە ئامانجی نەتەوە خوازی وەکوو گەشەپێدان و باشترکردنی کولتوور و گەشەی گشتی و فەرهەنگی وڵات ئەنجامی گرتووە، یەکەمین قوربانییەکان لە نێوان ژنان دایە بۆ ئەوەی ئەوان بکاتە نمونە و وێنەی نەتەوەیی.

لێرەوەیە کە ژنان لەم بزووتنەوە دژە ئیمپریالیستیانە بۆ بوون بە نمونەیەکی"نەتەوەیی" توندوتیژی زۆرییان بەرامبەر کراوە. حیجابی زۆرەملێ و یاسای تر کە ئامانجیان گەڕاندنەوەی ژنان بۆ رۆڵی سوننەتی و پێناسە کراوبوو کە لەگەڵ سوننەتە میلییەکان جیاوازی نەبێ، لەوانە بەکارهێنانی توندوتیژی دژی ژنان بوو. لە ئاکامدا لە جەستەی ژنان وەکو یەکەمین قوربانیانی ئایدۆلۆژی نەتەوەخواز بە تەوەرەی دژە ئیمپریالیستی کەڵک وەرگیرا بۆ ئەوەی نیشانی حکوومەتە رۆژئاواییەکانی بدات کە ژنان لەم وڵاتانە کاریگەری فەرهەنگی رۆژئاواییان لەسەر نییە. بەڵام هەل و بوار بۆ کەڵک وەرگرتنی ئایدۆلۆژیەکان و لە کۆتاییدا بەکارهێنانی توندوتیژی دژی ژنان دوای شۆڕشی ٥٧ی ئێران، لەگەڵ بیرورای روناکبیرانی ئایینی و نائایینی کە ژنانیان تەنیا کاتێک کە لە بەرامبەر رۆژئاوا دەوەستانەوە مانادار و بەرەسمیی دەناسی. زاهێدی دەنوسێت:"سروشتی پێش شۆڕش بووە هۆی ئەوەی کە شەڕی دژە ئیمپریالیستی هاوسەنگی و یەکگرتوویی نێوان هێزە جۆراوجۆرەکانی ئایینی و سیاسی ئەو کات، واتە شەڕ لەگەڵ ئیمپریالیسم، ئایدۆلۆژی و چەتری تیۆریکی نێوان هێزە جیاوازەکان پێکبێت و لێرەدا پەرەسەندنی ئەم ئایدۆلۆژییە دەبێت لە یەکگرتنی ئەم هێزانە لە پێش شۆڕشی ٥٧بدۆزرێتەوە.

ئەم ئایدۆلۆژییە دوای شۆڕشی گەلانی ئێران لە لایەن حاکمانی کۆماری ئیسلامی کەڵکی لێوەرگیرا. دەتوانرێت بوترێت روانینی ئایدۆلۆژیک و پیاوسالاری بۆ پرسی ژنان لە هێزە پاڵنەرەکانی شۆڕشی ٥٧ ە کە بەردەوام هەوڵی پێناسەی نوێی ژنی ئێرانی لە سەر بنەمای نمونەی نەتەوەیی هەبووە و هیچ رۆڵێکی سەربەخۆی بۆ ژنان وەکوو ئەندامێکی یەکسان لە بزوتنەوەی کۆمەڵایەتی لە دژی شا بەرەوا نەزانیوە، بەڵکوو بۆ دوورخستنەوەی ژنان لە بیرکردنەوەی ئازاد و سەربەخۆ دەستیانکرد بە پێناسەکردنی سوونەتی نەتەوەیی لە ژنی ئێرانی بۆ ئەوەی لە بەرامبەر نمونەی رۆژئاوایی بوەستێتەوە، بەڵام لە راستیدا پێگەیەکی سەربەخۆیان بۆ ژن بە رەوا نەدەزانی.

لێرەوە بەکارهێنانی توندوتیژی دژی ژنان پرسێکی گرنگ، بەڵام زۆر ئاسایی دەینواند کە دەبوایە بۆ دەستکەوتەکانی شۆڕشی ئێران سەرف بکرایەت بۆ ئەوەی ئەوان دژی حکومەتی شا رێک بخات. بەڵام ئاکامی بەشداری کەم وێنەی ژنان بە هۆی ئەو نیزامە ئایدۆلۆژیکە دژە ژنە، بە توندوتیژی دژی ژنان و لە کۆتاییدا بووە هۆی سڕینەوەیان لە لیستی شەڕی سیاسی بە شوناسی سەربەخۆ و هەموو یاساکان بە شێوەی نایەکسان لە یاسای بنچینەیی ئێرانی دوای شۆڕش پێناسە کرد.

دروست کردنی ئایدۆلۆژی دژی ژنان و بە کارهێنانی توندووتیژی لە بزوتنەوە نەتەوەخوازەکان بە گشتی لە بزووتنەوە ئایدۆلۆژیکەکان ئەوە پیاوانن کە چارەنووسی وڵاتێک دروست دەکەن و پیاوان وەک دامەزرێنەرانی نەتەوەیەک و سیاسەتەکانی

چاولێدەکرێن وئەرکی پشتگیری لە جەستەی ژنانیش دەگرنە ئەستۆ. لەم بە ئایدۆلۆژیکردنە لە ژنان، جەستەی ژنان وەکوو ئابڕووی وڵاتێک لەبەرچاودەگیرێ، جۆرە ئابڕویەک کە کە ئەرکی پیاوان، راگرتن پاراستنیەتی. لێرەوەیە کە هەندێک کات دەبینرێت کە هەر ئەو روانینە ئایدۆلۆژیکیە لە پەیوەندی لە گەڵ جەستەی ژنان لە بزووتنەوە کۆمەڵایەتیەکانە کە دەبێتە هۆی دەستدرێژی گەل لە لایەن هێزە هێرشبەر و لە لایەن نارازییان بە شێوەی ئاڵۆز و بەربڵاو خۆی نیشانبدات.

سیلسیا ئانلو مامۆستای زانستگا و لێکۆڵەری فێمێنیست لەو بڕوایەدایە کە:"لە ئایدۆلۆژییە نەتەوەییەکان ئەوانەی کە کرداری راستەقینە ئەنجامدەدەن پیاوانن کە لە ئازادی وڵات، شەرەف، نیشتمانی دایک و ژنان بەرگری دەکەن" لەو پەیوەندییەدا لەو بزووتنەوانەدا بەگشتی رۆڵی سەرەکی بە پیاوان دەدرێت هەموو رەوشتەکان بە پێی باوەڕی پیاوانە پێناسە دەکرێت و لەم پێناسانەدا ژنان هیچ پێگەیەکیان نییە. لێرەوەیە کە پێدانی رۆڵی رەگەزیی تایبەت بە ژنان، ئەوان لە بەرامبەر کرداری توندوتیژانەی رێکخراوە جۆراوجۆرە مەدەنی و سیاسیەکان بە تایبەت پیاوانی تری ئەندام لە بنەماڵە ناپارێزێت بەڵکو ئایدۆلۆژی دروست کردن لە جەستەی ژنان، وەکوو ئابڕوی نەتەوەیی، چالاکی ئەوانی زیاتر لە جاران لە دەرەوە راگرتووە و لە بەرەوەپێشچوونی ئەوان لەگەڵ پیاوان لە بزووتنەوە نەتەوەخوازەکان بۆ گەیشتن بە ئامانجی یەکسانی خوازانە بەرگری دەکات.

لەوجێگایەی کە ئایدۆلۆژی پیاوسالارانە و نەتەوەگەرا و سوننەتە پیاوانەکان پێوەندییەکی سەرسوڕهێنەریان پێکەوە بەستووە، لە ئاکامدا لە لای ئەم ئایدۆلۆژییانە، بەردەوام بونیاتگەراکان و هێژموونی پیاوسالارانەی دژی ژنان بەهێز دەبێت. ئاکامی بەهێزی ئەم هێژمۆنیە پیاوانەیە، هەموو رێکخراوو و ژێر بیناکانی وڵاتێک بۆ لای بەهێزکردنی پیاوان کە وەکوو پێکهێنەرانی هەموو هۆکارگەلێکی کۆمەڵایەتی دەبێتە هۆی پیاوانە بوونی کەشی کۆمەڵگا و پەرەسەندنی توندوتیژی دژی ژنان و لە ئاکامدا سڕینەوەی شوناسی ژنان لە هەموو کردەوە کۆمەڵایەتی و سیاسی بووە و ژنان زیاتر دەخاتەوە سوچی ماڵەکان. لە لایەکیتر بە ئایدۆلۆژیک کردنی بزووتنەوە نەتەوەخوازییەکان لە بەرژەوەندی پیاواندا دەتوانێت یارمەتی بەهێزکردن و میلیتاریزەی کردنی نەتەوەکان بێت لە کاتی شەڕەکان بۆ بەرگری لە نەتەوە و خاکی وڵات و هەروەها لەکاتی میلیتاریکردنی وڵات، ژنان تەنیا لە بواری ئەو رۆڵانەی بەوان دراوە وەکو پشتگیری و سەرپەرەستی منداڵان مانا پەیدا دەکات وبەگشتی نەتەوەخوازانی سوننەتی دەیانەوێت تەنیا بەم پێناسانە رازی بن، بەهۆی ئەوەی لەم رێگایەوە گوێڕایەڵی ژنان زیاتر لە هەموو کاتێک بە هێز دەبێت.

بە هۆی پەیوەندییەکی بەربڵاو کە لە نێوان پیاوەتی و ئایدۆلۆژییەکانی نەتەوەخوازی بوونی هەیە، دەتوانین بڵێین کە نەتەوەخوازەکان دەیانەوێت بە تەواوەتی بۆ لای سوننەت راکێشرێن و لەوجێگایەی کە سروشتی بزووتنەوەکان بەگشتی پیاوسالارانەیە و لە ئاکامدا بە روانگەی پیاوانەو نیشتمان پەروەر و هتد بەهێز بووە و دژی شوناسی تایبەتی ژنان لە پێکهاتەی رێکخراوە کۆمەڵایەتیی وبوارە تایبەتیی و گشتییەکان کار بکات. هەر بەو جۆرەی لە سەرەوە ئاماژەی پێدرا یەکێک لەو نمونانەی کە ژنان لە بزوتنەوە نەتەوەییەکان بەشداری چالاکیان هەبوو، بەڵام لە کۆتاییدا دوورخرانەتەوە. لە وڵاتی ئەلجەزایەر پاش ئەوەی کە سەربەخۆیی ئەلجەزیرە بە بەشداری یەکسانی ژنان بە دەست هات، ئەوان دیسان گەڕێندرانەوە سوچی ماڵەکانیان و لە سوننەتی ئیسلامی و حیجابدا پێناسە کران. هەر ئەوە بووە هۆی سەهەڵدانی توندوتیژی لە توێژە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگا دژی ژنان، بەڵام لە کۆتاییدا ژنان لە ئەلجەزیرە توانیان بە یارمەتی دەوڵەت و رێکخراوە نێونەتەوەییەکان لە بەرابەر ئەم توندوتیژییانە، شێوازی

ئاشتیخوازانە و ستراتێژی تایبەتی خۆیان بخولقێنن بۆ ئەوەی ڕێژەی بەکارهێنانی توندوتیژی دژی ژنان لەم وڵاتەدا کەم کەنەوە.

ئایدۆلۆژییە نەتەوە خوازەکان دواجار ژنان وەکوو دایکانی نەتەوە پێناسە دەکەن و هەر ئەوە ڕوانگەی جیاکاری ڕەگەزی وفەرمانبەر ودەستەمۆی بینیوە و ژنان لە بەرامبەر پیاوانی نەتەوەیەک( پیاوانێک کە بڕیارە وەکوو تەنیا هۆکاری گۆڕانی دۆخی نەتەوەیەک پێناسە بکرێن)دادەنێت. لەم پێناوەدا لەم بزووتنەوانەدا حیجاب نە وەکوو باوەڕێک بەڵکوو وەکو سیمبولی نەتەوەیی و شەڕ لە گەڵ داگیرکەر دەسە پێت وتەنانەت کەسانێک کە هیچ باوەڕێکیان بە حیجاب نییە، دەبێت نیگابانی ئەم سیمبولە نەتەوەییە کە ئابڕوی نەتەوەیەکە بمێنن. بەم شێوەیەکە ئەگەر ژنان دژی هەرکام لەم ڕوانگە و بۆچوونە نەتەوەییانە چالاکی بکەن لە کۆتاییدا تۆمەتبار دەکرێن بە هاودەستی لەگەڵ ڕۆژئاوا و هەر ئەمە ڕێگە خۆش دەکات بۆ بەکارهێنانی توندوتیژی دژی ژنان لە کۆمەڵگای پیاوسالاری. دوکتور جوانا نیگل، کۆمەڵناسی سیاسی و کولتوری و مامۆستای زانستگای کانزاس لەم بارەیەدا دەنوسێت:"ئەگەر ئەوان وەکوو ژن بۆ خواستەکانیان ناڕەزایەتی دەربڕن وەکوو خائین بە کۆمەڵگا وقازانجی نەتەوەیی دادەنرێن.

لە ئەو کاتانەشدا کە ڕەوشت و ئاسایشی نەتەوەیی لە ژێر گوشاردا بێت زۆرێک لە ژنان خوازیاری ئەوە نین کە دژی زاڵبوونی پیاوسالاری لە سەر ژنان و وەکوو حیجابی زۆرە ملێ و هتد ناڕەزایی دەربڕن کە وێنەی ئەمە لە نێو ژنانی فلستینی دەبینرێت"ژنانی فلیستینی لەم باریەوە دەڵێن:"ئێمە ناتوانین مەیدانێکی تر بکەینەوە. شەری ئێمە لەگەڵ پیاوان نییە، لە دۆخی شەڕ دژی داگیرکاری ئێمە دەبێت کێشەکانی تایبەت بە ئازادی ڕەگەزی تا دوای ئازادی وەدوا بخەین...کاتێک کە دەوڵەتی خۆمان بە دەست هێنا لەسەر مافی ژنان کار دەکەین. لەو جۆرە بوارانەدا کە بەرژەوەندی نەتەوەیی و گشتی لە سەرو بەرژەوەندییەکانی ژنان دادەنرێت پرسی ژنان دووردەخرێتەوە و لە کۆتاییدا ژنان دیسان بۆ ڕۆڵە پێناسەکراوەکانی سوننەتگەراکان دەگەڕێنەوە. دەتوانین بڵێین کە لەم جۆرە بەرەنگاربوونەوانەدا کە پرسی ڕەگەزی لە ئایدۆلۆژی نەتەوە خوازی باس ناکرێت، لە دواییدا پرۆسەی دێمۆکراسی ژیانی ژنان و لە ئاکامدا بە توندوتیژی دژی ئەوان تەواو دەبێت. لە کۆتاییدا ئەزموونی بزووتنەوە جیاوازە ئایدۆلۆژیکەکان لە ناوچەکە و لە چەندین دەیەی ڕابردوو نیشان دەدات کە شۆڕشەکان بە هەرشێوەیەک چ لە دەوری ئایدۆلۆژی نەتەوەخوازانەو و چ دژی ئیمپریالیستی و چ لە دەوری بونیادگەرایی ئایینی، ژنان لە خواستەکانیان دووردەخاتەوە و تەنانەت هەندێک جار دەبێتە هۆی زیاتر بوونی توندوتیژی دژی ژنان.

لە ڕاستیدا پیاوانە کردنی بزووتنەوە جۆراوجۆرە کۆمەڵایەتییەکان کە لەواندا ژنان ڕۆڵی یەکسانیان نییە و چالاکییەکانیان وەکوو ئەندامی یەکسان بە شوناسی تایبەتی خۆیان دەرناکەوێت و لە کۆتاییدا دەبێتە هۆی بەکارهێنانی توندوتیژی دژی ژنان بە شێوەی جۆراوجۆر. ئەزموون نیشانیداوە کە ژنان ڕۆڵێکی گرنگ و حاشا هەڵنەگریان لە بەرەوەپێشبردنی ئاشتی لە بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکاندا هەیە و کاتێک کە بەشداری ئەوان لە لایەنە زاڵەکانی ئایدۆلۆژییە چەق بەستووەکانی پیاوان - چ ئایینی و چ نائایینی - بۆ سەر بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان دوورنەخرێتەوە دەتوانرێت یارمەتی بە پێشکەوتنی بزووتنەوەکان بە بێ توندوتیژی بدات و لە لایەکی ترەوە ڕێژەی بەکارهێنانی ئەم توندوتیژییانە لە ئاست کۆمەڵگا، بە شێوەیەکی بەر چاوو کەم کەنەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاسۆی ڕۆژهەڵات - ڕێکەوتی: ٢١ی ئەپریلی ٢٠١٤

# توندووتیژی و توندووتیژی بازاڕ



**ئا: ماریا حەسەنپوور**

ماوەیەک لەوە پێش لە فەیسبووک و لە ماڵپەڕەکان بە فارسی و چەند زمانیتری زیندووی دونیا نامەی ژنێکی ئەفغانی بڵاوبۆوە، لەو نامەیەدا روو بە پیاوێک نووسیبووی کە لە بازاڕ سووکایەتی پێکردووەو توانجی بۆخستووەو بە شێوەیەک دەستدرێژی کردۆتە سەری. ئەو نامەیەی ئەو ژنە هەڵگری جۆرێک دەردی هاوبەشە لە ژنانی کۆمەڵگای ئێمە و بەشێکی زۆر لە کۆمەڵگا ئیسلامیی و نەریتییەکان. بە هەر هۆیەک بێت، پیاوێک ڕێگە بە خۆی ئەدات بۆ دامرکاندنەوەی هەستێکی کاتی خۆی، دەست ببات بۆ ژنێک و سووکایەتی پێ بکات. ئەو مافە بەخۆی ئەدات ئەو سووکایەتی و دەستدرێژییە بکاتە سەر ژنان و کچانی دەورووبەری لە بازاڕ و شوێنە گشتییەکان، لەبەرامبەردا هەرچەشنە ناڕەزایی دەربڕینێک لە لایەن ئەو ژنانەی دەستدرێژییان دەکرێتە سەر بە ناڕەوا دەزانرێت. کۆمەڵگاش دەنگ هەڵبڕینی ژنان بە شتێکی خراپ و ناڕەوا ئەزانێت. لە خوارەوە دەقی ئەو نامەیەی کە ئەو ژنە ئەفغانییە نووسیویەتی روو بەو پیاوەی لە بازاڕ سووکایەتی پێکردووە بڵاو دەکرێتەوە کە لە زمانی فارسییەوە کراوە بە کوردی و ئەو ژنە ئەو پیاوەو سەرجەم پیاوانی کۆمەڵگای ئەفغانستان و تەنانەت ڕەنگە بڵێین سەرجەم پیاوانی کۆمەڵگا پیاوسالارییەکان ئەکات بە بەردەنگی خۆی و ئەنووسێت:

" سڵاو ئاغا، ناوت نازانم بەڵام ڕەنگە بمناسیتەوە نزیک بە حەوتوویەک بەرلە چێژنی ڕەمەزان لە بازاڕی دێی ئەفغانییەکان لەلامەوە ڕەت بووی. ڕەنگە بمناسیتەوە، من هەمان ئەو ژنەم کە کراسی سووری بە دەست دروومان کراو و پاڵتوویەکی ڕەشەوە لای عەرەبانەیەکی سەوزەوە وەستابووم و مامەڵەم دەکرد. کە لە لامەوە ڕەت بووی نقورچکێکت گرت لە سمتم و من سوور هەڵگەڕام. پیرەپیاوێک کە سەوزەی ئەفرۆشت زانی و هیچی نەگوت. ئەو ڕەنگە بەرۆژدا چەند جار شتی وا ببینێت. ئەم شتە چەندین جار بۆم دووبارە بۆتەوە. لە گەڕەکی پردی باخی گشتی، لیسە مەریەم، یان دێی ئەفغانەکان. هاوڕێکانیشم ئەزموونی لەم جۆرەیان زۆر بووەو باسی ئەو ئەزموونانەی خۆیان بۆ گێڕاومەتەوە. بەڵام ئەمڕۆ زیاتر شەرمم کرد لەبەر ئەوەی پیرەپیاوەکە ئەمەی بینی و من لە بری

تۆ شەرمم کرد. بە شوێندا هەڵهاتم و مەچەکم گرتیت، ترسابووم و ئارەقەی شەرم بە ناوچاوما دەهاتە خوار. بەڵام هاوارم کرد و قیژاندم بەسەرتا. بۆچی وات کرد؟ لەماڵەوەش لە بەرچاو ئەندامانی بنەماڵەکەت ئەمکارە دەکەیت؟ تۆ لەبەرامبەردا بەرزتر هاوارت کرد، وەک ئەوەی پێشبڕکێ بێت و هەرکە دەنگی بەرزتر بێت براوەیە:" کچە شێتەکە! من هیچم نەکردووەو تۆ بۆ ئەوە ناشیت من هیچ کارێک بکەم و نرخو بەهای ئەوەت نییە."هێشتا شەرمم دەکرد بەوانیتر بڵێم چیت کردووەو تۆ ڕەنگە لەبیرت بێت خەڵک چۆن تەماشایان دەکردین. ژنەکانیتر پێیان دەگوتم لەسەرەخۆ بەو باسەکە گەورە نەکەمەوە، لەبەر ئەوەی ئابڕووی خۆم ئەبەم. بەڵام من نەمدەویست بێدەنگ بم. زۆر زوو چەند پۆلیس هاتن و ئێمەیان بردە بنکەی پۆلیس.

پیاوێکی باڵابەرز کە وا بزانم ئەفسەری پۆلیس بوو لێی پرسیم چی بووەو من بۆم گێڕایەوە. تۆ دەمت کردەوەو ویستت شتێک بڵێیت، بەڵام ئەفسەرەکە هاواری کرد بەسەرتا :"بێدەنگ بە!" دوای چەند ساتێک دەستیکرد بە لێدانت. تۆ کەوتبوویت و ئەو تۆی دایە بەر لەقە. بڕۆکانی عارەقەی لێدەڕژا. ئەویش بەقەد من تووڕە بوو.

ئیتر تۆم نەبینییەوە. بەڵام ئەو هاوڕێیەی لەگەڵت بوو و هاوڕێیەتی کردم بۆ ماڵەوە لە ڕێگا ئازاری دام. " بۆمەگەر چی بووە؟ چ کارێکی خراپی کرد کە ئەوەندە پێت ناخۆش بوو."قسە ناشیرینەکانیم ئێستا لەبیرە. بەڵام ئەو ڕۆژە زۆر ماندوو بووم و نەمدەتوانی لەگەڵ کەسێکیتر شەڕ بکەم.

بەئەگەری زۆر تۆ و هاوڕێکەت خۆتان بە موسوڵمان و بە غیرەت دەزانن. ڕەنگە ئێوە هەموو هەینییەک بچن بۆ مزگەوت و نوێژ بخوێنن، ڕەنگیشە لەحەوتوودا زیاتر لە جارێک نوێژ بخوێنن. ڕەنگە بە ژنەکەتان بڵێن نەچێتە دەرەوەو لەماڵەوە دانیشێت لەبەر ئەوەی دونیا پڕە لە پیاوی خراپ کە ئازاریان ئەدەن. ئێوە ڕەنگە لاتان وابێت بۆتان هەیە ئەو کارە بکەن لە بەر ئەوەی ژنێکی "باش" بە تەنها چی ئەکات لە بازاڕ. ئێوە لاتان وایە من ئەگەر ژنێکی "باش" بوایەتم لەماڵەوە دادەنیشتم. ئەم سەردان کردنانەی بازاڕ کاری پیاوانە.

ئەم نامەیەم بۆ نووسیت بۆ ئەوەی پێت بڵێم من هیچکات نەمدەویست شەق بخۆیت و ئازار ببینیت و سووکایەتیت پێ بکرێت. بەڵام پەشیمان نیم لەوەی کە بەرامبەر بەو کارەت بێدەنگ نەبووم. نووسیم بۆ ئەوەی پێت بڵێم من دەزانم چیت لە مێشکدایە. تۆ دەتهەوێت من بترسێنیت، هەڕەشەم لێبکەیت و لە ماڵەوە زیندانیم بکەیت. لات وایە ماڵەوە شوێنێکی باشە بۆ من لە بەر ئەوەی لەوێ فێری منداڵداری و ملکەچ بوون بەو پیاوە دەبم کە ڕۆژێک ئەبێت بە هاوسەرم. تۆ ئەتهەوێت من لە دنیای دەرەوەی ماڵ بترسم و هیچکات شوێن و ڕێگای خۆم لەوێ نەبینمەوە. تۆ ئەتهەوێت من بەو باوەڕە بگەم تەنیا جێگای ئەمن و پارێزراو بۆ من ماڵەوەیە. بەڵام من دەنووسم بۆ ئەوەی پێت بڵێم شوێنی من و ژنانی وەک من لە بازاڕەکان، قوتابخانەکان، ئەکادێمیای پۆلیس، مزگەوت، یەکە کرێکارییەکان، خەبات، سینێما، پەرلەمان و کابینەی دەوڵەت یان هەرشوێنێکتر حەز بکەین. نە تۆ، نە هیچ ژن و پیاوێکیتر نە تاڵەبان، نە دەوڵەت، هیچکامتان ناتوانن من ناچار بکەن بەوەی کە باوەڕێک قبووڵ بکەم کە من بە کەم دژمێرێت و وادەکات باوەڕبەخۆبوونم کەمتر بێتەوەو خۆم لە تۆ بەکەمتر بزانم. هیچکەس ناتوانێت ئەو روانگەیەم بەسەردا داسەپێنێت کە ئەمنترین و پارێزراوترین شوێن بۆ من چێشتخانەو ژووری خەوە، یان ئەوەی من توانای بەرگری لە خۆمم نییە. زۆرن ئەو ژنانەی لە ژووری خەو

لە لایەن مێردەکانیانەوە دەستدرێژی سێکسی ئەکرێتە سەریان. زۆرن ئەو ژنانەی لە چێشتخانە لەشیان بە شیشی کەباب دەسووتێندرێت. بێ باوەڕبەخۆ بوون هیچ شوێنێکی دونیا بۆ من ئەمن و پارێزراو نییە.

من هەموو ڕۆژێک لەماڵەوە دێمە دەرەوەو بەو پەڕی بوێرییەوە لە بازاڕەکانی شارەکەم پیاسە دەکەم. نەک ئەوەی پێویستم بێت، بەڵکوو لەبەر ئەوەی ئەتوانم و ئازار و ئەزیەتی تۆ ناتوانێت بەرم پێبگرێت. من ئیتر هەست بە شەرم ناکەم لەبەر ئەو کارە ناشیرینەی تۆ. من لەبەر پاراستنی "ئابڕوو" ئیتر بێدەنگ بوون لە بەرامبەر "مافخوازی"دا هەڵنابژێرم. ئەم نامەیەم نووسی بۆ ئەوەی پێت بڵێم ژنێک بە جلی سوورەوە، ئەو ژنەی کە تۆ ئازارت دا، جارێکیتر دێتەوە بۆ بازاڕ.

بەوپەڕی خۆڕاگرییەوە.

ژنێک بە جلی سوورەوە

ئەم نامەیە دەرخەری دیاردەیەکی ئاشکرایە نە تەنیا لە کۆمەڵگای ئەفغانستان، بەڵکوو لەبەشێکی زۆر لە کۆمەڵگا ڕۆژهەڵاتییەکان و ڕەنگە بەشێوەیەک دیاردەیەک بێت لە بەشێکی زۆری دونیا. کە دەچێتە ناو چوارچێوەی توندوتیژی لە شوێنی گشتی و توندووتیژی بازاڕ. هۆکاری سەرەکی ئەمجۆرە ڕوانینە بۆ ژن لەهەر کۆمەڵگایەکدا ببێت ڕوانگەیەکی سێکسییە. یەکێک لە فۆڕمە بەرچاوەکانی توندووتیژییەو پیاو لە بازاڕ و لە شوێنی گشتی ئەو ئیزنە بەخۆی ئەدات کە دەست ببات بۆ ژنان.

ژنانی کۆمەڵگای ئێمە هەرکامەیان بە شێوەیەک لە شێوەکان لە بازاڕ و شوێنە گشتییەکان ڕووبەڕووی ئەمجۆرە توندووتیژییە بوونەتەوە. لە باری دەروونییەوە ئەو کەسەی ئەم کارە دەکات ئەکرێت بە نەخۆشێکی دەروونی بزانین. بەڵام ئەمجۆرە توندووتیژی کردنە تەنیا بۆ دامرکاندنەوەی حەزێکی کاتی نییە کە پیاوێک حەز ئەکات جەستەی ژنێک لەمس بکات، بەڵکوو بە شێوەیەک بۆ ئەوەیە ژیانی دەرەوەی چوارچێوەی ماڵی لێ تاڵ بکات، وا نیشان بدات بۆ ژنان باشتر وایە لە چوارچێوەی ماڵەوە بن بۆ ئەوەی سووکایەتییان پێ نەکرێت.

لە لایەکیتریشەوە ئەوەی جێگای سەیرە، کۆمەڵگا بە زۆری ئەو ژنانە سەرکۆنە دەکات کە دژ بەو پیاوانەو ئەو ڕەفتارەی پیاوان هەڵوێست ئەگرن. ئەوان دەیانهەوێت ژنان بەرامبەر بەو دەستدرێژی کردنە بێدەنگ بن. وەستانەوە دژ بەمجۆرە ڕوانینە، لە لایەن ژنانەوە مافێکی ڕەوایە. ئەوەی نارەوایە ئەوجۆرە ڕوانینەیە کە ئیزن بەخۆی ئەدات بەرامبەر بە ژنان توندووتیژی بنوێنێت. نامەی ئەم ژنە ئەفغانییە سکاڵای بەشێکی زۆر لە ژنانە لە کۆمەڵگا هاوچەشنەکان، لەوانە کۆمەڵگای کوردستانیش. بێگومان توندووتیژی بازاڕ، یان تووندووتیژی شوێنی کار کە ئەمجۆرە ڕەفتارانەی تێدا دەبینرێت فۆڕم و جۆرێکی باوی توندووتیژییە و کۆمەڵناسان جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە سیستەمی پەروەردە و پەروەردەی کۆمەڵایەتی و بنەماڵەیی ئەتوانێت بەر بەمجۆرە توندووتیژییە بگرێت.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاسۆی ڕۆژهەڵات - ڕێکەوتی: ١ی دێسەمبەری ٢٠١٤

# توندوتیژی بنەماڵەیی چییە؟



**ئا: ئیدریس پیری**

توندوتیژی لە کۆمەڵگای مرۆڤ دا پێشینەیەکی زۆر لە مێژینەی لە مێژوودا هەیە و هەتا هاتوە بیری ئازادی خوازی ویەکسانی زۆرتر بووە. لەم نێوەدا توندوتیژی دژی ژنان سنورەکانی بەزاندووەو بەشێکی زۆری دەسەڵاتەکان بەپشتیوانی کولتورێکی دواکەوتوو ودژە مرۆیی ئەوەی لە دەستیان هاتبێت لەڕێگەی جۆراوجۆرەوە بۆدژایەتی ژنان ئەنجامیانداوە. بە پێی قسەی شارەزایان توندوتیژی چەندین جۆری، جەستەیی، سێکسی، کەلامی، بنەماڵەییو بەگشتی هەڵگری زۆر ڕەهەندو لایەنی دیکەشە کە هەر کامەیان بە جۆرێک کارتێکەری سەقەتو نەرێنی دەبێت لەسەر ژناندا. بەرەنگاری لە بەرابەر ئەم جۆرە بیرکردنەوەو هاوشان لە گەڵ ئەوە راوەستان لەدژی دەسەڵاتەکان بۆ کەم کردنەوە هەوڵ بۆ بنەبڕکردنی هەمیشەیی ساڵانێکی زۆر لەلایەن ژنانو پیاوانی یەکسانیخوازە بوونی هەیەو تا هاتووە زیاتر ئەم چەمکە دراوەتە بەر رەخنە و لە جیاتی ئەوەش هەوڵدراوە کولتورێکی لێکتێگەیشتنو یەکسانیخوازانە لە جیاتی بێتە بوون.

ئێستاکەش لە ئێران بەگشتیو بەتایبەتی کوردستانی ڕۆژهەڵات هەوڵی جیاواز بۆ نەهێشتنی توندوتیژی لەشێوازی جیاجیا لە ئارادایەو ژنان خۆیان دەوری سەرەکیان هەیە لە وشیارکردنەوەی یەکتر بە مەبەستی ڕێگریو خستنەڕووی ڕێگەچارەکان. یاساکانی کۆماری ئیسلامی بەتەواوی دژی ژنانو هەر لە بنەماو جۆرێک بیرکردنەوەی لە پشتە کە توندوتیژی لێ بەرهەم دێتو بە گشتی پێشێلکەری مافەکانی ژنانەو هاوکات لەگەڵ ئەوەش ئەو ژنانەش کە توندوتیژیان دەکرێتە سەر مافی دەنگ هەڵبڕینو هەڵوێست وەرگرتنیان نییە لەدژی. بەگشت ئەوانەشەوە ئەوەی دەبیندرێ بەخۆشحاڵییەوە ئەوەیە کە وشیاری ژنانی کورد ئێستاکە بەگشت کەمو کوڕیو لەمپەرە یاسایی وکولتورییەکانیشەوە بگرە گەشەی بەخۆیەوە بینیوەو بێ گومانیش دەکرێ چاوەڕوان بین لە خەباتی بەردەوامی ژنان لەکوردستان لەپیناوە وەدی هێنانی مافەکانی خۆیان. ئاشکراشە تا کۆماری ئیسلامی لەسەر کاربێت هیچ توێژێکی کۆمەڵگای ئێمە ئازادی هەست پێ ناکاتو بۆیە گەشەی بیری ژنان و زاڵ بوون بەسەر مافە رەواکانیاندا بێ گومان کاریگەری گەورەی دەبێت لەسەر

بەرەنگاری لەدژی سیاسەت پڕ لەهەلاواردنەکانی رژێمی دژە ژنی کۆماری ئیسلامی. لێرەدا هەوڵ ئەدەین ئاوڕێک لە بوارێکی توندووتیژی کە بەتوندوتیژی بنەماڵە ناوی لێدەبرێ بدەینەوە.

سەبارەت بە توندوتیژی بنەماڵە پێناسەو دارِشتنێکی جۆرواوجۆر بە پێی زیادو کەمیو جۆری زەبروزەنگەکە دادەنرێت، بەلام لە پێناسە کردنێکی ساکاردا دەتوانین بلێین: توندوتیژی بنەماڵە بە کەڵک وەرگرتن لە هێز بە مانای بەکاربردنی زۆرو سەپاندنی ئیرادە دەوترێت کە لە لایەن ئەندامێکی بنەماڵەوە لە دژی ئەندامانی دیکەی هەر ئەو بنەماڵەیە بەڕێوە دەچێت.

بە پێی راپۆرتەکانی پەیوەندی دار لە گەڵ توندوتیژی بنەماڵە، بە زۆری ژنانو منداڵان وەکوو سەرەکیترین قوربانیان ئەژمارده دەکرێنو بە پێی ئاماری جیهانی دەوروبەری ٩٠ لە سەدی قوربانیان ژنو ١٠ لە سەدیشیان پیاوانن. لەم راپۆرتەدا هاتووە کە منداڵان لە کاریگەریو بەدواداهاتی نەرێنی توندوتیژی ناوماڵەوە لە کورت ماوەو درێژماوەدا لە ئاسوودەییدا نینو زەبروزەنگی بنەماڵە لە نێوان هەموو چینەکانی کۆمەلایەتی، رێژەی تەمەن، نەتەوەیی، جینسیو تەنانەت بە کەم ئەندام بوونیشیانەوە روو دەدات. جێگەی ئاماژەیە توندوتیژی هەموو کاتێک جەستەیی نییە کە نیشانەی جەستەییو لەبەر چاوی بەدوادا بێت.

توندوتیژی بە چەندین شێوەی دەرونیو جەستەیی بەڕێوە دەبردرێت کە چەندین شێوەی سوکایەتی کردن، هەڕەشە کردن، ناونیتە لێدان، بێ بەش کردن، لە ژێر گوشاردانانو هەڵسوکەوتی بڕیاردەرو دادوەرانەو هەروەها چەندین شێوەیەکی دیکەی لە گەڵدایە کە کەم بوونەوەی بڕوا بە خۆ بوونو خەمۆکیو بەدواداهاتی دەرونیو جەستەییو تەنانەت کاتیش هەیە خۆکشتنی ئەو کەسانەی کە توندوتیژیان لە گەڵیان کراوە لێ دەکەوێتەوە.

توندوتیژی بنەماڵەیی بە گشتی دیاردەیەکی نادیارەو بە زۆری لە لایەن هاوسەر، باوک، برا و یان باقی بنەماڵەو کەسانی نزیکیانەوە لە دژی ئەندامی بنەماڵە لە نێو بنەماڵەدا بەڕێوە دەچێت. لە زۆربەی کۆمەڵگاکاندا ژنان بە هۆکارگەلێک بە تایبەتی روو کردن، ئابڕوو چوونو ترس لە ئەشکەنجە کردنی زۆر، لە وتنی توندوتیژی کردنیان خۆیان دەبوێرنو لەو بارەیەوە بێ دەنگی هەڵدەبژێرن. لە راستیدا ژمارەیەکی کەم لە ژنان ئامادەن سەبارەت بە هەڵسوکەوتی توندوتیژ کە چ لە بنەماڵەو چ لە کۆمەڵگادا بەرەوڕووی دەبنەوە قسە بکەن، تەنانەت لە زۆربەی وڵاتاندا ژنان تەنیای قوربانی بووی دەستڕێژی، بێ دەنگی هەڵدەبژێرنو یان لە ئەگەری ئەوەی کە هاوسەرگیریان نەکردبێت ناچار بە هاوسەرگیری لە گەڵ ئەو کەسەی کە هێرشی کردۆتە سەریان دەکرێنو هەروەهاش لە دوای هاوسەرگیری کردن مەترسی بەردەوام بوونی توندوتیژی لە دژی ژنان لە نێو ماڵەکانیاندا زۆر دەبێتەوە. لە کاتێکدا لە کۆمەڵگاکانی تردا سەبارەت بە زەبروزەنگی بنەماڵەیی لە بارودۆخی ژیانی هاوبەشدا، بێجگە لە هاوسەرگیریەکە یاساو پەیڕەوی چاودێرو کۆنترۆڵکەریش هەیە. کاریگەری کەلتوور لە سەر قەبووڵ کردنو هاندانو یان کۆنترۆڵی زەبروزەنگی ناوماڵ گرینگییەکی زۆری هەیەو هەروەها کاریگەری یاساش یەکلاکەرەوەیە هەر چەن هەڵسوکەوتی قوربانیانی توندوتیژیش سەبارەت بە بەردەوام بوونی توندو تیژی کاریگەرە.

### هۆکاری توندوتیژیەکانی بنەماڵەیی:

بە پێی لێکۆڵینەوەیەک کە لە فەرمانگەی کاروباری کۆمەڵایەتی وەزارەتی ئێرانو ناوەندی بەشداری کردنی کاروباری ژنانی سەرۆک کۆماری، لە ٢٨ پارێزگای ئێراندا ئەنجام دراوە، هۆکاری توندوتیژی بنەماڵەیی لە ئێراندا بۆ ٨ هۆکار دەگەڕێتەوە:

١- کەڵک وەرگرتن لە هەڕەشەی جۆرواوجۆرو پێکهێنانی مەترسی: هەڕەشە بە ئازارو کوشتنی ژن، منداڵانو بنەماڵەو یان خۆکوشتن، شاردنەوەی مەدرەکی تایبەت بەو کەسەو بێ بەش کردن لە پەیوەندیەکانی ژنانو هەڕەشەی جیابوونەوە یان بە بێگاری کێشانو کاری زۆرەملی کردن بە ژنو ئەندامانی بنەماڵە.

٢- توندوتیژی جەستەیی لە جۆری یەک: گرتن، بەستنەوە، زیندانی کردن، دەرکردن لە ماڵ، بێ بەش کردنیان لە خواردنو ئاگادار نەبوونیان لە کاتی نەخۆشیندا.

٣- توندوتیژی جەستەی لە جۆری دوو: لێدان بە هەموو جۆرەکانیەوە.

٤- توندوتیژی دەرونیو زمانی: بە کاربردنی وشەی نەشیاو، هەراکردنو هەڵسوکەوتی خراپ، قسە نەکردنو بێ دەنگ بوون، لە ناوبردنی بڕوا بە خۆبوونو بەهای مرۆڤایەتیو هەروەها هەوڵدان بۆ هەست بە تاوان کردنو شەرمەزار کردن، هەڵسوکەوتی توندو منەت نان سەبارەت بە دابین کردنی پێداویستی.

٥- توندوتیژی جینسیو ناموسی: بەڕێوە نەبردنی بێهداشتی هاوسەریەتی، ناچار کردن بە بینینی فیلمی جۆراوجۆر، ناچار کردن بەکوشتنی کۆرپەلەو هەروەها حاملەبونی ژن بە بێ رەزامەندی، تۆمەتبار کردنی بە بەڕێوە نەبردنی کاروباری هاوسەرگیری، دودڵیو شک، دەستریژی.

٦- توندوتیژی ئابووریو دارایی: بەرگری لە سەر پێوە وەستانی ژن لە بوای ئابووریدا، دەستبەسەر راگرتنی کەلو پەلی تایبەت بە ژن، فرۆشتنی زێڕی ژن، نەدانی پارەی پێویست بە مەبەستی دابینکردنی پێداویستیەکانی.

٧- توندوتیژی مافو پەیوەندی دار لە گەڵ جیابوونەوە: بەرگری لە راگرتنی منداڵان لە کاتی راوەستانی تێکەڵچوونەکانیان، هاوسەرگیریەکی دیکەی هاوسەرەکەی، خۆ بوواردن لە جیابوونەوە بە بێ لەبەر چاوگرتنی پێداگری ژن.

٨- بەرگری لە گەشە کردنو خۆ بارهاوردنی کۆمەڵایەتیو بیرو راهێنان: بەرگری لە پەیدا کردنی پیشەو کار کردنی ژن، بەرتەسک کردنەوەی لە پەیوەندی لە گەڵ درێژەدان بە خوێندن، بەرتەسک کردنەوەی پەیوەندی بنەماڵەیی، هاوڕێیانەو کۆمەڵایەتی.

لەو جێگەوە کە زۆربەی توندوتیژیەکان لە بنەماڵەدا دژی ژنان لە نێو ماڵدا روو دەدات، بایەخ دان بەم بابەتانە گرینگییەکی تایبەتی هەیە.

کۆبوونەوەی گشتی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتوەکان لە ٢٣ی فوریەی ساڵی ١٩٩٤ی هەتاوی لە بڕیارنامەیەکدا توندوتیژی دژ بە ژنان بەم جۆرە ناساندوە: دەستەواژەی "توندوتیژی دژی ژنان" بە مانای هەر جۆرە کردەوەیەکی توندوتیژیانە بە پێی ڕەگەزە کە ئەشکەنجە کردنو ئازاری جەستەیی، جینسی، یان دەرونی لێ دەکەوێتەوەو یان تەنانەت ئەگەری ئەوەش هەبێت کە ئەو کردەوانە وەکوو هەڕەشەو کردەوەیەکی هاوشێوە بە ئەنجام بگات بە مانای توندوتیژی دژی ژنانە. ناچار یان بێ بەش کردنێکی سەرەڕۆیانەی ژنان لە ئازادی، کە لە بەر چاوی خەڵکەوە یان لە تەنیایی ژیانی تایبەت بە خۆیاندا بکرێت. دەرئەنجامی لێکۆڵینەوەی ڕێکخراوی بێهداشتی جیهانی نیشان دەدات کە لە هەر چرکەیەکدا ژنێک ئازار دەدرێت و هەروەهاش تەنانەت سکداربوونی ژنان لە توندوتیژی دوریان ناکاتەوە. ٣٣ تا ٣٥ لە سەدی ژنانی ئەمریکایی بە دەستی هاوسەرکانیان ئەشکەنجە دەکرێنو هەروەهاش تەنانەت ١٥ تا ٢٥ لە سەدی هەر ئەو ژنانە لە کاتی سکداریشیانە ڕووبەڕوی زەبروزەنگی هاوسەرەکانیان دەبنەوە. هەروەها لە نێوان هەر ١٠ ژندا ٣ کەسیان بە دەستی هاوسەر یان پیاونی دیکە دەکوژرێن. وەکوو: لە وڵاتی هێندا نێونجی ساڵانە ٤١٤ ژن بە هۆی کاریگەرییەکانی ئازاری جەستەیی هاوسەرەکانیانەوە دەست دەدەن بە کردەوەی خۆ کوشتن. لە وڵاتی بەنگلادێشدا ٥٣٤ قەتڵ لە کوشتنەکان بە هۆی توندوتیژی پیاوانەوە روو دەدات، لە وڵاتی شیلیدا ٦٣٤ ژن ڕووبەڕووی ئازاری جەستەیی بوونەتەوە. لە ئێراندا ئەو ئامارەی کە لێی دڵنیا بین سەبارەت بە توندوتیژی بنەماڵەی لە بەر دەستدا نییە، بەڵام ئامارەکان ئەوە نیشان دەدەن کە ٦٦ لە سەدی ژنان لە سەرەتای ژیانیانەوە تاکوو ئێستا لانیکەم یەک جار ڕووبەڕووی توندوتیژی بوونەتەوە. ڕێژەو جۆری توندوتیژی بنەماڵەیی لە پارێزگا جیاوازەکانی ئێراندا جیاوازیەکی مانادراری زۆری هەیە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاسۆی ڕۆژهەڵات - ڕێکەوتی: ٤ی دێسەمبەری ٢٠١٤

# بە بۆنەی ٢٥ نوامبرڕۆژی جیهانی بەرەنگاربوونەوەی دژی توندوتیژی ژنان



**هەژیرنینا**

توندو تیژی  ئەو دیاردەیەی کەهەمیشە لەسەر روح و جەستەی ژنان دەمێنیتەوەودەبیتە ئازارو مەینەت لە نیو ژیانیـان دا،لە سیستمی نیزامی بی بەزەی سەرمایە داریدا ئەوە ژنانی چەوساوەو زوڵم لیکراون کە دەبێ ببنە قوربـانی ئەو دابـو نە ریتـانەی کە لە سیسـتمی پەروەردەو بنەماڵە دا بە سەریان دا فەرز کراوە، بنەمایەک کە نە تە نیا پەیوەنـدیە کومەڵایەتیەکـان بـۆ ژنـان بە رەسمیەت ناناسێ بەڵکوبە شێوەیکی رواڵەتیانەزۆر جـاروا نیشـان ئەدەن کە مـاف و ئـازادیە کـانی ژنـان پـارێزراوە و بە چەن کۆرو سمیناری بە رواڵەت داکوکی لە ژنان کە نە تەنها هیچ ئالوگۆرێکی ئەساسی لە ژیانی ژناندا پێک ناهێنن، کۆتـای پێ دێنن وئەو مەسەلە گرنگـانەی کە بە ئازاری ژنانەوە پەیوەستە فەرامۆش دەکرێت ،کاتێک باس لە توندوتیژی ژنـان لە کۆمەڵگـا دواکەوتـوو چینایەتیەکـان دەکە ین، رێک مەبەستمان ئەو نیزام و دەسەڵاتەیە کە بە قانوون و بە یاسایەوە دژی ژنەو رۆژانە بە هەموو شێوەیەک ژن دەکاتە کویلەو دەرەجە دوو لە کۆمەڵگـا، ئەو تونـدو تیژیـانەی کە رۆژانە بە بینـین و نە بینـراو رووبەرووی ژنـان دەکـرێتەوە بەرهەمـی نیـزامێکە کە لە نێـو فەرهەنـگ وپەیوەنـدیە کۆمەڵایەتیەکـان راستەوخۆ کـاریگەری سلبی دادەنـێ لە سەر ژنـان، بـۆ بنە بـڕ کردنـی ئەم دیـاردەیە و بـۆ نە هێشتنی توندوتیژی ژنـان لەبـارۆ دۆخـی ئێسـتادا ئەگەر چی کۆرو کوبـوونەوەی رادیکـاڵ و وتـاری شیـاو و هوشیار ی دەرانە پێشکەش دەکرێت و کاریگەری هەیە بەڵام هێشتا ئەمانە ناتوانی وەڵام دەرەوەی ئەو ویست و داواکاریانە بێت کەئەم رۆژە ژنـان لە گەڵـی دەست و پەنجە نەرم دەکەن، لەو کـاتەوەکە خاوەنـداریەتی هاتەناوژیـانی تـاکە کـانەوە جیـاوازی و چەوسـانەوەش بەرابـنەر بە ژنـان پەری سەند و بە پەرەسەندنی هەموو ئەو زڵم و زۆرانەی کە لە کۆمەڵگای چینایەتی بەرهەم هات ژنانی رووبە رووی توندوتیژی و تەسلیم بوون بە رانبەر بە فەرهەنگی پیاو مەزنی لە کۆمەڵگا کرد، دەزانین کە توندوتیژی تەنیـا روخسـارێکی برینـدارو دەستێکی شکاونییە، بەلکوتوندو تیژی زۆر جارنیگایەکە کە پیاوێک بە نهینی سینەی ژنیک دەپێکی کە هیچ کات ژنە ئاگای لێ نەبووە یان نیگای بـرا یـان هاوسەریکە کەبە پێکەنینی بەرزی خوشک یان هاوسەرەکەی توورەیە نیگـایەک کە ئێمە نـایبینیین و نـازانین دوای ئەوە کە کەسـانێکی تـر لەو کـورو میـوانیە نـین چـی روو ئە دات ترسـێک کە هێـدی هێـدی لە سـەر جەسـتەی ژن دەنێشـێ، ئەتـوانین بڵـین کە کۆمەڵگـای

چینایەتی کە لەوێدا ئایینیش دەستی باڵای هەیە لەچەوسانەوەو هەژار کردنی چینی دەسکورتی نێو کۆمەڵگا دەوری کاریگەری هەیە وبۆ خولْقاندنی تراژیدیایەک کەهەمیشەژنانی رووبەرووی مەرگ ونائەمنی کردوەتەوە،یاساو رێسای دواکەوتوانە لە لایەک وبنەماڵەو کۆمەڵگاش لە لایکیتر هەردەم هەرەشە بوون لە سەر ژنان، توندوتیژی بەرانبەر بە ژنان ئەو دەمامکەیە کە بیرۆکە بێ بنەماکان روخساری دواکوەتووی ودیاردە دزێوەکانی نیو کۆمەڵگای پێ دەشارنەوە زۆرن ئەو ژنانەی کە لە بێدەنگی رۆژگاردا هاواریان کپ کراوەو بە وشە زبرەکانی کەلتوور، سەردەبڕێن یان دواکەوتووی دەکەنە پیشەی خوێان،ژنان ئەگەرچی لەزۆر بواردا لەپێشەوەن و ملکەچی سیستمی کۆمەڵگای چینایەتی و ئایینی نین بەلاّم هێشتا فەرهەنگی زاڵ بەسەر پەیوەندییە کۆمەلاّیەتیەکان کە ژنان لەوی دا دەور دەبیین بوونی هەیە و کاریگەری ئەم شێوەلەم هەڵسوکەوتە ژنان نارێکخراو و دوور لەیەک دەخاتەوە.

نەبوونی پەیوەندیکی رادیکاڵ و شۆڕشگێرانە لە نێو سەرجەم ژناندا بەتایبەتی ئەو ژنانەی کە ئاستی هوشیاریان لە خوارەوەیە ئەتوانێ جۆرێک بیدەنگی دروست بکات کە زۆر جار ژنان بە هوی کۆمەلێک داب و نەریتی بی بنەما  کە لە کۆمە ڵگا زاڵە روو بە سیستم و فەرهەنگی پیاو سالاری نیشانی بدەن، بەلام بە هوی ئەو بارۆدۆخەی کە لە ئێستا دا لە ناوچە کە هاتوەتە ئاراوە ژنان دەخاتە ئەو بەر پرسیاریە تیەوە کە نەتەنیا نابێ توندوتێژی بە هەموو جۆرەکانی قەبوڵ نەکەن، بەڵکو دەبی خۆیان بۆ شۆرشیک ئامادە بکەن کە ژنان لە چی کوت و بەندی نیزامی سەرمایەداری و چی یاساو رێسایە کە سەر چاوەگرتوو لە ئایینە رزگار بکەن و بارو دۆخێک بخولقێنن کە بۆ یەکریزی و پەرەسەندنی بزووتنەوەیەک کە پاشەکشە بە ئەو داب و نەریتانە بکات کە ئە مرۆژە کۆسپن لە بەر دەم ژناندا،گەشە سەندنی بزووتنەوەیەک کە خودی ژنانی رادیکاڵ بتوانن پێشەنگی بن و هەڵگری ئاسۆ و ستراتیژیکی ئینسانی بێت و لە پیناو ئەو دەسکەوتە واقعیانەی کە کۆمۆنیستەکان بۆی خەبات دەکەن هاوڕابن موومکینە، ئەوەی ئەمرۆژە دەبێ ژنان شان بە شانی پیاوانی ئازدی خوازهەنگاوی عەمەلی بۆ هەڵگرن بەگژدا چوونەوی ئەو موناسباتانەیەکەلە گەڵ سەردەمەی ئەورووی نایتەوەو دوور خستنەوەیان لە ژیانی کۆمەلاّیەتی تاکەکان هەنگاوی سەرەتایە کەدەکرێ لە مەو بەدوا بە شێوەیکی جیدی کاری بۆ بکەین و ژنانی چەوساوە لە گەڵ جۆرەکانی توندوتیژی و هەروەها ئەو دەسەڵاتەی کە دژی ماف و بەرژەوەندیەکانی ژنانە ئاشنا بکەین، بە ئاشنا کردنی شێوەو جۆرەکانی سیستمی زاڵ بەسەر کۆمەڵگایە کە ژنان دەتوانن بە ناسینیان خەباتی چروپڕی بۆ بکەن و جۆرێک یەکریزی لە نێو ژنان دا دروست دەکات، بەرای من ئەوەی ئەمرۆژە کە دەتوانێ کەمیک لە توندوتیژی لە سەر ژنان کەم بکاتەوە ئەویش ئەویە کە لە نێوان رەگەزی بەرانبەرواتە پیاوان جۆرێک متمانە دروست بکرێت کە ژن هەست بە نامویی و بە دوور گرتن لەرەگەزی بەرانبەری نەکات، بەلاّم ئەمە لە سەرەتای پرۆسەی خویندن هەتاکوو کۆتای خوێندن مومکینە، ئایا لە ولاّتێک کە سەرچاوەکەی لەسەر ئەساسی ئایین و کۆنە پەرەستی دارێژراوە ئیمکانی هەیە؟ لە ولاّتێک کە هێشتا فەرهەنگی عەشیرەتی باوی ماوەو زۆر جارێش دەسەلاّتی ناسیونالیستی لەنێوان شەرو کێشەکان کە ژنان تێدا دەبنە قوربانی نێو بژیوانی دەکەن و بۆ سولْح کردن و کۆتای هێنان بە کێشەکان کە هێچ کات بە قازانجی ژنان نەبووە جۆرێکی ترلە زوڵم ناحەقی دەرهەق بە ژنان ئەنوێنن ئایا توندوتیژی بنە بڕ دەکرێت ؟ وەلاّمەکەی زۆر ئاسانە،هەتا هەڵسوکەوتی دیاری کراولە لایەن دەسەلاّت یان ئەو نیزامەی کە خوی سەرچاوەی توندوتیژی و ناعدالەتانەیە هە تا زیندان و پولیس و ئەشکەنجەو دەیان دامو دەزگای سەرکوت و دواکەوتوانە لە نێو پەیوەندیەکانی مروڤ دا دەخالەتی هەبێت نەتەنیا توندوتیژی بوونی دەبێت بەڵکوژنان بە چەن قات زیاتر بەرەو دواوە دەبات ژنان جگە لە توندوتیژی جەستەی کە رۆژانە بە دەیان ژن دەبنە قوربانی و یان کەم ئەندام دەبن، جۆرەها توندوتیژیان پیدەکرێت کە

ئێمە بەچاو نایبینیین بەڵام هە مووساتێ ڕۆح و جەستەی ئەوان ئازار ئەدات، تەعلیق لێدان و سووکایەتی کردن بە ژنان لە شوێنە گشتیەکان ودەس درێژی وبە کەم زانینی ژنان لە بۆنە تایبەتەکان و تە نانەت چوون بۆ میوانی و شێوەی ئێحترام و ڕێز لێنەگرتن بۆ ژنان کاتی هەستان و دانیشتن و تەوقەنەکردن لە گەڵ ژنان هەمووی ئەمانە دەچنە خانەی توندوتیژیەوە.

خاڵیکی تر کەپێم گرنگەو بە پێویستی دەزانم لێرەدا ئاماژەی پێبدەم ئەویش ئەوەیە کە هەموو ساڵێک بە بۆنەی ٢٥ نوامبرژنان و پیاوانی ئازادی خوازبە خۆپیشاندان و نارەزایەتی دەربڕین دژی دیاردەی توندوتیژی دەنگی خۆیان بە گوێ دەسەڵات داران و دەزگا پەیوەندیدارەکان دەگەینن وخوازیاری کوتای هێنان بە ئەم دیاردەیەن،ئەوەی جێ سەرەنجی هەمووانەودەکرێ ژنان دەرسی لی وەرگرن خوراگری و موقاومەتی ژنانی کۆبانێ یە کە هەر ئیستاش لە سەقەرەکانی بە رگری دا بە دژ ڕەش ترین ووحشی ترین ڕەوتی ئیسلامی "داعش دا دەچنەوە، خۆڕاگری ئەم ژنە قارەمانانە شان بەشانی پیاوانی شوڕشگێرئەوەمان پێ دەلێت کە ئەوان نایاەوی ملکەچی یاساو شەریعەتی ئایین ورەوتی کۆنەپەرەستو وەحشی بن ،ئەوان خوازیارن لە کۆمەڵگایەک بژین کە بە دوور بێ لە هەر چەشنە دەسەلاتێک کە چارەنووسی ئەوان لە ڕێگای ئایینەوە دیاری بکرێت ،ژنانی کۆبانێ دەرسی ئازایەتی و بوێریان بۆ مێژوو و بۆ بەشەریەت تۆمار کرد،ئەگەر بە عەمەلی لە ژیان و لە نێو پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکانی ئەورۆداداعش نابینیین، بەڵام وەک بیرۆکە لە بنەماڵە، لە سیستمی خوێندن دا،لە شوێنی کارو ژیان هەر ئەو بیرۆکەیە پەیرەو دەکریت کەداعش لە ئێستا دا وەک ئامرازێک بۆدەسەڵات ومەرامە گڵاوەکانیان بەکاری دێنێ،بۆیە لێرەدا پێویستە ژنان زۆر بەهوشیاریەوە لە گەڵ ئەم شێوە بیرۆکانە کە تەنانەت لە زۆربەی دامودەزگاکانا کاری پێدەکرێت مامەڵە بکەن،ئەگەر ژنان ڕۆژانە بەهەر شێوەیەک دەکەونە بەر توندوتیژی بەشیکی هەڵدەگەرێتەوەبۆقەبووڵ کردنی ئەم داب و نەریتەکۆنە کە ژن دەکاتە دیل وئامرازی بێدەنگی پیاو سالاری، سەنگەری موقاومەتی ژنان لە هەر شوێنێکی ئەم جیهانە بەگژا چوونەوەی چی یاساو ڕێسای دژی ژنە،بێ دەنگ نە بوون لە ئاست ئەو توندوتیژیانەی کە ڕۆژانە ژنان دەکاتە نیشانە چەکی مەعنەوی و متمانەیە کە ژنان ئەتوانن کەڵکی لی وەرگرن بەڵام ئاسۆی ڕزگاری ژنان لە هەموو مەینەتیەکان کە بتوانێ ژنان لە دەور ستراتیژی ڕاستەقینەی خوی کۆ بکاتەوە سۆسیالیزمە لەکۆمەڵگای سۆسیالیستیە کەئازادی و کەرامەتی ئینسانی ژن دەپارێزدرێت وهەست بە کەسایەتی و ژن بوونی خۆیان دەکەن بۆ وەدیهاتنی وەها کۆمەڵگایەک پێویستە بزووتنەوەی ژنان تێکڕای بزووتنەوی کرێکاری وباقی بزووتنەوە کۆمەڵایەتیەکانی تر شێلگیرانە خەباتی خۆیان گرێ بدەن

سەرچاوە: ماڵپەڕی دەنگەکان - ڕێکەوتی: ٢٣ی نۆڤەمبەری ٢٠١٤

# کۆماری ئیسلامی و رۆژی ٢٥ی نوامبر



**ئەنوەر ئەسەدزادە**

رۆژە جیهانییەکان، هەمیشە مەودایەک ئەڕەخسێنن بۆ ئەوەی تەکانێکی دووبارە بدرێت بە چاوخشانێک و تێفکرینێک بۆ ئەوەی چەندە توانراوە ناوەرۆکی پەسەندکراوەکانی ئەو رۆژە جیهانیانەو ئەوەی کە رەچاوی کراوە لەو ساڵانەدا، چەندە چووەتە بواری بەکردەوە دەرهێنانەوە. ئەم رۆژە جیهانیانە بێ شک هەر کامەیان دەیان خەبات و تێکۆشانی لەپشت خۆیدا هەڵگرتووەو دەکرێ بوترێ دەیان کەسی لێوەشاوەو بوێریش لە پێناو چەسپاندنی ئەو رۆژە جیهانیانە گیانیان بەختکردووە یان بەتەواوەتی گیانیان کەوتۆتە مەترسیەوە لە لایەن حاکمانی دەسەڵاتدارەوە. یەک لەو رۆژە جیهانیانە ٢٥ی نوامبرە. ئەم رۆژە وەک رۆژی بەرەنگاری لەدژی سڕینەوەی توندوتیژی لەدژی ژنان ناودێر کراوە.

مێژووی ئەم رۆژە دەگەڕێتەوە بۆ چوار خوشکی شۆڕشگێری بنەماڵەی میراباڵ کە ٣ کەس لەم خۆشکانە، بە ناوەکانی پاتریا مێرسێدس میراباڵ ، ماریا ئارژانتینا مینێروا میرابال و ئانتۆنیا ماریا تێرازا میرابال، رۆژی ٢٥ نوامبری ١٩٦٠ لە خەبات دژ بە دیکتاتۆرییەتی رافائێل ترۆخیۆ لە کۆماری دۆمینیکەن، گیانیان لە دەست دا و لە لایەن رژیمی دیکتاتۆرەوە لەم رۆژەدا، کوژران. چەند ساڵ دواتر کوژرانی ئەم سێ خۆشکە شۆڕشگێر و تێکۆشەرە سیاسییە لە لایەن دیکتاتۆری ترۆخیۆوە، بە رەمزی توندووتیژی دژ بە ژنان و لە ساڵی ١٩٩١ یشەوە، بووە بە رەمزی خەبات دژ بە توندووتیژی بەرامبەر بە ژنان، تا ئەوەی رۆژی ١٧ ئۆکتۆبری ١٩٩٩، کۆمەڵی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان، لە ٨٣ هەمین کۆبوونەوەی گشتی خولی ٥٤ی خۆیدا، رۆژی ٢٥ نوامبری وەک رۆژی نەهێشتنی توندوتیژی دیاری کرد. لەو ساڵە بە دواوە لە رۆژی ٢٥ی نوامبر، بەشێکی زۆری ژنان و پیاوانی یەکسانیخواز لەئاستی جیهانیدا لەهەوڵی رێکخستن و خۆئامادەکردنی کەمپەین و سمینارو ئاکسیۆنی جەماوەرین لە پێناو بەهێزترکردنی بزووتنەوەکانی ژنان بەمەبەستی نەهێشتنی هەرچی زیاتری شێوازەکانی توندوتیژی لە ئاستی جیهانداو ئەم رۆژە وەک رەمزی خەبات بۆ نەهێشتنی توندوتیژی دەناسرێت و کۆنفرانس و کۆر و کۆبوونەوەو خۆپیشاندان لەم رۆژەدا ساز دەکرێت.

**پێناسەیەکی کورت لە توندوتیژی:**

**کە باس لە ٢٥ی نوامبر و رۆژی خەبات بۆ نەهێشتنی توندووتیژی دەکرێ، سەرەتا باشتر وایە پێناسەیەکی ئەم چەمکە بکرێت. ئەو کاتەی باس لە چەمکی توندوتیژی دەکرێ، کێشەیەکی گەورە دێتە پێشەوە، ئەویش ئەوەیە: هەتا ئێستا پێناسەیەکی کۆنکرێت و دیاری کراو لە توندووتیژی نەدراوە بە دەستەوە، بەشێک لە کۆمەڵناسان و دەروونناسان لەوانە گێلز و ستراوس، توندوتیژی بە هەڵسووکەوتێکی مەبەستدار دەزانن کە خەساری جەستەیی و دەروونی هەیە بۆ سەر تاک. بە شێوەیەک دەتوانین بڵێین توندووتیژی چەند جۆری هەیە کە بە ٢ شێوە پۆلێن بەندی دەکرێن:**

**١- توندووتیژی جەستەیی**

**٢- توندووتیژی دەروونی**

**توندووتیژی جەستەیی بە هەر جووڵەیەک دەوترێ کە بە جۆرێکی فیزیکی کار دەکاتە سەر بەرامبەر. وەک شکاندنی شوێنێک، سوورەوە بوون، بریندار بوون، هەندێ جار کوشتن، یان هەر جۆرە نیشانەیەکی تر. لەم جۆرە توندووتیژییەدا ئاسەوارەکانی توندووتیژی بە تەواوی دیارە و ئەو کەسەی رووبەڕووی توندووتیژی بۆتەوە ،دەتوانێ بە چوونە بەردەم یاسا، سکاڵا دژ بە کەس یان گرووپی توندووتیژ بەرز بکاتەوە.**

**جۆرێکی دیکەی توندووتیژی، کە بە رواڵەت هیچ نیشانەیەکی نییە، توندوتیژی دەروونییە. سووکایەتی پێ کردن، جنێو دان، توانجو تانە لێدان، لەو جۆرە توندووتیژییە رەفتارییانەن کە کاریگەری دەروونی قوڵیان هەیە لە سەر بەرامبەر و لە هەمانکاتیشدا سەلماندنیان لە بەردەم ناوەندە بڕیاردەرەکاندا ئەستەمە. لێرەدا پێویستە یەک خاڵ ئاماژە پێ بدەین: ئەویش ئاڵۆز بوونی چەمکی توندووتیژییە کە وای کردووە هەندێ جار ئەم دەستەواژەیە جۆرێک رێژەگەرایی کولتووری بە خۆیەوە ببینێ. بۆ وێنە رەنگە ئەو ئاکارەی لە کۆمەڵگایەکدا توندووتیژی بێت، لە کۆمەڵگایەکی تردا شتێکی ئاسایی بێت، یان بە پێچەوانەوە. کەچی دەروونی مرۆڤەکان زۆر جار بەرامبەر بە ئاکار و جووڵەکان وەک یەک هەڵوێست دەگرێ. لە گەڵ ئەمەش هەندێ لە لایەنەکانی توندووتیژی تا ئێستاش لە بەشێکی زۆر لە کۆمەڵگاکان بێدەنگەیان بەرامبەر دەکرێ. بۆ وێنە توندووتیژی سێکسی یەکێک لە باوترین شێوەکانی توندووتیژییە، بەڵام بە هۆی باسگەلێکی وەک شەرم و حەیا و شەرەفەوە، ئەم جۆرەی توندووتیژی لە بەشێکی زۆر لە کۆمەڵگاکان باسی لێوە ناکرێ.**

**لەگەڵ ئەم پێشەکییە کورتە پێویستە بوترێ لەگەڵ سەرجەم پێشکەوتنە جیهانییەکان، هێشتاکە توندوتیژی بە گشتی و بەرانبەر بە ژنان بە تایبەت بوونی هەیە. رێکخراوی بێهداشتی جیهانی)ﺗﺒﺠ( لە لێکۆڵینەوەی نوێیەکانی خۆیدا رایگەیاندووە: لەهەر سێ ژن لە جیهاندا، یەک کەسیان لەگەڵ توندووتیژی بنەماڵەیی رووبەڕ دەبێتەوە. ئەم رێکخراوە جیهانییە سەبارەت بە پەرەسەندنی توندوتیژی دژی ژنان نیگەرانی خۆی دەربڕیوە. ئەم هەواڵەو بگرە دەیان راپۆرتو هەواڵی دیکە لە کوردستان و باقی شوێنەکانی دیکەی ئێران لە ماوەی رابردوودا جیگەی نیگەرانین و بەردەوامی ئەم بابەتە دەڕوات کە وەک قەیرانێکی کۆمەڵایەتی، خۆی پێناسە**

بکات. ئەم بابەتە هەڵگری ناوەرۆکی باس کردن لە توندوتیژی بە گشت جۆرەکانیی و هۆکارە سەرەکییەکانی نییە، بگرە تەنیا وەبیر هێنانەوەیەک و هەڵوێستەیەکە لەسەر بوونی توندوتیژی و مۆتۆربە بوونی یاسای کۆماری ئیسلامی و کولتوری پیاوسالاری لە ئێران.

ژنان لە کۆمەڵگای ئێمەدا، هێشتاکە وەکو ئامراز چاویان لێ دەکرێت، ئەمرۆ گەرچی ڕەوتی گۆڕانەکان بەرەو باشی دەڕۆن، بەڵام ئەو ئاڵوگۆڕانە زۆر بە شێنەیی دەڕۆنە پێشەوە. ژنان لەیاسای کۆماری ئیسلامی و لە عەقڵییەتی بەشێکی زۆر لەپیاوانی ئێران، وەک پێداویستی پیاوان و وەک کەرەسەیەک چاویان لێ دەکرێت. لەم ڕوانگەیەوە ژنان لە خۆیاندا بوونێکیان نییە. جەستەی زیندویان ئامرازێکە بۆ خۆشگوزەرانی و رابواردنی پیاوان. کەواتە پیاوی هەڵگری ئەم بیرۆکەیە، ژن هەروەک هەموو کەرەسە خزمەت گوزارییەکان کە لە خزمەتیدایە، چاو لێ دەکات و لە روی خواست و ئیرادەی خۆیەوە چارەنووسی ژن دیاری دەکات. لەگەڵ کێ ژیانی هاوسەری پێکبێنێت، کێی خۆش بوێت، ڤینی لە کێ بێت، چۆن وڵامی خواستە دەروونییەکانی خۆی بداتەوە، لەگەل کێ هەڵسووکەوت بکات، کەی لەماڵ بێتە دەرەوە و تا کەی لەماڵ بمێنێتەوە، تاکەی بخوێنێت و لە قوتابخانە بێت، بۆ کوێ سەفەر کات و بۆ کوێ سەفەر نەکات! واتە پیاوی هەڵگری ئەو فیکرەیە بۆی دیاری دەکات کێی بوێت و کێی نەوێت، چۆن ژیان بکات و چۆن بمێنێتەوە، واتە ژن لە سەر ژیانی خۆی، مافی هیچ جۆرە بڕیاردانێکی سەربەخۆیانەی نییە. زۆر جار ژن وەک مرۆڤێکی تەنیا، لە کۆمەڵگای ئێمەدا خۆی لەگەڵ چوارچێوەی سەخت ودژواری پیاوسالاریدا دەگونجێنێت و زۆر جاریش لە بەر ئەوەی خۆی لەو ئازارانە بشارێتەوە ڕێگەی ناخۆش و ڤەرەبوو نەکراوتر دەگرێتە بەر.

گشت ئەمانەی باسی هات بەجۆرێک لە کاتاگۆری توندوتیژی لەدژی ژنان پێناسە دەکرێن. دیارە رەهەندەکانی توندوتیژی زۆر لەوە بەرفراوانترن، بەڵام هەمیشە ئەم جۆرە هەڵسوکەوتە کۆمەڵایەتییانەی خاوەن باکگراوەندێکی پیاوسالارانەن توندووتیژیان لێ لەدایک دەبێت. توندوتیژی بەرهەمی زەواجی عەقڵیی ئێرینەو یاسای دواکەوتووانەی دەسەڵاتێکە کە هەتا زیاتر کولتووری توندوتیژی لە حاڵی پەرەسەندن دابێت، زیاتر مانەوەی خۆی لە بەهێزکردنی یاسا دواکەوتووەکانی گەرەنتی دەکات. سەیری مەجلیس کۆماری ئیسلامی بکەن هەر جۆرە یاسایەک کە هەڵگری بیرێکی توندوتیژانەیەو هەر جارەو بە بیانوویەک توندوتیژی بەرهەم دەهێننەوە، وەک برگەیەکی یاسایی پارێزەری شەریعەتیی ئایینی پەسەندی دەکات. توندووتیژی بە گشت رەهەندەکانییەوە، بۆتە لوتکەی سەربەزریو لەهەمانکاتدا زامنی مانەوەیان.

خۆدزینەوەی کۆماری ئیسلامی لە بڕیارنامە و پەسەندکراوە جیهانییەکان و تەنانەت بەڵێنە حکومەتییەکان بۆ لابردن و نەهێشتنی توندوتیژی لە دژی ژنان، دەرخەری بەشێک لە ئامانج و ئایدۆلۆژی ڕژێم لە بەڕیوەبردنی ئەم جۆرە ڕەفتارەو کردنەوەی بەستێنەکان بۆ پراکتیزە کردنی لە کۆمەڵگادایە. هەڵدانەوەی ئارشیوی توندوتیژییەکان لەئێران لەدژی ژنان لەم چەند ساڵەی دوایی، باس لە نالەبارترین بارودۆخ دەکات. هەر لە سەنگساری ژنان و بێ ڕێزی کردن بە کەسایەتیان و ئیعدام کردن و لەم دواییانەش ڕێگە خۆشکردن بۆ ئەسید پڕژاندن بەهەر هۆکارێکی سەقەتەوە بگرە تا دەگاتە سەپاندنی دەیان یاسای دژە ژنی لە کۆمەڵگای ئێراندا. کۆماری ئیسلامی سەرباری گشت ئاگادارییەکان کە لە لایەن ڕێکخراوە جیهانییەکانەوە پێی دراو،ە نەک هەر کۆتایی بەم توندوتیژانە لەدژی ژنان نەهێناوە، بەڵکوو بەپێچەوانە لەهەوڵی ئەوەدایە دزێوترین چەشنی سەدەکانی ناوەڕاست، سزاکان زیندوو بکاتەوە و ئەم بارودۆخەش لە ئاراستەی نانەوەی ترس و تۆقاندن لە کۆمەڵگادا پەیڕەو دەکرێت.

توندوتیژی دژی ژنان بەهایەکی کولتووری پیاوسالارە. زۆرجار تەنیا بە مەبەستی بەرتەسککردنەوەی ژن لە چوارچێوەیەکی تایبەت و خاوەنداریەتیکردنی ژن لە لایەن پیاوەوە خۆی دەنوێنێ. لێرەدایە پیاو وەکوو دەسەڵاتی ڕەها و ژن وەک کوێلەیەک پێناسە دەکرێ و بەتاڵ دەکرێتەوە لە شۆناسی واقعیی ژن بوون و مرۆڤ بوونی. لێرەدایە ئیتر سەرپێچی کردنی ژن لە بڕیار و ئارەزووەکانی پیاو، وەک سەرپێچیکردن لە پێگەیەکی پیرۆز، دێتە ئەژمارو سەرپێچیکەر لە عەقڵییەتی پیاوسالاردا، تەنیا ڕێگە بە توندووتیژی دەزانێ و تەواوی هەوڵی خۆی بۆ تۆڵە سەندنەوە دەخاتە گەڕ. لێرەدایە یاسای کۆن و دژە ژن ڕێگەکانی بە کراوەیی هێشتۆتەوەو پیاو و دەسەڵات لەوە دڵنیا دەکاتەوە کە سەرپشکن لە نواندنی هەر جۆرە توندوتیژییەک. لێرەدایە ئیتر ژێرپێخستنی ئاوات و یاسای پیاو وەک شکاندنی هەرێم و خاوەنداریەتی ڕەهای ئەو دەناسرێت و دەسەڵاتی ئێرینە بۆ سزادان بە کردار و یاسا و پەرتووک تەیاردەبێت.

لە پێکهاتەی دەروونی ئەم سیستمەدا، هەستی خاوەنداریەتی کردن بەسەر هێزی سێکسی و لەشی ژن لە دەروونی پیاودا دروست دەبێت و شێوەی پۆشینی جل و بەرگ و ڕق و قین لەو پیاوانەی کە ئەگەری ڕفاندن و بەتاڵانبردنی ژنی ساحەب خاوەنیان تێدا بەدیدەکرێت، لێرەدایە ئیتر تۆوی نەفرەت لەلای پیاوان دروستدەکات و توندوتیژی لەچەشنی ڕشانەوەیەک لەعەقڵییەتی مێگەلی لێ بەرهەم دێت و هەر کردەیەک لە دژی ژن بە سەرکەوتنی خۆی وێنادەکات، هەر بێ هەڵوێستییەکیش وەک بێ ناموسی! بێ غیرەتی! بێ شەرەفی! لە بیری داخراویدا بیچم دەگرێ. لەم شێوە سیستەمەدا بەها تایفی و عەشیرەییەکان لە ژیانی ڕۆژانەی خەڵک و لە یاسا پەسندکراوەکان خۆی دەنوێنێت و پارێزەرانی ئەم سیستمەش یان پیاون و یان هەڵگری کولتووری پیاوانەن.

ئێران یەکێک لەو وڵاتانەیە کە زۆرترین ئینسانی ڕەوانەی کوشتارگاکانی بەردەباران کردووە و مێژووی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی هەزاران قوربانی توندوتیژی دژی ژنانی لێکەوتۆتەوە. لە ئێران گەڕانەوە بۆ سەرچاوەکانی شەریعەت تەنیا یەکێک لە هۆکارەکانی بەکردەوە دەرهێنانی توندوتیژیی بووە. پەسەندکردن و پراکتیزەکردنی ئەم یاسایە ،ڕەهەند و هۆکارێکیتریشی هەیە و ئەویش نەبوونی مەشروعیەتی سیستم و دەسەڵاتە، کە سیستم بە پەنا بردن بۆ ئەم کارانە لەهەوڵی نانەوەی ترس و تۆقاندن لە ناو خەڵکدایە. لێرەدا دەسەڵات لەژێرناوی پارێزگاریکردن لە بڕوا ئاینیەکان، ئەم یاسایە پەسنددەکات و بەکردەوەی دەردەهێنێت. لە دادگاکانی کۆماری ئیسلامی زۆر بە سانایی دڕندانەترین سزاگەلی دژە ئینسانی وەک بەردەباران کردن بەسەر تاکە بەناو تاوانبارەکاندا دەسەپێنن و دواتریش کۆمەڵێ ئینسانی فریودراو بۆ شانۆی پڕ لە مەرگ و ئازار بانگهێشت دەکرێن.

بەم ئاوڕدانەوە کورتە لە چەمک و دۆخی ئێستاکەی کۆماری ئیسلامی ئەو ئاکامە دێتە بوون کە ئەم ڕژێمە بەپشتبەستن بە ڕوانگەیەکی ئایدیۆلۆژییەکەوە لەهەوڵی فەوتان و نەمانی بەهاکانی ژنانە. حاکمان و یاسای ڕژێم بەردەوام لە هەوڵی ئەوەدان کە لە دڵی ڕەشی یاسا کۆنەکانی پشت بەستوو بە شەریعەتی دواکەوتووانە، سیاسەتی نوێی دژە ژن و هەوڵ بۆ لەباربردنی گشت دەسکەوتەکانی ژنان بێننە گۆڕێ.

لە بەرابەر ئەوبیرە کۆنەدا کۆمەڵەو بەگشتی هێزی پێشکەوتنخوازی کورد لەو پێناوەدا، بەردەوام لە بەرەی دژایەتی ئەو جۆرە توندوتیژیانە ڕاوەستاوەتەوەو بەشێوەیەکی سیستماتیک لەهەوڵی بردنە سەرەوەی وشیاری ژنان و هەوڵ بۆ ناساندنی مافە ڕەواکانیان

و هەروەها بەستێن خۆشکردن بۆ هێنانە ئارای ژینگەیەکی تەندروست بەمەبەستی جێگیر کردنی سیاسەتێکی یەکسانیخوازی لە کۆمەڵگای کوردستانی ڕۆژهەڵاتدا بوون و هەن. سازکردنی کەمپەین و بەرێوەبردنی ڕێورەسمی ڕۆژی ٢٥ی نوامبر لە هەندێک لەشارەکانی کوردستان لەسەر گڵکۆی ئەو ژنانەی قوربانی توندوتیژی بوون و لەهەمانکاتدا سازکردنی کۆڕوکۆبوونەوەی گەورە لە نێو ماڵەکاندا بەو مەبەستە، دەکرێ وەک چوونە سەرەوەی وشیاری ژنان و ئاکام و بەرهەمی سیاسەت و روانگەی یەکسانیخوازنە لە کۆمەڵگای کورستاندا خوێندنەوەی بۆ بکرێت کە توانی بۆ یەکەم جار بە فراوانی ژنان بێنێتە مەیدانی خەبات و تێکۆشان بۆ دەستەبەر کردنی مافەکانیان.

بێگومان ئاڵوگۆڕێکی بنچینەیی سیاسی لە ئێران دەتوانێ بەشێکی بەرچاو لە یاسا و نەریتە دژە ئینسانییەکان و لەوانە سزاکانی دژە ژنی لەگەڵ خۆی چاڵ بکات و بە دارشتنەوەو نوسینەوەی یاسایەکی یەکسانیخوازی و پێشکەوتنخوازانە، هەوڵ لەپێناو نەهێشتنی کولتوری دژە ژنیش لە ناخی کۆمەڵگا بدرێت و یاسا سەروەر بێت لە کۆتایی هێنان بە توندوتیژی لە دژی ژنان.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاسۆی ڕۆژهەڵات - ڕێکەوتی: ١ی دێسەمبەری ٢٠١٤

# توندوتیژی بنەماڵەیی بە دژی ژنانی کۆچەر



**و: سارا محەمەدزادە**

لە کەشێک دا کە زۆرێک وا بیردەکەنەوە زۆربەی دژواری و ئاستەنگەکانی بنەماڵە کۆچبەرەکان لە وڵاتی خۆیانە و بە کۆچ کردن بۆ وڵاتێکی نوێ بە مانای دانیشتن لە کۆمەڵگایەکی مۆدێرنە کە زۆربەی کاتەکان ڕێز لە یەکسانی جینسی دەگرن، بەڵام ڕاستییەکە ئەوەیە کە ڕێژەی زۆری ئەو کۆمەڵگا کۆچبەرانە زۆرێک لەکەلتوور و سوونەت و پرسی دینی و باوەڕی تاکەکەسی زۆرجار ئایینی و توندڕەو لەگەڵ خۆیان بۆ وڵاتی تازە دەبەن.

ژنانی بنەماڵە کۆچەرەکان نەتەنیا لە گووشاری کۆچبەری دان و زۆربەی ئەرکەکان و ڕاگرتنی باڵانسی نێوان ئەندامانی بنەماڵەکە لە کۆمەڵگای نوێیان لە ئەستۆیە، بەڵکوو زۆرێک لەوان بەرپرسی پڕکردنەوەی ئەو کەلێنە ڕۆحی و دەروونییە سەرچاوەگرتووەن کە لە دوورکەوتنەوەی تاکەکان لە وڵاتی دایکی خۆیان تووشی بوون.

لەو نێوانەدا کۆسپی زمانی، جیاوازی کەلتووری، ئالوگۆڕە جیددییەکان کە لە شوێنی ژیان دێتە ئاراوە، دەتوانێت سەرچاوەی دووبەرەکایەتی نێوان ئەندامانی بنەماڵە بێت.

لێکۆڵینەوەبەربڵاوەکان لە بابەت ژیانی کۆچبەران، بە تایبەت لە وڵاتانی وەکوو ئەمریکا و کانادا باس لەوە دەکەن، ئەو بنەماڵانەی کە کۆچەرن بەشێکی گەورە لە کەلتوور و بیروبۆچوونە توندڕەوەکانی بنەماڵەیی و ئایینی و سوونەتەکانی خۆیان بۆ کۆمەڵگە تازەکە دەبەن.

ئەو پیاوانەی کە لە وڵاتانی دایکی بە هۆکارە تایبەتەکانی کەلتووری، پیاو سالاری تەواو بەسەر کەلتوور و کۆمەڵگا و فێرکاری بنەماڵەیی و بەدەستهێنانی دەسەڵات و نایەکسانی لە نیزامی بنەماڵەیی لەسەر ژنانی خۆیان توندوتیژیان پەیڕەو دەکرد، ڕەنگبێت

زۆربەیان لە دوای کۆچکردنیان گۆڕانیان بەسەردا نەیەت و درێژە بە بواری پێشووی فیکری خۆیان بدەن.

لێکۆڵینەوەکانی پەیوەند بە ژیانی کۆچبەران، بەتایبەت لەو بنەماڵانەی کە سەر بە وڵاتانێکن کە لەحاڵی گەشەدان، توندوتیژی ناوخۆیی بە دژی ژنانی کۆچبەر بگرە لە دوای کۆچ بۆ وڵاتی نوێ و مۆدێرن و دیمۆکراتیک درێژەی دەبێت.

بە پێی لێکۆڵینەوەکان، زۆر یەک لە ژنانی کۆچبەر بە هۆکاری نە شارەزابوون بە شوێنی نوێ، نیزامی پشتیوانی و دابینکردنی بێهداشت و دەرمان کە لە کۆمەڵگەی میواندار پێشکەش دەکرێت، شەرم و شکۆ، کۆسپی زمانی و ترسی ڕێگە دراو لە ناخیاندا لە نێو نیزامی بنەماڵەدا و زاڵبوونی پیاو بەسەر هاتوچۆکاندا، ژن لە یارمەتی وەرگرتن دوور دەخاتەوە و لە کۆتایی دا سەردەمی توندوتیژی ناوخۆیی لەو بنەماڵانەدا زۆرتر دەبێت.

لە بەشێک لە بنەماڵە کۆچبەرەکانی دانیشتووی کانادا هێشتا کچانی ژێر تەمەنی یاسایی ناچار بە پێکهێنانی ژیانی هاوسەرێتی دەکەن، بەشێک لەو کچە مێرمنداڵانە قوربانی توندڕەوی و دواکەوتوویی گوشاری دەروونی باوک و براکانی خۆیانن و زۆرجار لە ماڵەوە هەڵدێن، خۆ کوشتن و بگرە زۆر جاریش هەواڵی کووشتنیان بە دەستی باوک و براکانیان بڵاودەبێتەوە.

لە ماوەی ساڵانی ڕابردوودا، هەواڵی سەبارەت بە شووکردنی زۆرەملی کچانی مێرمنداڵ، توندوتیژی ناوخۆیی، ئازاری جینسی، لێدان، قەتڵی ناموسی لە سەرەوەی هەواڵەکان لە پەیوەند بە بنەماڵە کۆچبەرەکان دەبینین.

ئەو هەواڵە بۆ وڵاتانێک کە کۆچەرەکان روویان تێدەکەن و سیاسەتمەدارانی حکوومەتەکان وەکوو چرایەکی وشیارکەرەوە بووە تا بۆ پشتیوانی لە ژنانی کۆچبەر کە بگرە لە چوارچێوەی بنەماڵەکەی خۆشی لە بەرابەر توندوتیژی و ئازار و لێدان خەسار لێکەوتوون، بەو هۆکارانە یاسا و ڕێسای نوێ دێننە ئاراوە.

وێڕای هەموو ئەوانە، ئەو یاسایانە هەموو کات بە شێوەی تەواو نەتوانراوە بە کردەوە دەربێت و کاریگەر بێت و سەرسەختی بنەماڵەیی، پەروەشی لە هەڵسووکەوتی پیاوەکانی توندڕەو و ڕاگرتنی ئابڕوو و ناو و ناوبانگ بۆتە هۆکارێک کە ژنانی قوربانی لە بەرابەر توندوتیژی ناوخۆیی، ئازار و هەڵاواردن بێدەنگی بن و ڕەوتی ئەم توندوتیژی و نایەکسانیانە درێژەی هەبێت.

بە پێی لێکۆڵینەوەکانی مامۆستای کۆمەڵناسی زانستگای گوێلف لە پارێزگای ئانتاریۆ لە کانادا، لە ماوەی دەیەی ڕابردوودا ١٦٤ بابەت قەتڵ بە هۆکاری توندوتیژییەکانی ناوخۆیی و قەتڵی ناموسی لەو وڵاتە ڕووی داوە و ٧٣ لەسەدی ئەو بابەتانە توندوتیژی ناوخۆیی و زۆربەی لە بنەماڵە کۆچبەرەکان بینراوە.

میرنا دوسۆن، مامۆستای زانستگای گوێلف کە ئەو لێکۆڵینەوەیەی کردووە دەڵێت: دەمانهەوێت بە شێوەی هێنانەئارای تۆڕێک ئاستی وشیاری و زانستی ئەو ژنانە بەرینەسەرەوە و بە پەروەردەکردنی بنەماڵەکان لە توندوتیژی ناوخۆیی و بنەماڵەیی کەم بکەینەوە و

بەر بە قەتڵە ناموسیەکان بگرین.

هەواڵنێری رەسمی کانادا ٥ فێوریە باسی لە دامەزراندنی دادگایەک لە هەرێمی بریتیش کولەمبیا بۆ بەدواداچوونی ئەو پەروەندانە کردووە کە تایبەتن بە لێکۆڵینەوە لە توندوتیژییە ناوخۆییەکان. بە پێی ئەو هەواڵە، ئەو دادگایانە بەدواداچوون بۆ ئەو پەروەندانە واتە ژنانی کۆچبەر، پەنابەر، لۆکاڵی و ژنانێک کە توانای جەستەییان نییە و هەمووکات قوربانی توندوتیژی ناوخۆیین دەکەن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاسۆی ڕۆژهەڵات - ڕێکەوتی: ١٥ی مارچ ٢٠١٤

# ئێمە هەموو ڕۆژێکمان، ڕۆژی بەرەنگارییە دژی توندوتیژی لە سەر ژنان



**ئیبراهیم کۆنەپۆشی**

لە کۆمەڵەگای داگیر کراوی ئێمە لە ژێر دەسەڵاتێکی دیکتاتۆر و یاسای دینی و دەسەڵاتێکی دژە ژن.

لە ٣٦٥ ڕۆژی ساڵدا هەر ڕۆژێک بە قەد یەکساڵ بە پێی یاسا و دین و دەسەڵات و کولتوورێکی کۆنی پیاو مەزنی دژە ژن، دژ بە ژنان لە بواری جەستەیی و دەروونییەوە توند و تیژی ئەنجام ئەدرێت، قەتڵی نامووسی، ئەسید کردن بە سەر دەموچاوی ژناندا، شەلاق لێدان، حەجابی زۆرە ملی، بەزۆر بەشوودان، بەستنەوە لە ناو ماڵ، سەنگسار و لێدانی ڕۆژانە تەنیا بەشگەلێکی بچکوون لەو ئازارانە کە لە سەر ژن و ناوی ژن و لەشی ژن، بەدی ئەکرێت.

زەعیفە، کەم عەقڵ بوون، دوو خوشک وەک برایەک ئەتوانێت بەشی ئیرس ببات، دوژن وەک پیاوێک ئەتوانێ لە دادگا وەک شایەد ئامادە بێت، تەڵقینی کردنی مردوو بە ناوی دایک تەنانەت لە سەرە مەرگیشدا بە نیەتی سووکایەتی بە کەسایەتی دایک، بێ ئیختیاری لە جیا بوونەوە و هەڵبژاردنی ژیان، بێ ئێختیاری لە هەڵبژاردنی جل و بەرگ و شێوازی ژیانی ڕۆژانەی.

پێناسە کردنی ژن وەک موڵک بە خاوەن موڵکەوە، وەک براژن، خاڵۆژن، مەلا ژن، وەستا ژن، هێوەر ژن،... هتد. شاردنەوەی بواری کەسایەتی ژن وەک بوونەوەرێکی سەر بەست وەک ئینسانێکی خاوەن هەست و بە پێچەوانە وەک کەرەسە و ئامراز و موڵک چاو لێکردن ناساندنیان بە خاوەن موڵکەوە، بەخشینی دەسەڵاتی یاسایی و شەرعی بە پیاوانی خاوەن دەسەڵات تەنیا بە مەرجی ئەوەی بتوانێت مساواتێک لە نێوان هاوسەرەکانیان دابین بکات بۆ هەڵبژاردنی چوار هاوسەر لە یەک کاتدا.

ناوی ژن و لەشی ژن و جوانی ژن وەک ئامرازی ڕیکلام بۆ گەشەی بازاری کار و کاسبی و تەنانەت بواری دینیش ئەوەتا دەسەڵاتدارانی

دینی و وتە بێژەانی ئایین بۆ ئەوەی پیاوانی دەسەڵات پارێزیان بتوانن ئاسانتر خەڵک بکوژن و زیاتر بۆمب بتەقێننەوە و بە دڵێکی فراوانترەوە کارەسات بخولقێنن، وادەی ٤٠ و جار و بارەیش ٧٠ حوری مێینیە بە پیاوی دینداری موتەدەین ئەدەن.

ئەوانە و دەیان و بگرە سەدان نموونەی دیکە لەو ئازارانەن کە دەچنە خانەی توندوتیژییەوە لە سەر جەستە و دەروونی ژن .

تەنیا جیاوازییەکانیان ئەوەیە هەندێکیان بواری نەفسی و کەسایەتی ئازار ئەدەن و هەندێکیان جەستە، دەنا لە ڕوانگەی منەوە هەمووی توندوتیژییە و ئەم توندوتیژیانە ڕۆژانە لە سەر ژن دووپاتە ئەبێتەوە، دەسەڵات بەڕێوە بەری ئەو توند وتیژیانەیەو و دین شەرعیەتی پێداوە و دەسەڵاتدارانی پیاو مەزن هەوڵیان داوە وەک کولتورێکی کۆن لە ناو کۆمەڵگادا جێی بخەن و تا ڕادەیەکی زۆریش لەم بوارەدا سەر کەوتوو بوون.

وایە هەموو ڕۆژێک لە ساڵدا توندوتیژی لە سەر ژنان هەیە و یەک ڕۆژ واتە ٢٥ی نوامبر ڕۆژی بەرەنگاری لە دژی ئەو توندوتیژیانەیە.

بەڵام بۆ تێکۆشەرێکی دڵسۆز، بۆ هەڵسووڕاوێکی بە بڕوا ژن و پیاو دوو بەشی یەکسانن کە بە هەردوولا کۆمەڵگای مرۆڤایەتییان پێکهێناوە ولە بابەت پرسی توندوتیژی لە سەر ژنان هەموو ڕۆژێک بۆی ٢٥ی نوامبرە و دەبێ لە دژی توند و تیژی بوەستینەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاسۆی ڕۆژهەڵات - ڕێکەوتی: ٢٤ی نۆڤەمبەری ٢٠١٤

# ڕۆڵی مەلایانی ئاینی لە بەرەنگاربونەوەی توندوتیژی دژی ژنان



نێڤار ئیبراهیم

لە مێژووی هاوچەرخی نوێ و بەتایبەتی دوای هاتنی ئاینی ئیسلام مەلایانی ئاینی یان زانایانی ئاینی ڕۆڵێکی گەورە و کاریگەریان بینیوە لە پێشخستنی کۆمەڵگا لەهەموو بوارە جیاجیاکانی ژیاندا، بەتایبەت لە ولاتێکدا کە ئاینەکەیان ئاینی ئیسلام بێت.
دینی ئیسلام دینی ئاشتی و پێکەوە ژیان و لێبوردەییە دژی توندوتیژی و زۆرداری و خۆسەپاندنە، کە ڕەگەزێک بەرامبەر ڕەگەزەکەی تر ئەنجامی بدات، ئەگەر بە پلەی یەکەم گرنگی بدات بە پەرسشت ئەوا بێ گومان پلەی دووەم گرنگی داوە بە پەروەردەکردنی مرۆڤەکان، لە چەندین ئایەتی قورئانی پیرۆز و فەرمودەی پێغەمبەر( ص) ئەوە ڕونکراوەتەوە و مافەکانی ئافرەتانی تێدا چەسپیوە.

دەتوانین بڵێن دینی ئیسلام و توندوتیژی دوو کردەی دژ یەکن و هەرگیز لەگەڵ یەک نەگونجاون و ناگونجێن لە هیچ قۆناغێکدا. پێغەمبەر( د.خ ) مامەڵەی باشی پیاو لەکەڵ ژندا کردۆتە معیار بۆ بونی ڕێزی پیاوان لە دینی ئیسلامدا ئەگەر بمانەوێ کۆمەڵگا پێش بکەوێ دەبێ بیر لە پێکهێنانی ئاشتی ناو خێزانەکان بکەینەوە، ئەوەش بە کەسێک و دووکەس ناکرێت بەڵکو بە هەمومان دەکرێ هەروەها بە کارکردنی جدی مەلایانی ئاینی دەستەبەر دەبێت وەک چینێکی دیاری کۆمەڵگا، ئەوەش چۆن دەکرێت لە ڕێگەی مینبەرەکانیەوە ئاستی ڕۆشنبیری کۆمەلایەتی پێشبخەن زیاتر خۆیان ماندووبکەن بۆ پێک هێنانی خێزان لەسەر بنەمایەکی سروشتی و شارستنی پەیوەندیەکانی خێزان ڕێک بخرێتەوە لەسەر خۆشەویستی و تەبای و پێکەوە ژیانی ئاشتیانە لە نێوان ژن و پیاودا.

پێویستە وەزارەتی ئەوقاف بەبەرنامەو پلانی تۆکمە چاودێری ووردی وتاری ئایینی مەلاکان بکات بۆ ئەوەی بیرو باوەری توندوتیژی بڵاو نەکەنەوە و ئاگاداری ووتاری هەینی بێت بۆ ئەوەی ووتاریان هاندان نەبێت بۆ توندوتیژی خێزانی بە پێچەوانەوە بێت، ڕێزی زۆرمان بۆ بەشێکی زۆر لە مەلایانی ئاینی، بەڵام بەداخەوە هەندێک لەو مەلایانە دوور لە هەستی بەرپرسیارێتی لە تۆڕە

کۆمەڵایەتیەکاندا جۆرە وتارێک بڵاودەکەنەوە کە دژی مافەکانی ژنانە ئەوەش دوورە لە ئەرکی ئاینی و نیشتیمانی و مرۆڤایەتی ئەوەش ئەرێنیە، وەک دەبینین کاردانەوەی خێرا وخراپی کۆمەڵگای بەدوای خۆیدا دێنێت.

چونکە با بیرمان نەچێت دانیشتوانی هەرێمی کوردستان پەیڕەوی لە ئاینی پیرۆزی ئیسلام دەکەن تەنها بەشێکی کەم نەبێت . پێمان وایە شتیکی زۆرباشە مزکەوت رۆلی زیاتری پێ بدرێت لە بواری مافەکانی ئافرەتان چی دەبێت ئەگەر وەزارەتی پەیوەندیدار مەلا بەرێزەکان هەفتانە بەشێک لە وتارەکانیان تەرخان بکەن بۆ باس کردن لە مافەکانی ئافرەتان و رێگری کردن لە توندوتیژی کردن بە رامبەریان، ئەو رۆڵەی کە مینبەرەکان هەیان بوە لەسەردەمی بیغەمبەرەوە د.خ میکانیزمەکانی بەرجەستە بکریتەوە بە شیوەیەکی ئاسایی و یاسایی بکونجیت لەکەل ئەم سەردەمەی ئێستا. ئەندامی پەرلەمانی کوردستان.

ئەندامی پەرلەمانی کوردستان

سەرچاوە: فەیس بووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ٢٥ی نۆڤەمبەری ٢٠١٥

# ٢٥ی نوامبر رۆژی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان.



## سروه فەتاحی

٢٥ی نوامبری هەموو ساڵێ رۆژی جیهانی نەهێشتنی توندوتیژی دژی ژنان ناسراوە. لە راستیدا ئەو رۆژە پێش ئەوەیکە لە لایەن رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە وەکوو رۆژی جیهانی نەهێشتنی توندوتیژی دژی ژنان بناسرێ، لە زۆربەی وڵاتانی ئامریکای لاتین رێز لەو رۆژە گیراوە. رەنگە لای زۆربەمان ئەوە پرسیار بێ کە بۆ ٢٥ی نوامبر وەک رۆژی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان دیاری کراوە لە حاڵێکدا هەر رۆژە و لە هەر گۆشەیەکی جیهان ئێمە شاهدی جۆرەها توندوتیژین کە دژ بە ژنان دەکرێ. هەڵبژاردنی ئەو رۆژە، لە سەرەتادا لە لایەن "یەکەمین کۆبوونەوە کە لە لایەن ژنانی ئامریکای لاتین و کارابین" (لە ١٨ تا ٢١ی جووڵای ١٩٨١) لە وڵاتی کۆلۆمبیا پێک هاتبوو، هاتە بەر باس. بەشدارانی ئەو کۆبوونەوەیە هەموو جۆرە کردەوەیەکی دژ بە ژن وەک لێدان و ئازاری جەستەیی و دیسکۆرسی و دەستدرێژی سێکسی، ئازار و ئەشکەنجە لە زیندان و...یان مەحکووم کرد و رۆژی ٢٥ی نوامبریان وەک رێزگرتنێک لە یادی خووشکانی "میرابال" (پاتریا، مینروا، ماریا) دیاری کرد و رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانیش لە ساڵی ١٩٩٩دا ئەو رۆژە (ساڵیادی کۆچی ئەو سێ خووشکە)ی وەک رۆژی "بەرەنگاری توندوتیژی دژ بە ژنان" راگەیاند.

کورتەباسێک لە خووشکانی "میرابال"

خووشکانی میرابال دژ بە دیکتاتۆری وڵاتی خۆیان "ترۆهیلۆ" بوون، بە جۆرێک کە دیکتاتۆری ئەو وڵاتە (دۆمینیکێن) پێش لە کووشتنی ئەو خووشکانە رایگەیاندبوو کە بۆ راگرتنی دەسەڵاتە دیکتاتۆرییەکەی دوو کێشەی سەرەکی لە بەر دەمی دایە کە یەکێک لەو کێشانە خووشکانی میرابال بوون، هەر بۆیە بڕیاری کوشتنی ئەو سێ خووشکەی دەرکرد. لە رۆژی ٢٥ی نوامبری ١٩٦٠ لە کاتێک دا کە خووشکانی میرابال بۆ سەردانی هاوسەرەکانیان کە لە زیندانی دیکتاتۆر ترۆهیلۆدا بوون، دەچوون، لە رێگای زیندان گیانیان لێ ئەستێندرا. بە باوەڕی ترۆهیلۆ بە کوشتنی ئەو خووشکانە یەکێک لە کێشەکانی بەر دەمی لە نێو دەچێ بەڵام هەر ئەو کارە بووە

هۆکارێک بۆ ئەوەی خەڵک ڕق و بێزاری خۆیان لەو حکوومەتە دیکتاتۆرە دەربڕن دەسەڵاتداریتی ترۆهیلۆ ساڵێک دوای ئەو ڕووداوە (کوشتنی خووشکانی میرابال) کۆتایی پێ بێ.

خووشکانی میرابال کە نێوی "پەپوولەکانی لە بیرنرکراو"یان لە سەر دانـدرا، لە پـاش مەرگیـان بـوونە ڕەمزی خەبـات بـۆ نەهێشـتنی توندوتیژی دژ بە ژنان، و ژنـانی دۆمینیکن ڕۆژی مردنـی ئەو خووشکانەیان ڕۆژی خەبـات بـۆ نەهێشتنی توندوتیژی دژی ژنـان دیـاری کـرد. توندوتیژی دژی ژنـان ئیسـتلاحێکی تـایبەتە کە بـۆ باسـێکی گشـتی لە هەر کـردەوەیەک کە توندوتیژی بە دواوە بـێ بە کـار دەهێندرێ، وەکوو (Hate crime)، ئەو جۆرە لە توندوتیژی بە دژی دەستە یان گرووپێکی تایبەت لە خەڵک بە کار دەهێندرێ. ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکـان هەر کـردەوەیەک کە ببێتە هـۆی ئـازاری جەسـتەیی و سـایکۆلۆژی وەک توندوتیژی دژی ژنـان پێناسـە دەکا.

ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان لە ساڵی ١٩٩٩ی زایینـی ڕۆژی ٢٥ی نـوامبری وەکوو ڕۆژی جیهـانی (نەهێشتنی توندوتیژی دژی ژنـان) دیاری کرد و داوای لە دەوڵەتان و نەتکان کرد تا لەو ڕۆژەدا بە پێکهێنانی کۆڕ و کۆبوونەوە و بەرنامەگەلی تایبەت بەو باسە ئاستی زانیاری ژنـان لەو پێوەنـدییەدا بەرنە سەرێ و بـۆ خەبـات دژی دیـاردەی توندوتیژی هانیـان بـدەن. توندوتیژی دژی ژنـان یەکێک لە سەرەکیترین کێشەکانە کە کۆمەڵگە بەرەو وێرانی دەبـا و یەکێک لە گەورەترین مەسەلەکانی پێشێلکردنی مـافی مرۆڤ دێتە ئەژمار. توندوتیژی جەستەیی، توندوتیژی دیسکۆرسی، لەش فرۆشی لە ژێر زەبر و زۆر، خەتەنەکردنی ژنان، توندوتیژی لە زیندانەکان، زگ پڕبوون بە بێ خواست و مەیلی ژن، بە شوودانی کچان لە تەمەنی خوار ١٨ ساڵ و... لەو دەستە کردەوانەن کە ڕووبەرووی ژنـان دەبێتەوە و دەچنە ڕیزی توندوتیژی دژ بە ژنانەوە.

توندوتیژی جەستەیی زۆربەی کات بە چاو دەبیندرێ بەڵام لە بەرانبەر ئەوەدا جۆرەها توندوتیژی هەیە کە کـاریگەری ڕووخێنەر لە سەر ژنان دادەنێ لە کاتێک دا کە بە چـاو نابینـدرێ وەکوو تەشـەر پێـدادان، درۆکردن لەگەڵ ژن، فرەژنی، کۆنتڕۆڵ کردنی ژن لە هەموو بوارێکدا، ڕەخنەگرتنی بەردەوام، تەتبیق دانی هەڵسووکەوت لەگەڵ خواست و ویستی پیـاو و... هەر وەک دەزانن لێدان و ئازاری جەستەیی خراپترین جۆری توندوتیژی بەرانبەر بە ژنان نیە، ڕەنگە دەستێکی شکاو و چـاوێکی شین بـۆوە دوای مـاوەیەک چـاک بێتەوە بەڵام هێز و توانایی ژن و متمانە بە خۆبوون کە ئەگەر لە ژنان دا لە نێو چوو زۆر بە ئەستەم بە دەست دێتەوە، کەوابـوو ئەو توندوتیژیانەی کە شاراوە بەرانبەر بە ژنان دەکرێن و کاریگەری لە سەر ڕۆح و ڕەوانی ژنان دادەنێ دەبـێ گرینگی پـێ بـدرێ و هەوڵ بۆ ئاشکراکردنی ئەو جۆرە توندوتیژیانە بدرێ. بەڵام بەداخەوە زۆربەی ئێمە لە ژنان ئەو شێوە لە توندوتیژی بە هێند وەردەگرین و هەوڵ بۆ شاردنەوەی دەدەین.

لە کلتووری کۆنەباوی ئێمەدا، بەداخەوە هەر وەک لە کۆنەوە وتراوە ژنان تـا کارد نەگاتە سەر ئێسکیان زاریـان بـۆ سکاڵا نـاکەنەوە. لە کـۆمەڵگەی پیـاو سـالاردا، توندوتیژی لە لایەن پیـاوان لە نێـو بنەمـاڵەدا زۆر ئـاسایی چـاو لێـدەکرێ و وایـان خسـتۆتە مێشکی ژنانەوە کە هەر چی ژن گوێڕایەڵتر بێ ژنی چاکترە و بە کەڵکی ژیان دێ. هەر بۆیە ئەو ژنانەش بۆ ئەوەیکە ژنانەتر بـوونی خۆیـان زیاتر بسلمێنن ئەو توندوتیژیانەی کە بەرانبەریان دەکرێ بە شاراوەیی دەهێڵنەوە. بە پێی ئامارەکانی کە بڵاو دەبنەوە کەمتر لە ٣٥

لە سەدی توندوتیژییەکانی بنەماڵەیی دەچێتە چوارچیوەی قەزاییەوە و ئەو ژنانەی کە وەزاڵە هاتوون و دەنگی خۆیان دەبەنە دەرەوەی چوار دیواری ماڵەکەیان ئەوە لە لایەن قازی و کاربەدەستانی قەزایی و کەسانی دەوروبەری خۆیان داوایان لێ دەکرێ کە واز لە سکالا بێنێ و بگەڕێتەوە ئەو چوار دیوارییەی کە لێی هەڵهاتووە. لە زۆربەی کلتوورەکان دا نە تەنیا دان بە توندوتیژی لە لایەن پیاوی بنەماڵەوە دادەنرێ بەڵکوو شاردنەوەی تەشویق و پێداهەڵکووتنی ژنی لە لایەن کۆمەڵگەوە بەدواوەیە.

هۆکارێکی دیکەی کە دەبێتە هۆی شاردنەوەی توندوتیژی لە کۆمەڵگە کۆنەباوەکاندا ئەوەیە کە شتێک بە ناوی توندوتیژی بنەماڵەیی بوونی نیە و قانوونێک بۆ بەدواداچوون و لێکۆڵینەوەی نیە. کەوابوو لە وەها کۆمەڵگەیەک دا ژن دەبێ هاواری وەزاڵەهاتووی بۆ کوێ بەرزکاتەوە و کێ هەیە کە دەنگی ببیستێ؟ هەر چەند توندوتیژی دژی ژنان لە ئێران لەگەڵ کلتووری پیاوسالاری باو لەو کۆمەڵگەیەدا گرێدراوە، بەڵام یاساکانی هەڵاواردنی ڕەگەزی لە زیادبوونی توندوتیژییەکانی دژ بە ژنان دا کاریگەری هەیە. یاسا و ڕێساکان دەتوانن ڕێگا بۆ گۆڕینی فەرهەنگ و جۆری ڕوانین لە کۆمەڵگەدا خۆش بکەن یان ببنە هۆکارێک بۆ مانەوە و پەرەپێدانی ئەو کلتوور و دواکەتووییە. بە تایبەت هێندێک یاسای تازە کە لە ماوەی ئەو چەند ساڵەی دوایی دا لە ئێران هاتۆتە ئاراوە زۆر بە ڕاشکاوانە هەڵاواردنی ڕەگەزی بە دژی ژنان پەرە پێدەدا و هەر بەو پێیە توندوتیژییەکانیش بە نیسبەت ژنانەوە پەرە دەستێنێ.
بە تایبەت لە یاساکانی ئیسلامی ئەو حووکمانەی کە بە پێی ئایینی ئیسلام دەدرێ بە نیسبەت ژنانەوە زۆر توندتر و دڕندانەتر بەڕێوە دەچێ. تەنانەت لە ئیدارەکانیش ژن وەکوو بوونەوەرێکی ژێردەست چاو لێدەکرێ و حەقدەستی بە نیسبەت پیاو زۆر کەمترە. کوشتن بە بیانووی شەڕەف، سەنگسار، ئەسیدپرژاندن و... دڕندانەترین جۆرەکانی توندوتیژین بە نیسبەت ژنانەوە دەکرێن و بۆ هەمووماں ڕوون و ئاشکرایە کە لەو پێوەندییەدا یاساکان لە پشت پیاوانن و ژن دیسان دەبێتەوە قوربانی سەرەکی و قامکی تاوانی بەرامبەر درێژ دەکرێتەوە.

چالاکانی مافی ژنان هەوڵ بۆ وشیار کردنەوەی ژنان و پێداگرییان لە سەر گۆڕینی یاساکانی دژ بە ژنان دەدەن. نەهێشتنی ئەو یاسایانەی کە کوشتنی ژنێک بە تاوانی خۆشەویستی حەلاڵ دەکا، ژن وادار دەکا کە بە زۆری و لە ڕووی ئیجبارەوە پێوەندی سێکسی لەگەڵ هاوسەرەکی ببێت، لێدان و ئازاردانی ژن لە لایەن مێردەکەیەوە، حیجابی زۆرە ملی، ئیجازەی هاوسەر بۆ وەرگرتنی پاسپۆرت و زۆر یاسای دیکە کە مافەکانی ژنانی زەوت کردوە.

ئێمەی ژن ئیدی نامانهەوێ قوربانیانی ساکت و گوێڕایەڵ بمێنینەوە، ئیدی نامانهەوێ چیدیکە لەشمان کالایەک بێ بۆ سات و سەودای سیاسی و ئابووری و ئایینی. بە تایبەت لە ڕۆژهەلاتی ناڤین کە هەر ڕۆژە و گرووپێکی ئایینی نوێ سەرهەڵدەدا و بۆ بە دەستەوە گرتنی دەسەلات لە هیچ کردەوەیەکی دژە مرۆڤانە خۆ ناپارێزن، ژنان دەبنە قوربانیانی سەرەکی بازاری ئایینی؛ هەر بۆ نموونە ژنانی شنگاڵ و موسڵ کە ببوونە دەستکەوتی شەڕ بۆ بە دەستەوە گرتنی دەسەلاتی ئیسلامی، لە لایەن گرووپی توندڕەوی ئیسلامی (داعش)ەوە وەک کاڵایەک لە بازاری بەردە فرۆشەکان بازرگانی بە لەشیان دەکرا. ئێمەی ژن لە بەرانبەر یاساکانی دژ بە ژن و دواکەوتوانەی کۆمەڵگەکەمان دا دەوەستین و پێداگر دەبین لە سەر گۆڕینیان.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ڕۆژهەلات نیوز - ڕێکەوتی: ٢٥ی نۆڤەمبەری ٢٠١٥

# ٢٥ی نۆڤەمبەر وێستگەیەک بۆ بەگژداچوونەوەی توندوتیژی دژ بە ئافرەتان




## ڕۆژنامەی گوڵان

توندوتیژی دژ بە ئافرەتان بە بنەمای پێشێلکردنی مافی مرۆڤ و ئازادییە بنەڕەتییەکانیان ناسراوە و یەکێکە لەو میکانیزمە کۆمەڵایەتییە گرنگانەی کە ئافرەت ناچار دەکات پلە و پایە و پێگەی نزمتر لە پیاوان قبووڵ بکات. بۆیە ئافرەتان بۆ نەهێشتنی ئەو نادادپەروەری و جیاوازییە ڕەگەزییانە و بۆ نەهێشتنی توندوتیژی و بەرەنگاربوونەوەی ئەو دیاردەیە لە سەرلەبەری جیهان خەباتێکی بێوچانیان کرد و بەرهەمی قوربانیدانەکانیشیان ڕۆژی جیهانی ٢٥ی نۆڤەمبەری لێکەوتەوە، کە لەو ڕۆژەدا لە هەرێمی کوردستانیش هەڵمەتی نیشتمانی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژ بە ئافرەتان دەستپێدەکات و بۆ ماوەی ١٦ ڕۆژ بەردەوام دەبێت. وێڕای ڕۆڵی ئەرێنی ئەو جۆرە چالاکییانە، بەڵام بەشێک لە چالاکانی بواری مافەکانی ئافرەت ڕایانوایە کە ئەو هەڵمەتە نەیتوانیوە مۆرکی دیاردەی توندوتیژی کاڵ بکاتەوە، لە بەرامبەر ئەو بۆچوونەشیان هێما بۆ ئەوە دەکەن کە ساڵ لە دوای ساڵ ڕێژەی توندوتیژییەکان هەڵدەکشێن. بەشداربوونی ئەم ڕاپۆرتەی گوڵان هەڵسەنگاندنی زیاتری ئەم بابەتە دەکەن.

لە ٢٥ی نۆڤەمبەری ساڵی ١٩٦٠ لە وڵاتی دۆمێنیکان سێ ئافرەت (پاتریا، مینروا، ماریا ترێزا) کە بە خوشکانی میرابال ناویان دەرکردووە، لەلایەن دەست و پێوەندەکانی «ڕافائێل تروخیۆ» دیکتاتۆری دۆمێنیکەن، کوژران. پاتریا، مینروا و ماریا ترێزا کچی «ئێنریکە میرابال» و «ماریا مێرسدێس» بوون. ئەم سێ خوشکە و مێردەکانیان لە خەباتگێڕانی شێلگیری دژ بە ڕێژیمی «ڕافائێل تروخیۆ» بوون، هەرسێکیان نموونەی بەرزی خەبات و خۆڕاگری بە دژی حکوومەتی ملهوڕانەی ئەو دیکتاتۆرە بوون. لە ڕەوتی خەباتدا هەر کامێکیان چەندین جار کەوتبوونە بەندیخانە. لە ژانیوەری ١٩٦٠ پاتریا، سەرۆکایەتیی کۆبوونەوەیەکی گرتەدەست کە دواتر بوو بە هەوێنی بزووتنەوەی نهێنیی ١٤ی جونی ١٩٦٠. دوو خوشکەکەی دیکەشی بوون بە ئەندامی ئەو بزووتنەوەیە. تێکۆشەرانی ئەم بزووتنەوە نهێنییە لە سەرانسەری وڵاتدا کەوتنە بەر ڕاوەدوونان، لە ٢٥ ی نۆڤەمبەری ١٩٦٠دا خوشکانی میرابال، لە کاتێکدا بۆ دیتنی مێردە بەندکراوەکانیان دەیان بردن، بەدەست بەکرێگیراوانی «ڕافائێل تروخیۆ» و بە فەرمانی ڕاستەوخۆی ناوبراو، کوژران. ئەو تاوانە بووە هۆی تووڕەیی و بێزاریی گشتی خەڵک و هەروەها بووە یەکێک لە هۆکارەکانی بەرەوپێشبردنی خەبات بە دژی

دیکتاتۆریی ڕافائێل تروخیۆ. سالێک دوای کوشتنی خوشکانی میرابال، حکوومەتی ملهوڕی ڕافائێل تروخیۆ کۆتایی پێهات. ئەم خوشکانە کە نازناوی (پەپوولە لەبیرنەکراوەکان)یان پێدراوە، بوون بە سیمبولی خۆڕاگری و خەبات بە دژی ستەم دەرحەق بە ژنان. دواتر ڕۆژی٢٥ی نۆڤەمبەر لەلایەن ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە، وەک ڕۆژی جیهانی نەهێشتنی توندوتیژی دژ بە ئافرەتان قبوڵ کرا.

یەکەمجار لە ساڵی ١٩٨١ لە لایان فیمێنیستەکانی ئەمریکا ڕۆژی ٢٥ی نۆڤەمبەر وەکو ڕۆژی خەبات دژی توندوتیژی، یان نەهیشتنی توندوتیژی دەستنیشان کرا، پاشان لە ١٧ ی دیسەمبەر ساڵی ١٩٩١ لە لایان ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتەوەکانەوە وەکو ڕۆژی جیهانی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی ڕاگەیاندرا.

تاڤگە عومەر بەڕێوەبەری گشتی دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ لە دەستپێکی قسەکانیدا بۆ گوڵان ئاماژەی بەوە کرد کە هەڵمەتی نیشتمانی بۆ بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژ بە ئافرەتان ساڵانە وەکو نەریتێک لەهەموو وڵاتان پیادە دەکرێ و هەرێمی کوردستانیش بەدەر نییە لەو هەنگاوە نێودەوڵەتییە، هاوکات گوتی: «ئامادەبوونی سەرۆکی حکومەت لە بەڕێوەچوونی هەڵمەتی نیشتمانی بۆ بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژ بە ئافرەتان سەلمێنەری قورسایی ئەو پرسە گرینگەیە، هەروەها مانای ئەوە دەگەیەنێت کە خودی سەرۆکی حکومەت دژی هەموو توندوتیژی و جیاکارییەکە لە هەرێمی کوردستان و پەیامێکە بۆ ئەوەی هەموو دامودەزگاکانی حکومەت کاربکەن بۆ نەهێشتنی جیاکاری و بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژ بەئافرەتانی کوردستان»، گوتیشی: «تەرخانکردنی ئەو ١٦ ڕۆژە ڕێکارێکی کاریگەرە و ڕۆڵی ئەرێنی هەیە، ئەگەر ئەو گۆڕانکارییانە نیشان بدەین کە لە یاساکانی هەرێمی کوردستاندا کراوە، جگە لەوەی کۆمەڵێک یاسای باشمان هەیە، بەڵام بمانەوێ و نەمانەوێ جێبەجێکردنی یاساکان دەکەوێتە چوارچێوەی دەسەڵاتی جێبەجێکردنەوە، ئەگەر ئەو یاسایانە بە باشی جێبەجێ نەکرێ ئەوا هیچ لە بارودۆخەکە ناگۆڕێ، لەلایەکی دیکەوە بۆ چارەسەرکردنی ئەو پرسانە پێویستە ئافرەتان بەشداریان لە هەرسێ دەسەڵاتی یاسادانان و جێبەجێکردن و دادوەریدا هەبێ جگە لە ناوەندە ئەکادیمی و مەعریفییەکان، گرنگتریش لەوە ئەوەیە کە ئێمە تەنها بەشدارییەکانی ئافرەتان بە ژمارە دیاری نەکەین بەڵکو بوونی ژمارەیەکی ئافرەتی باش لە دەسەڵاتی بڕیاردانـدا ڕەنگدانەوەیەکی ئەرێنی باشی دەبێت، دەکرێ لە هەوڵی ئەوەدابین لەسەر بنەمای چەندێتی و چۆنیەتی ئافرەتان لە ناوەندە هەستیارەکاندا کاری زیاتر بکرێ، نەک وەکو خێرپێکردن پۆست بە ئافرەت بدرێت، واتا ئافرەتانی بەتوانا و خاوەن ئەزموون ئەو ئەرکەیان پێ بسپێردرێت، بەداخەوە لە هەرێمی کوردستان ڕێژەی ٣٠%ی کۆتا تەنیا لە پەرلەمان بوونی هەیە و لە ناو دەسەڵاتەکانی دیکەدا بوونی نییە، بۆ نموونە دەسەڵاتی جێبەجێکردن لەناو ئەنجومەنی وەزیران تەنیا یەک ئافرەتی وەزیر بەدی دەکرێ، لێرە دەبینین کەلێنێک هەیە لە جێبەجێکردنی ئەو بڕیارە کە پەرلەمانی کوردستان شەرعیەت بە بەشداری ئافرەت لەناو دەسەڵات دەدات، بۆیە بۆ نموونە تا ئێستا سەرۆکی زانکۆکانمان یان ڕاگری کۆلێژەکانمان ئافرەتی تێدا نییە، جگە لەوەی کۆمەڵێک ئاستەنگ لەبەردەم جێبەجێکردنی ئەو پەیامانەیە کە لەو ڕۆژەدا ڕادەگەیەندرێت، چونکە یاساکان وەکو خۆی کە هەیە جێبەجێ ناکرێ، ئەگەرچی یاساکانیش لە کەموکورتی بەدەر نین، بەڵام لەجێبەجێکردنیشیدا خاڵی لاوازمان هەیە، لەلایەکی دیکەوە داواکاری گشتی ئەو ئەرکەی کە هەیەتی بە تەواوی جێبەجێی ناکات، بۆیە پێویستی بە ئەکتیڤکردنی زیاتر هەیە، بۆئەوەی زیاتر بە شوێن کێشەکانی ئافرەت بگەڕێت و تاوانباران بگەیەنێتە دادگا و یاسا

سەروەر بێت، ئێمە ساڵانە ئەو پەیامانە دووبارە دەکەینەوە و کۆمەڵێک چالاکی و کاری باش ئەنجام دەدرێت، بەڵام پێویستە ئەو کارانە دابەشی سەر هەموو ڕۆژەکانی ساڵ بکەین، واتا حکومەت بە ئاراستەیەک، ڕێکخراوەکان بە ئاراستەیەکی دیکە، پیاوانی ئایینی بە ئاراستەیەک، ڕاگەیاندنیش بە ئاراستەی خۆی، لە پێناو بەدیهێنانی مافەکانی ئافرەت کاردەکەن. واتە ئەو پەرتەوازەییە وایکردووە کارە گرنگەکان شوێنی خۆیان نەگرن، لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا ڕاگەیاندنی کوردی نەیتوانیوە ڕۆڵێکی کارای هەبێت لەسەر کەمکردنەوەی توندوتیژی، بە پێچەوانەوە بە نیشاندانی کارە نەرێنییەکانی توندوتیژی بێئەوەی دیراسە بکرێ، لە دەرەنجامدا ڕێژەی توندوتیژی بەرەو سەرەوە بردووە، بۆیە زۆر گرنگە ڕاگەیاندن بەو ئاراستەیەدا بڕوات کە نەک تەنیا کێشەکان بخاتەڕوو بەڵکو ڕێگەچارەشی بۆ بدۆزێتەوە.

نووسەر و ڕۆژنامەنووس لەتیف فاتح ڕایوایە «بە پازدە ڕۆژ و بیست ڕۆژ ناکرێ توندوتیژی بنبڕ بکرێت»، گوتیشی: «بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی پێویستی بە هۆشیاریی گشتی و بەرزکردنەوەی ئاستی لێبوردەیی تاکەکان هەیە. ڕەنگە هەموو کۆبوونەوە و قسەکردنێک بەشی خۆی جێ بگرێ و ڕۆڵی هەبێت، بەڵام نەهێشتنی توندوتیژی بەوە دەبێ چۆن پەرە بە گیانی لێبووردەیی و پێکەوە هەڵکردن و یەکتر قەبووڵکردن بدەین، چۆن وا بکەین بە هێمنی هەڵە و کێماسییەکانی یەکتر چاک بکەین، چۆن تاکەکان ڕابێنین لەسەر ئەوەی یەکتریان بە جیاوازییەکانەوە قەبووڵ بێت.

لەتیف فاتح لە درێژەی قسەکانیدا بۆ گوڵان ئاماژەی بەو کرد کە ئەوەی جێگەی نیگەرانییە ئەوەیە لە کۆمەڵگەی ئێمەدا لە بری ئەوەی جیاوازی بیر کردنەوە و هەڵسوکەوتی نەریتی بکەینە بنچینەی ئەفراندن و گۆڕانکاری، کار لەسەر ئەوە دەکەین، بەرەو نەمانیان ببەین، پاشتر ڕووبەڕووبوونەوەی توندوتیژی پێویستی بە پەروەردەی کۆمەڵایەتی و سیاسی و خێزانی و ئایینی هەیە، لە هەموو ئەوانەدا ئێمە کێشە و گیر و گرفتی قووڵمان هەیە، تەنانەت لە بواری پەروەردە و فێرکردنیشدا نەمانتوانیوە دۆخێک دروست بکەین کە مرۆڤی ئارام و ناتوندوتیژ بەرهەم بێنین، ئەمەش زۆر جار ڕەنگدانەوەی لەسەر کایەی سیاسی هەیە تەنانەت بە جۆرێک کار دەکاتە سەر هەڵسوکەوتمان لەگەڵ یەکتریش. بەگشتی ناتوندوتیژی و خەبات دژی توندوتیژی پێویستی بە پشوودرێژی و بەردەوامی هەیە، هەر هەنگاوێکیش لەو ڕووەوە دەکرێ بە بایەخەوە سەیر بکرێ.

چالاکی کۆمەڵی مەدەنی شەمام حەمەزیاد، تەرخانکردنی ١٥ ڕۆژ بۆ بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی بە چارەسەر نازانێت و ڕایوایە کۆمەڵگەی کوردی کۆمەڵگەیەکی پیاوسالارە و توندوتیژییەکانیش زیاتر خێزانین، گوتیشی: «زۆربەی توندوتیژییەکان لە خێزانەوە دەخزێتە ناو کۆمەڵگە و بەم هۆیەوە کاریگەری نەرێنی لەسەر کۆمەڵگە بە گشتی دروست دەکات و کۆمەڵگەیەکی توندوتیژ بەرهەم دێت.. شەمام جەختی لەوە کردەوە کە قەیرانە ئابوورییەکان و کەمبوونی داهاتی خێزانی ڕێژەی ناکۆکی و توندوتیژی لە ناو خێزانەکان بەرز دەکاتەوە، نموونەشی بەوە هێناوە کە «ئەمساڵ قەیرانەکان زیادیان کردووە، توندوتیژیش بە ڕێژەیەکی زۆرتر لە ساڵان زیادی کردووە». ئەو چالاکەی کۆمەڵی مەدەنی چارەسەر لە ئەکتیڤکردنی یاسای باری کەسیدا دەبینێتەوە و پێیوایە: ئەگەر ئەو کۆمەڵە یاسایەی کە هەمانە وەکو خۆی کە هەیە پەیڕەو بکرێن و کاریان پێ بکرێت، توندوتیژی کەمتر دەبێت، هەروەها گوتی: «ساڵانە بە دەیان ژن لە هەرێمی کوردستان دەکوژرێن، کەس باسیشیان ناکات، لە کاتێکدا لە وڵاتی ئێمەدا لە بەرخودان و سەختی و

ئەهامەتی پشکی شێر بەر ئافرەتان کەوتووە و لە ڕێگەی شۆڕش و ئازادیخوازیدا قوربانی زۆریان داوە، هیوادارم یادکردنەوەی ڕۆژی جیهانیی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی لە دژی ئافرەتان ببێتە دەرفەتێکی باش کە حکومەت و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و ناوەندە میدیایی و ڕۆشنبیرییەکان و گشت لایەک بتوانین بە ئاراستەی نەهێشتنی توندوتیژی لەدژی ژنان هەنگاو بنێین و لەم ڕێگەیەدا دەستکەوتی کردەیی مسۆگەر بکەین.»

بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان شەش بەڕێوەبەرایەتی و ٢٨ نووسینگەی هەیە، سەرجەم ڕووداوەکانی سووتان، خۆسووتاندن، کوشتن، خۆکوشتن، سکاڵا و دەستدرێژیی بۆ سەر ئافرەتان لەلایەن نووسینگە و بەڕێوەبەرایەتییەکانیانەوە تۆمار دەکرێن.

ئەمەل میکائیل کاکەیی، بەڕێوەبەری پلان و سەرپەرشتیاری بەشی ئامار و لێکۆڵینەوە و هۆشیارکردنەوە لە بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان، باسی هۆکارەکانی زیادبوونی توندوتیژیی بەرامبەر ژنان دەکات و دەڵێت: «چەندین هۆکار هەن، زیاتریش لە نێو کەمپی ئاوارە و کۆچپێکراوەکان ڕوودەدەن. پلانی کارمان بۆ چارەسەرکردن بریتی بووە لە کردنەوەی چەندین هۆبە لە نێو کەمپەکانی هەولێر و سلێمانی و دهۆک و گەرمیان و ڕاپەڕین و سۆران، لە پاڵ کردنەوەی ئەو هۆبانە تیمی گەڕۆکمان دروستکردووە، بە پێی ئامارەکانی خۆمان هەڵکشانی توندوتیژییەکان بە ئاسانی دەبینین، چونکە نزیکەی دوو ملیۆن ئاوارە ڕوویان لە هەرێمی کوردستان کردووە و ئەوەش هۆکاری سەرەکی هەڵکشانی ڕێژەکەیە. هەڵکشانی توندوتیژییەکانیش چەندین هۆکاری هەیە، لەوانە نەخۆشیی دەروونی، جەستەیی و عەقڵی. یان ئەو کەسەی توندوتیژی بەکاردێنێت ئاڵوودەی ماددە هۆشبەرەکانە و توانای کۆمەڵایەتی لاوازە، چونکە ئەگەر توانای بەهێز نەبێت، ناتوانێت گفتوگۆ بکات، جگە لەوەش خۆکۆنترۆڵ نەکردن لە کاتی تووڕەییدا هۆکارێکی دیکەی توندوتیژییە.»

سەرچاوە: ماڵپەڕی گوڵان - ڕێکەوتی: ٢٦ی نۆڤەمبەری ٢٠١٥

# توندوتیژی دژی ژنان، پێشێلکردنی مافی مرۆڤ



**نووسەر: ئێلهام چاپچی**

بە لەبەرچاوگرتنی جیاوازیی پێکهاتەی فەرهەنگی ـ کۆمەڵایەتی، لە هەندێک لە کۆمەڵگاکان بە هۆی بێئاگایی لە مافی مرۆڤ و لە هەندێک لە کۆمەڵگاکانی دیکە بە هۆی دەسەڵاتە توتالیتارەکان، کۆمەڵگایەک پێکدێت کە تاکەکانی ئەو کۆمەڵگایە ئەو مافە بە خۆیان دەدەن کە بۆ وەدەستهێنانی سەرکەوتن لە هەر بوارێکدا (وەک پێوەندییەکانی دەسەڵات نێوان ژن و پیاو) مافی تاکەکانی دیکەش پێشێل بکەن. بەڵام پێشێلکردنی مافەکانی تاک لە بواری جیاوازییە فەرهەنگییەکان، ئابووری، کۆمەڵایەتی و داب و نەریتەکانی هەر ناوچەیەک لە بواری قەوارە و توندی فەرقی هەیە، توندوتیژی دژی ژنان یەکەم بەرهەمی شەڕی دەسەڵات و بێئاگایی نێوان ژن و پیاوە کە بەداخەوە بە پشتیوانیی یاسا و سیستمی دادوەریی دەسەڵاتە توتالیتارەکان، ئەو کێشەیە ڕۆژبەڕۆژ توندتر و لە قەوارە جیاوازەکاندا لەهەمبەر ژنان ئەنجام دەدرێت، توندوتیژی، ژنان لە مافەکانی مرۆڤ بێبەش دەکات و بەربەستێکی گەورە بۆ گەیشتن بە بەرابەری، پێشکەوتن و ئاشتی ئەژمار دەکرێت.

بەداخەوە توندوتیژی دژی ژنان لە جیهاندا، وێڕای هەموو چالاکی و هەوڵی دەوڵەتەکان، ناوەندە مەدەنی و ڕێکخراوەکانی پێوەندیدار بە مافەکانی ژن، زۆری پەرە ئەستاندووە. بە پێی ڕاپۆرتی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، لە هەر ٣ ژن لە جیهاندا، لانیکەم ژنێک لە درێژایی ژیانی خۆیدا توندوتیژیی فیزیکی (لێدان) دژی ئەنجام دراوە و یان بە کەڵک وەرگرتن کە توندوتیژیی فیزیکی، ناچار کراوە کارێک ئەنجام بدات کە بە حەزی خۆی نەبووە.

ئەمساڵیش سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان بان کی مۆن، بە بۆنەی ڕۆژی جیهانیی لابردنی توندوتیژی دژی ژنان لە پەیامێکدا ڕایگەیاند: "ئەمڕۆکە لەو ٦٠ میلیۆن کەسەی کە ئاوارە دەبن، نیوەی ژنان پێکی دێنن". ناوبراو سەرەڕای نیگەرانی لەو بارەیەوە گوتی: "ژنان تووشی ناڕاحەتییە جۆراوجۆرەکان، دەستدرێژیی و کۆیلەیی جینسی و هەروەها قاچاغ دەبنەوە ". بە پشت بەستن بە وتەکانی

بان کی مۆن، دەتوانین بڵێین لە ساڵی ڕابردوودا سەدان کچی وەک "ڕوکێن"، "هێلێن" و "سۆلاف" تەمەن یازدە، سێزدە و پازدە ساڵە کە لە لایەن ئەندامێکی داعشەوە دەستدرێژیان کرابووە سەر، چارەنووس و ئارەزووی منداڵانەیان بە هۆی ژن بوونیان لەناو چوو. ئەو ئەزموونە تاڵە، تەنیا یەک ڕووی بابەتەکە بوو، ڕووی دیکەی ئەو بابەتە ژنانی کوردستانی ڕۆژئاوا و باشوور بوون کە بە لەخۆبردوویی و گیانبازیی لە بەرانبەر دوژمندا ڕاوەستان و سەرکەوتنی گەورەیان تۆمار کرد.

ئێران یەکێک لەو وڵاتانەیە کە بە هۆی نەبوونی یاسایەک بۆ پشتیوانی لەو ژنانەی کە توندوتیژییان بەرامبەر ئەنجام دراوە، چ لە بواری کۆمەڵایەتی و چە لە بنەماڵەکاندا، بەردەوام ژنان قوربانیی دەستی زاڵمان بوونە. بەداخەوە لە ئێراندا توندوتیژی دژی ژنان شتێکی یاسایی و دەوڵەتییە. شووکردنی کچانی منداڵ بە بیانوگەلی شەرعی و ئایینی، بێبەشکردنی ژنان لە مافی تەڵاق و مافی سەفەر، حیجابی ئیجباری، شەللاق و بەردباران و کوشتنی نامووسی، تێزاب پرژاندن بە ڕوخساری ژنانی "بەد حیجاب"، سووکایەتی و بێڕێزی لە میدیاکانی جیهانی، توندوتیژی لە بنەماڵەدا (کە بەداخەوە هەتا ئێستاش پێناسەی بۆ نەکراوە)، ئازارەکانی سەر شەقام، توندوتیژی لە فەزای مەجازیدا، چەند ژنی، مافی تەنبێکردنی منداڵان، گیرۆدەبوون بە مادە سڕکەرەکان (هۆکاری لەسەدا ٣٥ی ژنانی ئێران)... لەو هەڵسوکوتە توندوتیژانەن کە دژی ژنان دەسەپێت یا بەستێنی توندوتیژیی ئامادە دەکات.

توندوتیژی دژی ژنان لە ئێراندا تا ڕادەیەک بەرز بووەتەوە کە ئیتر داناپۆشرێت، شەهیندۆخت مۆولاوێردی، جێگری سەرکۆمار لە کاروباری ژنان و بنەماڵەکان، لە سێمینارێکدا کە بە بۆنەی ڕۆژی ٢٥ی نۆڤامبر بەڕێوە چووبوو، دانی بەوەدا نا کە سەرجەم هەوڵە دەوڵەتی و یاساییەکان لە کۆماری ئیسلامیدا، بە مەبەستی لابردنی توندوتیژی دژی ژنان لەگەڵ شکست بەرەوڕوو بووەتەوە. یەکێک لە هەوڵەکانی دەوڵەت، گەڵاڵەی "دابینکردنی ئەمنییەتی ژنان لە بەرانبەر توندوتیژی" بوو کە بە هۆی دژایەتیی کۆمیسیونی پێشنیارەکانی مەجلیسی شورای ئیسلامیی ئێران، تەنانەت نەگەیشتە قۆناغی تاوتوێکردن و لە کۆتاییەکانی دەوڵەتی دەیەمدا، لە دەستووری کار، هەڵگیرا.

بە هەموو کار و چالاکییەکانی داکۆکیکارانی مافی ژنان، بەو ئەنجامە نەگەیشتوون کە چالاکانی ژنان تەنیا لە بواری فەرهەنگیدا دەتوانن کاریگەر بن (لە ئێراندا) و بە بێ پشتیوانیی یاسا، هەنگاوی بۆ هەڵدەگیرێت و لە هەندێک بواریشدا، بەپێچەوانە کاری بۆ دەکرێت. بۆیە چەندین پێشنیار کە وەکوو ڕێگاچارەی کردەوەیی بۆ بەرەنگاربوونەی توندوتیژیی دژ بە ژنان لە ئێراندا، خراونەتە بەر باس و لەو بارەوە هاودەنگ و هاوهەنگاو، وەسف دەکرێن:

ـ نووسینی یاسای گونجاو هەم لە بواری پاراستنی مافەکانی ئەو تاکەی کە توندوتیژیی بەرامبەری ئەنجام دراوە و هەم وەک پشتیوانیی لەو تاکانەی کە لەو بوارەدا چالاکی دەکەن، وەک چالاکانی مافی ژنان،منداڵان و مافی مرۆڤ.

ـ دامەزراندنی بەشێک وەکوو پێڕاگەیشتن بە توندوتیژییەکانی بنەماڵە (لە زۆربەی حاڵەتەکاندا بە هۆی درێژکردنەوەی پرۆسەی بەدواداچوون بۆ پەروەندەکە تووشی کێشەی زیاتر دەبن).

. پێناسەی تەواو لە تاوانەکانی توندوتیژی دژی ژنان.

- سزادانی ئەو کەسانەی توندوتیژی دژی ژنان بە شێوەی یاسایی و گونجاو ئەنجام دەدەن.

بەڵام بەداخەوە تا ئێستا بینیومانە کە یاسای بنەڕەتیی کۆماری ئیسلامیی ئێران و پشتبەستن بە شەرع، بووەتە بەربەستێک بۆ نووسین و جێبەجێ کردنی هەر یاسایەک بۆ لابردنی هەرچەشنە کێشەی ژنان بە تایبەت توندوتیژی دژی ژنان.

سەرچاوە:

ماڵپەڕی ڕووزەنێ

ماڵپەڕی ئەلعەرەبییە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ١٠ی دێسەمبەری ٢٠١٥

# ترازدیای جەستە، توندوتیژی دژی ژنان




**فاطمه کریمی**

ئاسۆی ڕۆژهەڵات: خەتەنە کردنی کچان و ژنان وەک فۆڕمێک لە توندووتیژی خێزانی، زۆر جار لە لایەن چالاکانی بواری مافەکانی ژنانەوە قسەی لەسەر کراوە و هەوڵ دەدرێت کۆمەڵگا لە ئەنجامەکانی ئەم فۆڕمە لە توندووتیژی ئاگادار بکرێتەوە. چالاکانی کۆمەڵایەتی و بە تایبەت چالاکانی بواری ژنان بە شێوەی جیاواز هەوڵیان داوە کۆمەڵگا لە ئەنجامە خراپ و نەرێنییەکانی خەتەنە کردنی ژنان ئاگادار بکەنەوە. یەکێک لەو بەرهەمانەی کە وەک کتێب دەربارەی توندووتیژی دژی ژنان و خەتەنە کردنی ژنان لە ئێران و کوردستان ئامادە کراوە، کتێبی " تراژیدیای جەستە، توندووتیژی دژی ژنان" لە نووسینی فاتمە کەریمییە.

لەم کتێبە دا باس لە بەربڵاوی توندوتیژی بەرانبەر بە ژنان کە بە درێژایی مێژوی مرۆڤایەتییە کراوە و وتراوە کە توند و تیژی و هێرش بۆ سەر ژنان لە چین، نەژاد، نەتەوە، تەمەن و ئایینزا و جۆری باوەڕە ئایدۆلۆژییەکان بەرتەسک نەبووەتەوە. ئەم دیاردەیە بە گشتی لە هەموو سنورەکان پەڕیوەتەوە و بە شێوازی جیاواز ئەنجام دەدرێت. هەرچەند دەتوانین بڵێن توند و تیژی بەرانبەر بە ژنان، دیاردەیەکی جیهانییە بەڵام بڕێک لە شێوەکانی توند و تیژییەکان بە پێی تایبەتمەندییە سیاسی، کۆمەڵایەتی و کەلتورییەکان هەر شوێن و جێگەیەک جیاوازی هەیە. پێچەوانەی کۆمەڵێک لە شێوازەکانی توند و تیژی بەرانبەر بە ژنان کە تا ڕادەیەک دەکرێت بڵێی لە هەموو جیهان بە شێوازێکی بەربڵاو بەرین و یەکسان ئەنجام دەدرێت(توند و تیژی ناوماڵ) بەڵام کۆمەڵێک لە شێوازەکانی توند و تیژی، تایبەت بە ناوچەگەلێکی دیاری کراوە کە گشت گیر نییە و بە پێی جۆری کەلتور، داب و نەریت، لقەکانی ئایینزایەکی تایبەت و ... ئەنجام دەدرێت(ڕێورەسمی ساتی لە هندستان، بەستنەوەی لاقی کچانی چینی لە تەمەنی منداڵی، بڕینەوەی قیتکەی ژنان یان وەک لە ناو خەڵک باوە خەتەنە کردنی ژنان و ...)

لەم کتێبەدا نوسەر هەوڵی داوە کە تیشک بخانە سەر کردوەی لێکەندنەوەی بەشێک لە جەستەی ژنان "کیلتوریس" کە یەکێک لە

جۆرەکانی توند و تیژییە و تایبەت بە دەڤەرێکە. کەم و زۆر زیاتر لە بیست ساڵە کە ئەم کێشە لە ئاستی نەتەوەیی و نێونەتەوە یدا باسی لە سەر کراوە و لەم بوارەدا لە سەر ئەو بابەتە توێژینەوە و لێکۆڵینەوەی زۆر ئەنجام دراوە. سەرەڕای ئەوەی ئەم کردەوەیە لە ئاستی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ناوچەکەش ئەنجام دراوە بەڵام لەم بابەتەوە هێشتاش خوێندنەوەیەکی ڕۆشنکارانە ئەنجام نەدراوە. ئەم کتێبە بەرهەمی توێژینەوەیەکە کە لە ساڵی ١٣٨٧ی هەتاوی لە شاری پاوەی سەر بە پارێزگای کرماشان ئەنجام دراوە و ناوئاخنەکەی ئەنجامی لێکۆڵینەوەی ئەزمونی ئەو ژنانەی لە خۆ گرتووە کە کردەوەی قیتکە بڕین لە سەریان ئەنجام دراوە و تێیدا سێ تەوەری سەرەکی لە پێنج بەش دا توێژینەوە و لێکۆڵینەوەی لە سەر کراوە.

بەشی یەکەم کە پاش پێشەکی کتێبەکە ئاماژەی پێ کراوە، لێکۆڵینەوە لە سەر کردەوەی بڕینی قیتکەی ژنان و جۆرەکانێتی، توێژینەوە لە سەر چەمک و دەستەواژەیەک کە قووڵاییی ئەم کردەوەیە باشتر پیشان دەدات (چەمکێک کە بۆ باس کردن لە سەر ئەم کردەوەیە لە نێو خەڵکی جێگەی خۆی کردوەتەوە، خەتەنەی ژنان)ە. بەڵام دەبێ بوترێت کە خەتەنەی ژنان بە بەراورد لە گەڵ خەتەنەی پیاوان "ئاستی قووڵایەکی و ئازار و تێکشکاندنێکی زیاتری بە داوە هەیە، بۆیە چەمکێک کە باس لە سەر ئەم کردەوەیە دەکات دەبێ لە گەڵ خەتەنەی پیاوان جیاوازی هەبێت.)، مێژوی دەسپێک و سەرهەڵدانی ئەم کردوە لە ئامریکا، ئورۆپا، ئۆسترالیا لە سەدەکانی ١٨ و ١٩ زایینی، دەرکەوتە و دواهاتەکانی ئەم کردەوە کە بریتیە لە دەرکەوتە جەستەییەکان(کورت ماوە و درێژ ماوە) ڕەگەزی، دەرونی و کۆمەڵایەتییە. شیکاری لێکۆڵینەوەکان کە سەبارەت بەم بابەتە ئەنجام دراوە و لە کۆتایشدا لێکدانەوەی بۆچوون و ڕوانگەکانی ئەو دەستە و تاکانەی کە دژی بنبڕ کردنی کردەوەی "خەتەنەی ژنان" ن، کراوە.

لە بەشی دووەم ئاماژە بە و هەوڵ و چالاکییە نێونەتەوەییەکانەی کە بە مەبەستی دابەزاندن و سڕینەوەی کردەوەی بڕینی قیتکەی ژنان ئەنجام دراوە شیکاری ئەو ئامارە جیهانیانەی کە لە لایەن یۆنیسف لە سەر ئاستی پەرەسەندنی ئەم کردەوەیە، جۆرە جیاوازەکانی بڕینی قیتکەی ژنان(جۆری یەکەم، دووەم، سێهەم و چوارەم)، ئەو ناوەند و دەڤەرانەی کە گەڵ و نەتەوە و خێڵی جیاواز ئەم کارەی تێدا ئەنجام دەدەن و ئەو یاسا و ڕێسایانەی کە بۆ پێش گرتن لەم کردەوەیە چەسپاون، کراوە.

لە بەشی سێهەم، شوێن و جێگەی خەتەنە و کردەوەی بڕینی قیتکەی ژنان لە نێو ئایینە جیاوازەکان بە تایبەت جوولەکە، مەسیحی و کۆمەڵێک لە لقەکانی سونە مەزەب تاوتوێ و شیکاری لە سەر کراوە. بەشی چوارەم ئاماژە بە بابەتێکی تیۆری دەکات. لەم بەشەدا بە مەبەستی شیکاری و ڕوماڵکردنی ئەم کردەوە، ئامانج، هۆکارە و دەرکەوتەکانی ئەنجام دانی ئەم کردەیە، لە بیردۆزییە دەرونشیکارییەکانی لاکان، بیردۆزییەکانی سیسکۆ، ئیرگاری، کریستوا و هەروەها بیردۆزییەکانی فۆکۆ لە بواری دەسەڵات، کەڵکی وەر گرتووە.

لە بەشی پێنجەم هاوکات کە باس لە شێوازناسی توێژینەوە و شێوازی کەڵک وەرگرتن لێی، باس لە ئەنجامە باسکاری و ڕۆشنکارییەکانی کردەوەی "خەتەنەی ژنان"، ئەنجامگیری و ڕێکارەکانیش ئاماژە دەکات. لەم لێکۆڵینەوەیە بۆ شیکاری وردتر و پاژنوارانەتر سەبارەت بە مژار و تێگەیشتن لە هەست و ئەزموونی ژنان و دۆزینەوەی چییەتی بابەتەکە لە شێوازی چونایەتی کەڵک

وەرگیراوە. نموونە هەڵگرتن لە ڕێگەی نموونەگرتنی ئامانجدار و گلۆڵە بەفری ئەنجام دراو. هەروەها لە گەڵ یەکێک لە و ژنانەی کە خۆی پێداگری لە سەر ئەنجام دانی ئەم کردەوە لە سەر ژنان دیکە دەکرد چاوپێکەوتن کراوە. لە پێوەندی بەم بابەتەوە کەڵک لە بۆچوونی زانایەکی ئایینی دەڤەرەکە وەرگیراوە و ئەوەی لە ئەنجامە باسکاری و ڕۆشنکارییەکان بە دەست هاتووە ئەوەیە کە پێناسەیەک کە کۆمەڵگە، نەریت، زمان، خویندنەوەی جیاواز لە ئایینەکان و... لە ژنێتی و ژن بوون هەیانە، شێوازی ڕەفتار و ژنی داسەکناو ڕەست نیشان دەکات. خاوەندارانی هێز و دەسەڵات، کۆمەڵگەی باوکسالار بە مەبەستی دابەزاندنی هەستی سێکسی، بە کەڵک وەرگرتن لە ئامێر و کەرستەگەلی باوەڕمەندانە و کردەوەی بڕینی ڤیتکە، ژنانی لە پێناوی خواست و داخوازییەکانی خۆی لە ژێر چاودێری و دەسەڵاتی خۆیان دەگرن و لە درێژەی ئەم کردەوە، ژنان دەبنە "بەرناس(ئۆبژە)ی" ڕوانینی پیاوان.

بەو پێیەی کە ئامانج لە ئەنجامدانی ئەم لێکۆڵینەوەیە، هێنانی ئەم باس و مژارە بۆ ناو ڕای گشتی و ڕاکێشانی سرنجی توێژەران بۆ ئەم بوارەی کە بەتەواوەتی نەناسراوە، هیوادارم کە ئەم لێکۆڵینەوەیە بتوانێت زیاتر لە جاران خەڵک لە گەڵ ئەم بابەتە، هۆکارەکان و دەرکەوتەکانی ئاشنا بکات و ڕەهەندە جیاوازەکان و پاڵنەرە کۆمەڵایەتییە کاریگەرەکان لە کەم کردنەوەی ئەم کردەوەیە بناسێنن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاسۆی ڕۆژهەڵات - ڕێکەوتی: ١ی دێسەمبەری ٢٠١٥

# باسێک لە سەر توندوتیژیی شاراوە



كوێستان گادانی

## سەرەتا

### دەروونناسێکی ئەمریکایی بە ناوی سکێنەر دەڵێ:

توند و تیژی لە هزرەوە سەرچاوە دەگرێ وپاشان دەبێتە رەفتارێکی زارەکی و دواتر کردەوەیی. کەواتە هزری توندوتیژ بەرهەمهێنەری توندوتیژییە. بۆیە دەکرێ بڵێین توندوتیژی بەشێکی دانەبڕاوی سروشتی پێکهاتەی سایکۆلۆژیی مرۆڤە. تێنەگەیشتنی تەواو لە چەمکی توند وتیژی وای کردوە کە ئێمە تەنیا خوێندنەوە بۆ رووداوە خوێناوییەکانی توندوتیژی بکەین. ئەگینا توندوتیژی چەند فۆرمی هەیە کە یەکێک لە وان توندو تیژیی شاراوەیە.

شێوەی کێشە و ستەمەکانی دژ بە ژنان زۆرن کە باسیان لێبکرێ. ئەمن لێرەدا لە دوو بوار دا، پۆلێنی دەکەم : یەکەم ستەمی دژبە ژنان لە رووی داب و نەریت و دینەوە. دووهەم: دەسەڵاتی سیاسی و حکوومەتی. بەبڕوای من هەرشێوە ستەمێکی دژبەژنان و کچان،دەکەوێتە ژێر چەتری ئەم دوو بوارەوە، چ ستەمی ئاشکرا بێ و چستەمی شاراوە. تا ئێستا نموونەی ئەوندە زۆرمان لە ستەمی ئاشکرا دژ بە ژنان دیتوە و بیستوە، کە دەکرێ بگوترێ بە داخەوە بەجۆرێک دەگەڵیشی ڕاهاتووین. هەتا ئەوەی بە ڕادەیەک بۆمان ئاسایی بووە کە بە بیستنەوەیان رەنگ بێ زۆر سەرنجمان رانەکێشرێ.

بەڵام لە سەر یەک ستەمی ئاشکرا هەر وەک لە ناوەکەیڕا دیارە، شاراوە نیەو، هۆکارەکانیشی دیارن ـ چەندە راست و چەندە هەڵەیە

جێی باسە - تا ڕادەیەکیش هەوڵ دراوە کە بەرەنگاری لەگەڵ بکرێ‌و- لە شوێنی جیاواز و بەشیوەی جیاواز ـپێشی بگیرێ. باسەکەی ئێمە دەربارەی چەوسانەوە و فەرق و جیاوازی بە دژی کچان و ژنان، لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمدایە کە پتر ئاشکرا کراو، وردە وردە ڕوخساری خۆی گۆڕی. لەژێر گوشاری خەباتی ئازادیخوازی و بە یارمەتیی بزووتنەوەی چەپی جیهانی و چوونە سەری ئاستی خوێندەواری و زانست لە جیهاندا، چی دیکە نەدەکرا بە روونی و ڕاشکاوی بریار و کردار بە دژی ژنان بەڕێوە بچێ. بەڵام ئەوە کۆتایی چەوسانەوەی ژنان نەبوو. تاکتیکی نوێ یان هەڵوێستی کۆمەلگا چ وەک تاک چ وەک سیستێم شێوەیەکی دیکەی دژایەتیکردنی لە فۆرمی ستەمی شاراوە لەگەڵ ژناندا بە خۆوە گرت؛ کە پێویستە لە سێ رەهەندەوە ئەو دیاردەیە تاوتوێ بکرێ.

## ١- کۆمەلایەتی

لاوازی رۆڵی ژن لە زۆربەی بوارەکاندا، پێوەندیی بە فەرهەنگ وکلتوورو سایکۆلۆژیی ئەو کۆمەڵگایەوە هەیە کەژنان تێیدا دەژین. بۆیە گەشەکردن و پێگەیشتنی ژنان لە شوێنێکەوە بۆشوێنێکی دیکە جیاوازیی هەیە. بۆ وێنە: زۆرجاردەبینرێ لە بنەماڵەیەکی دێموکراتدا،لە چوارچێوەی ژیانی رۆژانەیاندا زۆربەی مافی وەکیەکیان پارێزراوە. بەڵام لە هێندێک بواردا، کە لێنزی دووربینەکانی کۆمەڵگا دەکەوێتە سەر ئەوبنەماڵەیە،گەورەکانی بنەماڵەکە ڕووبەدەرەوە دەگۆڕێن و خۆ ناچار دەبینن، بە پێچەوانەی دڵخوازی خۆیان رەفتار بکەن. لەبەر ئەوەی نەکەونە بەر قسە و باسی نەرێنیی دەوروبەر. هەرچەند لە ناخی خۆیاندا دەزانن کە کارەکەیان هەڵەیە.

بۆیە لە سەردەمی ئێستادا چیدیکە ناکرێ بە بیانووی پیرۆزکردنی دەوری گەورەکان کە زۆربەی هەرە زۆریان کوڕ و پیاوەکانن، ستەم لە ژن بکرێ. بەڵام ئێستا هەوڵ دەدرێ لە ڕێگای پیرۆز کردنی دەوری" بنەماڵە " لە کۆمەڵگادا، ژنان و کچان بچەوسێندرێنەوە. بێبەشکردنی جنسی ژن لە خوێندن و ئیزننەدان بە فێربوون لە هەموو رشتەکاندا، کە کاریگەریی لە سەر پێگەیشتنی نەسل بە نەسل دەبێ، یەکێک لە وێنەگەلی دزێوی ستەمی شاراوە و ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆیە کە لە سەر شکڵگرتنی کەسایەتی ئەوان شوێندانەر دەبێ. بۆیە ناکرێ ژنان لە خوێندن بێبەش بکرێن، بەڵام ناچاریان دەکەن کە تەنیا لە چەند رشتە و زانستی تایبەتدا پسپۆڕیان هەبێ.

ناچارکردنی ژنان لە رۆڵگێڕانیان وای کردوە کە وەک چاودێر و بێ دەسەڵات لە گواستنەوەی داب و نەریتی ناپێویست ـ کە وەک قانوونێکی نەگۆڕی لێکراوەو ـ ، وەک بکەر و ئۆبجێکتیش ئەوکلتووره سوننەتیيە بۆ نەسلی داهاتوو بگوازێتەوە. ئەو کارانە وایان کردوە کە ژنان ناڕاستەوخۆ زوڵمیان لێبکرێ، کە بەهۆی ئاشنانەبوون بە مافەکانی خۆیان و کەمیی وشیاریی فێمنیستی،زۆربەی ئەوژن و کچانە کەمتر هەست بەوستەمە شاراوەیە بکەن. نەزانین بە ستەمی شاراوە کە کۆمەڵگای ئێمەی کورد بەداخەوە زۆری گیرۆدەیە نەسل دوای نەسل ، خۆی بەرهەم دێنێتەوە. چونکە لە کۆمەڵگەی داخراودا، بەجۆرێک دادەسەپێ کە ژیان لەنێویدا ئاسایی و تا ڕادەیەک راحەت دەبێ‌و ئاکامەکەشی خولانەوە بە دەوری بازنەیەکدا دەبێ کە پتر ڕوخسارەکان ئاڵوگۆڕ دەکرێن نەک سیستەمەکە، کە ئەمە بۆ خۆی زۆر مەترسیدارە.

لە بەستێنی ستەمی ناراستەوخۆ دژی ژنان دا، دەستدرێژی بۆ کچان و ژنان لە زیندان ولە ژێرئەشکەنجەدا بە کارێکی بێزراو دەناسرێ - کە جێی خۆیەتی - بەڵام دەستدرێژی بۆژنان لە ماڵێدا و بێ دەنگییان لەو بوارە دا، کارێکی جوان و بەجێیە! ئەرکدارکردنی ژنان بەپێچەوانەی ویست و داخوازی خۆیان بۆ بەجێ گەیاندنی سەرجێیی پیاوان، زۆر لاسەنگە. بەڵام ناوی گەرمکردن و پاراستنی چوارچێوەی بنەماڵەی لەسەر دادەنرێ و ژنی لێ بەرپرسیار دەکرێ و پیاو کەمترین ئەرکی بۆ دادەنرێ.هەروەها بە زۆری و بە نابەدڵی و بێ هەڵبژاردن و بێ ئێزن بە ناسیاویی پێش ژیانی هاوبەشیش لە خانەی ستەمی شاراوە دا، جێ دەگرن.

بە گشتی داب و نەریتی کۆن و نایەکسان لەکۆمەڵگادا،کە لە چوارچێوەی ستەمی ناراستەوخۆدان، دەتوانن ببنە هۆی ئەوە کە لە باری دەروونییەوە کاریگەریی نێگاتیڤ لە سەر ژنان دابنێن وهێزو توانای باوەڕبەخۆبوونیان تێدا زۆر لاواز بکەن. ئەو حاڵەتە ئەنگیزەی کار لەسەرخۆکردن بۆ گەشە و پێشڤەچوون کەم دەکا و پاسیڤبوونی تاکی ژن بەرهەم دێنێ. لەنێوچوون و لاوازبوونی بایەخە مرۆییەکانی تاک بۆخۆپێگەیاندن، وزەیەکی ئەوتۆ ناهێڵێتەوە.

**٢- ئابووری**

بەستراوەیی ئابووریی ژن بە پیاوەوە دەبێتە هۆی ئەوە کە ژن هەمیشە چاولەدەستی پیاو بێ بۆ پێداویستییە سەرەکییەکانی ژیان. کاتێک کەسێک لە باری ئابوورییەوە پێویستیی بە کەسێکی دیکە هەبوو، ئەمە دەبێتە کۆسپێک لەسەر ڕێگای کە نەتوانێ ئەوجۆرەی خۆی دەیەوێ لە تواناییەکانی خۆی کەلک وەربگرێ بۆگەشەکردن و خۆپێگەیاندن ـ بۆ نموونە زانستگا و خوێندنی بەرز ـ کۆسپی گەورەیان بۆ دروست دەبێ. دیارە ئێستا تا ڕادەیەک بە گشتی وەزعی کچان و ژنان باشتر بووە.

وێنەی دیکە لە ژیانی ژناندا هەیە، کە جێی سەرنجە. لەکاتێکدا، ژنان کار دەکەن و مووچەی خۆیان هەیە، بەڵام خاوەنی داهاتەکەیان نین. پیاوەکان بڕیاردەری سەرەکین. ژنان بە ڕاشکاوی لە داهاتی خۆیان، خاوەنی پووڵی گیرفانیش نین؟! زۆرجاران دەبیسرێ کە پیاوەکان لەماڵێدا بە خانمەکانیان دەڵێن ڕەئیسی ماڵێ و گۆیا بۆ هەموو شتێک هەر خانم تەسمیم دەگرێ. بەڵام دەتوانم بە دڵنیاییەوە بڵێم کاتێک کە باس دەکەوێتە سەر هێندێک بڕیاری ئەسڵی و کۆتایی، دەسەڵاتی پیاوەکە پترە. بەو جۆرە هەڵسوکەوت و کردەوانە ناکرێ ژنان لە چالاکیی ئابووری و سەربەخۆیی ماڵی مەنع بکرێن. بەو جۆرە ڕوانینە تەنیا لە چەند بواری تایبەت و " ژنانە" دا،مەجال بۆ ژنان دەرەخسێو زۆربەی بوارەکان هەر لە پاوانی پیاواندا دەمێنێتەوە.

**٣- سیاسی**

ژن و سیاسەت،ژن و دەسەڵات،خەباتی ژنان، خەباتی نێونەتەوەیی ژن و بڕیاردان لە کاروباری سیاسی هەموو ئەو وشە و ڕستانەن کە لەمێژە گوێمان لێ دەبن و بەشی زۆری حیزب و ڕێکخراوەکان لە بەرنامە و پرۆگرامی خۆیاندا،بانگەشەی بەشداریی ژنان دەکەن. لەم بوارەدا، پرسیار ئەوەیە ئاکامەکەی بە کوێ گەیشتوە؟ چمان کردوە و تا کوێ هاتووین؟ لە رووی سیاسی و بەشداری لە سیاسەتدا و

لە دنیای ئەمرۆ دیسان ژنان ستەمی شاراوەیان بە دژی ئەنجام دەدریٚ. چونکە زۆر بەکەمی بەرنامەوپرۆگرامی حیزب و ریکخراوە سیاسییەکان بەڕێوە دەبریٚ. لەو بەشەدا کە کاریشی پیٚ دەکری، بەشداریی کچان و ژنان رۆر کەمرەنگە. لە دابەشکردنی کار و بەرپرسایەتییەکانیشدا، نا یەکسانی زۆرە. بەو بیانوویەی ئەوان ناتوانن بە شێوەی پێویست کارەکان راپەڕێنن و کەمتوانان؟! پێویستە لەو بوارەشدا، ریگایەکی گونجاو بۆ بەشداری لە سیاسەتی بەڕێوبەری لە زۆربەی رەدەکان دا، بگیرێتە بەر. بۆ ئەوەی زۆربەی هەرە زۆری ئەو ئەرکانە "پیاوانە" نەمێننەوە.

جگە لەوانەش زۆربەی تریبوونی تەبلیغی لە کاری سیاسیدا، پیاوانەیە. هێندێکجار وا هەبوو، ژنان ـ هەر چەند ژمارەشیان زۆر نەبووبیٚ ـ ، کاری باشیان زۆرکردوە وبڕیاری بەنرخیاجێبەجیٚ کردوە و بیروبۆچوونی بەکەڵکیان هەبووە. بەلام بەدەگمەن دەبینین کە ئەوژنانە بەئەندازەی پیاوەکان دیار بن. ئەو کردەوانە نیشان دەدەن کە بەشێوەی ناراستەوخۆ دەیانەویٚ بەشداری ژنان لاواز و لەڕەدەیەکی دڵخوازی خۆیاندا ڕاگرن. بۆیە کەمتر ئیزن بە ژنان دەدریٚ کە تواناکانیان گەشە پیٚبدەن؛ بۆ ئەوەی پیاوەکان بە توانایی و زانایی بمێننەوە، هەتا نایەکسانی و کەمتوانایی ژنان نیهادینە بکریٚ!؟

وێنەیەکی نویٚ لە شەڕی چەپەڵ و تێرۆریستی داعیش بە دژی نەتەوەکەماندا، کۆشت و کوشتار و بەدیلگرتن و دەستدرێژی بۆسەر کچان و ژنان و بەکاڵاکردنی ئەوان و فرۆشتنیان لە بازاڕەکاندایە، بۆ رووخاندنی کەسایەتی وتێکدانی باری دەروونیی هەر دوو توێژی ژن و پیاو. بۆ ئەوەی وەرەی پێشمەرگە و جەنگاوەرانی بەرگریکاری کورد لە خاکی نیشتمان لاواز بکەن و لەنێو دڵ و مێشکیاندا، کاریگەریی نەرێنی دابنێین، منداڵان، مێرمنداڵان، کچان و ژنان دەکەنە، ئامانجی بیرە دژی گەلییەکانی خۆیان. نزیک بە زۆربەی قوربانییەکانی هێرشە دڕندەییەکانی "خلافەتی ئیسلامی" و کارەساتە دژی مرۆییەکانیان، کچان و ژنانی لاو بوون. لە پارڵمانی تورکیە کە ڕێژەی ژنانی تورک ١٠%ە ـ کە کەمتر لە ئەفغانستانە - ، لە هەدەپە دا، ٤٠% ی کورسییەکان بۆ ژنان مسۆگەر کراوە.

خاڵێکی جێی سەرنج کە لەبارەی توند و تیژیی ئاشکراو شاراوە دژ بە ژنانەوە دەتوانم ئاماژەی پیٚبکەم، ڕێژەی پارلمانتارانی ژنی پارلمانی ئێرانە! ئێستا خولی نۆیەمی پارڵمان (مەجلیسی شووڕای ئیسلامیی ئێران)، تەنیا ٣% ی ژن تێدایە. کە بە لەبەرچاوگرتنی حەشیمەتی ژنان لەو وڵاتە دا کە لە نیوەی حەشیمەتی ئێران زیاترن و ڕادەی خوێندکارانی کچ لە زانکۆکانی ئێران بە پێی ئامار لە کوڕان زیاترە، جێی تێڕامانە و زوڵمێکی زەق و بەرچاوە،

کەمپینی ژنان بۆ گۆڕینی ٣٠% ی روخساری پیاوانەی مەجلیسی دەیەم کە لە ڕەشەمەی ١٣٩٤ (٢٠١٦) بەڕێوە دەچیٚ، ئەگەر سەرکەتوو بیٚ، دەتوانیٚ وێنەیەکی باش لە بڕوابەخۆبوونی ژنان و پشتیوانیی پیاوانی یەکسانیخواز لەوان، بە هەنگاونانی هاوسەنگی لە کۆمەڵگای ئێرانی فرەنەتەوەدا، نیشان بدا.

### هۆکارەکان

پشتیوانیی بەردەوامی کۆمەڵگە لە هیندێک داب و نەریتی کۆن،گەشە نەکردنی دێموکراسی‌یەک کە مافی مرۆڤی تێدا پارێزراو نەبێ، ژنانی پتر پێی دەشکێنەوە.

گرینگتر نیشان دانی خەباتی نەتەوایەتی و بەکەمگرتنی مافی یەکسانی، وەزعی پرسی ژنی لە کۆمەڵگای ئێمەدا زۆر کەمڕەنگ کردۆتەوە.

پرۆفسۆر مایکل مۆیسرو کۆمەڵناس،چارلس پیلی لەو بڕوایەدان کە: دەوڵەت پێناسەی نەتەوە دەکا و چوارچێوەیەکی دیاری کراوی هەیە کە لەوێدا، ئازادیی تاک بۆ هاونیشتمانانی پێک دێنێ. ئەوان لەو بڕوایەدان کە ئازادیی تاک ئیرادەی تاک زیاد دەکاوتاکی کۆمەڵگا گەشە دەکا.

ئەگەر بڕوانینیە کوردستان دەبینین کە ڕەنگ بێ زۆر لەو هۆکارانە بۆ ئازادی تاک بە گشتی و ژنان بە تایبەتی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو فاکتەرە کە ئێمە نەتەوەیەکی بێ دەوڵەتین و پەرشو بڵاوی و بێ سیستێمی‌مان زۆر پێوە دیارە. بۆ وێنە: درێژەنەدانی تاوتوێ‌کردنی کەیسی ژنان لە باشوری کوردستان و....

کەلک وەرنەگرتن لە وزە و توانایی ژنان وجیاوازی باکگراوند و پێشینەی تاکی ژن و بەسەر یەکەوە نەبوونی نیشتەجێیی، بەهۆی مەوقعیەتی سیاسی و جوغرافیایی تا ڕادەیەک بۆتە هۆی پاسیڤ بوون و،قەتیس مانەوەی دروشمە بە هەست و سۆزەکان لە چوارچێوەی تیئۆریدا، کە دڵساردی و نائۆمێدیی لە کارو چالاکیەکاندا، بۆ ژنان پێک هێناوە.

لەپەراوێز خستن و لاوازکردنی ژن بە سازکردن و قسە و قسەلۆکی بێ‌مانا و چوونە نێو ژیانی تایبەتیی ئەو لە کۆمەڵ دا، یان تێڕۆری کەسایەتی‌یەکەی، کاریگەرترین هۆکاری گەشەنەکردن و مەیدان بەرتەسک کردنەوەیەتی.

### ڕێگاچارە سەرەکان

بە دۆزینەوەی ڕێگەچارە و چۆنیەتیی بەربەرەکانی لەگەڵ ستەمی شاراوە،دەتوانێ مکانیزمێک بۆ بەربەرەکانیی دژ بەم توندوتیژی‌یە دابدرێ.

پەرە پێدان و گرینگی‌دان بەخەباتی نەتەوایەتی و خەباتی یەکسانی لە نێو کۆمەڵگا، وەک ئەرکی تاک دەبێ هاوکات بکرێ. واتە، ئەم دوو شێوە خەباتە هاوتەریب بن.

بوونی ڕێکخراوی ژنانی سەربەخۆ کە هەوڵ بدەن بۆ وەدیهێنانی مافی یەکسانی ژنو پیاو و خۆپاراستن لە دەسەڵاتی حیزب و

ڕێکخراوە سیاسییەکان کە وەک پلاتفۆرم و سەکۆی سیاسەت، کەڵکی لێوەرگیرێ.

پێکهێنانی فەزایەک کە بیروبۆچوونی یەکسانکردنی ژن و پیاو بەشێوەیەکی ئازاد بۆ ئەکتیڤ بوونی ژنان بینێتە ئاراوە. ئەو کەشوهەوایە واتە فەرهەنگسازی بۆ مافی یەکسان و بەشداریی وەک یەک لە کۆمەڵگە دا، بێتە ئاراوە.

پەروەردە کردن ومەجال خوڵقاندنی ژنی سیاسەتمەدار، ژنی تێکنۆکرات و خاوەنبیر، پێویستە ئەرکی هەموو تاکێکی کۆمەڵگا بە تایبەت ژن و ڕێکخراوە تایبەتییەکەیان بێ.

پرس و راوێژ، ڕێنوێنی و پشتیوانی کردن لە مافی تاکەکان، ڕاهێنان و چارەسەرکردنی بە وەختی گیروگرفت و پەروەردەی نەسلی نوێ لە سەر بنەمای تێگەیشتنی ئامانجی یەکسانیخوازی و بردنەسەری وشیاریی فیمنیستی، دەتوانێ پێش لەخۆ بەرهەمهێنانەوەی ئەو بازنە پڕ لەکەموکوڕییە بگرێ کە نەسلی ئێمە و پێش ئێمە تێیدا خولاونەوە، بۆ ئەوەی بەو شێوەیە داهاتووی کۆمەڵگا بە گشتی و خەباتی ژنان بەتایبەتی بەرەوئاسۆیەکی ڕوونترگەشە بستێنێ.

پەروەردەکردنی ژنان بۆکاری بەڕێوبەری ودەسەلاَت لە کاتێکدا،ژن بتوانێ وەک مرۆڤ ـنەک لەقالبی ژن وەک پیاو - کاری سیاسی بکاوتواناوکارامەیی خۆی نیشان بدا،ئەوکات بەشێک لە ویستو داخوازییەکانی دێتە دیو بەشەکەی دیکەشی بەهاوڕا بوونی ئەو پیاوانە کە باوەڕیان بەمافی ژن - وەک مرۆڤ هەیە - دەتوانێ تەکمیل بکرێ.

پەیوەندیی ئەرێنی و یەکسانیخوازانەی تاکەکانی بنەماڵە لە نێوخۆیاندا، یەکێک لە سەرەکیترین ئەرکەکان و بەردی بناخەی چارەسەرەک لە پەروەردەی نەسلی داهاتوودا.

ڕێکخراوەکان بە گشتی و ژنان بە تایبەتی، پێویستە کارێکی وا بکەن کە لە چوارچێوەی خاڵە هاوبەشەکانیاندا وەک هەبوونی دێمۆکراسی،هەبوونی مافی یەکسانی ژنو پیاو واتە بەرابەری و یەکرێزیی ڕەگەزی لەژێر سایەی کۆدەنگییەکی ڕێکخراو و بە پلاتفۆرم کار بکەن کە هەموو ئەوژنانەی داوای مافی یەکسان دەکەن خۆیانی تێدا ببیننەوە.

هیو میەل لە تۆژینەوەیەک دا دەڵێ: وەرچەرخانی تەنگژە ئەرکێکی فرەڕەهەندە و بە دوو بەش دابەشی دەکا:

یەکەم، تیئۆریی بەڕێوبردنی تەنگژە و دووهەم، تیئۆریی وەرچەرخانی تەنگژە.

لەبەشی یەکەم دا، لایەنێکی سێهەم دێتە کایەوە و نێوبژی دەکا. کوردەواری گوتەنی "دوو قسەی خێری تێدا دەکا"، و بە شێوەی کاتی کێشەکە چارەسەر دەکا و کاتی بۆ دادەنێ و کۆنترۆڵی دەکا. واتە بە کورتی و بە کوردی موسەککینێکی کاتیە کە دەتوانێ دەسپێکێکی

باش بێ. لە دووهەمەکە دا، هەوڵ دەدا گۆڕانکاری لە ئەقڵییەتی ئەو گرووپەدا دروست بکا کە کۆسپی ئەسڵین و هۆکاری سەرەکیی گیروگرفتەکانن.

بە بروای من ئێمە بە تاک و بنەماڵە وکۆمەڵگە و دامودەزگا حکوومەتی و ناحکوومەتی‌یەکانەوە لە بەشی یەکەمی هەوڵەکانماندا قەتیس ماوینەوە و من ڕێگە چارەی دووهەم بە باشترین شێوەی چارەسەری کێشەکان دەزانم.

ئاکام

خەباتی یەکسانیخوازانەی ژنانی جیهان بە گشتی و ژنی کورد بە تایبەتی مێژوویەکی پڕ لەهەورازو نشێوی بۆخۆی تۆمارکردوە. ڕەخنەگرتن لە مێژوو و ڕابردووی خەباتی نەسلی پێشوو بەبروای من هیچ کات بە مانای کەمگرتن یان کەلک وەرنەگرتن لە ئەزموونی ئەوانی پێشوو نیە. بەڵکوو دەست لەسەردانان و نیشانەکردنی هێندێک خاڵی لاوازە کە لەگەڵ بارودۆخی ئێستا و گەشە و توانایی و ئاسانکاری پێوەندیگرتن و شەپۆلی فێربوون جیاوازیی هەیە. نەسلی ئێستا پێویستیی بە پێداچوونەوە و نوێ بوونەوەی بەردەوام هەیە.

وشیاری و ئاگاداربوون لەکۆسپەکانی سەر ڕێگای هەر بزووتنەوەیەکی ئازادیخوازی و بەرەنگار بوونەوەیان بە ڕێگایەکی ئووسولی و سەردەمیانەدا، ئەرکی هەموو تاکێکی کۆمەڵگایە لە پێناو گەشەسەندن و پێگەیاندنی نەوەی نوێدا.

بێ دەنگی لە ئاست زوڵم لە خۆمان و دەوروبەرمان دەبێتە بەشێک لە هوورییەت و ئیدەنتیتەی خۆمان کە بە شێوەیەک بەشداریکردنە لە توندوتیژی. بۆیە پێویستە لە خۆمان و بیر و کردوە و دەروونی خۆمان ڕا دەست بە ئاڵوگۆڕی ئەرێنی بکەین.

بزووتنەوەی یەکسانیخوازی و دابینکردنی مافی ژنان لە کۆمەڵگایەکدا، کە باوەری بە قانوون و دێموکرات بوون و مافی مرۆڤ بە بێ جیاوازیی ڕەگەزی نەبێ، بێبەرهەم دەبێ و گەشە ناکا.

پێویستە هەوڵ بدرێ هەم حیزب و ڕێکخراوە سیاسی‌یەکان و هەم تاکەکانی یەکسانیخواز، بە کردەوە نیشان بدەن کە بڕوایان بە مافی مرۆڤ و کۆنوانسیۆنی ١٩ی دێسامبری ١٩٧٩ی نەتەوە یەکگرتووەکان سەبارەت بە پرسی ژن هەیە.

لە ژمارە ٦٦٩ ی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٨ی دێسەمبەری ٢٠١٥

# ٢٥ی نۆڤامبر، رۆژی خەبات لە هەمبەر توندوتیژی دژی ژنان یان رۆژی بیرهێنانەوەی توندوتیژییەکان؟



دڵنیا ڕەحیم زادە

ساڵی ١٩٩٩ی زایینی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان وەک ڕێزلێنان لە خەباتی تێکۆشەرانی یەکسانیی مرۆڤەکان و نەهێشتنی توندوتیژی دژ بە ژنان، (٢٥ی نوڤامبر) ساڵڕۆژی کوشتنی خوشکەکانی میرابالی لە کۆماری دۆمینیکەن وەک ڕۆژی جیهانی خەبات دژی توندوتیژی بەرامبەر ژنان دیاری کرد. ئەم بابەتە تێدەکۆشێت تیشک بخاتە سەر توندوتیژی و جۆرەکانی توندوتیژی دژ بە ژنان و بە تایبەتی لە ئێران و کوردستانی ڕۆژهەلات و لە هەمانکاتدا بە کورتی چەند ڕێگە چارەیەک بۆ کەمکردنەوەی توندوتیژی دژ بە ژنان دەخاتە ڕوو.

## توندوتیژی چییە؟

کاتێک کەسێک بییەوێت بە بەکارهێنانی زۆری جەستەیی یاخود غەیری جەستەیی داواکاری خۆی بە ئەنجام بگەیەنێت، ئەوا پێی ئەوترێت توندوتیژی. ئەم هەڵسوکەوتە لەوانەیە ووشیارانە یاخود ناووشیارانە بێت، بەڵام لە هەر دوو حاڵەتدا کە ڕوو بدات بە توندوتیژی ئەژمار دەکرێت. توندوتیژی لەهەمەوو دونیا ڕوو ئەدات، بەڵام ڕێژە و شێوەی ئەنجام دانی توندوتیژی لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر جیاوازە. بەپێی ئامارەکان زۆرترین توندوتیژی بەرەورووی منداڵان و ژنان ئەبێتەوە. لەم بابەتەدا هەوڵ ئەدەم باس بکەم لە شێوەکانی توندوتیژی بەرامبەر بە ژنان و هۆکاری بێدەنگی ژنان و ڕێگە چارەکان بۆ کەمبونەوەی توندوتیژی.

توندوتیژی بە گشتی بە دوو شێوە ڕوو ئەدات؛ ١، توندوتیژی خێزانی ٢، توندوتیژی کۆمەڵایەتی

**توندوتیژی خێزانی؛**

کاتێک کەسێک بەرەوڕووی توندوتیژی لەناو خێزانەکەیدا ئەبێتەوە و تووشی ئازاری جەستەیی یان دەروونی و جنسی ئەبێت ئەوا پێی ئەوترێت توندوتیژی خێزانی. ژنان بە درێژایی ژیانی خۆیان تووشی ئەم جۆرە لە توندوتیژی ئەبنەوە. جیا لە هاوسەر، باوک و برا، هەندێک جار منداڵی کوڕیش بەرامبەر ژن توندوتیژی ئەکات. ئەم جۆرە لە توندوتیژی خۆی جۆری جیاوازی هەیە کە بریتیین لە:

- توندوتیژی فیزیکی یان جەستەیی؛ لەم جۆرە لە توندوتیژی هەر ئەو جۆرەی بە ناوەکەیەوە دیارە ژن توشی ئازاری جستەیی وەک لێدان، قژ کێشان، خنکاندن، سوتاندن، کوشتن، دەرکردن لە ماڵ، پێ نەدانی نان و ... ئەبێت. هەندێک کەس لایان وایە ئەم جۆرە لە توندوتیژی تایبەتە بە توێژی نەخوێندەوار یان کەم داهات، بەڵام لە راستیدا وا نییە، ئەم شێوەش وەک شێوەکانی تری توندوتیژی تایبەت نییە بە توێژێک لە کۆمەڵگەدا و لە دونیای مۆدێرنیش هەن ئەو ژنانەی بەرەوڕووی توندوتیژی جەستەیی ئەبنەوە، بۆیە ئەم جۆرە لە توندوتیژی لە هەموو توێژەکان بە ڕێژەی جیاواز ڕوو ئەدات. دەروونناسان باس لەوە دەکەن کە ئەو مندالانەی لە بنەماڵەدا لێدانی ژن ئەبینن، کاتێک گەورە ئەبن زیاتر لە خەڵکیتر توندوتیژی ئەکەن بەرامبەر بە هاوسەرەکانیان.

- توندوتیژی دەروونی؛ ئەم شێوە لە توندوتیژی دیار نییە، بە مانای ئەوەی کە ژن کاتێک بەرەوڕووی ئەبێتەوە ناتوانێت هەر ئەو کاتە جێگەکەی نیشان بدات و تەنیا لە دەروونیدا هەست بە ئازار ئەکات. بە بڕوای من ژن زۆرتر لە حاڵەتەکانی تری توندوتیژی، بەرەوڕووی ئەم شێوە لە توندوتیژی ئەبێتەوە. جنێو دان، وشەی ناشرین، بیانوگرتن، تووڕە بوون، فرمان دان، هەڕەشە کردن، سووکایەتی پێکردن، قەڵسە گێران، قەدەغەکردنی لە سەردان و قسەکردن لەگەڵ هاوڕێکانی، نەهێشتنی ئەوەی کە بەدڵی خۆی جل و بەرگ بۆ خۆی بپۆشێت، بڕیاردان بە جێگەی ژن، بە کەم زانین و ... بەشێکن لە توندوتیژی دەروونی. ئەم جۆرە لە توندوتیژی ئەبێتە هۆی ئەوەی ژن هەست بە پوچی و خۆبەکەم زانین و سترێس و دڵەڕاوکێ و دوودڵی بکات. جاری وایە پیاو بۆ ئازاردانی ژن بە ئانقەست ئازاری دەروونی ژن ئەدات، بەڵام لە هەندێک حاڵەتدا بە بێئەوەی هەست بکات، توندوتیژی ئەکات بەرامبەر بە ژن کە لە درێژماوەدا ئەبێتە هۆی نەخۆشی دەروونی لە ژناندا.

- توندوتیژی ئابووری؛ جۆرێکیترە لە تووندوتیژی کە بەرامبەر بە ژنان ئەکرێت. ئەم جۆرە لە تووندوتیژی هەم لە ناو خێزان و هەمیش لەناو کۆمەڵگادا ڕووئەدات. بۆنموونە نەدانی خەرجیی ماڵ، سوئێستفادەی ماڵی و لەبەینبردن و خراپکردنی ئەو شتانەی کە تایبەتە بە ژن. حەقدەستی کەمتری ژن لە هاوکارە پیاوەکانی لەلایەن خاوەنکار، کۆمپانی یان دەوڵەتەوە. ئەمانە چەند نموونەیەکن کە لەناو خێزان و کۆمەڵگا بەرەوڕووی ژنان ئەبێتەوە.

- توندوتیژی جنسی؛ هەر جۆرە پەیوەندییەکی جنسی بە بێ ڕەزامەندی بەرامبەر پێی ئەوترێت توندوتیژی جنسی بۆ وێنە؛ لەبەرچاونەگرتنی خواستە جنسییەکانی ژن، نەهێشتنی بەکارهێنانی بەرگری لە سکپڕی، تیجارەتی جنسی و هتد. ئەم شێوە لە توندوتیژی لەناو خێزان و لە کۆمەڵگاش و لە هەردوو حاڵەتەکەدا ژن بە دوو شێوەی جەستەیی و دەروونی بەرەوڕووی ئەم

توندوتیژییە ئەبێتەوە. جاری وایە بە زۆری لێدان و بەستنەوە ژن ناچار بە پەیوەندی سێکسی ئەکرێت و جاری واشە ژن بە هەڕەشە و وەعد و وەعید و ترساندن ناچار ئەکرێت، لە هەمان کاتیشدا ئەم شێوە لە توندوتیژی کە دەستدرێژی جنسیشی پێئەوترێت، پێدەچێ لە لایەن کەس یان کەسانێک ڕوو بدات کە ئەگەر ڕێژەی کەسەکە لە یەک کەس زۆرتر بێت ئەوا دەستدرێژی بەکۆمەڵی پێ ئەوترێت.

بەپێی ئامارە بڵاوکراوەکان ئەو ژنانەی لە لایەن هاوسەرەکانیانەوە بەرەوڕووی ئەم شێوە لە توندوتیژی ئەبنەوە پێنج ئەوەندەی ژنانی تر، تووشی کێشەی دەروونی و مەترسی خۆکوشتنن ئەبن. کاتێک ژنێک بە زۆری هاوسەرەکەی و بەبێ مەیل پەیوەندی سێکسی لەگەڵ ئەگرێت، کە هەندێ جار لە ترسی لە دەست دانی مێرد یاخود لەبەر ئەوەی نیگەرانە نەکا لەگەڵ کەسیتر پەیوەندی بگرێت، ئەم پەیوەندییە لە درێژماوەدا تووشی گرفت ئەبێت و ئەبێتە هۆی کەم بوونەوە یان نەمانی مەیلی سێکسی لە لایەن ژنەوە.

**توندوتیژی کۆمەڵایەتی؛**

هەموو ئەو جۆرانەی کە لە سەرەوە باسی لێکرا دەتوانرێت لە دەرەوەی خێزان بەرەوڕووی ژن بێتەوە کە پێی ئەوترێت توندوتیژی کومەڵایەتی. کە بەشێکی ئەگەڕێتەوە بۆ کولتوور و بەشێکی هەرە زۆریشی ئەگەڕێتەوە بۆ یاسا و قانونێک کە لە ئێران پەیڕەو ئەکرێت. هەندێک جار، ئەگەر ژن لە ناو خێزان توندوتیژیشی بەرامبەر نەکرێت، بەڵام لە دەرەوەی خێزان و لە کۆمەڵگادا توندوتیژی بەرامبەر ئەکرێت کە هەم بەشێک لە کلتوور و هەمیش بە پێی یاسای بنەڕەتی ئێران کە بنچینەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئایینی ئیسلام، پشتیوانی لە توندوتیژی دژ بە ژنان ئەکرێت و یان بە واتایەکی ترخودی یاساکە توندوتیژییە بەرامبەر ژنان. جیا لە هەموو ئەو توندوتیژیانەی لە سەرەوە ئاماژەم پێدا، لێرەدا باس لە شێوەیەک توندوتیژی ئەکەم کە خۆی هۆکاری سەرەکی ڕوودانی توندوتیژییەکانی ترە.

**- توندوتیژی یاسایی؛**

لە ئێران سەرەکیترین و گرنگترین هۆکاری زیادبوون و مانەوەی هەموو ئەو شێوە توندوتیژییانەی لە سەرەوە ئاماژەم پێدان، توندوتیژی یاساییە. توندوتیژی یاسایی سەرچاوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ هەموو ئەو یاسا و سیاسەتانەی کە لە کۆماری ئیسلامی ئێران دانراوە و ڕەچاو ئەکرێت، ئەم یاسایانەن کە بوونەتە هۆی نایەکسانی لە مافی ژن و هەر ئەم نایەکسانییەشە کە پێگەی ژنی لە چاو پیاوان هێناوەتە خوارەوە.

لە زۆربەی هەرە زۆری وڵاتانی ڕوو لە گەشە، بەشێک لە داهاتی ئابووریان تەرخان کردووە بە پێکهێنانی هەلی کاری یەکسان بۆ ژنان و بردنە سەرەوەی بەشداری ژنان لەم هەلە و هەوڵ ئەدەن کولتووری یەکسانخوازی لە کۆمەڵگادا بەرنە سەرەوە، بەڵام لە ئێران بە پێچەوانەوە، یاسا زۆر لە خوار کولتووری خەڵکەوەیە. بێگومان یاسا بەهێزترین کەرەستەی کۆنترۆڵە لە بەڕێوەبردنی وڵاتدا هەر بۆیەش ئەتوانێت بەهێزترین کەرەستەی کۆنترۆڵی توندوتیژیش بێت. ئەمە لە کاتێکدایە کە لە ئێران توندوتیژی بەرامبەر بە ژن لە

یاسادا هەیە و توندوتیژی بەرامبەر بە ژن یاساییە.

یاسای بنەڕەتی کۆماری ئیسلامی بە پێی شەریعەتی ئیسلام دانراوە و هاڵاواردنی جنسی لە ئایینی ئیسلامدا هەیە و لە ئایەتەکانی قورئاندا بە شێوەیەک دەستی پیاوانی ئاواڵە کردووە بۆ توندوتیژی نواندن دژ بە ژنان. بۆ وێنە لە سورەی نسا دا ئیزن بە پیاوان ئەدات کە ئەگەر ژنەکانتان گوێڕایەڵ نەبوون ئەوا سەرەتا جێگە خەویان لەگەڵ جیاکەنەوە (توندوتیژی دەروونی)، ئەگەر هەر باشتر نەبوون ئەوە لێی بدات (توندوتیژی جەستەیی). لە یاسای بە ناو حمایەت لە خانوادە ئیزن دراوە بە پیاو چەند ژن بخوازێت. بە پێی یاسا ژن نیوەی پیاو حیساب ئەکرێت و لە دیەش نیوەی پیاوی ئەکەوێت و لە شاهدی دانیش بە دوو ژن پیاوێک ئەژمار ئەکرێن، ژن بۆی نییە ببێت بە قازی لە دادگا، لە کاتی جیابونەوە منداڵ هی باوک و لە نەبوونی باوک بۆ باوەگەورەی ئەبێت، بە بێ ئیزنی مێردەکەی بۆی نییە لە وڵات بڕواتە دەرەوە، ئەمانە هەموو نموونەیەکن لە یاسای دژە ژنی کۆماری ئیسلامی ئێران و لە کاتێکدا بڕیارنامەی رەفع و نەمانی توندوتیژی هەوڵ ئەدات بۆ لە ناوبردنی توندوتیژی دژ بە ژنان، کۆماری ئیسلامی ئێران بە پشتبەستن بە یاساکانی شەریعەتی ئیسلام، هاڵاواردن و توندوتیژی دژ بە ژنان یاسایی دەکاتەوە و تەنانەت ئەگەریش ژنێک بیەوێت چالاکی و خەبات لە دژی توندوتیژی بکات، تاوان ئەژمار ئەکرێت.

### ڕێگەکان بۆ کەم کردنەوەی توندوتیژی:

وشیاری و بەئاگابوون_ یەکەم هەنگاو بۆ کەم کردنەوەی ڕێژەی توندوتیژی دژ بە ژنان بەئاگابوون لە توندوتیژی و جۆرەکانی توندوتیژییە. داماڵینی ڕووکاری پیرۆزی توندوتیژی نواندن و بە کردەوەیەکی ناپیرۆز و نامرۆڤانە و قێزەون زانینی توندوتیژی، سەرەتای کەم کردنەوەی توندوتیژییە. بۆ ئەو مەبەستە سیستەمی پەروەردە و ڕاگەیاندن دەورێکی باڵا ئەگێڕن لە ووشیار کردنەوەی کۆمەڵگا بە ژن و پیاوەوە. بەرزکردنەوەی ئاستی ووشیاری ژن و پیاو بەرامبەر بە مافەکانی هەر دوو رەگەز و دیاریکردنی سنووری ئازادییەکانی هەر کام لە ژنان و پیاوان، سەرەتایە بۆ کەمکردنەوەی ڕێژەی توندوتیژی.


یاسا - هاوشان لەگەڵ ووشیاری و زانیاری بەخشین دەربارەی مافەکانی ژنان و توندوتیژی "یاسا"یە کە ئەتوانی دەور و نەخشی گرنگ و کاریگەری هەبێت لە کەمکردنەوەی توندوتیژی. پێویستە لە لایەن دەسەڵات و حکومەتەکانەوە یاسایەک بۆ بەڕێوەبردنی وڵات دابنێن کە تێیدا مافی هەموو تاکەکانی کۆمەڵگا بە بێ جیاوازی رەگەز و یایین و رەنگ و زمان ڕەچاو بکات.

بەم پێیە،کۆمەڵگایەک کە ووشیاری تاکەکانی (بە ژن و پیاوەوە) دەربارەی پرسێکی گرنگی وەک توندوتیژی لە ئاستێکی بەرزدا بێت و لە هەمان کاتیشدا بە یاسا پشتگیری و پشتیوانی بکرێت لە ژنان و مافەکانیان، هەنگاوە سەرەتاییەکان بۆ بن بڕکردن یان لانی کەم کەمکردنەوەی توندوتیژی دژ بە ژنان هەڵهێنراوە.ووشیاری ژنان بەرامبەر بە مافەکانیان و بێدەنگ نەبوونیان لە حاست ئەو توندوتیژییانە، بەو مەرجەی کە یاسا پشتگیر و پشتیوانیان بێت، خاڵێکی گرنگە. ژنان نابێت لە بەرامبە هەموو جۆرەکانی توندوتیژی بەرامبەر بە خۆیان بێدەنگ بن. دەنگ هەڵبڕین، سەرەتای پساندنی زنجیرەکانی کۆیلەیی ژنانە.

ئەزموونی وڵاتانی پێشکەوتووی جیهان کە ئاستی توندوتیژی تێیاندا بە ڕێژەیەکی بەرچاو، لە چاو وڵاتانی دواکەوتوو، کەمترن بەم قۆناغ و ڕێگایەدا تێپەڕیوە. بە جیاکاری لە نێوان کولتووری بەرزی کورد بۆ ڕێزگرتن لە ژن، لە یاسا دواکەوتوو و پڕ هەڵاواردنەکانی کۆماری ئیسلامی، بە ڕەچاوکردنی ئەزموونی وڵاتانی گەشەکردووی جیهان بۆ پرسی ژن و مافەکانی ژنان، دەبێت هەموو هەوڵی ڕێکخراوە سیاسی و مەدەنییەکان بریتی بێت لە گۆڕینی نەک یاسا بەڵکوو کۆی سیستمی کۆنەپەرستانەی کۆماری ئیسلامی و چەسپاندنی سیستمێکی نوێ و یاسایەکی نوێ کە مافەکانی ژنان و هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگا لە بەرچاو بگرێت.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاسۆی ڕۆژهەڵات - ڕێکەوتی: ٦ی دێسەمبەری ٢٠١٥

# بەردەوامی توندوتیژی دژی ژنان



**ڕەزا محەممەدئەمینی**

شەوی سێ شەممە٢٣ی پووشپەڕ چوار کچ و ژن لە شاری بۆکان دەکەونە بەر هێرشی تێزاب پرژاندن لە لایەن چەند تاوانبارێکەوە و بەداخەوە بریندار دەکرێن. بۆ ڕۆژی دواتر خەڵکی ئەم شارە سەرەڕای هەڕەشەی هێزە سەرکوتکەرەکان، بەشێوەیەکی زۆر هێمنانە دێنە سەر شەقامەکان و بە بەرز کردنەوەی پلاکارد و نووسراوە، ئەم تاوانە قێزەونە مەحکووم دەکەن. بەو حاڵەش هێزەسەرکوتکەرەکانی ڕێژیم هێرش دەکەنە سەر خەڵکی و وێڕای دەست بەسەر کردنی چەند کەسێک، بە زۆرە ملێ بڵاوە بە خۆپێشاندەران دەکەن. لەو پێوەندییەدا هێزە ئینتزامییەکانی ڕێژیم ڕایانگەیاندوە کە سێ کەسیان دەست بەسەر کردوە کە دانیان بەو تاوانەدا هێناوە و بە وتەی ئەوان ئەو سێ تاوانبارە لە کاتی ئەنجامدانی تاوانەکەیان بە هۆی خواردنی ماددەی هۆشبەر لە حالەتی ئاسایی دا نەبوون.

لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا تاوانی تێزاب پرژاندن بە سەر ژنان لە زۆربەی شارەکانی ئێراندا ڕووی لە زیاد بوون کردووە؛ هەر دوور نەڕۆین چەند مانگ لەمەوبەر لە شاری ئیسفەهان ١٤ ژن کەوتنە بەر هێرشی تێزاب پرژاندن و دواتر دەرکەوت تاوانباران کەسانی سەر بە بەسیج و ستادی بەناو»امر بە معروف و نهی از منکر»بوون. دیارە وەک هەموو تاوانەکانی دەستەو تاقمە گوێ لە مستەکانی ڕێژێم ، لەو تاوانە نامرڤانەیەش دا تاوانباران کەوتنە بەر «ڕەحمەتی» دەزگای قەزایی ڕێژیم و کەس نەیزانی چیان لێهات و پەروەندەکە چۆن دیزە بە دەرخۆنە کرا.

هەر چەند کاربەدەستانی ڕێژیم لە بۆکان ڕایانگەیاندوە کە سێ کەسیان لەو پێوەندییە دا دەست بەسەر کردوە و بە ڕواڵەت وا وێدەچێ کە ئەو تاوانە، کاری بەسیج و دار و دەستەی خۆی نین کە دیارە زۆر جێی گومانە؛ بەو حاڵەش ئەگەر ئەو ئیدئعایەش ڕاست بێ، دیسان کاربەدەستانی ڕێژیم لە ڕوودانی ئەو جۆرە تاوانەدا بەرپرسیارن. دزگا ئەمنیەکانی ڕێژیم بەر پرسیارن لە دابین کردنی ئاسایش و ئارامی و بەرگری کردن لە پەرە سەندنی توند وتیژی بەرانبەر کۆمەڵگا و بەتایبەت ژنان. ئەوە کە سێ کەس ماددەی

هۆشبەر مەسرەف دەکەن و لە بەر چاوی خەڵکی تێزاب بە سەر و چاوی ژنان دادەکەن، لە لایەک نیشانەی نەبوونی ئەمنیەت و فەزای سڵامەتە لەو شارە ولە لایەکی دیکەش پێشاندەری ناکارامەیی و بێ تەفاوەتی پۆلیس و دەزگا ئەمنیەتییە کانییەتی لە دابین کردنی ئەمنیەت و ئاسایشی خەڵک.

جگە لەوەش بەروونی دیارە ئەو تاوانە، تاوانێکی سووک و سادەی کۆمەڵایەتی نییە و لە خانەی تۆڵە سەندنەوەیەی بنەماڵەیی‌دا ناگونجێ و ناکرێ بڵێین تاوانباران بە بێ هۆ ئەو تاوانەیان ئەنجام داوە.ئەوەی کە روون و ئاشکرایە ئەو سێ کەسە بە بێ ئەوەی کێشەی شەخسییان لەگەڵ ئەو کچ و ژنانە هەبێ تێزاب پرژێنیان کردوون، کەواتە ئەگەر راستەوخۆ لەگەڵ بەسیج و ستادی بەناو «امر بە معروف و نهی از منکر»یش پێوەندیان نەبووبێ، ئەوا لەسەر هەمان رێ و رێچکە رۆیشتوون وهەمان بۆچوون و بیرۆکە پیس و گڵاوەیان بە کردەوە بە ئەنجام گەیاندوە کە کۆماری ئیسلامیی لە ماوەی تەمەنی نیگریسی خۆیدا وەک سیاسەتی فەرمی لە بەرانبەر ژنان دا بەرێوەی بردوە.

هەر لە دوای هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامییەوە وەک رێژیمێکی ئیسلامی شێعە، لە ناوچە سوننە مەزهەبەکانی ئێرانیش و یەک لەوان کوردستان دا، بە ڕواڵەت وەک دژ کردەوەیەک لە بەرانبەر ستەمی مەزهەبی دەسەلات ، کۆرو کۆمەڵە سەلەفییە سوننەکان سەریان هەڵداو بەرە بەرە روویان لە پەرە سەندن کرد. لە سەرەتا دا و تەنانەت ئێستاشی لەگەڵ بێ کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی سەرەڕای دژایەتی نەشاراوەی خۆیان لەگەڵ گرووپ و ئایینە جۆراوجۆرەکانی دیکەی غەیری شیعە، نەک هەر بەرەنگاری ئەو تاقم و کۆمەڵانە نەبووە ،بەڵکوو بۆ زەبر لێدان لە جووڵانەوەی ئازادیخوازانەی گەلی کورد و بۆ دامرکاندنی هەستی نەتەوایەتی، بەتایبەت لە ناو لاوەکان دا زۆر بە باشی کەڵکی لێوەرگرتن بە هەموو شێوەیەک یارمەتی دەدان. دیارە هەر کات ئەو دەستەو تاقمانە، کورد گوتەنی ئەگەر پێدرێژیان کردبا و لە کار و چالاکییەکانیاندا هێڵە سوورەکانی رێژیمیان بەزاندبا، بەناوی باوەری «وەهابییەت» وابەستە بوون بە عەرەبستانی سعوودی دەمکوت دەکران.

لە ماوەی چەند ساڵی رابردوو و بەتایبەت لەپاش سەرهەڵدانی سەرەتانی «داعش» لە عێراق و سوورییە و بەهێز بوونی بیرۆکەی دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسلامی لە ناو موسوڵمانە توندرەوەکان دا، ئەو دەستەو تاقمە سەلەفییانەی کوردستانیش کە لە ڕاستی دا رێک هەمان بیر و بۆچوونی داعشیان هەیە، وەخۆ کەوتوون وبە باوەری چەوتی خۆیان، بەناوی ئیسلام و شەریعەت و بەربەرەکانی لەگەڵ دیاردە نا ئیسلامییەکان دەستیان داوەتە زۆر کار و کردەوەی ناشیاو دژی مرۆڤایەتی کە بێگومان تێزاب پرژاندن بە سەر ژنان لە شاری بۆکانیش یەکێک لەو کردەوە قێزەونانەیە.

شک لەوە دانییە خەبات لە دژی کۆماری ئیسلامی و تێکۆشان بۆ وەدیهاتنی ئاوات و ئامانجەکانی نەتەوەکەمان کە لە ماوەی تەمەنی ئەو رێژیمەدا بە هەزاران شەهیدی بۆ دراوە ، هیچ دژایەتییەکی لەگەڵ بەربەرەکانی لەگەڵ دەستەو تاقمە سەلەفیی و بناژۆ ئیسلامییەکانی کوردستان دا نییە و پێویستە هاوتەریب لەگەل یەک بەرەو پێشەوەی ببەین و خەباتی لە دژیان بۆ بکەین.هەر بۆیەش ئەرکی سەر شانی هەموو تاکێکی کورد، بەتایبەت مامۆستایانی ئایینیی و رووناکبیرانی نەتەوەکەمانە بە گژ ئەو بیرۆکە چەوت و

مەترسیدارە دا بچنەوە و نەهێڵن مزگەوت و مەکتەب و مەدرەسەکان ببن بە شوێنی پەرە گرتنی سەلەفییەت و هەڵخەڵەتاندن و بە لاڕێدا بردنی لاوە کانمان.هەر ئێستا دەیان کەس لە لاوانی شارو گوندەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە داخەوە پاش مێشک شووشتنەوە و هەڵخەڵەتاندنیان لە لایەن سەلەفییەکانەوە ،چوونەتە ناو داعش و تەنانەت چەند کەسیشیان لە بەربەرەکانی لەگەڵ هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان دا کوژراون.

لە کۆتایی دا وێرای هاودەردی لەگەڵ ئەو خانمە بەڕێزانەی کە بوونە قوربانی ئەو کردەوە نامرۆڤانەیە و هیوای ساڕێژ بوونەوەی برینەکانیان، پێویستە لەسەر هەموومان خەمخۆری لاوەکانمان بین و لە ئاست داهاتوویان دا خۆمان بە بەرپرس بزانین؛چونکە بە دڵنیاییەوە کۆماری ئیسلامی نەک هەر بە شێوەی پێویست هیچ هەنگاوێک بۆ بەرەورووبوونەوەی کار و کردەوە دژی ئینسانیانەی ئەم دەستەو تاقمانە ناهاوێژێ، بەڵکوو لە ڕاستی دا زۆریش بەو وەزعە کەیف خۆشە و بە دڵێتی ئەگەر کۆمەڵی کوردەواری وبەتایبەت ژنان و کچانی کوردستان هەمیشە لە ترس و دڵەڕاوکێ دابن و نەوێرن بە دڵنیاییەوە لە ماڵ بێنە دەرەوە.

لە ژمارە ٦٦٠ ی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٣ی جوولای ٢٠١٥

# ترۆمای مێژوو ڕامانێک دەربارەی ٢٥ نوامبر




**فەرانەک ئەڵماسی**

ئەگەر گریمانەکە ئەوە بێت کە هەر جۆرە روانینێک بە تایبەت روانینی دەستدرێژیکارانە بۆ سەر ژنان دەشێت لە خۆیدا تاوانێکی گەورە بێت، هەڵبەت ئەو کاتەی ئێمە باسی روانین لە پێوەندیدا بە ژنان و جەستەیانەوە دەکەین دەبێت جەستە و ژنی بەرمەبەستمان لە ئەو کانتێکس و بەستێنەی کە تێیدا دەژی ڕەچاوی بکەین، کەواتە مەبەستی ئێمە سەرچاوەکەی دەگەرێتەوە بۆ ئەم ئایدیایەی کە پێی وایە پێوەندی جەستە و ژن بە کۆمەڵگاوە پەیوەندییەکی بەرامبەر و دیالێکتیکیە. بە دیوێکی دیکە دا دەتوانین تەنانەت لە روی رێژەیشەوە ئاراستەی بەڵگاندنەکە بەرەو ئەم ڕەستەیە بەرین: ژن نیوەی کۆمەڵگەیە ودایکی نیوەکەی تریش. تەنانەت ئەگەر بمانهەوێت بۆ سەلماندنی ئەم بەڵگاندنە بگەڕێینەوە بۆ فولکولۆری کوردی و کەڵکی لێوەربگرین دەوترێت: کورەی زەوی بە بێ ژن دەرزی چنە دەرزی چن. هەر بەم پێیە و لە سۆنگەی ئەم فولکولۆرەوە دەتوانین بەم ئەنجامە لۆژیکیە بگەین، کە لە بنەڕەتدا، ژیان بێ ژن ئەستەمە. کەواتە یەکێک لەو کێشە سەرەکیانەی لە بارودۆخی هەنووکەییدا کە هەموو جیهانی بە خۆیەوە سەرقاڵکردووە و بۆتە پرسی سەرەکی هەموو رۆژنامە، گۆڤار، ماڵپەڕ و تورە کۆمەلایەتییەکان و کۆی راگەیاندنە ناوخویی و جیهانییەکان، پرسی توندوتیژی دژ بە ژن و داگیرکردنی کەسایەتیی ئەم جنسەیە لە کۆمەڵگادا.

یەکێک لە سەرچاوە گرینگ، خولقێنەر و هاندەرەکانی تووندوتیژی دژی ژنان لە کۆمەڵگای ئێمەدا- مەبەست کوردستانی رۆژهەلاتە - "ئایین و یاسا" و ئەو رێسایانەیە کە ئایین و شەریعەت پێک هێنەریەتی. سەیر ئەوەیە کە لە رۆژی جیهانی بەرەنگاربوونەوەی تووندوتیژی دژی ژنان رێگە بۆ ئەوانەی توندوتیژ و دەمارگرژن زیاتر خۆش ئەکرێت. هەرچەندە مەبەستی ئێمە ئەوە نیە کە لەم رۆژەدا، واتە رۆژی جیهانی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان، کۆمەڵێک ئەگەری جۆراوجۆر بۆ توندوتیژی دەکرێتەوە و مسۆگەر دەبێت بەڵکوو مەبەستمان ئەوەیە کە ئەم رۆژە بیرمان دەخاتەوە کە چون توندوتیژی دژی ژنان خۆی بەرجەستە دەکاتەوە و لە دوو توێی کتێبەکانی یاسا و شەریعەت و سەرجەمی توێژە کۆمەلایەتی و سیاسییەکاندا رەنگ دەداتەوە و بۆتە بابەتێکی سروشتی و نەگۆڕ. بۆ نمونە توندوتیژی و کوشتنی ژنان لە جاران زیاتر دەبیندرێت و وەک پێشتریش ئاماژەمان پێی دا ئەم یاسا و شەریعەتەش وای

کردووە بکوژەکان و کوژراوان لە یەک خاڵدا بەیەک تر بگەنەوە ئەویش ئاسایی و سروشتی بوونەوەی توندوتیژییە وەک بەشێکی دانەبڕاو و جەوهەری ژیانی ئینسانی ئێمە. لێرەوەیە کە بکوژەکان بە ئاسایی بۆخۆیان دەگەڕێن و هیچ یاسایەک نییە کە پشتیوانی لە ژنان بکات. سڕینەوەی توندوتیژی لە کۆی خانە و پنتەکانی ژیان و جیهانی ئەمرۆماندا دژی ژنان ،زۆر ڕەهەند و زۆر شێوەی توندوتیژی لەخۆ گرتووە کە ئەم خانە و پنتانەش بۆ خۆیان گرێدراوی زۆر فاکتەر و دیاردەی کولتوری، مێژوویی، ئاینی، ئابوری، سیاسی و ... دیکەن.

گومان لەوەدا نییە  توندوتیژی بەرامبەر بە ژنان ئاشکرا و روونە هەرچەندە ئەم توندوتیژییانە لە خۆیدا بەسەر دەیان جۆری توندوتیژیدا دابەش دەبێت بۆ نموونە: توندوتیژی لە ئاستی روانین، توندوتیژی فیزیکی، توندوتیژی دەروونی، توندوتیژی بنەماڵەیی، توندوتیژی کۆمەڵایەتی، توندوتیژی سیاسی، توندوتیژی ئایینی و تەنانەت توندوتیژی ژنان دژی ژنان (هەڵبەت نوسەری ئەم دێڕانە بە نیازە سەبارەت بە (پرسی توندوتیژی ژنان دژی ژنان) لە ژمارەکانی داهاتودا بپرژێتە سەر کۆمەڵێک لە دەلالەتە کۆمەڵایەتی و سیاسیەکانی ئەم جۆرە لە توندوتیژی). وەکیتر ڕاستە ناسراوترین و بەرجەستەترینی ئەم توندوتیژی، زەبروزونگ و چەوسانەوەیە خۆی لە لێدان و رەش و شین کردنەوەی جەستەی ژناندا بنوێنیتەوە بەڵام بە رای ئێمە ئەوەندەی توندوتیژی تانەو تەشەر کاریگەریەکەی قووڵتر و کوشەندە تر نیە. هەر لەم پەیوەندییەدا  ڕەنگە کاریگەرترین، دژوارترین و ناخۆشترین  جۆری توندوتیژی، توندوتیژی فیزیکی و جەستەیی نەبێت، بەڵکو توندوتیژی زمانی،  توندوتیژی تماشاکردن و هەموو ئەو توندوتیژییە شاراوانە بن کە راستەوخۆ و ناراستەوخۆ تەنگیان بە ژیانی رۆحی و فیکری و عاتفی و بنەماڵەیی و کۆمەڵایەتی هەڵچنیوە. هەر چەندە پێویستە ئاماژە بەوە بکەن کە کاتێک ئێمە گرینگی بە توندوتیژیە شاراوەکان دەدەین بەو مانایە نییە کە جۆری توندوتیژیەکانی دیکە لامان گرینگ نییە و یەکێکیان بەسەر ئەوەی دیکەیاندا دەشکێنینەوە بۆیە لەو باوەڕەداین کە توندوتیژی شاراوە زامنی مانەوە و بەردەوامەتی توندوتیژی ئاشکرایەوە، ئەم دوانەش هاوڕێ و هاوشان لەگەڵ یەکتر زامنی مانەوە و بەردەوامەتی کۆمەڵگایەکی نەخۆش، نەریتی، دەست و چاوشکێن و  دڵ و ڕۆح شکێن و تێکدەرن.

بۆ ئەوەی بتوانین نمونەیەکی مێژوویی و جیهانی لە توندوتیژی بهێنینەوە باشتر وایە بگەڕێینەوە بۆ رۆژی  ١٧ی دێسامبری ١٩٩٩ و کۆبونەوەی گشتی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتۆەکان کە بە دەرکردنی بڕیارنامەیەک ٢٥ی نوامبر کە بەرانبەر بە "٤"ی  سەرماوەزە وەک رۆژی جیهانی سڕینەوەی توندوتیژی دژی ژنان. بەمجۆرە هەرساڵە ژنان و هەموو شۆرشگێران و چالاکوانان و ئێنسانە ئازادە و  یەکسانیخوازەکان و هەروەها داکۆکیکارانی مافی مرۆڤ و بە تایبەت رێکخراوەکانی ژنان، هەموو ساڵێک لەو رۆژەدا، دژ بە هەموو جۆرەکانی توندوتیژی کە لەلایەن کۆمەڵگای دژە ژن، لە شوێنی کار، ناو بازاڕ و شوێنە گشتییەکان و بنەماڵەدا بە سەریاندا دەسەپێت، بە رێ خستنی خۆپێشاندان، و ئاکسیۆن و کۆبوونەوە و دەرکردنی بەیاننامە مەحکومی دەکەن.

ئەگەر ئاوڕێک بدەینەوە لە رابردوو، واتە  بۆ ساڵی "١٩٦٠" و بۆ وڵاتی دۆمینیکەن، بنەماڵەی میرابال و ئەو سێ خوشکە واتا ( پاتریا، ماریا ترێزا و مینێرڤا ) دێتەوە بیرمان کە لەژێر ئەشکەنجە و ئازار لە لایەن دەسەڵاتی پاوانخوازی ئەوکات گیانیان لە دەستدا. ئەشکەنجە و ئازاری ئەوان لە لایەن دەسەڵاتدارانەوە بە تاوانی چالاکی سیاسی دژی حکوومەتی " ترۆخیلۆ" بوو کە دژ بە

حکومەتی دیکتاتۆریانەی ناوبراو هاتە ئاراوە. بەڵام دوای ماوەیەکی کورت، واتە ساڵێک کە حکومەتی تروخیلو رووخا، هەر سێ خوشکە کوژراوەکە بە پەپولەکان ناسران و ناوبانگیان دەرکرد، ئەوان بوونە هێمای خۆراگری و بەرخودان دژی دەسەلاتی دیکتاتۆری. ئەوە بوو بۆ یەکەم جار لە ساڵی "١٩٨١" لە لایەن فیمێنیستەکانی ئەمریکاوە ئەو رۆژە وەکوو رۆژی خەبات دژی توندوتیژی یان نەهێشتنی توندوتیژی دەستنیشان کرا، پاشان لە ساڵی "١٩٩١" لە ڕێکەوتی "١٧" ی دێسامبر لە لایەن ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتەوەکان وەکو رۆژی جیهانی دژی توندو تیژی راگەیەندرا.

ئەگەر بمانەوێت کەڵک لە سەرەتای باسەکەمان و ترۆما(برین)ی مێژووی جیهانی- مەبەست ٢٥ی نوامبر ساڵرۆژی کوژرانی خوشکانی میراباڵ- بۆ قسەکردن و دوان لە سەر دۆخی کوردستان بکەین لامان وایە بە بێ قسەکردن و تاوتوێکردنی یەکێک لە بەرجەستەترین و دڕندانەترین و هارترین هێزێک کە هەموو فاکتەرەکانی توندوتیژی لە پەسێوی ئایدولوژیای تاریک و نەگەریسی خۆیدا هەڵگرتووە ناتوانین هەنگاوێک باسەکەمان ببەینە پێشەوە: ئەم هێزەش بریتیە لە دەوڵەتی ئیسلامی عێراق و شام یان داعش. وەک هەموومان ئاگادارین لە ماوەی یەک ساڵی پێشوودا و کاتێک عێراق تووشی ئاڵوزی و قەیرانی قوڵ هات، ژنان و کچانی کوردستان و تەنانەت نەتەوە جیاجیاکانی ناوچەکە هەر لە عێراق و سوریە و تورکیاوە تا فەڕانسە و زۆربەی وڵاتانی دنیا تووشی پەتایەکی سەرتاسەری و کوشەندە بوون واتە ئەو گروپە ئیسلامییە توندڕەوانە و لە سەروی هەمووشیانەوە دەوڵەتی ئیسلامی کە لە ئێستادا پەلیان هاویشتۆتە هەناوی کۆی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوڕاست بە دڕندانەترین شێوە خەڵک و بە تایبەت ژنان دەکەنە قوربانی بیرە بەرتەسکەکانی خۆیان و نەستی بیماریان. بۆ نمونە لێرەدا دەتوانین ئاماژە بەو هەزاران ژن و کچی ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوڕاست وەکوو سوریە و عێراق بکەین کە لەلایەن ئەم جۆرە گروپە تیرۆریستیانەوە کە لە سەر بیرۆکەیەکی ئیسلامی داخراو و بەڕێوەبردنی هۆڤێتی و وەحشیگەری دامەزراوە ، ژنان و کچانی موسڵ و شەنگال و ناوچەکانی دیکەی عێراق لەلایەن ئەو گروپە توندرەوانەوە بە خراپترین شێوە کەوتون و دەکەونە بەر پەلاماریان.

کەس ناتوانێت حاشا لەوە بکات کە بە سەدان کچی ئێزەدی و مەسیحی لەلایەن ئەم گرۆپانەوە کوژران و بە سەدانی دیکەش ڕفێندران و ئێستاش لە ژێر ئەشکەنجەی روحی و دەرونی و جەستەیی ئەواندان. هەندێکی دیکەشیان ساڵی پار لە بازارەکانی موسڵدا وەک کۆیلە خرانە بەرچاوی ئەمیرە عەرەبەکان و بە پارەیەک بە پێی تەمەنیان دەفرۆشران و دەکرانە قوربانی ئەو نەستە بیمارە .ئەوەی گرینگە لێردا ئاماژەی پێ بدەین ئەوەیەکە لە چەند رۆژی رابردودا و پاش ئازاد کرانی شەنگاڵ لە لایەن هێزی پێشمەرگەی کوردستان چەندان گوڕی بە کۆمەڵی کچان و ژنانی ئێزەدی دوزراونەتەوە کە بە دەستی ئەم هێزە بە دڕندانەترین شێوە کوژراون.

لە لایەکی دیکەوە و لەگەڵ درێژە و درێژبوونەوەی توندوتیژییەکان لە ئاستی گشتی و جیهانیدا بۆ سەر ژنان، ژنانی کورد بە تایبەتی و ژنانی ئێرانی بە گشتی، ساڵانێکە لە ژێر گوشاری جۆرێکی دیکە و ڤێرژنێکی قەدیمی و بە ئەزمونتری داعشدان- کۆماری ئیسلامی ئێران- و توندوتیژی بە رامبەریان دەکرێت، واتە هەمان سیاسەتی چەوت و داخراو کە ساڵهایە لە قاڵب و فۆرمی جۆراوجۆردا بۆ ئەم سەردەمەی ئێستا درێژ دەبنەوە

ئەگەر چی پێناسە و ئەساسی سیاسی و ئایدیۆلۆژیکی رژیمی کۆماری ئیسلامی لە درێژەی چەند ساڵی دەسەلاتداری خۆیدا هیچ نەبووە

جگە سووکایەتی، بێحورمەتی، هەڵاواردنی جنسیەتی لە ئاستێکی بەربەریندا، بەڵام ئەم سوکایەتی و بێحورمەتییە بە ژنان و هەڵاواردنی جنسیەتی ڕۆژ لە دوای ڕۆژە دژی ژنان لە ئێراندا فۆرمێکی نەرمتر و هێورتری هەیە هەوڵ دەدات کوشتنەکان و ئازارەکان و چەوساندنەوەکان لە ڕێگەی کۆمەڵێک مێکانیزمی یاسایی و ڕێکخراوترەوە ڕەوا بکات بۆیە ئێمەش دەبێت هەوڵ بدەین لە باری فیکری و تیۆریکەوە ڕەهەندەکانی ئەم توندوتیژییە ڕێکخراوەدا ئاشکرا بکەین و بینوێنینەوە. هەمووان بە ئاگان لە وەی لە ئێرانی ئێستادا ژن وەکوو ئامرازێک بۆ ئاسانکردنەوەی ژیانی پیاوان، خزمەتگوزاری پیاوان و پاشکۆی بنەماڵە کەڵکیان لێ وەردەگیرێت و هەموو درگایەکیان لەسەر دادەخەن و ناچاریان دەکەن بۆ ئەوەی کە بە وتەی خودی کاربەدەستان ناوەندی بنەماڵە و ژیانی هاوسەریان نەشێوێت و تێک نەچێت، هەموو جۆرە ستەم و نادادپەروەرییەک قبووڵ و بە تەواوەتی هەموو دەسەڵاتی خۆی رادەستی پیاو بکات تا کۆمەڵگا وەکوو ژنێکی چاک سەیری بکات، واتە لە ڕوانگەی پیاوانی ئایینی ژنێک کە خۆی خاوەن ماف و کەرامەت بزانێت بۆ دەستەبەر کردنی ئەو مافانە تێبکۆشێت و هەوڵ بدات ژیانێکی باش بۆ خۆی و نەوەی داهاتووی ژنان دابین بکات ئەوە ژنێکی داوێن پاک نیە و بێگومان جێگای جەهەننەم دەبێت. بۆیە لەسەر بنەمای ئەو عەقڵیەتە ئەوە ٣٧ ساڵە ژنی ئێرانی و یەک لەوانەش ژنی کوردستانی ڕۆژهەڵات لەگەڵ کۆنەپەرەستانەترین شێوەی هەڵاواردنی جنسی لەم جیهانە هاوچەرخەدا دەستەویەخەن و بۆ نەمانی ئەو بارۆدۆخە ناچار بوون بە سەدان قوربانی پێشکەشی بزووتنەوەی یەکسانیخوازانەی کوردستان و ژنان بکەن .

لەچەق و ناوەندی ئەم کێشانەدا، ژنان لە کوردستاندا لەگەڵ هەڵاواردنێکی چەند لایەنە و چەند ڕەهەندی و زیاتر لە ژنانی نەتەوەی سەردەست بەرەورووی بوونەتەوە، ژنانی کوردستان سەرەڕای ژن بوونیان، کە لە ڕوانگەی پیاوانی ئایینی وەکوو جنسی دووهەم پێناسە دەکرێت، لە ڕوانگەی کوردبوونیشی وەکوو شارۆمەندی پلە سێ ڕەچاو کراوە، بۆیە دەبێت زۆرتر لە ژنانی دیکەی ئێران بۆ مسۆگەر بوونی خواستەکانی هەوڵ بدات و قوربانی زۆرتریش بدات، ژنان لە کوردستان لە ماوەی سێ دەیەی ڕابردووا هەوڵیان داوە، چ لەناوخۆی وڵات و چ لە دەرەوەدا لە ڕێگەی ڕێخستن و دامەزراندنی دەیان ڕێکخراوەی چالاک لە بواری مافی ژنان و زیندوو ڕاگرتنی هەستی یەکسانخوازی و ئایدیای ئازادی و داد، ئەو دەرفەتە بە کۆماری ئیسلامی نەدات کە هەموو سیاسەتە دژە مرۆڤانەکانی بەسەر کۆمەڵگای کوردەواریدا بسەپێنێت و لەوە زیاتر ژنانی کوردستان بۆ سەدان ساڵ لەمەو پێش بگەڕێنێتەوە.

ژنانی پێشمەرگەو هەموو ژنانی ناو کوردستان پێویستە و دەبێت هەموومان تێکڕا و شان بە شانی پیاوانی ئازادیخواز، شۆڕشگێر و چالاکی مەدەنی و سیاسی هەوڵەکانی خۆمان بخەینەگەڕ و تا بۆمان دەکرێت ووشیاری و ئامرازی بردنە سەرەوەی ئاستی زانستی و زانیاری ژنانی کوردستان لەگەڵ ماف و کەسایەتی ڕاستەقینەی خۆیان ئاشنا بکەین و دەرفەت و بەستێنێک بخولقێنین تا لە ڕوانگەیەکی نوێوە سەیری جێگە و پێگەی خۆمان بکەین، دەبێت بە پێی ئەو ئەرکە خەباتکارانە و مێژووییەی کە خەباتی یەکسانیخواز و دادپەروەرانەی کوردستان خستوویەتە ئەستۆمان هەموومان لە بەرامبەر زوڵم و زۆری سەردەم، لە بەرامبەر هیچ چەشنە توندوتیژیەکی جنسی بێدەنگ نەبین و لە هەر کات و شوێنێک کە ئەم دیاردە قێزەونانە مان بینی بە هەموو شێوەکان لەگەڵیدا بەشەڕ بین و بەرەورووی ببینەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاسۆی ڕۆژهەڵات - ڕێکەوتی: ٦ی دێسەمبەری ٢٠١٥

# توندو تیژی بەرامبەر ژنان بەردەوامە!



**ئاشتی عەبدوڵا**

**توندو تیژی بەرامبەر ژنان بەردەوامە! دەبێت لەدوای ٢٥ نۆڤەمبەر چی بکرێت؟**

ڕۆژی ٢٥ی نۆڤەمبەری هەموو ساڵیک ڕۆژی جیهانی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژییە دژ بە ژنان ، ئەم ڕۆژە بۆتە هێمای خەباتی ژنان و هەموو مرۆڤێکی ئازادیخواز بۆ بەرەنگاربوونەوەی توندتیژی.

لەڕوانگەی مێژووییەوە دەستنیشانکردنی ڕۆژی ٢٥ نۆڤەمبەر بە ڕۆژی جیهانی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان ، دەگەڕێتەوە بۆ یادی کوشتنی (خوشکانی میرابال).

خوشکانی میرابال پێکهاتبوون لە سێ خوشک کە ئۆپۆزسیۆن و چالاکی سیاسی بوون لە کۆماری دۆمنیکان دژ بە سیستمی حوکمڕانی دیکتاتۆری (ڕافاییل تروخیلو) کە ئەو کات فەرمانڕەوای دومنیکان بوو. لە ساڵی ١٩٦٠ بەشێوەیەکی وەحشیگەرانە ئەم سێ خوشکە لەلایەن پیاوانی ڕژێمەوە تیرۆرکران.

خوشکانی میرابال لە چوارچێوەی ڕێکخراوێکی سیاسی بە ناوی ( بزووتنەوەی چواردەی یونیو) خەباتی سیاسییان دژ بە ڕژێمی دیکتاتۆری بەڕێوە برد، بەڵام سەرەنجام بە تیرۆرکردنیان کۆتایی هات. لەو کاتەوە ئەم خوشکانە بوون بە هێمای خەباتکردن بۆ ئازادی و یەکسانی و کۆتایهێنان بە چەوساندنەوەی ژنان.

نەتەوە یەکگرتووەکان لە١٧ی دیسەمبەری ساڵی ١٩٩٩، بڕیاریدا ٢٥ ی نۆڤەمبەر ڕۆژی تیرۆرکردنی ئەوان، وەک ڕۆژی جیهانی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان بناسێنێت.

توندوتیژی ڕەگەزی دژ بە ژنان مێژوویەکی هەزاران ساڵەی هەیە، درککردن و تێگەیشتنی مرۆڤ لەئاست هەموو ئەو توندوتیژیی و جیاکارییە ڕەگەزی و پێشلکردنەی مافی ژنان کەهەیە ئەستەم نییە، بەڵام ئاسانیش نییە تا تێبگەیت کە خواستی پیاوسالار بۆچی بەو جۆرەیە!

توندوتیژی و کوشتن و دەست درێژی هەموو جۆرەکانی تری ئازاردان کەبەرامبەر ژنان دەکرێت، ڕەهەندێکی مێژووی هەیە ، ئەم حاڵەتە لەکلتووری داسەپێنراوی پیاوسالارو دینەوە سەرچاوەی گرتووە. سەرەڕای ئەوەی ئێستا مرۆڤایەتی قۆناغی زۆری تێپەڕاندوە، هەر لەڕێزگرتنی مرۆڤ و بەشارستانی کردنی جیهان و پێشکەوتن لەهەموو بوارەکاندا، بەڵام لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا نەتوانراوە ڕێگە لەتوندوتیژی بیگیرێت و دونیایەکی ئارام بۆ مرۆڤەکان فەراهەم بکرێت.

جگە لەوەش کۆمەڵێ هۆکار هەیە لەوانە بێدەنگ بوونی ژنانە لەئاست ئەو توندوتیژیانەی بەرامبەریان دەکرێت، ڕازی بوونیانە بەو بارودۆخە. هەروەها ئاستی ڕۆشنبیری هەردوو ڕەگەز کاریگەری ڕاستەوخۆی هەیە، جگە لەوەش درێژەدان بەو کلتوورو نەریت و عادەتانەی کە کۆمەڵگە پێوەی دەناڵێنێت، تیایدا ژنان دەبنە قوربانی. هەروەها نەبوونی پەناگەیەک و پاڵپشتێک بۆ ژنان، کە لە حاڵەتێکی لەوجۆرەدا بتوانێت بۆ دەربازبوون پەنای بۆ بەرێت ڕازی نەبێت بەقبوڵکردنی ستەم.

هەروەها نەبوونی یاسایەک بۆ سزادانی بکەرانی توندوتیژی. لەگەڵ هەموو ئەو هۆکارانەی باسکرا، بەڵام سەرەکیترین هۆکاری توندو تیژی کە بەرامبەر بەژنان دەکرێت، خودی دەسەڵاتی پاوانخوازی عەقڵیەتی پیاوسالارە، تا تەواوی دەسەڵاتەکانی تا ئەو جێیەی دەستی پێدەگات بۆ خۆی قۆرغ بکات، ئیتر ئەم دەسەڵاتە، لە ناو خێزاندا بێت کە بەرامبەر بە دایک و خوشک و هاوسەر و کچ، یان لەسەر ئاستەکانیتر وەک ویستی دەسەڵات لە دامەزراوەو شوێنی کارکردن و تەنانەت لەدەزگا حکومییەکان و لەکایەی سیاسی و ئابوورییشدا .

ئەم ویستی پاوانخوازییە، پیاوسالار دەگەیەنێتە ئەو ئاستەی ئەگەر بەنەرمی نەیتوانی زاڵ بێت بەسەر ڕەگەزی بەرامبەری و بڕیاربەدەست بێت لەجێی ئەو واتە ژن ، ئەوا پەنا دەباتە بەر توندوتیژی بەهەمووجۆرەکانییەوە تا کوشتن.

لەکۆمەڵگەی کوردیدا ئەم جۆرە دیدو تێروانینەی پیاوان زۆر بەئاشکرا و بێ ڕووپووش بەدی دەکرێت. کاتێک باوکێک ناتوانێ ڕێگری لەکچەکەی بکات و لەجێی ئەو بڕیار لەسەر ژیان و داهاتووی بدات ، ئەوا پەنا بۆ توندو تیژی دەبات تا ڕادەی کوشتن.

کاتێک پیاوێک لەگەڵ ژنەکەی ناگونجێت و ناتوانێت تەواوی دەسەڵاتەکانی فەرمانڕەوایی خێزانەکەی بگرێتە دەست، ئیتر شۆک دایدەگرێت و ناکرێت ئەوی پیاو دەستەو وەستان بێت، هەموو ڕێگاکانی توندوتیژی و ئازاردانی جەستەیی دەگرێتە بەر تا زۆر جار کوشتنیشی تێدەکەوێت.

ئەمە بەشێکی لایەنە کۆمەڵایەتیەکەی، لەلایەنە سیاسیەکەشەوە بەهەمان شێوە پیاوسالارەکان تەواو ویستی قۆرغکردنی ئەو بوارەیان

هەیە و بەدەگمەن قبوڵیانە ژنان لەو بوارەدا دەرکەون و بڕیار بەدەست بن، زۆرجار دەیان کێشە بۆ ئەو ژنانە دروستکراوە تا دووریان بخەنەوە لە بەشداری سیاسی. لەهەموو بوارەکانیتریش بەم جۆرەیە.

ئەمرۆش دوای تێپەڕبوونی چەندین دەیە بەسەر تیرۆرکردنی سێ خوشکەکەی میرابال، دوای خەباتی کۆمەڵگەی نێو دەوڵەتی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان ، کەچی هێشتا توندوتیژی، لەهەموو شوێنێکی جیهاندا بوونی هەیە، بەڵام لەشوێنێکەوە بۆ شوێنێکیتر ڕێژەکەی جیاوازە، بەپێی کلتوور و ئاین و دەسەڵات و وڵاتەکان دەگۆڕێت.

بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم ڕاستیە دەکرێت سەرنج بدەینە ڕاپۆرتی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان لەسەر ئاستی جیهان بۆ ڕەوشی ئێستای مافەکانی ژنان و ئاستی توندوتیژییەکان ئامادەی کردوە:

- ٧٠% ژنان ڕووبەڕووی توندوتیژی جەستەیی دەبنەوە، یان لە میانەی ژیانی ڕۆژانەدا لەلایەن هاوسەرەکانیانەوە ڕووبەڕووی توندوتیژی جەستەیی بوونەتەوە
- زیاتر لە ١٣٠ ملیۆن کچ کە تەمەنیان لە خوار پانزە ساڵییەوە ڕووبەڕووی خەتەنەکردن و شێواندنی ئەندامی زاوزێ بوونەتەوە.
- تەنانەت وڵاتانی ئەوروپاش بێبەش نییە لە توندوتیژی دژ بە ژنان، بە پێی ڕاپۆرتی لیژنەی مافی مرۆڤی یەکێتی ئەوروپا ٣٤% ژنانی ناو وڵاتانی یەکێتی ئەوروپا ڕووبەڕووی سزادانی دەروونی بوونەتەوە.
- بە پێی ئەو خەمڵاندنەی نەتەوە یەکگرتووەکان ئەنجامیداوە لە ساڵی ٢٠١٢ نیوەی ئەو ژنانەی لە سەر ئاستی جیهاندا بە هۆکاری جیاواز کوژراون ، لەلایەن کەس و کاری نزیکیانەوە کوژراون.
- زیاتر لە ٧٠٠ ملیۆن کچ ناچار کراون بە منداڵی(خوار تەمەن ١٨ ساڵ) هاوسەرگیری بکەن
- زیاتر لە ١٢٠ ملیۆن ژن ڕووبەڕووی سێکسی زۆرە ملی بوونەتەوە، ئەمەش زیاتر لە لایەن هاوسەری ئێستا یان پێشوو یان کەسی نزیکیانەوە ئەنجامدراوە.
- ژنان ٧٠% سەرجەم ئەو ژنانە پێکدینن کە لەسەر ئاستی جیهانیدا بازرگانیان پێوە دەکریت.

لە هەرێمی کوردستانیش سەرەرای بانگەشەی بەردەوام بۆ ڕووبەڕووبونەوەی توندوتیژی دژی ژنان، کەچی ئاستی توندوتیژییەکان لە هەڵکشاندایە ، دەستەی مافی مرۆڤی هەرێمی کوردستان لەراپۆرتێکدا ئاماری توندوتیژییەکانی بەرامبەر بە ژنان لەشارەکانی هەرێمی کوردستان بڵاوکردەوەو بەپێی ڕاپۆرتەکە "لەماوەی شەش مانگی یەکەمی ئەمساڵدا ٦٥ حاڵەتی توندوتیژی سێکسی لەگەرمیان و سێ پارێزگاکەی هەرێم تۆمارکراوە".

هەروەها لەبەشێکی دیکەی ڕاپۆرتەکەدا هاتووە "لەماوەی شەش مانگی یەکەمی ئەمساڵ لەپارێزگای هەولێر ١٢ ژن خۆیان کوشتووە ١٢ی دیکەش کوژراون، هاوکات ٤١ حاڵەتی سوتان و ٢٢ حاڵەتی خۆسوتاندن تۆمارکراوە و ٣ حاڵەتی سێکس و ١٢٥٥ سکاڵاش تۆمارکراوە" ، سەبارەت بەسلێمانیش لەڕاپۆرتەکەی دەستەی مافی مرۆڤی هەرێمی کوردستاندا هاتووە "لەپارێزگای سلێمانی ٦ حاڵەتی کوشتن و ١١ حاڵەتی خۆکوشتن و ٢٤ حاڵەتی سوتان و ١٧ حاڵەتی خۆسوتاندن و ٢٩ حاڵەتی سێکسیو ٦١٦ سکاڵاش تۆمارکراوە".

لەبارەی پارێزگای دهۆکیش لەراپۆرتەکەدا هاتووە "لەپارێزگای دهۆک ٤ حاڵەتی کوشتن و ٨ حاڵەتی خۆکوشتن و ٢٣ سوتان و ١٠ خۆسوتاندن تۆمارکراوەو ٢١ حاڵەتی توندوتیژی سێکسی و ٩٦٤ سکاڵاش تۆمارکراوە". لەدوا بڕگەی راپۆرتەکەشدا هاتووە "لەسنوری ئیدارەی گەرمیانیش ٦ حاڵەتی کوشتن و ٢ خۆکوشتن و ٧ سوتان و ٨ حاڵەتی خۆسوتاندن و ١٢ حاڵەتی گێچەڵی سێکسیو ٤٤٠ سکاڵا تۆمارکراوە".

تا ئێستاش ژنانی کورد رووبەرووی جۆرەها توندو تیژی دەبنەوە هەر لەلێدان و سوکایەتی پێکردن و ڕێگری کردن لەبەدیهێنانی خەونەکانیان و کوشتنیان، لەگەڵ ئەوەش هەمیشە ژنانێک هەبوون لەسەر ئاستی تاک و زۆرجاریش دەگمەن لەچوارچێوەی ڕێکخراوێکدا رووبەرووی ئەم دەسەڵاتە پاوانخوازە بونەتەوە، کە توندوتیژیان بەکارهێناوە بەرامبەر بەژنان، هاوکات پیاوانێکی مرۆڤدۆست کەباوەڕیان بەیەکسانی رەگەزی هەیە، هاوکاری خەباتی ژنان بوون.

لەماوەی رابردوو چەندەها ژن کوژران و ئازاردران و مافیان پێشێل کرا، لەگەڵ هەموو رووداوێکی کوشتندا ژنان هاتنە دەنگ بەڵام دەنگیان نەگەیشتە دەسەڵاتداران، بەهۆی دەسەڵاتی زۆری پیاوسالاری لەکۆمەڵگەو حوکمڕانیشدا. ماوەیەک پێش ئێستا ژنێک بەناوی (سنوور) لەپارکی دایک بووە قوربانی و کوژرا .
ئەم رووداوە ژنان و پیاوانی ئازادیخوازی کۆکردۆتەوە و داوای بەسزاگەیاندنی تاوانباران دەکەن و سورن لەسەر پێداچوونەوەی ئەو یاسایەی کە بۆ نەهێشتنی ژن کوشتن و توندوتیژی هەیە. بەهار مونزیر یەکێکە لەژنە چالاکوانەکان دەڵێت-: (لە ٢٥ نۆڤەمبەر دا نامانەوێت تەنها رۆژێکی رەمزی بێت و تێپەڕێت دەمانەوێت لەو رۆژەدا بە چەندەها چالاکی مەدەنی، ژن کوشتن مەحکوم بکەین تا ژن کوژەکان بەسزا دەگەن)

ماوەتەوە بڵێین، دوای سەرنجدان لەئامارو راپۆرتەکان، واقیعی ژیانی ژنان لە سەر ئاستی جیهان و کوردستانیشدا هێشتا لەمەترسیدایە، گەر ئیرادەیەک هەیە لەم کۆمەڵگەیەداو لەدەسەڵاتیشدا بۆکۆتایی هێنان بەتوندو تیژی بەرامبەر ژنان، پێویستە لە ٢٥ی نۆڤەمبەری ئەمساڵەوە هەوڵەکان یەک بخرێت بۆ بە رەنگاربوونەوەی ئەو حاڵەتە، هەروەها جیاوازی بکرێت لەنێوان قسەکردن و جێبەجێکرنی ئەو قسانەی لەسەر ئەو پرسە دەکرێت بۆ راگرتنی توندو تیژی، واتە گۆڕینی دروشمەکان بۆ کردار و کارکردن لەسەر واقیع، بونیادنانەوەی تاک ، خۆڕێکخستنەوە لەدیدێکترەوە کە گوتارەکانی تایبەت بەو پرسە فۆرمەلە بکرێتەوە، بڵاوکردنەوەی هۆشیاری لەکۆمەڵگە، زیادکردنی فشارەکان لەسەر دەسەڵات بۆ جێبەجێکردنی یاسا و ڕێگری کردن لەتوندوتیژی، بونیادنانەوەی سیستەمی پەروەردەیی، هەوڵدان بۆ سەرکەوتنی ئیرادەی ئازادیخوازی و مرۆڤ دۆستی لەبەرامبەر عەقڵیەتی پیاوسالاری و کلتورو عادەتە باوە دواکەوتووەکان، راگرتنی هەر جۆرە فەتواو گوتارێک کە تیایدا هانی توندوتیژی بدرێت.

لە ڕێگای پرۆسەیەکی لەو شێوەیە دەتوانین هەنگاوی پێویست بنێین بۆ بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی رەگەزی. هەمیش نموونەی گەلێکی شارستانی و مرۆڤدۆست نیشانی جیهان بدەین.

سەرچاوە: ماڵپەڕی بیرکردنەوە - ڕێکەوتی: ١٧ی نۆڤەمبەری ٢٠١٥

# ژنان و وشەی توندوتیژی و هۆکارەکانی



**نوسین و کۆکردنەوە: فەرانەک ئەڵماسی**

هەر کاتێ کە گوێمان لە وشەی توندوتیژی دەبێ، یەکسەر توندو تیژی بەرامبەر بە ژنانمان بیر دەکەوێتەوە، چونکە لێرەو لەوێ ئەوەندەمان بینیوەو بیستووە کە ژن چۆن ئەشکەنجە دراوە، و چەوسێنراوەتەوەو مافەکانی پێشێل کراوەو بۆتە قوربانی و سووتەمەنی ئەو توندو تیژی یە، جا هەر چەندی لەسەری بنوسرێ هەر کەمە بۆ ئەوەی هەمو کات ئیمە بە چاوی خومان بینیومانە کە چون دایکەکانمان بەرانبەریان توندوتیژی کراوە، چون مافەکانیان پێشێل کراوە، هیچ کات ئیزنی ئەوی کە قسەی خۆیان بەرنە کورسیان پێ نەداروە و تەنانەت خوشمان کە کچ و ژن بووین بە هەمان چەشن لە گەڵمان هەڵسووکەوت کراوە.

بەڵام سەرەتا توندوتیژی چیە؟ هەر ئازاردان وچەوساندنەوەو پێشێل کردنێک دژی کەسی بەرامبەر پێ ی دەوترێ توندوتیژی.جا ئازاردانەکە جەستەیی یان دەروونی یان ئازاردانی سێکسی بێت فەرق ناکات، مەبەستەکەی ئێمە لێرەدا توندوتیژی یە دژی ژنان، ژن لەم گەردوونەدا بەگشتی ولەکۆمەڵگەی ئێمەدا لە کوردستانی رۆژهەلات، بەتایبەتی زۆر توندوتیژی بەرامبەر کراوەو دەکرێ و هەرلەمێژە زۆر کاروباری قورسی بەسەردا سەپێندراوەو دەسەپێندرێ ،زۆربەی ئەو کارانە بەبێ پرس وئاگاداری ئەو بووە ،ئەوەش بەشی هەرە زۆری دەگەڕێتەوە بۆ سیستەمی پیاو سالاری داسەپاوی رژیمی ئیسلامی ئێران، ئەم سیستەمە تا ئێستاش لەلای ئێمە ئێکسپایەر نەبووە ومێژووی بەسەرچوونی کراوەیە وپیاو هەموو شتێکە (بەشێوەیەکی گشتی) لە ناو کۆمەڵگەو لەماڵەوە و لە زۆربەی کاروبارەکاندا بڕیار بە دەستە و قسەی یەکەم و کۆتایی هەر ئەو دەیبڕێتەوە.

توندوتیژی گەلێ جۆری هەیە، هەیە جەستەیی یەو هەیە دەروونی یە وتوندوتیژی هەیە سێکسی یە:

١- توندو تیژی جەستەیی بریتی یە لە کوشتن، و لێدان، و ئازاردان بە هەر ئامرازێک کە لە پێش دەستدا بێت بە بێ ئەوەی بیر

لەوە بکرێتەوە کە ئەگەری ئەوە بێت کە ئەو ژنە یان کچە کە ئازار دەدرێت تووشی جورێک کەم ئەندام بوون یان ناتەواو بوونی جەستەی بێت و داهاتوی بە تەواوی بێ ئاکام بێت.

٢- توندو تیژی دەروونی بریتی یە لە چەوساندنەوەو جنێودان، قسە و قسە لۆک، گوشار خستنە سەر ژن بە هۆکاری نادیار یان بە هۆکاری دڵ پیس بوونی پیاو، یان برا لە خوشک، دەرکردنی ژن لە لایەن هاوسەرەکەیەوە لە نێو ماڵدا و هەندێک شتی تر لەوانە.

٣- توندوتیژی سێکسی بریتی یە لە دەستدرێژی کردنە سەر ژنێک کە هیچ مەیلیکی بۆ سێکس کردن نیە، لێدان و ئەشکەنجەی ژنێک کە بە شێوەی زۆرە ملێ سێکسی لە گەڵدا دەکرێت، کە زۆر جار ئەو شێوە توندوتیژیە لە لایەن هاوسەرەوە روو دەدات، یەکێکە لە خراپ ترین شێوە ی توندوتیژی بەرانبەر بە ژن کە هیچ کات لە یادی ناچێت و باوەری تەواوی بە پیاو نابێت.

٤- هەروەها دڵ پیسی وخەتەنە کردنی کچ و بەزۆر بەشوودانی وژن بەژن کە بە خۆشحاڵیەوە ئێستاکە ئەوە هەر باوی نەماوە، وگەلێ رووداوو دیاردەی دیکە دەچێتە قاڵبی توندوتیژی و بەتوندو تیژی دژی ژنان بە ئەژمار دێت. بە بڕوای کارناسان و رۆناکبیران، ژن پیرۆزترین مرۆڤە لە سەر رووی زەویدا لە بەر ئەوەی "دایکە، خوشکە، هاوسەرە، هاورێیە، دڵسوزە" چۆن دەکرێ بە ئاسایی دایک و خوشک و هاوسەر ئازار بدرێ و بچەوسێندرێتەوە و ژیان و داهاتویان لێ تاڵ بکرێت تەنیا لە بەر ئەوەی هێز و توانای ژن بە قەت هێزی جەستەیی پیاو نابێت.

هەموو ژنانی کوردستان هاوکات لە گەڵ ژنانی ئێران پێویستە بۆ ئەوەی مافەکانی ژن پێشێل نەکرێت و ژنان بگەن بە مافەکانی خۆیان، زەخت بخەنە سەر دام ودەزگاکانی کۆماری ئیسلامی و کاربەدەستانی دەوڵەت، کە بە یاساو دەرکردنی یاسا سزای ئەوانە بدەن و هەر وەک خۆیان مامەڵەیان لەگەڵ بکەن کە ئازارو ئەشکەنجەی ژن دەدەن و ژن بە کەسێکی لاواز تەماشا دەکەن، دەبێت رژیمی ئیسلامی ئیزنی ئەوە بدات بە ژنان کە رێکخراوەیی ژنانیان هەبیت و ئەگەریش رێکخراوی و ئین جی ئویان هەیە بە مافی خۆیانی بزانێ کە چالاکیەکانیان بەرێن تر بکەن و بەربەستیان بۆ ساز نەکات لە بەر ئەوەی بتوانن بەشداری چالاکانەیان هەبێت لە بەر داکۆکی کردنی مافەکانی خۆیان و هاورەگەزەکانیان. دەبێت ژنان تێک ڕای یەک تێبکوشن بۆ ئەوەی دەست لە ناو دەستی یەک بۆ وەدەست هێنانی مافە زەوت کراوەکانیان دژی نەیارانی خۆیان بوەستنەوە و ئیتر چی دیکە ئیزنی ئەوە نەدەن کە بەرانبەریان توندوتیژی بکرێت.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاسۆی رۆژهەڵات - ڕێکەوتی: ٣٠ی جوولای ٢٠١٥

# بۆ توند و تیژی بەرهەم دێتەوە، بۆ بەرەنگاربونەوەی چی پێویستە ؟



نەجیبە قەرەداخی

هیچ دیاردە و میکانیزمایەک وەک توند و تیژی وێرانکەر نیە. لە کوێ کۆیلایەتی، برسێتی، بێ کاری، بێدەنگی لەبەرامبەر زوڵم هەبێ لەوێ دا توند و تیژی هەیە و بۆ باڵادەستی بەکارهێنراوە. توند وتیژی بۆ ڕەوا کردنی دەسەلاتداری و درێژەپێدانێتی و سەرچاوەی هەمو پرس و قەیرانەکانە. هیچ گەلێک بە هێندەی گەلی کورد و هیچ ئاینێک بە هێندەی ئاینی ئێزدایەتی و هیچ بەشیکی کۆمەلگە بەهێندەی ژن توند و تیژی لە بەرامبەر نەکراوە. ڕوداوەکانی دەیان ساڵی رابردو و بە تایبەتی لەم چوار ساڵەی دواییەدا لە لایەن دەولەتانی داگیرکەری کوردستان و داعش کە لە لایەن هێزی ناوچەکە و نێونەتەوەیی پاڵپشتی دەکرێ بە ڕێبازی دڕاندانە لەبەرامبەر کۆمەڵگەکانی رۆژهەلاتی ناوین توند وتیژیەک بەڕێوەدەبات کە سەردەمی ناوینیشی تێپەڕاندوە.

تێکۆشان و خۆپاراستن لەبەرامبەر توند و تیژی و بونیادنانی سیستەمێکی ئەلتەرناتیڤ مافێکی سروشتی، هەم مافێکی گەردونی و یاساییە.

ئەمرۆ گەلی کورد لە سیستەمی خۆپاراستن لەبەرامبەر توند وتیژی داعش نمونەی ناوازەی نیشانەی هەمو جیهان دا، هێرشەکانی داعش و وێرانکارییەکانی، دڕاندایەتی و جەوهەری دەوڵەت نیشان دەدات کە ڕیشەکەی بۆ هەزاران ساڵ دەگەرێتەوە. بەردەوامی ئەو توند و تیژیە و نەگرتنەبەری ڕێ و شوێن لەبەرامبەری نیشانی دەدات کە کە دەولەت و ماهیەتی باش نەناسێنراوە و میکانیزمەی بەهێزی خۆپاراستنی لەبەرامبەر بونیاد نەنراوە، هێرشەکانی پاریس و ئەنکەرە لەلایەن چەتەکانی داعشەوە و و هاوکارەکانیان بە تەواوی دەستبەتاڵی دەوڵەتەکان نیشان دەدات

دەولەت لانی کەم بۆ کورد ئاشکرا بووە کە چ دەزگایەکی تالانکاری، کوشتن ودرندایەتیە، بەڵام هەر ئەو دەوڵەتانە چ ڕۆژهەڵاتی بن

یان ڕۆژئاوایی و لە دۆخی هەرە پێشکەوتوی تەکنیکی سەربازیش دا بن ناتوانن هاولاتیانی خۆیان بپارێزن . ئیتر پسپۆرانیش ئاماژە بە مۆدێلی خۆپاراستنی خۆجێی کورد دەکەن. ئاکادیمیسیان سۆلی ئوزەل لە ریپۆرتاژێکی دا لە سەر پرسی توند وتیژی ئاماژە بە گرنگی میکانیزمانی خۆپاراستن دەکات و، دەلێ دەولەتان ئیتر تەنانەت هاولاتیانی خۆیشیان پێ ناپارێزرێ".

میکانیزمی خۆپاراستنی ژنانی کورد و گەلی کورد بە گشتی، خۆرێکخستن کردن، وشیاری و پەروەردە و دەزگابونی دیموکراتی و خۆجێیە لەو رێ و شوێنانەیە کە بایەخ و گرنگی خۆی بۆبەرەنگاربونەوەی توند و تیژی پەیدا کردووە. بەلام شتێکی کە دەبێ زیاترین تێکۆشانی لە بەرامبەر بکرێ ئەو زهنیەتەی داعش کە لە دەسەلاتدارانەوە خۆی خزاندۆتە نێو تاکەکانی کۆمەلگە و خێزانەوە کەبەشێوازە قەبەکەی دەولەت و داعشە و لە شێوازی دیکەی دا لە نیو خێزان دا خۆی نیشان دەدات. تێکۆشان لە دژی توند و تیژی سەرەتا بۆ خۆناسین دەبێ. کۆمەلگە و ژنێکی کە خۆی نەناسێ و بە مافی خۆی ئاشنا نەبێ ناتوانێ لە دژی توند و تیژی تێبکۆشێ . تێکۆشان لەدژی توند و تیژی سەرەتا پێویستی بە رێکخراوەبون هەیە و داکۆکی نەکردن لە رێکخراوەبون و سستبون لە تێکۆشان دا دەبێتە هۆی بەردەوامی توند و تیژی، چونکە توند وتیژی هەمیشە هێز و ڕەوایی خۆی لە پارچەبون و رێکخراوە نەبونی ژنەوە دەگرێ، ئیتر ئەو توندو تیژیە لە بنەمالەوە بێ یان دەزگاکانی دەولەتەوە وەک یەکە.

لە هەمو بەشەکانی کوردستان توند وتیژی لە دژی ژن بێ ناوبەر بەردەوامە بەلام هیچ بەشێک وەک باشوری کوردستان رێژەی توند و تیژی بەرز نیە، بە پێی ڕاپۆرتی دەستەی مافە مرۆڤی هەرێمی کوردستان لە ماوەی٩ مانگی رابردودا کە لە چەند پارێزگای هەرێم تۆمار کراوە توند و تیژییەکانی بەرامبەر بە ژنان بە رێژەی ٥٤% زیادی کردوە و سەدان ژن لە ماوەی ئەو نۆ مانگەدا بونەتەقوربانی توند و تیژی و هەندێ ئاماری تر باش لە کوشتنی ٤٠٠ ژن دەکات لە ماوەی سالێکدا. هەلوێستی دەسەلات، دەزگاکانی میدیا، رێکخراوەکانی ژنان و بنەمالە وەک چوار دەزگای بەرپرسیار و پەیوەندیدار لەیەک نمونەی وەک کوشتنی سنور عومەر و بە خاک سپاردنەکەی دا بەسە بۆ ئەوەی کە ماهیەتی ئەو عەقلیەتە تێبگەین کە کۆمەلگەی پێ بەرێوەدەبرێ. کۆمەلگەکەیەک ژنانی بێ پاراستن، بێ رێکخستن و بێ پەروەردە و بێ دەزگا بن، دەسەلاتەکەی تا دوا ڕادە سەرکوتکەر و بێ باک، خێزانەکەی دوورەپەرێزی بەرپرسیارێتیەکی سروشتی بێ لە ئاست تاکەکانی دا، سەختە کە توند وتیژی تێدا بنەبڕ بکرێ، ژنان و بە گشتی تاکەکانی وەها کۆمەلگەیەک پێویستی بە بەشداری راستەوخۆ هەیە لە خۆبەرێوەبردن دا بۆ ئەوەی کە هەست بە بونی خۆی وەک تاکێکی کۆمەلگە بکات، بەشداری ڕاستەوخۆ لە سیاسەت و خۆبەرێوەبردن دا گەشە بە ئیرادەی تاک دەدات، هەست بە بونی خۆی دەکات، درک بەوە دەکات کە پەراوێزناکرێ، تاکە پەراوێزبونەکان زیاتر دەخزێنە نێو پەیرەو کردنی توند وتیژی هەم لە بەرامبەر خۆیان و هەم لە بەرامبەر کۆمەلگەکەی خۆیان و ئەوانی دیکەش نمونە هەرە زەقەکەی لە داعش و نمونەی دیکە لە توند و تیژیەکانی دیکەدا دەبینرێ.

بەلام کاتێ دەسەلاتداران تەنانەت خاوەنداری کردن لە تەرمی ژنێک وەک هەرەشە دەبینن، ئەو پەیامە دەدەنە کۆمەلگە و ژنان کە " بشکوژرێن نابێ کەس خاوەنداریتان لێ بکات" ئەمە ئەو زهنیەتەیە کە هەمو رۆژێ ژن دەکوژێ. گەورەترین هەلە ئەوەیە کە رێکخراوەکان و کۆمەلگە پێیان وابێ دەسەلات و حکومڕانان لە نمونە بەرچاوەکەی دا حکومەتی هەرێم دێت و توند وتیژی بنەبڕ


دەکات، لە کاتێکدا دەسەلات خۆی سەرچاوەی توند وتیژیە، سەرەتا دەبێ ئەو رێکخراوانە لە درکی ئەوەدا بن کە هێزی خۆیی خۆیان دەکرێ دەروازەی چارەسەری بێ و پاشان دەکرێ لەو دەرفەتانەی کە دەوڵەت کۆنترۆڵی کردوە، ببنە هێزی فشاری سەندنەوەی ئەو دەرفەتانە بۆ خزمەتی کۆمەڵگە. تێکۆشان لە دژی توند و تیژی لە هەمان کات دا تێکۆشانە لە دژی دەسەلات و لێسەندنەوەی ئەو مەیدانانەیە کە دەوڵەت بە زۆرداری و ستەم زەوتی کردوە و لە خزمەت تویژێک دا بەکاری دێنێ.

سەرنج بدەن لە بەرنامەی پارتەکانی باشوری کوردستان شتێک بەناوی پلان و ستراتیژی ئازادی ژن و کۆمەڵگە نیە، لە پرۆگرام و پلانیان دا پرسی ئازادی جێی باس نیە، پرسە کۆمەلایەتیەکان نەبۆتە مایەی گفتوگۆی نێوان پارتەکان، تەنانەت ئەو بابەتە بۆ جارێکیش نەبۆتە بابەتێکی کێبەرکێی هەلبژاردن.

بۆ ئەوەش تێکۆشان لە دژی توند و تیژی دەبێ لە مەیدانی کاردانەوەی بگوزارێتەوە بۆ " کاردانەوە و بونیادنان" لە کاتێکدا کە نارەزایی لەبەرامبەر سەرچاوە، فاکتەر و هۆکارەکانی توند و تیژی نیشان دەدرێ لە هەمان کات دا دەبێ ئەلتەرناتیڤەکەشی بونیاد بنێ. پەرە بە گۆڕەپانەکانی خۆپاراستن و خۆبەڕێوەبەری کۆمەڵگە و بەشداری ڕاستەوخۆ بدرێ. ئەگەر نا دەیان ساڵیش تریش تێپەڕ دەبێ، ساڵانە و لەم ڕۆژەدا کاری ڕێکخراوەکان دەبێ ڕاگەیاندنی هەندێ ئامار و لێدوانی سەر کاغەز.

سەرچاوە: ماڵپەڕی بیرکردنەوە - ڕێکەوتی:٢٥ی نۆڤەمبەری ٢٠١٥

# لاواردن دژی ژنان لە کۆماری ئیسلامی



**ن: فەرانەک ئەلماسی**

ژن هەوێنی ژیانی کۆمەلایەتییە، کاری ئابووری، تێکۆشان و پێناسەی کۆمەلایەتی، خەباتی بەکۆمەڵ، هەست بە ژیان لەگەڵ کۆمەڵ و هتد، بابەتگەلێکن کە پێوەندی مێژوویی و نەپساویان لەگەڵ ژن هەیە. کێشەی ژن لە حاڵێکدا وەک گرفتێکی فەرهەنگی و دەروونی وەبەرچاو دەکەوێ، گرفتێکی گەلێک سیاسیشە. سیاسەتی دەوڵەتانی ئیسلامی کە لە ڕێگای باوەڕە دەروونیەکانی خۆیانەوە دەچێتە مێشکی بنەماڵەکان، مێشکیان بە دیلی خۆی دەکا و ئەو حکوومەتە ئیسلامییانە زۆرترین ناهەقی دەرهەق بە ژنان ڕەچاو دەکەن. ئامرازێک کە بەردەوام بۆ چەوساندنەوە و داسەپاندنی دەسەلات کەڵکیان لێوەرگرتووە، کێشەی ڕەگەزی و هەلاواردنی ڕەگەزی بووە.

چونکە کۆمەڵگایەک کە ژنان تێیدا بێدەسەلات بن و تەنیا لە ڕوانگەی ڕەگەزی سەیر بکرێت، ژنەکانی بێ دەسەلاتن و دەسبەسەرن و لە ئاکامدا منالانی لەو ژنانە دەبن، گوێ لەمشت و ژێردەستەی دەسەلاتی حکوومەتن. بەو پێیە، کۆمەڵگا سڕ و دیل دەبێ و خەڵکەکەی خاوەن هیچ ئیرادەیەک نابن و ناتوانن داخوازییەکیان لە حکوومەتەکەیان هەبێ.

هەربۆیە یەکێک لە بنەڕەتیترین گرفتی ژنان لەگەڵ دەسەلاتی کۆماری ئیسلامی، یاسایی بوونی هەلاواردنی ڕەگەزی و زوڵم لە ژن و مافەکانییەتی. ئێمە بەردەوام شاهیدی پەرەسەندنی ڕەوتی پلانەکانی هەلاواردنی ڕەگەزی دژی ژنان دەبین. کاتێک کەسێک جیا لە پێناسەی مرۆڤایەتییەکەی دەخرێتە چوارچێوەی ڕەگەزی و لەو ڕوانگەیەوە تاریف دەکرێت، تەواوی توانایی و پێداویستییەکانی ئینسانی ئەو لەپەراوێز دەخرێن. ژنانی ئێمە لە ئێران لەژێر زوڵم و زەختی فەرهەنگی پیاوسالاری دەسەلاتدار، بارودۆخی نایەکسان و نامرۆڤانە تەحەمول دەکەن و لە مافی مرۆڤایەتی کە بریتییە لە مافی سیاسی، مەدەنی و کۆمەلایەتی بێبەشن. لە تەواوی بوارەکانی کۆمەڵگادا دەکەونە بەر سوکایەتی پێکردن و هەلاواردن. هەر لە راگەیاندنەکانەوە بگرە تا بەشی پەروەردە، و راهێنان و فێرکردن بە شێوەیەکی بەرچاو و بەربلاو رۆژانە فەرهەنگی پیاوسالاری بەشێوەی ئاشکرا و شاراوە پڕۆپاگەندەی بۆ دەکرێ.

هۆی جۆراوجۆر لە شکڵگرتن و خوڵقانی توووند و تیژی دژی ژنان لەگۆڕێدا هەن کە یەک لەوانە شێوە و چۆنییەتی ژیانی سوننەتییە، و لەودا پیاو بەرپرسی دابینکردنی بژیوی بنەماڵە و ژن بەرپرسی پەروەردەی منداڵ و جێبەجێکردن و ڕاپەڕاندنی کاروباری ماڵەوەیە. زۆربەی گرفتی ژنان دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی سەربەخۆیی ماڵی و نەبوونی سەربەخۆیی ئابووری. ژنێک کە لە باری ماڵییەوە سەربەخۆ نەبێ، هەست بە مرۆڤ بوون ناکات و توانایی بەربەرەکانیی لەگەڵ توووند و تیژی و هەڵاواردنی ڕەگەزی نابێ و سەرەتاییترین و بنەڕەتیترین ئامرازی ئەو بەربەرەکانییەی، کە لێ‌دەستێندرێتەوە.

هۆی دیکەی توووند و تیژی و هەڵاواردنی ڕەگەزی دژی ژنان، هۆی فەرهەنگی و ئایینییە کە بە ئەنقەست و بەمەبەستی ژێردەستەکردن و حوکمڕانی زۆرتر بەهۆی حکوومەت و بەشێوەی سیستیماتیک پڕۆپاگەندەی بۆ دەکرێ. بەتایبەت جیاوازی نێوان ژن و پیاو لەمەڕ دانی دییە و بایخی ژن لەکاتی شاهیدی دان لە دادگا و بەشە میراتی ژنان و کچان لە بنەماڵەکانیان و هتد. ژنان بۆ ڕزگاری لەو بارودۆخە ناعادڵانەیە دەبێ دەستی دین لە سیاسەت و حکوومڕانی کورت بکەنەوە تا دەسەڵاتدارانی سەرەڕۆ نەتوانن لە باوەڕەکانی دینی خەڵک کەڵکی نابەجێ وەرگرن و ئەوان بکەنە کۆیلەی خۆیان.

هۆی دیکەی توووند و تیژی دژی ژنان لە کۆماری ئیسلامی ئێراندا، سەرەڕای هەڵاواردنی مەترسیداری ڕەگەزی و دەرکردنی یاساکانی سەدەکانی نێوەڕاست، قووڵکردنەوەی "درزی" نێوان چینەکانی کۆمەڵگا و گەورەبوونی دیاردەی هەژاری لە کۆمەڵگادا، سیغە، دابەزاندنی تەمەنی شووکردنی کچان و پەسند کردنی یاسای دواکەوتووانەی دژی بنەماڵە، تەرحی عفاف و حیجاب، نابەرابەری لە شوێنی کار، موچەی کەمتر بۆ ژن لە بەرامبەر کاری یەکسان لەگەڵ پیاوان، تەوژمی ئابووری بۆسەر ژنانی سەرپەرستی بنەماڵە، یاسایی کردنی زەماوەند لەگەڵ منداڵی وەرگیراو، و زۆر بابەتگەلی دیکە، نیشانەی ڕوون و ئاشکرای توووند و تیژی دژی ژنانن.

توووند و تیژی تەنیا ئازار و ئەشکەنجەی بەکردەوەی جەستەیی نییە، هەر هەمووی ئەوانەی باسکران، لەگەڵ زوڵمی نەتەوایەتی دەبنە زەختی چەند بەرابەر بۆسەر ژن و دەبنە هۆی ئەوە کە ژمارەیەکی زۆریان  دەست بۆ خۆکوشتن و خۆسووتاندن بەرن، یا بەرەو کەڵکوەرگرتن لە مادە هۆشبەرەکان هاندرێن. یا دەبێ خۆیان بسووتێنن یا ناچارن لەگەڵ بارودۆخەکە ڕابێن. هەڵبەت سەرەڕای ئەوەی ساڵانێک خەباتی بەربڵاو و ڕادیکاڵی جەماوەری دژی دیاردەی ژن چەوساندنەوە و هەڵاواردنی ڕەگەزی لەگۆڕێدا، بەو حاڵەش ژنان هێشتا بەردەوام لە وڵاتانی دواکەوتووی ئایینی لەژێر دەسەڵاتی ڕەهای دەوڵەتانی ئایینی و کۆمەڵایەتیدا ماونەوە و ئەو دەوڵەتە سەرکووتگەر و دژە ژنانە، بەشێوەی سیستیماتیک کەڵک لە ئازاری جەستەیی و هەتکی ژن وەک چەکێک بۆ بێدەنگ کردنی ژنانی ناڕازی وەردەگرن.

جیا لەوانە، ژنانێکی زۆر ڕۆژانە  دەبنە قوربانی توووندوتیژی بنەماڵەیی، بەدەست هاوسەرە کانیان، باوک و براکانیان کە خاوەن بیری ڕەشن و بۆیە کوشتن لەژێر ناوی پاراستنی نامووس کە دیاردەیەکی سەدەکانی ناوەڕاستە، بەردەوام قوربانی وەردەگرێ و لەبەر هەبوونی دەسەڵاتی ئیسلامی سیاسی، نەریتەکانی دژە ژنی وەک بەردەباران کردن، زیندوو بوونەتەوە و ئەوانەش ڕیشەیان لە سیستەمی نابەرابەری نیزامەکانی سیاسی، کۆمەڵایەتی و بنەما فکرییەکاندا.

ژنان لەبەر ئەوەی نیوەی دانیشتووانی هەر وڵاتێک پێکدێنن و هەروەها لەبەر ئەوەی نەخشی بەرچاویان لە پێگەیاندنی منداڵەکان و جیلی داهاتوودا هەیە، خاوەن پێگەی بەرز لە بەرەو پێشوەچوون و پێشکەوتنی هەر وڵاتێکن. گەشە سەندن و پێشکەوتن و خاوەنداریەتی کۆمەڵگایەکی ئازاد و دێموکرات، بەبێ گرینگی دان و ڕێزگرتن لە ژنان و پێگەی بەرزی ئەوان، جێبە جێ نابێ. هەروەک لە وڵاتانی پێشکەوتوو ئەو دیاردەیە تاقیکراوەتەوە و پێشکەوتن و ریفاهی خۆیان لە سایەی گرینگی و بایخ پێدان بە خواستی ژنان و لابردنی هەرچەشنە هەڵاواردنی ڕەگەزی و توندوتیژی دژی ژنان وەدەست هێناوە. سەرجەم، پێوەندی ڕاستەوخۆی نێوان حەپسبوون و هەڵاواردن و توندوتیژی دژی ژنان لەگەڵ دواکەوتوویی و پێشنەکەوتن و نادێموکرات بوونی وڵاتەکان لەگۆڕێدا.

لە حکوومەتێکدا کە تاکەکانی کۆمەڵگا لەباری ئایینی بەسەر کەمایەتی و زۆرایەتیدا دابەش دەکرێن، تەنانەت ڕەگەزی تاکەکان دەبێتە هۆی هەڵاواردن و نابەرابەری حقوقی و کۆمەڵایەتی ئەوان و ژنان لەو بارەوە کەمترین مافیان پێدەبرێ. حکوومەت لە ڕێگای هەڵبژاردنی نادێموکراتیک و نەیاسایی، دەسەڵاتی ئیداری بەدەستەوەدەگرێ و خەڵک ئیمکانی چاوەدێرییان بەسەر هەڵسوکەوتی دەسەڵات و ئاڵوگۆڕی سیاسەتەکەی و تەنانەت گۆڕینی چەشنی حکوومەت لێدەستێندرێت. ئازادی ڕادەربڕین و بیرکردنەوە و زانیاری گۆڕینەوە بەربەست دەکرێن و هێز و ڕێکخراوە سیاسییەکانی دژی حکوومەت ئیزنی هیچ چەشنە تێکۆشانێکیان نابێ. هەروەها خەڵک ڕۆژانە بەبیانووی پێوەندیگرتن بەو هێزانەوە دەسبەسەر و ئیعدام دەکرێن.

قسەی دیکە سەبارەت بە ئازادی و دێموکراسی و بەرابەری، مانایەکی نییە. تا کاتێک کە حکوومەت لەسەر بنەمای خواست و باوەڕەکانی کۆمەڵگا دانەمەزرێ و ملکەچی ئازادی و مافی مرۆڤ و بەرابەری ژن و پیاو نەبێ، ئێمە هەروا شاهیدی ژێرپێنانی مافی مرۆڤ و بەتایبەت ژنان دەبین. هەر بۆیە ژنان پێویستە بە لەبەرچاوگرتنی هەلومەرجی داسەپاو، خۆیان لە مەیدانی خەباتدا بن و دەنگی خۆیان دژی ناعەدالەتی و بێ مافی بگەیێننە گوێی خەڵکانی جیهان و خواستەکانیان بێننەبەرباس. کەوابوو ژنان بۆ وەدەستهێنانی خواستەکانیان، پێویستە لە بوارەکانی خەبات لە مەیداندا ئامادەبن و لەگەڵ نیزام و دەسەڵاتی سەرەڕۆ ڕوبەڕوو ببنەوە و شانازی بخوڵقێنن.

بەوپەڕی لە خۆبردوویەتیەوە بۆ وەدەست هێنانی مافی ئازادی خۆیان شانبەشانی پیاوانی ئازادیخواز ڕابن و ئاڵای بەرابەری و عەدالەت و ڕزگاری لەسەر لووتکەی سەرکەوتن بچەقێنن تا بشەکێتەوە. ئێستە ژنان دەبێ خۆیان دەستپێبکەن و سنوور و نەریتەکانی دژە ژن و یاساکانی هۆی نابەرابەری دەسەڵاتدارانی کۆمەڵگا ببەزێنن و وەک مرۆڤی سەربەخۆ و خاوەن ئیرادەی پتەو هەستنە سەرپێ و لە ڕێگای ئازادی خۆیان و کۆمەڵگا دژی دەسەڵاتە سیاسییەکان و سەرکووتکەران خەبات بکەن. بۆ ئەوەی بتوانن لە وڵاتێکی ئازاد و دێموکراتیکدا بژین.

سەرچاوە:ماڵپەڕی ئاسۆی ڕۆژهەڵات - ڕێکەوتی: ٢٦ی سێپتەمبەری ٢٠١٥

## نێچیرڤان بارزانی: لە هەوڵەکانمان بەردەوام دەبین بۆ بنبڕکردنی توندوتیژی دژی ژنان




## وتاری بەڕێز نێچیرڤان بارزانی یە:

میوانە بەڕێزەکان، ئامادەبووانی خۆشەویست،

بەیانیتان باش، هەموو لایەکتان بەخێر بێن..

بەخێر بێن بۆ ڕێوڕەسمی ڕاگەیاندنی هەڵمەتی نیشتمانیی ئەمساڵمان بۆ بنبڕکردنی توندوتیژی دژی ژنان لە هەرێمی کوردستاندا. ئەمساڵ هەشتەمین ساڵە ئێمە لە هەرێمی کوردستان هەڵمەتی نیشتمانی ڕادەگەیەنین. هەشتەمین ساڵە هاوشانی حکوومەت و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لە سەرانسەری جیهان، ئیرادەی سیاسیمان دووپات دەکەینەوە و بە ئامانجی نەهێشتنی توندوتیژی دژی ژنان، کار و چالاکییەکانمان چڕتر دەکەینەوە.

ئەمساڵ بە پێویستی دەزانم دەرفەتی زیاتر بڕەخسێنین بۆ بەخۆداچوونەوە و گفتوگۆ، لە دوای ڕاپەڕینەوە، سەرەڕای کۆمەڵێ دەسکەوت و کاری گرنگ لەسەر ئاستی سیاسی و یاسایی، سەرەڕای هەندێ بەرەوپێشچوونی بەرچاو، ئێمە دەبینین کە توندوتیژی کۆتایی نەهاتووە و بەردەوامە. بۆیە سەرەڕای پەنجە خستنەسەر بەرەوپێشچوونەکانمان، دەبێ گفتوگۆ و هەڵوەستە لەسەر ئەو کۆسپ و تەگەرانە بکەین کە ڕێگر بوون لە بنبڕکردنی توندوتیژی لە هەرێمی کوردستان.

هەر لە سەرەتای کارەکانماندا، ئێمە ئەم مەسەلەیەمان لە سەرەوەی ئەجێندای کاری خۆمان داناوە و بە بڕواوە ئیشمان لەسەر ئەم ئەجێندایە کردووە. چونکە باوەڕمان وایە کە دابینکردنی ئاسایش و یەکسانی و دادوەری، باشترین دەروازەن بەرەو کوردستانێکی ئازاد و ئارام بۆ سەرجەم هاووڵاتیان لە هەرێمی کوردستاندا. هەر لەم باوەڕەوە، بە ڕاوێژکاری و گوێگرتن لە پسپۆڕ و چالاکوان و

داکۆکیکارانی یەکسانی و مافی مرۆڤ، کارمان کردووە بۆ چاکسازیی یاسایی و سیاسەت و ستراتیژییەتمان داڕشتووە.

لە ڕووی یاساییەوە، هەروەکو دەزانن لەکۆتاییی ساڵانی نەوەدەوە تا ئێستا کۆمەڵێک ماددەی هەردوو یاسای سزای عێراقی و یاسای باری کەسێتیمان گۆڕیوە و چەند یاسایەکی هاوچەرخ و شارستانیشمان دەرکردووە.

ئێستا لە هەرێمی کوردستان کوشتنی ژن، جا بە هەر پاساوێک بێت، وەکو هەموو کوشتنێکی دیکە مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت، نەک بە گوێرەی ئەو ماددانەی یاساکانی سزای عێراقی، کە تاوانباران بە کوشتنی ژن بە حوکمی (سووک) سزا دەدەن. هەروەها فرەژنی لە هەرێمی کوردستان بەپێی یاسا تا ئاستێکی بەرز سنووردار کراوە.

یاسای ژمارە ٨ی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی خێزانیی ساڵی ٢٠١١، هەنگاوێکی دیکە بوو بەرەو دابینکردنی یەکسانی و دادوەریی کۆمەڵایەتی. هەروەها پێش ئەو یاسایەش، پەرلەمانی کوردستان یاسای ژمارە ٦ ی ساڵی ٢٠٠٨ ی دەرکرد، کە تایبەتە بە بەکارهێنانی ئامرازەکانی پەیوەندیکردن و مۆبایل و ئینتەرنێت. ئەم یاسایە هەنگاوێکی سەردەمییانە بوو بۆ پاراستنی ئافرەت لە هەڕەشە و شەرپێفرۆشتن و هەوڵی کەسانی بەدکار لە ڕێگای تەکنەلۆژیای مۆدێرنەوە، لە ڕێگای مۆبایل و ئینتەرنێتەوە، بۆ زڕاندنی ناو و ناوبانگی ئافرەت، کە زۆرجار بۆتە هۆی ئەوپەڕی توندوتیژی و گۆشەگیری و تەنانەت کوشتنیش ڕوویداوە.

ئەمانە هەمووی لەسەر ئاستی یاساییدا ئەنجام دراون. دەزانین لە سەر ئاستی جێبەجێکردن وەکو پێویست کار نەکراوە. ئێمە لەمە بەئاگاین و لە هەوڵی بەردەوامداین بۆ باشترکردنی میکانیزم و پرۆسەی جێبەجێکردن. هەروەها خۆشحاڵم لێرە ئاماژە بە هەوڵ و تێکۆشانی کۆمەڵێک ژنی چالاک و خەمخۆر و بەتوانا بدەم کە پێداچوونەوەیان کردووە بۆ سەرجەم ئەو یاسایانە و لە کوێدا کەموکورییان بەدی کردبێ، هەوڵی داڕشتنی برگە و یاسای ئەلتەرنەتیڤیان داوە. ئەمانەیان لە یاداشتی تایبەتدا بۆ ئێمە ناردووە تا کاری لەسەر بکەین.

زۆر سوپاسی ئەو خانمە بەڕێزانە دەکەم و سەرفراز دەبم کە دەبینم هەموومان پێکەوە بە ڕاوێژکاری و گفتوگۆ و کاری مەدەنییانە، هەوڵی باشترکردنی دۆخی وڵات و هاوڵاتیانمان لە هەرێمی کوردستان دەدەین. ئێمە کار لەسەر ئەو پرۆژەیە دەکەین و بەدیهێنانی ئامانجی ئێوەی بەڕێز، وەک بەدیهێنانی ئامانجی خۆمان لە قەڵەم دەدەین.

لە ڕووی سیاسەت و ستراتیژییەوە، کارەکانمان دەیسەلمێنن کە ئێمە هەر لە سەرەتاوە بە کردەوە و بە شێوەیەکی سیستەماتیک کارمان لەسەر ئەم پرسە گرنگەی کۆمەڵگە کردووە. دامەزراندنی بەڕێوەبەرایەتیی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی و دامەزراندنی چەندەها شێڵتەر بۆ داڵدەدانی ئافرەتانی هەڕەشەلێکراو و دامەزراندنی ئەنجومەنی باڵای کاروباری خانمان و بۆردی چاودێریی مافی ژن، هەنگاوی کردەنیی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بوون بۆ بەدامەزراوەییکردنی پرسی ژن، بە ئامانجی ئەوەی کە توندوتیژی دژی ئافرەتان بنبڕبکرێت و چاککردنی دۆخی کۆمەڵایەتی زیاتر بکرێت.

لە پێداچوونەوەی ستراتیژییەت و کارەکانماندا، خۆشحاڵبووم کە بینیم ئەم دەزگایانە ڕۆژانە کاری پێویست و گرنگ ئەنجام دەدەن بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانمان. لێرە نامەوێ باسی یەکە بە یەکەی کار و دەستکەوتەکانمان بکەین، ئەمە ئەرکی ئێمەیە وەکو حکوومەتی کوردستان کە بە دەنگ هاوولاتیانی خۆمانەوە بێین و لە هەر شوێنێک توندوتیژی و نادادوەری هەبێت، کار بکەین و هەوڵ بدەین بۆ بنبڕکردنی.

هەروەکو گوتم، لە پێداچوونەوەی دۆخەکە، دەبینم کە توندوتیژی لە هەندێک شوێن کەم بۆتەوە، بەلام کۆتایی نەهاتووە. لێرە بە پێویستی دەزانم هەڵوەستە لەسەر ئەو کۆسپ و تەحەددیانە بکەم کە ڕێگر بوون لەوەی ئێمە ئامانجی خۆمان بە تەواوی بپێکین و توندوتیژی لە ناو خێزان و بەرامبەر بە ژنان بنبڕ بکەین یاخود کەمی بکەینەوە. دیارە ئەمەش بە مەبەستی ئەوەیە کە لەم شانزە ڕۆژە تایبەتەی هەڵمەتەکەماندا، گفتوگۆ و کاری هاوبەش و باشتر بکەین بۆ، چارەسەری گونجاوتر.
هەر لەسەرەتای دەستپێکردنەوە، کۆسپ و تەگەرە لەبەردەم کارکردنمان لەسەر ئەم پرسە جەوهەرییە، هەبووە. گەشەکردنی بیروباوەڕی توندڕەوی ئایینی و گرووپە تیرۆریستەکان کە هەمیشە بەرامبەر هەوڵی پێشکەوتنخوازان دەوەستنەوە، تەحەددای سەرەکی بووە لەبەردەم کارەکانمان.

سەرهەڵدانی داعش و هێرشەکانی بۆ سەر خاکی کوردستان و داگیرکردنی شنگال و شەڕ لەسەر سنوورەکانمان، دۆخەکەی تا ڕاددەیەکی زۆر بەرەو ئاڵۆزی و توندڕەوی برد. بە خۆشحاڵییەوە کوردستان ئەمڕۆ گەورەترین هێز بووە بۆ بەرەنگاربوونەوە و شەڕ لە دژی داعش لە شنگال و کۆبانێ و گوێڕ و مەخموور و تووزخورماتوو و هەموو شوێنەکانی دیکەی کوردستان، سەرکەوتنیشمان لەپاراستنی خاکی کوردستان و ڕزگارکردنی شنگال، سەرکەوتنی هێزی پێشکەوتنخوازە بەسەر جەهل و تیرۆریزمدا.

بەلام دیارە داعش هەر ئەو جیهادییە چەکدارە تیرۆریستە توندڕەوانە نین، کە بەچەک ڕووبەڕووی هێزی پێشمەرگە دەبنەوە. ئەوان دزەیان کردۆتە ناو کۆمەڵگە، نەک هەر لە کوردستان، بەڵکو لە ولاتانی ڕۆژئاواش. مەترسیی گەورە ئەو خانە نووستووە نهێنیانەی داعشن کە بیروباوەڕی توندڕەوانە دژ بە یەکسانی و ئازادیی مرۆڤ بلاودەکەنەوە و مێشکی گەنجانمان دەشۆنەوە.

سەرەڕای ڕێز و پێزانینم بۆ ڕۆڵی ئەرێنیی مامۆستایانی ئایینی دەربارەی ئەم پرسە، بەلام زۆر نیگەرانم کاتێ دەبینم بەناوی ئایین و لە مزگەوتەوە هەندێک کەس سووکایەتی بەژن دەکەن و ناوی چالاکوانان دەزڕێنن. ئەمە ئەو توندوتیژییانەن کە ئێمە هەر لەسەرەتاوە لە بەرامبەریاندا هۆشیار بووین و یاسای ژمارە ٦مان بۆ دەرکرد و لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان کارمان کرد بۆ جێبەجێکردنی.

بەلام دەبێ زۆر لەوە زیاتر بکەین بۆ بنبڕکردنی بیری داعشی و توندڕەوی لە هەرێمەکەمان. مامۆستایانی ئایینیش دەبێ داوایان لێدەکەم کە زیاتر ڕۆڵی ئەرێنی و ئاشتیخوازانەی خۆیان بگێڕن و بە گوتار و کردەوە، چەمکە سەردەمییەکان بەرجەستە بکەن.
هێرشەکانی داعش بۆ سەر خاکی کوردستان و قەیرانەکانی سووریا و عێراق، کێشەیەکی دیکەی مرۆیی و گەورەی بۆ هەرێمی کوردستان دروست کرد، ئەویش کێشەی ئاوارە و پەنابەرانە. ئەمڕۆ کوردستان بۆتە شوێنی پاراستنی نزیکەی ملیۆنێک و هەشتسەد هەزار ئاوارە و

پەنابەر. مایەی خۆشحاڵییە کە توانیومانە مامەڵەیەکی مرۆیی و باش لەگەڵ ئەو کەیسە بکەین و شوێنی حەوانە و خزمەتگوزاریی پێویستیان بۆ دابین بکەین، بەڵام دیارە ئەمە فشارێکی گەورەی بۆ سەر دۆخی کوردستان لە ڕووی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسییەوە دروست کردووە.

ژن و بەها مرۆڤایەتییەکانیان هەمیشە قوربانیی سەرەکیی جەنگ و ئامانجی ئەو دەستە و گرووپانە بوون. خوشک و دایکانی ئێزیدیمان زەرەرمەندی زۆر گەورەی دەستی داعش و بیروباوەڕی تیرۆریستی بوون. هەرچەندە پێشمەرگە قارەمانەکانمان توانییان شنگال ڕزگار بکەن، کە ئەمە سەرکەوتنێکی گەورەیە بۆ دەسەڵات و هێزەکانی کوردستان، بەڵام دەزانین مەینەتی و ئازار و ئەشکەنجەی خوشک و دایکە ئێزیدییەکانمان، بە ڕزگاریی شنگال کۆتایی نایەت و دەبێ کاری زۆر و گەورە بە ئەندازەی گەورەیی ئەو تراژیدیایە بکەین، کە کوردانی ئێزیدی بەرەوڕووی بوونەوە.

لێرەدا دەمەوێ دڵنیایان بکەمەوە کە ئێمە لە حکوومەت بەردەوام دەبین لەو کار و خزمەتەی هەر لەسەرەتاوە بۆ ئازادکردنی کچان و ژنانی ئێزیدی و دابینکردنی چارەسەر و خزمەتگوزاری بۆ تەواوی ئاوارە و پەنابەرەکان، کردوومانە. هەر لەم دۆخە ناسکەدا، بڕینی مووچەی هەرێم بەشێوەیەکی تاکڕەوانە لە لایەن حکوومەتی عیراقەوە لە سەرەتای ساڵی ٢٠١٤ەوە، هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستانی لە مووچە و بژێوی ژیانیان، بێبەری کرد. ئێمە زۆر هەوڵمان دا بە گفتوگۆ ئەم دۆخە چارەسەر بکەین. ئێستاش هەر بەردەوامین، بەڵام دەبێ خەڵکی کوردستان بزانن کە ئەمە گرفتێکی گەورەیە بۆ هەرێم و هاووڵاتیانی خۆشەویستمان دروست کراوە.

بە دڵنیاییەوە کێشە و گرژییەکانی ناوخۆش، کاریگەریی نەرێنییان هەبووە و ئێمە هەموو هەوڵێک دەدەین کە هەمیشە ئاشتی و ئاسایشی کوردستان بپارێزین و بە یەکگرتوویی و تەبایی کار بکەین. ئێمە بڕوامان وایە کە دەبێ لە بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیدا، هەموو جیاوازییە حیزبی و سیاسییەکانمان بخەینە لاوە و بە باوەڕ و ئیرادەیەکی پتەو، پێکەوە کار بکەین. چونکە هەروەکو لە سەرەتادا گوتم، ئەم پرسە بە تەنیا پرسی ئافرەت نییە، بەڵکو پرسی هەموو کۆمەڵگەیە و ئاشتی و ئاسایشی کوردستان بە ئاشتی و ئاسایشی دەروونی و ناوماڵ و خێزانەوە بەندە.

لە هەمووی گرنگتر، لە کارکردن لەسەر ئەم مەسەلە هەستیارەدا، دەبێ ئێمە باوەڕ و بڕوای شەخسیی خۆمان بخەینە لاوە و بەرنامە و کارەکانی حکوومەت وەکو ئەرک جێبەجێ بکرێن. هەڵمەتی ئەمساڵ هاوکاتە لەگەڵ بیستەمین ساڵیادی "ڕاگەیاندنی پەکین و پلاتفۆرمی کار" کە پێشکەوتووترین نەخشەڕێگای نێودەوڵەتییە بەرەو دابینکردنی یەکسانیی جێندەری. ئێمە دەبێ بەڕووی جیهاندا بکرێینەوە و میکانیزمی نوێی کارکردن و شارەزایی و پسپۆڕیی زیاتر پەیدا بکەین، تا بتوانین بەپێی ئەو نەخشەڕێگایە، هاوتای وڵاتانی پێشکەوتووی جیهان، بەرەو ئاشتی و ئارامی و دادوەری، هەنگاو بنێین.

لە کاتێکدا ئێمە بە بڕواوە کار لەسەر پرسی ژن دەکەین و ئیرادەی سیاسی لەسەر هەموو ئاستێک خراوەتە گەڕ، جارێکی دیکەش بە پێویستی دەزانم ئەوە دووپات بکەمەوە کە ئەم پرسە، فرەلایەن و فرەڕەهەندە و بۆ سەرخستنی ئەم هەوڵانە، داوای کار و هاوکاری و پشتگیریی زیاتر لە سەرجەم چین و توێژەکانی کۆمەڵگە دەکەم، بە ڕێکخراوە غەیرە حکوومییەکان و دەزگاکانی ڕاگەیاندن و

لەسەرووی هەموویانەوە مامۆستایانی ئایینی بەڕێز و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکانیشەوە.

ئەم هەڵمەتەی ئەمساڵمان، وەکو ساڵانی ڕابردوو دوو هەفتە دەخایەنێت، بەڵام ئێمە نابێ بەوە بوەستین، دەبێ ڕۆژانە و بە شێوەیەکی سیستەماتیک کار لەسەر ئەم پرسە گرنگە بکەین بۆ بنبڕکردنی توندوتیژیی ناو کۆمەڵگە و دژی ژنان، بە هەموو جۆرەکانییەوە.

لە کۆتاییدا جارێکی دیکەش سوپاستان دەکەم بۆ سازدانی ئەم هەڵمەتە و هیوای سەرکەوتن و سەرفرازیتان بۆ دەخوازم.

بەخێربێن و زۆر سوپاس.



# توندوتیژی دژی ژنان و پاڵنەرەکانی



ئا: فەرانەک ئەڵماسی

توندوتیژی دیاردەیەکی شاراوە و نادیار نییە بەڵکو جیهانییە و تایبەت بە شوێنێک یان وڵاتێک نییە، بەڵکو بە پێی بەڵگەکان و هەواڵەکان و راپورتی مافەکانی ژنان و ئەوەی کە خۆمان دیتومانە  لە هەر شوێنێک ژن هەبێت توندوتیژیش هەیە، جا چ بە شێوەی نهێنی بێت یان چ بە شێوەی ئاشکرا، توندوتیژی سنووری نییە ، ژنان چ لە ماڵەوە بن ، چ لە دەرەوە بن، چ خوێندوار بن،چ نەخوێندوار و سەرقاڵی کار ی نێو ماڵ بنە، چ لە بواری ئابوری دوڵەمەند بن و چ هەژار و دەست کورت بن، چ جوان بن و چ ناشرین بە شێوەیەک لە شێوەکان و بە جۆرێک لە جۆرەکان لە لایەن پیاوانەوە تووشی توندوتیژی جینسی، دەرونی، کۆمەڵایەتی، جەستەیی و تەنانەت سێکسیش دەبنەوە.

توندوتیژی دژی ژنان دیاردەیەکی جیهانییە و لە ئێستادا هەموو میدیاکانی بە خۆیەوە سەرقاڵ کردوە،کۆمەڵێک تایبەتمەندی کلتوری و کۆمەڵایەتی و و سیاسی و ئابوری لە پشتە، ئەگەرچی  بەو پێیە توندوتیژی دژی ژنان کات و شوێنی تایبەتی نییە و هەموو کۆمەڵگای مرۆڤایەتی چ بە کۆمەڵگای پێشکەوتوو و چ بە کۆمەڵگای دواکەوتوو دەگرێتەوە. ژنان لە کۆمەڵگای مرۆڤایەتی دا لە لایەن باوک ، برا، هاوسەر، کەس و کاری نزیک وەک خاڵو ومامە و تەنانەت ئاموزا و خاڵوزاش بەرەوڕووی توندوتیژی دەبنەوە، .بە پێی دەرەنجامی لێکۆلینەوەکانی چالاکانی مافی مرۆڤ ناوەندەکانی تەندروستی توندوتیژی دژی ژنان جگە لەوەی کە کاریگەری نێگەتیڤ و خراپی دەبێت لەسەر ژن وەک تاک بەڵکە کاریگەرییەکی زۆر خراپ و مەترسیداری دەبێت لە سەر تەندروستی خێزان و کۆمەڵگا ، دەبێتە هۆی ئەوەی کە شیرازەی خێزان و کۆمەڵگاش لێک بترازێت.

**شێواز و ڕەهەندەکانی  توندوتیژی دژی ژنان**

**١- سەرەتا لە سەر توندوتیژی جەستەیی قسە دەکەن**: بەهەر جۆرە توندوتیژییەکی فیزیکی بەرامبەر بە ژنان وەک لێدان ، سوتان ، بڕین و دڕین و کوشتن ، لەم جۆرە توندوتیژییەدا ئاسەواری توندوتیژی بە تەواوی بە جەستەی کەسی لێدراو دیارە، کە بە پێی نوێترین ئامارەکان ٢٥ % ژنانی کۆی جیهان دا بەرەوڕووی ئەم جۆرە توندوتیژییە دەبنەوە و ژنان لە ترس و یا لە بەر شەرم وحەیا و ئابرو چوون باسی لێوەناکەن و زیاتر بێدەنگی هەڵدەبژێرن، هەندێ جار ژنان وا بیردەکەنەوە کە ڕەنگە ئەرکەکانی خۆیان بەرانبەر بە هاوسەرەکانیان لە نێو خیزاندا یان کەسوکاریان بە باشی بە ئەنجام نەگەیاندووە هەقی خۆیانە کە توندوتیژیان بەرانبەر بکرێت.

**٢- توندوتیژی دەروونی**: ئەم جۆرە توندوتیژییە بە رواڵەت هیچ نیشانەیەکی دەرەکی نییە و ناوەکی و دەروونییە و شمولی سووکایەتی پێکردن ، تانە، تەشەر، جنێودان، بێ حورمەتی لە لایەن کەسانی جگە لە بنەماڵەو خێزانی خۆیان، تۆقاندن و بەکارهێنانی زمانی رەق و تەق و هەڕەشەو گوڕەشەیە. ئەم جۆرە توندوتیژییە کاریگەری قوڵتر و مەترسیدارتر پێوەیە و کەسێک کە تووشی ئەم جۆرە توندوتیژییە بێت زیاتر گۆشە گیر و بێزار و خەمۆکە دەبێت و بە پێی وتەی پزیشکان ئەم جۆرە کەسانە زیاتر بیر لە خۆکوشتن و خۆسوتاندن کەکەنەوە.

**٣- توندوتیژی سێکسی**: ئەم جۆرە توندوتیژییە زیاتر لە لایەن هاوسەر و و کەسوکاری نزیکی ژنانەوە دەکرێت و ژنان تووشی شۆک و زیان دەکات. دەستدرێژی سێکسی و دووگیانبوونی زۆرە ملێ و لەباربردن و... لە خۆ دەگرێت کە ئەم جۆرە لە توندو ت یژی هیچکات لە دلی و جەستەی ژنان سارێژ نابێت .

**٤- توندوتیژی خێزانی**: باوترین شێوەی توندوتیژییە بە دژی ژنان کە تێدا کچان و ژنان بە کۆمەڵێک بیانووی پرو پوچ و دواکەوتوانە بەرەو رووی توندوتیژی دەبنەوە، دڵپیسی یەکێک لەو هۆکارە سەرەکیەکان و هەندێ جار نەزۆکیش(نازایی و بچەدار نشدن) دەتوانێت هۆکارێک بێت بۆ توند وتیژی دژی ژنان. گیرۆدەبوونی پیاوان بە ماددە سڕکەرەکان و بێکاری پیاوان و توڕەبوون و ناهۆشیاری پیاوانیش خۆی هۆکارێکە بۆ توندوتیژی.

**٥: توندوتیژی کۆمەڵایەتی**: زۆرجار بە بیانووی لادان لە نەریتی باو باپیران و لەکەدار کردنی شەرەف و ناموسی خێزان و هەڵسوکەوتی ناشیاو و ئابرووبەرانە ژنان لە لایەن باوک و برا و هاوسەر و کەسوکارەوە تووشی توندوتیژی دەبنەوە. هەندێ جار ژنان بە توندی دەکەونە ژێر چاودێری و هەموو ئازادی و سەربەستییەکیان لێ زەوت دەکرێت و لەناو کەشوهەوایەکی پۆلیسی دا دەژین. بەزۆر بەشوودان و بەزۆر جلوبەرگی تایبەت لە بەرکردن و بێ بەری کردن لە میرات و بێبەشکردن لە خوێندن و کارکردن لە دەرەوەی ماڵەوە دەچێتە ناو چوارچێوەی توندوتیژی کۆمەڵایەتییەوە.

**٦: توندوتیژی ئابووری**: لەم جۆرە توندوتیژی دا ئەو ژنانەی کە لە دەرو کار دەکەن هەر چەند شان بە شانی پیاوان کاردەکەن بەڵام حەقدەستەکانیان، کەمە و زۆر جار لە لایەن بەرێوەبەر یان هاوکاران چ لە لایەنی جەستەیی یان دەروونی توندوتیژیان

بەرانبەر دەکرێت و دەچەوسێندرێنەوە. یان لە ماڵەوە لە لایەن هاوسەرەکانیانەوە یان کەسوکاریان بە توندترین شێوە مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت.هەندێ کاتیش ژنان لە میرات بێبەری دەکرین و لەمافی سروشتی خۆیان دوور دەخرێنەوە، دەست درێژ کردنی ژنان و سەر بە خۆ نەبوونی ژنان بە بواری ئابوریدا خوی سەرەکیترین و هاندەرترین و کاریگەر ترین هەنگاوە بۆ توندوتیژی نواندن دژی ژنان.

هۆکارەکانی توندوتیژی بۆ سەر ژنان زۆر ن و تاکۆ ئێسا بە سەدان جار باسی لە سەر کراوە بەڵام لێرەدا ئاماژە بە قسەی فیلسوفێکی گەورە دەکەم سەبارەت بە سەرکەی ترین هۆکاری توندوتیژی پیاوان دژ بە ژنان( فەیلسوفی بەناوبانگی "جان ئیتیوارت مل" لە کتێبەکەی خوێدا " کە لە ژێر ناوی بە کۆیلە کردنی ژنان نوسراوە و چاپ و بڵاو کراوەتەوە، لەسەر ئەو باوەردایە کە: سەرچاوەی بارودۆخی نالەباری ئێستای ژنان بۆ سەرەتاکان، دروست بوونی کۆمەڵگا دەگەڕێتەوە لە دەست پێکی مێژوو ، ژنان خۆی وەک کۆیلەی پیاو بینی لەوانەیە هۆکارەکەی بۆ لاوازی هێزی جەستەیی بگەڕێتەوە , هەروەها دکتۆر (نادیە رمسیس) ئاماژە بەوە دەکاتو دەڵێت" ئەو کاتەی کە پەیوەندی ژنو مێرد باشە یاسا وەدەر ناکەوێت, بەڵام ئەگەر پەیوەندیان خراپ بوو یاسا وەک شمشێر بۆ سەر ژنان دەردەکەوێتو گشت مافەکانو دەسەڵاتو هێز بۆ پیاو لە نێو دەستی یاسادایە بە بێ ئەوەی بۆ ئافرەت شتێ پێ بێت, لە بەر ئەوەی لە کۆمەڵگای ئێمەدا واتە ئێران بە گشتی و کوردستانی رۆژهەلات بە تایبەتی یاساکان ڕێخۆشکەرن بۆ زیاترو فراوانتر بەکارهێنانی توندوتیژی دژی ژنان.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاسۆی رۆژهەلات - ڕێکەوتی: ١ی جووڵای ٢٠١٦

# ڕەگەکانی توندوتیژی جنسی



سیندرا بلادۆرس

وەرگێڕانی: فەرانەک ئەڵماسی

شتێکی ناحەز لە دڵی ئەم کۆمەڵگایەدا بوونی هەیە. ڕوەتێکی بەردەوامی  راپۆرتەتاڵەکان، ئازارە جنسیەکان ڕیز دەکات.قسە تەنیا لە سەر توندوتیژی بنەماڵەیی پیاوان نیە، ئەو تووندوتیژییەی سەرنجی زۆربەی خەڵک لە سەری چڕ بۆتەوە:بەڵکو هەروەها ئازاری منداڵان  بە دەستی قەشەکان و مامۆستاکان  لە هەموو دامەزراوە ئایینیەکاندا، چەوساندنەوەی بەساڵاچوان، کەم ئەندامان،نەخووشە دەرونیەکان و منداڵان کە بڕیارە لە دامەزراوە جۆراوجۆرەکاندا پارێزگاریان لێ بکرێت: وهەروەها ئازارە جنسیەکان لە زیندانەکان و کەمپەکانی  دەستبەسەرکردنی پەنابەران.ماڵپەری "سامی سامی" باس لە رادەی بەرزی ئەو ئازارانە دەکات کە بەشدارانی جنسی ناو هاوڕەگەز خوازان، دووجنس خوازان، ترنسەکان و ناوجنسیەکان و هاوجنس خوازەکان دەکات.

سەرباری ئەمە، هەموو پێداچوونەوەکان و کەڵکەڵە ڕیاکارانەکان لەلایەن سیاسەتڤانان و بەرێوەبەری پۆلیسەکان، جگە کۆمەڵێک دەستە واژەی بێناوەروک دەربارەی کولتووری توندوتیژی پیاوانە، هەوڵێکی کەم بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم ڕاستیە ترسناکانە دراوە. لەکۆمەڵگای ئێمەدا توندوتیژی پیاوانە باوە، بەڵام ناتوانێت پەرەسەندنی بەربڵاو و فرەچەشنی چەوساندنەوەی جنسی، بۆنموونە لەڕێگەی ژنانەوە ڕوونبکاتەوە: ٤١ لەسەدی لەزبینەکان لەلایەن شەریکە جنسیەکانیانەوە ئازار دەدرێن.

هەر بەو جۆرەی مارکس دەڵێت، گەر دەمانەوێت لەڕەفتاری مرۆڤ تێبگەین، دەبێت لەپێکهاتە کۆمەڵایەتی و ئابووریەکانی کۆمەڵگاوە دەستپێبکەین. ڕەنگە بینینی پەیوەندیەکانی نێوان ڕێکخراوەکانی بەرهەمهێنان و توندوتیژی جنسی دژوار بێت، سەرباری ئەمە، ئێمە پێویستمان بە ناسینی(ڕێکخراوەکانی بەرهەمهێنان) هەیە. بەڵگاندنەکەی مارکس ئەمە بوو کە لەچوارچێوەی سیستەمی سەرمایەداریدا، وزەی  ئێمە بۆ کار، لەبریّ ئەوەی داهێنەرانە و سەرچاوەیک بێت بۆپەیوەندی لەگەڵ خەڵکیتر، لە دەرووەی ئیرادەی

ئێمەدایە و پێمان نامۆبوونەتەوە.

جەماوەری کرێکاران سەبارەت بە دۆخی کارەکەیان یاخۆد سەبارەت بەمەی کە ئایا کارەکەیان کەڵکدارەوە و چێژی لێدەبەن، قسەی کەمیان پێیە یاخۆد هیچ قسەیەکیان پێنیە. ئەگەر قاوە دەخون یاخۆد جلوبەرگ یان یاریە ڤیدیۆیەکان دەفرۆشن، نازانن ئەوانە چۆن بەرهەمهاتوون، چ لەڕێگەی کاری بەردەکانەوە بەرهەمهاتبێتن و چ لەڕێگەی کرێکارانی یەکگرتوو بەحەقدەستی زۆرەوە. ڕەنگە بەرهەمهێنەران لەو پەڕی دونیا یان لەخوار جادەکەوە لێتان نزیک بن، بەڵام ئەوان ئێوە یاخۆد ئەو کەسانەی بەرهەمەکانی ئێوە دەکڕن، ناناسن.

ئەمە بۆخۆی کۆمەڵێک بە داواهاتی جۆراوجۆری لەدوایە. وا دەردەکەوێ چما ژیانی ئێمە لەژێر کارێگەری هێزە نامۆکان، بۆنمونە ئابووری و بازاڕ دایە. جیهان وەک شتێکی نامۆ و لەت لەت ئەزمون دەکرێت کە دەرەنجامەکەی دەبێتە نامۆیی مرۆڤ لە مرۆڤێکی دیکە. سۆڵتەی واقعی سەرمایە بەسەر ژیانماندا، و ئەوەی کە فەیلەسووفی مارکسیست، بێرتێل ئۆڵمەن وەک " ئیزۆلەبوون و ڕمانی سرۆشتی مرۆڤ بۆچەند پارچەی پەست و دابڕاو" ئاماژەی پێدەکات، لە چەوەسێنراوەکاندا هەستی لاوازی درووست دەکات. ئەمە سەرپۆشێکی ڕازاوی دەکێشی بەسەر پێکهاتەکانی سیستمی زاڵ و باڵادەستدا.

ئەگەر ناتوانن ببینن کۆمەڵگا چون کاردەکات، ڕەتکردنەوەی ئایدیاکانی"عەقڵی باو" دژوار دەبێتەوە: ئەو ئایدیایانەی وا دەردەکەوێت ئەزمون دەنوێننەوە، بەڵام لەڕاستیدا بۆ پاساودانی برەویان پێدەدرێت. بۆنمونە کۆمەڵێک ئایدیای وەک ئەمەی کە: پێویستمان بە بەرپرسە کۆمەڵگا ڕێکبخا: هەمووومان تاکگەلێکین کە هەریەکەو بەرپرسین لەپەیوەندیدا بەو شتەی کە ژیانمانی پێدروست دەکەین: ژنان بۆ ئیدارەکردن و بەڕێوەبردنی کاروباری دەوڵەتی لەبار نین: تاکە پەیوەندی سرووشتی جنسی پەیوەندی جنسی ئاسایە و هتد.

لەژێر سایەی سەرمایەداریدا، بازاڕ باڵادەستە و بەرهەمهێنان تەنیا بۆ قازانجە. هەموو شتێک دەتوانرێت بفرۆشرێت، بۆنموونە پەیوەندی جنسی. بەمپێیە جەستەکانمان دەبنە چشت و وەک فرۆشتنی کاڵا کەڵکی لێوەردەگیرێت و لەپۆرنۆگرافیدا حقیر و بچووک دەکرێتەوە. ئارەزوە جنسیەکانی ئێمە پێمان نامۆ بوونەتەوە و لە پیشەسازی پۆرن و لە بەشێکی بەرینی کولتوری جەماوەریدا پیشان دەدرێت و لە کارلێکی مرۆیی خۆی دادەماڵدرێت.

زۆرجار بۆشایەکی گەورە هەیە لەنێوان وێنەی سەر باکسی شۆکولاتەکان لە جووتێک عاشق و خۆشحاڵ، و دڵڕاوکێ و گوشارەکانی کار و خەبات بۆ میزانکردنی تێچووەکانی ژیان. بوونێک کە پێشوەخت نامۆبۆتەوە، کە لەرێگەی سۆڵتەی ئەوەیدیخوازی و تاک هاوسەریەوە دەورە دراوە، دەتوانێت گوشاری گرژیەکان و تاڵیەکان تێکبشکێنێت.وەکیتر، هەندێک لەپیاوان ئەوەندە کۆمەڵایەتی بوونەتەوە پێیان وایە مافی سۆڵتەیان هەیە بەسەر کەسەکاندا، سەرەڕای ووشیاری سەبارەت بەمەی کە ژنێک ماف وئەگەری هەڵبژاردنی کەمتری هەیە، تۆڕەیی و سەرکوت کراوەیی خۆیان بەسەر هاوژیانە مێینەکەیاندا دەڕژێنن. کەواتە، کۆمەڵێک هۆکاری زۆری وەک ترس لە تەنیایی، ترس لە ئاشکرابوون لای بەرپرسەکەی، نەمانی سەربەخۆیی ئابووری یان خزمەتگوزاری، دەتوانێت هەر جووتێک چ ژن چ پیاو و

ئەوەیدیخواز یان کوویر بۆ درێژەنەدان بە پەیوەندێک بەبێ ئارەزو و بەم پێیە بەرامبەر هەڕەشە و زۆرەملێ و چەوساندنەوە، تێکبشکێنێت.

**توندوتیژی جنسی ڕێکخراو**

دامەزراوە زنجیرەپلەیەکانی سەرمایەداری پشتیان بەو عەقڵانیکردنەوانە بەستوە کە کۆی پەیوەندیە مرۆیەکان لاواز دەکات و هاودڵی مرۆیی دەکوژێ و لەئەنجامدا، مرۆڤ لەمرۆڤ بوون دادەماڵێ. بۆنموونە، تەنانەت "کۆمیسیۆنی سەڵتەنەتی دەربارەی چەوساندنەوەی جنسی منداڵان" هەرجۆرە شۆناسێک لەو کەسانەی کە باسی برینەکانی خۆیان دەکەن دادەماڵێت و لەگەڵ بکەرەکان و ئەو کەسانەی کە تاوەنەکانیان شاردۆتەوە، لەڕێگەی ئاماژە بە بەشداربوونی هەموویان، یەکسان دەکات.

کڵێسای کاتۆلیک، کە خۆی وەک دامەزراویەک کەڵکەڵەکەی خۆشگوزەرانی مەعنەوەی و مینۆکی پەیڕەوەکانیەتی دەناسێنێت، ناتوانێت بەشێوەیەکی مرۆیی و هاودڵانە وڵامی ئەو خەڵکەی کە بەئاشکرا بەدەستی قەشە منداڵبازەکان "پێدوفیل" تووشی برینی دەرونی بوون، بداتەوە.ستەملێکراوان،بەتایبەتی ئەوانەی لەژێر دەسەڵاتی دامەزراوە هەبووکاندان، خەساری زۆرتریان بەر دەکەوێت.منداڵان،کە وەک سەروەتی باوک و دایکیان چاویان لێدەکرێت خاوەنی هیچ مافێک نین. ئەگەر دەوڵەت بنەماڵەی منداڵە دیاریکراوەکان بە ئەمینی خۆی نەزانێت، دەتوانێت ئەو منداڵانە بە ڕەزامەندی خۆیان یان بە بێڕەزامەندی خۆیان لە بنەماڵەکانیان جیابکاتەوە و بیانخاتە پانتای دۆخی چەوساندنەوەی سیستەماتیکەوە. تەنانەت خۆ جیاکردنەوە و ئاڵوگۆڕپێکردنی منداڵان ئاسانتر دەکاتەوە.

بەساڵاچووان،کەمئەندامان ونەخۆشەکان بەپێی مافەکانیان،بەڵکوو لەڕێگەی پێداویستیە جەستەییەکانیانەوە پێناسە دەکرێن. ئەوانە زۆریان لەژێر کۆنترۆڵی کەسانێکدان کە ئەرکی سەرشانیانە تەمێیان بکەن و لە سیستەمەکانی دەستوری"بڕۆکراتیک"بەسەریاندا زاڵ و باڵادەست بن. بەرپرسان وەک پاسەوانەکانی زیندان، مامۆستاکانی قۆتابخانە، پەرەستارەکان و هتد خۆیان نامۆبوونەتەوە، ئەوانە هەر کامییان بەشێوەیەکی زیانهێنەرانە پەروەردە کراون، حەقدەستی کەم وەردەگرن، و زیاد لەپێویست کاردەکەن. تائەو شوێنەی کە ژیانێکی سەخت و بەدیسیپلین دەژین، و ڕەنگە بۆ خوشیان بێبەخت و نارازی بن.بەڵام چونکوو ڕۆڵەکەیان وایان ڕادێنێت لەگەڵ خەڵکدا وەک چەشت مامەڵە بکەن، بۆ ئەوان هێندە جیاوازی نیە تاکوو لەگەڵ کەسەکان لەپانتای بەرپرسیاریەتی خۆیدا وەک ئۆبژەی پاڵنەرەکانی خۆی بجووڵێت- سەکورت، تۆڕەیی یاخۆد پێویستی جنسی. لەنێوان گرنگینەدان بە پێویستیەکانی کەسی ژێردەسەڵاتیان، توندوتیژی فیزیکی یان دەروونی، و ئازار دەشێت جیاوازێکی لێڵ و نادیار هەبێت.

کاتێک ئەوانە دەوری ستمکارانە دەگێڕن لە زنجیرەپلەیەکدا، نەک وەک کردەیەکی دژە مرۆیی، بەڵکوو تەنیا وەک ئاراستەیەکی حەتمی تێبیدەگەن. دەوریان پاراستنی نەزمە، جا بەهەر شێوەیەک کە مومکین بێت. ئاشکرایە کە کۆمەڵگا پشتیوانی لەڕەفتاری نەشیاو و ناماقووڵ ناکات، بەڵکوو خەرمانەیەک لە ڕازداری و نهێنیکاری بەرهەم دەهێنێت کە پانتای تایبەتی جنسیترین چالاکیەکان دەنوێنێتەوە و بەم پێیە سەپاندنی دەسەڵات "ئێرۆتیزە" دەکاتەوە. ئەمە لەخۆیدا ئەوە ڕووندەکاتەوە بۆچی ئازارەکان تا ئەم ڕادیە

جنسین.لەلایەکی دیکەوە، دەستدرێژی جنسی بەئاشکرا وەک شتێکی تێکدەرتر لەتوندوتیژی فیزیکی(کوتان و لێدان) یان فۆرمەکانی دیکەی کۆنترۆڵ ئەزمون دەکرێت. لەناو چیرۆکەکانی عەزاب و خۆکوژیدا، کە تێکدەری ژیانی ئەو کەسانەیە لەمنداڵیدا ئازاری جنسی دراوەن،یان ئەو ژنانەی کە لەلایەن هاوژیانە ناوبراوەکەی خۆیانەوە چەوسێندارونەتەوە، هەست بە رەنج و ژانێکی گەورە دەکرێت.ترس لە دەستدرێژی، خوازە و مێتافۆرێکە ئەزمونی پیاوان لەزینداندان لەخۆیدا کۆدەکاتەوە، کە بەدترین رووداوە بۆ پیاوێک. هێمۆفۆبیا پەرەدەدات بەم ترسە، هەروەها بچوکبوونەوەی بۆئاستی ژنێک لەگەڵ ئەم وێنایانەدا پەیوەندیەکی نزیکی هەیە. بەم پێیە، ئازاری جنسی یان تەنانەت هەرەشەکەی لە دۆخە دامەزراوە و رێکخراوەکاندا، دەتوانێ زیاد لە فۆرمەکانی دیکەی دیسیپلین یان سزا بەگشتی ئیرادەی قوربانی بۆ خۆڕاگری لەناوببات.

ئەم دینامیزمە هاوشێوەی دینامیزمێکی دیاریکراوە لەناو پەیوەندیە شەخسی و کەسیەکاندا، ئەو شوێنەی کە هەوڵەکان بۆ زاڵبوون بەسەر هاوژیانەکەدا یان راگترنی هاوژیانەکە بۆ جیابوونەوە دەرئەنجامەکەی دەتوانێت ببێتە رەفتاری توندوتیژئاسای گەشەکەر.سەرباری ئەمە، دەوڵەت کەڵکوەرگرتن لەتوندوتیژی جنسی وەک رێگایەکی باوەرپێکراو بۆ بەرێوەبردنی نەزم و کۆنترۆڵ پەرەدەدات و رەوایەتی پێدەبەخشێت. لەکۆی ئاستەکاندا بەم جۆرە تێدەگەن کە لەراستیدا نابێ توندوتیژی جنسی رووبدات، بەڵام داننان بە رووداوی توندوتیژی جنسیدا، دەمامەکی نەزم و حەیا دادەدرێت. بەمپێیە، توندوتیژی جنسی نەک قەبوڵ دەکرێ بەڵکوو چالاکانەش دادەپۆشرێت: ئێفشاگەران لەجیات جنێوفرۆشان و دەستدرێژان قوربانی دەکرێن کە ئەمە خۆی دەبێتە هۆی حەزەرکردن ئێفشاگەری.

حکومەتەکان و هێزەکانی پۆلیس لەهەموو دوونیادا،لەدرێژەی سەدەکاندا، قەڵغان بوون بۆکلێسەکان و دامەزراوەکانی دیکە، لەحاڵێکدا کلێسەکان و هەندێکی دیکە لەدامەزراوەکان پەنایان داوە بە جنێوفرۆشانی جنسی و تەنانەت پەرەشیان پێداوە.دەوڵەتەکان لە سەرانسەری جیهاندا بە پشتیوانیکردن لەم دەرکەوتانە، کەڵک لەدەستدرێژی بۆسەر ژنان و پیاوان وەک چەکی جەنگی وەردەگرن. ئەم فێڵە بەشێوەیەکی بەربڵاو لە سیستەمەکانی ئەشکەنجەدا کەڵکی لێوەردەگیرێت. لەزیندانی "بەدناوەی ئەبوغەریب" لە عێراقدا، سەربازانی وڵاتە یەکگرتوەکان، کە نزیک بە نیوەیان ژن و لەژێر فەرمانی"ژنراڵ جانیس کارپینسکیدا" بوون، لەکۆمەڵێک چالاکیدا بەشداریان کرد کە دەستدرێژی و هەروەها باقی شێوازەکانی بچووککردنەوەی جنسیشی دەگرتەوە، ئەو شێوازانەی کە بەمەبەستی دابەزاندنی ورەی ژنان و پیاوان دادەرێژران.

### رێگای چارەسەر چییە؟

بێگۆمان رێگای چارەسەر زیندانی زۆرتر، لەحوکمی درێژماوەتر و زۆرەملێ، واتە هەمان رێگەچارەی پەسەندکراوی حکومەتەکان و پۆلیس نیە. هیچ کام لەمانە بەری پێناگرن: ئەمانە بۆخۆیان ئەو پێکهاتانە بەهێزدەکەن کە توندوتیژی جنسی ئاسایی دەکەنەوە و خەڵکانێکی تۆرەتر و بەخۆنامۆتر لەهەمیشە پێشکەش بە کۆمەڵگا دەکەن.

بەپێی بەرتەسکیە پێکهاتیەکان بۆ هەڵبژاردنی فەردی و دینامیزمی برۆکراسیەکان بە ئاراستەی سڕینەوەی ئینسان، جێگەی خۆشبینیە هەمـوو ئەوانەی کە هاوتەریـب لەگەڵ ئەرک و پیشـەی خۆیانـدا هەوڵ دەدەن نەزم و دیسـیپلینی هەبـوو بپـارێزن. ڕەنـگە کاریـان بەتەواەتی کورت نەکرێتەوە بۆ ئـازاری ئەو کەسـانەی لەژێر ئاگـاداری یـان دەسەڵاتەکەیاندان: چونکوو ئەوانە تەنیـا ئـافرینراوانی ماشـینی و مێکـانیکی زەنجیرەپلەیـی نـین. بەڵکوو زۆربەیـان لەو دامەزراوانەدا کە کـاری تێـدا دەکەن فۆرمێـک لە هەسـتکردن بە بەرپرسیاریەتی بۆ پارێزگاری لەخەڵک دەردەخەن.

ئەم ڕاسـتیە ئامـاژەیە بـۆ ڕێگـای دەربـازبوون لەم گـرفتە. ڕێکخـراوە ئێتحادیەیەکـان و خەبـاتی دەسـتەی جەمعی دەتـوانن ئایـدیای هاوبەسـتی و ووشـیاری چینـایەتی پەرەپێبـدەن. وەهـا ئاراسـتەیەک دەتـوانێ هەنـدێک پڕچەکـرداری مرۆیـی و ڕێـزدارانە لەلایەن دەسـەڵاتداران یـان ئەو کەسـانە لە کۆمەڵێـک پەیوەنـدی نـابەرابەردان، بگەێنـنە لـوتکەی خـۆی. لێـرەوە، بۆنەهیشـتن و لەبنکەنـدنی تەواوەتی توندوتیژی جنسی، دەبێت ئەو پێکهاتانە لەناو ببەین کە ئەم توندوتیژیە وەها قوڵ تیایدا ڕەگی داکوتاوە.

سەرچاوە:

https://redflag.org.au/article/roots-sexual-violence

http://praxies.org/?p=٥٠٨٦

سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاسۆی ڕۆژهەڵات - ڕێکەوتی: ٢ی ئەپریلی ٢٠١٦

# ئەگەر ناتوانن مرۆڤ بن لانیکەم هەوڵبەن مەبنە ئاژەڵ



## ڕێزان شێخ دلێر

ساڵێکی تریش تێپەڕی و ڕۆژی بەرنگاربونەوەی توندوتیژی دژی ژنان لە جیهان بەڕێوە دەچێت. حکومەتەکان و ڕیخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی لە جیهان بە کۆمەڵێک پرۆژەوە میکانیزمی نوێوە خۆیان مانیفێست دەکەن لەم ڕۆژەدا.بابەتەکە ئەوەیە کە چیتر ژن نابێت وەک رەگەزی دووەمی بێ کەڵک مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت وەک رابەری فێمێنیزمی فەرەنسی [سیمۆن دو بوڤوار] دەیگوت.ساڵێکی تر دەگوزەرێت و بارودۆخی ژنی کورد وەک ڕەگەزی بێکەڵک نەک کەمێک باشتر نەبووە بەڵکە زۆر خراپتریش بووە.

ئێمە دەمانگوت ئەگەر لایەنەکان هەوڵی جدی نەدەن بۆ چارەسەر کردنی کیشە سیاسی و یاساییەکان، ئەگەر قەیرانی ئابوری چارەنەکرێت، ئەگەر ئینتیمای نیشتیمانی بە شیوەیەکی سیستماتیک وەک ئەرک و مافی هەر تاکێکی کۆمەڵگای ئێمە نەبینرێت ئەوە بێ دوو دڵی قوربانی یەکەمی تەواوی کێشەکان خانمان دەبن. لەگەڵ ئەوەشدا ژنان قوربانیەکی کلتوری و مێژویی ئەو ناوچەیەن کە گەلی کورد تێیدا وەک خاوەندار شوناسی نەتەوەیی خۆی مانیفێست کردووە.

ئێمە نەتەوەیەکین هیچ تاک و گروپ و لایەنێکی سیاسی نابینین لە ڕۆژی بەرەنگار بونەوەی توندوتیژی دژی ژنان دەنگیان بەرزنەکەنەوەو هاوسۆزی خۆیان بۆ ئەو قوربانیە ڕانەگەیەنن کە پێی دەگوترێ ڕەگەزی مێینە،بەڵام ئەو فاکت و پێدراوە سیاسی و کلتوری و کۆمەڵایەتی و ئاینینانەی کە لەبەر دەستن هەموو پێکەوە ئەوە دوپات دەکەنەوە کە ژن قوربانییەکی بێ جەلادە، واتە لەگەڵ ئەوەشدا کە ڕێژەی کوشتن و لێدان و تەخت کردن و ڕوخاندنی سایکۆلۆژی ژنان گەشتۆتە لوتکە کەچی هەست دەکەین جەلادی راستەقینە دیار نیە..هۆکاری ون کردنی جەلاد تەنها لەو خاڵەدا خۆی دەبینێتەوە کە لەم هەرێمەی ئێمەدا یاساو داموو دەزگاکانی پاراستنی ئاسایش و کەرامەتی تاکەکان نەک بە ئەرکی خۆیان هەڵناسن بەڵکە هەندێک جار لە ون کردنی جێپێکانی جەلادەکاندا یاریدەربوون.

ئەگەر بە وردی تێبینی ئەوەمان کردبێت لایەنە سیاسیەکان و دەسەلات هەموو ڕێگایەکیان تاقی کردۆتەوە بۆ ئەوەی ڕێک بکەون لەسەر پارەو کورس و پۆستەکانی حوکمرانی بە شێوەی یاسایی و نایاسایش هەندێک جار،بەلام تەنها یەکجار لایەنە سیاسیەکان و دەسەلات پێکەوە کۆبونەوەی پێنج و قۆلی و تەنانەت دوو قۆلیشیان ئەنجام نەداوە بۆ بەرەنگار بونەوەی توندوتیژی دژی ژنان. چەندە مەترسیدارە، لایەنە سیاسیەکان بێ جیاوازی ئامادەن هەزاران جار کۆببنەوە بۆ ڕێکەوتن لەسەر دابەشکردنی پارەو پۆستی ئەم نیشتیمانە کە ژنان تێیدا نیوەی کۆمەڵگان، کەچی ئامادانەبن تەنها یەکجار پرسی کوشتن و توندوتیژی دژی ژنان وەک پرسێکی گرنگی نیشتیمانی مامەڵەبەن و ڕێکەوتنێکی سیاسی و یاسایی لەسەری بونیاد بنێیت.

سیاسەت هونەری دۆزینەوەی چارەسەری قەیران و کیشە سیاسی و کۆمەلایەتی و ئابوریەکانە، جگە لەمە سیاسەت کردن دەبێتە قومار کردن و ڕۆحی دوژمنکاری و وێران کردن، هەست دەکەم لەم نیشتیمانەی ئێمەدا هێشتا سیاسیەکان دەربارەی هونەری سیاسەت کردن بۆ خومەتی زیاتری هاولاتیان هیچ نازانن. دەبێت ئەو راستیە تاڵە دوپات بکەمەوە کە جگە لە خانمان هیچ لایەن و هیزێکی دیکە هاوسۆز و هاو بیری خانمان نیە، دەبێت ژنان خۆیان بسەلمێنن و فشار لەسەر کۆمەڵگاو لایەنە سیاسیەکان دروست بکەن تا ئەو شوێنەی بە دەنگی بەرز تیانبگەیەنین کە ئەگەر ناتوانن وەک ئینسان بژین لانی کەم هەوڵبدەن وەک حەیوان مەژین. ئازاد کردن و گاراندنەوەی حورمەت و کارامەتی ژن، ئێمە وەک ئەرکێک سەیری دەکەین کە هیچی کەمتر نیە لە پارێزگاری کردن لە خاک و نیشتیمان، بەڵکە ئەرکێکی پیرۆزتریشە، پێویستە دەزگاکانی ڕاگەیاندن و لایەنە سیاسیەکان بێ جیاوازی بە ئەرکی نیشتیمانی و ئینسانی خۆیان هەستن و ژن لە ژێر چەپۆکی ڕەشی وەحشەتی کلتوری و مێژووی و پیاوسالاریدا دەربهێنن، با هەموو پێکەوە بەرلەوەی هاوار بکەین بۆ نان هاوار بکەین بۆ ئازاد کردنی ژنان.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە - ڕێکەوتی: ٢٥ی نۆڤەمبەری ٢٠١٦

# "ژن و دادپەروەری"



**بە بۆنەی ٢٥ی نۆڤامبەر، ڕۆژی جیهانی خەبات دژی توندوتیژی دژ بە ژنان**

## کەژاڵ ئیلخانی زادە

قسە کردن لە سەر مەسەلەی ژن، لە ڕەهەندی جۆراوجۆرەوە پێویستی بە خوێندنەوەو لێکۆڵینەوەو باسی تێرو تەسەل هەیە، چونکە مەسەلەی ژن مەسەلەیەکی بنەڕەتی و کاریگەری کۆمەڵگایەو بە پێی جیاوازی و جۆری کۆمەڵگاکانیش ئەم پرسەش وەکو پرسێکی چارەسەرنەکراو، هەورازو نشێو و ئاسۆکانی بەردەم چارەسەری جیاوازییان هەیە. مەسەلەی دادپەروەری بە میکانیزمی دروست ،بۆ چارەسەری ئەم پرسە، دەتوانێ بنەمای سەرەکی بێت.

ئێمە ناتوانین لە هیچ کۆمەڵگایەک باس لە دادپەروەری بکەین، تادەرفەتی یەکسان و بەرابەر، لە هەموو بوارەکاندا بۆ ژنان نەڕەخسێ. بۆ ئەوەی تواناو بەهرەو تایبەتمەندییەکانی خۆیان تاقی بکەنەوەو بیناسن. کۆمەڵگایەک ناتوانێ بە دادپەروەری بگا، تا پرسی ژن وەک پرسی ئینسان چاو لێنەکاو کۆتایی بە چەوساندنەوەی ڕەگەزی نەهێنێ.

لە بوونی چەوساندنەوەی ژنان و نەبوونی دەرفەتی بەرابەرو یەکسان، کۆمەڵگا نادادپەروەری بەرهەم دەهێنێ. لەنەبوونی دادپەروەریدا، پێشیلکاری و نەبووی یاسای پێشکەوتوو بوونی هەیە، هەر بۆیەشە ناتوانین قسە لەسەر پێشکەوتن و بەرەو پێش چوونی کۆمەڵگا بکەین، چونکە بەشێکی تواناو بەهرەو تایبەتمەندییەکانی پێشکەوتن کە لە بوونی ژناندا هەیە، لەنەبوونیاندا، غائب دەبێ.

سیستەمێکی دادپەروەر دەبێتە میکانیزمی ڕەخساندنی دەرفەت بۆ دەرخستنی تواناکان و بەهرەکانی ژنان لە بوارە جۆراوجۆرەکانی سیاسەت و ئابووری و بازرگانی و...

بۆ نموونە وڵاتانی پێشکەوتووی وەک ئەڵمان، ئینگلیز، سوئید، ئەمریکاو... کە پێشکەوتوون و بنەمای دادپەروەری و یەکسانی یاساکان بۆ هەموو هاوڵاتیان وەک یەکە، ئینسان کۆڵەکەی بەرپرسایەتی قبوڵدەکات و جیاوازی و هەڵاواردنی ڕەگەزی و ئایینی نیە، چۆن ئێمە شاهیدی دەرکەوتنی تواناکانی ژنانین، ئەوان بەرزترین پایەکانی دەوڵەت بەڕێوە دەبەن و تێشیدا سەرکەوتوون.

ئەم هاتنە مەیدان و دەرکەوتنی توانایانە ئەو هەموو ئیئۆری و لێکدانەوانەی خاوەن بیرانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ڕەد دەکاتەوە، کە بە هۆکاری ئەوەی ژنان لاواز و بێ توانان لە مەیدانە جۆراوجۆرەکاندا قبوڵی بەشداریکردنیان ناکەن و یان ئەگەریش دەرفەتێکی بچوکیان پێبدرێ بێ ناوەڕۆک و تەنها بۆ نمایشە.

لەوڵاتە پێشکەوتووەکانیش سەرەڕای ئەو هەمووەسکەوتە، هێشتا توندوتیژی جەستەیی و ڕۆحی بەرامبەر بە ژنان هەیە. بەڵام ئەم مەسەلەیە لە کۆمەڵگای نادادپەروەر و پڕ لە دواکەوتوییدا کارەسات خوڵقێن و ئاستی پێوانەیی چەند قات تێپەڕاندووە.

دوو فاکتەری ئەساسی دەستیان کە لەم کۆمەڵگایانەدا داوەتە دەستی یەک، بۆ دروست کردنی هەڵاواردن و توندوتیژی، بریتین لە:

یەکەم: یاساکانی دەوڵەت، کە سەرچاوەی سەرەکی شەریعەتە. دووهەم: عورف و فەرهەنگ کە سەرچاوەکەی خەڵکە.

تێکەڵ بوونی ئەم دووانە بوونەتە گەورەترین لەمپەر لە دەرکەوتنی تواناکانی ژنان و سەرچاوەی دروستکردنی نادادپەروەرین لە کۆمەڵکادا.

زۆربەی یاساکانی وولاتانی دواکەووتوو، هەر بە یاسا ژنانی لە هەندێ مافی ئەساسی و ڕەوا بێبەش کردووە، بۆ نموونە لە ئێراندا بە پێی یاسای ئەساسی ولات، ژنان حەقی خۆ کاندید کردنیان بۆ پۆستی سەرۆک کۆماری و پۆستە باڵاکانیتری وڵات نیە. وە عورف و فەرهەنگی سەخت و دواکەوتووی کۆمەڵگاش لەو ئاراستەی کە مەیدانی سیاسەت و ئابووری پیاوانەیە و کاری ئەوان نیە. لە رووی کۆمەڵایەتیشەوە شەرەفی بنەماڵە بە ژنانەوە دەبەستێتەوە.

ئەم دوو خاڵە ئەساسیە، بەرهەمهێنەری سەرەکی و هەڵاواردن و نادادپەروری و توندوتیژین، بە هەموو شێوازەکانیەوە.

بۆ ڕووبەڕووبونەوەو کۆتایی هاتن بە توندوتیژی و نادادپەروەی، دژ بە ژنان، هەم جێخستنی یاسای پێشکەوتووانەو هەم گۆڕینی فەرهەنگ و عورفەکان پێویستە، چوون یاساو فەرهەنگی پێشکەوتوو، هەم پاڵپشتەو هەم دەرفەت خوڵقێن، ئەم دووانە پێکەوە مەرجی هاتنە کایەی دادپەروەرین.

بێ بەشداری ڕاستەقینەی ژنان و دانی دەرفەتی یەکسان لە هەموو بوارەکاندا، دادپەروەری و بەختەوەری لە کۆمەڵگادا، بوونی نیەو نایەتەدی.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاسۆی ڕۆژهەڵات - ڕێکەوتی: ٢٥ی نۆڤەمبەری ٢٠١٦

# (٢٥)ی نۆڤەمبەر؛ رۆژی فشاری ژنان



## شەیما جەمال زەندی

"نا بۆ توندوتیژی دژ بە ژنان"، ئەمە دروشمی چالاکوانانی بواری ژنانە کە هەمو ساڵێک بە فۆرمێکی جیاواز لە (٢٥)ی نۆڤمبەر ئەم یادە دەکەنەوە کە وەکو رۆژی بەرەنگاربونەوەی توندوتیژی دژ بە ژنان دادەنرێت. ئەم وشەیە بەمانای بەرەنگاربونەوەی هەر توندوتیژیەکە بەرامبەر بە جەستەو دەرونی مێینە دەکرێ بە شێوەیەکی راستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ و بەمەبەست بێت یاخود بێ مەبەست.

ئەم توندوتیژیە لە ئەنجامی جیاوازی رەگەزی و لە غیابی عەقڵ ئەنجام دەدرێ، بەوپێیەی پیاوێک یان نێرینەیەک بیری چوە کە بە هۆی ژنێکەوە هاتوەتە دنیاوە و ژنێک پەروەردەی کردوە و پێی گەیاندوە، بەشێک لە پیاوان تەنها بیر لە جەستەی ژنێک دەکەنەوە کە جیاوازە لە جەستەی خۆی وادەزانێ ئەو جیاوازیە رێگای پێ دەدات توندوتیژی بەرامبەری ئەنجام بدات.

هۆکاری توندوتیژی بەرامبەر بە ژنان مێژویەکی کۆنی هەیە، دەتوانین بڵێین لەو کاتەوە دەست پێ دەکات مرۆڤایەتی پێینایە قۆناغی چینایەتی و کۆتایی هاتن بە ژیانی گەڕۆکی. ئەگینا لە سەردەمی مرۆڤە گەڕۆکەکان هەیبەتی ژن لە پیاو زیاتر بوەو خێزانیش بە ناوی ژنەوە ناو دەنرا. کارل مارکس قسەیەکی جوانی هەیە کە دەڵێ سەرمایەداران تەنیا بیریان لە زیادکردنی بەرهەم و قازانج و چەوسانەوە کردوەتەوە، بەڵام لەو نێوەندەیشدا چینێکی وشیارو بەرهەمهێن پێکدێنن کە دژی خۆیان دەوەستنەوە.

ژنان بەکارکردنیان دەتوانن یەکسان بونیان لە پیاوان نزیک بکەنەوە. ئەو مێژوەی هاتنی ژنان شانبەشانی پیاوان بۆ بەشداری کردن لە بەرهەمێنان لەو کاتەوە دەستی پێکرد کە سەرمایەداران ئەوان و منداڵانیان دەخستە ناو ئیشەوە تاوەکو نرخی کرێی کرێکارانی

پیاوانیان پێ کەمبکەنەوە، بەڵام بە دیوە پێچەوانەکەی ئافرەتیان وشیار کردەوە کە بتوانن بۆ خۆیان داکۆکی لە مافەکانی خۆیان بکەن.

ئێستاش رادەی یەکسان بونی ژنان بەرامبەر بە پیاوان پابەندە بەرێژەی گەشەکردنی هەر وڵاتێک. بۆیە دەبینین وڵاتانی پێشکەوتوی وەک ئەمەریکاو ئەوروپاو ژاپۆن و بگرە چین و روسیاش ژنان خەریکە بە تەواوەتی یەکسان دەبن بەرامبەر بە پیاوان. بەڵام هەندێ وڵاتی تر چونکە گەشەکردنی بەرهەم تیایاندا لاوازە بۆیە دەبینین ئەو جیاوازیە لەو وڵاتانە فراوانە.

کەلتوری دەرەبەگایەتی و پێش دەرەبەگایەتی و باوەڕی ئایینزاکان بەدەوری خۆی کۆسپ و تەگەرە دەخاتە بەردەم هەنگاوی ژنان بۆ ئەو یەکسانی بونە. لێرەش ئەو کەلتورە دواکەوتوە لە وڵاتانی هاوشێوەی خۆمان بەڕونی دەبینرێت. لای خۆشمان واتە لە ناو حکومەتی هەرێمی کوردستان دیاردەی کوشتن و خۆسوتاندن و تیرۆرکردنی ژنان مەودایەکی زۆر فراوانی وەرگرتوە.

دروستکردنی ئەو قەیرانە ئابوریەش سەرتاپای هەرێمی روبەڕوی سەختی و بێکاری و قورسی ژیان کردوە، کە لەناویاندا ژنان بە رێژەیەکی زۆر فراوان دور خراونەتەوە لە چالاکیە مەدەنییەکان و کار کردن لە دەزگاو کارگەو کارخانە حکومی و ئەهلیەکان و لەو رێگەیەوە زیاتر مەینەتیەکانیان زیادیکردوە.

دەخوازین لە ساڵیادی نا بۆ توندوتیژی بەرامبەر بە ژنان رێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی و رێکخراوەکانی ژنان و ئەو کۆڕو کۆمەڵە جیهانیانەی کە چاویان خستۆتە سەر کوردستان و حکومەتی هەرێم دەست لە ئەژنۆ دانەنیشن و فشار بخەنە سەر دەسەڵات بۆ ئەوەی دیاردەی تیرۆر بە گشتی و تیرۆری ژنان بە تایبەتی بوەستێنن. ئەوەی دەمێنێتەوە پێویستە هەموان گوشار بخەینە سەر حکومەتی هەرێم تاوەکو یاسایەک دەربکرێت و پاشان جێبەجێ بکرێت، تا لەو رێگەیەوە کوشتنی ئافرەتان لە ژێر هەر بیانویەکدا بێت، بە تاوان دابنرێت و بەهەمان تاوانی کوشتنی کەسێک دادگایی بکرێت.

سەرچاوە: ماڵپەڕی سبەی - ڕێکەوتی: ٢٦ی نۆڤەمبەری ٢٠١٦

# توندوتیژی و تاوان ڕەگەزیان نییە



## ئەڤین ئیبراهیم فەتاح

وەکو چیرۆکی سینەمای هۆلیوودە، بەڵام لە شارۆچکەیەکی کوردستان رووی داوە و لە رۆژنامەکاندا بڵاو بووەتەوە. پیاوێک و ژنێک ماوەی ٢٥ ساڵ هاوەسەر دەبن، سێ منداڵیان هەیە و گەورەکەیان کچە و تەمەنی ٢٣ ساڵانە. لەناو کەسوکاردا کەس نەیزانیوە ئەم خێزانە گرفتێکی ئەوتۆیان هەبووبێت. پیاوەکە ون دەبێت و کەسوکاری بەدوایدا دەگەڕێن تا تەرمەکەی بە سووتێنراوی دەدۆزنەوە، دواجار بە پشکنینی پۆلیس و پزیشک دەناسرێتەوە.

پرسەی بۆ دادەنێن و لەدوای پرسە منداڵەکان و دایکیان ون دەبن. پۆلیس بە سێرچی خۆی دەیاندۆزێتەوە و دەستگیریان دەکات. ژنەکە دان دەنێ بە تاوانی خۆی و دەڵێ خۆم بە گوللە کوشتوومە و منداڵەکانیش هاوکارییان کردووم لە سووتاندنی تەرمەکەی. ژنەکە هۆکاری کوشتنەکەی دەگێڕێتەوە بۆ ئەوەی پیاوەکەی مەی خۆر بووە.

هەواڵی دواتر: ژنە بە هاوکاریی پیاوێک، هاوسەرەکەی خۆی کوشتووە، لەبەر ئەوەی پەیوەندیی سۆزداریی هەبووە و کچی کوژراوەکەش هیچ گرفتێکی لەگەڵ باوکیدا نەبووە، بەڵام ناڵێ بۆچی ئەم کچە بێدەنگ بووە و لەگەڵ دایکیشی رۆیشتووە و خۆیان حەشار داوە.

ئێستا هەموویان لای پۆلیس دەستگیر کراون و لێکۆڵینەوە بەردەوامە.

چیرۆکێکی دڵتەزێن، هەواڵی هەڵوەشانەوەی خێزانێک، بە خوێندنەوەی ناخی هەژاندم و بە هیچ شێوەیەک ئەو هۆکارنەی راگەیاندن باسیان دەکات ناچنە ئەقڵەوە بۆ ئەنجامدانی تاوانێکی وا گەورە و پلانی وا ورد. من باوەڕ ناکەم ژنێک کە منداڵی ٢٣ ساڵانەی

هەبوبێت و ٢٥ ساڵ ژیانی بەبێ گرفت لەگەڵ پیاوێک، پەیوەندیی سۆزداری لەگەڵ پیاوێک دیکە تاکە هۆکاری پشتی کارەساتەکە بووبێت. ئەمڕۆ لە سەفەر و چوونەدەرەوەی هەرێم ئاسانتر نییە، واتا ژنەکە دەیتوانی بە بێدەنگی لەگەڵ دۆستی خۆی رابکات و منداڵەکانی بێ دایک بکات، نەک وەکو ئێستا، خۆیان و دایکیان تۆمەتبار بن بە کوشتنی باوک. هەروەها هۆکاری مەی خواردنەوەش ئەگەر بەس بێت بۆ کوشتن، ئەوا ئەم وڵاتە بەدەگمەن پیاوی تیادا دەمایەوە.

کوشتنی مرۆڤێک و پاشان سووتاندنی، تاوانێکی ئێجگار گەورەیە، بەتایبەتی ئەگەر ژنێک ئەنجامی دابێت، بۆیە نازانم بارودۆخی ئەو ژنە چی بووە و چ کارەساتێکی لەوە گەورەتر لەپشتی ئەم ڕووداوە بووە. بۆیە زیاتر لەسەر وردەکاریی ڕووداوەکە ناڕۆم، بەڵکو وەکو توێژەرێکی کۆمەڵایەتی لە رەفتاری توندوتیژی دەکۆڵمەوە.

رەفتاری مرۆڤ یەکێکە لە بابەتە ئاڵۆزەکان و هاوبەشە لەنێوان کۆمەڵناسی و دەروونزانی. هەردوولا لەسەر یەک شت کۆکن، کە ئەوەیە رەفتار بابەتێکی بۆماوەیی نییە بەڵکو وەرگیراوە. مرۆڤەکان لە یەکترەوە فێری ئەرمونیانی یان توندوتیژی دەبن و پاشانیش هەر خۆیان بە هاوکاریی مرۆڤی دیکە دەتوانن رەفتارەکانیان بگۆڕن. بۆیە توێژەرانی کۆمەڵایەتی و دەروونی سوورن لەسەر ئەوەی کە گەڕان سەرەتای چارەسەرە.

ساڵانێکی زۆرە لەناو کوردان ژن دەکوژرێت و ناومان بە ژنکوژ دەرکردووە. کوشتنی پیاوێک بە دەستی هاوسەرەکەی و پاشان سووتاندنی تەرمەکەی بە هاوکاریی کچەکەی زەنگێکی مەترسیدارە و پێمان رادەگەیەنێت کە توندوتیژی و تاوان پەیوەندییان بە جێندەرەوە نییە!

ئەگەر کارەساتێکی لەم چەشنە لە خێزانێکدا ڕووی دا، ئەوا ڕاست نییە بڵێین خێزانەکە هیچ گرفتێکی نەبووە و بەقودرەتی قادر ئەم کارەساتە ڕووی داوە و قەزاوقەدەرە!

ساڵانە زانکۆکانمان بە هەزاران کەس لە بوارەکانی دەروونزانی و کۆمەڵناسی پێ دەگەیەنن و بێکار دەکەون، لەبەر نائومێدی و چاوەڕوانیی دامەزراندنی حکوومەت و دوای دامەزراندن، دەوامی بێ کاریی مرۆڤی ساخڵەمیش نەخۆش دەخات. نازانم تا کەی بیر ناکەنەوە لەوەی کۆمەڵگەی کوردی سەدان هەزار گرفتی کۆمەڵایەتیی هەیە. ئەم دۆخە پێویستی بەوەیە لە سووچی هەر کۆڵانێک ئۆفیسێکی چارەسەری گرفتی خێزانی و دانەیەک بۆ گرفتی دەروونی و دەیان بنکەش بۆ مامەڵەکردن و ڕاهێنان لەسەر چارەسەرکردنی نەخۆشی و رەفتاری توندوتیژ بکرێنەوە.

کاتی ئەوە هاتووە پۆزەتیڤانە لە گرفتەکانمان و لە دۆخەکانیان بڕوانین و بەتەمای خوا و خوا دەلیلی داماوانە و ئەم خێزانە گرفتیان نەبووە، دەربچین. نەخێر خێزان گرفتی نەبێت ناگات بەم کارەساتە.

**سەرچاوە: ماڵپەڕی باس نیوز - ڕێکەوتی: ٢٦ی نۆڤەمبەری ٢٠١٦**

# من (زەعيفە) نيم.



**لاوژە ماهيە**

خەبات بۆ سڕینەوەی پلە دوویی پێویستی بە بەشداریی یەکە بە یەکەی ژنانە.

کۆمەڵگای کوردستان وەک بەشێک لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کۆمەڵگایەکی پیاوسالارە، هەڵاواردنی جنسی و چەوساندنەوەی ژنان بۆتە بەشێک لە هەویەتی بنەڕەتی دانیشتوانەکەی، سەر تا پای کۆمەڵگا بە پیاوسالاری پۆڵین کراوە لە ئەدەبی ئاسایی قسەکردنی ڕۆژانەوە تا دەگاتە سیستەمی پەروەردە و سەرجەم جومگەکانی کۆمەڵگا و شێوازی ڕێکخستنی بازار و شوێنی کار و .. هتد. پیاوسالاری لە عەقڵی گەورە و بچوک، ژنان و پیاوان چەقی بەستووە و ڕەنگدانەوەی هەیە لە سەرجەم هەڵسوکەوتماندا، هیچ کوڕێک نیە خۆی بە زیاتر و باشتر نەزانێت لە کچ وە هەروەها بە پێچەوانەشەوە ئەو عەقڵیەتە جۆرێک ژنانی ڕام کردووە کە هیچ کچێک نیە خۆی بە کەمتر نەزانێت لە کوڕ.

کۆمەڵگای کوردی و بە تایبەتی ژنان تەنها دوو ڕێگایان لە بەردەم دایە، ڕێگای یەکەم ئەوەیە تەسلیمی ئەم واقیعە تاڵە بین و هەتا هەتایە گۆرانی "دونیا هەر وابووەو هەر واش دەمێنێ" بڵێینەوە و داماو و کنەفت و کۆیلە بەم دەردەوە بناڵێنین یان ڕێگای دووەم هەڵبژێرین و ڕاپەڕین کەین دژی ئەم پلە دوییە، ڕاستە وەها بووە بەڵام نابێت وەها بمێنێت، ئەوە ئینسانە زیندووەکانی ئەمڕۆن دیاری دەکەن سبەینێ دەبێت چۆن بێت. نابێت شەپۆلی پیاو سالاری هەتا هەتایە ئەمبەر و ئەوبەر بمانبات، دەڵێن ماسیە زیندوەکان ئەوانەن کە بە دژی شەپۆلەکانەوە دەجوڵێن نەک ئەوانەی کە شەپۆل لەگەڵ خۆی دەیانبات.

زۆربەی ژنان ڕێگای خۆپاراستن لە کێشە و خۆ گونجاندن لە گەڵ واقیع و تەسلیم بوون بە هەلومەرجەکەو پیاوسالاریان هەڵبژاردووە، هەر ئەوەش هۆکاری سەرەکی درێژ بونەوەی تەمەنی سیستەمی دژە ژنە. خۆ سانسۆر کردن بۆ خۆپاراستن لە بارگرژی

ملدانە بە دۆخی دەرەجە دوویی.

خەبات بۆ گۆڕینی دۆخی ژنان سەرەتایی ترین هەنگاوە بۆ هەر ژنێک کە بیەوێت وەک ئینسانێک و کائینێکی سەربەخۆ پێ بخاتە دونیای بونەوە، بۆ هەر ژنێک کە بیەوێت لە هەر بوارێکی تردا خەبات بکات، ئەگەر ژن لەمافی ئینسانی بەهرەمەند نەبێت چی لە دۆخەکە دەگۆڕێت دوێنێ ناسیۆنالیزمی عەرەبی حاکمیەتی کردووە ئەمڕۆ ناسیۆنالیزمی کورد. دەڵێن: "ڕۆژێک لە چۆڵەوانیەک دز و جەردە دووای مەلای مەشهورە دەکەون مەلا بە کەرەکەی دەڵێت خێرا غاردە با نەمان گرن، کەرەکە لە وڵامدا دەڵێت بە قوربان خەمی خۆتت بێت و خۆت قوتار دە، من کە بارم چل مەن بێت چە جیاوازی تۆ و ئەوان هەیە بۆ من.ع.

ژن نیە ڕۆژانە پریشکی نیزامی پیاوسالاری بەرنەکەوێت و ئازار نەبینێت، زۆربەی ژنان لە ژیانی ڕۆژانەیان جارێک یان چەند جار توشی حاڵەتی وەها دەبن کە لە مێشکی خۆیان بڵێن ئەگەر ژن نەبونایە جۆرێکی تر هەڵوێستیان دەگرت. هەمو ژنان یەکێک کەم و یەکێک زۆر ڕۆژانە هەست بە پلە دوویی ژن بوون دەکەن.

ژنانی کوردستان دەبێت کۆمەڵێک پرسیار لە خۆیان کەن و بە دووای وەڵامی پرسیارەکان کەون. ئایا دۆخی ژنان لە سەرجەم کۆمەڵگای بەشەری ئەم کۆیلایەتیەیە؟ سەرچاوەی ئەم هەڵواردن و چەوساندنەوەیە لە کوێوە هاتوە؟ ئەزەلی و ئەبەدیە؟ بۆچی ماوەتەوە؟ چۆن خەباتی بەرانبەر کراوە؟ کۆمەڵگا پێشکەوتوەکان چیانکردووە لە گەڵ ئەم کێشەیە؟ شەڕی یەکسانی چیە؟ یەکسان لەگەڵ کێ؟ یەکسانی لە چی؟ شەڕ لەگەڵ کێ؟ ئەمانە و کۆمەڵێک پرسیاری تر، ئەگەر جەختیان لە سەر کەین ڕۆشنایەک دەخاتە بەردەم خەباتمان.

بە درێژایی مێژو دەسەڵاتداران و پاوەندخوازان هەوڵیان داوە، جیاوازی سروشتی، جوغرافیایی و جیاوازی باوڕ بکەنە ئامرازێک بۆ بەشبەش کردن و دابڕاندن ئینسانەکان لە یەکتر، لەم ڕێگایەوە ئاگری ناکۆکیان خۆش کردووە و شەڕیان ناوەتەوە. ئەم میتۆدە لە دینەکان زۆر بەرجەستەیە و بە ئاشکرا دەڵێت لە ناو گیانداراندا بەشەر پلە وپایەی بەرزترە، لە تەورات خێڵی بەنی ئیسرائیل، لە ئینجیل تایفەی مەسیح و لە قورئان ئۆمەتی ئیسلام باشترین و تایبەتن، لە هەر سێ دینەکەش تێکڕا بە هاو دەنگ ژن خراپ و سەرچاوەی شەڕن.

شەڕی مافەکانی ژنان، شەڕی سەلماندنی هەویەتی ئینسانی ژن شان بە شانی پیاوان، شەڕی ڕزگارکردنی ژنان لە کۆیلایەتی و ژێر دەستەیی و هەڵواسراوی، شەڕی ئەوەی کە ژنان خاوەن جەستە و بڕیاری خۆیان بن، شەڕی نێوان ڕەگەزی نێر و مێ نیە، ئەم شەڕە بەربەرەکانێی کەلتور و سروشتی سەرەتایی ئینسانە، سروشتی سەرەتایی ئینسان وەک هەر حەیوانێکی تر لاشعور و دڕندە بووە، هەرچی زەمان تێدەپەڕێت ئینسان بە جیاواز لە بونەوەرەکانی تر بە هۆی عەقڵ و هۆشیاریەوە تەکوینی ژیانی خۆی دەکات و لەو سروشتە وەحشیە دور دەکەوێتەوە، بەشەر بە پێی ئەزمون و داهێنانی نوێ ڕۆژانە کەلتوری خۆی ئابدەیت دەکات. ئاستی کەلتوری دیاری دەکات بۆ هەر کۆمەڵگایەک کە چەندە لە سروشتی سەرەتایی فاسیلەی گرتوە و چەندە توانیویەتی یاساکانی جەنگەڵ بگۆڕێت و بە پێی زانستی سەردەم پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکانی ئابدەیت بکات.

هەر لە سەر ئەم تیئۆریە شەوەیە کە دەڵێت شەڕی یەکسانی نێوان ژن و پیاو، بەرەنگاری کەلتورە لەگەڵ سروشتی سەرەتایی ئینسان دەگەینە ئەو دەرئەنجامەی کە، هەڵسوکەوتکردن لە گەڵ ژنان دەتوانێت پێوەر بێت بۆ دیاریکردنی ئاستی پێشکەوتن و دەوڵەمەندی کەلتوری.

سروشتی سەرەتایی ئینسان بەشێک بوە لە یاسای جەنگەڵ، بە پێی قاعیدە و قەواعید هەرکام عەزەڵەی زیاتر بێت دەبێت بە سوڵتان و لەم ڕوانگەیەوە دەسەڵات و ماف دابەش دەکرێت. ئێستاش زۆر جا گوێمان لەوە دەبێت، سروشت ژنانی لاواز دروست کردووە و دروشمی یەکسانی بە مانا و بێ سودە. ڕاستیەکەی خاوەن ئەم جۆرە بیرکردنەوانە تەنها ئەوە دەسەلمێنن کە هێشتا مەودایەکی زۆریان نە بڕیوە و عەقڵ و تێگەیشتنی لانیکەم هەزار ساڵ دەبێت پایدەر لێبدات.

لە کۆمەڵگا پێشکەوتووەکان لە سەر لاپەڕەی یەکەمی یاسا بنەڕەتیەکانی زۆربەی وڵاتە پێشکەوتوەکان نوسراوە "ڕۆشنگەری و هۆشیاری بەردەوامی تەنها ڕێگای تەکوین و پاراستنی مافەکانمانە."

ئەگەر یاساو ڕێسا بەردەوام بە زانستی کۆمەلایەتی دەوڵەمەن نەکرێت، ئەگەر ساڵ بە ساڵ و ڕۆژ بە ڕۆژ پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان لە گەڵ زانستی سەردەم هەنگاو نە نێت، کە واتە زانستی کۆمەڵایەتیمان بۆچیە؟ کۆمەڵگای ئێمە سەرقاڵە بەوەوە چوار ژنە یان زەواجی مسیار. ئێمە دەبێت دان بەوەدا بنێین کە خاوەن کەلتورێکی کۆنەپەرەست و پەرپوت و وێرانین کە لە هەزار ساڵ پێش ئێستاوە چەقیوە.

لە وڵاتی ئێمە ڕێک بە پێچەوانەی وڵاتە پێشکەوتوەکانەوە لە یاسا بنەڕەتیەکانمان جەخت لەوە دەکرێت کە هیچ بڕگەیەک نابێت ناکۆک بێت لە گەڵ دەورانی کۆیلایەتی و دەقەکانی ئیسلام. ئەگەر لە ڕوانگەی پیاوسالاریەوە سەیری کەلتوری ڕۆژهەڵاتی ناوەند بکەین، خاوەن دەوڵەمەندترین و کامل ترین کەلتورە لە جیهاندا، لە چ وێرانەیەکی تر دا پیاو بۆی هەیە وەک بازرگانی مەڕ و مالات چوار ژنی هەبێت.

خەبات بۆ مافە ئینسانیەکانی ژنان شەڕی ڕەگەزی نێر و مێ نیە، شەڕی نێوان کوڕان و کچان نیە هەروەک جۆن خەبات دژی ئاپارتاید و ڕەگەز پەرەستی بانگەوازی شەڕ دژی سپییێستەکان نەبووە، خەبات دژی نیزامی کۆیلایەتی بانگەوازی شەڕ دژی خەڵکی ئازاد نەبووە، خەبات بۆ ڕەفاهیاتی خەڵکی خاوەن پێداویستی بانگەوازی شەڕ دژی خەڵکانی ئاسایی نیە، خەبات بۆ مافەکانی منداڵان شەڕ دژی گەورەکان نیە و خەبات بۆ مافەکانی ژنانیش خەبات دژی پیاوان نیە بەڵکۆ خەبات دژی سیستەمی پیاوسالاری و دژی ئەوکەسانە کە قازانج لەم ژێردەستەیەی ژنان دەکەن.

لە هەرکام لەم نمونانەی سەرەوە داستانی چەوساندنەوەی بەشێک لە ئینسانەکانە لە لایەن داب و نەریتێک کە تەنها لە بەرژەوەندی گروپێکی دیاریکراو و نادادپەروەردایە. لە سیستەمی ئاپارتایدی ڕەگەز پەرەستدا تەنها کۆمەڵێک سەرمایەدار و پاوەندخواز قازانج دەکەن نەک خەڵکی ئاسایی ڕەگەزەکانی تر، لە سیستەمی کۆیلایەتی تەنها کۆیلەدار و لە چەوساندنەوەی ژنانیش تەنها داب و نەریتێک قازانج دەکات کە بەرهەمی حکومڕانی ئێستا وپێشو بووە.

چەوساندنەوەی ژنان حاسڵ و بەرهەمی سیستەمی چینایەتیە لەو ڕۆژەوەی کە مرۆڤ دەستی کرد بە کشتوکاڵ و بەکارهێنانی زەوی، لە ماوەیەکی کورت دا ئەوە عەرزی منە و ئەوە هین تۆیە، دیاردەی مڵکداری هاتە کایەوە و بە تێپەڕینی زەمان مۆری خۆی لە هەمو شتێک داوە، لەم پەیوەندیەدا ژنانیش وەکو کالا دەکرێن بە ملکی پیاو بەم شێوەیە لە قۆناغە یک لە دوای یەکەکان لە پاشکۆیەتی دەمێنێتەوە دەتوانین بڵێین لە سەرجەم داگیرکاری و شەڕ و سنور دانان و دەسەڵاتداری و یاسا دانان و هێنانی ئاین ژنان ڕۆڵی سەرەکیان نەبووە و بۆ سەرجەم وێرانکاریەکانی مێژو پاوەندخوازی پیاوسالاری تاوانبارە.

سەرەڕای ئەوەی کە ژنان لە گەشەدان و بەردەوامبونی مرۆڤایەتی پشکی شێریان بەرکەوتووە، بەڵام هەمیشە لە سەنتەری بڕیاردان هیچ جێگاو ڕێگەیەکیان نەبووە، واتە لە ئەرک و بەرپرسیاریەتی لەناوەند و لە ماف و بڕیاردان لە پەراوێز بوون.
ئەم هاوکێشەیە کە سەرێکی ئەرک و سەرەکەی تری دەسەڵاتە، دەبێت لە بنەماوە دەستکاری بکرێت، ژنان لە سەنتەری بڕیاردان نزیک ببنەوە و بەشێک لە ئەرکەکانیشیان کەم بکرێتەوە.

دۆخی ژنان پێویستی بە شۆڕشێکی هەمە لایەنە هەیە، بەشداری یەکە بە یەکەی ژنان لەم شۆڕشە دا پێشمەرجە بۆ گەیشتن بە ئامانج و ژیانێکی ئاسودە، تەجروبەی وڵاتانی پێشکەوتو نیشانی داوە تەنها گۆڕینی یاسا و چاک کردنی شوێنە فەرمی و گشتیەکان کافی نیە، پێویستە ژنان هۆشیار و شارەزابن بە مافەکانیان و لە هەر کوێ هەستیانکرد غەدریان لێکراوە بوێربن هاوار بکەن. ئەگەر بەشێکی بەرچاو لە ژنان بەشداربن لە مەیدانی خەباتی ڕاستەقینە دەتوانن گۆڕانکاری ڕیشەیی بکەن و دەستکەوتی باش بەرهەم بێنن بەڵام هێشتا پێویستە یەکە بە یەکەی ئەو ژنانەی کە لێرە و لەوێ ڕوبەڕوی توندو تیژی دەبنەوە خودی خۆیان هەنگاوی یەکەم هەڵگرن بۆ ڕزگار بوونیان. خەبات بۆ مافەکانی ژنان شەرێکە کە هیچ ژنێک ناتوانێت بێ لایەن و لە دەرەوەی ئەم بازنەیە بێت، هەر تاکێک دەبێت بە مافەکانی خۆی شارەزا بێت و بتوانێت گوزارشت لە دۆخی خۆی بکات.

لە کۆمەڵگای ئێمە بە ژنان دەڵێن زەعیفە و زۆربەشمان بە کردەوە قبوڵمان کردووە یان لانیکەم بێدەنگین، وشەی زەعیفە لە کۆمەڵگای ئێمە کراوەتە هەویەتی ژن و دراوە لە نێوچەوانمان. پێش ئەوەی ناوی عایشە و فاتمەمان لە سەر دانێن ناوێکی گشتی مان هەیە و پێمان دەڵێن زەعیفە، هەژمونی ئاینی ئیسلام بەسەر کۆمەڵگاکنی ئێمە و تێڕوانینی بۆ ژن وایکردوە کەلتوری ژێردەستەیی ژن بمێنێتەوەو ڕۆژانە دەمەزەرد بکرێتەوە.

لە ژێر هەژمونی ماشێنی پەروەردەی پیاوسالاری ژنان خۆشیان پەسەندیان کردووە ئاساییە بە زەعیفە ناوببرێن لە هەمانکاتدا ئەم زەعیفەییە وای کردوە کە ورەی بەرەنگاری لەلایەن کەم بێت و دارمانێکی دەرونی گەورەیان لا دروست بکات.

لەبەر ئەوەی زەعیفەیەن دەتواندرێت بڕیارمان لەسەر بدرێت بەرشەق بدرێین ئێمەش قبوڵی بکەین و بیشارینەوە، لەسەر جادەو شەقامەکان تەحەروشمان پێبکرێت و هاتو هوتمان بۆ بکێشرێت، لە بەرامبەردا خۆمان زیاترو زیاتر داپۆشین و لە شوێنە گشتیەکان دەرنەکەوین. لاوازی دەرونی لای ژنان یەکێکە لە هۆکارە هەرە سەرەکیەکانی توند و تیژی لە کۆمەڵگا.

بەڵام ئایا ناکرێ ژنان زەعیفە نەبن؟

ئەگەر بەوردی سەیرێکی بارودۆخی ئێستای جیهان بکەین دەبینین ژنان لەم بارەیەوە زۆر پێشکەوتوون و زۆر هەنگاویان ناوە و رۆڵێکی بەرچاویان هەیە لە بەڕێوەبردنی جیهان، لەناو هەموو سێکت و پۆستەکاندا دەبیندرێن، هاتنە میدانی ژنان پاڵنەرێکی بەهێز بوون بۆ گەشەپێدانی وەڵاتە پێشکەووتوەکان.

بەشداری ژنان لە شۆڕشی ئۆکتۆبەری روسیابو بە هۆی ئەوەی، تەنها چەند مانگ دوای شۆڕش قانونی یەکسانی ژن و پیاویان دەرکرد و توانیان پێشبرکێ لە گەڵ رەوەندێکی ٢٠٠ ساڵەی رۆژئاوا بکەن.

لە بواری بەرەنگاری و چەکداریشدا وەک بوارەکان تر ژنان توانیویانە ئەزمونی تۆمار بکەن و رەوڵی کاریگەریان بێت، لە جەنگی جیهانی دوەم کاتێک ژنان و پیاوانی روسیا بەیەکەوە چەکداربون لە لنین گراد توانیان بەر بە هێرشی فاشیستی هیتلەر بگرن و ستۆپی کەن. لە کاتێکدا روسیەی پێش شۆڕشی ١٩١٧ یەکێک بوو لە دواکەوتو ترین کۆمەڵگاکانی جیهان.

هەمومان قارەمانیەتی ژنانی کۆبانێمان بینی، ژنان و پیاوان بەیەکەوە هاتنە مەیدان و شاکاریان نواند، ناوی خۆیان خستە مێژو. تەنها بە تەنها ئەوان بوون بە جدی و بە کردەوە توانیان بەر بە هێزی تیرۆرستی داعەش بگرن. هەر ئەم هاتنە مەیدان و قارەمانیەتەشیان وایکرد کە نەخرێنە پەراوێزەوە و یاساو مەرسوم لە بەرژەوەندیان بهێنێتە دەرەوە. ئایا نمونەی ژنانی کۆبانێ بەس نییە بۆ ئەوەی ژنانی کوردستان بێنە دەرەوەو بڵێن ئێمە زەعیفە نین و ئینسانی تەواوین؟

ئاستی بەشداری ژنانی کوردستان لە سەرجەم کایە سیاسی ، فەرهەنگی و کۆمەڵایەتیەکان بەرچاو نیەو تا ئێستاش نەیتوانیوە لە پۆستە چارەنوس سازکان نزیک بێتەوە، ئەم دۆخەی ژنان ئاماژەیە بە چەوسانەوە و ئاساری ئەو چەوسانەوەیە وەکو دێوزمەیەک بوەتە بەشێکی حاشا هەڵنەگر لە ناخ و کەسایەتی یەکە بە یەکەی ژنان.

ئەو بارودۆخەی ئێستا لە کوردستان دەگوزەرێت و هیچ کەسێک نازانێت ئەو سەرەکەی چی دەبێت. بەڵام گرنگە ژنان بێلایەن نەبن و بە بەشداری بەرچاویان دەتوانن مۆری خۆیان بدەن گۆڕانکاریەکان.

ئێستا کوردستان بە بارودۆخێکی زۆر حەساسدا تێدەپەڕێت، بارودۆخی خەڵک گەیشتۆتە ئەوپەڕی خراپی. بێموچەیی بێ خزمەتگوزاری، شەڕ بەرامبەر داعەش و خوێن ڕشتن. ژنان لەم نێوەدا پشکی شێریان بەرکەوتوەو باجێکی گەورە دەدەن من لە وتاری ترمدا لە مانگی مارسی ئەمساڵ بەوردی ئیشارەتم بە بارودۆخی ئێستای کوردستان و کاریگەری لەسەر ژنان کردووە. بۆیە لێرە نایەمەوە سەری.

بەڵام بەگشتی لە ئێستادا بارودۆخی کوردستان بانگامندەکات بۆ ئاڵوگۆڕی ڕیشەیی و بیرکردنەوە لە ئەڵتەرناتیڤێکی تر کە ئەویش بەرەو خۆبەڕێوەبردن و پێکهێنانی شوراکانە لە گەڕەک و ناوەندەکانی کار. دەبێت ئاڵوگۆڕی دەسەڵات ڕوبدات لە دەستی کۆمەڵێک دز و مفیا دەربهێندرێت و بکەوێتە دەستی خەڵک خۆیەوە. هەر ئێستا نارەزایەتی و ئیعترازێکی بەرفراوان لە کوردستان هەیەو دەبێت ئەم نارەزایەتیانە هەوڵبدرێت لە بەرژەوەندی خەڵک کۆتایی پێبهێندرێت. بۆ ئەمەش پێویستامان بە هێنانە مەیدانی ئیرادەو خۆ ڕێکخراوکردنمان هەیە. ئەم کارەش پیویستی بە ئینسانی بەهێزە و بە زەعیفە ناکرێت.

ژنان کە نیوەی کۆمەڵگان ئەگەر بەهێزو تەوژمەوە نەیەنە مەیدان و شان نەدەن لە شانی پیاوان لە گۆڕەپان نەوەستن و دەستیان نەبێت لە نەخشاندنی ئەم ئاڵۆگۆڕانە بە دڵنیایەوە داهاتو بە قازانجی بزوتنەوەی یەکسانیخوازی نابێت. هەربۆیە زەرورەتی هەیە ژنان بێنە دەرەوە لە ماڵەکانیان و ئەم هاوارە بکەن کە ئێمە زەعفە نین ئێمە توێژێکی کاریگەری کۆمەڵگاین و بەهێزین دەتوانین شانبەشانی پیاوان کۆمەڵگا بگۆڕین.

دڵنیاتان دەکەمەوە تا خۆمان نەیەنە مەیدان و هێز لە خۆمان نیشان نەدەین، ئەو قودرەتە نەدەینە خۆمان ئەم شۆڕشە بەسەر ناخی خۆمان نەکەین کە ئێمە زەعیفە نین هیچ کەس ئەوەمان بۆ ناکات. تەنها خۆمانین دەتوانین ئەم کۆت و بەندە بشکێنین کاریگەری ڕۆڵی خۆمان لە کۆمەڵگا نیشاندەین، ئەگەر ئێمە نەتوانین هاوار کەین بۆ سڕینەوەی ژێردەستەیی خۆمان؟ چۆن دەتوانین وەکو دایک نەوەیەکی نوێی بەهێز پەروەردە بکەین و بۆ کۆمەڵگایەکی تەندروست، ئەگەر منێکی مامۆستا زەعیفە بم چۆن دەتوانم نەوەی نوێ فێربکەم، ئەگەر منی پەرستار زەعیفە بم چۆن دەتوانم ئاگاداری و چاودێری نەخۆشێک بکەم، ئەگەر منی دکتۆر زەعیفەبم چۆن دەتوانم ژیانی نەخۆشێک ڕزگار بکەم؟

ئەگەر ئێمە گورو تین بدەینە بەر خۆمان و بە کۆمەڵگاشی نیشانبدەین و ڕۆڵی کاریگەرمان هەبێت لە ئاڵوگۆڕە بنەڕەتیەکان. هیچ هێز و حکومەتێک ناتوانێت ئەم توانایییەمان بخاتە پەراوێزەوە و ناچارن لە یاسا دانان حسابی ئینسانی تەواومان بۆ بکەن و دەتوانین جەخت بکەین لە سەر گۆڕینی ڕێڕەوی سیستەمی پەروەردەو فێرکردن لە پیاوسالاریەوە بۆ ڕێڕەوی یەکسانی وە هەر وەها پاڵنەر بین بۆ ڕۆشەنگەری گشتی لە کۆمەڵگا.

وەرن با هەمومان بەیەکەوە هاورکەین ئێمە زەعیفە نین، پیاوانی ئازادیخواز و یەکسانیخواز پستگیرمان بکەن و لەگەڵمان هاوارکەن، کە دایک، خوشک هاسەر مامۆستا..... ی ئێوە زەعیفە نین بۆ ئەوەی کە بتوانین ئاڵوگۆڕ لە کۆمەڵگادا بەدیبهێنین.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ئەمرۆ - ڕێکەوتی: ٢٧ی نۆڤەمبەری ٢٠١٦

# ٢٥ نۆڤامبەر، نا بۆ توندوتیژی



## جەلیل ئازادیخواز

سڕینەوەی توونـدوتیژی لە ژیـان و جیهـانی ئەمرۆمانـدا دژبە ژنـان، زۆر ڕەهەنـد و زۆر شـێوەی توونـدوتیژی لەخـۆی دەگرێـت کە ئەمانەش بۆ خۆیان گرێدراوی زۆر فاکتەر و دیاردەی بەکلتور بوون.

توندوتیژی بۆ ژنـان روونە کە تەنیـا توونـدوتیژی جەستەیی وفیزیکی نیە. ڕاستە ناسراوترین وبەرجەستە ترینی ئەم زەبروزونگ وچەوسانەوەیە لە جەستەو زبری نواندن لە ئاقاری جەستەدا خۆدەنوێنێ، بەڵام ڕەنگە کاریگەرترین ودژوارترین توونـدوتیژی نەبێت.

توووندوتیژی زمانی، توووندوتیژی ڕوانین ، توندوتیژی شاراوە و نەریتە پەسەندکراوەکانی توونـدوتیژی کە کۆمەڵگای نەریتـی زامنـی مـانەوە و درێـژەی ژیانیـانە لەو جـۆرە توونـدوتیژی و زەبـروزەنگەن کە کەمتـر ئاوڕیـان لێدەدریتەوە ودەکەونە بـاس و ڕۆژەڤەوە. ئەم چەند جۆرە دیاردەن و بە شیوەیەکی شاراوە هەتا هەندێ جار پەسەندکراوی دنیا بـوون و جیهـانی گیـان و زەینـی ژنـان هەڵـدەکۆڵن و وەک خۆرە لە ناوەوە دەیان کرۆژن.

ژن بە ژن و سـەپاندنی جـۆری بەرگ و شـیوەی پۆشـین و دیـاریکردنی هەرێمـی هەڵسـوکەوت وجـوڵانەوە وئاراسـتەکانی ئامۆژگـاری وبارهێنانی نەریتی لەو خەسارو گرفتـانەن کە زریـانی خەسارو کارەساتەن. بـاوەڕکردن بە لاوازی ژنـان و دورکردنەوەیـان لە سـنووری دنیـای پیـاوان کە هەر دنیـای هێـزو سـەروەتەو وەک تـاپۆ ڕاگیـراوە و نـایەڵن دەسـتی ژنـان بگـاتە ئەم دەڤەرە هەر لەو بـاوەڕ و نەریتانانە کە لە کۆمەڵگای ئێمەدا کارا و چالاکن، کۆ بـاوەڕ وبیرێکی چەسپاو و چەقبوستوو کە لە لای ئێمە بونەتە دیـاردە وبە هاسانی وەردەگیرێن و پێناسەی ژنی هەڵکەوتو شیاویان پێ دەکرێت هەر بەهەمان شێوە کاردەکەن وجیهانی ژنان دەشێوێنن .

کەم بونەوە و لەناوچوونی ئەم توندوتیژیانە بەستراوە بە باوەڕ و کلتوری گشتی کۆمەڵگاوە کە دەبێ هەر لە بنەماترین ئاست و پێکهاتەکانی کۆمەڵگاوە دەست پێ بکات.

**یاسا و سەرچاوەکانی یاسا**

خوێندن و بارهێنان و کلتوری گشتی لەو ئاقار و میکانیزمە گرنگانەن کە دەبێ بۆ چارەسەری توندوتیژی بکەونە بەر ڕەخنە و خوێندنەوە و چاکسازی بنەڕەتیەوە.

کاتێ یاسا وخویندن و بەرهێنان بنەما و ئاخێزگەیان ئایدۆلۆژی وئایین و ئاینزا بێت و لەسەر بنەمای ئەوان کۆمەڵگا و کلتوری گشتی بڕەخسێت وبپێچم بگرێت ڕەوانەی توندوتیژی و پاشەکشەی گوتاری باوک سالاری نەگونجاو ئەستەمە . کۆی ئەو دیاردە وسەرجەمەی توندوتیژی ونابەرابەریەکان ئاخێزگەیان لەو بابەتانە و نەریت و مێژووی چەقبەستووی ئێمەدایە بۆیە دەبێ بێ بەزەیانە هەموو ئەوانە بکەونە بەر ڕەخنەی جدیەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاسۆی ڕۆژهەڵات - ڕێکەوتی: ٢٢ی نۆڤەمبەری ٢٠١٦

# بەربەستەکانی بەردەم پێشکەوتنی ژن و ڕوانگەی چارەسەری فیمینیزمی ڕۆشنگەری




## توندوتیژی وەک نموونە

### ئاماژە:

خوێنەرانی ئازیز ئەم بابەتەی بەردەستت یەکێکە لەو توێژینەوانەی لە کۆنفرانسی دووەمی دابڕان پێشکەش کراوە. کوردستانی نوێ بەشێک لە توێژینەوەکانی لە ئامادەکارانی بەڕێزی کۆنفرانسی دابڕان وەرگرتووە.

لێرە بەدواوە بەشێک لە توێژینەوەکان لە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێدا بڵاو دەکەینەوە. ئەم ئازیزانەی حەز دەکەن توێژینەوەکەیان پێش ئەوەی بە کتێب بڵاو بکەنەوە، لە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێدا بڵاوبێتەوە، تکایە بابەتەکەمان بۆ بنێرن و ئێمەش بە شانازییەوە بڵاوی دەکەینەوە.

### ئەم توێژینەوانەی بەدەستمان گەیشتوون:

- ڕۆڵی بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە و دیبەیت لە بەرەوڕووبوونەوەی توندڕەویی ئاینیدا. م.هەردەوان مەحمود. پ.ی.نەوزاد جەمال

- سەپاندنی کلتوری عەرەب .. وەک سەرچاوەیەکی تەشریع لە مێژووی ئیسلام. پرۆفیسۆری یاریدەدەر دکتۆر ڕێوار.

- سێکیۆلاریزم وەک ئامرازی چاکەی هاوبەش. ئازاد حاجی ئاقایی.

- بەربەستەکانی بەردەم پێشکەوتنی ژن و ڕوانگەی چارەسەری فیمینیزمی ڕۆشنگەری، توندوتیژی وەک نمونە.

## ئامادەکردنی : د. ژیا عباس قادر.- ئەمەل جلال.

### بەشی یەکەم

## پوختەی توێژینەوە

قسەکردن لەسەر بابەتی ژن و کێشەکانی و هەستکردن بەو ئازار و نەهامەتیەی کە ژن بەدرێژایی مێژووی مرۆڤایەتی چەشتویەتی و ئەو زوڵم و زۆرداریەی بەرامبەری کراوە بێ ئەوەی هیچ گوناە و تاوانێکی هەبێت تەنها ئەوە نەبێت کە ژنە مێژویەکی کۆنی هەیە، لەهەمان کاتدا هەمیشە دەسپێکی ئەو هەوڵانە بووە کە دراوە بۆ داکۆکی کردن لەو مافانەی کە هەقی شەرعی خۆیەتی و لێی زەوت کراوە تەنها لەبەر ئەوەی ژنە هەر لە سەرکوت کردن و پاشکۆیەتی پیاو و بەکەم سەیرکردن و بوار نەدانی بۆ دەربڕینی بیرو ڕاکانی و ڕێگەنەدان پێی تا بڕیار لەسەر ژیان و چارەنوسی خۆی بدات و خاوەن بڕیار بێت لە بابەتگەلێکی زۆر کە پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە ژیان و داهاتووی هەیە وەک هەڵبژاردنی هاوسەر و دروستکردنی منداڵ و بەڕێوەبردنی ماڵ کە شتانێکی زۆر سادە و سەرەتاین و مافی ڕەوای خۆیەتی ئەمە لەلایەک لەلایەکی تر بوار دانی بۆ چونە دەرەوە لە ماڵ و چونە بەر خوێندن و هەڵبژاردنی کارێک کە بگونجێت لەگەڵ حەز و ئارەزوەکانی و کارێک کە بتوانێت گەشە بە خودی خۆی بدات و خۆی بەرەو پێش بخات، کارێک کە زوڵمی لێنەکرێت بەو پێیەی کاتێکی زۆر زیاتر لە پیاو کاربکات و لەبەرامبەر داهاتێک کە نیو هێندەی ئەو داهاتە بێت کە پیاوێک وەریدەگرێت، کارێک ئەنجامبدات بێ ئەوەی گێچەڵی پێبکرێت لەلایەن خاوەن کارەکەی، هەروەها ڕێگای پێبدرێت کە بەشداری سیاسی بکات و دەنگی خۆی بدات و خۆی هەڵبژێرێت بۆ هەر پێگەیەکی سیاسی کە خۆی ئارەزووی بکات.

لەگەڵ ئەوەشدا ئەو سەردەمە گوزەشت کە خودی ژن خۆی هەست بە ئازارەکانی نەکات ئێستا ژن ئارەزوو دەکات بکەر و بڕیاردەر بێت و خۆی ئاڕاستەی ژیانی خۆی دیاری بکات بێ ئەوەی هیچ کەس و لایەنێک ئەو بڕیارە بدات لەباتی ئەو، هەرچەندە ئەمە کارێکی ئاسان نەبوو بەڵکو هەوڵ و ماندوبونێکی زۆری ویست نەک بەتەنها لەلایەن ژن بەڵکو هەموو تاکەکانی کۆمەڵ بە پیاویشەوە تاڕادەیەک دەوریان هەبوو، چونکە بۆ هەموان ڕوون و ئاشکرایە کە هەر کۆمەڵگایەک بیەوێت پێشبکەوێت و بەرەو پێش بچێت ناتوانێت نیوەی کۆمەڵگا پشت گوێبخات، نیوەیەک کە خاوەنی هێزو توانایەکی زۆرن ئەگەر چی بەشێکی زۆری تواناکانیان نادیار و شاراوەیە ئیتر بەهۆی ئەوە بێت کە خۆی هەستی پێناکات چونکە هەر لەلەدایک بونەوە وا پەروەردە کراوە کەکەسێکی کامڵ نیە و لاوازە و ئەمەش تێڕوانینێکی نەگەتیڤی لادروست کردووە کە هەر ئەوەیە دواتر دەبێتە ڕێگری لەبەردەم برەو دان بەخۆی و سەلماندنی خودی خۆی لە کۆمەڵگا، یان زۆر جار ئافرەت هەست دەکات کە توانای هەیە بەڵام کۆمەڵگایە کە بواری بۆ نارەخسێنێت کە ئاشنا بێت بەخۆی و خۆی پێشبخات، بەهەر حاڵ ئێستا بۆ هەموان ئاشکرایە کە نەخێر ئافرەت بەس تەنها ئامرازێک نیە بۆ تێرکردنی غەریزە سێکسیەکانی پیاو و دروست کردنی مناڵ، بەڵکو ئافرەت کەسێکە خاوەنی عەقڵ و بیر و هۆشە و پڕە لە هەست و سۆز کۆمەڵێک وزە و

توانای هەیە کەدەتوانێت داهێنان بکات وولات بەڕێوەبەرێت بەشداری سیاسی بکات ببێتە مامۆستا و پزیشک و ئەندازیار و پارێزەر و تەنانەت پێشمەرگەیەک کە پارێزگاری لە ولات و نیشتمان دەکات.

لەهەموو ئەمانەدا نابێت ڕۆڵی ئەو بزوتنەوە فیمینیزمیانە لە یاد بکەین ڕۆڵی ئەو ڕێکخراوو یەکێتی و تەنانەت ئەو کەسایەتیە دیارانەش کە لەمێژەوە دەرکەوتن و بەردەوام داکۆکی لە مافی ئافرەت دەکەن و هەوڵیان داوە ئافرەت لەو قەوقەعە داخراوە دەربهێنن کە کۆمەڵگا بۆی دروست کردوون یان ڕاستتر کۆمەڵگای پیاو سالاری بۆی دروست کردووە، ئەمڕۆ بزوتنەوە کۆمەڵایەتیەکانی ژنان لە هەموو شوێنێکی جیهاندا بەرچاو دەکەوێت و هەوڵ و تێکۆشانێکی بێ ووچان بۆ بەدەست هێنانی مافە ڕەواکانی ژن لە ئارادایە ئەنجامدانی کۆڕو کۆنفرانس بۆ دەرخستنی ئاستی ئەو توندو تیژیانەی بەرامبەر بە ژنان ئەنجامدەدرێت لە جیهاندا بەردەوامە هەوڵەکان بۆ فشار خستنە سەر دەوڵەتەکانی جیهان لە پێناو داڕشتنەوەی ئەو یاسایانەی خزمەت بە ژن دەکات بەردەوامە بەتایبەت لەم سەردەمەی ئێستا کە ولاتانی دونیا دەرگایان کراوەیە بەڕووی جیهانیبووندا و کاریگەری گەورەی پێشکەوتنی مەسەلەی ژن لە ولاتە پێشکەوتووەکان بەسەر ولاتە دواکەوتووەکانەوە دیارە .

## بەشی یەکەم / چوارچێوەی گشتی توێژینەوەکە

### دەروازەی یەکەم / چوارچێوەی تیۆری توێژینەوەکە:

#### ١- کێشەی توێژینەوە

ئەمڕۆ پرس و مەسەلەی ئافرەت بۆتە جێگای بایەخی زۆرێک لە کۆمەڵگاکان بەوپێیەی کە نیوەی کۆمەڵگایە و و گەشەی مرۆڤایەتی بەبێ لەبەر چاوگرتنی نیوەی کۆمەڵ واتە ژن ناتوانێ سەرکەوتوو بێت هەر بۆیە ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکی سادەیە بۆ وەڵامدانەوەی کۆمەڵە پرسیارێک لەوانە: ئایا پرسی ژن لە کۆمەڵگای کوردی بووەتە پرسێکی سەرەکی کە کاری جیدی لەسەر بکرێت یان هەرپرسێکی لاوەکیە؟ ئایا کەی نۆرەی یەکەم بە پرسی ژن دەدرێت لەناو هەموو ئەو پرسە زۆرانەی کە تا ئێستا کۆمەڵگای کوردی پێوەی دەناڵێنێت ؟ ڕۆڵ و پێگەی ئافرەت لە کۆمەڵگای کوردی لە چ ئاستێکدایە؟ ئەی بەجیهانیبوون چ کاریگەریەکی کردۆتە سەر ژنی کوردی لە لایەک و پرسی ژن لە کۆمەڵگای کوردی لەلایەکی تر؟

#### ٢- گرنگی توێژینەوە

### دووهەم / گرنگی توێژینەوەکە:

بۆ هەر توێژینەوەیەکی زانستی دوو گرنگی دیار و ئاشکرا هەیە:

• **گرنگی تیۆری**

١- گرنگی تیۆری ئەم توێژینەوەیە خۆی لە خودی ناونیشانەکەدا دەبینێتەوە کە هەوڵێکی تازەیە بۆ گرنگی دان بە ڕۆڵی بزوتنەوەی فیمینیزمی ڕۆشنگەری لە چارەسەر کردنی پرسی ژن لە کۆمەڵگای کوردی.

٢- گرنگیەکی دیکەی تیۆری خۆی لە گەیاندنی پەیامە تیۆریەکانی بابەتەکەدا دەبینێتەوە لەڕێگای خستنە ڕووی کۆمەڵێک زانیاری وورد و کۆمەڵێک سەرچاوەی زانستی و توێژینەوەو ئەو نوسراوانەی کەلەسەر بابەتەکە نوسراون و دەبنە پاڵپشتێکی بەهێزی توێژینەوەکە.

• **گرنگی پراکتیکی**

١- گرنگی پراکتیکی ئەم توێژینەوەیە خۆی دەبینێتەوە لە خستنە ڕووی کۆمەڵێک داتای وورد و زانستی لەسەر واقعی ژنی کورد و ئەو توندو تیژیانەی بەرامبەری ئەنجامدەدرێت.

٢- ئەم توێژینەوەیە هەوڵدانێکە کە چاوەڕوان دەکرێت دەرئەنجامی توێژینەوەکە ببێتە سەرەتایەکی بۆ داڕشتنی بەردی بناغەی بزوتنەوەیەکی فیمینیزمی ڕۆشنگەری کە بتوانێت پرسی ژنی کورد بەرەو پێش ببات و ئیزافەیەک بێت بۆ کاری ئەو ڕێکخراو و یەکێتیانەی کە چەندین ساڵە کار لەسەر پرسی ژن دەکەن.

**٣- ئامانجی توێژینەوە**

**ئامانجی ئەم توێژینەوەیە بریتیە لە**:

١- ئەو بەربەستانە چین کە دەبنە ڕێگر لەبەردەم بەرەو پێش چوونی ژنی کورد؟
٢- بوونی بزوتنەوەیەکی فیمینیزمی ڕۆشنگەری لە کۆمەڵگای کوردی چی دەکات بۆ بەرەو پێشچوونی پرسی ژن؟
٣- دەرکەوتنی بزوتنەوەیەکی فیمینیزمی ڕۆشنگەری لە کۆمەڵگای کوردیدا چی پێویستە ؟
٤- ئەم بزوتنەوە فیمینیزمیە ڕۆشنگەریە دەبێت چ جۆرە بەرنامەو پرۆگرامێکی هەبێت کە بتوانێت خزمەت بە پرسی ژنی کورد بکات لەلایەک و بگونجێت لە گەڵ ئەم سەردەمەی ئێستا لە لایەکی دیکە؟
٥- ئەو توندو تیژیانە چین کە لەلایەن تاکەکانی کۆمەڵگاوە بەرامبەر ژنی کورد ئەنجامدەدرێت ؟
٦- ڕێژەی ئەو توندو تیژیانە لە چ ئاستێکدایە بەتایبەت لەم سەردەمەی ئێستا کە سەردەمی جیهانیبوونە؟

٢١ی نۆڤەمبەری ٢٠١٥

## بەربەستەکانی بەردەم پێشکەوتنی ژن و ڕوانگەی چارەسەری فیمینیزمی ڕۆشنگەری.توندوتیژی وەک نموونە




### بەشی دووەم

### دەروازەی دووهەم / دیاریکردنی چەمک و زاراوەکان

**١- بزوتنەوەی فیمینیزم:**

لە قاموسی (ئۆکسفۆرد) دا هاتووە: بریتیە لە دانپێدانان بە مافی ئافرەت و یەکسانی لەگەڵ پیاو لە هەموو بوارە زانستی و پراکتیکیەکانی ژیان.

لەکاتێکدا لە قاموسی (ویبستر) دا پێناسە دەکرێت بەوەی: تیۆرەیەکە بانگەشەی یەکسانی ژن و پیاو دەکات لە هەموو بوارەکانی (سیاسەت، کۆمەڵایەتی، ئابووری )، هەروەها وەک بزوتنەوەیەکی سیاسیە بۆ پشتیوانی کردنی ئافرەت هەوڵ دەدات و گرنگی دەدات بە نەهێشتنی ئەو جیاوازیە جێندەریەی کە ئافرەت بە دەستیەوە دەناڵێنێت.

کەواتە دەتوانین پێناسەیەکی تیۆری بۆ (بزوتنەوەی فیمینیزم) دابڕێژین بڵێین: بزوتنەوەیەکی ئافرەتانە دەرئەنجامی ئەو هەموو زوڵم و زۆرداریەی بەدرێژایی مێژوو لەبەرامبەر ئافرەت ئەنجامدرا هاتە کایەوە، هەوڵ دەدات بۆ دەستەبەرکردنی مافەکانی ئافرەت لەڕووی (خوێندن، سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی) بەبێ جیاوازی کردن لە نێوان ئافرەتان لەسەر بنەمای (ڕەنگ، نەتەوە، ئاین،...هتد).

**٢- فیمینیست:**

چالاکوانی بواری ژنانە.

**یان بەو ئافرەتە دەوترێت کەلە بواری ژنان کاردەکات و هەوڵ دەدات بۆ داکۆکی کردن لە مافەکانی ئافرەت.**

**کەواتە پێناسەی تیۆری بۆ چەمکی (فیمینیست) هەر ئافرەتێکە کە لە بزوتنەوە یان ڕێکخراوەکانی ژنان کاردەکات لە پێناو داکۆکی کردن لە مافە پێشێلکراوەکانی ئافرەتانی تر.**

**٣- فیمینیزمی ڕۆشنگەری:**

**بزوتنەوەیەکی فیکری ئافرەتانە لە بزوتنەوەی فیمینیزمی ڕادیکالی جیابۆتەوە لەسەر بنەمایەکی تیۆری کاردەکات کە فۆکەسی گەورە دەخاتە سەر ئافرەت وەک کۆمەڵێکی جیاواز و تایبەت کە دەتوانن پشت بە خودی خۆیان ببەستن لە بەهێزکردنی تواناکانیان و دامەزراندنی پێناسێکی ڕۆشنبیری تایبەت بە خۆیان.**

**لێرەوە دەتوانین پێناسەیەکی تیۆری بۆ بزوتنەوەی فیمینیزمی ڕۆشنگەری دابنێین بەو پێیەی کە بزوتنەوەیەکە هەوڵ دەدات بۆ گرنگی دان بە هێز و توانا دیار و شاراوەکانی ئافرەت و کاردەکات لەسەر گەشەپێکردنی تواناکانیان و دواجار بەگەڕخستنی ئەم توانایانا لە بەرەوپێشبردنی دۆخی ژن لە بەدەست هێنانی مافەکانیان.**

**٤- توندوتیژیی:**

**بەپێی قاموسی (Universalis) پێناسەدەکرێت بەوەی کە (هەر ڕەفتارێکە کە لەلایەن کەسێک یان کۆمەڵە کەسێک ئەنجامدەدرێت بەرامبەر کەسانی تر،بە ووتە بێت یان جوڵە یان سوکایەتی پێکردن، ڕەفتارێکی توندوتیژە وهێزێکی فیزیکی یان هێمایی تیادا بەکاردێت.**

## توندوتیژی پێناسەی زۆر بۆ کراوە:

**• لەڕووی سایکۆلۆجی پێناسە دەکرێت بەوەی کە (هەموو ڕەفتارێکی دیار یان شاراوەیە، بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ یان نا ڕاستەوخۆ، مادی و واتایی، ئەنجام دەدرێت مەبەست لێی گەیاندنی زیانێکە بەرامبەر بە خود یان کەسانی تر جا خزم و کەس و کار بێت یان بێگانە).**

**• بەڵام لەڕووی یاسایی بریتیە لە: بەکارهێنانی هێزی مرۆڤە مەبەست لێی ملکەچ پێکردنی بەرامبەرە یان ترساندن و تۆقاندنی، زۆرجاریش ئەم هێزە ئاڕاستە دەبێت بۆ شت و مەک و کەلوپەل بە لە ناوبردن و تێکدانی یان دەستبەسەردا گرتنی، ئەم بەکارهێنانە هەمیشە ڕێگە پێنەدراوە و لە بنچینەدا بەتاوان ئەژماردەکرێت.**

• لەڕووی سۆسیۆلۆجی: زانایان (ه.جراهام، ت. جیر) پێناسەی دەوسکەن بەوەی کە بریتیە لە: ڕەفتارێک مەبەست لێی گەیاندنی ئازارێکی جەستەیی یە بە کەسی بەرامبەر یان زەرەر و زیان گەیاندنە بە سەروەت و سامانی، هەرچەندە ئەو ڕەفتارە ڕوکەشێکی تاکڕەوی یان بە کۆمەڵی هەبێت.

کەواتە دەتوانین پێناسەیەکی تیۆری بۆ چەمکی توندو تیژی بکەین بڵێین: بریتیە لە هەر ڕەفتارێک لەلایەن تاک ئەنجامدەدرێت بەشێوەیەکی مەبەستدار و ئامانج لێی گەیاندنی ئازارێکە بە کەسی بەرامبەر.

توندوتیژی دژی ئافرەت: بریتیە لە هەر کردەیەکی توندو تیژی دوژمنکارانە یان ئازاردەر یان سوکایەتی پێکردن کە بەهۆی پاڵنەری دەمارگیری ڕەگەزی و بەهەر هۆکارێک دەرهەق بەهەر ژنێک لەبەر ژن بوونی ئەنجام بدرێت و ئازاردانی دەروونی یان جەستەیی یان سێکسی یان نەهامەتی لێبکەوێتەوە و لەم میانەیەشەوە توندو تیژیەکە هەڕەشەکردن بە ئەنجامدانی کاری هاوشێوە یان ملکەچ پێکردن یان ناچارکردن یان بێبەش کردنی ڕەمەکیانەی ئازادی لەژیانی گشتی یان ژیانی تایبەتیدا دەگرێتەوە.

((بەشی دووهەم / بەربەستەکانی بەردەم پێشکەوتنی ژن و ڕۆڵی بزوتنەوەی فیمینیزمی ڕۆشنگەری لەوبارەیەوە))

### دەروازەی یەکەم / بزوتنەوەی فیمینیزمی

### • هۆکارەکانی سەرهەڵدانی بزوتنەوە فیمینیزمیەکان:

ئەم بزوتنەوانە بۆ یەکەم جار لە (فەرەنسا) پاشان لە (بەریتانیا و ئنجا وولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ) لە کۆتایی سەدەی (١٨) و سەرەتای سەدەی (١٩) دەرکەوت چەند هۆکارێک هەبوو بۆ دەرکەوتنی لەوانە:

١- ئەم بزوتنەوانە دەرئەنجامی ئەو هەموو زوڵم و زۆرداریەی بە درێژایی مێژوو بەرامبەر بە ژنان ئەنجام دەدرا هاتنە کایەوە کە هەمیشە ژن وەک بونەوەرێکی لاواز و کەم و نەگەتیف و بەهۆکاری سەرەکی گوناهەکان لەقەڵەم دەدرا.

٢- شۆڕشی فەرەنسی و ئەو پرەنسیپانەی کە باوەڕی پێبوو لەسەری دەڕۆیشت بەتایبەت ئەوەی پەیوەندی هەبوو بە ئازادی و یەکسانی و بڕیاردان لەسەر ژیان و چارەنوس.

٣- کۆمەڵێک نوسین هەبوو کەکاریگەری گەورەیان هەبوو لەسەر دەرکەوتنی ئەم بزوتنەوانە لەوانە: (مدينه السيدات / كرستيان دوبيزان) لە ساڵی (١٤٠٥) کە هەوڵدانێک بوو بۆ (داکۆکی کردن لە مافی ئافرەت لە ڕووی موڵکداری ئابووری) یەوە، (مساوات بين الرجل و المرأه / ماری دوکرونای) لەساڵی (١٦٢٢) کە باس لە مافی ئافرەت دەکات لە خوێندندا، (اعلان عن حقوق المرأه و المواگنه / أوليمب دوكوج) لەساڵی (١٧٩١).

پاشان (ماری ولستون کرافت ) بۆ یەکەم جار لە ساڵی (١٧٩٢) بەیاننامەیەکی سێ سەد لاپەڕەیی بەناوی (سەندنی مافی ژنان) بڵاو کردەوە لەم بەرهەمەدا بۆ یەکەمین جار بیروباوەڕی ڕۆشنگەری لەبارەی پرس و دۆخی ژن بەکارهێنرا، لەکاتی بڵاوبونەوەی ئەم بەرهەمە بوو بە پڕفرۆشترین کتێب و بناغەی فیمینیزمی ڕۆشنگەری دانرا.

•ئاڕاستەکانی بزوتنەوەی فیمینیزمی:

بەشێوەیەکی گشتی دەرکەوتنی بزوتنەوەی فیمینیزمی بووە هۆی سەرهەڵدانی زنجیرەیەکی دوورو درێژ لە تیۆرە و ئاڕاستەی جیاواز کە هەریەکێک لەمانە بە بۆچونێکی تایبەت و جیاواز باس لە جیاوازی جەندەری نێوان ژن و پیاو دەکات و هەریەک بەجۆرێک داکۆکی لە مافی ئافرەت دەکات لەوانەش: بزوتنەوەی فیمینیزمی ( لیبراڵی، مارکسی، رادیکالی ) لەگەڵ ئەوەشدا بزوتنەوەیەکی فیمینیزمی ڕەش پێستەکان لە ووڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا سەریهەڵدا بۆ داکۆکی کردن لە مافی ئافرەتە ڕەش پێستەکان.

## یەکەم/ بزوتنەوەی فیمینیزمی لیبراڵی:

ئەم بزوتنەوەیە لە فەرەنسا و لەدوای شۆڕشی فەرەنسی سەریهەڵدا، پێی وایە کە جیاوازی جەندەری نێوان ژن و پیاو بنەمایەکی کۆمەڵایەتی و کلتوری هەیە، چونکە ژن و پیاو وەک یەک لەدایک دەبن و کەسیان لە کەسیان زیاتر نین بەڵام ئەوەی کە پیاوی بالا دەست کردووە بەسەر ئافرەتدا کلتوری کۆمەڵایەتی کۆمەڵگا و پرۆسەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتیە کە هەمیشە بە چاوێکی کەمتر سەیری ئافرەت دەکات و دەیکاتە پاشکۆی پیاو لە هەموو بوارەکانی ژیاندا بۆ نمونە: بەئاشکرا هەست بەو نایەکسانیە دەکرێت لە نێوان ژن و پیاو لە شوێنی کار جا لەڕووی شێوازی کارکردن بێت یان ماوەی کارکردن یان داهاتی کار، یان لە دامەزراوەکانی پەروەردە و فێرکردن کاتێک تەماسادەکەین کە ڕێژەی ڕەگەزی نێر هەمیشە زیاترە لە ڕێژەی ڕەگەزی مێ ئەمە جگە لەوەی تا سەردەمانێکی زۆر و لە زۆرێک لە کۆمەڵگاکان تەنانەت ئەو کۆمەڵگایانەش کە ئێستا بە کۆمەڵگا پێشکەوتوەکان ناودەبرێت ئافرەت بۆی نەبووە بخوێنێت مەگەر لە ڕێگای بوونی بە ڕاهبە لە پەرستگا بواری بۆ بخوڵقایە بۆنمونە (خوانا ئینیس دێلاکروز) ی ڕۆحانی گەورە ئەدیب و شاعیری مەکسیکی کە نمونەی (ژنێکی سەربەخۆ) بوو لە سەدەکانی بەر لە سەر بەخۆیی توانی بەهۆی بوونی بە ڕاهیب هەلی خوێندنی لە پەرستگا بۆ دەستەبەر بوو و توانی یەکەمین شاکاری هۆنراوەی ئەمریکای لاتینی بنوسێت ئەوەی پاڵی بە (خوانا) نا بۆ نوسین ئەو نادادپەروەریانە بوو کە بەرامبەر بە ژنان ئەنجام دەدرا بە بیانووی عەشق و پەیوەندی خۆشەویستی کە ئەمەش بەلای (خوانا) هۆکاری سەرەکی ئەم نادادپەروەریە دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی دەرفەتی خوێندن و نەبوونی هۆشیاری لای ئافرەت.

ئەم بزوتنەوەیە بانگەشەی ئەوە دەکات کە ژنیش وەک پیاو عەقڵی هەیە و هەموو پرۆسە عەقڵیەکانی دەتوانێت بە باشترین شێوە بخاتە گەڕ لە پێناو بەرەو پێشچوونی کۆمەڵگا جا کەوا بێت بۆ هەلی خوێندن بۆ ئەو بەشەی کەنیوەی کۆمەڵگایە فەراهەم نەکرێت تا لەو ڕێگایەوە بوار بۆ ئافرەت برەخسێت کە خودی خۆی بناسێت و هێزو توانا شاراوەکانی بزانێت و حەزو خولیاکانی بناسێت و لایەنە بەهێزەکانی کەسێتی بزانێت و گەشەی پێبدات و زیاتر و زیاتر خۆی ڕۆشنبیر و هۆشیار بکات تاوەکو بتوانێت داهێنەر بێت


لە هەر بوارێکدا کە کاری تیا دەکات کە تەنانەت ئەگەر لە ماڵیشەوە کار بکات یا داهێنەر بێت لە بەڕێوەبردنی ماڵ و بەخێوکردن و پێگەیاندنی منداڵ و تەنانەت لە لێنانی ئەو ژەمە خواردنەی کە ئامادەی دەکات، ئەمە ئەگەر تەنها لە ماڵەوە کار بکات جا ئەگەر لەدەرەوەی ماڵ وەک پزیشک یان ئەندازیار یان مامۆستا یان لە پۆستێکی سیاسی یان هەربوارێکی دیکە کار بکات ئەبێت تاچەند ڕۆڵیان هەبێت لە پێشخستنی کۆمەڵگادا.

لێرەوە ئەم بزوتنەوەیە هەوڵی دا بۆ دەستەبەرکردنی یەکسانی لە نێوان ژن و پیاو لەڕێگای یاسا و ڕێساکان بە لەوانە: (داڕشتنی یاسای یەکسانی لە داهاتی کار لە نێوان ژن وپیاو، یەکسانی لە هەلی خوێندن و فێربوون، یەکسانی لە بواری سیاسەت و مافی دەنگدان بۆ ئافرەت فەراهەم بکرێت، جگە لە نەهێشتنی جیاوازی جەندەری نێوان ژن و پیاو لە ڕووی یاسای وەک داڕشتنەوەی یاسای تەلاق و میراتگری و هەموو کایە کۆمەڵایەتیەکانی تر).

ئەم بزوتنەوەیە هەوڵی دا ئەم چاکسازیانە بە شێوازێکی ئاشتیانە و دیموکراسیانە و هەنگاو بە هەنگاو ئەنجام بدات لەمەشدا پێچەوانەی بزوتنەوەی فیمینیزمی ڕادیکالین کە دەیانەوێت چاکسازیەکە بە ڕشووخاندنی ڕژێمی پیاوسالاری بێت بە شێوەیەکی یەکجارەکی.بەم پێیە ئەم بزوتنەوەیە کە بەبنەمای سەرەکی دەرکەوتنی بزوتنەوە فیمینیزمیەکانی دیکە دادەنرێت توانی گۆڕانکاری زۆر بکات لە دۆخی ئافرەت بە گشتی لەگەڵ ئەوەشدا لە چاوی زۆرێک لە ڕەخنەگرانی ئەم بزوتنەوەیە پێیان وابوو کە فیمینیزمی لیبراڵی سەرکەوتوو نەبوو لە نەهێشتنی جیاوازی جەندەری نێوان ژن و پیاو و نەیتوانی ئەو چەوساندنەوەیەی دەرهەق بە ئافرەت دەکرا لەناوی بەرێت.

٢٢ی نۆڤەمبەری ٢٠١٥

**بەربەستەکانی بەردەم پێشکەوتنی ژن و ڕوانگەی چارەسەری فیمینیزمی ڕۆشنگەری، توندوتیژی وەک نموونە**



**بەشی سێیەم**

**دووهەم / بزوتنەوەی فیمینیزمی مارکسی:**

ئەم بزوتنەوەیە باوەڕی بە یەکسانی نیە لە نێوان ژن و پیاو وەک ئەوەی لیبراڵیەکان باسی دەکەن ئەم بزوتنەوەیە پێی وایە کە پیاو چینێکی چەوسێنەری کۆمەڵگایە هاوشێوەی سەرمایەدارەکانی کۆمەڵگا بۆرجوازیەکان وە بەم پێیە ژن هاوشێوەی کۆیلەکانن هەربۆیە هەرکات چینی کۆیلە و چەوساوەی کۆمەڵگا کە (ژن)ە بیەوێت مافەکانی دەستەبەر بکات پێویستی بە بەرپاکردنی شۆڕشێکە لەدژی چینی چەوسێنەر کە (پیاو) ە، بەلام ژن بۆی بتوانێت ئەم شۆڕشە ئەنجام بدات پێویستی بە خۆ هۆشیارکردن هەیە واتە ژن تەنها چەکێک کە بتوانێت ئەم شۆڕشەی پێ ئەنجامبدات لە ڕێگای خوێندن و فێربوون و گەشەکردن بە ئاستی ڕۆشنبیری و هۆشیاری هەیە چونکە هەر ئەمەیە وای لێدەکات هەست بەو زوڵم و زۆرداری و ماف خورانەی بکات لە لایەن چینی بالادەست کە پیاوە،هەربەم چەکەش دەتوانێت ڕووبەڕووی هەموو داب و نەریت و بەها کۆمەلایەتیەباوەکانی کۆمەڵگا بوەستێت ئەو داب و نەریتەی کەلەهەموو مافە سروشتیەکانی بێبەشی کردووە و وای لێکردووە تەنانەت خودی ئافرەت خۆشی بە چاوێکی کەم سەیری خۆی بکات و ڕازی بێت بەو بەشە کەمەی کە بۆی دانراوە.

**سێهەم / بزوتنەوەی فیمینیزمی ڕادیکالی:**

ئەم بزوتنەوەیە بۆچونەکانی بەرامبەر بابەتی جیاوازی و یەکسانی ژن و پیاو زۆر توند و تیژە، پێیوایە کە پیاو بەرپرسی یەکەم لە چەوساندنەوەی ژنان و هەر پیاویشە کە سوود لە چەوساندنەوەیان وەردەگرێت لە هەمان کاتدا، هۆکاری ئەم چەوساندنەوەیە دەگەڕێننەوە بۆ دوو بابەت:

**١- دابەش کردنی کار:**

کارکردن بۆ دابین کردنی بژێوی ژیان هۆکاری سەرەکی یەکەمە بۆ دیاری کردنی ڕۆڵە کۆمەلایەتیەکان لە مرۆڤدا ئەمەش زۆر بە خێرایی جیاوازی نێوان ژن و پیاوی دروست کرد، هەڵکۆڵینی چیاکان بۆ دروست کردنی ئەشکەوت تا خێزانەکە بپارێزێت لە گەرماو سەرما وسەختی سروشت و مەترسی ئاژەڵە دڕندەکان، دروستکردنی جۆگا و هەڵبەستنی ئاو، یان کردنی ڕاوو لە ناو چیاو دارستانی چڕو پڕ لە دڕندەدا بەمەبەستی دابین کردنی ژەمە خواردنێک کە پارێزگاری لە مانەوە و لە ناوچونی ئەم خێزانە دەکات، دروستکردنی ڕم و تیر و کەوان بۆ پارێزگاری کردنی لەم خێزانە لە کاتی هێرشی گروپ و کۆمەڵەکانی تر بۆ سەریان ئەمانە تەنها لەدەسەلاتی پیاودا بوو ئەمە لەلایەک، لەلایەکی دیکە جەستەی ناسکی ئافرەت سۆزی و سکپڕبوون و منداڵ بوون و بەخێوکردنی منداڵ و ماڵداری و پێویستی بە پیاو وای کرد ببێتە پاشکۆ و پلە دوو بێت و نەتوانێت هاوشانی پیاو بێت.

باشە ئەمە بۆ کۆمەڵگایەکی سەرەتایی کە ژیان تێیدا سەخت بووە ڕەنگە تارادەیەک ڕاست بێت بەلام ئەی بۆ سەردەمی ئێستا کە ژن دەتوانێت بە تەنها بژی بێ ئەوەی پێویستی بە پیاوێک هەبێت بژێوی ژیانی بۆ دابین بکات چونکە خۆی دەتوانێت کار بکات و داهات پەیدا بکات هەر دەبێت ژن پلە دوو پاشکۆی پیاو بێت؟

**٢- کلتوری کۆمەلایەتی:**

کلتور بریتیە لە لایەنەکانی ژیان بەهەموو داب و نەریت و بەها کۆمەڵایەتیەکان کە وەرگیراوە و بۆماوەیی نیە مرۆڤ دەرئەنجامی پێکەوە ژیان و پێویستیەکانی فێری دەبێت وە بە ئاشکرا لە ڕەفتار و هەڵسوکەوتی تاکەکانیدا ڕەنگ دەداتەوە، ئەم کلتورە لە ڕێگای پرۆسەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی لە باوباپیرانەوە دەگوێزرێتەوە بۆ تاکەکانی دیکەی کۆمەڵگا و ئەم پرۆسەیە لە یەکەمین ساتە وەختەکانی لە دایک بوونی مرۆڤەوە دەست پێدەکات و بە درێژایی ماوەی تەمەنیان بەردەوام دەبێت بەڵام بەقۆناغی جیاواز هەروەها مرۆڤ لەرێگای ئەم پرۆسەیەوە فێری ڕۆڵی کۆمەڵایەتی دەبێت ئەم ڕۆڵانە پێشبینیەکانی کەسانی ترە بۆ کۆمەڵە ڕەفتارێک کە چاوەڕوان دەکرێت لە تاکێک لە پێگەیەکی کۆمەڵایەتیدا ئەنجامی بدات وەک پێشبینی بۆ ڕۆڵی باوک، دایک، مامۆستا، پزیشک هەتا دوایی ئەمەش بێگومان پێناسێک دەدات بەو کەسە کە دواجار پێیدەناسرێت لەناو کۆمەڵەکەیدا.

زۆرێک لە زانا کۆمەڵناسەکان بەتایبەت ئەوانەی سەر بە قوتابخانەی وەزیفین پێیان وایە ئەم ڕۆڵانە تاڕادەیەک جێگیرن و ناگۆڕێن و هەربۆیە تاکەکان کاتێک فێری دەبن ئەنجامی دەدەن بێ پرسیارکردن لەوەی کە ڕاستە و دەگونجێت لەگەڵ حەزو ئارەزوی یان نا ڕەنگە ئەمەش بگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ئەنجامدانی ئەم ڕۆڵانە سەپێنراوە و هیچ بوارێک نیە بۆ دانوستان کردن لەسەری واتە تاک هیچ ڕێگایەکی دیکەی نیە جگە لە ئەنجامدانی و ئەگەر بەم ڕۆڵە هەڵنەسێت ئەوا وەک کەسێکی شاز سەیر دەکرێت و قبوڵ ناکرێت.

وەنابێت ئەوەمان لەبیر بچێت کە ئەم پرۆسەیە بۆیەکەمین جار لەڕێگای خێزانەوە دەست پێدەکات و دواتر هەموو دامەزراوەکانی تری کۆمەڵگا بەشداری دەکەن.

کەواتە پەیوەندی کلتوری کۆمەڵایەتی چیە بە جیاوازی جەندەری نێوان ژن و پیاو؟ ڕادیکاڵیەکان پێیان وایە کلتوری کۆمەڵایەتی کۆمەڵگا یە کە ئەو ڕۆڵە لاوەکیەی بۆ ژن داناوە و ئەو پێناسەی داوەتێ چونکە ئەمان پێیان وایە ئەم کلتورە دەستکردی پیاوە و بۆ بەرژەوەندی پیاو دروست بووە هەر بۆیە بۆچونیان بەرامبەر پیاو زۆر توندو تیژە و پێیان وایە کە ژن بۆ ئەوەی لە دەست زوڵم و زۆرداری پیاو ڕزگاری بێت ئەوا نابێت داوای یەکسانی بکات لەگەڵ پیاو بەڵکو دەبێت داوای جیابونەوە بکات لە پیاو واتە پێی وایە ژن دەبێت جیهانێکی تایبەت بە خۆی دروست بکات کە پیاو بوونی نەبێت تیایدا، وەک (سیمون دیبوفوار) کە ئافرەتێکی ڕادیکالی توند ڕەو بوو لەووتە بەناوبانگەکەیدا دەڵێت (نحن لانخلق المرأه بل نصبح مرأه).

لەلایەکی تر ڕادیکالیە توندڕەوەکان پێیان وایە کە خێزان یەکەمین سەرچاوەیە بۆ چەوساندنەوەی ژن بەو پێیەی کەوەک پێشتر ئاماژەمان پێکرد کە یەکەمین دامەزراوەیە کە تاک تیایدا فێری ڕۆڵی کۆمەڵایەتی دەبێت واتە هەر لێرەوە بۆ یەکەمین جار ژن فێری ملکەچ بوون دەبێت بۆ ئەو ڕۆڵەی کە کۆمەڵگا بۆی دیاری کردووە کاتێک کەهەر لە منداڵیەوە فێر دەکرێت کە تۆ ئافرەتی تۆ کەمیت تۆ لاوازیت، کاتێک جیاوازی دەبینێت لە شێوازی مامەڵەکردنی باوانی لەنێوان خۆی و براکەی براکەی بۆی هەیە بچێتە دەر لە ماڵ و هەر کات بیەوێت بگەڕێتەوە بێئەوەی کەس لێی بپرسێتەوە تەنها لەبەر ئەوەی ئەو کوڕە، کاتێک دەبینێت براکەی کە بەتەمەن لە خۆی منداڵ ترە لێی دەدات و لێپرسینەوەی لەگەڵ دەکات، بەڵام ئەم دەبێت قبوڵی بکات تەنها لەبەر ئەوەی ئەو کوڕە و ئەم کچە، کاتێک دەبینێت براکەی دەخرێتە بەر خوێندن و تەنانەت بۆی هەیە بۆ تەواوکردنی خوێندن و دروستکردنی داهاتووی سەفەر بکات و

بچێتە دەرەوەی وولآت  ئەمیش لە خوێندن بێبەش دەکرێت چونکە ئەم کچە و دەبێت یارمەتی دایکی بدات لە بەخێوکردنی خوشک و برا بچوکەکانی و دەبێت فێری ماڵداری بێت چونکە ئەم کچە و داهاتووی بریتیە لە شوکردن و منـاڵ بـوون و کەیبـانووی مـاڵ، کـاتێکیش گەورە دەبێت دەبینێت دایکە داماوەکەی هەموو ژیانی خۆی تەرخان کردووە لە نێوان چوار دیواری ماڵ و بەردەوام کاردەکات بێئەوەی هیچ حسابێک بۆ کارەکەی بکرێت نەلەڕووی مادی و نەلەڕووی واتایی حساب بۆ ئەوەناکرێت کە بە ردەوام خەریکی پاکردنەوەی ماڵ و ئامادەکردنی خواردن و بە خێوکردنی منداڵ و لە کۆتایی شەویشدا دەبێت سەرەڕای هیلاکی و شەکەتی و ماندوو بونی جەستەی دەبێت بە ئەرکی ژنێتی خۆی هەستێت و خۆشبەختی بۆ پیاوەکەی دەستەبەر بکات وە ئەمانە هەمووی بێ بەرامبەرە تەنها لەبەر ئەوەی کە ئەو کۆمەڵگا بۆی دیاری کردووە کە ژنە و دایکە و کەیبانووی ماڵە وە هەر بەم شێوەیەش منداڵە کچەکەی گەورە دەبێت و ئەم دایکە کۆڵنەدەرەی نمونەیەکی باڵایە لە بەردەمیدا کە دواجار بەویست بێت یان نەویست ئەو منداڵە کچە وەک ئیسفنجێک بێ ئەوەی کە پێی بوترێت فێردەبێت کە ئەم ڕۆڵەیە کە چاوەڕێی دەکات کاتێک گەورە دەبێت دەبێت ئەمیش هاوشێوەی دایکی بێت هەموو کارێکی تەنها کارئاسانکردنی مێردەکەی و دڵخۆشکردنی بێت.

هەربۆیە ڕادیکالیە توندڕەوەکان پێیان وایە کەدەبێت چاکسازی بنچینەیی لەخێزانەوە دەست پێ بکات و لەسەر ئەم بنەمایە فیکرەی خێزانیان هەڵوەشاندەوە و داوای هاوسەرگیری هاوڕەگەزبازەکانیان کرد وە پێیان وایە بۆ دروست بوونی خێزان پێویست بە ڕەگەزی نێر و مێ ناکات و دوو ڕەگەزی مێ ئەتوانن خێزان دروست بکەن و هەر ئەمەش بوو بە بنەمایەک بۆ داڕشتنی یاسای هاوسەرگیری هاوڕەگەزبازەکان لە زۆرێک لە وولآتە پێشکەوتووەکان.

٢٣ی نۆڤەمبەری ٢٠١٥

**بەربەستەکانی بەردەم پێشکەوتنی ژن و ڕوانگەی چارەسەری فیمینیزمی ڕۆشنگەری،توندوتیژی وەک نموونە**




## بەشی چوارەم

یەکێکی تر لە پاساوەکانی نەمانی خێزان لەلای ڕادیکالیە توندڕەوەکانئەوەیە پیاو بەتەواوەتی جەستەی ژن داگیر دەکات و بەهەموو جۆرێک لە پێناو خۆشی خۆی بەکاری دێنێت ، زانای کۆمەڵناس (شولامیت فایرستون) پێی وایە کە پیاو جەستەی ژن بەکار دێنێت لە

پرۆسەی سێکسی و منداڵ دروستکردن و سک پڕی و منداڵبوون ئەمەش بەهۆی گونجاوی جەستەی ئافرەتە بۆ ئەم پرۆسەیە بەڵام دواجار ئەمەش دەبێتە ئامرازێک بۆ بەندکردنی ئافرەت لە ماڵ و ڕێگرتن لە پێشکەوتنی هەربۆیە ئەم زانایاش دووبارە جەخت لەسەر نەهێشتنی خێزان دەکات.

ئەمە و جگە لەوەی کە ئەم بزوتنەوەیە بانگەشەی ئەوە دەکات کە ئافرەت ئەگەر چی هاوسەرگیریشی کردبێت بەڵام بۆی هەیە پرۆسەی سێکسی لەگەڵ هاوسەرەکەی ڕەت بکاتەوە ئەگەر بەویستی خۆی نەبوو وەئەمەشیان ناونا دەستدرێژی سێکسی لە ناو خێزان کە پیاو بەرامبەر ژنەکەی ئەنجامی دەدات و داوایان کرد کە یاسایەک هەبێت سزای ئەو پیاوە بدات، هەروەها ژن بۆی هەبێت پرۆسەی سکپڕی و منداڵبوون ڕەت بکاتەوە ئەگەر نەیویست وە ئەمانەش هەمووی بە توندو تیژی ناو خێزان لەقەڵەم دەدرێت کە پیاو بەرامبەر ئافرەت ئەنجامی دەدات دەبێت لەبەرامبەردا سزای یاسایی بدرێت لەسەر ئەو تاوانەی ئەنجامیداوە.

هەروەها ڕادیکالیەکان پێیان وایە کە هەر پیاوانن کە ستاندارد بۆ جوانی و سەرنج ڕاکێشی ئافرەت دائەنێن پاشان کۆمەڵگا ناچار دەکەن بۆی ئەو شێوازی جوانیەی ئافرەت قبوڵبکات و دواجار دەبێتە شتێکی باو و ئافرەت ناچار دەبێت چەندین نەشتەرگەری جوانکاری ئەنجام بدات تا ببێتە ئەو ستایلەی کە پیاو پێی دڵخۆش دەبێت و چێژی لێدەبینێت ئابەم شێوەیە ئافرەت وەک کاڵایەکی لێدێت. هەر بۆیە ڕادیکالیەکان تەنانەت یەکسانی لەگەڵ پیاو ئەوەی کە لیبریالیەکان باسیان لێوە دەکرد ڕەفز دەکەنەوە بانگەشەی ئەوە دەکەن بۆی ژن بەتەواوەتی ڕزگاری بێت لەو زوڵم و چەوساندنەوەیە دەبێت پیاو لە ژیانی لابەرێت و لەهیچ شتێکدا پشت بەپیاو نەبەستێت و خۆی نەکاتە ئامرازێک بۆ چێژوەرگرتنی پیاو بێگومان ئەمەش بە خۆ هۆشیارکردنی ئافرەت زیادکردنی ئاستی ڕۆشنبیری و تەواوکردنی خوێندن و دۆزینەوەی کار و پشت بەستن بە خودی خۆی لە بەڕێکردنی کاری ڕۆژانەی.

## دەروازەی دووهەم/ بەربەستەکانی بەردەم پێشکەوتنی ژن / توندوتیژی وەک نمونە

### جۆرەکانی توندو تیژی دژ بە ژن

**١- توندوتیژی جەستەیی:**

جۆرێکی ئەو توندوتیژیانەیە کە چ لەناو خێزان و چ لەدەرەوەی خێزان بەرامبەر بەژن ئەنجام دەدرێت، بریتیە لە ئازاردانێکی جەستەیی کە ئاشکرایە و کاریگەریەکانی بەڕوونی لەسەر لەش و لار و جەستەی ژنەکە دەبینرێت وەک (شینبونەوەی پێست دەرئەنجامی بەرکەوتنێکی قورس، شوێنی سوتاوی، شکاندنی ئێسقان ، منداڵ لەبارچوون، جگە لەکاریگەری لەسەر ئەندامەکانی ناوەوەی لەش وەک رەحم تەنانەت خەتەنەکردنی ئافرەتیش....هتد).

لێرەدا چەندین ئامراز بەکاردێت وەک دەست و قاچ یان بەکارهێنانی چەقۆ و کەرەسەی ناو ماڵ بۆ لێدانی ئەو ژنە وتەنانەت توێژینەوەکان ئاشکرایان کردووە کە توندوتیژی جەستەی تەنها لێدان ناگرێتەوە بەڵکو زۆرجار (تهدید) کردن بە کوشتنی ژنەکەشی

لێدەکەوێتەوە.

لەهەمان کاتدا توێژینەوەکان دەریان خستووە کە زۆرێک لەو ئافرەتانەی توندوتیژی جەستەییان بەرامبەر کراوە چارەسەری پزیشکیان وەرگرتووە یان تەنانەت هەندێک جار تووشی کەم ئەندامی جەستەیی بوون یان بە مردن کۆتایی هاتووە.

**٢- توندوتیژی سێکسی:**

بەمەترسیدارترین جۆری توندو تیژی لەقەڵەم دەدرێت هەرچەندە شوێنەوارەکانی زۆرجار بەچاونابینرێت بەڵام شوێنەواری زۆر قوڵ و بەئازار لەناو ناخ و دەروونی ئەو ئافرەتەدا بەجێ دەهێڵێت ،ئەمەش بریتیە لە (بەکارهێنانی ووشەو تانەی سێکسی لەلایەن پیاو بەرامبەر ئافرەت ، گێچەڵی سێکسی ، ئەتکردنی شەرەف ،ڕفاندن ، ناچارکردنی ئافرەت بە ئەنجامدانی کاری سێکسی بێ ویست و ئارەزووی خۆی بەبیانوی ئەوەی کە مێردیەتی یان لەژێر فشار و هەڕەشە، تا دەگاتە لاقە کردن )ئەمەش زۆرجار لەلایەن پیاوانی ناو خێزان جا مێرد بێت یان باوک و برا و خاڵ و مام و تادوایی یان لەدەرەوەی خێزان لەلایەن خاوەن کار و هاوپیشە و یان هەر پیاوێکی تر کە ئافرەت لە بازاڕ یان لە کافتریا و لەناو پاس وتەکسی و لەشوێنە گشتیەکاندا پێی دەگات ئەنجام دەدرێت ، ئەوەی جێی داخە هەمیشە بە شاراوەیی و لە پشت پەردەوە دەمێنێتەوە چونکە بەرامبەر ژنێکی لاوازی بێدەسەڵاتی ئەنجام دراوە کە زۆرجار ئاستی ڕۆشنبیریەکی وای نیە کە تێبگات لەوەی ئەوە ناهەقیەکە بەرامبەری کراوە و دەتوانێت ڕازی نەبێت ناچارە قبوڵی دەکات لەترسی ئەوەی لەدوایدا لە بری پیاوە تاوانبارەکە خۆی تاوانبار و سەرکۆنە دەکرێت بۆیە ناچارە لەترسی ئابڕوچوونی خۆی و خێزانەکەی قبوڵی بکات ئەمە لەوەی وەک وتمان هەر لەلایەن کۆمەڵگاشەوە قبوڵناکرێت چونکە «خەتای خۆیەتی جلەکانی تەسک و کورتە و ماکیاژی زۆر کردووە ، ئەگینا پیاوەکە وای نەدەکرد» ،لێرەدا ئەوەی جێگای داخە کە زۆر جار ئەم قسەیە هەر لەلایەن ژنەوە بەرامبەر ژنانی تر دەوترێت جا کە ئێمەی ئافرەت وەک پیاو نەکەین خۆمان پشتی خۆمان نەگرین لەم مەسەلانەدا چاوەڕێی دەسکەوتنی مافی چی بکەین ئەمە و جگە لەوەی هیچ یاسایەکیش نیە پشتی بگرێت چونکە کەس نیە شایەتی بۆ بدات و دەرئەنجام کێشەکە ناتوانرێت بەئاسانی ساغ بکرێتەوە لە دادگا.

**٣- توندوتیژی زارەکی و دەروونی:**

لەبڵاوترین جۆرەکانی توندوتیژیە کە بەرامبەر ئافرەت بە بەردەوامی ئەنجام دەدرێت، بریتیە لە (بەکارهێنانی ووشەی ناشرین و توند و گاڵتەپێکردن و سوکایەتی پێکردن و تەریقکردنەوەی لەبەرچاوی کەسانی تر و شکاندنی بەوشەی نابەجێ، یان ناوونـاتۆرە لێنانی، ڕێزنەگرتنی وپشتگوێخستن و گرنگی پێدانی ئاشکرا بە ئافرەتی تر نەبوونی ئازادی زۆردەستخستنە ناو کاروباری ژن لەلایەن مێردەکەی ،هەوڵدان بۆ سڕینەوەی کەسێتی ژنەکە ولاوازکردنی تواناکانی جا لەڕێگای سوکایەتی پیچکردن یان ڕێگرتن بێت لێی فشارخستنە سەری بەبەردەوامی (تهدید) کردنی ئافرەت بەبەردەوامی بە تەڵاق دانی یان هێنانی ژنێکی تر یان دەرکردنی لەماڵ یان بەجێهێشتنی ...هتد)، یەکێکە لەو توندوتیژیانەی کە یاسا پشتگیری ناکات چونکە شوێنەوارەکانی دیار نیە لەگەڵ ئەوەی کە لەناخەوە ئافرەتەکە دەڕوخێنێت و ئاسایش و ئارامی دەروونی لەدەست دەدات .

ئەم جۆرە توندوتیژیە لەهەموو کۆمەڵگایەکدا بوونی هەیە پێشکەوتوو بێت یان دواکەوتوو ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ کاریگەری کلتوری کۆمەڵایەتی کۆمەڵگا کە کلتورێکی پیاو سالاریە وهەموو هەقێکی داوە بەپیاو بۆی زاڵ بێت بەسەر ژندا و سیفاتی پیاوەتی بۆ پیاو بەستۆتەوە بە ڕەقی و توندی پیاو لە خێزاندا کە ئەمەش وای کردووە بەکارهێنانی توند و تیژی و هێز لەلایەن پیاو بەرامبەر ژنەکەی و ئافرەتەکانی تری ناو خێزانەکەی ببێتە سیفەتێکی قبوڵکراوی کۆمەڵگا .

٢٤ی نۆڤەمبەری ٢٠١٥

**بەربەستەکانی بەردەم پێشکەوتنی ژن و ڕوانگەی چارەسەری فیمینیزمی ڕۆشنگەری.توندوتیژی وەک نموونە**



**بەشی پێنجەم**

**٤- توندوتیژی کۆمەڵایەتی:**

واتە ڕێگرتنی ئافرەتە لە موممارسەکردنی مافە سروشتیەکانی وەک مافی خوێندن وکارکردن و هەڵبژاردنی هاوبەشی ژیان و بڕیاردان لە پرۆسەی هاوسەرگیری...هتد.

**لە بڵاوترین جۆرەکانی توندوتیژی کۆمەڵایەتی کە بەرامبەر ژن ئەنجام دەدرێت:**

١- جیاکاری لە پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی کوڕ و کچ: کەئەمەش لەیەکەمین ساتەکانی لەدایک بوون دەست پێدەکات بەو پێیەی کە کۆمەڵگا لەبەر ئەوەی کە منداڵی کوڕی بەلاوە قبوڵترە و ئافرەتی دوگیان بە منداڵی کوڕ شوێن و پێگەیەکی باڵای دەبێت لە ناو مێرد و کەس و کاری مێرد و هاوڕێ و خزمان و ئەمەش ئافرەتەکە دڵخۆش و کامەران دەکات ووای لێدەکات گرنگیەکی زیاتر بە تەندروستی خۆی و منداڵەکەی بدات لەڕووی خواردن و وەرگرتنی ژەمە کوتانەکانی و ئاگاداربوون لەخۆی و تەنانەت مێردەکەشی بەجۆرێکی تر مامەڵی لەگەڵ دەکات چونکە دەبێت بەباوکی کوڕ لەکاتێکدا ئەو ئافرەتەی دوگیان دەبێت بە کچ خەم و خەفەت دایدەگرێت و بێزار و بێتاقەتی دەکات و گرنگی بە خۆی و منداڵەکەی نادات بەتایبەت ئەگەر هاتوو منداڵی کچی تری هەبێت و چاوەڕێی کوڕ بێت ئالێرەوە جیاوازی جەندەری لەنێوان منداڵی کوڕ و کچ دەست پێدەکات و جگە لە توندوتیژیش کە بەرامبەر دایکە داماوەکەی کە کچی

دەبێت سەرهەڵدەدات وەک تەڵاق و هێنانەوەی ژنی دووهەم.

جگە لەوەی کە شێوازەکانی تری توندوتیژی بەرامبەر منداڵی کچ هەر لەسەرەتای تەمەن و لەشێوازی مامەڵەکردن و پێگەیاندنی کۆمەڵایەتیدا دەردەکەوێت وەک ڕێگرتن لە چوونە دەرەوەی و یاری کردن و موممارسەکردنی حەز و ئارەزووەکانی و جگە لە بێبەش کردنی لەهەر هاندانێک لەلایەن خێزان و سەیر کردنی هەموو ڕەفتارێکی بە ترس و حەزەرەوە.

٢- تەڵاقدانی بەزۆر: بەهۆی ئەوەی کە هەر لە ئیسلامەوە هاتووە کە پیاو هەقی تەڵاقدانی هەیە بۆیە زۆر جار پیاو ئەم دەسەڵاتەی جێبەجێدەکات بێگوێدانە ئافرەتەکە و بێ ئەوەی بزانێت ئایا ئافرەتەکە ڕازیە یان نا و ئەمەش کاریگەری خراپ لەسەر دڵ و دەرونی ئافرەتەکە دروست دەکات بەتایبەت لە کۆمەڵگای ئێمە کە بەچاوێکی تر سەیری ئافرەتی تەڵاقدراو دەکرێت و زۆر کێشەی بۆ دروست دەبێت بەزۆری لەکاتێکدا کە کاری نەبێت و نەتوانێت بژێوی ژیانی دابین بکات و ئەمەش توشی کێشەی ئابووری دەکات، لەلایەکی تر فشارێکی زۆر دەکرێتە سەری لەلایەن خێزان و خزم و کەس و کار بۆ نمونە ڕێگای پێنادەن بەتەنها بژی یان بۆ ماوەیەکی زۆر لەدەرەوە بمێنێتەوە یان بەتەنها سەفەر بکات واتە بەهەموو جۆرێک دەبەسترێتەوە و ئازادیەکانی لێزەوت دەکرێت بۆ لەبەر ئەوەی « پیاوێک کە مێردی بوو تەڵاقی دا « ئەمە توندوتیژیەک بوو دەرهەقی ئەنجامدرا «لەبەر ئەوەی ئافرەتێکی تەڵاقدراوە دەبێتە جیگای تەماع بۆ پیاوانی تر تاوەکو چێژی لێببینن» ئەمەش توندوتیژیەکی تر دواجار « ئەگەر هەر شتێک ڕوویدات کۆمەڵگای پیاوسالاری لۆمەی دەکات « ئەمەش توندوتیژیەکی دیکە.

٣- بەشودانی منداڵ: جۆرێکی ترە لەو توندوتیژیانەی بەرامبەر ئافرەت ئەنجام دەدرێت کەزۆرجار بووە بەبەشێک لە کلتوری کۆمەڵگا، کە تیایدا منداڵ لەتەمەنێکی بچوک بەشوو دەدرێت و زۆر جاریش دەدرێت بە پیاوێک زۆر لە خۆی گەورەترە لە تەمەندا، ئەمەش کۆمەڵێک هۆکاری هەیە : لەوانە عەیبە خێزانەکە بۆی کچەکەی توشی «لادانی ئەخلاقی « نەبێت یان نەوەک «پەیوەندی خۆشەویستی بکات « و خێزانی توشی عەیبە بکات بۆیە باشتر وایە زوو شوو بکات یان زۆرجار لەبەر بەرژەوەندیەکی ئابووری خێزان کچەکەی لەبەر خوێندن دەردەکات و دەیدا بەشوو بێگوێدانە ئەوەی کە چ کاریگەریەکی خراپی دەبێت لەسەر ئەو کچە وەک لەدەست دانی داهاتووی بۆنمونە لەخوێندن بێبەش دەکرێت، دوگیانی و منداڵبوون لەو تەمەنە کەمەدا زۆرجار کێشەی تەندروستی بۆ دروست دەکات، تەڵاق دان لە تەمەنێکی کەم یەکێکی ترە لە کێشەکان...هتد.

٤- خەتەنەکردنی مێینە: پرۆسەیەکی زۆر توندوتیژە بەرامبەر منداڵی مێ ئەنجامدەدرێت بێبڕازی بوونی خۆی کە شوێنەواری نەرێنی زۆر لەسەر لەسەر جەستەو دەرونی بەجێدەهێڵێت لە ئێستا و لە داهاتوودا.

٥- کوشتن بە بیانووی شەرەف: لە کۆمەڵگا شەرقیەکان بەگشتی کۆمەڵگای کوردی بەتایبەتی شەرەفی خێزان بەستراوەتەوە بە ڕەفتاری سێکسی کچەکەیان ئەم بابەتەش زۆر بە ترسەوە مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت وەهەر ڕوشانێک لەم ڕەفتارە دەبێت قبوڵنەکرێت لەلایەن خێزان و دەبێت ئەو کچە بکوژرێت بۆ شتنەوەی ئەو حەیا چونە.

**٥- توندوتیژی ئابووری:**

**ئەمەش چەند جۆرێک لە توند و تیژی دەگرێتەوە کە بەرامبەر ئافرەت ئەنجام دەدرێت لەوانە : (هەڵخەڵەتاندنی ئافرەت کە بەچەند ڕێگایەک دەکرێت وەک : دەستبەسەراگرتنی داهاتی ژن و میراتی ماڵە باوکی لەلایەن پیاو، ملکەچ پێکردنی خوشک بە هەڵبژاردەی براکانی بەتایبەت لە بابەتی میراتیدا، بەکارهێنانی پێگە و دەسەڵاتی ژن لەلایەن پیاو بۆ بەرژەوەندی تایبەتی خۆی، (ابتزاز) کردنی ئافرەت و پارە لێکێشانەوەی، یان بەکارهێنای ئافرەت بۆ پارە پەیداکردن بۆ پیاو وەک لەشفرۆشی و سواڵ پێکردن، زۆر جاریش ئەم توندوتیژیە ئابوریە بەرامبەر ئافرەت لەلایەن خاوەن کار دەبێت وەک کردنی کارێکی زۆر بەرامبەر داهاتێکی کەم.**
**٢٧ی نۆڤەمبەری ٢٠١٥**

**بەربەستەکانی بەردەم پێشکەوتنی ژن و ڕوانگەی چارەسەری فیمینیزمی ڕۆشنگەری.توندوتیژی وەک نموونە**



## بەشی شەشەم و کۆتایی

## شوێنەوارەکانی توندوتیژی لەسەر ژن:

**بێگومان ئەو توندوتیژیەی بەرامبەر ئافرەت ئەنجام دەدرێت تەنها کاریگەری خراپ لەسەر خودی ئافرەتەکە بەجێناهێڵێت بەڵکو لەسەر ئەندامانی تری خێزانیش بەتایبەت منداڵ و تەنانەت لەسەر کۆمەڵگاش:**

**١- لەڕووی دەرونیەوە: (ئافرەت متمانەی بە خۆی نامێنێت، هەست بەتاوان و گوناە دەکات، دەبێتە کەسێکی لاواز و پاشکۆی پیاو، هەستکردن بە خەمۆکی و ڕەشبینی، هەستکردنی بەکەمی، لەدەستدانی ئاسایش و ئارامی دەرونی، توشبوون بە شڵەژانی دەرونی، تواناى بڕیاردان و دەستپێشخەری نامێنێت).**

**٢- لەڕووی کۆمەڵایەتیە: وەک تەلاق، هەڵوەشاندنەوەی خێزان.**

٣- لەڕووی خێزان، پەروەردەکردنی منداڵ بەشێوەیەکی نادروست، لادانی منداڵ).

## ((پێشنیار و ڕاسپاردەکان))

یەکەم/ ئەنجامدانی تـوێژینەوەی زیـاتر لەلایەن تـوێژەران و ئەکادیمیەکـان لەسـەر زۆرێـک لەو بابەتـانەی کە پەیوەنـدی بە پێگەی ئافرەت و توندو تیژیەکانی بەرامبەر ژنی کورد ئەنجامدەدرێت.

دووهەم/ دامەزراندن و راگەیاندنی بزوتنەوەیەکی فیمینیزمی ڕۆشنگەری لەناو کۆمەڵگای کوردی بۆ داکـۆکی کـردن لە مافەکـانی زنـان و هۆشمەندبونی زنان بە مافەکانیان.

١- دامەزرانـدنی سـەنتەرێکی تـایبەت بەتـوێژینەوەو لیکۆلینەوە وراپرسی لەسـەر پرسـەکانی زنـان لە بـواری یاسـایی و کۆمەڵایەتی و پەروەردەیی و ئابوری و سیاسیەوە

٢- کارکردن بۆ دانانی وانەی جەندەر ناسی لە خوێندنگا ئامادەییەکان و زانکۆکانی کوردستان.

٣- گرنگی دانی زیاتری هۆکارەکانی ڕاگەیاندن بۆ ووروژاندنی بابەتی جەندەر و فیمینزم لە کۆمەڵگای کوردی.

٤- کردنەوەی خولی ڕاهێنان و هۆشیارکردن و بەهێزکردنی تواناکانی ئافرەت.

٥- سەرلەنوێ دارشتنەوەی یاساکانی ژنان و کارپێکردنی.

٦- کاراکردنی رۆڵی داواکاری گشتی لە بەدواداچونی کەیسەکانی زنان لە ناو دادگاکان.

٧- پشتیوانی کردنی خویندنی الزامی و راهێنان و ئامادەکردنی کچان بۆ دەستکەوتنی کار.

٨- بەهێزکردنی وێناو پێگەی زن لە ناو کۆمەل وەنەهێشتنی هەموو رێگرییانەی کە لە تێگەیشتنی نادروستەوە بۆتە بەشێک لە بـاوەرو عورفی کارپێکراو لە ناو خێزان و کۆمەل دا.

٩- بەدیهێنان و دەستەبەرکردنی بەشدارییەکی فراوانی زنان لە چالاکی ئابوری و کەمکردنەوەی بێکاری زنان.

١٠- کاری هاوبەش و هەماهەنگی کردن لەگەل هەردوو سەنتەری جیندەر ناسی لە زانکۆی سلیمانی و زانکۆی سۆران.

١١- ادماج کردنی پرسەکانی جۆری کۆمەڵایەتی و بەتواناکردن و پەرەپێدانی زنان لە سیاساتی نیشتمانی وکەرتەکانی پەرەپێدان.

١٢- پێداچونەوە بە یاسا کارپێکراوەکان و هەموارکردنەوە و دەرکردنی یاسای پێویست بۆ هێنـانەدی دادپەروەری و یەکسـانی نێـوان زن و پیاو.

١٣- کارکردن بە سیاسات و ستراتیزە پەسەندکراوەکانی دەزگا تایبەتمەندەکانی زنان لە هەرێمی کوردستان.

١٤- پێداچونەوە و دانانی موازەنەی ساڵانە بە رەچاوکردن لە سەر بنەمای جۆری کۆمەڵایەتی.

ئەمـانەو چەنـدین پێشـنیاری ترمـان هەیە کە لە کۆتـاییی تویزینەوەکەمـان لە سـەر بنەمـای شـیکردنەوەی داتاکـان دەنوسـرێن لە هەمانکاتدا وەرگرتنی پێشنیارەکانی ئێوەی بەرێزیش

((سەرچاوەکان))


١- ابراهيم جابر السيد، العنف الاسرى و اسبابه، دار التعليم الجامعى، اسكندريه، گ١،٢٠١٣

٢- احمد جلال عزالدين،الارهاب و العنف السياسى، دار الانجلو المصريه، القاهره، ١٩٨٦

٣- جمال معتوق، مدخل الى سوسيولوجيه العنف، دار الكتاب الحديپ، القاهره، گ١،٢٠١٣

٤- جمال معتوق، مدخل الى سوسيولوجيه العنف، دار الكتاب الحديپ، القاهره، گ١، ٢٠١٣

٥- رشاد على عبدالعزيز موسى و زينب بنت محمد العايش، سيكولوجيه العنف چد الاگفال، عالم الكتب للنشر و التوزيع، القاهره، ٢٠٠٩

٦- عصمت محمد حوسو، الجندر، دار الشروق للتوزيع و النشر، رام الله، گ١، ٢٠٠٩

٧- ف.ديبنوف،تڤريات العنف فى الصراع الايدولوجى، ترجمه : سحر سعيد، دار دمشق للگباعه و النشر، دمشق، ١٩٨٢.

٨- فاگمه المرئيسى و اخرون، النساو و العنف، المنشورات الجامعيه المغاربيه،مراكش، گ١، ١٩٩٣

٩- محمد قدرى عماره و اخرون، النوع، مجلس الاعلى للپقافه، القاهره، گ١، ٢٠٠٥

١٠- منير كرادشه، العنف الاسرى، هالم الكتب الحديپ، اربد، ٢٠٠٨

١١- هبه محمد على حسن، الاساوه الى المرأه، مكتبه الانجلو المصريه، القاهره، گ1، ٢٠٠٣


سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی نوێ - ڕێکەوتی: ٢٨ی نۆڤەمبەری ٢٠١٦






**کۆکردنەوە و ئامادە کردنی: ڕەحمان نەقشی**

**سەرماوەزی ٢٧١٦ی کوردی - نۆڤەمبەری زایینی ٢٠١٦**